زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠

## لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسی

### تێزێكە

پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی ئەدەبیات كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بە دەستهێنانی پلەی دكتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ

لەلایەن

**شوان محەمەدئەمین تەها**

بەكالۆریۆس لە زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر ٢٠٠٦
ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ-هەولێر ٢٠٠٩

بەسەرپەرشتیاری

**پ.ی.د.ئیسماعیل محەمەد حەساف**

أربیل - كوردستان
ئازار ٢٠١٦

# بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم کە ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسیی، هەمووی کاری رەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی:

بەروار:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆری مێژووی نوێ و هاوچەرخ، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو...............................................................واژوو

بەروار

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو.........................................

ناو...........................................

سەرۆکی بەشی ...........................

بەروار.......................................

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژوو...........................................

ناو...............................................

بەروار...........................................

هەواڵنامەی کتێب

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەم تێزی دکتۆرایەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کەناوی (شوان محەمەدئەمین تەها) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە، ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخ تێدایە.

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: |
| بەروار: | بەروار: |
| | |
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: |
| بەروار: | بەروار: |
| | |
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | راگری کۆلیژی ئەدەبیات |
| بەروار: | بەروار: |

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە بە:

- ڕەوانی پاکی کاروانی ڕێگای رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان (شەهیدان).

- هێمای بەرخۆدان و پارێزەرانی وڵات (پێشمەرگە).

- نموونەی بەرزی ئەزموونی ژیانم (باوکم).

- میهرەبانترین مرۆڤ و قوتابخانە (دایکم).

- هاوخەم و پاڵپشتم (هاوسەرم).

- کوڕەکەم و خوشك و برا شیرینەکانم.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاسنامە

دوای سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری مەزن، کە وزەی پێبەخشیم بۆ ئەوەی بەسەر بارە قورس و ناخۆشەکانی رۆژگار زاڵ بم، دواتر سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بۆ دەستەبەرکردنی خوێندنی باڵا بەخۆڕایی بۆ قوتابیان.
- بەرێزان راگری کۆلیژی ئەدەبیات (پ.ی.د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور) و سەرۆکی بەشی مێژوو (پ.د.ئەرسەن رەشید موسا)، هاوکات(پ.ی.د.اسماعیل محمد حصاف) کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی کردم.
- پرۆفیسۆر د. خلیل علی مراد هەمیشە سوودم لە سەرنجە زانستییەکانی وەرگرتووە.
- هەموو مامۆستا ئازیزەکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێنندا بە تایبەت مامۆستاکانم لە خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا زۆر شتیان لێوە فێربووم، قەرزباری هەموویانم.
- بەرێزان پ.ی.د سەلام حەسەن خۆشناو و پ.ی.د ئیسماعیل شوکر جگە لە هاوکاری و هاندانی بەردەوام، دەرگای کتێبخانەکەیان هەمیشە بۆ واڵا کردبووم، هەروەها هاوڕێیان و مامۆستایانی ئازیز هەریەك لە نوسەر و رۆژنامەنووسان: مومتاز حەیدەری کە دەرگای کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی بۆ واڵاکردبووم، هاوکات جەمال خەزنەدار بە پێدانی ژمارەیەکی زۆری گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە و گۆڤاری سەفین و سەرچاوەی دیکە یارمەتیدەر بوو، هەروەها هاوڕێی نوسەر شێرزاد هەینی لە زۆر دیدارەکاندا یاوەرم بوو، پرسیاری جوانی دەوروژاند، مامۆستا شێرزاد رۆژبەیانی و کتێبخانەکەی  هاوکارم بوون.
- هاوڕێیانی ئازیزی قۆناغەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا (د.حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ) و هاوکات (م.مستەفا محەمەد هەورامی) لە هاوکاری دریغیان نەکرد و هەمیشە پەرۆشی و خەمخۆری خۆیان دەربڕیوە.
- هاوڕێی ئازیزم پ.ی.د.شێرزاد زەکەریا محەمەد لە زانکۆی دهۆك، هاوکارم بوو بۆ دەستکەوتنی ژمارەیەکی زۆری رۆژنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی، تایبەت بە ماوەی توێژینەوەکەم، هاوکات مامۆستا و هاوپیشەم پ.ی.د.مهدی محمد قادر بەهۆی نزیکی بابەتەکەمان سوودم لە راو سەرنجەکانی وەرگرتووە.
- کارمەندانی کتێبخانە و ئەرشیفەکانی خانەی پاراستنی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا، هەولێر، دهۆك، سلێمانی، بنکەی ژین، کۆلیژی ئەدەبیات ، کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستان، ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- هەموو ئەوانەی دەرفەتی دیداریان بۆ رەخساندم و سودم لە زانیارییەکانییان وەرگرتووە.

## پوختەی تێز

هەولێر شارێکی دێرین و مێژوویی باشووری کوردستانە، رۆڵ و قورسایی و پێگەی مێژوویی هەیە، لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا بە گشتی و لە ناو شارەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی سەنگی خۆی هەبووە، رۆڵی یەکە کارگێڕییەکانی شارەکە لە ژیانی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەرچاوە، هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دەکرێت توێژینەوەی زۆرتری لەسەر ئەنجام بدرێ

ئەم تێزە لە ماوەیەکی دیاریکراو دەکات لە کودەتای یەکەمی بەعس ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تا رێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تێیدا رووداوەکان و پێشهاتەکانی ئەو ماوەیە و رەنگدانەوەی لە شارەکەدا باسکراوە و ئارەزووی توێژەر لە لایەك و گرنگی ماوە مێژووییەکە هۆکاری هەڵبژارنی بابەتەکە بووە.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە یەك و چوار بەش پێکهاتووە، بۆ بەرچاو روونی خوێنەر، لە دەروازەدا رەوشی سیاسی شارەکە لە سەردەمی یەکەمی کۆماری لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ تا کودەتای یەکەمی بەعس باسکراوە، چونکە رووداوەکانی ئەو سەردەمە وابەستەی یەکن، بە کورتی تیشك خراوەتە سەر گرنگترین رووداوە ناوخۆییەکانی سنوری لیواکە لەو ماوە مێژووییەدا، رۆڵی هەولێر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول باسکراوە.

بەشی یەکەم: بۆ بارودۆخی سیاسی شارەکە لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی حیزبی بەعس تەرخانکراوە، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تا ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ئەو بەشە شەش باسی لەخۆوە گرتووە، لە باسەکاندا تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی دانیشتوانی هەولێر بەرانبەر کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و پەرچەکرداری حیزبی شیوعی لە رۆژی کودەتاکەدا و کاردانەوەی روداوەکە لە سنوری لیواکەدا خراوەتە روو، هاوکات رۆشنایی خراوەتە سەر رەوشی دانوستانەکان و سیاسەتی بەعس و کاربەدەستانی لە شاری هەولێر و خراپەکارییەکانی رێکخراوی چەکداری حەرەس قەومییەکان و سەرەرۆییەکانیان لە شارەکە و سیاسەتی حکومەت لە ماوەی دانوستان و شەڕدا خراوەتە روو، هەروەها ئاماژە بە شکست هێنانی دانوستانەکان کراوە و چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی شەڕەکانی سنووری لیواکە هاتۆتە بەرباس، وێڕای باسکردنی چالاکیەکانی پێشمەرگە لە هەولێر و دەوروبەری، لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی شەڕی سەپاوی بەعسییەکان و لە دوا باسیشدا، رۆشنایی خراوەتە سەر سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و هۆکار و کاردانەوە و ئەنجامی سیاسەتە کە باسکراوە.

بەشی دووەم: تایبەت کراوە بە هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣-١٣ی نیسانی ١٩٦٦) ئەم بەشە خۆی لە شەش باس دەبینێتەوە، لە رەوشی سیاسی هەولێر لە سەروبەندی کەوتنی بەعس و کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ەوە دەدوێ،

پاشان تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی شارەکە و ڕێککارییەکانی حکومەت تا دانوستانی نێوان کورد و حکومەت و ئاماژە بە دانوستان و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و ئەنجامی دانوستان و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و کراوە و کاردانەوەی ئەم بارە نەخوازراوە لە شاری هەولێر و پەرەسەندنە خێراکان خراوەتە ڕوو، دواتر هەڵوێستی گشتی جەماوەری و حکومەتی لە ماوەی دوای ئاگربەستەکە تەرخانکراوە، دواتر هەولێر و مانگرتنی ١٩٦٥ تاوتوێ کراوە کە چۆن بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕەکە جەماوەر و ڕێکخستنەکان لە ناو شارەکەدا بە پیر بانگەوازی شۆڕشی کوردەوە چوون و هەماهەنگیان کردووە، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی باسی بارودۆخی سیاسی هەولێر کراوە لە دەستپێکرنەوەی شەڕ تا مردنی سەرکۆمار.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولرەحمان عارفدا(لە ١٦ی نیسانی١٩٦٦-١٧ی تەموزی١٩٦٨) لە شەش باس پێکهاتوە، لە بارودۆخی شارەکە و پەیوەندی کورد و حکومەت لە سەروبەندی هاتنەسەرکاری سەرکۆماری نوێ و تا شەڕی هەندرێن ئایاری ١٩٦٦ و ئەنجامی شەڕەکە خراوەتە ڕوو، دواتر هەولێر و سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی هەندرێن و هۆکار و کاردانەوە و دەرەنجامەکانی بە وردی خراوەتە ڕوو، هەروەها ڕۆشنایی خراوەتە سەر بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٦ و ئەنجامەکان و ڕەوتی پەیوەندییەکان دوای بەیاننامەکە و بەردەوامی ماوەی نەشەڕ و نەئاشتی و خۆدزینەوەی حکومەت لە هەنگاونان بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکە و ڕۆڵی شارەکە لە ماوەی دانوستانەکان باسکراوە، دواتر ڕووداوی کوژرانی شێخ حەنەش و کاردانەوەی لە هەولێر خراوەتە بەرباس، هەروەها دواباس ئاماژە بە هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر ڕێککەوتنامەکان و پێشهاتە سیاسییەکانی لەو ماوەیەدا کراوە.

بەشی چوارەم  هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی دووەمی بەعس لە ١٧-٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری١٩٧٠ باسکراوە و پێنج باسی لە خۆوە گرتووە، تێیدا پەیوەندییە سیاسییەکانی شۆڕشی کورد و بەعس و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەولێر لەم ماوەیەدا و ڕکابەری ناوخۆ و شەڕە بەرفراوانەکانی دەشتی هەولێر و تەواوی سنووری لیواکە تاوتوێ کراوە و باس لە چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناوخۆی شارەکە و شەڕە گرنگەکان و ڕۆڵی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك و پاشان بارودۆخی سیاسی شارەکە و ڕۆڵی کەسایەتییە سیاسییەکانی هەولێر لە دانوستانەکانی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازار خراوەتە ڕوو.

لە کۆتایی ئەم بەشانەدا جگە لە ئەنجامەکان پاشکۆیەکی بەڵگەنامەیی لە خۆوە دەگرێت کە سوودیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

## پێرست


| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | ii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | iii |
| بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە | iv |
| پێشکەشە | v |
| سوپاسنامە | vi |
| پوختەی تێز | vii |
| پێرست | ix |
| پێشەکی | 1 |
| دەروازە | 8 |
| **بەشی یەکەم: هەولێر لەسەردەمی کودەتای یەکەمی بەعسی٨ی شوباتی ١٩٦٣-١٨تشرینی دووەمی١٩٦٣** | 91-28 |
| باسی یەکەم: هەڵوێستی دانیشتوانی هەولێر بەرانبەر کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ | 31 |
| باسی دووەم: ڕەوشی دانوستانەکان و سیاسەتی حکومەت و کاربەدەستانی لە شاری هەولێر | 49 |
| باسی سێیەم: سیاسەتی حکومەت لەماوەی دانوستانی حکومەت و شۆڕشی کورد | 60 |
| باسی چوارەم: شکست هێنانی دانوستانەکان و شەڕەکانی سنوری لیوای هەولێر | 71 |
| باسی پێنجەم: چالاکیەکانی پێشمەرگە لە هەولێر و دەوروبەری لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی شەڕی سەپاوی بەعسییەکان | 83 |
| باسی شەشەم: سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر | 86 |
| **بەشی دووەم: هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ – ١٣ی نیسانی ١٩٦٦** | 136-92 |
| باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ | 93 |
| باسی دووەم: دانوستان و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ | 98 |
| باسی سێیەم: ئەنجامی دانوستان و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاردانەوەی | 100 |
| باسی چوارەم: بارودۆخ و هەڵوێستی گشتی جەماوەری و حکومەت بەرانبەر دانوستان. | 115 |
| باسی پێنجەم: هەولێر و مانگرتنی ١٩٦٥ | 122 |
| باسی شەشەم: بارودۆخی سیاسیی هەولێر لە دەستپێکرنەوەی شەڕ تا مردنی سەرکۆمار نیسانی ١٩٦٥ تا ١٦ نیسانی ١٩٦٦ | 126 |
| **بەشی سێیەم: هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارفدا ١٦ی نیسانی ١٩٦٦- ١٧ی تەموزی ١٩٦٨** | 178-137 |

| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| باسی یەکەم: هاتنەسەر دەسەڵاتی عارفی دووەم و پەیوەندی کورد و حکومەت | 137 |
| باسی دووەم: هەولێر و شەڕی هەندرێن و کاردانەوە و دەرەنجامەکانی. | 140 |
| باسی سێیەم: رەوشی سیاسی هەولێر و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦. | 145 |
| باسی چوارەم: بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر و رەوتی پەیوەندییەکان دوای بەیانی ٢٩ی حوزەیران | 150 |
| باسی پێنجەم: کوژرانی شێخ حەنەش و کاردانەوەی لە هەولێر | 168 |
| باسی شەشەم: هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە پێشهاتە سیاسییەکان ١٩٦٤-١٩٦٨ | 173 |
| **بەشی چوارەم: رەوشی سیاسیی هەولێر لە ماوەی ١٧-٣٠ تەموزی ١٩٦٨-١١ی ئازاری ١٩٧٠** | 218-179 |
| باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای دووەمی بەعس (١٧-٣٠ تەمووزی ١٩٦٨) | 179 |
| باسی دووەم: هەڵوێست و سیاسەتی حکومەت و لایەنگرانی لە شاری هەولێر | 186 |
| باسی سێیەم: شەڕەکانی سنوری لیوای هەولێر و ناوخۆی شارەکە لە ساڵی ١٩٦٩دا | 193 |
| باسی چوارەم: رۆڵی هێزەکانی دەشتی هەولێر لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک. | 207 |
| باسی پێنجەم: هەولێر و رۆڵی کەسایەتییەکانی لە دانوستانەکان (ئابی ١٩٦٩-١١ی ئازاری١٩٧٠) | 210 |
| ئەنجام | 219 |
| لیستی سەرچاوەکان | R222 |
| پاشکۆ | A259-A240 |
| پوختەی تێز بە زمانی ئینگلیزی | C-A |

# پێشەکی

## پێشــــەکی

ئەم تێزە بە ناونیشانی لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی شارەکە، لە نێوان دوو رووداوی مێژوورییدا، لە کودەتای یەکەمی بەعسەوە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەست پێدەکات و بە قۆناغی گۆڕانکارییەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی فەرمانڕوایانی عێراق لە کودەتاوە بۆ کودەتا تێپەڕ دەبێت، تا بە رێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نیوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی بەعس کۆتایی دێت.

دیارە لەو ماوەیەدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە عێراقدا، دوور لە شێوازی ئاشتی و مەدەنیانە، بە شەڕ و کودەتا ئەنجامدراوە، هاوکات بە هۆی پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتەکە لە رووی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینزاییەوە، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، هەمیشە نەتەوەی عەرەبی سوننە سەردەستە بووە و لەسەر پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکانی دیکە هەنگاوی ناوە، لەو پرۆسەیەشدا نەتەوەی کورد زۆرترین قوربانی بەرکەوتووە، داخوازی و مافەکانی کورد بە بیانوی جیاخوازی و دابەشکردنی عێراق و بزووتنەوەکەی بە گومانلێکراو هەژمار کراوە و بە توندی رەتکراوەتەوە، بەڵام گەلی کورد دەستەوەستان نەبووە، بەڵکو ماف خواردن و ستەمکاری حوکمڕانانی بەغدا، لە لایەن کوردەوە پەرچەکرداری لێکەوتۆتەوە و شۆڕشی لە پێناو رزگاری و ئازادیدا هەڵگیرساندووە، لەو سۆنگەیەوە **گرنگی توێژینەوەکە** دەردەکەوێت، لە پاڵ شارەکانی تری کوردستان، شاری هەولێر بە تەواوی یەکە کارگێڕییەکانەوە، دانیشتوانەکەی هاوخەم و پاڵپشت و بەشێك بووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و لیواکەش بووەتە بەشێکی زۆری شانۆی رووداوە سیاسیی و سەربازییەکان، هاوکات بەهۆی بوونی پایتەختی شۆڕشەکە لە سنووری لیواکەدا، زۆربەی جار رۆڵی وێستگەی سەردان و دانوستانەکانی گێڕاوە و شوێنی گفتوگۆکان بووە.

تەواوی سنووری لیوا (پارێزگا)ی هەولێر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، بەشێکە لە رەوتی رووداوەکانی کوردستانی عێراق، گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو ماوە مێژووییە بووە بە هەوێنی نووسینی ژمارەیەك توێژینەوەی زانستی لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا، چونکە قۆناغەکە رووداوی گەورەی مێژوویی تێدایە لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، ئەوەی تێبینی دەکرێت بارودۆخی ناوخۆیی کوردستانی عێراق لەو ماوەیەدا، بە بەراورد لەگەڵ ماوەکانی دیکە، کەمتری لەسەر نوسراوە، هاوکات قۆناغەکە پڕە لە رووداوی نەخوازراو و هەستیاری مێژوویی، کە خوێنەری کورد دووچاری نیگەرانی دەکات و بەشێك لە دروستکەر و بەشداربووانی رووداوەکان تا ئێستاش لە ژیان ماون، سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا بەشێك لە هۆکار و کاریگەری رووداوەکان بەسەر رەوشی ئێستادا، درێژەی هەیە و بە تەواوی کاڵ نەبوویەتەوە، لە راستیدا ناکرێت رەنگدانەوەی رووداوەکان لەسەر دانیشتوانی شارەکان و کۆمەڵگای کوردی نەخرێتەڕوو، لەبەر هەر هۆکارێك و لە پێناو هەر ئامانجێك بێت، دەبێت توێژەرانی مێژوو ئەو ئەرکە زانستی و مەترسیدارە بگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەنجامی بدەن، درز و کەلێنە نەنوسراوەکان پڕبکەنەوە، چونکە یەکێك لە سوودەکانی مێژوو، وەرگرتنی وانە و پەندە لە رووداوەکانی رابردوودا، بۆ ئەوەی

نەوەکانی داهاتوو، جارێکی تر تخوونی هەڵەکان نەکەونەوە و دووبارەیان نەکەنەوە، هاوکات شانازی بە لایەنە باشەکانی بکەن و هەوڵی بەرەو پێشبردنی بدەن، هەرچەندە بەداخەوە ئێمەی کورد سوودمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوە بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە هاندەرێك بوو.

لەلایەکی ترەوە هیچ نامە و تێزێکی ئەکادیمی لە بواری سیاسی ئەو ماوە مێژووییەی شاری هەولێر دا نەنوسراوە، ئەم تێزە دەرگایەك والآ دەکات بۆ بایەخ دان بە رۆڵ و پێگە و هەڵوێستی دانیشتوانی شارەکانی تری کوردستان و نووسین لەسەر لایەنەکانی دیکەی ئەم شارە، سەرەڕای ئەو راستییانەی پێشوو ئارەزوومەندی توێژەر بۆ دەرخستنی رۆڵی سیاسی شارەکە بۆتە **هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**.

**سنووری جوگرافی** تێزەکە هەندێك جار لە ناو شاری هەولێر دەردەچێت و هەڵوێست و رووداوە گرنگەکانی زۆربەی شارۆچکە و دەڤەرەکانی سنووری لیواکە دەخرێتە روو، بە تایبەتی ئەو رووداوە گرنگانەی لە چوارچێوە گشتییەکەیدا پەیوەندی راستەوخۆیان بە رەوشی سیاسی هەیە، هاوکات رۆڵی کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سنووری لیواکە، لە پێشهات و پەرەسەندن و پەیوەندییەکاندا باسکراوە و توێژەر هەوڵی داوە خۆی لە باسکردنییان بەدوور نەگرێت.

**ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی لێکۆڵینەوەکە** دیارە بە ئەنجام گەیاندنی هەر بەرهەمێك هەوڵ و ماندوبوون و کەشێکی لەبار و شەونخونی دەوێت و خۆڕسکانە نایێتە بەرهەم، بۆیە شیاوی ئەوەیە ئاماژە بە لەمپەر و بەربەستەکان بکرێت، سەرەڕای بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی، شەڕی داسەپاوی (داعش) و قەیرانەکانی دیکە، کە کاریگەری دەروونی راستەوخۆو نا راستەوخۆی لەسەر هەموو تاکێکی کورد جێهێشتووە، لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت هاتەوە، لەوانە: بە هۆی نەبوونی خانەیەکی پاراستنی بەڵگەنامە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ناوچوونی زۆربەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە دامودەزگاکانی ناوخۆی پارێزگا و شارەوانی و پۆلیسی شاری هەولێر لەدوای راپەڕین، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر زیاتر لە جارێك سەردانی بەغدای کردووە، بۆ ئەوەی سوود لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی خانەی کتێب و بەڵگەنامەکانی نیشتمانی ببینێ، سەرەڕای دژواری رەوشی بەغدای پایتەخت لە رووی ئاسایشەوە، توێژەر توانی هەندێك بەڵگەنامەی لە هەوڵەکانی لەرێگای فەرمانبەرانی خانەکە دەستکەوێ، بەڵام شیاوی ئاماژە پێکردنە بەڕێوەبەری پێشووی خانەکە (د.سعد بشیر اسکندر) بە بیانوی لاواز و پاساوی چاوەڕواننەکراو ئامادە نەبوو هاوکاری توێژەر بکا، بە تایبەتیش بۆ پێدانی راپۆرتە کارگێڕییەکانی نێوان ناوەند و پارێزگای هەولێر، کە لەوانە بوو توێژەر سوودی زیاتری لێببینێ.

لەلایەکی دیکەوە لەو ماوە مێژووییەدا (١٩٦٣-١٩٧٠) جگە لە بڵاوکراوەی هەولێر (نشره أربيل) کە شارەوانی دەریکردووە و چەند مانگێکی بەرایی کودەتای شوبات بەردەوام بووە، هیچ رۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی دیکەی فەرمی تایبەت بە شاری هەولێر و رەوشی ناوخۆی شارەکە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە دەرنەچووە، تا توێژەر بتوانێ سوودی لێببینێ، هاوکات بە هۆی سروشتی توێژینەوەکە و هەستیاری ماوە مێژووییەکە، بە تایبەت کاتی دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاریگەری لە

ماوەکانی دواتر، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بە مەبەستی دیدار قسەیان لەگەڵ کراوە بۆ هەندێ بابەت ئامادەنەبوون زانیارییەکان بدرکێنن و بێ دەنگیان هەڵبژارد، یان لە هەوڵی خۆدەربازکردندا بوون، یان ئارەزوویان نەبوو لەکاتی ئەمڕۆدا ناویان بێت، هەروەها ئەو دیاردەیەی لە تەواوی باشووری کوردستان بە گشتی هەستپێکراوە، کەمی نووسینەوەی یاداشتە لە لایەن سیاسەتمەداران بەگشتی و سیاسەتمەدارانی شاری هەولێر بە تایبەتی، گرفتێکی دیکە بوو، جگە لە نەبوون و کەمی نووسینی ئەکادیمی لە ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییەی شارەکە و کەمی نووسینی دیکەی تایبەت بە ڕووداوەکانی شارەکە، سەرەڕای هەموو ئەوانە، توێژەر بە گوێرەی توانا هەوڵی داوە ئەو بەربەستانە بشکێنێت و بەسەر زۆر لە ئاستەنگەکان زاڵبێت و زانیاری بەسود و نوێ بخاتە ڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە** ئەم تێزە لە پێشەکی و دەروازەیەك و چوار بەش و ئەنجام و پاشکۆکان پێکهاتووە، لە دەروازەدا باسی ڕەوشی سیاسی شارەکە لە پێشهات و پەرەسەندنە ناوخۆییەکان کراوە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا (١٩٥٨-١٩٦٣) و دابەشبوونی کارگێڕی شارەکە لە سەردەمی پێشترەوە تا سەردەمی ماوەی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو، دیارە توێژەر بە پێویستی زانی، لە لایەك بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا و هاتنەکایەی سەردەمی کۆماری، هەمان سەردەم درێژەی هەیە و زنجیرەی ڕووداوەکان وابەستەی یەکن و هاوکات شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد ساڵی(١٩٦١) لەو ڕۆژگارە هەڵگیرساوە و لەگەڵ ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا یەکانگیرن و بەردەوامی هەیە.

بەشی یەکەم: ڕەوشی سیاسیی لیواکە بۆ ماوەی حوکمڕانی یەکەمی بەعسییەکان (٨ی شوبات تا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣) بەهۆی زۆری ڕووداوەکان و کاردانەوە و کاریگەری لەسەر لیواکە تەرخانکراوە، چەند باسێکی لە خۆوە گرتووە، تێیدا هەڵوێستی دانیشتوان و لایەنە سیاسییەکانی شاری هەولێر و هەندێ لە یەکە کارگێڕییەکانی لیواکە بەرانبەر کودەتای٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کاردانەوەی جەماوەری و ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە شارەکە وێناکراوە، دواتر ئاماژە بە ڕەوشی دانوستانەکان و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی لیواکە و سیاسەتی حکومەتی بەعس و کاربەدەستانی لە شاری هەولێر کراوە، لە لایەکی دیکەوە تیشك خراوەتە سەر سیاسەتی حکومەت لە ماوەی دانوستان و پاشان لە ماوەی شکستهێنانی دانوستانەکان و ماوەی شەڕدا هاوشانی زوڵم و ستەم و سەرەڕۆییەکانی ڕێکخراوی حەرەس قەومی باسکراوە، هاوکات هێرشی بەرفراوانی حکومەتی بەعس و چالاکیەکانی پێشمەرگە لە سنووری لیواکەدا تاوتوێ کراوە، لە دوا باسی ئەم بەشەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر و کاردانەوەی و ئەنجامەکانی کراوە.

بەشی دووەم تایبەتە بە بارودۆخی سیاسی شارەکە لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا (١٨ی تشرینی ١٩٦٣-١٧ نیسانی١٩٦٦) کراوە، لە بەشەکەدا چەند باسێك خراوەتە ڕوو، وەك هەولێر و کەوتنی بەعس و کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ و دانوستان و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و کاردانەوە و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵوێستی جەماوەری و حکومی لە شارەکە و هاوکات هەڵوێستی

دانیشتوان و لایەنە سیاسییەکانی شارەکە بەرانبەر پێشهاتە سیاسییەکان وەك نارەزایی و مانگرتنی ١٩٦٥ بەرانبەر سیاسەتی کاتکوشتن و فەرامۆشکردنی چارەسەری پرسی کورد تاوتوێ کراوە، دواتر رۆشنایی خراوەتە سەر دەستپێکردنەوەی شەڕ و کاریگەری و کاردانەوەی و رۆڵ و پێگەی شارەکە لە پێشهاتەکاندا.

لە بەشی سێیەم باسی رەوشی سیاسیی شارەکە لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارف(١٦ی نیسانی ١٩٦٦-١٧ی تەموزی ١٩٦٨) کراوە و چەند باسێك لە خۆ دەگرێت، باسی رەوشی سیاسی هاتنی سەرکۆماری نوێ و شکستی حکومەت لە شەڕی هەندرێن و هۆکار و کاردانەوە و سەرەنجامەکانی و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و ئەنجامەکان و رەوتی پەیوەندییەکان و پێگەی شارەکە و کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لە پەیوەندیەکان باسکراوە، لەبەر گرنگی رووداني کوژرانی شێخ حەنەش و کاردانەوەی کراوەتە باسێکی ترو ئاماژە بە کاردانەوەی حکومەت لە هەنبەر رووداوەکە و کارڕاییەکانی کراوە، لە دوا باسیشدا هەڵوێستی حیزبی شیوعی و کەسایەتییەکانی نێو حیزبەکە لە ماوەی حوکمڕانی هەردوو عارفدا، لە بەرانبەر پێشهاتە سیاسییەکان و دۆزی کوردخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە بەشی چوارەم و کۆتایی رەوشی سیاسیی هەولێر لە ماوەی ١٧-٣٠ تەموزی ١٩٦٨-١١ی ئازاری ١٩٧٠ خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و چەند باسێکی لە خۆوە گرتووە، وەك هەولێر و کودەتای دووەمی بەعس (١٧-٣٠ تەمووزی ١٩٦٨) و رەوشەکە خراوەتەڕوو، تا هەڵوێست و سیاسەتی بەعس و رووداو و شەڕەکانی سنووری لیواکە و چالاکی پێشمەرگە و شەڕەکانی سنووری لیوای هەولێر و ناوخۆی شارەکە لە ساڵی ١٩٦٩ دا، رۆڵی هێزەکانی دەشتی هەولێر لە دەرەوەی سنووری لیواکەدا، بە تایبەتی تیشك خراوەتە سەر لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك و رۆڵی هێزەکانی دەشتی هەولێر و دواتریش ئاماژە بە رۆڵی کەسایەتییەکانی هەولێر لە دانوستانەکان و پێگەی شارەکە کراوە.

**سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە**، لەم تێزەدا توێژەر پشتی بەسەرچاوەی زانیاری زۆر و جۆراوجۆر بەستووە، لەوانە **بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە** لە سەرووویان ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی حکومەتەکانی عێراق لە خانەی کتێب و بەڵگەنامەکانی نیشتمانی لە بەغدا پارێزراون، تێیدا گۆشەنیگای دامودەزگاکانی حکومەتی تێدا وێناکراوە، لە بەڵگەنامەکانی هەوالگری سەربازیشدا کۆمەڵێك زانیاری وردی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە سوودی لێ بینراوە، هاوکات ئەو بەڵگەنامە و بڵاوکراوانەی لایەنە سیاسییەکان دەریان کردووە، وەك بەیاننامەی فەرمی لایەنەکە و نامەی دەستنوس و بابەتە تۆمارکراوەکانی ئەوسا، لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی دەستکەوتوون، بایەخی زۆریان بە توێژینەوەکە بەخشیوە.

**بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان** بەشێکی دیکەی سەرچاوە رەسەن و سوودمەندەکانە، بایەخی ئەوانیش بۆ توێژینەوەکە نابێ نادیدە بگیرێ، کتێبەکەی (عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، اتفاقية

١٠شباط ١٩٦٤ بين الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية-دراسة تاريخية وثائقية) هەروەها کتێبەکەی (شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان العراق ١٩٦٤-١٩٧٠) بەشێکی زۆری پاشبەند و بەڵگەنامەی ئەو ماوە مێژووییەی تێدایە، هەروەها کتێبە بەڵگەنامەییەکەی (شازین هێرش و نزار محەمەد، بەڵگەنامە-پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی-لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویيدا) ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەی حیزبی و حکومەتی تێدایە، ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی توێژەر بووبێ سوودی لێوەرگیراوە.

**بەڵگەنامە و بڵاوکراوەی حکومی** بەشێکی دیکەی سەرچاوەی زانیارین، ئەو نووسینانەی حکومەت دەریکردوون و لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری ئیرشادەوە دەرچوون، وەك (الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال)، هەروەها ئەوانەی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە چاپکراون وەکو (القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧) کۆمەڵێك بەڵگەنامەی فەرمی حکومەتن و توێژەر سوودی لێوەرگرتوون.

بەشێکی دیکەی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکە، **یاداشتە کەسییەکانە** بە تایبەتی ئەوانەی بەشدار و هاوچەرخی رووداوەکانی ئەو ماوەیەن، بایەخێکی زۆری بە توێژینەوەکە بەخشیووە، لەوانە یاداشتەکەی (محسن دزەیی، أحداث عاصرتها) بە تایبەتی بەرگی دووەمی بەهۆی ئەوەی ناوبراو وەکو کەسایەتییێکی شارەکە رۆڵی لە رووداوەکان هەبووە، هاوکات یەکێکە لەو کتێبانەی بە وردبینییەوە زانیارییەکانی تۆمار کردووە، هەروەها یاداشتی (خورشید شێرە، خەبات و خوێن) یەکێکە لەو کتێبانەیە راشکاوانە رووداوەکانی نوسیووە و کتێبەکەی (سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك) ژمارەیەکی زۆری شەڕەکانی سنووری هەولێری تێدا نوسیووە، ئەوانەی خۆی بەشداری تێداکردووە، بیرەوەری(عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم) سوودی زۆری گەیاندووە، چونکە بە دەستپاکییەوە زانیارییەکانی درکاندووە، سەرەڕای ئەوەش بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بۆچوونەکان کراوە و دوای شەن و کەو کردنی زانیارییەکان ئنجا بەکارهێنراوە.

**دیدارەکان** وەك سەرچاوە و پێویستییەکی خوازراو رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو درز و کەلێنانەی بە هۆی کەمی سەرچاوەی زانیاری لەسەر شارەکە و بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە وەك مێژوویەکی نەنوسراو و زارەکی لەوانەی بەشدار و هاوچەرخی رووداوەکان یان کەسانی ئاسایی و شایەتمان بوون سوودیان لێ وەرگیراوە، هاوکات ئەو دیدارانە بە گوێرەی پێویستی توێژینەوەکە، زۆربەی چین و توێژەکان و کەسایەتی بەشداربووی رووداوەکانی ناو لایەنە سیاسییەکانی شارەکەی بێ جیاوازی گرتۆتەوە، تەنانەت دیدار لەگەڵ ژمارەیەك لەو کەسایەتییانەش ئەنجامدراوە کە یاداشتیان نوسیووە، لایەك بۆ دڵنیابوونەوەی هەندێ لە زانیارییەکان و لایەکی دیکە بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەی تایبەت بوون و بە رووکەشی ئاماژەیان پێکراوە، یان پرسیاریان بۆ خوێنەر جێهێشتووە.

**دەستنوسەکان** بەشێکی تری سەرچاوەی زانیاری بوون، ئەوانەی هێشتا رۆشنایی چاپیان نەبینییوە، لەلایەن نوسەرەکان پارێزراوە، توێژەر توانی لە ئەنجامی گەڕان هەندێك لەم دەستنوسانە دەستەبەر بکات و سوودیان لێوەربگرێت.

**نامە و تێزە زانکۆییەکانیش** بەشێکی دیکەی ئەو سەرچاوانەن بەکارهاتوون، کە زۆربەیان چاپکراوەن، لەوانە (شیرزاد زکریا محمد، الحرکة القومیة الکوردیة في کوردستان العراق ٨شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨) لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە و بەشێوەیەکی بابەتییانە کۆمەڵێك راستی مێژوویی ئەو ماوەیەی درکاندووە و دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی رەسەن و ژمارەیەك نامە و تێزی دیکەش بەکارهاتوون.

**کتێبەکان بە زمانی کوردی** و عەرەبی سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو توێژینەوەن و ژمارەیەکی زۆری تێدا بەکارهاتووە، لە گرنگترینیان کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٦١-١٩٧٥) ی مەسعود بارزانی، جگە لەوەی ناوبراو وەك دیدگای لایەنێکی سەرەکی شۆڕش، لە ناوەندی بڕیاردان نزیك بووە و لە رووداوەکان بەشدار بووە، هاوکات زانیارییە مێژووییەکان پاڵپشت بە پاشکۆیەکی بەڵگەنامەیی خراوەتە روو، هەروەها کتێبەکەی (العراق و المسألة الکردیة ١٩٥٨-١٩٧٠) ی سعد ناجي جواد، سوودی زۆر لە ماوە مێژووییەکە و ناوەڕۆکەکەی وەرگیراوە، هەروەها کتێبی (خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥)ی ئیبراهیم جەلال، هەرچەندە گۆشەنیگای لایەنێکی دیاریکراوی لە شۆڕشی کورد وێناکردووە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، کتێبێکی پڕ زانیاری مێژوویە و پشتی پێبەستراوە.

لە هەمان کاتدا سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی وەرگێڕدراوی بێگانە وەرگیراوە، ئەوانەی هاتوونەتە سنوور و قەڵەمڕەوی شۆڕشی کورد وەك رۆژنامەنووس و ئامادەکاری ریپۆرتاژ کاریان کردوە لەوانە (دانا ادمز شمدت، رحلة إلی رجال شجعان في کوردستان) و (رێنیە مۆریس، کوردستان یان نەمان) باشیان تێدایە و لە توێژینەوەکە بەکار هاتوون.

سەرچاوەیەکی پڕ بایەخی نێو توێژینەوەکە، بەرێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە بریتیین لەو **رۆژنامە و گۆڤارە حکومی و حیزبییانەی** هاوچەرخی رووداوەکان دەرچوون، چ ئەوانەی لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە دەرچوون وەك: رۆژنامەکانی (الجمهوریة، الجماهیر، الثورة) و چەندانی تر، کە سەردان و بیروڕای بەرپرسانی حکومی لە رووداوەکان تێدا باسکراوە، هاوکات رۆژنامە کوردییەکان رۆژنامەی (خەبات/النضال)ی هەردوو باڵەکە بەکارهاتووە، چونکە دووای ١٩٦٤ و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی ، ماوەیەکی کورت باڵەکە چەند ژمارەیەکیان لە ژێر هەمان ناو دەرکردووە، بۆ جیاکردنەوە ئاماژە بەو ژمارانە کراوە کەسەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، هەروەها رۆژنامەی (التاخی-برایی) وەکو ئۆرگانی پارتی سوودی زۆری لێبینراوە، جگە لە رۆژنامەکان هەردوو گۆڤاری(دەنگی پێشمەرگە) و (سەفین) بۆ رووداوە نێوخۆییەکانی شارەکە زانیاری باشی تێدابووە و گۆشەنیگای شۆڕشی کوردی لە هەمبەر رووداوەکان نیشان داوە.

شایەنی باسە ئەو بابەتە دووەمین هەوڵی توێژەرە بۆ دەرخستنی رۆڵی سیاسیی شاری هەولێر و دانیشتوانەکەی لە پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، تەواوکەری ماوەی ماستەرنامەکە کە بە ناونیشانی هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ بوو، لە کۆتاییدا ئەوەی کار بکات هەڵە دەکات و هیچ کارێك بێ نەشتەری رەخنەلێگرتن و کردەی تاوتوێکردن سەرکەوتوو نابێت، بە

**ئومێدی ئەوەی توێژەر بەشێکی بچووکی بەرکەوتبێ لە هەوڵەکانی بەشداربووانی نووسینەوەی مێژووی نەتەوە و شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە پڕکردنەوەی درزێکی مێژووی شارەکە پشکدار بووبێ.**

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازە

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە

## ڕەوشی سیاسیی هەولێر لە ماوەی ١٤ی تەممووزی١٩٥٨ تا ٨ی شوباتی١٩٦٣

لیوای هەولێر لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨) بەشێك بووە لە بارودۆخی گشتی سیاسیی عێراق و قورسایی زۆرێك لە ڕووداوەکانی بەرکەوتووە و لیواکە پاشخانێکی بزاڤ و ئەزمونی سیاسیی و نەتەوەیی و نیشتمانی هەبوو، دانیشتوانەکەشی لە زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکاندا خاوەن هەڵوێست و ڕۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، لە سەردەمانی دواتریش شارەکە پێگەی تایبەتی خۆی و تایبەتمەندییەکانی پاراستووە[١].

چەندین هۆکاری ناوەخۆ و دەرەکی هەبوون لە سەردەمی پادشایەتیدا کەڵەکە ببوون و کۆمەڵێك هەوڵی کودەتا لە دووساڵی دووایی ئەو سەردەمەدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادابوون و لە کۆتاییدا سەریان گرت و زەمینەیان خۆشکرد گۆڕانکاریەکی گەورە لە ناوچەکە ڕووبدات و بە ڕوخانی سەردەمی پادشایەتی کۆتایی هات و سەردەمی کۆماری هاتەکایەوە[٢]، تا گەیشتە ئەو ڕۆژەی، لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە ئێزگەی بەغدا بەیانی ژمارە (١)ی هێزەکانی چەکداری نیشتمانی بەدەنگی عەبدولسەلام عارف[٣]خوێندرایەوە و جاڕی هەڵگیرسانی شۆڕش و مەرگی ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیەندرا[٤].

لەسەر ئاستی جەماوەری، دانیشتوانی شاری هەولێر لە پاڵ شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و عێراقدا، پێشوازیەکی کەم وێنەیان لە شۆڕش کرد، هەرزوو شادی ئاوێتەی سەر ڕوخساری زۆربەی

---

[١] زانیاری لەسەر مێژووی هەولێر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨و داگیرکاری ئینگلیزەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی سەردەمی پاشایەتی تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ نامە و تێزی ئەکادیمی لەسەر نوسراوە لەلایەن هەر یەك لە توێژەران: اسماعيل شكر رسول، اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي١٩٣٩-١٩٥٨، السليمانية، ٢٠٠٥(دکتۆرا)؛ نەهرۆ محەمەد، هەولێر لە نیوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٦توێژینەوەیەك لە بارودۆخی ڕامیاری،(ماستەرنامە) ،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٨؛مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، هەولێر، ٢٠١٢؛ مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، هەولێر ٢٠٠٨(دکتۆرا).

[٢] هەر لە ساڵی ١٩٥٦ تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ چەندین هۆکاری ناوخۆ و دەرەکی هەبوون و زەمینەیان بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش خۆشکرد و ژمارەیەك هەوڵی کودەتا لە ئارادا بوون کە ئەو شۆڕشە دەیەمین هەوڵ بوو سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆ زانیاری لەمەڕ هەوڵەکان بڕوانە: ليث عبدالمحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، ط/٢، منشورات اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١، ص ص١٨٢- ١٩١؛ فاضل حسين، سقوط النظام الملكي في العراق، جامعة الدول العربية، معهد البحوث والدراسات التاريخية-قاهرة، ١٩٧٤، ص ص٦٦-٧٧.

[٣] عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ساڵی ١٩٢١ لە بەغدا لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٤١ لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە، لە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان کردووە، بەشداری ڕاستەوخۆی لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز کردووە، بەهۆی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و ڕکابەری لەسەر دەسەڵات لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دوور خراوەتەوە، لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەبێتە سەرکۆماری عێراق، لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ بەڕوودانی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە گیانی لەدەستدا. بڕوانە: أحمد فوزي، عبدالسلام محمد عارف .. سيرته .. محاكمته .. مصرعه، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٥ ومابعدها؛ علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الجمهوري، بغداد، ٢٠٠٥، ص٣٨.

[٤] بۆ دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: ليث عبدالمحسن الزبيدي، المصدر السابق، ص٢١٧؛ محمد حسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق أسبابها ومقدمتها ومسيرتها و تنظيمات الضباط الاحرار، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص ص٤٥٢ — ٤٥٣.

دانیشتوانی شار و لیواکە بوو لەناو کۆڵان و گەڕەکەکانی شاردا دڵخۆشی و کامەرانی بە سیمای خەڵکەکەوە هەست پێکراو بوو، پارت و ڕێکخراوە سیاسیی و نهێنیەکان بە ئاشکرا وەدەرکەوتن، هەرچەندە کەمینەیەك هەبوون نیگەران و بێدەنگ بوون و کوڕانی بنەماڵەی پادشایەتیان بە دەستپێکی هەڵگیرسانی ئاژاوە و شەڕ و ئاشوب دادەنا، ئەوانیش زیاتر ئەوانە بوون، لە سەردەمی نوێ بەرژەوەندیەکانیان کەوتبووە مەترسییەوە، هەندێك لە چینی موڵکدار و توێژی ئاغاکان و سەرۆك هۆزەکانی دەگرتەوە، یاخود بنەماڵە ئاینیەکان و ئەوانە بوون هەستی ئاینییان بە توندوتیژی ڕووداوەکان وروژابوو، بە کوڕانی بنەماڵەی (پیرۆزی) هاشمی فەرمانڕەوای پاشایەتی نیگەران و ڕەشبین بوون[١].

سەبارەت بە دام و دەزگاکانی حکومەتیشەوە بەتایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە هەر زوو یەکە سەربازیەکانی شارەکە بێ بەرگری کردن پاڵپشتی شۆڕشەکە بوون[٢].

دوای خوێندنەوەی بەیانی ژمارە دوو، کە تێیدا دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەروەری شۆڕش ڕاگەیەندرا موتەسەریفی هەولێر(خالید نەقشبەندی)[٣] کرایە ئەندامی ئەنجوومەنەکە[٤].

شیاوی باسکردنە، دوای ئەوە یەکێ لە هەنگاوە بەراییەکانی شۆڕش لە٢٠ی تەموزدا کۆمەڵێك لە گیراوە سیاسییەکان، ئەوانەی لە سەردەمی پادشایەتی گیرابوون ئازاد کران و لە نیویاندا شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٨٩٢-١٩٦٩) بوو[٥].

---

[١] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: بەشیر حوسێن سەعدی (کوردستانی) ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٢ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٨ لە هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٧_١٩٥٨ دواناوەندی تەواو کردووە،ساڵی ١٩٧١ کۆلیژی یاسای لە بەغدا تەواو کردوە، خاوەنی ژمارەیەك کتێبە، ئێستا خانەنشینەو لە هەولێر دەژی؛ عومەر فەرهادی ٢٠١٣/٨/١٨ لە هەولێر ناوبراو ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٥٥ بەهۆی بارودۆخی تایبەتی و خێزانی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە، لە ساڵی ١٩٥٣چووەتە ریزی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراقی سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی، ساڵی ١٩٥٦ بووەتە ئەندامی حزبی شیوعی، ساڵی ١٩٥٧ لە شارەوانی هەولێر فەرمانبەر بووە،تا ساڵی ١٩٨٨، لە ساڵی ١٩٦٣گیراوە تا ١٩٦٦دوای ئازاد بوونی لە بەغدا ژیاوە تا ١٩٧٠ لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وەکو نوسەرێك چەندین نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی نوسیوە، لە نیسانی ٢٠٠٠یش بەدواوە پەیامنێری دەنگی ئەمریکایە لە هەولێر و تائێستاش بەردەوامە.

[٢] انظر: صبيح علي غالب، قصة ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨و الضباط الاحرار، بيروت، ١٩٦٨، ص ص٨٢- ٨٣.

[٣] خالید عەبدولباسیت نەقشبەندی، ساڵی ١٩١٦ لە دێی بامەڕنێ سەر بە قەزای ئامێدی لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی لە ناوچەکەی خۆی خوێندووە، خوێندنی دوا ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٧ لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە، تا گەیشتۆتە پلەی پێشکار (مقدم) ی روکن و لە خزمەتی سەربازی کەنارگیر بووە، لەگەڵ ڕابوونی شۆڕش کرایە ئەندامی ئەنجوومەنی سەروەری، ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە، کەسایەتیەکی نیشتمانی بووە و سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی نەبووە. بڕوانە: نوری عبدالحميد العاني و علاء جاسم محمد الحربي، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثانية، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥، ص ص٥٣- ٥٤.

[٤] ئەم ئەنجوومەنە نوێنەرایەتی پێکهاتەی گەلی عێراقی دەکرد بە سەرۆکایەتی محەمەد نەجیب روبەیعی (عەرەبی سونە) و ئەندامێتی محەمەد مەهدی کوبە (عەرەبی شیعە) و خالید نەقشبەندی (کورد) دامەزرا، بڕوانە: المصدر نفسه، ص ص٥٣-٥٤.

[٥] بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە گیراوەکانی تر بڕوانە: الوقائع العراقيه، ع: ١، ٢٣ تموز ١٩٥٨.

بێگومان ئەوەش دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبوو، ناوبراو لە ١٠ی ئابیشدا گەڕایەوە هەولێر و لەنێو ئاپۆرەی جەماوەر پێشوازییێکی گەورەی لێکرا[1] هەروەها لە ٢٧ی تەموز دەستوری کاتی بلاّوکرایەوە، بۆیەکەم جار لە مادەی سێیەم هاتبوو:"پێکهاتەی عێراقی لەسەر بنەمای هاوکاری لەنێوان هاولاّتیان دامەزراوە، ڕێز لە مافەکانیان دەگیرێت و پارێزگاری لە ئازادییەکانیان دەکرێت، کورد و عەرەبیش لەو نیشتیمانەدا هاوبەشن، ئەو دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق دەستەبەر دەکات" کە ئەو مادەیە بووە مایەی دڵخۆشی و تا ئاستێك ڕەزامەندی نەتەوەی کورد لەو قۆناغەدا هەرچەندە لە مادەکانی تر هاودژیەك هەبوو[2].

سەرەتای ململانێ لە نێوان دوو سەرکردەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) و عەبدولسەلام عارف(١٩٢١-١٩٦٦)لە دوای سەردانی عارف بۆ دیمەشق و گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە ئێوارەی ١٩ی تەمووز سەریهەڵدا بوو[3] لە هەفتەکانی بەرایی ڕابوونی شۆڕش ئەو لەسەر دروستکردنی کەشێکی دژ بە قاسم کاری دەکرد و سەردانی لیواکانی دەکرد[4].

لە چوارچێوەی سەردانەکانیدا، عارف ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٥٨ گەیشتە هەولێر و وتارێکی پێشکەش کردو لە بەشێکی وتەکانیدا گوتی:"ئەندامی ئەنجوومەنی سەروەری لە خۆتانە بە شایەتی ئەو داواکاریەکانی لیوای هەولێر لە بەرچاو گیراوە...ئەو کۆمارە کۆماری ڕەنجبەر و کارگەرانە، نیشتمانییە، میللییە، سەردەمی شان و شکۆ و پایەبەرزی و تاقانەیی نەماوە، عەبدولکەریم و عەبدولسەلام و نەجیب و خالید و نازم[5] خزمەتکاری ئێوەن و لە ئێوەن و بۆ ئێوەن ...)[6].

عارف وەکو لە وتارەکەیدا دەردەکەوێ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیامێکی ئاراستەی جەماوەر کرد و ئەوەی ڕاگەیاند کەوا قاسم تەنها ڕێبەر نیە و لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی شۆڕش هاوتایە و ئێستا سەردەمی یەکتاپەرستی و تاکڕەوی نەماوە، لە سێبەری وتارەکەشدا خۆی وەکو ڕێبەری پلە یەك

---

(١) بۆ زانیاری پتر لەمەڕ هەڵوێستی هەولێرییەکان بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ژ: ١٠، ١٠ی ئەیلولی١٩٥٨.

(٢) بۆدەقی بڕگەو مادەکانی بڕوانە: الوقائع العراقيه،ع: ٢، ٢٨تموز١٩٥٨؛بۆ زانیاری لە مەڕ هەڵوێستی کورد و هاودژی بڕگە و ماددەکانی ناو دەستورەکە بڕوانە: شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقية_دراسة تحليلية مقارنة، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ص١٧٠-١٨١.

(٣) بۆ زانیاری لەمەڕ ململانێ و ڕکابەری نێوانیان بڕوانە: محمد حسن الجابرى، الصراعات السياسية في العراق١٩٥٨-١٩٦٣، دار المرتضى للطباعة، بغداد، ٢٠٠٧، ص٢٥وما بعدها.

(٤) عبدالفتاح على يحيى البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ — ٨شباط ١٩٦٣، دهوك، ٢٠٠٧، ص ص١٢٦- ١٣٤.

(٥) مەبەست لەوانە هەریەك لە: نەجیب ڕوبەیعی و خالید نەقشبەندی و نازم تەبەقچەلییە.

(٦) جێگەی ئاماژەیە عەبدولسەلام عارف بەیاوەری (فوئاد ڕەکابی) وەزیری ئاوەدانکردنەوە و (خالید نەقشبەندی) و (نازم تەبەقچەلی) ی فەرماندەی تیپی دووەمی کەرکوك لە کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ گەیشتە هەولێر و لەنێو ئاپۆرەی ئامادەبووان لە یاریگای کارگێڕی خۆجێی (الاداره المحليه) دابەزین، ئەو ڕۆژە زۆرینەی دانیشتووانی لیوای هەولێر لە هەموو شار و شارۆچکەیەك ڕوویان لەو یاریگایە کردبوو، لە هەیوانی یاریگاکە بە بڵندگۆ (مایکرۆفۆن) هەموو لایەك ئاگادار کرایەوە کە قارەمانی نیشتمان! وتار پێشکەش دەکات، ئیدی وتارێکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد و جەختی لەسەر چەند لایەنێك کردەوە، سەرەتا بە (بژی برایەتی کورد و عەرەب) دەستی پێکرد،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ژ: ١٣٨، ١٠ی ئابی ١٩٥٨.

دەردەخات، بە روونی دەردەکەوێ ململانێکان  هەست پێکراو بووە و ناوبراو کاری لەسەرکردووە، چونکە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان و دروشمەکاندا ئەو کاتە (الزعیم الأوحد) رێبەری تاقانە یان تاکە رێبەر بۆ قاسم بەکاردەهات .

لەو ماوەیە بەدوا بارگرژی نێوان (قاسم – عارف) تەشەنەی کردبوو، ڕەنگدانەوەی بەسەر هێز و لایەنە سیاسییەکانەوە هەبوو، ئەگەرچی فاکتەری ململانێکە زیاتر لەسەر ئاستی تاکەکەسی و دەسەڵات بوو لەوەی کە ناوەڕۆکێکی ئایدیۆلۆژی هەبێ[١]، بەڵام بەڕووکەش ئەو ڕەنگەی وەرگرتبوو، کەمپی کۆمۆنیست و چەپڕەوەکان دروشمی یەکگرتنی فیدراڵیان بەرز کردبۆوە، لە بەرانبەردا بەعسی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان داوای یەکبوونی بەپەلە و خێرایان دەکرد. دەکرێ بگوترێ هەڵوێستی کورد کە پارتی نوێنەرایەتی دەکرد لەو نێوەندەدا بەمشێوەیە بوو، ئەگەر کاربەدەستانی عێراق لەگەڵ ئەو دوو ڕەوتە نەڕۆیشتن ئەوا کورد مافی رۆشنبیری و خۆبەڕێوەبردنی دەوێت، ئەگەر یەکگرتنی فیدرالیان کرد ئەوا کورد ئۆتۆنۆمی دەوێت، خۆ ئەگەر داوای یەکبوونیان کرد ئەوا مافی چارەنووسی خۆی دەوێ[٢].

دیارە ئەو هەڵوێستەی پارتی پێداگر بوو لەهەمبەر مافی نەتەوەی کورد، بێگومان هەڵوێستی هەولێرییەکان لە چوارچێوەی گشتی هەڵوێستی نەتەوەی کورد لەگەڵ یەکبوون نەبوو، چونکە بەعسی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بوونیان بەمشێوەیە نەبوو لە شارەکەدا و باڵادەستی حیزبی شیوعی و پارتی ئەو ناوچەیەی داپۆشیبوو.

جێگای ئاماژەیە ئەو وڕێنانە نەهاتنەدی و پرۆژەکان سەریان نەگرت، بەڵکو قاسم بە بیانووی دروستکردنی ئاژاوە و پیلان و بارگرژی لە پێناو چەسپاندنی وێنەی خۆی، توانی عارف لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٥٨ لە هەموو پۆستە ناوخۆکان دابماڵێ و بە باڵیۆزی عێراق لە بۆنی پایتەختی ئەڵمانیای رۆژئاوا دایمەزراند، هەرچەندە بۆ ڕۆژی دوایی وازنامەی پێشکەش کرد، بەڵام پەشیمان کرایەوە و سەفەری کرد تا لە گەڕانەوەدا لێ خرا و گیرا و دادگاییش کرا و حوکم درا[٣].

لەلایەکی دیکەوە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کارە هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئەوەی ئەو داماڵین و کارڕاییکردنەکانی دیکە لە نێوەندە میللیەکاندا نارەزایی لێ نەکەوێتەوە، دوای چەند خولەکێك لە ئێزگەی بەغدا دەرچوونی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی ڕاگەیەنرا[٤].

سەبارەت بە یاسای ریفۆڕمی کشتوکاڵی، لەگەڵ هەموو کەم و کوڕیەکانی یاساکە، بەڵام  بەگشتی بۆ ئاغا و دەرەبەگەکان زەبرێکی کوشندە بوو، کاریگەری زۆری لە لیوای هەولێریش جێهێشت، بە

---

(١) عبدالفتاح علي بوتاني، المصدر السابق، ص ١٣٧.

(٢) مستەفا نەریمان، لە بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغداد، ١٩٩٤، ل ١٥٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حامد مصطفى مقصود، ثورة ١٤ تموز مدارات الأخوة الأعداء، ط/ ١، مطبعـة وزارة التربيـة، اربيـل، ٢٠٠١، ص ص٢٠٧- ٢١٠.

(٤) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، م. س، ص ١٣٢.

دەستکەوتێکی گەورەش بۆ سەروەرییەکانی شۆڕش هەژمار و تۆمارکرا بە تایبەتیش کە نەهێشتنی چینایەتی بنەمای حیزبی شیوعی و زۆربەی پارتە سیاسییەکان بوو.

یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەی بۆ کورد جێگای بایەخ و پەرۆشی و دڵخۆشی بوو، بڕیاڕی بەخشین و لێخۆشبوونی (مستەفا بارزانی١٩٠٣-١٩٧٩) و گەڕانەوەی لە تاراوگە (یەکێتی سۆڤیەت) بوو، دوای پەیوەندی بارزانی و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ قاسم و حکومەتەکەی، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ گەیشتە بەغدا و وەکو سەرکردەیەکی گەورە لە فڕۆکەخانەی موسەننا پێشوازی لێکرا، دوای مانەوەی ئەو ماوەیەك لە بەغدا، بۆ سەردانی کوردستان لە ٢٢ی تشرینی یەکەم لە ڕێگای کەرکوکەوە گەیشتە هەولێر و پێشوازیەکی گەورەی فەرمی و جەماوەری لێکرا و تێکڕای نەتەوەی کورد شادومان بوو[(١)].

لە سەرەتاکانی مانگی نیسانی ١٩٥٩دا یاوەرانی بارزانی گەڕانەوە نیشتمان و لە١٨ی نیسان، بە دوو شەمەندەفەری تایبەتی گەیشتنەوە هەولێر و بە پێی دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانی نێوان موتەسەریفیەی هەولێر و بەغدا کار ئاسانیان بۆکرا بۆ مەسەلەی دامەزراندن و کاریان لەشوێنی شیاو و بە گوێرەی پسپۆڕی خۆیان بۆ دابینکرا[(٢)].

لەو بارەیەوە بە مەبەستی کارڕایی بەتەنگەوە هانی کێشەکانییان، پارێزەر شەمسەدین موفتی[(٣)]بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان و هاوکاریکردن بۆ کارئاسانی بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار و کارگوزاری بۆ کردن و دامەزرانیان خۆبەخشانە ئەو ئەرکەی خستبووە ئەستۆی خۆی و دریغی نەکرد[(٤)].

لە بەرانبەر هەنگاوە ئەرێنییەکانی حکومەتی قاسم گەلی کورد بە پەرۆشەوە لە خەمی داکۆکی و بەرگری کردن دابوو لە سەردەمی نوێ، شاری هەولێریش لە هەندێ لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییە نێوخۆییەکاندا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشێك بووە لە ڕەوتی پەرەسەندنەکان، لە بزووتنەوە یاخیگەرییەکەی شەواف لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩ دا، شارەکە لەسەر ئاستی سەربازی بەشێك دەبێت لە پلان و پیلانی بزووتنەوەکە و ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر بۆ ئەنجامدانی جووڵانەوەکە لە نێوان فیرقەی دوو

---

(١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل٦٠-٦٨.

(٢) بڕوانە: پاشکۆ ژمارە (١).

(٣) شەمسەدین محەمەد موفتی ساڵی ١٩٣٣ لەبنەماڵەیەکی ئاینی گەورە لە قەڵای هەولێر لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٥١ خوێندنی لە ئامادەیی ناوەندی بەغداد تەواو کردووە و ساڵی ١٩٥٣لە کۆلیژی ماف وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٧بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٥٤ ڕێکخراوی قوتابیانی لقی هەولێر لەسەر دەستی ئەو دامەزراوە و بۆماوەیەکیش سەرۆکی یەکێتییەکە بووە،لەساڵی ١٩٦٠ لێپرسراوی ڕێکخستنی نهێنی پارتی بووە، بەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول بە٥مانگ فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە و دەچێتە چیای سەفین و بەرپرسی حیزبایەتی هێزەکە بووە،ساڵی١٩٦١-١٩٦٣لەبەرەکانی شەڕ بەشدار بووە،دوای ئەوە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی شۆڕشی کورد لە تاران بووە،ساڵی ١٩٧٤ئەمیندری گشتی کشتوکاڵ بووە، دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١یش ڕۆڵی بەرچاوی لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێم بینیوە و دواتریش ڕۆڵی ئەرێنی لەئاشتەوایی و نەهێشتنی شەری ناوخۆ بینیوە،لە ٢٠١٢/٩/٥لە دەرەوە کۆچی دوایی کرد.بڕوانە: عەدنان موفتی، شەمسەدین موفتی رابەر و سەرکردە (١٩٣٣-٢٠١٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل١٢-١٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٤.

(کەرکوك، موسڵ، هەولێر) لە ئارادابوو، بەڵام لەسەر ئاستی هەڵوێست و ڕۆڵی جەماوەی شارەکە لە بەرەنگاربوونەوەی دا وەکو هەڵوێستی زۆرینەی گەلی کورد دژی جووڵانەوەکە بوو، چونکە پێیان وابوو سەرگرتنی بزووتنەوەکە، مانای پاشەکشەکردنی پرسی کوردە و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی تاریکی[(١)].

هەربۆیەش دانیشتوانی لیواکە، لە ناو شار و دەوروبەری، ڕۆڵیان بینی لە بەشداری سەرکوتکردن و کپکردنەوەی یاخیگەرییەکەیان، هەرچەندە دوای سەرکوتکردنەکە جۆرێك لە سەرەڕۆیی و سەرپێچی لە دەرەوەی چەتری یاسا لە شارەکەدا لێکەوتەوە؛ وەکو دەرهاویشتە و ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکە لە ناو شاری هەولێر سەریان هەڵدا. بەتایبەتی ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی حیزبی شیوعی بە جارێك بەسەر شەقامەکان زاڵ بوون و دەستیان لە زۆر کار و پەرچەکردار نەپاراست[(٢)].

لەلایەکی دیکەوە، کاتێك سەرۆك هۆز و موڵکدار و هەندێك لە شێخەکان و کەسایەتیە خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی سەردەمی پادشایەتی لە سنووری لیوای هەولێردا هەبوون، دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٥٨ بەدواوە، گورزێکی کوشندەیان بەرکەوتبوو، ئیتر هەوڵەکانیان بۆ دژایەتی سەردەمی نوێ خستەگەڕ و پێشەنگی هەمووان شێخ ڕەشیدی لۆلان و شوێنکەوتووانی بوو، کاتێك لە ئاياری ١٩٥٩ ئابڵوقەی بنکە و بارەگای سیدەکانیان داو هەموو ئەو بەرگری میللییانەیان گرت، کە لە بارەگاکەدا بوون و بۆسەیان دانانەوە و ڕێگاکانی ناوچەکەیان بڕی[(٣)]، کاتێك ئەو زانیاری و ڕووداو و هەڵوێستە نوێیانە لە ڕێگای موتەسەریفی هەولێر[(٤)] بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردرا لەلایەن قاسمەوە بە پاشکۆی پیلانی شەواف لە قەڵەمدرا و بەناوی حکومەتەوە داوا لە بارزانی کرا ڕووداوەکە چارەسەر بکات[(٥)].

---

[(١)] دیدار لەگەڵ حەمید حوسێن ناسراوە بە حەمید ڕەشاش، ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٢ لە هەولێر. ناوبراو لەساڵی ١٩٣١ لە دایك بووە لە پەنجاکان پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، لە سوپادا بووە کاتی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکە چۆتە موسڵ و بەشداری هێورکردنەوەی بارودۆخەکەی کردووە، ساڵی١٩٦٢پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، لەدوای کەرتبوونی پارتی پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی کردووە تا ساڵی ١٩٧٠، ئێستا کارگێڕی مەکتەبی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە هەولێر دەژی؛ بۆ پتر زانیاری لەمەڕ پەیوەندی بزووتنەوەکە بەشاری هەولێر و هەڵوێستی شارەکە و ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکە لە هەولێر بڕوانە: شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٦٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٢، ل ل١٣٦-١٥٣.

[(٢)] دیدار لەگەڵ حەمید حوسێن ناسراو بە (حەمید ڕەشاش) ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٢ لە هەولێر.

[(٣)] مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٨٥؛بۆ درێژەی شەڕو پێکدادانەکان بڕوانە ڕیپۆرتاژێك لە : جریدە خەبات، ع: ١٢، ١٥حزیران١٩٥٩.

[(٤)] لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەموز کاتێك خالید نەقشبەندی (موتەسەریف) کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەروەری عەلائەدین مەحمود دەبێتە موتەسەریفی هەولێرلە١٩٥٨/٧/١٦تا ١٩٦١/٤/٢، لە ماوەی توێژینەوەکەماندا پێنج پاریزگار دەستبەکارن لە شارەکەدا ئەوانیش: بەدرەدین عەلی١٩٦١-١٩٦٤، یونس حوسێن١٩٦٤-١٩٦٤، عەبدولمونعیم مەسرەف١٩٦٤-١٩٦٨، محەمەدەمین فەرەج١٩٦٨-١٩٧٠، خالید عەبدولحەمید١٩٧٠/١/٢٤تا١٩٧٠/٩/٣، بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی شەشەم، دەزگای بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل ل٢٦٣٥-٢٦٣٦.

[(٥)] کافي محمد النبوی (العمید الرکن)، سیرة ودور، مطبعة وزارة الثقافة، اربیل، ٢٠٠١، ص ص٤٥-٤٦

بێگومان ئەو پێشهاتانەش لە لیوای هەولێر بە گشتی دەرفەتێکی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی رەخساند، توانا جەماوەری و هێز و پێگەکانیان دەربخەن و بەشداری بەرەکانی شەڕ بکەن، بەگشتی لایەنگرانی هەردوولا لە بەرەکانی جەنگدا رۆڵی سەرەکی و کارایان گێڕا، بەلاّم هێزەکانی پارتی و سەرکەوتنیان لە راونان و سەرکوتکردنی هەلگەڕانەوەکە بووە هۆی زیاتر دەرکەوتنیان و زیادبوونی سەنگ و پێگەی جەماوەریان، چونکە بە فەرمی داوا لە بارزانی کرابوو، حیزبی شیوعی عێراقی خۆی بە تاکە رێبەر و حیزب و جولێنەری رووداوەکان و خاوەنی شەقام دەزانی لە هەموو عێراقدا بۆیە بە رێکخراوی بەرگری میللی بەشداری کرد، بەلاّم دەرکەوت لە کوردستاندا تەنیا نییە و رکابەرێکی هەیە، هەربۆیەش لەو رووداوە بەدواوە، سەرەتای ململانێ و دووبەرەکی نێوان دوو پارتەکە بە رووکەشی دەرکەوت و رەنگدانەوەی لە شارەکە هەبوو[1].

دەکرێت بلێین ئەو دوو لایەنە هێندێك لە کێشەکانیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە هەردوو لا خۆیان بە داکۆکیکەری سەرسەختی شۆڕش و حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم دادەنا، وەکو ئاماژەمان پێدا پارتی بە هۆی دەستکەوتەکانی بەرایی شۆڕش و قۆناغی یەکەمی ئەوشۆڕشە و هەنگاوە ئەرێنییەکانی بەرانبەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و حیزبی شیوعیش کۆی دەسەلاّت و فەرمانڕەوایی قاسم و پەیوەندی شۆڕشەکەیان بە کەمپی سۆشیالیست و دژایەتی ئیمپریالیزم بە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆیان دەزانی، هەرچەندە رۆڵی گەورەیان لە شەقام هەبوو، بەلاّم بەشداری نەکردنیان لە دەسەلاّتدا ببووە هۆی سەرهەلّدانی جۆرێك لە پشێوی لە تەواوی عێراقدا.

دیارە زۆربەی پارت و لایەنە سیاسییەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری رەوتی قاسم (کەمپی کۆمۆنیست و دیموکراتی و چەپڕەوەکان) رەوتی عارف (ناسیۆنالیستە عەرەبەکان) بوون، دوای لادان و دوورخستنەوەی عارف بە سەرکەوتنی رەوتی یەکەم کۆتایی هات، تەنانەت ئەو ململانێیە کاریگەری لەسەر ناکۆکی ناوخۆی پارتی دیموکراتیش هەبوو، لەدوای گەڕانەوەی بارزانی دوو گروپی نەیار سەریهەلّدا بوو، ئەوانیش دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی بوون لەلایەن گروپی هەمزە عەبدولا[2] بە راستڕەو و پاشکۆی بۆرژوازی عەرەبی تۆمەتبار دەکران[3].

---

[1] بۆ پتر زانیاری لەسەر سەرەتای ململانێکان بڕوانە: کەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێکۆشان-بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی،٢٠٠٦، ل ل١٧٩-١٨٤؛ شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٩-١٦٤.

[2] هەمزە عەبدوللاّ ساڵی ١٩١٤لەدایك بوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەزاخۆ و ئامادەیی لە موسڵ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٣٦لە کۆلیژی مافی بەغدا دەرچووە، هەلگری بیری چەپ بووە و بەهۆی چالاکی سیاسیی و داکۆکیکردنی لە بارزانیەکان، لە ساڵی ١٩٣٨رەگەزنامەی عێراقیان لێسەندۆتەوە، ساڵی ١٩٤٦بووە بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا بە هۆی پشتگیری لە شیوعییەکان لادرا و ساڵی ١٩٩٨ لە سلیمانی کۆچی دوایی کرد.بڕوانە: عبدالفتاح علی البوتانی، الحیاة الحزبیة فی الموصل، اربیل، ٢٠٠٣، ص٣٨١.

[3] بۆ پتر زانیاری لەمەڕ پەیوەندی ئیبراهیم ئەحمەد بە رەوتی عارف و پارتی بەعسی عەرەبی بڕوانە: عبدالفتاح علي يحيى البوتانی، التطورات السیاسیة...، ص ص٧٤-٧٥.

ڕێکخستنەکانی شاری هەولێریش یەکدەنگ و کۆدەنگ نەبوون لە مەڕ ئەو ئاراستەی کە پارتی پەسەندی کردبوو لە ڕێبازی حیزبەکەیدا، بەڵکو کەوتبوونە ژێرکاریگەری ئەو پەرەسەندنانە و بارزانیش لە ڕەوشەکە نادیدە نەبوو، بۆیە توانی زوو چارەسەری گونجاوی بۆ بکات و تا لە ٤-٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە بەغدای پایتەخت، لە ماڵی کاکەزیاد کۆیی بەسترا و سەرۆکی پارتی بۆ یەکەمجار لە دوای دروست بوونەوە بەشداری کرد[١].

بێگومان ئەو پەرەسەندنانە لە ئەنجامی نارەزایی ڕێکخسنتنەکانی پارتی هات لە کاتێکدا هەژمونی حیزبی شیوعی لە ناو پارتیدا بەهێز ببوو، لەو کاتەی هەمزە عەبدوڵا سکرتێری حیزب بوو، هاوکات ململانێیەکی توندی ئایدیۆلۆژی لەنێوان جەماوەر و ڕێکخستنەکانی ئەو دوو پارتەدا هەبوو.

ئەو ململانێ و ڕکابەرییە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی و دانیشتوانی شارەکانی کوردستانی عێراقدا هەبوو، بەتایبەتیش لە شاری هەولێردا بە هۆی بوونی پاشخانێکی شۆڕشگێری و بوونی جیاوازی چینایەتی لە نێو ئاغا و موڵکدارەکان و جوتیار و خەڵکی هەژاری دەوروبەری شارەکە بە شێوەیەکی دیارتر لە دەشتی هەولێر هەست پێکراو بوو، حیزبی شیوعی توانیبووی جۆرە وشیارییەك لە ناو جوتیاران بەرپا بکات، ژمارەیەك لە کادیرانی پارتیش هەماهەنگ بوون، ئیتر بەرهەمی ئەو وشیاریەش لە ڕاپەڕینی جوتیارانی ١٩٥٣ی دەشتی هەولێر هاتبووە بەر و لە سەردەمی کۆماریشدا ئەو حیزبە لە هەموو شاروشارۆچکەکانی عێراقدا ڕۆڵی کاریگەری لە شەقامدا هەبوو[٢].

لە هەمان کاتدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ئەوەی سەرۆکەکەی لە تاراوگە بوو، لە دیدی دانیشتوانی باشووری کوردستانەوە وەکو ئەفسانەیەکی لێهاتبوو، ناوبانگێکی گەورەی هەبوو دوای بەشداری کردنی لە کۆماری کوردستان لە مهاباد و دواتر پەڕینەوەی لە ئاوی ئاراس و پەنابردنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و دوای گەڕانەوەشی لە سەردەمی کۆماری، پارتی لە کوردستاندا زیاتر گەشەی کرد، هاوکات بە هۆی ئەوەی تاکە پارتێك بوو لە کوردستان، نوێنەرایەتی ڕەوتی نەتەوەیی کوردی دەکرد، لە نەشونما کردن دابوو، ئیتر زۆرینەی خەڵکی شارەکە دابەش ببوون و ئەندام و دۆست و لایەنگری ئەو

---

[١] بۆ پتر زانیاری لەمەڕ هەڵوێستی ریکخستنەکانی پارتی و ناکۆکی نێوخۆ و چارەسەری قەیرانەکە و ڕەنگدانەوەی لە هەولێربڕوانە: شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٩-١٧٤.

[٢] دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد داود ڕۆژی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩ لە بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٤ ئەندامێتی حیزبی شیوعی عێراقی پێ بەخشراوە، ساڵی ١٩٥٣ گەیشتۆتە پلەی سکرتێری حیزبی ناوبراو، زیاتر لە جارێك گیراوە، لەکاتی ڕابوونی شۆڕش دەستبەسەر بووە، لەساڵی ١٩٦٢تا ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزب بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستان، ئێستا لە شارۆچکەی کۆیە نیشتەجێیە.

**دوو پارتە بوون، هەربۆیە پێکەوە ژیانی ئەو دوو ڕێکخستنە لە سەروبەندی والأبوونی ئازادییەکان کارێکی ئاسان نەبوو[١].**

**کێشمەکێش و ململانێکان تەواوی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکانی گرتبۆوە، لە سەندیکای کرێکاران و دەستە و کۆمەڵەی جوتیاران و یەکێتی قوتابیان و لاوان و هەلبژاردنەکان و بۆنە و ئاهەنگەکاندا و لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان و بۆنە نیشتمانیەکاندا، هەمیشە حیزبی شیوعی خۆی بەخاوەن ماڵ دەزانی و بە چاوی زاڵدەستی خۆیان لە رکابەرەکەیان دەڕوانی کە پارتی بوو[٢].**

**کاتێکی یاسای کۆمەڵەکانی ژمارە (١)لە ٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ ڕاگەیەنرا[٣] لە ٩ی شوباتی هەمان ساڵدا پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی فەرمی وەرگرت[٤].**

**دوای ئەوەی حیزبی شیوعی مۆڵەتی پێنەدرا، پارتی لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان زیاتر لە برەو و پەرەسەندن دابوو، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری هەوادارانی حیزبی شیوعی لە شاری هەولێر ریزەکانی حیزبی شیوعیان جێهێشت و لە ریزەکانی پارتی درێژەیان بە خەبات دا[٥].**

**بارودۆخەکە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا بەتایبەتی دوای ساڵیادی یەکەمی شۆڕش و ڕووداوەکانی کەرکوك[٦]کە قاسم و حکومەتەکەی نیگەران کرد و جگە لە مۆڵەت پێنەدانی حیزبی شیوعی لەلایەن قاسمەوە، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد کە چالاکیەکانی ئەو حیزبە قەدەغە بکات و بارەگای ڕۆژنامەکە دابخات، ئەوەبوو لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ حکومەت**

---

**[١] دیدار لەگەڵ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٨ لە شارۆچکەی دیبەگەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە خویندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، وازی لە خوێندن هێناوە و ساڵی ١٩٥٤چووەتە ریزی سەربازی لە بەغدا و تا پلەی جێگری ئەفسەر(نائب ضابط) لەناو سەربازیدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨هەر بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لە نێو سوپادا، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦٢پەیوەندی کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە، لەگەڵ شۆڕشی کورد دابووە و چەندین پلەو پۆستی وەرگرتووە، تادوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١گەڕاوەتەوە کوردستان و لە کابینەی حکومەتەکانی هەرێم و پەرلەمانیشدا چەندین پۆستی وەرگرتووە ئێستا لە هەولێر دەژیت ؛جێگە ی ئاماژەیە لە زۆربەی دیدارەکانداجەخت لەوە دەکرایەوە باسکردنی مێژوو و بەسەرهاتی بارزانی لەناو کۆمەلأنی خەڵکدا و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پارتایەتی خەڵك بە پەرۆشەوە دەهاتنە ریزی حیزب.**

**[٢] بۆ پتر زانیاری و نموونەی ململانێکان لە نێو ڕێکخراوە پیشەییەکاندا بڕوانە:صالح حیدری، مذکرات ولمحات من تاریخ الحرکة الوطنیة والثوریة في کوردستان والعراق ١٩٥٨-١٩٦٨،ص ٢١-٢٧، وهي مخطوطة بحوزة اخیه الکاتب ممتاز حیدری.**

**[٣] بۆ ناوەڕۆك و دەق و بڕگەی یاساکە بڕوانە: الوقائع العراقیة، ع: ٢٨٣، ٢ کانون الثانی ١٩٦٠.**

**[٤] جریدة خەبات/النضال، ع: ١٦٧، ١٠شباط١٩٦٠.**

**[٥] فازیل پیرداود، چمکێك لە بیرەوەریەکان، دەستنوس، ل ٢٤.**

**[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەمەر ڕووداوەکەی کەرکوك بڕوانە: عبدالفتاح علي بوتاني، من کان وراء حوادث الموصلَ وکرکوك العراقیة ٨ آذار- ١٤ تموز ١٩٥٩، اربیل، ٢٠٠٤، ص٢٥ ومابعدها؛ حنا بطاطو، الشیوعیون والبعثیون والضباط الاحرار، ترجمة: عفیف الرزاز، الکتاب الثالث، تهران، ٢٠٠٦، ص ص٢٢٦-٢٣٦.**

رۆژنامەی (إتحاد الشعب)ی ڕاگرت، زۆر لە شیوعییەکان لە دام و دەزگاو پایە بەرزەکان دوورخرانەوە و شالاوی دەستگیرکردن و تیرۆرکردنی شیوعییەکان دەستی پێکرد[١].

هاوکات بۆ پەردەپۆشکردنی مۆڵەت پێنەدانی ئەو حیزبەی بەردەوام پشتیوان و دڵسۆزی بوو، هەروەها بۆ مەبەستی پارچەکردنی، مۆڵەتی کارکردن بە هەمان ناو درایە ئەو کۆمەڵەیەی کە داود سایغ سەرکردایەتی دەکرد و ناوبراو یەکێك بوو لە لادەرانی حیزبی شیوعی، لایەنگرانی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو لە هەولێر، ئەوانەی دیاربوون هەریەك لە: فوئاد پەریخان (فەرمانبەر لە موتەسەریفیەت)، جەبار حەسەن، عەبدولوەهاب حاجی سەعید، مەلا حوسێن پینەدۆز، مەلا عومەر سۆفی بوون[٢].

ئەوە سەرەتایەکی ترسناك بوو بۆ پێشێل کردنی ئازادیە دیموکراسی و سیاسییەکان و ئازادی رۆژنامەگەری وەکو دەردەکەوێ لە هەنگاوەکانی دواتر لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦١ رۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی راگرت و هەروەها رۆژنامەکانی (کوردستان) و (رۆژی نوێ) و (دەنگی کورد- صوت الاکراد) و (راستی- الحقیقە) و هەردوو گۆڤاری (روناهی) و (هەتاو) داخران[٣].

هاوکات لە بەرانبەر هێزە هاوپەیمانە دیموکراسیەکانی تریش وەکو حیزبی شیوعی پەیوەندیەکان بەرەو دروست بوونی کێشە و ئارێشە هەنگاویان دەنا، کۆمەڵێك هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی بارگرژی بکەوێتە نێوان پەیوەندی کورد و قاسم، ئەو رووداوانەی پەیوەندیان بە کەسایەتی و رووداوەکانی سنووری لیوای هەولێر هەبێت دەخەینە روو لەوانە: پایە و پێگەی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە برەو و گەشەسەندندا بوو، ئەوەش ببووە هۆکارێك قاسم بەرگە نەگرێت و بەوردی و بەرنامە دارێژی چاودێری بارودۆخی کوردەکان بکات، چونکە لە رووی دەروونییەوە لە بار نەبوو رێبەرێکی تر لە عێراقدا هەبێت[٤].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە، قاسم و حکومەتەکەی دەستیان کرد بە پاشگەزبوونەوە لە مافەکانی کورد و وەرگرتنی ڕێوشوێن دژی میللەتی کورد، بەڵام کارڕاییەکان شێوەیەکی کتوپڕی وەرنەگرت، بەڵکو بە پلانێکی داڕێژراو هەنگاو دوای هەنگاو جێبەجێ دەکران[٥].

---

[١] پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی- مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦-١٩٧٠، ل ل١١٢-١١٣.

[٢] دیدار لەگەڵ عومەر فەرهادی ٢٠١٣/٨/١٨لە هەولێر.

[٣] ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانی کوردی ١٩٦١- ١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٣؛ کرمانج گوندی (کەریمی سەعید مەسیفی)، سی ٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران ١٩٦١- ١٩٩١، سوید، ١٩٩٠، ل٤٣.

[٤] سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨- ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، ص ٥٣ ؛ دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٥٠٥؛ جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣٥؛ شكيب عقراوی، سنوات المحنة في كردستان (أهم الحوادث السياسية والعسكرية في كرستان العراق) من ١٩٥٨ إلى ١٩٨٠، مطبعة منارة ، أربيل، ٢٠٠٧، ص٥٩.

[٥] مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، پارتی دیموکراتی کوردستان_مەکتەبی سیاسیی١٩٧٠/٣/١٧، چاپی رۆنیۆ، ل ٦.

قاسم لە هەنگاوی بەراییدا هەوڵی دا سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە لەناو کوردەکان پەیڕەو بکا، بۆ ئەو مەبەستە سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکانی لیوای هەولێری لەخۆی نزیك کردنەوە و دەستی بە ناردنی چەك و پارە کرد و سیاسەتی نزیك کردنەوەی نەیارانی بارزانی دەستی پێکرد، پارتی لە ئۆرگانی خۆیدا بە شێوەیەکی هێمنانە ڕەخنەی لەو سیاسەتەی حکومەتی قاسم دەگرت، بایەخدانی قاسم بەو لایەنانە بە بەندبازیەکی گومانلێکراو و ڕووخێنەری دادەنا، ئاماژەی بە دەستی قاسم دەکرد لە پەرەسەندنی رۆڵی دەرەبەگەکان لە لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکوك و سلێمانیدا، هۆشداری دایە حکومەت بۆ دانانی سنوور و بەربەستێك لە سەرپێچییەکاندا[١].

دیارە عەونی یوسف (١٩٠٨-١٩٨٨)ی وەزیری کار و نیشتەجێبوون لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦١دا، هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی نواند و بڕیاری هاوسۆزی و پابەندی خۆی بۆ لایەنگیری قاسم دووپات کردەوە و خۆی لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کشاندەوە، لە هەمان کاتدا قاسم (کەمال عوسمان ئاغا)[٢]ی کردە ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی لە وەزارەتی بەرگری و لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی دانا و لە تەلاری وەزارەت، وەك کارمەندێك کاری پێ سپێردرا، مەبەست لە دامەزراندنی ئەو ڕاوێژکارە پەیوەندی کردن و هاوسۆزی نواندنی سەرۆك هۆزەکانی لیوای هەولێر بوو، ئەو کەسێکی ناسراوی شارەکە بوو، پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی دیکەی سنووری لیواکە هەبوو، لە مانگی نیسانی ١٩٦١ دا ناوبراو سەردانی ناوچەکانی دەشتی هەولێر و شارۆچکەی شەقڵاوە و ڕواندز و ئاکرێی کرد و پەیوەندی لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزێك بەست و ئامادەباشی قاسمی بە بەخشینی پارە و چەك و یارمەتی بۆ خستنەڕوو[٣].

لەلایەکی دیکەوە موتەسەریفی نوێی هەولێر بەدرەدین عەلی[٤] رۆڵی سەرەکی هەبوو بۆ کار ئاسانی و ڕێگا خۆشکردن لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا، چونکە قاسم ناوبراوی دەستکراوە کردبوو، بە بیانووی پاراستنی هێمنی لیوای هەولێر دەسەڵاتی ڕەهای پێدابوو، لە کاتێکدا ئەو موتەسەریفە بەدژایەتی خەڵکی هەولێر و نەتەوەی کورد ناسرا بوو، دەستی بە چەکدارکردنی سەرۆك هۆزەکانی دراوسێی دەڤەری بارزان و سنووری لیوای هەولێر کردبوو، وەکو هۆزەکانی (برادۆستی و سوورچی و هەرکی) و (زێباری و ڕێکانی) کە ئەو دوو هۆزەی دوایی لە سنووری لیوای موسڵ بوون، بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ (ئیسماعیل

---

[١] بڕوانە: خەبات/ النضال، ع: ١٧١، ٢٢ شباط ١٩٦٠.

[٢] ناوبراو خزمایەتی لەگەڵ عەونی یوسف هەبوو، شارەزاییەکی تەواوی لە کاروباری هۆزەکانی لیوای هەولێر هەبوو، چونکە خۆی لە پێشتردا بە کشتوکاڵ خەریك بوو، هەروەها کەسایەتییەکی شارەکە و موڵکداربوو، خاوەنی گوندی ساتوری دەشتی هەولێر بوو.بڕوانە: شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٦٤.

[٣] شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٦٤ .

[٤] سەرهەنگ(عقید) بەدرەدین عەلی، لەپێشتردا قایمقامی ڕەواندز بوو، شارەزایی لە ناوچەکە هەبوو، دۆستایەتی ئاشتیانەی لەگەڵ سەرۆك هۆز و دەرەبەگەکانی ناوچەکەیدا پەیدا کردبوو، لە نیسانی ١٩٦١ بووە دووەمین موتەسەریفی هەولێر لە سەردەمی کۆماری، لە ماوەی حوکمی ئەودا کە تا نیسانی ١٩٦٤ بەردەوام بوو، شاری هەولێر دووچاری هەڵمەتێکی توندوتیژی هاتبووەوە، لە کودەتای بەعسی یەکەم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هێڵرایەوەو بەهۆی سیاسەتە توندڕەوییەکەی بەرانبەر بە کورد لە پۆستەکەی هێشتیانەوە، لە ڕەمەزانی ١٩٦٥لە بەغدا بە سزای کوشتن گەیەنرا. بڕوانة: محسن دزەیی، أحداث عاصرتها، حاورە: طارق ابراهيم شريف، الجزء الاول، دار اراس، اربيل، ٢٠٠١، ص ص١٨٤، ١٨٥ و صفحات متفرقة أخرى.

عەباوی)[١] بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ ئەو کارەیان بە ئەستۆ گرتبوو، هەمیشەش ڕاپۆرتی خراپیان لەسەر بارزانی و پارتی بۆ قاسم بەرز دەکردەوە و بەرچاویان گرتبوو[٢].

دەکرێت ئاماژە بە سیاسەتێکی تری حکومەتی قاسم بکەین کە کاریگەری نەرێنی لەسەر جوتیارانی کوردستان هەبوو، ئەنجامەکەی پێشێلکردنی مافی جوتیاران بوو؛ بۆ نموونە یاسای باجی زەوی ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٦١ ی دەرکرد، تێیدا چەوسانەوەی جوتیارانی بە شێوەیەکی نادادوەرانە مسۆگەر کرد، بە گوێرەی یاساکە دەبوایە جوتیار باجی زەوی بدات نەك دەرەبەگەکە، ئەو باجەش جوتیارانی وروژاند[٣].

لە سەرێکی دیکەوە ئەو باجە ناڕەوایە، ئەو دەرەبەگ و ئاغایانەی لە یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵ زەرەرمەند بوون، لەگەڵ جوتیارانی چەوساوەی دەستی باجەکەدا لە بەرەیەکدا دژی قاسم یەکخست[٤]، کە دوایی لە پاڵ هۆکارەکانی تر بوونە هۆکارێك بۆ ناڕەزایی هەردوو چینەکە.

هەروەها چەند هۆکارێکی دیکەش هەبوون، وەك: کۆبوونەوەی ساڵانەی مامۆستایانی کورد، کە ئامانجی پەرەپێدانی رۆشنبیری کوردی بوو، بڕیار بوو لە شوباتی ١٩٦١ لە شارۆچکەی شەقڵاوە ببەسترێ، بەڵام کۆنگرەکە و بڕیارەکانی لەلایەن حکومەتی قاسم بە بێ هیچ بیانو و پاساوێك ڕەتکرایەوە، چونکە هیچ ڕێگرییەك لە بەردەم بەستنیدا نەبوو[٥].

گومانی تێدا نییە، ئەوەی زیاتر پەیوەندیەکانی بەرەو ئاقاری شکست برد و بە بنبەستی گەیاند، لە مانگی شوباتی ١٩٦١ دا (سەدیق قادر میران) لە نزیك شارۆچکەی شەقڵاوە بەدەستی کاوانییەکان[٦] کوژرا، ناوبراو لەلایەنگر و پشتیوانانی قاسم بوو، بکوژانی ناوبراویش ئەندامانی پارتی بوون و لە ترسی تۆڵە سەندنەوەی بنەماڵەی میران بە خۆیان و چەکەکانیان ڕایانکردە چیای سەفین لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی حکومەت و پۆلیسی هەولێر نەتوانرا دەسگیر بکرێن، ئەو ڕووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو، تەنانەت ئەو سەرۆك هۆزانەی لەلایەن قاسمەوە پشتگیری دەکران ترسیان لێنیشت و هاوکات حکومەتیش بێدەسەڵاتی خۆی لەکوردستان بۆ دەرکەوت، بۆیە کەوتە دوای هەڵمەتێکی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی

---

[١] لە ڕاستیدا ناوبراو هەر لەساڵی ١٩٥٩ەوە کاری لەسەر کاروباری هۆزەکانی ناوچەکە دەکرد و شارەزایی و پەیوەندی لەگەڵیان هەبووە هەروەکو لەدۆکیۆمێنتێکی فەرمیدا پەیوەندییەکان دەردەکەوێ. بڕوانە: پاشکۆ ژمارە(٢).

[٢] مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩٢، ٩٤ ؛ علي سنجاري، أوراق من أرشيف كوردستان، دهوك، ٢٠٠٧، ص٥٣.

[٣] كاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، وزارة الثقافة، سليمانية، ٢٠٠٤، ص١٣٩.

[٤] جرجيس فتح الله، زيارة للماضي القريب، ط٣ ستوكهولم، ١٩٩٨، ص٣٠.

[٥] سعد ناجى جواد، المصدر السابق، ص ٥٧؛ دانا ادمز شميدت، رحلة إلى رجال الشجعان في كوردستان، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، أربيل، ص١١١؛ دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٦؛ ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١- ١٩٧٥، چ: ٣، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٧.

[٦] کاوانیان گوندێکە دەکەوێتە دەروازەی شارۆچکەی شەقڵاوە و ئێستا بووەتە بەشێك لە شاۆچکەکە، ژمارەیەك کەسایەتی و سەرکردەی ئازایان لە شۆڕشی ئەیلول تێدا هەڵکەوت، لەنێویاندا (مەحموود کاوانی) کە بە کوشتنەکە تۆمەتبار کرا، هەروەها (حەمید کاوانی) لە ناوچەی چوارتا لە ساڵی ١٩٦٢ شەهید بوو.

ئەندام و بەرپرسانی پارتی لە هەولێر و ژمارەیێك توانیان خۆیان لەناو شار بشارنەوە و ژمارەیێکی زۆریشی دەسگیرکران[1].

دوابەدوای تێکچوونی بارودۆخی کوردستان، لە مانگی نیسانی ١٩٦١ دا، حکومەتی قاسم هەڵمەتێکی فراوانی بۆ گواستنەوە و دوورخستنەوەی مامۆستا و کارمەندان و فەرمانبەران و پۆلیسەکان دەست پێکردبوو، موتەسەریفی هەولێر (بەدرەدین عەلی) رۆڵێکی کاریگەری بینی لە دەست نیشانکردنی لایەنگرانی پارتی و شیوعی و دەرکردنی فەرمانی گواستنەوە و لە کار لادانیان بۆ شارەکانی باشووری عێراق، ئەوەش ناڕەزایی زۆری لەلایەن دانیشتوانی هەولێر لێکەوتبۆوە[2].

سەرەڕای هەوڵەکانی بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەموو ئاماژەکان بەرەو لێکترازان دەرۆیشتن، چەندین جار هۆشداری و یاداشتی دایە قاسم، یەکەمییان لە ١٤ی نیسانی ١٩٦١ کاتێك لێژنەی ناوەندی پارتی کۆبووەوە و بە تێکڕا یاداشتێکیان بۆ قاسم بەرز کردەوە، کە ژمارەیەك داخوازی لە خۆگرتبوو، لەوانە: گەڕانەوەی ئازادییەکان و گەڕانەوەی فەرمانبەر و کارمەندە دەرکراوەکان هێنانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان و وەستاندنی دەست درێژییەکانی سەر ناوچەی بارزان و دروست نەکردنی کێشە و ئاستەنگ لەبەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان)، دواتریش بڕیاریاندا ئەوان دەستپێکی شەڕ نەبن[3].

لە بەرانبەردا حکومەت بایەخی بەم یاداشت و سکاڵایانە نەدەدا، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٦١ پارتی یاداشتێکی دیکەی پێشکەشکرد، کە بارودۆخی گشتی تێدا خرابووە روو، سکاڵا و گلەیی پاشەکشەی حکومەتی شۆڕش بەرانبەر داخوازییە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانی کوردی تێدا بوو[4].

دەکرێت بڵێین هەوڵ و کۆششەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ چارەسەری و هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی قاسم و پاراستنی ئاسایش و هێمنی ناوچەکە و گەڕانەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی بەردەوام بووە، بەلاَم هەوڵەکان بێ سوود و بێ بەرهەم مانەوە و بارودۆخەکە بەرەو گرژی و پشێوی هەنگاوی دەنا.

لە شاری هەولێر لە پاڵ شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراق زیاتر هەست بە ئاڵۆزبوونی رەوشەکە دەکرا، چونکە ژمارەیەکی زۆری کادیر و بەرپرس و ئەندامانی پارتی دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنیان، خۆیان بە دەستەوەنەدابوو، بەڵکو هەندێکیان روویان لە دەشت و دەوروبەری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی خۆشناوەتی و بناری چیای سەفین کردبوو، ئەوانی تریش لەناو شاری هەولێر بە نهێنی کاری رێکخستنی پارتایەتیان دەکرد و لەبارودۆخێکی ناهەمواردابوون، هاوکات موتەسەریفی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥-٢٣٩.

[2] احمد شوكت، حسين رشواني مربيا وصحفياً ١٩٢١-١٩٩٧، كوردستان، ١٩٩٨، ص٨١ ؛ جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

[3] نوری شاويس، من مذكراتی، من منشورات حزب الشعب الديمقراطی الكردستاني، ١٩٨٥، ص٨١؛ عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، مطبعة كلية الشريعة، جامعة دهوك، دهوك، ١٩٩٥، ص١٨؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص١٠٢.

[4] مومتاز حەیدەری، کورد و حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤٨.

هەولێر (بەدرەدین عەلی) تۆڕێکی سیخوری پێکهێنابوو[١] بە وردی چاودێری بنەماڵە هاوسۆزەکانی بزاڤی سیاسیی کورد و ئەندامانی پارتی لەنێو فەرمانگە و دام و دەزگا کارگێڕییە حکومییە نێوخۆییەکانی شار و فەرمان دەرکردن بە گرتن و دەرکردن و دوورخستنەوەیان، سیخوڕەکانیش ئەو کارەیان لە بەرانبەر دەسکەوتێکی دارایی ئەنجام دەدا و نانێکیان پێوە دەخوارد[٢].

هەڵمەتی راگوێزان و دورخستنەوەکان سەربازان و پلەدارانی ناو سوپا و پۆلیسی نێوخۆشی گرتبۆوە، چونکە هەستیان بە جوڵە و چالاکی رێکخستنەکانی حیزب کردبوو، لە ٧ ی ئابی ١٩٦١ یەکەمین پۆلی پۆلیس بە چەکەکانیانەوە لەسەر بڕیاری حیزب لە هەولێر بە راسپاردەی (عەلی عەبدوڵا)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی یەکەمی رێکخستنەکانی شارەکە، روویان لە گوندەکانی بناری سەفین کرد و پەیوەندییان بە (شەمسەدین موفتی و عەبدوڵا ئیسماعیل) کرد کە بەرپرسی باڵای حیزبی و سەربازی بوون[٣].

یەکەم چالاکی گەورەی سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕش و خەباتی شاخ، لەلایەن پۆلیسەکانی هەولێر ئەنجام درا، کاتێك لە رۆژی ٨ ی ئابی ١٩٦١ بە بڕیاری حیزب نەخشەیەك دارێژرا، بۆ دەست بەسەرداگرتن و پاشان گواستنەوەی چەکەکانی جبەخانەی سەرای پۆلیسی هەولێر بۆ شاخ، بۆ ئەو مەبەستە فەرماندەیی کردەکە درایە دەست (عوسمان یوسف)ی ناسراو بە (عەریف عوسمان)، لەگەڵ شەش ئەندامی تری پارتی، توانیان ئەو کردەوە مەزنە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن ژمارەیەکی زۆری چەك و تفاقی ناو جبەخانەکە بگوازنەوە و پەیوەندیان بە بەرپرسانی یەکەمی پارتی لە لیوای هەولێر و ناوچەکە کرد کە پێکهاتبوون لە (شەمسەدین موفتی و عەبدوڵا ئیسماعیل و مەحمود کاوانی و خالید ئاژگەیی) دواتر چەکەکان بەسەر هەموو ئەوانەدا دابەشکران کە بە بیروباوەڕی حیزبایەتی روویان لە شاخ کردبوو[٤].

بێگومان چەکدار کردنی ئەو ژمارە زۆرەش لە هەوادارانی پارتی و گردبوونەوەیان لە دەوری بنکە و بارەگاکانی پارتی، دروست بوونی بناغەی هێزێکی رێکخراو بوو، دوور لە گردبوونەوەی هۆزایەتی و لە دواییدا بوونە بونیادێك بۆ دروست بوونی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و تەکانێکی بەرچاوی بە هێزی شۆڕش بەخشی .

جێگای ئاماژە پێکردنە هێزی یەدەگی پۆلیسی هەولێر بە مەبەستی لێدانی هێزە چەکدارییەکەی سەفین و هێرشکردنە سەر سەفین، لە رۆژی سێ شەمە ٢٣ی ئابی ١٩٦١ لە شەقڵاوە جێگیر بوون و نەخشەیان دارشتبوو لە دوو قۆڵەوە هێرش بکەن، بەڵام هەموویان بڕیاریاندا بچنە پاڵ شۆڕشگێڕانەوە و پەیوەندی بە پێشمەرگە بکەن جگە لە فەرماندەی هێزەکە نەبێت، ئیتر (٨٠) پۆلیس بەچەك و تفاقەوە

---

[١] لە سیخوڕە ناسراوەکانی شار کەریم بزن و عەریف خدر و ئەحمەد مەلا فەتاح و چەندانی تر، زۆربەی دیدارەکان

[٢] باکووری، تەمەنێك لە بیرەوەرییەکانی باکووری ساڵی ١٩٥٧ تاکو مانگی نیسانی ١٩٧٠، ب/٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩٣.

[٣] بۆ زانیاری پتر بڕوانە: عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ل٨٥- ٩٣.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل ل٩٥، ٩٨- ٩٩؛ دیدارلەگەڵ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧، لە هەولێر.

لەگەڵ هاوەنێکی گرێ (٢) پەیوەنـدییان کـرد و بـەو هەڵوێـست و کردەوەیـەش درزێکـی دیکـە لـە هێـزی ناوخۆی حکومەت کەوت[١].

پەیوەندیکردنی ئەو رێژە زۆرەی پۆلیسەکانی هەولێر، پەیامێکی دیکە بوو بە حکومەت گەیشت، کـە زۆرینەی کوردەکانی نێو پۆلیس و سـوپا لەگـەڵ بـەرەی گـەل و بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی میللەتـدان و فەرمان لە سەرکردایەتی سیاسیی پارتی و رێکخستنەکانی وەردەگرن.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت سەرهەڵدان و بونیات و بناغەی هێزی شۆڕشگێڕی لە لیوای هەولێر لە مانگی ئابی ١٩٦١ەوە سەری هەڵدابوو، چونکە هێزەکەی سەفین، بەسەرپەرشتی ئەندامانی باڵای پـارتی و رێنوێنی (مەحمود کاوانی، شەمسەدین مـوفتی و عەبـدوڵا ئیسماعیل) وابەسـتەی رێکخـستنی حیزبـی بوون و بە فەرمانی پارتی و پاڵنەری نەتەوایەتی روویان لە شاخ کردبوو، نەك وەکو ئەوەی لـە لیواکـانی دیکە هەبوو کە پابەندی بەرژەوەندی هۆزایەتیان کەوتبووە مەترسییەوە و لە دەوری سەرۆك هۆزەکانیان کۆبووبوونەوە.

دیـارە هـەنگاوەکان و پەرەسـەندنەکان و رەوشـەکە بـەرەو ئاقـاری پشـێوی و ئـاڵۆزی دەڕۆیشـت و سەرهەڵدانی شەڕ بەکردەوە لە لیوای هەولێر هەڵگیرسا بوو، پارتی بۆ دەربڕینـی نـاڕەزایی بەرانبـەر بـە حکومەت لە ٦ ی ئەیلولی ١٩٦١[٢] بانگهێشتنی مانگرتنێکی سیاسیی گشتی کرد لە هەموو کوردستانی عێراق دا[٣]، مانگرتنەکـە بـە سـەرکەوتوویی ئەنجامـدراو لـەناو شـاری هـەولێریش زۆربـەی چـین و توێـژەکانی دانیشتووان تا رادەیەکی زۆر بە تەنگ بانگەوازەکەی پارتی چوون، دوکانەکان داخران و جوڵەی بازاڕ ئەو رۆژە تـا ئاسـتێکی زۆر پـەکی کـەوت و خـەڵك نەچـوونە سـەر کـارو پیشـەکانیان، بـۆ مـەرامی زیـاتر بـەهێزکردنی مانگرتنەکـە و خۆپێشـاندانێکی زیـاتر لێپرسـراوی هـەولێر و لێژنـەی ناوچـەی هـەولێر بڕیاریاندا هەندێ لە ئەندامانی پارتی چەکدار بکەن بۆ گرتنـی رێگاکـان کۆبکەنـەوە و لـە کاتـژمێر ٨ ی بـەیانی تـاکو ٤ ی ئێـوارە هـەموو رێگـا سـەرەکیەکانیان گـرت[٤] ئـەوەبوو لـەو رۆژەدا رێگاکـانی هاتووچۆی نێوان شار و شارۆچکەکانی هەولێر و موسڵ، هەولێر و مەخمور، هەولێر و کەرکوك، هەولێر و کۆیە ڕاگیران، هەرچەندە لەگەڵ پۆلیس چەند پێکدادانێکی بچووك و تەقە ئاڵ وگۆڕ کـرا بـەڵام زیـان بەهیچ لایەنێك نەکەوت تەنها چەند پۆلیسێك لە سەر رێگای هەولێر کەرکوك بریندار بوون[٥].

---

[١] عەریف سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١١٤-١١٥؛ دیدار لەگەڵ حەمید حوسێن رۆژی ٢٠١٣/١١/٢٢ لە هەولێر.

[٢] ئەو رۆژە یادی راپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی بوو، پارتی دەست نیشانی کردبوو.

[٣] سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٥٨؛ أحمد فوزي، المصدر السابق، ص١٣٤؛عبدالكريم افندي، المصدر السابق، ص٢٠.

[٤] سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٦ .

[٥] دیـدار لەگـەڵ هەریـەك لـە: موحسـین دزەیـی لـە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لـە هـەولێر. نـاوبراو سـاڵی ١٩٣٢لـە دێـی دوگرتکـانی دەشـتی دزەییایەتی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە، ساڵی ١٩٥٥ کۆلیژی مافی لەبەغدا تـەواوکردووە، سـاڵی ١٩٦٣بـووە بـە پێشـمەرگە و هەمان ساڵ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی مەکتەبی راپەڕاندنی پارتی، ساڵی ١٩٦٦بووە بە ئەنـدامی ئەنجوومەنی ئاشتی نێوان حکومەتی عێـراق و شۆڕشـی کـورد، ئێسـتاش نوێنـەری تایبـەتی سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانە؛ محەمەد مەلا قادر،رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام، ناوبراو ساڵی ١٩٣٤لـە شـاری هـەولێر لـەدایك بـووە، دوای تـەواو کردنـی

قاسم له ٩ی ئەیلولیش کەوتە جوڵاندنی هێزی سەربازی  و له یەکەم هەنگاویدا فەرمانی کرد کەوا فیرقەی ٢ ی کەرکوك و هەموو فەرماندەی لیوا و فەوجەکانی له بارەگای کەرکوك کۆکردەوە و تـاوتوێی نەخشەی لێدانی گردبوونەوە جەماوەرییەکانی کوردستانیان له دەربەندیخانـەوە بـۆ زاخـۆ و کردنـەوەی رێگاکان کرد، له ١١ی ئەیلول له سەربازگەی هەمیشەیی هەولێر، لیوای سەربازی و کاروانی فەوجی (کافی نەبەوی)[1] له سەعات ٤,٥ ی بەرەبەیانی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ رووە و شارۆچکەی کۆیە کەوتنە جوڵە تاکو له تاریکیـدا لـە شـاری هـەولێر دەربچـن پـێش ئـەوەی دانیشـتووانی شـار بێنـە دەرەوە، بـۆ ئـەوەی لـە دێـی (کەسنەزان)ی رۆژهەڵاتی هەولێر بوەستن و لەوێوە بـە ئاراسـتەی گونـدی (دێگەڵـە) بکەونـە رێ چـونکە پێشبینی و زانیاری کۆبوونەوەی چەکداری له گوندەکە هەبوو، هێزەکەی لیوای سـەربازی هـەولێر بـەبێ هـیچ بـەرگری و پێکـدادانێك لـە دەربەنـدی گۆمەسـپانەوە بـەرەو دێگەڵـە بەرێکـەوتن، لـە دێگەڵـە ئـەو گردبوونەوە هۆزایەتیەی هەبوو، لەدوای بۆمباران کردنی ناوچەکە بە فڕۆکە پاشەکشەی تەواویان کردو بەرەو ناوچەکانی دۆڵی هیران چوون[2].

بەمجۆرە هەڵمەتی سەربازی قاسم دەستی پێکرد و شۆڕشی کوردیش وەکو پەرچەکردارێك هەڵگیرسا، هاوکات هەڵمەتی دەستگیرکردن و راونان له ناو شارەکاندا به چڕی دەستی پێکرد، له نـاو شـاری هـەولێر چەندین کەسایەتی و بەرپرسانی ناو شار دەستگیرکران، لەوانە: محەمەد زیاد ئاغای غەفوری  ناسراو بە (کاکە زیاد١٩١٤-١٩٩١) و (ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی١٩٢٥-١٩٧٥) و (ساڵح شێرە) و (مەئمون دەباغ١٩٣٦-١٩٦٣) و (قـادر شـۆڕش) و (عـەلی حەسـەن) و (عەبـدولڕەحمان گۆمەشـینی)یان لەگەڵـدا بـوون، هەڵمـەتی دەستگیرکردنەکانیش لەماوەی شۆڕشدا تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوامی هەبوو[3].

جێگەی ئاماژەیە لە بەرەی بادینان و لە بەرەی سلێمانیدا هەرزوو دوای تۆپبارانکردن و بۆمبارانکردنی خەسـت و چـڕی باڵـەفڕەکانی حکومـەت، بزووتنـەوە بەراییەکـە توشـی پاشەکشـە هـات، بـەڵام سـنووری بەرگریکردن لە لیوای هەولێر فراوانتر بوو، هەروەها هێزەکەی چیای سەفین سەرەڕای هێرشەکانی سوپا

---

دواناوەندی خولی پەروەردەیی تەواو کردووە، سـاڵی ١٩٥٨پەیوەنـدی بـە پـارتی کـردووە، سـاڵی ١٩٦١چووەتە ریـزی شۆڕشـی ئـەیلو ل و پەیوەنـدی کردووە،لـەو ماوەیـەدا پلـە و بەرپرسـیارێتی زۆری وەرگرتـووە، سـاڵی ١٩٧٥بـووە بـە بەرپرسـی لقـی یـەکی پـارتی، دوای کۆنگرەی نۆیەم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی دوانزدەمیش بە ئەندامی لیژنـەی ناوەنـدی هەڵبـژێردرا، دوای راپەڕینی ١٩٩١یش چەندین بەرپرسیارێتی لەناو پارتی و حکومەتدا وەرگرتووە، ئێستا لەهاوینەهەواری پیرمام دەژیت.

[1] کافی محەمەد نەبەوی ساڵی ١٩١٤لە هەولێر لەدایك بووە، دەرچوی کۆلیژی سەربازییە بە پلەی ئەفسەری جێدار(ملازم) لـە سـاڵی ١٩٤٧دا، ساڵی ١٩٤٨بەشداری شەڕی فەلەستینی کردووە، چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە، لەوانە بەرپرسی لیـوای پیـادەی سـێیەم و سوپاسالاری (سەرۆك ئەرکان) فیرقەی یەك، دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣هاتە نێو ریزەکانی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد و لـەناو شۆڕشیشدا چەندین پلەو پایەی وەرگرتووە،لە دانوستانەکانی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤وەکو ناوبژیوانێك رۆڵی بینیوە، ساڵی ١٩٦٥گەڕاوەتـەوە بەغدا، بڕوانە:كافي محمد النبوي، المصدر السابق، صفحات متفرقة.

[2] المصدر نفسه، ص١١٥.

[3] محسن دزەیی، المصدر السابق، ص ص١٨٨- ١٨٩، ١٩٣ ؛ عەبـدولڕەحمان گۆمەشـینی، پوختەیـەك لـە بیرەوەرییـەکانم، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٣- ١٤؛ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خـەبات و تێکۆشـان، چ:٢، چـاپخانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، کوردسـتان، ٢٠٠١، ل ل٤٦- ٤٩ .

و چەکدارە لایەنگرەکانی حکومەت سەنگەریان جێنەهێشت و سوودیان لە سەختی چیاکە و هاوکاری زۆری دانیشتوانی ناوچەکە وەرگرتبوو، هەربۆیە توانیان تا ٢٨تشرینی یەکەم ١٩٦١بمێننەوە و بەهۆی هاتنی سەرماوسۆڵە بڕیاری پاشەکشەیان دا، لە دۆڵی بالیسان و بێتواتە گیرسانەوە[١].

دوای کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی پارتی لە ١٨-٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦١لەگوندی عەودالآن جارِی بزووتنەوەی چەکداری درا و بە فەرمی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق بەرز کرایەوە، لە ١ی کانونی دووەمی١٩٦٢ بڕیاری پێکهێنانی هێزی شۆڕشگێری کوردستان درا، کرایە دوو لق، فەرماندەی لقی یەکەم عەبدولاّ ئیسماعیل(سەرلق) و جێگرەکەی مەحمود کاوانی بوون لە سێ پەل پێکهاتبوون، سەرپەلی یەکەم عەریف عەلی مەولود، سەرپەلی دووەم سەعید مەسیفی، سەرپەلی سێیەم عەریف سابیر بوو، لقی دووەمیش بە فەرماندەی عەریف سلێمان (سەرلق) و جێگرەکەی تەها کانی وەتمانی بوو، ئەو لقەش لە سێ پەل پێکهاتبوو، سەرپەلی یەکەم حەمید کاوانی، سەرپەلی دووەم مام وسو کاوانی، سەرپەلی سێییەم عەریف سەمەد بوو[٢].

دەشێت بڵێین بەرگری و خۆڕاگری هێزەکانی چیای سەفین بووە هەوێنی خۆرێکخستنەوە و هۆکاری بەردەوامبوون و خۆڕاگری شۆڕشی کورد، لە بونیاتنانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانیش نەخشی فەرماندەکانی لیوای هەولێر دەسەلمێنێت، لە یەکەم پەیکەر و دامەزرانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، لە کۆی دوولقی پێشمەرگە دا تەنها جێگرەکەی لقی دووەم خەڵکی سنووری لیوای هەولێر نەبوو ئەوانەی تر هەمووی سەربە سنووری لیواکە بوون.

جێگەی ئاماژەیە دوابەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ١٦ی ئەیلولدا ئەو سەرۆك هۆزانەی دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوون کەوتنە بروسکە لێدان بۆ پشتگیری قاسم لە نێویاندا شێخ رەشیدی لۆلان بوو[٣].

دوای ئەوە شۆڕشی کورد بەردەوام لە پەرەسەندن دابوو زۆر جار شەڕو پێکدادانەکان دەوروبەری هەولێری دەگرتەوە و چالاکیەکانی شۆڕش لە برەو دابوو[٤].

دام و دەزگاکانی حکومەت لە ناو شارەکاندا تەنها لە رۆژدا زاڵدەست بوون، لەدوای ئێوارەوە گەڕەکەکانی شاری هەولێر چەندین چالاکی پارتیزانی تێدا ئەنجامدەدرا و شەوانە هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری رێکخستنەکان بە ئاسانی دەهاتنە ناو جەرگەی شارەکە؛ بۆ نموونە لە چوارەم ساڵیادی

---

[١] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: شوان محەمەدئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩-٢٧٥؛ هاوکار کریم حمە شریف، شۆڕشی ئەیلول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل٩١-٩٢.

[٢] هاوکار کریم حمە شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩١-٩٢.

[٣] جەمال نەبەز، باسنامە-چەند گوژمێکی جۆلانەی کردەو بەسەرهاتم، باشووری کوردستان، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٤٧.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان، بلاّوکراوەی دەنگ وباسی پێشمەرگە، ژ: ٥، دەنگ و باسی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو ناوچەکاندا لە ٢٧/ ٣/ ١٩٦٢ تاکو ٢٧/ ٤/ ١٩٦٢ ؛ خەبات، ع: ٤٦٨، أوائل تشرین الآول ١٩٦٢.

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەموز، بڕیاردرا پەیکەرێك بۆ عەبدولکەریم قاسم لە شەقامی شەست مەتری نزیك یاریگای هەولێر دابنرێ و لیژنەیەك لە مانگی نیسانەوە بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتبوو[١].

رۆژی لادانی پەردە لەسەر پەیکەرەکە رێوڕەسمێکی گەورەی بۆ سازدرا، بە هەمان بۆنەوە ئێوارەی رۆژەکە ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی گوتن لە باخچەی یانەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بانگهێشت کراوان و بەشداریی گۆرانیبێژانی عەرەب لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و سەربازی بەڕێوەچوو، دوای دەست پێکردنی ئاهەنگەکە بە ماوەیەکی کەم پێشمەرگەکانی نێو شار لە رۆژهەڵاتەوە لەنزیك هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر تەقەیان لە ئاهەنگ گێڕان کرد، کەبووە هۆی سەرلێشێوانی بەرپرسان و تێکچوونی ئاهەنگەکە، پاسەوانی بەرپرسەکان لە ترسی خۆیان بە سەدان گوللەیان بە بێ ئامانج تەقاند، بەرپرسەکانیش لەژێر کورسی و مێزەکان خۆیان شاردەوە[٢].

دەکرێ بگوترێ ئەو چالاکیە پەیامێکی ئاشکراو زیندووی شۆڕش بوو، کەوا دەتوانن بەهۆی رێکخستنەکان و هاوکاری دانیشتوانی هەولێر، چالاکیەکانیان بگوازنەوە قورسایی دەسەڵاتی حکومەت و لە ناوجەرگەی شار بدەن.

لە چەند دۆکیۆمێنتێکی فەرمی حکومەتیشدا دەردەکەوێ لە ٢٢ی تەموزی ١٩٦٢دا پێشمەرگەکان لە سنووری لیوای هەولێر دەست بەسەر برێك پارەو کەل و پەلی پۆلیس دادەگرن و لە تەموزی ١٩٦٤دا وەزارەتی ناوخۆ نوسراوێك بۆ وەزارەتی دارایی دەکات بۆ سڕینەوەی کەل و پەلی دەستبەسەرداگیراودا[٣].

ئاشکرایە چالاکیەکانی پێشمەرگە لە تەواوی لیوای هەولێردا ئەنجامدراوە و بەردەوامی هەبووە، تەنانەت گەیشتبووە ئاستێك شەوانە حکومەت زاڵ دەستی لەشارەکەدا نەدەما .

جێگای ئاماژە پێکردنە هەرچەندە حکومەتی قاسم رووی خۆی لە حیزبی شیوعیش وەرگێڕابوو هەڵمەتی دژایەتی کردنی هێزە دیموکراسیەکان لەوانیش بەدوور نەبوو، لە هەنگاوی بەراییدا دوای رووداوەکەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ی کەرکوك، قاسم وتارێکی توندوتیژی لە بەرانبەر شیوعییەکان دا و بە بڕوای کەریم ئەحمەد وتارەکە خەلاتێك بوو بە نەتەوەپەرستانی عەرەبی بەخشی و دواتریش کودەتایان بەسەر کرد، دواتر مۆڵەتی بە حیزبەکە نەدا و پاشان چەندین ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی خرانە زیندانەکانەوە[٤].

ئەگەر سەیری هەڵوێستی حیزبی شیوعی بکەین بەرانبەر سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد، بە شێوەکی گشتی جێگیر نەبوو، هەروەها روون و ستراتیژی نەبوو، بەڵکو ئاڵۆز و کاتی و تاکتیکی بوو، بیروڕای جیاواز لەنێو رێکخراوەکانی حیزب لە شارەکانی کوردستاندا و لەنێو سەرکردایەتیشدا هەبوو، باری هزری و سیاسیی رێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان دووچاری راڕایی و گێژاوێکی توند هاتبوو، رێکخراوەکانی

[١] بڕوانە پاشکۆ ژمارە (٣).

[٢] دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

[٣] بڕوانە پاشکۆ ژمارە (٤).

[٤] دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد، رێکەوتی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩ لە هەولێر.

حیزب لە سلێمانی بەیاننامەیەکیان دەرکرد[١] تێیدا سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکدارییەکەیان بە کۆنەپەرست و گومان لێکراو لێکدایەوە، بەپێچەوانەوە لە هەولێر بە سەرەتای رابوونێکی نەتەوەییان دانا، کە نارەزایی و بێزارییە دژ بە دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیستەکانی عەرەب و هەڵگیرساوە [٢].

لە نێو سەرکردایەتیشدا عەزیز محەمەد (بەرپرسی لقی لیژنەی کوردستانی) پێی وابوو حیزبی شیوعی نابێ بچێتە ناو شۆڕشی کوردەوە، چونکە ئەمە زیان بەشۆڕش دەگەیەنێت و دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان دژایەتی شۆڕشی کورد دەکەن، کەریم ئەحمەدیش لەسیاسەتی قاسم نارازی بوو بەتایبەت دوای بۆردوومان کردنی ناوچەی بارزان، بەڵام کاتێك شۆڕشی کورد هەڵگیرسا حیزبی شیوعی خۆی لەبارێکی ئاڵۆزدا بینیەوە و نەیتوانی هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوە وەرگرێ، هەرچەندە جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣) لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ توێژینەوەیەکی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کود خستەروو بەناونیشانی (شیوعییەکان لە پێشەنگی خەباتدان بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان و دەستەبەری مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و یەکێتی نەتەوەیین)لە راپۆرتەکەدا سیاسەتی قاسم و کۆنەپەرستە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی سەرکۆنە کردبوو، بۆمان دەردەکەوێ هەڵوێستی هەر سێ کەسایەتی هەولێری نێو سەرکردایەتی حیزبی شیوعی تارادەیەك ئەرێنی بووە بەرانبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەڵام لەرووی کردارییەوە حیزبی شیوعی هەر لەبەرەی حکومەتی قاسم مایەوە و دژایەتی شۆڕشی کوردیانکرد[٣].

هەموو پێشهاتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزی و نادیدەبوونی قاسم لە رەوشەکە دەڕۆیشت، چونکە بزاڤی رزگاریخواز و شۆڕشی کوردیش هەمیشە لە هەوڵی بەرگری لەخۆکردن و بەهێزیدا بوو، ئەو هەلومەرجە رێگای خۆشکرد بۆ نەیارانی قاسم بەتایبەتی حیزبی بەعس و ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و توانیان سوود لەو درزە وەرگرن و رێکخستنەکانیان کاراتر بکەن و لەگەڵ دوژمنانی قاسم لە پەیوەندی بەردەوامدابن.

بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوامی هەبوو، لە ناو شاری هەولێر هیچ پێشهاتێکی دیار و بەرچاو بوونی نەبوو، تەنها فشاری پێشمەرگە و پەرەسەندنی رێکخستنەکانی پارتی نەبێت لەتەواوی لیواکەدا باس و بوونی هەبوو، تا کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات.

ئەگەر سەیری دابەشبونی یەکە کارگێڕییەکانی لیوای هەولێر بکەین، لە سەرەتای دامەزراندنی لیوای هەولێر قەزاکانی مەخمور، کۆیسنجەق، رواندز و قەزای هەولێری ناوەندی دەگرتەوە کە ١٥ ناحیەی

---

[١] بەیاننامەکە بەشێکی رەوانەی بەغداکرابوو، حکومەتی قاسم دوای لێکۆڵینەوەکە لە بەیاننامەکە بڕیاری دا هەزاران دانەی لێ چاپ بکرێت و لە بەغدا دابەشکرا.بڕوانە:جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص٢٧.

[٢] بڕوانە: فاتح رەسول، لە کاروانێکی دوورو درێژدا "کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"، چ:١، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل١٤٨-١٤٩؛ کاکە مەم بۆتانی، کاکە (مەم) یّکی تر، یاداشت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٩٣.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٩٥-٣٠٧.

دەگرتە خۆ[1] پاشان گۆڕانکاری بەردەوام لەو پەنجا ساڵەدا دەکرێ، لەڕووی دابەش بوونی یەکە کارگێڕییەکان، لەئاماری ١٩٤٧ دەردەکەوێ قەزای زێبار بەهەردوو ناحیەکەیەوە (بارزان و مزوری بالاّ) لەگەڵ ناحیەی بلەی ناوەند دەخرێتە سەر لیواکە و ناحیەی قوشتەپەش لەقەزای هەولێر لادرا و ناحیەی هەریریش دەخرێتە سەر قەزای راوندز و ناحیەی مێرگە سوریشی دەخرێتە سەر، کە رووبەری ئەم لیوایە گەیشتە ١٦,٦٠٠کم٢[2].

دواتر لە ئاماری گشتی ساڵی ١٩٥٧ گۆڕانکاری دیکە لە پێکهاتەی کارگێڕی ئەم لیوایە دەکرێ و قەزای شەقلاّوە دادەمەزرێت و، ناحیەی پیرمام (سەلاحەدین) و ناحیەی خۆشناو(هیران)ی ناوەند و ناحیەی هەریریشی[3] خرایە سەر، ناحیەی قەراج و عەینکاوەش لەنوێ دامەزران و قەراج خرایە سەر قەزای مەخمور و عەینکاوەش خرایە سەر قەزای ناوەندی هەولێر، ناحیەی مێرگەسۆریش بەقەزای زێبارەوە لکێنرا، لەلایەکی دیکەوە قەزای ڕانیە لە هەولێر دابڕێنراو خرایە سەر لیوای سلێمانی، ئەوەش ڕووبەری هەولێری بۆ ١٥,٣١٥کم٢ کەمکردەوە[4].

لەماوەی نووسینی ئەو توێژینەوەدا لیوای هەولێر لەڕووی دابەشبوونی کارگێڕیەوە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

قەزای ناوەندی هەولێر هەریەك لە ناحیەی هەولێر و (عەینکاوە) و ناحیەی قوشتەپە دەگرێتەوە، قەزای کۆیسنجەق ناحیەی تەقتەق دەگرێتە خۆ، قەزای مەخمور، ناحیەی قەراج و کەندێناوە (دیبەگە) و گوێڕ دەگرێتە خۆ، قەزای شەقلاّوە، ناحیەکانی خۆشناو(هیران) و سەلاحەدین(پیرمام) و هەریر دەگرێتە خۆ، قەزای راوندوز هەریەك لە ناحیەی دیانە (سۆران) و ناحیەی باڵەك(گەلاڵە) و ناحیەی برادۆست(سیدەکان) دەگرێتە خۆ، دوا قەزاش قەزای زێبارە کەوا ناحیەکانی مێرگەسور و ناحیەی بارزان و ناحیەی مزوری بالاّ (شێروان مەزن) دەگرێتە خۆ[5].

وەکو لە دواتر دا دەردەکەوێ ناوچەیەکی بەرفراوانی سنووری لیوای هەولێر لە ژێر قەڵەمڕەوی سەرکردایەتی سیاسیی بزاڤی شۆڕشی کوردستان بەڕێوەدەبرێ.

---

(١) طه الهاشمي، مفصل جغرافية العراق، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٣٠، ص٥٠٤.

(٢) عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثا، الطبعة السابعة، دار اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٠٧.

(٣) ئەو ناحیەیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧ لە نێوان هەولێر و راوندز و شەقلاّوە دەگوازرایەوە.

(٤) بروانة: المجموعة الإحصائية لتسجيل السكان لسنة ١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مطبعة الحكومة، ١٩٦٣؛خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافية-اقتصادية، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٣، ص٨.

(٥) اربيل في اربعة اعوام ١٩٦٤-١٩٦٧، بحوث عن الانجازات والمشاريع الحكومية التى تمت او تحت الانشاء في اربيل، جمعها ونظمها جماعة من شباب اربيل، ص ٢٦-٢٧.

# بەشی یەکەم

## هەولێر لەسەردەمی کودەتای یەکەمی بەعسی ٨ی شوباتی١٩٦٣- ١٨تشرینی دووەمی١٩٦٣

باسی یەکەم: هەڵوێستی دانیشتوانی هەولێر بەرانبەر کودەتای٨ی شوباتی ١٩٦٣
باسی دووەم: رەوشی دانوستانەکان و سیاسەتی حکومەت و کاربەدەستانی لە شاری هەولێر
باسی سێیەم: سیاسەتی حکومەت لەماوەی دانوستانی و حکومەت و شۆڕشی کورد.
باسی چوارەم: شکست هێنانی دانوستانەکان و شەڕەکانی سنوری لیوای هەولێر.
باسی پێنجەم: چالاکیەکانی پێشمەرگە لە هەولێر و دەوروبەری لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی شەڕی سەپاوی بەعسییەکان.
باسی شەشەم: سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر

## بەشی یەکەم:
## هەولێر لەسەردەمی کودەتای یەکەمی بەعس
## ٨ی شوباتی١٩٦٣-١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣

دوای ئەوەی حکومەتی قاسم دەستبەرداری حوکمڕانی شێوازی پەرەسەندنی دیموکراسیانە بوو، حکومەتەکەی بەرەو پیادەکردنی سیاسەتی تۆقاندن و راونانی هێزە نیشتمانییەکان هەنگاوی دەنا، شالآوی سیاسەتەکە هێزە نیشتمانییەکانی بە گشتی و پارتی و نیشتمانپەروەرانی کوردی بە تایبەتی گرتەوە، ئیتر ئاراستەی دەسەلآتدارێتی لە عێراقدا بەرەو ئاقارێکی ترسناك ڕۆیشت[١].

جگە لەوەش بەردەوامبوون و بەهێزبوونی شۆڕشی کورد، ببووە هۆی رزگارکردنی پانتاییەکی فراوانی خاکی کوردستانی عێراق و هێرشی دڕندانەی حکومەت و بۆمباباران و تۆپبارانکردنی ئەو ناوچانە، ببووە هۆی لێکترازانی ریزەکانی سوپا لەلایەك و لاوازبوونی ژێرخانی ئابووری عێراق لەلایەکی ترەوە[٢].

لە کاتێکدا زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراقی سەرقاڵی شەڕی کوردستان بوو، زیانێکی زۆریش بەر هێزە سەربازییەکانی سوپای قاسم کەوتبوو، لە هەمانکاتدا بە درێژایی ساڵی ١٩٦٢پەیوەندی کردنی دانیشتوانی شارەکان بە شۆڕشی کوردستان لە برەوسەندن دابوو، لە مانگی ئەیلولی ١٩٦٢دا ژمارەی قوربانییانی شەری سەپاوی قاسم گەیشتبووە ٤٠٠٠ سەرباز و ٣٠٠٠ جاش و سەدان دیل، ئەوەش وای لە حکومەتی قاسم کردبوو، هێزەکانی خۆی بە ئاراستەی کوردستان بە بەردەوامی زێدەتر بکات و بێ ئەوەی رەچاوی لاواز بوون و لاسەنگبوونی هێز و تێکچوونی هاوکێشە سەربازییەکانی ناوخۆی وڵات بکات[٣].

وێڕای ئەوەی کاتێك شۆڕشی کورد لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ لە سەردەمی قاسم هەلگیرسا، بەعسییەکان دژی شۆڕشەکە بوون و بە بزووتنەوەیەکی جیاخوازی و بارزانیشیان بە بەکرێگیراو و دوژمنی سەرسەختی بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەی عەرەب تۆمەتبارکرد، بەلآم دواتر هەلۆیستیان گۆڕا، لە ساڵی ١٩٦٢ دانیان بە بوونی گەلی کورد نابوو، باسی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان دەکرد، بەلآم بێ دەستنیشانکردنی مانا و ناوەڕۆك و رەهەندەکانی ئەو مافانە[٤].

---

[١] م.س.لازاريف واخرون، تاريخ كوردستان، ت: عبدى حاجي، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠٠٦، ص٢٧٧.

[٢] ادمون غريب، الحركه القوميه الكرديه، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص٦٦.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ١٧٧-١٩٠.

[٤] محاضرة جلال الطالبانى بعنوان: الاشتراكية والقضية القومية والمسالة الكردية في العراق، محاضرة القيت في ندوة"الاشتراكية في الوطن العربى"بتاريخ ٢٢ ايار١٩٦٧، للمزيد راجع: كتابات في المسالة الكردية، الجزء الثاني، مؤسسة ژين، سليمانية، ٢٠٠٨، ص١٧١.

شیاوی باسکردنە کاتێك بلێسەی شۆڕشی کوردستان کڵپەی سەندبوو، بەعسییەکان توانیان پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە بکەن، لە رێگای سەرهەنگی خانەنشین کەریم قەرەنی[1] کە لەلایەن تاهیر یەحیا[2]راسپێردرابوو، تا زانیاری بداتە سەرانی شۆڕشی کورد، سەبارەت بە جوڵەیەکی سەربازی و داخوازی هەماهەنگی کردنی شۆڕشەکە، هاوکات بەڵێنی چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد و دانان بە مافە رۆشنبیرییەکانی گەلی کورد و حوکمڕانی نا ناوەندێتی (اللامرکزیة) بخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی شۆڕشی کورد پێداگیری و جەختیان لەسەر دانان بە مافەنەتەوایەتییەکان و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا کردەوە، بەلاَم دوا جار هەر رەزامەندیان نیشاندا، لەسەر داخوازییەکان و ئاگربەست و بەشداری کردنیان لە حوکمڕانی نوێ لە داهاتوودا[3].

لە نامەییێکی تاهیر یەحیا کە بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی ناردبوو، تێیدا دانی بە ئۆتۆنۆمی نابوو، هەروەها داوای لێکردبوو شەش کەسی پارتی کاندید بکەن، بۆ بەشداری پێکردن لەحکومەتی داهاتوو[4]، لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٢ دوای ئاگاداری بارزانی و لیژنەی ناوەندی پارتی ئیبراهیم ئەحمەد وەلاَمێکی دەستنوسی نامەکەی دایەوە و پاڵپشتی کوردەکان و ئامانجی شۆڕشی کوردی خستبووە روو کەوا بریتیە لە: روخانی رژێمی قاسم و دەستەبەربوونی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراسی لە عێراقدا[5].

هاوکات شۆڕشی کورد ناوی شەش پاڵێوراوەکەی بۆ ناردن کە دووانییان لە سنووری لیوای هەولێر بوون ئەوانیش: عومەر مستەفا (١٩٢٣-١٩٩٢) و بەکر عەبدولکەریم (١٩١٤-١٩٩٩)بوون لە پاڵ هەر یەك لە: جەلال تاڵەبانی، علی عەسکەری، فوئاد عارف و باباعەلی شێخ مەحموود، بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەت لە حکومەتی نوێدا[6].

لە کانونی دووەمی ١٩٦٣دا کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە بەغدا بە هاوکاری فوئاد عارف لە نێوان سالح یوسفی[7]نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و رازگری گشتی سەرکردایەتی بەعس عەلی سالح سەعدی

---

(١) ناوبراو ئەفسەرێکی کورد بوو، خەڵکی شاری سلێمانی بوو.

(٢) تاهیر یەحیا ساڵی ١٩١٤ لە بەغدا لەدایك بووە، عەرەبی سونییە، بنەچەی خەڵکی تکریتە، لە ١٩٥٦-١٩٥٨بووەتە ئەندامی لیژنەی باڵای ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، دوای کودەتای ٨ی شوبات بوویتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا(سوپاسالار)، لە ماوەی ساڵانی١٩٦٣-١٩٦٨چەند جارێك پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە. بروانة: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ٣٢٣ومابعدها.

(٣) هانی الفکیکي، اوكار الهزیمة-تجربتي في حزب البعث العراقي، ط٢،بیروت، ١٩٩٧، ص٢٩٤؛ سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤٧.

(٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٠٤.

(٥) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٧٦.

(٦) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٢١٣-٢١٤؛ دانا ادمز شمدت، المصدر السابق، ص ٣٥٧؛ مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٠٤.

(٧) سالح عەبدوڵا یوسفی ساڵی ١٩١٧ لە دایك بووە، خوێندنی کۆلیژی زانستەکانی (شەریعە) ی ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ تەواو کردووە، ساڵی١٩٤١ پەیوەندی بە حیزبی هیوا کردووە، بەرپرسی لقی موسڵ بووە، پاشان بووەتە ئەندامی حیزبی رزگاری و دوایش ساڵی١٩٤٦بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین پلە و پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، لە شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-

ڕێکخرا، تێیدا بەڵێنی دا داخوازیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا جێبەجێ بکری[١] هەروەها ڕێککەوتن بۆ ئەوەی ئامادەسازی کودەتایەك لە دژی قاسم بکەن[٢].

جێگەی ئاماژەیە کودەتاکە خێرا ڕوویدا، بێئەوەی ڕێککەوتنەکە بنوسرێت و تۆماربکرێت[٣]، بەمجۆرە پەیوەندییەکانی پارتی و حیزبی بەعس لە چاوەڕوانی دابوو، تا ڕۆژی کودەتاکە و کۆتایی بە حوکمی قاسم هات کە تەنها چوار ساڵ و شەش مانگ و بیست و چوار ڕۆژی خایاند[٤].

بەمجۆرە قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد و ڕووداوەکانی دوایی دەریخست کودەتاچییەکان لە بنەڕەتدا خاوەنی بەرنامەیەك نەبوون بۆ چارەسەری دۆزی کورد، بەڵکو هەنگاوە تاکتیکیەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆیان بوو، دڕندانە کەوتنە هەوڵی سڕینەوەی هێزە دیموکراسیەکان لە وڵاتدا[٥].

بەمشێوەیە سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد و گەلانی عێراق و کوردیش لە چاوەڕوانی پێشهات و گۆڕانکارییەکان دابوو.

---

١٩٧٥دا ئەندامێکی چالاك بووە، دواتر حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی دامەزراندووە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی١٩٨١ بە دەستی بەعسییەکان لە بەغدا تیرۆر کرا، بۆ ژیان و ڕۆڵی سیاسیی بڕوانە: عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي، (د.م)، ١٩٩٢؛ زوزان صالح اليوسفي، صالح اليوسفي ١٩١٧-١٩٨١ صفحات من حياته ونضاله الوطنى مع ديوانه الشعري الكامل، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠٠٩، ص١٩ وما بعدها.

(١) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣؛ علي سنجاری، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، دهوك، ٢٠٠٦، ص٢٦.

(٢) دانا ادمز شمدت، المصدر السابق، ص ٣٥٨.

(٣) جلال الطالباني، المصدر السابق، ص١٧١.

(٤) اَمين سامي الغمراوى، الاكراد في شمال العراق، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٧، ص٢٧١.

(٥) م.س.لازاريف واخرون، المصدر السابق، ص٢٨٥.

## باسی یەکەم: هەڵوێستی دانیشتوانی هەولێر بەرانبەر کودەتای٨ ی شوباتی ١٩٦٣

هەروەك سەردەمی پاشایەتی پێش کۆتایی هاتنی سەردەمەکە چەندین راپۆرت و هۆشداری درایە دەربار و کۆشکی پاشایەتی، ماوەیەکی کەم بەر لە روودانی کودەتاکە چەندین هۆشداری و راپۆڕت لەلایەن حیزبی شیوعیەوە درایە حکومەتی قاسم وریابێت و پیلانێك لە ئارادایە بۆ کۆتاییهێنان بە حکومەتەکەی[١]، کەسایەتی شاری هەولێر هادی چاوشلی[٢] ئەو کاتە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو، دووپات دەکاتەوە:"بەر لە روودانی کودەتاکە، چەندین راپۆرتمان لەلایەن خۆبەخش و خۆشەویستانی قاسمەوە بۆ دەهات، کەوا هەولی کودەتای سەربازی دژی حکومەتی قاسم لە ئارادایە، بەڵام قاسم بایەخی بەم راپۆرتانە نەدەدا و پێی بێزار دەبوو"[٣].

لەو بارەیەوە کەسایەتی هەولێر و دۆستی نزیکی قاسم، کەمال عوسمان ئاغا پێش ئەوەی بۆ کاروباری تایبەتی خۆی گەشتی بەیرووت بکات، بە هۆی زانیارییە هەواڵگرییەکانی خۆی و پەیوەندییە تایبەتییەکانی، لە سەردان و دیدارێکی لەگەڵ قاسمدا پێی راگەیاندبوو، هەولی کودەتایەك لە ئارادایە، بەڵام قاسم لە وەڵامدا گوتبووی:"خۆزگە وابێت گەلانی عێراق هەموو رۆژ بتوانن کودەتایەك بکەن!"[٤].

دیارە ئەوەش کورتبینی سیاسیی و بێئاگایی و زێدە متمانە بەخۆ بوونی قاسم و حکومەتەکەی نیشان دەدات، بەرانبەر بەکەم زانینی دوژمنانی، لە بارێکدا نەیارانی ناوخۆ و دەرەوەی پلانێکی تۆکمە و

---

[١] دیدار لەگەڵ هەریەك لە : کەریم ئەحمەد رۆژی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩ لە هەولێر؛ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٧لە دایك بووە، تا شەشی سەرەتایی خوێندووە، بایەخی بە نووسینی سیاسیی لە رۆژنامەکانی حیزبی شیوعی داوە، ساڵی ١٩٥٥چویتە ریزی حیزبی شیوعی عێرقی، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨چەندین بەرپرسیارێتی حیزبی وەرگرتووە و دوای کودەتای ٨ی شوبات١٩٦٣بەرپرسی جووڵانەوەی جەماوەری بووە لە شاری هەولێر دژی کودەتاکە، ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن حیزبەوە بۆماوەی ٨مانگ نێردراوەتە یەکێتی سۆڤیەت بۆ خولی کادیران و زانستەکۆمەڵایەتیەکان، جاری دووەمیش ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٣دووبارە نێردراوەتە بولغاریا بۆ خولێکی تری ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لە ریزی حیزبی شیوعی کوردستان بەردەوامبوو، لە ٨/١٦/ ٢٠١٥ کۆچی دوایی کرد.

[٢] هادی چاوشلی ساڵی ١٩٢٠لە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە و ساڵی ١٩٤٣ کۆلیژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە، بەڕێوەبەری ناحیەکانی (بازیان و خورماڵ و پێنجوین و قەرەداغ و بەرزنجە) لە لیوای سلێمانی بووە، ساڵی ١٩٥٤کراوە بە قایمقامی قەڵادزێ، دوای شۆڕشی ١٤تەموزی ١٩٥٨کراوە بە سەرۆکی شارەوانی هەولێر، پاشان کراوە بە پارێزگاری سلێمانی دواتر گوێزراوەتە وەزارەتی ناوخۆی عێراق و تاوەکو بووەتە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ و لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣گیراوە و ١٩٦٤ئازاد کراوە، ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکای پارێزەرانی بەغدا، خاوەنی زیاتر لە ٢٠ کتێبە لە بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کارگێڕی، لە ١٩٩٦/٦/٢٩لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. بڕوانە : ئینسکلۆپیدیای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دەیەم، ل٤٥٦٧.

[٣] طارق جامباز، هادی الجاوشلی والحرکة التحرریة الکوردیة، اربیل، ١٩٩٥، ص٢٢.

[٤] دیدار لەگەڵ هەلاڵە کەمال عوسمان ئاغا، رۆژی ٢٠١٥/٧/٢٥ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا لەدایك بوو، ساڵی ١٩٦٨ دوای ونبوونی چارەنوسی باوکی لە ناو شۆڕشی کورد دێنەوە هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، دواتر بەشی ئەندازەی تەلارسازی ساڵی ١٩٨٥ لە بەغدا تەواو کردووە، ماوەی ٧ ساڵ لە وەزارەتی نیشتە جێکردن لە بەغدا کاری کردووە، ١٢ ساڵ لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە و لە هەولێر دەژی.

بەرنامەیەکی داڕێژراوی گونجاویان، لە ماوەیەکی دیاریکراو و کورتدا بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتەکەی داڕشتبوو.

هەوڵەکان سەریان گرت و بەئەنجام گەیشتن، کاتێك هاوپەیمانێتی بەعسی-ناسرییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمڕانی قاسم و گرتنەدەستی دەسەڵات سەرکەوتن[1] کاتژمێر (٠٩:٢٢) نۆو بیست و دوو خولەکی بەیانی ڕۆژی هەینی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتاچیان دەستیان بەسەر پەخشی ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا لە ئەبی غرێب داگرت[2] هەرزوو بەیانی ژمارە (١)یەکی کودەتاکە بەناوی (بەیانی ژمارە یەکی شۆڕش) خوێندرایەوە، تێیدا کۆتایی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم ڕاگەیەنرا و تێیدا هاتبوو:"**حکومەت کاردەکات بۆ واڵاکردنی ئازادییە دیموکراسیەکان و پاڵپشتی کردنی سەروەری یاسا و هێنانە کایەی یەکێتی نیشتمانی گەل بەو شێوەیەی کە پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد دەیخوازێت و دەستەبەری بەرژەوەندیە نیشتمانییەکەیان و خەباتی هاوبەشیان دژی ئیمپریالیزم بەهێز بکات و ڕێز لە مافی کەمینەکان بگرێت...**"[3].

وەك لە بەیاننامەکەدا بەدی دەکرێت، تەنها ئاماژەیەکی بێ ناوەڕۆك بە ناوهێنانی کورد کرا، بێ ئەوەی ئاماژە بە مافەکان و ناوەڕۆکی ئەو مافانە بکرێت کە پێشتر لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە دانوستانەکان لەسەری ڕێککەوتبوون.

دوای ئەوە ئەنجوومەنێك بەناوی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) دامەزرا، ئەو ڕۆژە بەیاننامە دوای بەیاننامە بەدەنگی بەرز و توند و گڕوتینەوە لە ڕادیۆ دەخوێنرایەوە[4]، تێیدا بە بەیانی ژمارە (٦) سنوور و فڕۆکەخانەکان داخران، بە بەیانی ژمارە (٨) لە کاتژمێر٣ی دوای نیوەڕۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆ دانیشتوان ڕاگەیەنرا[5]، ئەو ڕۆژە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هەشت بەیاننامە لە ئێستگەی بەغدا خوێنرایەوە[6].

شیاوی باسە ئەو ڕۆژە بارێکی نا ئاسایی باڵی بەسەر تەواوی عێراق دا کێشا، لە ناو شاری هەولێر خەڵك لە بازاڕ و گەڕەکەکاندا گردببوونەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوێیان لە هەواڵەکان گرتبوو، هەندێکیان چاوەڕوانی هەڵوێستی لایەنگرانی قاسم و پەرچەکرداری حیزبی شیوعی بوون[7] هەندێکی تر لە سەرەتا چاوەڕوانی موژدەی دەستەبەر بوونی مافەکانی گەلی کورد بوون و وای بۆدەچوون کۆتایی

---

[1] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٧٧.

[2] ئەو مێژووە بەرانبەر ١٤ی ڕەمەزانی ١٣٨٢ی کۆچی بوو بۆیە زۆر لە نێوەندە فەرمی و ڕۆژنامە حکومییەکان و لە نێو ئەدەبیاتی بەعسییەکاندا بە شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان و بوکی شۆڕشەکان ناوزەند کرا، هاوکات لە ناو هێزە نیشتمانی و دیموکراسیەکانیشدا بە کودەتای ٨ی شوباتی ڕەش ناوی هاتووە.

[3] الوقائع العراقية ع: ٧٧١، ١٩٦٣/٢/١٨؛ جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء السادس، ص٧.

[4] فاتح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[5] جعفر عباس حميدى، المصدر السابق، الجزء السادس، ص١٠-١١.

[6] شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٤٩.

[7] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٤، لە هەولێر.

**بەقەیرانەکە دێت و ئیتر تەناهی و ئاسایش و چارەسەری ئاشتیخوازانەی دۆزی ڕەوای کورد دێتە ئاراوە[(١)].**

**لەو بارەیەوە دەکرێت بڵێین هەڵوێستی شارەکە بە گشتی لەسەر ئاستی جەماوەری لە سەرەتادا جیاواز بوو، چونکە دانیشتوانی شار لە پێشوازی پێشهات و پەرەسەندنی نوێ دابوون، بەگشتی زۆرینەی خەڵك بە هاتنە دەسەڵاتی بەعس خۆشبین نەبوون، بەڵام ڕێکخستنەکانی پارتی و بەشێك لە جەماوەر ئومێدیان بە گۆڕانکاری ئەرێنی هەبوو، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەولێر پاڵپشت و هاوسۆزی شۆڕشی نەتەوەیی کورد بوون و هاوهەڵوێستی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەو پێیەی کۆتایی بە حکومەتی قاسم هات و جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی نوێ هەبوو، ئومێدی ئەوەیان دەکرد ڕەوشەکە ئارام ببێتەوە و دەرفەتێکی لەبار بۆ ئاشتەوایی ڕەخسابێت.**

**لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە تورکمانەکانی شاری هەولێر بەهاتنی بەعس خۆشبین و گەشبین بوون، ئەوانەی لە سەردەمی قاسم بەرژەوەندیەکانیان کەوتبووە مەترسیەوە، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوی تەموزی ١٩٥٩ی کەرکوك لە هەولێریش لەلایەن شیوعییەکانەوە هەوڵێك لە ئارادابوو بۆ لێدان و سەرکوتکردنیان، هەرچەندە نەگەیشتە ئاستی شەڕو پێکدادان، بەڵام زۆرێك لەوان ڕق و کینەیان بەرانبەر هەژموونی شیوعییەکان لە شەقام هەلگرتبوو، بۆیە لە دەرفەتێکدا چاوەڕوانی تۆڵەسەندنەوە بوون[(٢)].**

**دانیشتوانی شارەکە لە گەڕەك و بازاڕ و شەقامەکاندا گوێیان لە ڕادیۆ گرتبوو، لە چاوەڕوانی هەڵوێستی فەرمی سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا بوون، ئێوارەی ئەو ڕۆژە بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕ لەلایەن پارتی ڕاگەیەنرا[(٣)]، بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی بروسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی و ڕاگای خانەنشین(العمید المتقاعد) فوئاد عارف بۆ (ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕش) ناردبوویان و تێیدا هاتبوو: "شۆڕشەکەتان لەگەڵ شۆڕشی مەزنی گەلی کورد دژی ستەمکاری قاسم یەکیان گرتەوە...چاوەڕوانی هەنگاوی بەکردەوەین لە بزووتنەوەکەتان بەرەو چارەسەری مەسەلەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی، کە دەتوانێت بنەماکانی برایەتی تا هەتایی بچەسپێنێ"[(٤)].**

---

[(١)] دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

[(٢)] بۆ زانیاری لەمەڕ ڕەوشی تورکمانەکانی هەولێر لە ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩و کاردانەوەیساڵیادی یەکەمی شۆڕشەکە لە شارەکەدا، بڕوانە: شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٨-١٨٢.

[(٣)] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام؛ موحسین دزەیی لە ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

[(٤)] شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، دار سپیرێز للطباعة والنشر، ٢٠٠٦، ص٧٦.

**دیاره کودەتای توندوتیژی بەعسییەکان و هاوتاکردنی لەگەڵ شۆڕشی گەلی کورد کارێك بوو پەلەی تێدا کرا[1]، دیارە ڕای دروست بۆ پاراستنی سەرو ماڵی ئەندام و لایەنگرانی پارتی بووە لە ناو شاری بەغدا و شوێنەکانی تر، تا لە لێشاوی زەبر و زەنگ و تالآنکردنی بەعسییەکان بە دووربن.**

**پەرچەکرداری حیزبی شیوعی لە ڕۆژی کودەتاکە لە ناوشاری هەولێر بەهێز بوو، بە تایبەتی بانگەواز و بەیاننامەی (١)و(٢) ی فەرمی حیزبی شیوعی لە ڕۆژی کودەتاکە لە بەغدا دەرچوو[2] گەیشتە دەست ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر و دژی حیزبی بەعس بلاٚوکرایەوە و داوای چەك هەڵگرتن دژی کودەتاچیان کرا[3].**

**لە بەرانبەردا کودەتاچیان بەیانی ژمارە (١٣)یان دەرکرد و لە ئێزگە خوێنرایەوە، تێیدا هاتبوو"شیوعییەکان هاوبەشی تاوانەکانی عەبدولکەریم قاسم بوون بۆ تێکدانی ریزەکانی گەل و ملکەچ نەبوون بۆ فەرمان و ڕێنماییە فەرمییەکان، بۆیە فەرماندە سەربازییەکان و هێزەکانی پۆلیس و پاسەوانانی نەتەوەیی (الحرس القومی)[4] دەسکراوە دەبن و هەموو ئەوانەی ئاسایش تێك دەدەن قڕوبڕبکەن و داواش لە ڕۆڵە دلسۆزەکانی گەلەکەمان دەکەین هاوکاری دەسەلاٚت بن و هەواڵی ئەوانەمان پێبدەن بۆ ئەوەی سەرکوتیان بکەین"[5] .**

**لە ڕۆژانی یەکەمی کودەتاکە سەرانی بەعس بەپلە یەك سەرقاڵی لەناوبردنی نەیارانی خۆیان بوون، پێکدادان و شەڕی شەقامەکان لە نێوان یەکەکانی حەرەس قەومی و شیوعییەکان و پشتیوانانی قاسم بە شێوەیەکی توندوتیژ ڕوویاندا، ئەوەش وایکرد تەنها بیر لە مەسەلەی گێڕانەوەی ئاسایش و چەسپاندنی**

---

**[1] مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕەخنەیان لە ناردنی بروسکەکە هەبوو، چونکە پێیان وابوو هێشتا هەڵوێستی بەعس روون نیە، تەنانەت بارزانی ڕێبەری شۆڕش، فوئاد عارفی ئاگادارکردەوە کەوا نوێنەری شۆڕشی کورد نیە و بۆی نیە وتەبێژی شۆڕشی کورد بێت.دیدار لەگەڵ محەمەد مەلا قادر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام.**

**[2] بەیانی یەکەم کاتژمێر١٠ی ئەو ڕۆژە لەبەغدا دەرچوو، داوای چەك هەلگرتن و پێکهێنانی لیژنەکانی بەرگری و لێدانی پیلانگێڕان کرابوو، بەیاننامە و بانگەوازی دوەمیش کاتژمێر١٥:١١خولەك لەلایەن (سەلام عادل)ی سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی دەرچوو دووبارە داواکرابوو دەست بەسەر چەکەکانی پۆلیس و سەرباز بگیرێت و هێرش بکەنە سەر پیلانگێڕان.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٢٩٢-٢٩٤.**

**[3] دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد ڕێکەوتی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩، هەولێر.**

**[4] پاسەوانی نەتەوەیی(حرس القومي) لەسەر زمانی خەڵکی کوردستانیش هەر بە حەرەس قەومی ناسراوە، بۆیە ئێمەش بەهەمان ناو بەکاری دێنین، ڕێکخراوێکی چەکداری حیزبی بەعس بوو، لەرۆژی کودەتاکە لە بەرەبەیانی رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣بە پێی بەیانی (٣،٤) بە بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی شۆڕش) پێکهات، ڕۆڵێکی گەورەیان لە راوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجەدانی شیوعی و پارتیەکان هەبوو، بەدەستدرێژی و ئەتك کردنی دانیشتوانی شارەکان بەناوبانگ بوون، هەروەها دەستیان لەکاروباری کارگێڕی و سوپادا هەبوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی بەلگەنامەیی حکومەت لەدوای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣لە بەغدا دەرچوو بەناوی: المنحرفون من الحرس القومي في المد الشعوبي تحت اشعة ١٨تشرين الثاني ١٩٦٣، سلسلة منشورات عربية، ع: ١، بغداد، ١٩٦٤.**

**[5] الوقائع العراقية، ع: ٧٧١، ١٩٦٣/٢/١٨، ص٤.**

حوكمڕانی خۆیان بكەنەوە و دوای چەسپاندنی حوكمڕانیان، مەسەلەی گرنگی وەك مەسەلەی كورد فەرامۆش بكەن و وەكو پرسێكی تاكتیكی و لاوەكی هەژماری بكەن[1].

له ڕاستیدا ئەم بەیاننامەیە زەنگێكی مەترسیدار بوو ئاسایی بوو تا كارەساتێكی گەورەی لێبكەوێتەوە، چونكە بڕیاری قڕكردنی شیوعییەكان لە كاتێكدابوو، ئەوان جەماوەرێكی گەورەیان لە تەواوی عێراقدا لە نێو شەقامدا هەبوو، له شاری هەولێر ڕێكخستنەكانی حیزبی شیوعی تا ئاستێك كارابوون و تا ئەو ڕۆژە لایەنگری حكومەتی قاسم بوون و لە ڕێكخستن و چالاكییەكانیان بەردەوام بوون و نەچووبوونە بەرەی شۆڕشی كوردەوە .

لە بەیاننامە ئاراستە كراوەكەی حیزبی شیوعیدا، داخوازی كرابوو "بەزەییتان بە پیلانگێڕە ناپاك و بەكرێگیراوەكانی ئیمپریالیزم نەیەتەوە و تەفروتونایان بكەن" و شیوعییەكان داوا لە میللەت دەكەن "لە بنكەی پۆلیسخانەكان دەست بەسەر چەكەكاندا بگرن و هێرش بكەنە سەر كودەتاچیان و لەناویان بەرن"[2].

ڕێكخستنەكانی لیژنەی خۆجێیی هەولێری حیزبی شیوعی بە دەنگ بەیاننامەكەوە چوون و كەوتنە جموجۆڵ و هەڵوێست وەرگرتن و كۆبوونەوە و پلان دارشتن، لیژنەی ناوخۆی هەولێر بەسەرپەرشتی (عەبدولستار خزەیر)[3]ی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی (ئەو كاتە لە ڕواندز بۆ كاری ڕێكخستن گەڕابۆوە هەولێر) كۆبوونەوەی بەپەلەی بۆ باری نائاسایی ئەنجامدا، لە ماڵی تۆفیق ئەحمەد ناسراو بە (هەژار) كۆبوونەوە، ئەو كاتە پاڵێوراوی لیژنەی ناوەندی بوو، كۆبوونەوەكە بە ئامادەبوونی هەریەك لە نەجمەدین مامۆ هەریری (١٩٢٧-٢٠١٥)، عەبدولمەجید عەبدولڕەزاق مەحمود ناسراو بە (مام قادر١٩٣٢-٢٠١٢) بەرپرسی ڕێكخستنەكانی شاری هەولێری حیزبی شیوعی و فەتاح تۆفیق ناسراو بە (مەلا حەسەن) و جەبار تۆفیق ئەنجامدرا[4].

پاشان ڕاستەوخۆ لەو كۆبوونەوە خێرایەدا، ئەم بڕیارانەی خوارەوە درا و ئەم فەرمان و ڕێنماییانە بۆ ئۆرگانەكانی خوارووی حیزبی شیوعی لە گەڕەكەكانی شار نێردرا:

١- بە پەلە ڕێكخراوەكان ڕۆڵی خۆیان ببینن، هەموو جۆرە چەكێك بەرانبەر كودەتاچیان بەكاربهێنن و بەهەموو توانایەك دەست بەسەرچەكی بنكە و پۆلیسە ئێشكگرەكاندا بگرن.

---

[1] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٧٩.

[2] ادمون غريب، المصدر السابق، ص٦٧؛ حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٢٩٢-٢٩٤.

[3] ساڵی ١٩٣٠ لە عەمارەی باشووری عێراق دایك بووە، بەشداری خۆپیشاندانی وەثبەی كانوونی ١٩٤٨ و خۆپیشاندانەكانی ١٩٥٢ی كردووە، ساڵی ١٩٤٩ بووەتە ئەندامی لیژنەی قوتابیانی حیزبی شیوعی لە عمارە، لەدوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی لیژنەی هەرێمی لقی كوردستانی حیزبی شیوعی، ساڵی ١٩٦٤پاڵێوراوی ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، ساڵی ١٩٦٥لە بەغدا كاری كردووە، ساڵی ١٩٦٧لە كۆنفرانسی سێیەمی حیزبەكە بووەتە ئەندامی لیژنەی ناوەندی، ساڵی ١٩٦٩ لە موسڵ تیرۆر كراوە، بڕوانە: جريدة طريق الشعب، ع: ٥، اوائل تموز ١٩٦٩.

[4] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

٢- سەرکردایەتی جەماوەر بکەن و بە هەموو توانا خەڵك بڕژێننە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان لەشەقامە گشتیەکان بەردەوام بێت.

٣- پەیوەندی بە هەڤاڵان و جەماوەری پارتی بکەن و هەوڵی هاوکاری بەستن بدەن.

٤- بەربەستی قەدەغەکردنی هاتوچۆ بشکێنن و دوژمنایەتی ئاشکرای کودەتاچیان رابگەیەنن.

٥- پەیوەندی بە رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە ناو سەربازان بکەن و هەوڵ بدەن دەست بەسەر چەك و جبەخانەی هەولێر دابگرن[١].

ئەگەر بڕوانینە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە تێبینی دەکەین جۆرێك لە پەلەکاری و پەرتەوازەیی هەیە، تا ئاستێکی زۆریش هەوڵەکانیان واقیعبینانە نین، هەوڵدراوە رێکخراوەکانیان لە حالەتێکی تەنگەتاویدا جەماوەر برژێننە سەر شەقامەکان و زاڵدەستی خۆیان بنوێنن، لە کاتێکدا لە پایتەخت و ناوەندی دەسەلات کودەتا سەرکەوتوو بووە، هەروەها بەشێکی زۆری جەماوەری هەولێر لە چاوەڕوانی دابوو تا ئاستێك هیوای بە حکومەتی نوێ هەبوو، بەهۆی هەماهەنگی و رێککەوتنی پێشوەختە لەگەڵ پارتیدا، هەروەها دەردەکەوێت قەیران و گرفتی دابینکردنی چەك و تەقەمەنی هەبووە خۆیان بۆ ئەو پێشهاتە ئامادە نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەی لایەنگری حکومەتی قاسم بوون، بەلام لە هەوڵی جێبەجێکردنی بڕیارە حیزبیەکانیشیان نەوەستان و هەوڵ درا لە شاری هەولێر بە کردەوە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە جێبەجێبکەن.

دیارە یەکەم گەڕەکی گونجاو بۆ ئەنجام دانی فەرمایشتەکان سەیداوە[٢] بوو، ئەوەش بەهۆی بەهێزی پێگەی جەماوەری و رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لەو گەڕەکەدا بوو، هەروەها بوونی بنکەی پۆلیسی سەیداوە هۆکارێکی تربووە، بۆیە دوای کۆبوونەوەی دووەمی کۆمیتەی ناوخۆی هەولێر لەماڵی کەمال شەعبی لەگەڕەکی سەیداوە بڕیاردرا دەست بەسەر بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکە دابگرن[٣]، هەروەها بڕیاری لادانی تەحسین محەمەد خەلیل ناسراو بە(ابو دلشاد)ی بەرپرسی رێکخستنەکانی سەیداوە درا و دانانی نەجمەدین مامۆ لە شوێنی ئەودا، بەهۆی شارەزایی لە رووبەڕووبوونەوەی چەکداری و بواری سەربازی، فەرمانی کردەی گرتنی بنکەی پۆلیسی سەیداوە رادەستی مامۆ کرا[٤].

دوای کاتژمێر دوو و نیوی ئێوارە جەماوەر و رێکخستن و چەکدارەکانی حیزبی شیوعی لە گۆڕەپانی سەیداوە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان کرد و دروشم و هۆرای جەماوەر بەرزبۆوە، یەکێك لە شیوعییەکان دەیگوت: (بژی حیزبی شیوعی بژی عەبدولکەریم قاسم. جەماوەریش تێکڕا بە چەپلەرێزانەوە دەیانگوت: هەربژی)، ئنجا نەجمەدین مامۆ بەیاوەری سلێمان مورتکەیی وتارێکی پێشکەش کرد

---

[١] نەجمەدین مامۆ هەریری، بیرەوەریەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، چاپخانەی رۆژهەلات، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ل٢٣٠-٢٣١.

[٢] سەیداوە لەلایەن شیوعییەکانی هەولێر لەسەردەمی قاسمدا بە مۆسکۆی بچووك ناوزەند دەکرا بەهۆی بالأدەستی حیزبی شیوعی و زۆری جەماوەری حیزبەکە لەگەڕەکەکەدا. دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

[٣] مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ماوەی یەکەم حوکمڕانی بەعسدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ:٤٤، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤١٤.

[٤] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤لە هەولێر.

لەوتارەکەیدا ئاشکرای کرد ئێمە بەهەموو شێوەیەك دژی کودەتاچیانین و سەرکردایەتی حیزب فەرمانی کردووە دەست بەسەر بنکە و بارەگاکانی حکومەت و پۆلیس دابگرین، ئێستاش هاتووین بنکەی پۆلیسی سەیداوە بگرین و لە هەموو گەڕەکەکانی تریش دژی دەسەڵاتی نوێ ڕاپەڕین کراوە[١]، هەروەها گوتی:"ئەو کودەتایە فاشییە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی تاریکی، دەستی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ڕۆژئاوای لە دواوەیە، هەموو لایەکمان دەبێ دژی بوەستینەوە و هێزەکانمان یەکبخەین و لە ناویان ببەین"[٢].

لە کاتی وتارەکەدا خەڵکێکی زۆری ڕێکخستنەکان و چەکدارانی حیزبی شیوعی لە گەڕەکی سەیداوە و گەڕەکانی تر بە دەنگ بانگەوازەکە هاتن، ئەوانەی لە ناو ئاپۆرەکەدا دەبینران هەریەك لە: ڕەحمان جۆرا (جۆلا)، زاهیر هەمزە، ئیبراهیم عەبدی ناسراو بە (برایمەکۆر)، ماڵی تەها چایەچی و کوڕەکانی حەسەن و جەوهەر و حەیدەر[٣]، محەمەد میرخان، تۆفیق هەریری، ئەحمەد جۆرا، نادر کۆیی، واحد سلێمان ناسراو واحیدە شەل، مەلا ئەحمەد ناسراو بە (مەلا نەفتە)، کەریم کوردە، تاهیر عوسمان، سەدیق برایم شینە، حامید عەبدولا و حوسێن کەریم نانەوا و عەزیز ئەحمەد ڕەسول و چەندانی تر بوون[٤] جگە لە ڕێکخستنەکانی سەیداوە ژمارەیەك چەکدار لە گەڕەکەکانی تری هەولێر و گوندەکانی دەشتی هەولێرەوە هاتبوون و ئامادەببون، سەرەتا بڕیاردرا هێرش بکەنە ناو بنکەی پۆلیسی سەیداوە، کە تەنها پۆلیسەکان لەوێ بوون و عەریف دەروێش ئەفەندی بەرپرسی بنکەی ئێشکخانەکە لەوێ نەبوو، بۆیە پۆلیسەکان دەرگاکەیان داخست و گوتییان: تا بەرپرسەکەمان نێتەوە، بڕیار لە دەستی ئێمە نییە و دەرگاکە ناکەینەوە، دوای نیو کاتژمێر دەروێش ئەفەندی دێتەوە بنکەکە و ڕووبەڕووی جەماوەر و لایەنگرانی حیزبی شیوعی بووەوە و لەلایەن سلێمان مورتکەیی دەمانچەکەی لێسەنراو پاسەوانەکەی چەککرا، بەڵام گوتی:"من دژی کودەتام و لەگەڵ ئێوەم و لایەنگری حکومەتی قاسمم چەکەکەم بدەنەوە، تاکو بچمە بنکەو پۆلیسەکان ڕازی بکەم" ئیتر باوەڕیان پێکرد، توانی بچێتە بنکەکە و پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی کرد و پێیان ڕاگەیاند:"خۆت بەدەستەوە نەدەی هیچ شتێك لە هەولێر ڕووینەداوە و کاتیان بکوژە تا هێزتان بۆ ڕەوانە دەکەین و دەگەینە لاتان"، دوای ئەو ڕاوێژە، ناوبراو لە سەربانی بنکەکە بەدەنگی بەرز بە ئاپۆرەی جەماوەرەکەی گوت:"شیوعییەکان ڕاکەن و خۆتان ڕزگاربکەن ئێستا هێز دەگاتە سەرتان، تکاتان لێدەکەم خۆتان دەربازکەن"[٥].

دوای ئەوە ئامادەبووان لە چەند لایەکەوە هێرشیان برد. لەلایەن کەسێك بە ناوی کەریم کوردە هێڵی تەلەفۆنەکە پچڕێنرا، بەڵام دوای ئەوەی پەیوەندی بە هێزی پۆلیسی گشتی کرابوو. تەقە دەستی پێکرد

---

[١] ئەسعەد خدر قادر گۆمەتاڵی، دەستنوسێکە لای نوسەر پارێزراوە، ل٣.

[٢] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

[٣] ئەسعەد خدر قادر گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢-٣.

[٤] دیدار لەگەڵ هەریەك لە نەجمەدین مامۆ ٢٠١٢/١٢/٤؛ دیدار لەگەڵ عزیز ڕەسول ئەحمەد لە ٢٠١٢/٩/١٥. لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٧ لەدایك بووە، ساڵی ١٩٦٠بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعی، لە ١٩٦٣ بەشداری پێکدادانەکەی سەیداوە بووە و گیراوە، ساڵی ١٩٦٦ئازاد کراوە، ئێستا لە هەولێر دەژیت.

[٥] ئەسعەد خدر گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣-٤.

لەلایەن چەکدارانی شیوعی لە سەربانی خانووی چەند ماڵێکەوە بنکەکە گوللە باران کرا، لەو کاتەدا هێزی پۆلیس بۆ فریاکەوتنی بنکەکە گەیشتە شوێنەکە، رایانگەیاند رژێمی عەبدولکەریم قاسم کۆتایی پێهاتووە ئارامی بپارێزن، نەجمەدین مامۆ بەرپرسی جوولانەوەکە لەگەڵ جەماوەردا سوربوون لەسەر بەرگری کردن و گرتنی بنکەی پۆلیس و داخوازیەکانی حیزبی شیوعی، داوای لەپۆلیسە عەرەبەکان کرد دژی کودەتاچیان بوەستن و هاوکاری جەماوەربن، بەلاّم پۆلیسەکان تەقەیانکرد پاسەوانی تایبەتی مامۆ بەناوی ئەحمەد جۆلاّ لەو شەڕەدا دەستی بریندار بوو، پێکدادانەکە بە چڕی دەستی پێکرد، پۆلیسێکی عەرەب بەناوی (خلف...) کوژرا، لەگەڵ برینداربوونی کەسێك بە ناوی تەها کۆیی ناسراو بە (تەها پینەدۆز)و برینداربوونی پۆلیسێکی تر، بەلاّم هێزی پۆلیس و حکومەت توانی کۆتایی بە ڕەوشەکە بێنێت [١].

دوای چەند کاتژمێرێك هێزی پۆلیس و سەربازی هاتنە گەڕەکەکە و بەربوونە گیانی خەڵك و دڕندانە رەفتاری توندیان بەرانبەر خەڵکەکە نواند و شیوعییەکانیش رایان کرد و خۆیان دەرباز کرد [٢].

وەکو دیارە ئەو هەوڵە نەزۆکە بەرنامەییێکی تۆکمە و رێك و پێکی بۆ دانەڕێژرا بوو، بەڵکو زیاتر پەرچەکردارێکی خێرا و کاردانەوەییێکی هەڕەمەکی و تەنگەتاوی پێوە دیاربوو، لە لێدانی بنکەکەش بێ بەرنامە تەقەیان کرد و پشتیان دا.

دوابەدوای پاشەکشەکردنی چەکدارەکان و رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لەسەیداوە، چوونە گوندی مورتکەی گەورە لەوێ ژمارەیەك چەکدارانی دەشتی هەولێر پەیوەندیان بە پاشماوەی چەکدارەکان کرد، پلانێکی نوێیان داڕشت بۆ هێرش بردنە سەر بنکەی پۆلیس و ئاسایشی سەیداوە و پۆلیسی کارەبا و ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیس، بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە٧٠چەکدار ئەو شەوە هاتنە ناو سەیداوە و دابەش بوون، بەشێکیان لەماڵی مامۆستا ئیسماعیل حەمەدەمین دیبەگەیی بوون بۆئەوەی دەست بوەشێنن و پاشەکشە بکەن، ئەو شەوە هاتنەوە سەیداوە و تەقەیان لە بنکەی پۆلیس کردەوە [٣].

ئەو چالاکییە بووە هۆی پشێوی و ئاڵۆزیەکی زیاتر، چونکە حکومەت بەهێزێکی سەربازی گەورەوە هاتە گەڕەکەکە و پاڵپشت بە تانك و زرێپۆشەوە، هەر لە شەقامی سی مەتری لە گەڕەکی سێتاقان تا چوارڕیانی هۆڵی گەل، بە بڵندگۆ بانگیان دا و رایانگەیاند: کەس لەماڵی خۆی نێتە دەرەوە، وەکو پەرچەکردارێکیش رۆژی ٩ی شوبات بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تۆپبارانی گەڕەکی سەیداوەیان کرد و

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ل٣-٥؛ دیدار لەگەڵ هەریەك لە نەجمەدین مامۆ هەریری ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ عەلی محمود جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی گردمەلا لەدایك بووە لە ساڵی ١٩٥٣ وە لە سەیداوە نیشتەجێبوون، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لەدوای ساڵی١٩٧٠ کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ماستەر و دکتۆرای لە هەولێر زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی زمانەوانی خوێندوە، ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە کۆلیژی پەروەردەی بونیات زمانی ئینگلیزی.

[٢] رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، چ:٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ل١٥-١٦.

[٣] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ دیدار لەگەڵ عزیز رەسول ئەحمەد لە ٢٠١٢/٩/١٥ لە هەولێر.

خانووی هاوڵاتیان عەلی عەبدوڵا ناسراو بە عەلی شون هەڵگر و خانوی جەوهەر حەمەد عەلی بەرکەوت[1].

لە رۆژی ١٠ی شوباتیش خەڵکێکی زۆر گیران، دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ زۆربەی چین و توێژەکانی دانیشتوانی گەڕەکی سەیداوە بە تایبەتی گەنجان لە شێوەی نیمچە کۆڕەوێك، لە ترسی راوەدوونان و دەستگیرکردنماڵەکانیان جێهێشت بەرەو باداوە و کەسنەزان و بنەسلاوە رایانکرد، تا حکومەت دوای دوو رۆژ بە بڵندگۆ بانگەوازی گەڕانەوەی خەڵکەکەی کرد، ئینجا پەیتا پەیتا خەڵك گەڕایەوە گەڕەکی سەیداوە[2].

رۆژی کودەتاکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە لە ناو سەربازگەی هەولێر لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم و رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی خۆپیشاندانیان کردووە و هەوڵیان داوە دەست بەسەر چەك و جبەخانەدا بگرن، هەروەها پەیوەندی بە لیوای سەربازی باپشتیان کراوە هێزەکانیان رادەستی حیزبی شیوعی بکەن، هەرچەندە ئەم پلانانە سەرکەوتوو نەبوون بەگوتەی نەجمەدین مامۆ چونکە رێکخستنەکانی پارتی ئامادەنەبوون ئەم ئەرکە لەگەڵ حیزبی شیوعی ئەنجام بدەن و لە ژێرەوە رێککەوتنیان لەگەڵ بەعس هەبوو، بەڵام ئەو هەواڵانە کەمێك جۆش و خرۆش و ئومێدی بەجووڵانەوە جەماوەریەکە بەخشی بوو[3].

زراری سلێمان بەگ بەرپرسی رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە قەزای رواندز بوو، دەڵێت:"کۆبوونەوەیەکمان بە ئەندامانی مەکتەب کرد هەریەك لە (مامۆستا محەمەد عەلی، مامۆستا ئەحمەد شێخۆ، خەلیل سولتان مێرگەسۆری و زرار دەرگەڵەیی) لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارمان دا من قادر عەبدوڵا ی بەرپرسی حیزب لە سوپا ببینم و لە رێگای ئەوەوە پەیوەندی بە سوپاوە بکەین بۆ ئەوەی دەست بەسەر چەك و تەقەمەنی دابگرین، بەڵام ناوبراو رۆیشتبووە هەولێر و نەدۆزرایەوە، ... ئیتر لێپرسراوی ترم بینیەوە ناوی مەهدی بوو بە قسەکانی من زۆر شلەژا و گوتی دەبێ هەر ئێستا لێرە دەرکەویت و نەمێنێی، داوات لێدەکەم بێ دواکەوتن بڕۆی"[4].

لە نێوان ئەو دوو بۆ چوونەدا ئەگەر بەراوردێك بکەین دەبینین بۆ چوونی دووەم زیاتر پەسەندە، چونکە لە لایەك لەو باوەرەدا نین بەم گەرموگوڕییە و لەو ماوە کورتەدا کە کودەتاکەی تێدا روویدا هەموو ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە ناو سوپا ئاگاداری رێککەوتنێکی ژێربەژێر بووبن لەگەڵ بەعسدا و تخونی هاوکاریکردنێکی لەم شێوەیە نەکەون، هەرچەندە دواتر بروسکەی پشتگیریش خوێندرایەوە ئەوەش هەر نابێتە پاساو، چونکە مەرج نیە هەموو لایەك گوێبیستی رادیۆ بووبن، هاوکات ئەگەر دەنگۆی ئەوەش لە هەولێر بڵاوبێتەوە کەوا پارتی هاوکاری نەکردین بۆ دەستبەسەرداگرتنی

---

(١) دیدار لەگەڵ عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

(٢) ئەسعەد خدر گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩-١٠.

(٣) دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری٢٠١٢/١٢/٤.

(٤) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ل٣٢٢-٣٢٣.

سەربازگەی باپشتیان هەر لە سۆنگەی هەواڵی ڕێككەوتنەكەدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا كەسی دووەم نزیكترە لە ڕووداوەكە و خۆی لە ڕواندز بووە و بەرپرسی ڕێكخستنەكان بووە.

لە گەڕەكی تەیراوەش بە سەرپەرشتی عەبدولمەجید عەبدولڕەزاق (١٩٣٢-٢٠١١)ناسراو بە (مام قادر) خۆپیشاندان كرا و جموجۆڵ هەبوو، لە ناو شاری هەولێریش جەماوەر و هێزەكانی پۆلیس و سەرباز ڕووبەڕووی یەكتربوونەوە، هەروەها لە گەڕەكی خانەقاش هەوڵێك لە ئارادابوو، بەسەرپەرشتی فەرهاد برایمە فەندی دەست بەسەر ئێشكگرخانەكەدا بگیرێت، بە هاوكاری لەگەڵ تەحسین محەمەد خەلیل و ڕێكخستنەكاندا، هاوكات لە گەڕەكی تەعجیلیش بەفەرماندەی جەمیل قادر پشێوی سەریهەڵدا، بەڵام ئەوانە هیچیان سەریان نەگرت و نەگەیشتنە ئاستی شەڕو تەقە و پێكدادان، چونكە لەبنەڕەتدا هەوڵەكانی حیزبی شیوعی لە سەربازگەی هەولێر و دابینكردنی چەك و تەقەمەنی سەركەوتوو نەبوون و كارلەكار ترازابوو[١].

جگە لە گەڕەكانی ناو شارەكە، لە سنووری لیواكەشدا جۆرێك لە پەرچەكردار هەبوو، لە ناحیەی عەینكاوە ڕێكخستن و جەماوەری حیزبی شیوعی بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەك و بەرەنگاربوونەوەی كودەتاكە، پەلاماری بنكەی پۆلیسی عەینكاوەیان دا و چەند پۆلیسێكیان چەك كرد، شەڕو پێكدادان ڕوویدا، لەوكاتەدا سوپای حكومەت بە سەرپەرشتی سەرهەنگ (عقید)ێكی سەربازی لیوای چوار بە ناوی خلیل جاسم گەیشتنە ناحیەكە بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش، لە ئەنجامدا كۆمەڵێك گەنجی شارۆچكەكە دەستگیركران و كەوتنە پشكنینی ماڵەكان و گەڕان بەدوای چەكدا و لە ماوەی چەند كاتژمێرێك كۆتایی بە جووڵانەوەكە هات، لەوێش هەوڵەكەیان بێهوودە بوو[٢].

---

[١] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: كەریم ئەحمەد ڕۆژی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩ لە هەولێر؛ نەجمەدین مامۆ هەریری ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ تەحسین محەمەد خەلیل ناسراو بە (ابو دلشاد) ڕۆژی ٢٠١٤/٤/١٣ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٣ لە دیانە ( سۆران) لە دایك بووە.خوێندنی سەرەتایی لە سۆران و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی حیزبی شیوعی كردووە، بەرپرسی قوتابیان بووە، لە كودەتای ١٩٦٣ئەندامی لیژنەی شاری هەولێر بووە، چەند مانگێك دوای كودەتاكە لە هەولێر بە نهێنی ماوەتەوە و دواتر پەیوەندی بە شۆڕش كردووە و بووەتە بەرپرسی ڕواندزی حیزبی شیوعی، لەگەڵ حیزبی شیوعی بەردەوام بووە و نەپچڕاوە، ئێستاش ئەندامی لیژنەی چاودێری و مەكتەبە لە حیزبی شیوعی كوردستان لە هەولێردادەنیشێت.

[٢] دیدار لەگەڵ نجیب حنا عتو ناسراو بە (ابو جنان) لە ٢٠١٣/٩/٢٧ لە یانەی ڕۆشنبیری كلدانی لەعەینكاوە، ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ لە عەینكاوە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە عەینكاوە و ناوەندی لە كەركوك و دواناوەندی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٦١لە پێنجی ئامادەیی گیراوە، ئەندامی حیزبی شیوعی بووە، لە ١٩٦٣پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە كردووە، ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٤پەیمانگای زانستە كۆمەلایەتیەكانی لە مۆسكۆ خوێندووە، كادیرێكی ناسراوی حیزبی شیوعی بووە، ئێستا خانەنشینە و لە سوێد دەژیت؛ دیدار لەگەڵ دوو كەسایەتی تری مەسیحی لە ئێوارەی ٢٠١٣/٩/٢٧لە بنكەی ڕۆشنبیری كلدانی لە عەینكاوە، نەیانویست ناوەكانیان بنوسرێت، ئاماژەیان بەوەش كرد لە ٨ی ئازاری ١٩٦٣عەقید خەلیل هاتەوە عەینكاوە و بەتۆمەتی شیوعی بوون خەڵكێكی زۆری ئەشكەنجەدا.

جێگەی ئاماژەیە دوای مانگێگ لە ٨ی ئازاری ١٩٦٣ سەرهەنگ خەلیل جاسم بە فەرماندەی هێزێکەوە دووبارە دەستی بەتاڵان و ئەشکەنجەدانی خەڵکی ناحیەی عەینکاوە کرد[١] تەنانەت بە تۆمەتی شیوعی بوون هاوڵاتییەکی شارۆچکەی عەینکاوەیان بە ناوی ئیسحاق عیسا دوای لێدان و ئەشکەنجەدان کوشت[٢].

شیاوی باسە سەرهەنگی ناوبراو بە هێزەکەیەوە لەو ماوەیەدا لە گوندەکانی دەوروپشتی هەولێریش بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆشەوە خەڵکی بێتاوانی دارکاری دەکرد[٣].

بە گوێرەی دۆکیۆمێنتێکی فەرمی سەبارەت بەوانەی لە عەینکاوە دژایەتی کودەتایان کردووە، لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ بڕیاری سزادانیان دراوە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، تۆمەتبار کراون هەریەك لە: (یوسف بهنام شیشة، ئیلیا شمعون، عیسا یونس، مرقص بطرس، حنا یونس عیسا، جبار عزو، حبیب عزو مرقص، بویا سیو، حبیب اسحاق حنا، انیس هرمز، عودیش شابو، حبیب یوسف توما، شابو عودة شمعون، جورج هرمز، حنا یوسف الیشوع، سیدا هرمز سیدا، کورکیس بطرس، هرمز مرقص، حبیب کوکا حنا، حنا کوکا و فرنسیس یلدا فرنسیس، توما شعیا و بولص بطرس) بوون. لەپوختەی کێشەکەدا هاتووە:"**ئەو تاوانبارانەی ناویان هاتووە دژی شۆڕشی چواردەی رەمەزانی پیرۆز خۆپیشاندانیان کردووە، دەستیان بەسەر چەکەکانی هەندێك لە پۆلیسەکانی ناوخۆی گوندی عەینکاوە داگرتووە**"[٤].

لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە رۆڵی ئەرێنی پیاوە ئاینییەکان کراوە بۆ هێوربوونەوەی رەوشەکە و داوایان لە دانیشتوانی عەینکاوە کردووە، ئەوانەی چەکیان هەیە رادەستی سەربازان بکەن و لە بەرانبەردا گیانیان پارێزراو دەبێت[٥]، بەڵام لە چەند دیدارێکدا و هەروەها بە پێی بەڵگەنامەکە تێیدا ئاماژە بەو کەسانە کراوە کەوا شایەتییان لەسەر بەشداربووانی خۆپیشاندەران داوە و پاڵپشتی کودەتاکە بوون، لە نێویاندا پیاوێکی ئاینی بە ناوی بنیامین رۆفائیل ناوی هاتووە[٦].

ناوبراو لە یاداشتەکانی خۆیدا بەمشێوەیە باسی رووداوەکە دەکات و دەنوسێت:"**لە شارۆچکەی عەینکاوە بەداخەوە شیوعیەت تێیدا بەربڵاو بوو، بۆیە هەندێ لە گەنجان رێزی فەرمانەکانی حکومەتیان نەگرت بەشێکیان بەسەر پۆلیسەکانیان دادا، لەکاتێکدا ئەوان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێدەکرد بۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە کاتژمێر ١٠ی بەیانییەوە تا کاتێکی نادیار، کێشەکە بەمجۆرە لە عەینکاوە سەریهەڵدا و موتەسەریفی هەولێر بەدرەدین عەلی هەڵسا بە ناردنی هێزێکی زۆری پۆلیس**

---

[١] جریدة خەبات، ع: ٤٦٩، حزیران ١٩٦٣.

[٢] دیدار لەگەڵ دوو کەسایەتی مەسیحی لە ئێوارەی ٢٠١٣/٩/٢٧لە بنکەی رۆشنبیری کلدانی لە عەینکاوە، نەیانویست ناوەکانیان بنوسرێت.

[٣] سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[٤] قرار الحکم، صادر عن المجلس العرفي العسکري الرابع بتاریخ ١٩٦٣/١٢/١٨ المرقمة٦٣/٩٦٣، من وثائق الحزب الشیوعی الکردستانی-العراق.

[٥] بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ماوەی یەکەم...، ل٤١٥.

[٦] دیدار لەگەڵ دوو کەسایەتی مەسیحی هاوچەرخ و بەشدار لە رووداوەکە لە رۆژی٢٠١٣/٩/٢٧ لە بنکەی رۆشنبیری کلدانی لە عەینکاوە، نەیانویست ناوەکانیان بنوسرێت؛ بڕوانە پاشکۆ ژمارە(٥).

**و تانك بۆ گەمارۆدانی عەینکاوە و دەستگیرکردنی گەنجەکان، هێزەکە هاتە ناو عەینکاوە و دەستی کرد بە گەڕان و پشکنینی گەڕەکەکان و خانوەکان و زیاتر لە ٥٠٠ کەسیان بردە بنکەی پۆلیس و تا کاتژمێر ٩ی شەو بانگهێشتی بنکەکە کرام بە هاوکاری ئەفسەری قەزا و بەڕێوەبەری ناحیەکە بۆ چارەسەری کێشەکە، چەند جارێك پەیوەندیمان بە موتەسەریفی هەولێر کرد و کێشەکەمان چارەسەر کرد"**[1].

دەکرێت بەراوردێك لە نێو بەڵگەنامە فەرمییەکەی حکومەت و یاداشتی کەسایەتی ناوبراودا بکەین، هەرچەندە لە بەڵگەنامەکەدا وەکو شایەت بەسەر خۆپیشاندەران ناوی هاتووە، بەڵام دیارە گۆشە نیگا و دیدگای پیاوێکی ئاینی شارۆچکەکە زەحمەتە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمی یەکبگرێتەوە، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینییان ناکۆکە، بۆیە ئاساییە لە دیدگا و باوەڕی خۆیەوە لەو قۆناغەدا دژایەتی حیزبی شیوعی کردووە، یاخود لەوانەیە لە رژێمی پێشوو لەبەر هەر هۆکارێك بێت زەرەرمەند بووبێ، لەوانەشە هەوڵی ناوبراو لە پێناو پاراستنی گیانی خۆی و زۆرینەی دانیشتوانی ناحیەکە بووبێ، چونکە ناوبراو وەکو لە خوێندنەوەی یاداشتەکانی دەردەکەوێ جگە لە رۆڵی ئاینی کەسێکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیشی لە ناو دانیشتوانی مەسیحی عەینکاوە هەبووە و خزمەتی شارۆچکەکەی کردووە.

دوابەدوای ئەوە بڕیاری حوکم بۆ بەشداربووان دەرچووە، بڕیارەکە ماوەی حوکمی پازدە ساڵ بۆ هەردوو راکردوو بە ناوەکانی پۆلص بەترۆس و تۆما شعیا دەرکراوە، هەروەها یوسف بەهنام و ئیلیا شمعون، ماوەی پێنج ساڵ حوکمیان بۆ دەرچووە، تۆمەتبارانی تریش هەریەك لە: حنا یونس عیسا، انیس هرمز، حبیب یوسف توما، شابۆ عودە شمعون، حنا یوسف یشوع، سەیدە هرمز، گورگیس پەترۆس و حنا کوکا ماوەی دووساڵیان حوکمیان بۆ درا و هەندێکیشیان ساڵێك، دوو لەوانەش بڕیاری ئازادکردنیان دراوە[2].

هاوکات لە شارۆچکەی شەقڵاوەی سەر بە لیوای هەولێریش هەڵوێستی دژایەتیکردنی کودەتا لەلایەن جەماوەرەوە هەبووە، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی فەرمی دادگای عورفی چوارەمی سەربازی، بڕیاری سزادان دەرچووە، بۆ ئەوانەی تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ بەشداری خۆپیشاندانیان دژی کودەتای ٨ی شوبات کردووە، لەپوختەی کێشەکەدا هاتووە:**"ئەوانە خۆپیشاندانیان دژی شۆڕشی چواردەی رەمەزان کردووە، هێرشیان کردۆتە سەر سەربازگەی سوپای شەقڵاوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەك و ئەو تۆمەتبارانەش روخساری دیاری حیزبی شیوعین لە شەقڵاوە"**[3].

ئەوانەی سزادران و بەشداریان لەو خۆپیشاندان و پەلاماردانە کردبوو هەریەك لە: عەبدولرەحمان حەسەن سەلمان، محەمەدەمین مەلا ئەحمەد حاجی برایم، عەبدولاّ قادر دەروێش، بابکە قەشە حەنا

---

[1] روفائيل بنيامين يوسف، مذكرات الخوري روفائيل بنيامين يوسف ١٩٥٦-٢٠٠٦، عينكاوا، ٢٠٠٦، ص ص٤٥-٤٦.

[2] قرار الحكم، صادر عن المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ١٨/١٢/١٩٦٣المرقمة٦٣/٩٦٣، من وثائق الحزب الشيوعى الكردستاني-العراق.

[3] بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٦).

یوسف، عوسمان حاجی حەسەن سلێمان، جەمیل حوسێن سلێمان، محەمەد میرزا قادر، شەمعون تۆما حنا و شەمعون عۆدە صلێوە بوون[١].

ئەو بەشداربووانەش زۆربەیان بەرپرس و کادیر و ئەندامان و هەوادارانی حیزبی شیوعی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو خۆنیشاندەراندا لە هەموو شوێنەکاندا، لایەنگرانی پارتیش بە ڕێژەیەکی کەم هەبوون و پێیان وابوو ئاسۆی هاتنە سەردەسەڵاتی بەعس روون نیە[٢].

دەردەکەوێت جموجۆڵی حیزبی شیوعی لە لیوای هەولێر لەبەرانبەر کودەتاکە کاردانەوەی هەبوو، لە پاڵ هەوڵەکانی بەغدا و بەسرا[٣]دا، لە لیوای هەولێر ئەندام و لایەنگران و بەشێك لە جەماوەریش وەکو پەرچەکردارێك بەرانبەر کودەتاچیان وەستانەوە، بەڵام کاتی ئەوەیان نەبوو پلانێکی تۆکمە دابڕێژن، چونکە جووڵانەوەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو دەسەڵات ڕێککارییە پەلەکانی خۆی بەشێوەیەکی دڕندانەتر بەرانبەر شیوعییەکان لەتەواوی عێراقدا بەکارهێنا و زیان و شکستی زۆرتری پێگەیاندن، کودەتاچیان وریاییانە توانیان دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆداڕێژراو پیادە بکەن، دام و دەزگاکانی ئاسایش و سوپا و پۆلیس و کارگێڕی ناوخۆ، هاتنە نێوبازنەی دەسەڵاتی نوێ و هەموو شێوازێکیان بەکارهێنا و هەرزوو زاڵدەستی خۆیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتی ناوخۆ و شارەکان سەپاند و دەستیان نەپاراست، بەمجۆرە رۆژی ٨ی شوبات بەرگری شیوعییەکان و نەیارانی سیاسیی بەعس و لایەنگرانی قاسم نەگەیشتنە ئامانج و بێ ئەنجام مایەوە.

بەرپرسانی باڵای حیزبی شیوعی دەرکیان بەم راستییە کردبوو، کەریم ئەحمەد ئەو رۆژە لە کەرکوك هاتەوە هەولێر، لەگەڵ لیژنەی ناوخۆی هەولێر کۆبوونەوەی کرد و داوای لێکردن بۆئەوەی توشی زیانی زیاتر نەبن، پێویستە پاشەکشە بکەن و روو لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش گوندی (مورتکەی گەورە و قەرەچناغە و سابلاغۆك) وەك شوێنێك بۆ گردبوونەوەی پاشماوەی هێزی چەکداری و لایەنگر و ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی و خۆرێکخستنەوە دەستنیشانکرا[٤].

---

[١] قرار التجريم، صادر عن المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ١٩٦٣/١٢/٣المرقمة٩٦٣/٢، من وثائق الحزب الشيوعي الكردستاني- العراق..

[٢] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ عەلی جوکل.رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر؛ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود رۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٥٠ لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی دەربەند و دواتر قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە تا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، ماستەر و دکتۆرا لە ڕێگای ئینتەرنێت لەسەر کارگێڕی گشتی، پلە کارگێریەکانی بڕیوە لەفەرمانبەر بۆ بەڕێوەبەری گشتی و تا ئەندامی پەرلەمان، ئێستا سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە هەولێر دەژیت.

[٣] بۆ زانیاری لەبارەی پەرچەکرداری شیوعییەکان لە شاری بەغدا و بەسرە بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٢٩٠-٣٠٣.

[٤] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ کەریم ئەحمەد رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٥، لە هەولێر.

دیاره داخوازی جێهێشتنی شار و پاشەکشە پێکردنی هێزەکان بڕیارێکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو زادەی هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە بوو، چونکە لەلایەك هیچ ڕێگاچارەیەکیان لەبەردەم بەرگری کردن نەمابوو وەکو دەرکەوت لەکار ترازابوو، لەلایەکی تریش جموجۆڵی چەکداری بەرانبەر دەسەڵاتی نوێ، ئەنجامەکەی خۆبەهەدەردان بوو، هاوکات زیانی زیاتریان پێدەگەیشت.

ئیتر ئەم سێ گوندەی هەولێر بووە شوێنی کۆبوونەوەی پاشماوەی چەکداران و لایەنگرانی حیزبی شیوعی و ئەوانەی مەترسیان لەسەر بوو، ڕێکخراوەکانی ناو شاری هەولێر و عەینکاوە و دەشتی هەولێر خۆیان گەیاندە ناوچەکە، کەریم ئەحمەد لە گوندی مورتکەی گەورە کۆبوونەوەی پێکردن و جەختی لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی دژی کودەتاچیان کردەوە و هەڵوێستی حیزبی شیوعی دژی کودەتاچیان دوپاتکردەوە[1].

دوا هەوڵی بەرگری کردن و دەستوەشاندنی ڕێکخراوە چەکداریەکانی حیزبی شیوعی لە هەولێر شەوی ١١/١٠ ی شوبات بوو، کاتێك هێزێکی ٦٥چەکداری پێکهێنرا، لە شێوەی تیپی پارتیزانی بچووك هاتنە سەیداوە و چالاکییەکە دابەشکرا بۆ هەریەك لە: محەمەد میرخان بۆ لێدانی مەخفەری سەیداوە، نەجمەدین مامۆ بۆ بنکە پاسەوانەکانی ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا و تۆفیق ئەحمەد (هەژار) بۆ بنکەی پۆلیسی ئازادی دانران، کاتژمێر ١٠ی شەو تا ٣ونیوی بەیانی شەڕ و پەلامارەکان بەردەوامبوو، هێزێکی زۆری حکومەت بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش هاتنە گەڕەکەکانی روناکی و ئیسکان و سەیداوە و پاشەکشەیان بە چەکدارە شیوعییەکان کرد و گەڕانەوە گوندی مورتکەی گەورە کە بارەگا و مۆڵگەیان لەوێ دانابوو[2].

دوای ماوەیەك هێزێکی گەورەی حکومەت ئابلۆقەی گوندی مورتکەی گەورەیان دا، بۆ گرتن و لێدانی سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبی شیوعی، بەڵام هەوڵەکەیان بێهوودە بوو، چونکە پاشەکشەیان کرد بوو ناوچەکەیان چۆڵکردبوو[3].

کاریگەری ئەو زەبرەی دوای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەر حیزبی شیوعی کەوت ڕێکخستنەکانیان لە تەواوی عێراقدا لێکترازا، تەنها لیژنەی لقی کوردی نەبێ دووچاری زیانی گەورە نەهاتەوە، وەکو ڕێکخراوێکی یەدەگی لیژنەی ناوەندی حیزب دەستی بە کارەکانی کردەوە، کە پێکهاتبوو لە هەردوو کەسایەتی هەولێر عەزیز محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و سکرتێری لیژنەی لقەکە بوو، کەریم ئەحمەد داود، پاڵێوراوی مەکتەبی سیاسیی و ئەندامی لیژنەی لقەکە و سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی هەولێر و کەرکوك بوو، بەرپرسی لیژنەی ناوخۆی موسڵیش لە ژێر سەرپەرشتی لقی کوردی بوو[4].

---

[1] نەجمەدین مامۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥-٢٣٦؛ دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٥، لە هەولێر.

[2] نەجمەدین مامۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣-٢٣٤.

[3] حوسێن مەیاس تێکۆشەرێکی بەختیاری ڕێگای کۆمەڵانی خەڵك، گۆڤاری k21، ژ: ٩، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣٥.

[4] عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥ دراسة سياسية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢، ص ص٢٦٠-٢٦١.

لە پاڵ ئەوانەشدا کەسایەتییەکانی تری لیوای هەولێر هەبوون هەریەك لە: یوسف حەنا (١٩٢١-٢٠٠٩)، ئەحمەد مەحمود، تۆفیق ئەحمەد، فاتیح رەسول، عادل سەلیم (١٩٢٦-١٩٨٧) و ئەحمەد غەفور بوون ئەو سێیانەی دووایی لە کەرکوك گیرابوون کاتی کودەتاکە روویدا[١].

دوای ئەو نسکۆیە گەورەی بەسەر حیزبی شیوعیدا هات لە تەواوی عێراقدا، نووسینگەی رێکخراوی هەرێم (لقی کوردی) لە ژێر رۆشنایی سیاسەتی حیزب بۆ داهاتوو، لە پاشماوەی هێزەکانی کە هاتبوونە ناوچە رزگارکراوەکان چەندین بنکەی چەکداری کردەوە، لە شوێنی جیا جیای کوردستان و لەناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی شۆڕشی کورددا لە گوندەکانی (ئاوەگرد و دەرگەڵە و کلکەسماق) دا، هەروەها دووبارە رێکخستنەکانیان لە ناو هەولێر و شارەکانی تر بونیات نایەوە، چونکە رایەڵ و شیرازەی رێکخستنەکانی حیزب پچڕابوو، هەوڵیاندا هەماهەنگی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بکەن[٢].

دەکرێ بگوترێت شاری هەولێر بنکەی خۆگرتنەوە و مانەوەی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، حیزبی ناوبراو توانی دووبارە بە هۆی کادیرە ناسراوەکانی هەولێر، ببنە سەرچاوە و رایەڵەی رێکخستنەوەی ناو ماڵی حیزب و شارەکەش زەمینەی لە باری سەر بۆ رێکخستنەوەی پاشماوە پەرتەوازەبووەکەی حیزبی شیوعی رەخساند.

دیارە شیوعییەکان ئەوەی بەسەریان هات لەگەڵ هەموو ئەو پێشبینی و پێشهاتانەی بەرپرسانیان باسیان لێوەکردوووە، بەڵام بەهەند وەرنەگرتنی ئەگەرەکان و بێئاگایانە خۆیان بەخوانی لە دەستچووی قاسم گیرکردبوو، هەروەها بەهۆی هەڵنەسەنگاندنی بابەتی و وردی پێشهاتەکان باجی هەرە گەورەی رێکخراوەیی و مرۆیی و سیاسییان دا، هەزاران ئەندام و دەیان کادیری سەرکردەیان کوژرا و زیندانی کرا[٣]، پاشماوەکانیشیان پەنایان بردە بەر ئەو هێزەی لەگەڵیان ناکۆك و ناتەبا بوون[٤].

کادیرێکی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی سنووری لیوای هەولێر ئاماژە بەوەدەکات حیزب نەخشەیێکی نەکێشابوو، لە رێباز و ستراتیژیدا نەبوو لە کاتێکدا کودەتایەك رووبدات و رووبکەنە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان[٥].

جێگای ئاماژەیە بۆ ئەو هەماهەنگیە کۆدەنگیەك لە ناو هەڵوێستی پارتیدا نەبوو، بۆ پەنا و داڵدەدانی شیوعییەکان یان لێدان و دەستگیر و دەستبەسەرکردنیان، مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ١٣ی شوباتی ١٩٦٣بروسکەیەکیان بۆ بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە نارد، تێیدا هاتبوو:"**جگە لە پێشمەرگەکانی**

---

[١] عزیز سباهي، عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي، ج:٢، منشورات الثقافة الجدیدة، دمشق، ٢٠٠٣، ص ص٥٦٢-٥٦٣.

[٢] عبدالمجید عبدالرزاق(مام قادر)، مذكرات، مطبعة ازادي، اربیل، ٢٠١٢، ص ص١١٢-١١٣.

[٣] لەسەر کوژراو و ژمارەی قوربانیان و گیراوانی حیزبی شیوعی، ژمارەی جیاواز هەیە، یەکلایی نەبووتەوە، بۆیە ژمارەی هەزارانمان بەکارهێناوە، بۆچوونەکان لە ١٥٠٠تا ٢٠٠٠٠ باسکراوە.

[٤] بارزان مەلا خالید، چەند وێستگەیەك لەژیانی پێشمەرگەیەکدا،(یاداشتێکی چاپنەکراوە لای نوسەر پارێزراوە)، ل١٢٨.

[٥] فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

**(لەشکری شۆڕشگێری کوردستان) نابێت هیچ دەستە یان کەسێك چەك هەڵبگرێت وە یا بە چەکەوە بسوڕێتەوە بە بێ ئیزنی سەرکردەی پێشمەرگە"[١].**

**هاوکات لە شێوەی بەیاننامەیەك نامەیەکیان بۆ بارزانی ناردبوو لە خاڵی حەوتەمدا هاتبوو" لێدانی شیوعییەکان لەلایەن حکومەتەوە مەوقفی دەرەوە و ناوەوەی ئێمە بەهێزتر دەکات ئەگەر چی ئێمە لەو رەئیەش دانین کە هیچ هاوکاریەکی خەباتیان لەگەڵ بکەین بە پێچەوانەی ئەوە کەڵك لەو هەلە وەرگرتنمان لاپەسەندە بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی ریسوا و رووڕەشیان بکەین لەبەرچاوی میللەتەکەمان"[٢].**

**وەکو دیارە لەگەڵ ئەو رەوشە ترسناکەی حیزبی شیوعی دووچاری هاتبۆوە، مەکتەبی سیاسیی پارتی هەڵوێستێکی توندیان بەرانبەر نواندن، بە جۆرێك لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی لە سنووری ناوچەی گەرمیان و دەربەندیخان و سنووری لیوای سلێمانی هەڵەبجە و قەرەداغ بەتوندی کەوتنە پیادەکردنی رێنماییەکان و ئازاردان و چەککردن و دەستگیرکردن و تەنانەت دیاردەی کوژرانیشی لێکەوتەوە، چونکە رایان وابوو ئەوانە دژی شۆڕشی کوردن و لە کاتی شۆڕشی ئەیلولدا، چەکیان بۆ قاسم هەڵگرتبوو، هەروەها پارتیان بە ناو و ناتۆرەی بە کرێگیراو و نۆکەری ئیمپریالیزمیان ناوزەند کردبوو، بەلاّم لە سنووری ناوچەی بادینان و لیوای هەولێر رەوشەکە بە بەراورد لەگەڵ ئەوێ ئارامتر بوو[٣].**

**هەرچەندە لە سنووری لیوای هەولێریش هەندێ بارگرژی لێکەوتەوە، بەلاّم نەگەیشتە ئاستی ئەوەی قوربانی لێبکەوێتەوە، بە تایبەت لیژنەی ناوچەی شارۆچکەی کۆیە مەفرەزەیێکی پێشمەرگەی پارتی بۆ گوندی (داربەسەر) رەوانە کرد و ٢٣ ئەندام و کادیری حیزبی شیوعیان دەستگیرکرد، لە نێوانیاندا دوو کادیری هەولێری حیزبی شیوعی هەریەك لە: عەلی مەولود و حوسێن مەیاس بوون[٤]، بەلاّم دوای ئەوەی کەریم ئەحمەد و ئەحمەد مستەفا ئاغا حەوێزی (دڵزار) کە بەرپرسی حیزبی شیوعی بوو لە کۆیە سەردانی بارزانیان کرد، رووداوەکەیان بۆ باسکرد، زۆری نەبرد لە ماوەیێکی خێرادا بە فەرمانی بارزانی ئازاد کران[٥].**

---

**[١] شازین هێرش، بەڵگەنامە (پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٣)، ب/١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ل١٥٢-١٥٣.**

**[٢] هەمان سەرچاوە، ل ل١٥٢-١٥٣.**

**[٣] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: کەریم ئەحمەد رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٥ لە هەولێر؛ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام ؛ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤، لە هەولێر.**

**[٤] بۆ زانیاری پتر بڕوانە: خورشید شێرە، خەبات و خوێن-بیرەوەرییەکانی سالأنی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل١١-١١٣.**

**[٥] بۆ زانیاری پتر بڕوانە: حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین- مێژووی زارەکی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل ل٨٢-٨٣.**

له تەواوی ناوچەکانی تری لیوای هەولێر لە سەفین و دەرگەڵە و رواندز پێشوازیان لێکراو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکرا، بە پێچەوانەی سنووری ناوچەی گەرمیان و سلێمانی[١] ، لەو بارەیەوە موحسین دزەیی دەڵێت: **"ئەوانەی گەیشتنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی مەکتەبی سیاسیی، دووچاری راوەدوونان و دەستگیرکردن و بەندیخانە هاتنەوە، یەکێك لە هۆڵەکانی بەندیخانەی ماوەتم بینی بە شیوعییەکان تەنرابوو"**[٢] .

بە گشتی لە ناوچەکانی هەژموونی مەکتەبی سیاسیی پارتی رێگا بە شیوعییەکان نەدرا ئازاد بن و لە زۆر شوێن لەچەك داماڵران، ژمارەیەکیشیان لێکوشتن، چونکە پێیان وابوو شیوعییەکان دووژمنی شۆڕشی کورد بوون، بە پێچەوانەوە لەناوچەی قەڵەمڕەوی بارزانی شوێنی گردبوونەوە و بارەگایان بۆکرایەوە [٣] .

بارزانی پێی وابوو پێویستە ئەو هێزە ببێتە پاڵپشتی شۆڕشی کورد و سوودیان لێوەربگیرێ، هەروەکو لە بروسکەیەکی بارزانیدا دەردەکەوێت ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە، تێیدا هاتووە"**رێز لەو شیوعیانە بگرن بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دێن، بنکەو بارەگایان بۆبکەنەوە، پێداویستیەکانیان دابین بکەن و بەچاوی پێشمەرگە سەیریان بکەن"**[٤] .

جێگای ئاماژەیە بانگەوازەکەی رابەری شۆڕش بارزانی زیاتر لە ناوچەکانی بادینان و هەولێر و کۆیە و رانیە جێبەجێکرا[٥] ، کەچی لە ناوچەی سلێمانی و کەرکوکدا کە باڵی مەکتەبی سیاسیی[٦]پارتی زاڵ بوو، گوێیان بە بروسکە و بڕیارەکەی بارزانی نەدا، بۆیە لە گوشار و فشار و هێرشبردنە سەر ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی هەر بەردەوام بوون[٧] .

هەڵوێستی بارزانی لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی جیاوازبوو، زیاتر هەستکردن بوو بە بەرپرسیارێتی مێژوویی قۆناغەکە و واقیعبینانە تر بوو. وەکو لە دوایيشدا دەرکەوت هێزەکانی حیزبی شیوعی لە شۆڕشی کورددا بەشدارییان کرد و سوودیان لێ وەرگیرا.

بارزانی دەیزانی ئەو هەڵوێستە بەعسییەکان تورە دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا بڕوای بە دانوستانەکە نەبوو، بەڵگەی ئەوەش هەڤاڵانی خۆی ئاگادارکردبۆوە جەنگی بەعسییەکان شەڕێکە دەبێت بیکەین، چونکە هەمیشە نارەزاییان بەرانبەر داڵدەدانی شیوعییەکان دەردەبڕی و داوای رادەستکردنیان دەکرد[٨] .

---

[١] دیدار لەگەڵ تەحسین محەمەد خەلیل(ابو دلشاد) رۆژی ٢٠١٤/٤/١٣ لە هەولێر.

[٢] محسن دزەیی، المصدر السابق، ج: ٢، ص٦٤.

[٣] بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠١، ص ص٣٤٨-٣٤٩.

[٤] بۆ دەقی بروسکەکە بڕوانە: رەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

[٥] ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەریەکانم، سوێد_ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢١٦.

[٦] باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوکاتە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بەڕێوە دەبردرا.

[٧] ابو حكمت، مذكرات يوسف حنا يوسف، اربيل، د.ت، ص ٨٠.

[٨] مصدر نفسه، ص٨١.

بەمشێوەیە شیوعییەکان توانیان بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە ناوچە رزگارکراوەکانی باشووری کوردستان بەگشتی و لە سنووری لیوای هەولێر بە تایبەتی بکەنەوە و ببنە هاوسۆزی شۆڕشی کورد و بە گوێرەی توانا و هەلومەرجی تایبەتی خۆیان بەشداری لە شەڕەکانی دژ بە حکومەتی عێراقی بکەن لەو قۆناغەدا، هاوکات دەکرێت ئەو دوو هەڵوێستە جیایە بە سەرەتایەکی هەستپێکراوی جیاوازی بۆ چوونی باڵی مەکتەبی سیاسیی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمبەر پێشهات و پرسە سیاسییەکان هەژماربکەین، هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسیی کورد توانی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات.

## باسی دووەم: ڕەوشی دانوستانەکان و سیاسەتی حکومەت و کاربەدەستانی لە شاری هەولێر

دوای ئەوەی بەعسییەکان لە ڕۆژی یەکەمی کودەتاکە ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشیان پێکهێنا و ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا، بەیانی ژمارە (١٨)ی دەرکرد و یەکەم کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤-١٩٨٢) و بیست و یەك وەزیر پێکهات، دوو وەزیری کورد بەشداریان پێکرا ئەوانیش فوئاد عارف و بابە عەلی شێخ مەحمود بوون[١]، هەر ئەو ڕۆژەی حکومەت پێکهات لە ٩ی شوبات سەرۆك وەزیرانی پێشوو عەبدولکەریم قاسم لە وەزارەتی بەرگری دەستگیرکراو، دوای گواستنەوەی بۆ ئیزگەی بەغدا، پاش دادگایەکی پێنج خولەکی گوللە بارانکرا[٢].

لەگەڵ ئەوەی وەکو ئاماژەمان پێکرد کودەتاچیان گفتی بەشداری کردنی شەش وەزیری کورد درابوو لە پێشوودا، بەڵام تەنها دوو وەزیری کوردی تێدابوو، وەکو دەرکەوت لە ڕێککەوتنامە زارەکی و نەنوسراوەکەیان پاشگەزبووبنەوە.

دوای دوو چەند ڕۆژێك لە کودەتاکە کەریم قەرەنی هاتە لای بارزانی، لوقمانی مستەفا بارزانی(١٩٣٣-١٩٨٠) لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە تا ئەوکاتە لە گرتووخانەکانی عێراق زیندانی کرابوو[٣]، وەکو دیارییەك بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی بسەلمێنی، داوای لە بارزانی کرد شاندێك بۆ بەغدا بنێرێ بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی نوێ، هەرچەندە بیروڕای جیاواز هەبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشی نوێ، بەشێك لایان وابوو گرتنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێگەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەهێزتر دەکات، بەڵام بارزانی بە پەسەندی زانی چاوەڕوانی وەڵام و هەڵوێستەکانی حکومەت بکرێت[٤].

لەگەڵ ئەوەشدا پارتی لە ١٠ی شوباتدا لە بروسکەیەکی پیرۆزباییدا داوای لە حکومەت کرد دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بنێت و شاندی فەرمی بۆ گفتوگۆکردن بنێرن[٥]، لە ١٥ شوباتی ١٩٦٣دا بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەت هەڵوێستی یەکلایی بکاتەوە، پارتی بەیانێکی دەرکرد؛ جەختی کردەوە پێویستە حکومەتی نوێ وەڵامی داخوازیەکانی کورد بداتەوە، ئاماژەی بەوە کردبوو شەڕی کورد بەرانبەر قاسم و ڕژێمەکەی هۆکاری کەسایەتی تێدا نەبوو، بەڵکو لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بوو، هۆشداری ئەوەشی بۆ حکومەت تێدابوو پێویستە پەند لە ئەزموونی ڕژێمی قاسم وەربگرن و فەراهەمبوونی دیموکراسی لە عێراقدا پێویستییە[٦].

---

[١] جعفر عباس حمیدی، المصدر السابق، الجزء السادس، ص ص٢٢-٢٣.

[٢] ادمون غریب، المصدر السابق، ص٦٧.

[٣] ناوبراو لە گرتوخانەی ژمارە (١) ی سەربازگەی ڕەشید لە بەغدا بەندکرابوو، بڕوانە: شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص١١٣.

[٤] جلال طالباني، مذكرات، حاوره: غسان شربل، مجلة الوسط، ع٣٥٨، ١٩٩٨/١٢/٧، ص٢٩.

[٥] بۆ دەقی بروسکەکە بڕوانە: شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣-١٤٤.

[٦] بۆ دەقی بەیانامەکە بڕوانە: شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

هەر لە رۆژی ١٥ی شوباتدا هاوکات حکومەت بۆ هێور کردنەوەی رەوشەکە و رەواندنەوەی نیگەرانی لە کوردستان، حازم جەواد (وەزیری دەوڵەت و وتەبێژی فەرمی حکومەت) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کەوا حکومەت بە خەمخۆریەوە لە مەسەلەی چارەسەری "کێشەی برا کوردەکانمان"[١] دەکۆڵێتەوە، بە جۆرێك یەکێتی نیشتمانی گەلی عێراق و بەرژەوەندی هەر دوو گەلی برا مسۆگەر بکات، هەروەها جەختی کردەوە دۆزی کورد بە رێگای ئاشتی و گوێگرتن لە بیروڕای برا کوردەکانمان چارەسەر دەکرێت[٢].

لە ١٦ی شوباتدا حکومەت لە چوارچێوەی راگەیاندنی بەرنامەی خۆیدا، بەڵێنی دا پرسی کورد بە ئاشتیانە لە رێگای دانوستان چارەسەربکات[٣]، بۆ ئەو مەبەستە شاندی کوردی لە ١٨ی شوباتدا بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی لوقمان مستەفا بارزانی و ساڵح یوسفی بۆ گفتوگۆکردن و ئاخاوتنی فەرمی گەیشتنە بەغدا[٤].

جێگای باسە شاندەکە یاداشتانەمەیەکیان بۆ ئاشتەوایی ئامادەکردبوو، کۆمەڵێك خاڵی گرنگی تێدا تێچین کرابوو لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی، لە ناو یاداشتەکەدا سنووری ئۆتۆنۆمی کوردستان دیاریکرابوو کەوا پێکهاتبوو لە پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی، کەرکوك هەروەها سێ ناوچە کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردبوون لە لیوای موسڵ و لیوای دیالەی دەگرتەوە[٥].

جەلال تاڵەبانی لە بیرەوەریەکانی دەڵێت:"**لە شەودا سوپاسالار تاهیر یەحیا سەردانی کردین، لە بارەی داواکاریەکانمان پرسیاری لێکردم، منیش گوتم: ئێمە لەسەر هەمان رێککەوتنی پێشووین...دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری دان بە ئۆتۆنۆمی بنێن بۆ کورد، ئەویش گوتی: ئەمە باشە، رۆژی دواتر چاوم بە سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف و سەرۆك وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر و بەرپرسانی تر کەوت... بەعسییەکان گوتیان ئێمە لە رووی بنەماوە بە ئۆتۆنۆمی رازین، بەلام مۆڵەتمان بدەنێ کاتمان پێویستە، بەکر گوتی: ئێمە لە سەرۆك جەمال عەبدولناسر دەترسین ئەگەر ئۆتۆنۆمیتان بدەینێ رەنگە بڵێت ئێمە عێراق پارچە دەکەین...هەروەها پێشنیاریان بۆ کردین لە ٢٢ی شوبات لەگەڵیان سەفەر بکەین بۆ قاهیرە...**"[٦].

---

[١] ئەوەی تێبینی دەکرێت زاراوەی کێشەی کورد(المشكلة الكردية) لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی حیزبی بەعس و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەب هەمیشە بەکاردێت و لە نوسراوەکاندا بەدیدەکرێت، ئەوەش مۆرکێکی شۆڤینی پێوە دیارە. بە ئەنقەست خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی تر وە کو پرس یان دۆز یان مەسەلەی کورد بەدوور گرتووە.

[٢] جريدة الجماهير، ع: ٥، ١٧شباط١٩٦٣.

[٣] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٨٩؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن...، ص٢٣٠.

[٤] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٩٣.

[٥] شاكرو خدو محوي، المسالة الكوردية في العراق المعاصر، ت: عبدي حاجي، دار سپيرز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨، ص٢٥٦.

[٦] مەعد فەیاز، بە شێك لە بیرەوەریەکانی مام جەلال، و: سۆران عەلی، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠٠٩، ل ل١٧٩-١٨٠.

بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی جەژنی یەکێتی و زانینی هەڵوێستی سەرانی عەرەب بۆ داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٦٣ سەرۆکی شاندی کوردی جەلال تاڵەبانی گەشتەکەی کرد، بەلاَم بێ وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی، بڕیارەکەی دا[(١)].

لە راستیدا مەسەلەی کورد لای حکومەت لاوەکی بوو، مەرامی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی گەلی کوردیان نەبوو لە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیدا، بەڵکو سەرانی بەعس و سەرکردایەتی سیاسیی حکومەت هەوڵەکانیان بۆ سەرخستنی پرۆژە سێ قۆڵیەکەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر) و سوریا و عێراق بوو[(٢)]. واتە مەسەلەی یەکێتی عەرەبی خەمی گەورەی ناسرییەکان و بەعسییەکان بوو[(٣)].

دوای گەڕانەوەی شاندی کوردی بۆ بەغدا، خولێکی نوێی دانوستانەکان دەستی پێکردەوە، لە ١ی ئازاری ١٩٦٣ لە ژێر فشاری هەڕەشەی سەرکردایەتی کورد بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، حکومەت بەیاننامەیەکی بلاَوکردەوە تێیدا هاتبوو:**"لە سۆنگەی رێبازی شۆڕشە پیرۆزەکەمان و بیروباوەڕمان بە ئازادی، بۆ بەرزڕاگرتنی رایەڵەی برایەتی و نزیکی و دۆستایەتی نێوان گەلی عەرەب و کورد...شۆڕشە پیرۆزەکەمان جەخت دەکاتەوە، سورە لەسەر نەهێشتنی پاشماوەی حوکمی قاسمی کینەدار و گۆڕبەگۆڕ...مسۆگەر کردنی مافی برا کوردەکانمان"**[(٤)].

وەك لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا دیارە هیچ ئاماژەیێکی روونی بۆ تایبەتمەندی و ماف و ناسنامە نەتەوایەتییەکانی کوردی تێدا نەبوو، هەر بۆیە بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد رەتیان کردەوە، بارزانی جەختی لەسەر پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کردەوە[(٥)]، دەکرێ بڵێین ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کەوا چارەسەری پرسی کورد تەنها تاکتیك بووە، بۆ دامرکاندنەوە و هێشتنەوەی بارودۆخەکە بە هەڵپەسێردراوی تاکو دەرفەتیان ببێ، پرۆژە ستراتیژیەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە و دەسەلاَتیان بچەسپێنن.

لە ٥ی ئازاری١٩٦٣ یەکەمین شاندی فەرمی حکومەت بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا و ئەندامێتی بابە عەلی شێخ مەحمود و فوئاد عارف و هاوبەشی عەلی حەیدەر سلێمان[(٦)] کە یەکێك بوو لە کەسایەتییەکانی

---

(١) فؤاد عارف، مذکرات فؤاد عارف، دهوك، ١٩٩٩، ص٢٦٩؛ شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص٨٩؛ سەرۆکی شاندەکە جەلال تاڵەبانی توانی بچێتە قاهیرە و جەزائیر لەوێ هەریەك لە جەمال عەبدولناسر و ئەحمەد بن بێللای سەرۆکی جەزائیر ببینێت و بارودۆخ و داخوازی کوردان بخاتە روو، بەلاَم وەکو دواتر دەرکەوت کاریگەری ئەرێنی لە سەر رەوتی دانوستانەکان و رێککەوتن نەبوو، بەڵکو دوای گەڕانەوەی ئەنجامی نەبوو، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیدار و کۆبوونەوە و دانوستانەکانی تاڵەبانی بڕوانە: واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، بلاَوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ل ١٣٢-١٣٥.

(٢) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٩٣.

(٣) دیڤید ماکداوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٧.

(٤) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: جریدة المنار، ع: ٢٥٤٨، ١اذار١٩٦٣؛ جریدة الجماهیر،ع: ١٨، ٢اذار١٩٦٣؛ جریدة الثورة،ع: ٨، ٢اذار١٩٦٣.

(٥) سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٩٠.

(٦) عەلی حەیدەر سلێمان ناسراو بە سیلاحشۆڕ، لە ساڵی١٩٠٥ لە شارۆچکەی رواندزی سەر بە لیوای هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٠ بڕوانامەی لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت بە دەستهێناوە، چەندین پلە و پۆستی کارگێڕی لە عێراق

**لیوای هەولێر، گەیشتنە گوندی كانی مارانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە[١]، لەگەڵ بارزانی كۆبوونەوەیان ئەنجامدا، ڕەشنوسی پرۆژەی ولاَت (حكومەتی عێراق) بۆ چارەسەری دۆزی كورد، لەلایەن عەلی حەیدەر سلێمان خوێندرایەوە، بەڵام بارزانی پێی ڕازی نەبوو، گوتی: ئێمە پرۆژەی خۆمان هەیە و لە بنچینەدا داوای ئۆتۆنۆمیمان كردووە[٢].**

**پرۆژەی بارزانی و سەركردایەتی سیاسیی كورد؛ جەختی لە سەر دەستبەجێ دانان بە ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان و جێگیر كردنی مافەكانی كورد لە دەستور و دەستنیشانكردنی سنوور و دابینكردنی پشكی كوردستان لە داهاتی نەوت و چەند خاڵێكی تر كردەوە[٣].**

**دوای ئەوەی حكومەت داخوازیەكانی كوردی بە نەبان (مطالب تعجیزیة) هەژمار كرد، شاندێكی دیكەی میللی[٤] بە هاوبەشی زەید ئەحمەد عوسمان[٥]، یەكێك بوو لە كەسایەتیەكانی شاری هەولێر، بۆ دانوستان و سوككردنی داواكارییەكانی كوردی، هەروەها بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندی لەگەڵ حكومەت و**

---

وەرگرتووە، لە سەردەمی پادشایەتیدا چەند جارێك وەزیر بووە، لە ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٤ سێ جار بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بووە، لە سەردەمی كۆماریشدا چەندین پۆستی دیپلۆماسی هەبووە، جێی متمانەی دەسەڵات و شۆڕشی كورد بووە، باڵیۆزی عێراق بووە لە زۆر لە پایتەختی ولاَتانی ڕۆژئاوا وەكو واشنتۆن و ولاَتانی تر، ڕۆڵێكی زۆری لە دانوستانەكان بینیوە، ساڵی ١٩٩١ كۆچی دوایی كردووە، بۆ زانیاری دەربارەی ژیانی بڕوانە: میر البصری، اعلام الكرد، لندن، ١٩٩١،ص ص٢٤٢-٢٤٤.

(١) ناحیەی چوارقوڕنە سەر بە قەزای ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانیە.

(٢) منذر الموصلي، القضیة الكردیة في العراق(البعث ولاكراد) رؤیة عربیة للقضیة الكردیة في العراق، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠، ص١٤٣؛ فؤاد عارف، المصدر السابق، ص٢٥٧.

(٣) بۆ ناوەڕۆكی داخوازیەكان بڕوانە: دیڤید ماكداوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٨؛ دانا ادمز شمدت، المصدر السابق، ص ص٣٦٦-٣٦٧؛ واحید عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(٤) شاندەكە بە سەرۆكایەتی محمد ڕەزا شەبیبی سەرۆكی پارتی بەرەی میللی پێشو، پارێزەر فایەق سامەرایی جێگری سەرۆكی پارتی سەربەخۆیی هەڵوەشاوەی پێشوو، پاریزەر حسین جەمیل یەكێك بوو لە سەرانی پارتی نیشتمانی دیموكراتی هەڵوەشاوەی پێشوو، پارێزەر فەیسەل حەبیب خەیزەران یەكێك لە سەرانی پارتی بەعسی فەرمانڕەوا بوو لەگەڵ د.عەبدولعەزیز دوری سەرۆكی زانكۆی بەغدا، بڕوانە: امین سامی الغمراوی، المصدر السابق، ص٢٧٦.

(٥) زەید ئەحمەد عوسمان ساڵی ١٩٢٤ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر و بۆ تەواو كردنی خوێندن ڕووی كردۆتە قاهیرە تا لە كۆلیژی ماف لەزانكۆی مەلیك فوئاد بخوێنێ، دواتر گەڕاوە عێراق و كۆلیژی مافی لە بەغدا تەواو كرد، ئەندامی كۆمەڵەی داركەر و بەرپرسی حیزبی هیوا بووە لە میسر، ساڵی ١٩٤٦كتێبی (نضال الاكراد) ی بە ناویی خوازراوی (محمد شێرزاد) لە قاهیرە چاپ كردووە، ساڵی ١٩٥٨ وەكو نوێنەری هەولێر هەلبژێردراوە، هەرچەندە دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨بۆتە بەرهەڵستكار، بەڵام دوای كودەتای بەعسی یەكەم وەكو كەسایەتییێكی نیشتمانی لە زۆربەی دانوستانەكانی شۆڕشی كورد و حكومەت ڕۆڵی ئەرێنی گێڕاوە، هەرچەندە لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف لەگەڵ ژمارەیەك كەسایەتی كوردی ناسراو لە بەغدا دەگیرێت و بۆ كەربەلا دەگوازرێتەوە، بەڵام دوای مردنی عەبدولسەلام ئازاد دەكرێ، دوای كودەتای ساڵی ١٩٦٨لە ژێر فشار و هەڕەشەی بەعس و بیروباوەڕی خۆی چۆتە پاڵ شۆڕشی ئەیلول، لە١٧ی ئەیلولی١٩٧٨كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی خانەوادەكەی لە باداوە نێژراوە. دیدار لە گەڵ مەحمود ئەحمەد عوسمان، ڕۆژی ٢٠١٣/٢/٢ لە هەولێر.

بەرپاکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی[1] ڕەوانەی لای بارزانی کرد، شاندەکە لە ٧ی ئازاری ١٩٦٣ لە ناحیەی چوارقوڕنە کۆبوونەوە و گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی و گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لە:

١- دانانی بە مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی.

٢- لێبووردنی گشتی دەستبەجێ بۆ بەشداربووانی پرسی کورد و ئازادکردنی بەپەلەی گیراوە سیاسییەکان.

٣- پاککردنەوەی فەرمانبەرە تاوانبارەکان و خراپەکارەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت لەناوچە کوردیەکان.

٤- دەستبەجێی هەڵگرتنی ئابڵۆقەی ئابووری لە کوردستان و کشاندنەوەی یەکە سەربازیەکان لە کوردستان بۆ ئەوەی متمانە و دڵنیایی بگەڕێتەوە[2].

جێگەی ئاماژەیە لە ماوەی دانوستانەکاندا چەندین ڕاپۆرت لەلایەن ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاری هەولێر، دەربارەی خراپەکاری و سەرەڕۆییەکانی بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر بەرز دەکرایەوە بۆ بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی و سەرووی خۆیان ئاگادار دەکردەوە [3].

هەربۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی جەختکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەسەر خاڵی سێیەمی ڕێککەوتنەکە کە بریتییە لە لادان و پاککردنەوەی فەرمانبەر و بەرپرسانی دام و دەزگا کارگێڕیەکانی حکومەت لە ناوچە کوردیەکان زیاتر بۆ بوونی کەسانی وەکو پارێزگاری هەولێر بگەڕێنینەوە، کە ئولفەت و خوویان بە خراپەکاری گرتبوو.

حکومەت هەندێ لە داخوازیەکانی جێبەجێکرد وەکو: کشاندنەوەی هەندێ یەکەی سەربازی لە کوردستان ئەو ڕێککاریەش زیاتر پێویستی خۆی بوو، بۆ پتەوکردنی ڕەوشی ناوەخۆی بەغدای پایتەخت و باشووری عێراق، هەروەها کەمێك فشاری ئابووری لەسەر کوردستان سوککرد[4].

لە ٩ی ئازاری ١٩٦٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامەیەکی لە بەغدا دەرکرد بۆ چارەسەری دۆزی کورد، تێیدا هاتبوو:"**ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش مافە**

---

(١) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، ب:١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨، ل٤٠٠؛ امین سامی الغمراوی، المصدر السابق، ص ٢٧٦.

(٢) المصدر نفسه، ص ص٢٧٦-٢٧٧؛ ادمون غریب، المصدر السابق، ص٧١.

(٣) دیدار لەگەڵ هەریەك لە موحسین دزەیی لە ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر؛ تۆفیق مستەفا تاهیر ناسراو بە (تۆفیق شێخ مستەفا) لە ڕۆژی ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٦ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ ئەندامی لیژنەی قوتابیانی هەولێر بووە، ساڵی ١٩٦٥ بەرپرسی لیژنەی پیشەیی کاسبکاران بووە، ساڵی ١٩٦٧ ئەندامی لیژنەی ناوچەی ناو شاری هەولێر بووە بە نهێنی لە قەڵات و گەڕەکی تەیراوە کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٨ شاری جێهێشتووە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شۆڕش کردووە، هەمان ساڵ پەیمانگای کادیرانی تەواو کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە نزیك شارۆچکەی بەحرکەی سەربە پارێزگای هەولێر دەژیت.

(٤) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطی الکوردستانی و حرکة التحرر القومي الکوردیة في العراق، مطبعة رون، السلیمانیة، ٢٠٠٤، ص ١٥٨.

نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە سەر بنەمای ناناوەندێتی (اللامركزية) دەچەسپێنێت، ئەو بنەمایەش دەچێتە دەستوری کاتی و هەمیشەیی لە کاتی داڕشتنەوەیدا لیژنەیەکی تایبەت پێکدێت"[١].

گەلی کورد بە گشتی دڵخۆش بوو وەکو بنەما دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی بنرێ، دانیشتوانی هەولێریش بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی پێشهاتەکاندا بوون، بەلام مشتومڕ لەسەر ناوەڕۆکی پڕۆژەکە هەبوو لەسەر ئەوەی ئاخۆ ڕاگەیەنراوەکەی حکومەت بە بەراورد لەگەڵ داخوازیە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد یەکدەگرێتەوە؛ کە خۆی لە چوارچێوەی دەستەبەربوونی مافی ئۆتۆنۆمیدا دەبینیەوە، بەتایبەتیش حکومەت لەسەر بنەمای ناناوەندێتی کارگێڕی پرۆژەکەی خستبووە ڕوو[٢]، بەیاننامەکە لە هەفتەنامەیەکی شارەوانی هەولێریش بلاوکرایەوە[٣].

واتە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی هەولێر بەگشتی لە ڕێگای ئەو بلاوکراوەیە بە وردی ئاگاداری ڕەوشی دانوستانەکان بوون.

شایەنی ئاماژەیە حیزبی شیوعی عێراقی نیگەرانی خۆیان نیشاندا بەرانبەر بەیاننامەکە و سەرکۆنەیان کرد، کەوا ئەو نا ناوەندێتیەی حکومەت بانگهێشتەی بۆ دەکات و جێبەجێی دەکات چارەسەری دۆزی کورد ناکات، لە شاری هەولێر بلاوکراوەی ناڕەزاییان دەرکرد، بۆ ئەوەی جەماوەر لە نیازە خراپەکانی بەعس وشیار بێتەوە[٤]، لە شاری دهۆکیش بە هەمان شێوە حیزبی شیوعی بلاو کراوەی دەرکرد و ئاماژەی بەوە کردبوو، کەوا باوەڕ بە بەیاننامەکە نەکەن و تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە[٥].

دوای سەرکەوتنی حیزبی بەعس و هاتنە سەردەسەلاتیان لە سوریا لە ٨ی ئازاری ١٩٦٣بە هۆی کودەتایەکی سەربازی[٦]، هەڵوێستی بەعسییەکانی عێراق گۆڕانکاری بەسەرهات بەرانبەر مەسەلەی کورد، کاردانەوەی خراپ و نەرێنی لێکەوتەوە لەسەر ڕەوتی دانوستەکانی شۆڕشی کورد، کاربەدەستانی ڕژێمی نوێ زیاتر لە خۆبایی بوون و مامەڵەی توندوتیژیان بەرانبەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بەکارهێنا[٧].

کاتێك ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٥ی ئازار١٩٦٣ لە بەیاننامەیەکدا جەختی کردەوە، ڕژێم سورە لەسەر ئەوەی هەموو کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان دەرك بکەن و بزانن بەشێکی جیانەبووەوەن لە کیانی تاکە گەلێك دا، کە ڕۆڵی کاریگەری لە بوونیاتنانی نیشتماندا هەیە، هەروەها

---

(١) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: جريدة الحرية، ع: ١٧٠٥، ١٠اذار١٩٦٣؛ جريدة الايام،ع: ٢٦٧، ١١اذار١٩٦٣.

(٢) دیدار لەگەڵ هەریەك لە موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ تۆفیق شێخ مستەفا ڕۆژی ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٣) نشرة اربيل، ع:٧٠، ١٦اذار ١٩٦٣؛ بڕوانە پاشکۆ ژمارە(٧).

(٤) دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

(٥) شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص ٩٧.

(٦) بۆ وردەکاری سەبارەت بە کودەتاکەی بەعس لە ٨ی ئازاری ١٩٦٣ لە سوریا و ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی عێراق بڕوانە: اسماعيل محمد حصاف، سياسة الحكومات السورية تجاه المسألة الكوردية في سوريا ١٩٥٨-١٩٧٥(فى ضوء تطور الأحداث في جنوب كوردستان)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ: ٢٥، هەولێر، ٢٠١٣، ص ص٤٥٣-٤٥٦؛ خالد محمد حسين، سوريا المعاصرة١٩٦٣ -١٩٩٣، دمشق، ١٩٩٤، ص ص٤٦-٥٧.

(٧) سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٩٣؛ محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٢٣.

ئاماژەی کرد پارێزگاری لە یەکێتی نیشتمان و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەکەین و دژی تێکدەران و ململانێی تایەفی و توندڕەوی ئاینی دەوەستنەوە، لەوەش خراپتر ئەو بەیان و ڕێبازنامەیە (المنهاج) تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی کورد و وڵاتی کوردستانی لە بەرچاو نەگرتبوو، بەڵکو بە بەشێك لە میللەتی عەرەبی دانابوو، چونکە تێیدا هاتبوو:"**خاکی عێراق بەشێکی جیانەکراوەیە لە خاکی نیشتمانی عەرەبی یەکگرتوو، گەلی عێراقیش بەشێکە لە گەلی عەرەبی یەکگرتوو**"[1].

لەلایەکی دیکەوە پڕۆژەی کارگێڕی ناناوەندێتی خستە ڕوو، بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات، ئەویش دابەشکردنی کارگێڕی نوێ بوو، کەوا عێراقی بۆ شەش ویلایەت دابەشکردبوو ئەوانیش: "موسڵ، کەرکوك، سلێمانی، بەغدا، حیلە و بەسرا"واتە هەموو پلانی حکومەت گۆڕینەوەی چارەسەری دۆزی کورد بوو بە چاکسازی کارگێڕی لە هەموو عێراقدا![2].

وەك لە دابەشکردنە کارگێڕیەکەدا دەردەکەوێت هەولێر وەکو ویلایەتێك مامەڵەی بۆ نەکرابوو، بەڵکو تەنها وەکو بەشێك سەر بە لیوای سلێمانی خرابۆوە نێو نەخشە کارگێڕیەکەوە.

دەکرێت بڵێین ڕێگاکان بە ڕووی هەماهەنگی و دانوستانەکاندا دادەخران، سەرکردایەتی سیاسیی کورد، لەگەڵ هەموو هەنگاوە نەرێنیەکانی حکومەت و نارەزایەتیەکان و تێبینیەکانی خۆیدا، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی گفتۆگان و ڕێکخستنەوەی ماڵی خۆی و هێنانەکایەی کۆدەنگی کوردان.

دوای ئەوەی هەڵوێست و نیازی حکومەت و سیاسەتی درێژەدادڕی و کاتکوشتن و پاشگەزبوونەوە بە ڕوونی دیاربوو، پارتی بنەمای ناناوەندێتی کارگێڕی رەتکردەوە و بە ڕێنوێنی سەرۆکی پارتی داوا لە لقەکانی پارتی کرا، بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان سەبارەت بە ناناوەندێتی سیاسیی بخەنە ڕوو[3].

بارزانی بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەیەکی بەربلاوی نوێنەرایەتی کوردانی خستەڕوو، نوێنەرانی دەستنیشانکرد بۆ ناوچەکانی کوردستان و بانگهێشتەکردنیان بۆ بەشداری و بیروڕاگۆڕینەوە[4]بۆ ئەو مەبەستە بارزانی لە ١٤ئازاری ١٩٦٣ گەیشتە کۆیە و سەرجەم چین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکە لە پێشوازیدا وەستابوون، پاشان لە دیوەخانی کاکە زیاد محمد ئاغای غەفوری (١٩١٤-١٩٩١) نیشتەجێبوو[5].

پاش ئەوەی بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بۆ وەرگرتنی بیروڕای هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و چین و توێژەکانی کوردستان و بەردەوام بوونی ئاشتەوایی، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی میللی لە

---

(١) بڕوانە: جريدة الحرية، ع: ١٧١١، ١٧ اذار١٩٦٣.

(٢) م.س.لازاريف واخرون، المصدر السابق، ص ص٢٨٦-٢٨٧.

(٣) بڕوانە هەڵوێستی پارتی لە بەیاننامەکەدا لە :عبدالفتاح علی یحیی، وثائق عن...، ص ص ٢٣٠-٢٣٤.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

(٥) فرهاد عونی، ذاكرة الايام، تقديم: عبدالفتاح علي بوتاني، اربيل، ٢٠٠١، ص٢٣.

شاری کۆیە درا، ڕۆژانی ١٨تا٢٢ی ئازاری خایاند، زیاتر لە ٥٠٠ کەسایەتی لەهەموو کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئاین بیروڕای سیاسییان بەشداری کۆنگرەکە بوون[1].

هەر لە ٧ی ئازار تا ١٧ی ئازار شاند و کەسایەتی و دەمڕاست و نوێنەرانی هۆز و تایەفەکان و ڕۆشنبیران و نوێنەرانی لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندە سەربازیەکان بەدەنگ بانگەوازەکەی بارزانی و مەکتەبی سیاسییەوە هاتنە شارەکە، خەڵکی شارەکە لەپێشوازیان وەستابوون[2]، دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە وماڵەکان بۆ میوانداری دەرگایان خستبووە سەر پشت، هەر ماڵێك لەو شارە میوانی تێدابوو[3].

کاتژمێر١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٨ی ئازاری١٩٦٣ کارەکانی کۆنگرە لە قوتابخانەی کۆیسنجاقی سەرەتایی دەستیپێکرد، بە بەشداری زۆر لە پیاو ماقوڵ و کەسایەتی ڕۆشنبیر و شاندی تایەفە و نەتەوە جیاکان لە نیویاندا : شێخ تەحسین سعید بەگی ئێزیدی و شێخ جەلال بەگی برای، کامەران موکری، ئەحمەد تۆفیق_سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ڕۆژی دووەمیش شاندی تورکمان ئامادە بوون، کە هەریەك لە : ئیبراهیم بەگ نەفتچی، حوسێن ئاوچی، مەجید حەسەن و فازل سالحی بوون، لەو دانیشتنەدا جەخت لەسەر هەماهەنگی و برایەتی کورد و تورکمان و یەکریزی نێوانیان کرایەوە [4].

سەبارەت بە نوێنەر و بەشداربووانی شاری هەولێر لە کۆنگرەکەدا پێکهاتبوو لە هەریەك لە: ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، موحسین حەمەدەمین دزەیی، ئەحمەد شەریف، ساڵح شێرە، ئازاد تۆفیق ناسراو بە (ئازاد بەنزینخانە) بە پەرۆشەوە بەشدار و پاڵپشتی کۆنگرەکە و پرۆژە و ڕاسپاردەکانی بوون، (فارس باوە)[5]ش وەکو بەرپرسی هێزی پێشمەرگە بەشداربوو[1].

---

(١) المصدر نفسه، ص٢٧؛ شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص٩٨، چەندین سەرچاوە هەن ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ٢٠٠٠ کەس بەشداری ئەم کۆنگرە یاخود کۆبوونەوەیان کردووە بۆنموونە بڕوانە: مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨؛ خلیل جندي، حرکة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبي١٩٣٩-١٩٦٨"اراء ومعالجات"، ستوكهولم، ١٩٩٤، ص١٤٠، لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەم ژمارەیە هاتوون بۆ کۆیە بەڵام هەموویان بەشداریان نەکردووە، چونکە ئەو هۆڵەی کۆنگرەکەی تێدا سازکرا جێگەی ئەو ژمارە زۆرەی تێدا نەدەبۆوە، بڕوانە:فرهاد عونی، المصدر السابق، ص٢٧.

(٢) المصدر نفسه، ص٢٣.

(٣) بڕوانە: رائد خدر عەبدوڵلاّ دەباغ، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن-کوردستانی عێراق، ب:٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥٠.

(٤) بڕوانە: فرهاد عونی، المصدر السابق، ص ص٢٥-٢٧: دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی١٩٤٢ لە شارۆچکەی دوبز لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەمەخمور و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولیر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پاشان پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کردووە، دوای فەرمانی گرتنی لە بەغدا ساڵی١٩٦١ نەیتوانی کۆلیژی یاسا تەواو بکات لە بەغدا گەڕایەوە هەولێر، لەساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤ بەرپرسی ناوچەی هەولێر بووە، دوای لەتبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە هەولێر نیشتەجێ بووە، لەزانکۆی سەلاحەدین بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، لەزانکۆی سلێمانی بڕوانامەی ماستەری هێناوە، لە زانکۆی کۆیەش بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان بوار بەدەست هێناوە و ئێستا پەرلەمانتاری خانەنشینە لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە سلێمانی دەژیت.

(٥) فارس حەمەد باوە، ساڵی ١٩٣٣ لە دەشتی هەولێر دایك بووە، بەهۆی نزیکی لە ڕێکخستنەکانی پارتی ساڵی ١٩٥٧ لە بەندیخانەی کەرکوك گیراوە، لەوێ لەسەر دەستی گۆرانی شاعیر و عەبدولاّ ئیسماعیل فێری خوێندەواری بووە، دوای ئازادکردنی و دوای شۆڕشی

**کۆنگرە گەیشتە ئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆ پێکهێنانی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان، کەوا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و کاروباری ناوخۆ و فێربوون و تەندروستی و کشتوکاڵ و کاروباری دێهاتەکان و شارەوانیەکان و کاروباری کۆمەڵایەتی بگرێتە خۆ، هەروەها جوڵە سەربازیەکانی عێراقی بۆ ناوچەکانی کوردستان دەبێت ڕەزامەندی ئیدارەی کوردی وەربگیرێت، هەروەها داوای پشکی داهاتەکانی نەوت و پیادەکردنی یەکسانی و دادوەری لە نێوان عەرەب و کورد بۆ دامەزراندنی فەرمی، هەروەها پێویستە لیوای کەرکوك و قەزا و ناحیەکانی تری کوردی موسڵ و دیالە بەناوچەی کوردستان بلکێنرێ، هەروەها بە فەرمی دەبێت دان بە شوناسی سەربەخۆی کوردی دابنرێت لە کاتی بەستنەوەی (اندماج)ی عێراق بە هەر وڵاتێکی عەرەبی؛ جگە لەوانەش داوای جێگرێکی کورد بۆ سەرکۆمار و جێگریك بۆ سوپاسالار کرابوو[٢].**

**جێگای باسە شاندی پارتی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی هەریەك لە: سالح یوسفی، عەبدولحوسەین فەیلی، حاتەم ئاکرەیی، حەبیب محەمەد کەریم[٣]، عەگید سدیق، بابەکر پشدەری، شێخ حوسێن خانەقا، ڕەشید عارف، محەمەد سەعید خەفاف، شەوکەت ئاکرەیی، مستەفا عەزیز، شاخەوان نامیق، سەمەد محەمەد و مەسعود محەمەد پێکهاتبوون و لە ٣٠ ئازاری ١٩٦٣ گەیشتە بەغدا[٤].**

**دوای چوار کۆبوونەوە و دانیشتن و دانوستان لەگەل شاندی فەرمی حکومەت[٥] کە تێیدا جگە لە جەلال تاڵەبانی لە دانیشتنەکاندا مەسعود محەمەدیش ڕۆڵی دیاری بینی[٦]حکومەت تەواوی پرۆژە پێشنیارکراوەکەی کوردی ڕەتکردەوە، لای وابوو داخوازیەکان نەبانن و  هیچ حکومەتێکی نیشتمانی ئەو**

---

**١٤ی تەموز لە  ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە پارتی کردووە، ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی دارەخورما پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتی ساڵی ١٩٦٤ بووەتە سەرلقی پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٥کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی دەشتی هەولێری سەربە هێزی سەفین، ساڵی ١٩٦٨کراوەتە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر، لە شەڕەکانی دژ بەحکومەتی عێراقی لە شۆڕشی ئەیلول ڕۆڵی بەرچاو و دیاری گێڕاوە، لە١٩٩٥/٣/٢١کۆچی دوایی کردووە.**

**(١) دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف ڕۆژی١/١٠/٢٠١٢ لە هەولێر ؛ موحسین دزەیی لە ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.**

**(٢) بۆ پتر زانیاری لە بارەی ناوەرۆکی پرۆژەکە بڕوانە: جریدە الشعب، ع:٤٧، ١١ حزیران ١٩٦٣.**

**(٣) ساڵی ١٩٣١ لە شارۆچکەی زڕباتیە لە دایك بووە، پاشان لە بەغدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و کۆلیژی یاسای تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، لە کاتی لێکترازانی پارتی لە ١٩٦٤ ڕۆڵی میانگیری گێڕاوە، لە کۆنگرەی شەشەم بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا، لە دوای نسکۆی ٦ی ئازاری ١٩٧٥، دوای ئەوە ماوەیەك لە لەندەن و ماوەیەك لە قاهیرە نوێنەری مەکتەبی پەیوەندی پارتی بوو، حکومەتی بەعس بەڵێنی وەزیری پێدا و لێخۆشبوونی بۆ دەرکرد و گەڕایەوە بەغدا و کرایە بەڕێوەبەری پارێزگای ناسرییە، لە دوای ڕاپەڕین سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات بوو، ساڵی ١٩٩٣ لە پارتی وەرگیرایەوە کرایە سەرۆکی دەستەی باڵای چاودێری، لە ٢٠١٣/٧/٣١ لە بەیروت گیانی سپارد. بڕوانە: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ل١٠٣-١٠٨.**

**(٤) صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة في کردستان العراق_قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر، بیروت، ٢٠٠١، ص ١٠٩؛ فرهاد عونی، المصدر السابق، ص٢٧.**

**(٥) شاندی حکومەت پێکهاتبوو لە صالح مەهدی عەماش(وەزیری بەرگری)، حازم جەواد( بریکاری وەزارەتی ناوخۆ)، ناجی تاڵب (وەزیری پیشەسازی)، عەلی حەیدەر سلێمان لەگەڵ ئەندامانی شاندە میللیەکەی پێشو.بڕوانە: فۆاد عارف، المصدر السابق، ص٢٦٨.**

**(٦) بۆ ناوەڕۆکی گفتوگۆکان و ڕۆڵی شاندی دانوستکارانی کورد بڕوانە: مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣١٢-٣١٩؛**

داخوازیانە وەرناگرێت و ئەوانە ئارەزووی جیاخوازانەن، هەر بۆیە دانوستانەکان گەیشتنە بنبەست، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەر مەسەلەی کەرکوك پێك هەلپژان و حکومەت هەرگیز ئامادە نەبوو باسی بکرێ[1].

له سەرەتای نیسانی ١٩٦٣ گفتوگۆکان بۆ هێنانە ئارای یەکێتی عەرەب دەستیپێکرد، شاندی کوردی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣ بیرخەرەوەییێکی پێشکەشی گفتوگۆکاران کرد سەبارەت بە داخوازی کوردان لە کاتی سەرگرتنی پرۆژەکە، بەڵام لە ئەنجامەکە نائومێدبوو[2].

دوابەدوای ئەوە دەستکرا بە گفتوگۆی سێ سەرەی: عێراق، سوریا و میسر بۆ هێنانە ئارای یەکێتی عەرەب لە نێوانیاندا، هەرچەندە لە ١٧ای نیسانی ١٩٦٣بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد، بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی راپرسی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە سێ هەرێمی میسر و عێراق و سوریا پێك بینن[3]، بەڵام نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێك و ناکۆکی نێوان بەعسی و ناسرییەکان و بێ متمانەیی نێوانیان پرۆژەکەی لەباربرد[4].

جێگای ئاماژەیە لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ حکومەت پرۆژەی سیستەمی ناناوەندێتی لە عێراقدا راگەیاند، کە بە هیچ شێوەیەك داخوازی کوردی (ئۆتۆنۆمی) تێدا نەبوو[5]، بەڵکو عێراق بۆ شەش پارێزگا دابەشکرا بوو، کوردستان کەوتە ناو پارێزگای سلێمانی کە هەریەك لە لیوای سلێمانی و هەولێر و قەزای چەمچەماڵی سەر بە لیوای کەرکوك لەگەڵ قەزاکانی زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و ئاکرێ و زێباری دەگرتەوە، بەمشێوەیە ناوچەیەکی فراوانی کوردی بەدەرەوەی کوردستان لکێنرا، هەروەها زمانی عەرەبی و کوردی بە دوو زمانی فەرمی پارێزگای سلێمانی هەژمارکرا، دەسەڵاتی بە کردەوەش بەدەستی حکومەتی ناوەندی مایەوە، چونکە مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و رەتکردنەوەی پێشنیارەکان و دامەزرانی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی هێشتەوە[6].

لەمبارەوە شاندی کوردی نەیانتوانی هیچ پێشکەوتنێك لە پرسی چارەسەری چاوەڕوانکراودا بهێننە دی و شارەکانی کوردستانیش تێکڕا دەرکیان بە نیازی حکومەتی بەعس کردبوو، هەموو هەوڵەکان بەرەو ئاقاری شکستهێنان دەچوون.

---

(١) فاضل البراك، مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة،بغداد، ١٩٨٩، ص١٧٧؛ مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

(٣) شاكرو خدو محوى، المصدر السابق، ص٢٦٢.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

(٥) Исмаил Мохамед Хассаq , курдский вопрос в международных отношениях после Второй Мировой Войны, неопубликованные докторскую диссертацию на русском языке,Москва, 1985,p123.

اسماعيل محمد حصاف، المسألة الكردية في العلاقات الدولية في مرحلة ما بعد الحرب العالمية الثانية، اطروحة دكتوراه غير منشورة باللغة الروسية، موسكو، ١٩٨٥، ص١٢٣.

(٦) شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص١٠٤؛ بۆ دەقی پرۆژەکە بڕوانە : محمود درة، القضيية الكردية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦، ص ص٣٢٥-٣٣٤.

سەرەڕای ئەوانەش بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە پەرۆشەوە هەوڵەکانیان خستبووە گەڕ، بۆ دانوستان و بە دەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام حکومەت لەو ماوەیەدا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بەردەوام بوو لە سیاسەتی خۆسەپاندن و بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەك بەرانبەر نەیارانی و لەلایەکی تریشەوە بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی بەردەوام بوو بۆ کڕین و دەستەمۆکردن و نزیککردنەوەی سەرۆك هۆزەکان لە حکومەت[١].

[١] دیدار لەگەڵ هەر یەك لە: تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر؛ ئەحمەد شەریف رۆژی٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر؛ عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

**باسی سێیەم: سیاسەتی حکومەت لەماوەی دانوستانی حکومەت و شۆڕشی کورد.**

له هەفتەکانی بەرایی دوای کودەتاکە، هەر لە مانگی شوباتەوە کاربەدەستانی شاری هەولێر بەئامانجی دەستەمۆ کردن و ڕاکێشانی سەرۆك هۆزەکانی ناوەوەی شار و تەواوی لیوای هەولێر کۆبوونەوەیەکیان لە میوانخانەی سەلاحەدین لە هاوینە هەواری پیرمام ڕێکخست، ئەوانەی ئامادەبوون بەشێکیان چەکداری حکومەت بوون، لەسەر فەرمانی بارزانی هەریەك لە ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و موحسین دزەیی، بۆ کۆبوونەوەکە ڕەوانەکران، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد بەڵکو لەدەرەوەی کۆبوونەوە قسەیان لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزێکی لیواکە کرد، بۆ ئەوەی سەرنج و سۆزی سەرۆك هۆزەکان بەلای شۆڕشی کورد ڕابکێشن و لە کاتی بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکان پابەندی و دڵسۆزیان مسۆگەر بکەن، لە هەوڵەکەدا توانرا بەڵێن لە کۆمەڵێك سەرۆك هۆز وەربگرن بەڵام ئەوانەی بەڵێنەکانیان بردە سەر هەریەك لە فەتاح ئاغای هەرکی (١٩٠٣-١٩٦٩) و ئەسعەدی کوڕی (سەرۆك هۆزی هەرکی) عوسمان قادر میران (سەرۆك هۆزی خۆشناو) بوون[١].

دیارە ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات حکومەت لە ڕێی بەرپرسانی کارگێڕی و ناوخۆوە سیاسەتی خۆی بە شێنەیی پیادەکردووە، چونکە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە دانوستانەکان نەبووە، بەڵکو لە هەوڵی کڕین و پەرتکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی بووە، کە دواجار کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی سیاسیی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی هەبووە و هەمیشە لەخەمی دروستکردنی هەژموونێك بوون لە ناو دانیشتوانی لیواکەدا، بۆئەوەی وەکو هێزێکی ناوخۆ لەناوخۆدا دژایەتی یەکتریان پێبکەن.

ئەو سەرۆك هۆزانەی کە بە فەرمی لەلای حکومەت ناسرابوون و بە پاڵپشت و هاوسۆزی خۆی هەژماری کردبوون هەندێ لە سەرۆك هۆزەکانی لیوای هەولێر بوون کەوا هۆزەکانی: دزەیی، سیان، شێخ بزێنی، سورچی، خۆشناو، هەرکی، زراری، برادۆست، مەلاشەڕەفی، مامەسێنی، ڕۆژبەیانی، بندیان، هورمزیار، مام خولە، سارمەمی و مام زێندینی دەگرتەوە[٢].

دیارە بە هۆی هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت لەڕێگای بەخشینی پارە و چەك لە ڕێگای پارێزگاری هەولێر زۆرێك لەوانە بۆ حکومەت سوودمەند بوون، بەڵام جێگای ئاماژەیە هەندێ لەو سەرۆك هۆزانە لە ژێرەوە هاوکاری شۆڕش بوون، هاوکات زۆربەی ئاغاکانی ناو شاری هەولێر کە بەشێکی زۆریان لە دەوروبەری شارەکە خاوەنی چەند گوندێك بوون، لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی بەدرەدین عەلی پارێزگار نەبوونە داردەستی حکومەت و لەسەر هەڵوێستی بێلایەنی و نەتەوایەتییان سووربوون[٣].

---

(١) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٢) الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال، من منشورات دار الجمهورية للطباعة والنشر، ١٩٦٥، ص٩٦؛ بۆ زانیاری دەربارەی ناوی ئەو هۆز و سەرۆك هۆزانەی سەر بە حکومەتی عێراقی بوون لە لیوای هەولێر. بڕوانە پاشکۆ ژمارە(٨).

(٣) دیدار لەگەڵ ئەرسەن موسا ڕەشید ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٥ لە هەولێر، ساڵی ١٩٥٥ لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەولێر لە دایك بووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی ئەدنبەرە، دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان بووە و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، لە هەولێر دەژیت.

هەروەها بەشێك لەو سەرۆك هۆزانە لەگەڵ ئەوەی چەكیان بۆ حكومەت هەڵگرتبوو، بەڵام لە ژێرەوە پەیوەندیان بە شۆڕشی كوردەوە هەبوو، یاخود جوامێرانە بە هانای لێقەوماوان و ڕێكخستنەكان دەچوون و خراپەكاریان نەدەكرد، لەوانە ماڵی فەتاح ئاغای هەركی بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول هاوكاری پێشمەرگەكانی ناو شاریان دەكرد و لەكاتی چالاكیەكاندا ژێرزەمینی خانووەكەیان ببووە شوێنی حەشاردانی پێشمەرگە و بریندار و كۆبوونەوەی شانە نهێنییەكانی پارتی لە هەولێر[1].

لە ڕاستیدا حكومەت موچەیەكی زۆری بۆ چەكدارە بەكرێگیراوە كوردەكانی خۆی خەرجدەكرد و موچەیەكی زۆریان هەبوو، شەڕ سەرچاوەیەكی دارایی باشی بۆ دەستەبەر دەكردن، بۆیە ئەوان هەمیشە نانی شەڕیان دەخوارد[2].

لەلایەكی ترەوە لەو ماوەیەدا حەرەس قەومییەكان وەكو تەواوی شار و شارۆچكەكانی عێراق كەوتبوونە وێزەی خەڵكی بێتاوان و هاوڵاتیانی شارەكە، تەنانەت دەسەڵاتێكی ڕەهایان پێدرابوو، میلیشیاكانی حەرەس قەومی شاری هەولێر لە كۆمەڵە كەسانێك پێكهاتبوون ئەوانیش:

یەكەم: ئەو عەرەبانە بوون كە قسە و كرداریان جێبەجێ دەكراو دەستڕۆیشتوو بوون، ڕۆڵیان لە دامودەزگا حكومییەكانی ناوخۆی شاری هەولێر هەبوو، زۆربەیان لەلایەن بەعسەوە هەناردە كرابوون وهەندێكیشیان گامێشەوانی عەرەب بوون لە هەولێر لە ڕۆخ بەستی منارە و سەیداوە جێگیرببوون.

دووەم: نەیارانی شیوعی وپارتی بوون، بە هاتنە سەركاری حیزبی بەعس دڵخۆش بوون، یان ئەو عەرەب و كوردانەی كاربەدەستانی هەولێر لە سەروویان بەدرەدین عەلی متمانەیان پێدەكردن، ئەوانیش هەردەم ڕێنمایی و فەرمانەكانی جۆری یەكەمیان جێبەجێدەكرد و لەئازاردانی خەڵك دەستپارێزی و سڵیان نەدەكردەوە[3].

سێیەم: ئەو كەسانە بوون پایە و ڕێزوشوێنیان لە ناوخەڵك وەك پێویست نەبوو و دوور بوون لەرۆشنبیری و دابونەریتی خەڵكی شار و كەسانی زیاتر مشەخۆر و لە بەها كۆمەڵایەتییەكان داماڵراو بوون[4].

---

(1) لە بەشی چوارەمدا زیاتر ئاماژەی پێدەكەین، دیدار لەگەڵ هەریەك لە خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر؛ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(2) علي كريم سعيد، عراق ٨شباط ١٩٦٣من حوار مفاهيم إلى حوار دم – مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، دار الكنوز العربية، بيروت، ١٩٩٩، ص ص٢٦٥-٢٦٦؛ مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(3) دیدار لەگەڵ عەبدولهادی عەبدولڕەحمان سلێمان ناسراو بە (عەبدولهادی قەساب)، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە یەكێتی قوتابیانی كوردستان كردووە، ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧١ جێگری سەرۆكی لقی نەینەوای یەكێتییەكە بووە، بەشی بیركاری لە كۆلیژی زانستی لە زانكۆی موسڵ ساڵی ١٩٧١ تەواو كردووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

(4) دیدار لەگەڵ عەبدولهادی عەبدولڕەحمان سلێمان ناسراو بە (عەبدولهادی قەساب)، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر؛ عەلی جوكل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

چوارەم: بەشێك لە خانەوادە تورکمانەکانی هەولێر بوون ئەوانەی لە سەردەمی حوکمڕانی پێشوو ڕۆڵیان نەمابوو، لەلایەن جەماوەری حیزبی شیوعییەوە بە چاوێکی نزم سەیر کرابوون، هەندێ جاریش سەرکوتکرابوون، ئەوانیش وەکو پەرچەکردارێك ببوونە حەرەس قەومی و داردەستی بەرپرسە بەعسییەکان و تاوان و خراپەکاریان ئەنجام دەدا[1].

بە گشتی ڕێژەی پەیوەندی کردنی خەڵکی هەولێر لە ئاستێکی نزمدا بوو، ئەوەی هەبوو زیاتر وەکو ئەندامێکی ئاسایی نێو هێزەکە بوو، ئاماژەیەك نیە هیچ کوردێکی شارەکە پلەو پایەی لێپرسراوێتی حەرەس قەومی لەشاری هەولێر هەبووبێ، بەرپرسانی باڵای شارەکە بە پلە یەك عەرەب بوون و هەریەك لە ئەحمەد سومەییە، شەهاب گامێشەوان (جماس) و عەبدوڵلا گامێشەوان[2]و عەدنان عەبدولرەجمان حەمەد تکریتی بوون[3]لە دیارترین تورکمانەکانی شاری هەولێریش لە دوای ئەوانە پلەی لێپرسراویان هەبوو لە هێزەکەدا، هەریەك لە: محەمەد عەبدولەتیف چەخماخچی و هەمزە عوسمان یونس (١٩٣٠-١٩٩٠)و یاسین قەساب بوون[4].

هاوکات لە گەرمەی دانوستانەکان لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٦٣ حەرەس قەومییەکان لە ناو شاری هەولێر جموجۆڵەکانیان دەستی پێکرد و بنکەو بارەگای فەرمیان کردەوە، لە دەشتی هەولێر و دەوروبەریشی شێخ و سەرۆك هۆزە عەرەبەکان ببوونە بەعسی و چوونە ریزەکانی حەرەس قەومی و دەستیان بە خراپەکاری کردبوو[5].

لەو ماوەیەدا بە فەرمانی حکومەت و بە هۆی دەستکراوەیی ئەو  هێزانە هەڵمەتێکی توندوتیژی سەرکوتکاری و ئازاردان و دەستگیرکردنی هاوڵاتیان دەستی پێکرد، کە لە پێشوودا هاوتای نەبوو، تەنانەت لە شارەکەدا گرتووخانەکان لە بەندکراوەکان تەژی ببوون و ژمارەی گیراوان هێندە زۆر بوو حکومەت

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی جوکل ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر؛ مومتاز حەیدەری ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر، ساڵی ١٩٣٨ لە هەولێر لە دایك بووە، لە تەمەنێکی بچووك خەریکی خوێندنەوە بووە، لە سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٦٠ەوە لە پۆلی دووی ناوەندییەوە وەکو پەیامنێری ئازادی کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن حیزبی شوعیەوە، لە ١٩٦٣ لە بڵاوکردنەوەی انصات کاری کردووە، لە ئاوەگرد لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان کاری کردووە، تا ١٩٦٦ لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب) کاری کردووە، لە ١٩٦٦ خولی ڕۆژنامەگەری نهێنی لە مۆسکۆ خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاری کردووە، تا ئێستا لە بواری ڕۆژنامەوانیدا بەردەوامە و لە هەولێر دەژیت.

(٢) دیدار لەگەڵ  رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە (مام رەشاد) ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤١لە هەولێر لەدایك بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی لە هەولێر خوێندووە، لە هەڵمەتی حەرەس قەومی لە ١٩٦٣ دەستگیرکراوە، لە شەستەکانەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی هەبووە، بەڵام سەرقاڵی کاری بازرگانی بووە، لە ١٩٨٤-٢٠٠١بۆ ماوە شازدەساڵ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە، تا ٢٠٠٦ جێگری یەکەمی ژووری بازرگانی بووە، لە سەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی بووە لە خولی دووەم، ئێستا خانە نشینە و لە هەولێر دەژیت.

(٣) ناوبراو لە دۆکیۆمێنتێکی فەرمیدا، دوای هەڵوەشانەوەی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٤ فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بڕوانە پاشکۆ ژمارە(٩).

(٤) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ماوەی یەکەم ...، ل٤١٨.

(٥) مەدحەت بێخەو، دەفتەری بیرەوەری (بەشی دوازدە)، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژ: ٤١٨، ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل٤٦.

زۆربەی قوتابخانەکان و فەرمانگەکانی ناو شاری هەولێری بەکارهێنا بۆ ئەوەی شوێنێکیان بۆ دەستەبەر بکات و بە هەزاران کەس لەشارەکەدا رەشبگیر کران[١].

بە گوێرەی بروسکەیەك کە لە ٢٣ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن دادوەری سەربازی گشتی زەعیم رەشید موسلێح ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کراوە، داوا دەکات دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمان بدات، هەموو ئەو شوێنانەی شاری هەولێر بپشکنێ کە جێگەی گومانن لە بوونی چەك و کەسانی دژ بە شۆڕش و دەستگیرکراوەکانیش رەوانەی دادگا بکرێن[٢].

لەو چوارچێوەیەشدا هێزەکانی حەرەس قەومی بە جۆرێك دەستکراوە بوون لە تەواوی عێراقدا وەکو دەزگایەکی جێبەجێکردن کاروباری کارگێڕی و پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆشیان لە شارەکان رادەپەڕاند، بۆیە ئەرکی پشکنین و لێکۆڵینەوەی بە پەلە و دەستگیرکردنی هاولاَتیانیان لە شارەکەدا لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، لە ٢٥ی شوباتدا لە هەڵمەتێکی گەڕان بە بیانووی ئەو کەسایەتیانەی لە ریزەکانی حیزبی شیوعی بوون و لە موسڵ هەلاَتوون، زۆربەی دام و دەزگا حکومی و گەڕەکەکانی شاری هەولێریان پشکنی، ئەو رۆژە هێزێکی زۆر هاتنە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر و بە دوای سەرۆکی فەرمانگە ئیحسان میرزا موسلاَوی (پزیشك) گەڕان، دواتر سەرکۆنەی هەموو فەرمانبەرانیان کرد و سەیری لیستی فەرمانبەرانیان کرد و بەرەو فەرمانگاکانی تر رۆیشتن[٣].

لە هەڵمەتێکی راوەدوونان و گرتنی هاولاَتیانی ناو شارەکە ژمارەیەکی زۆر دەستگیرکران لە نێویاندا شێخ محمد (١٩٢٢-٢٠٠٢) ناسراو بە (شێخەشەل)، فائیق جەمیل (مامۆستا)، عەلی عەبدولغەفور (عەلی ئەفەندی)، محێدین ئاغۆك مام کاکی، عەبدولستار عەبدولمەجید، عەبدولغەنی عەبدولجەبار (مامۆستا)، حاجی زەکەریا مەلا ئەمین (بازرگان)، رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم، حاجی رەفعەت پایسکلچی، مەولود خورشید دەلال (مەولود قوشە)، سوار چایەچی، حاجی سابیر قیڕژەیی، محەمەد سایەق (محەمەد چاوجوان)، بورهان عوسمان ئەلیاس، رەمزی سعید ئاغا، سەید ئەحمەد سەید حەمەدەمین[٤]، بیلال سەعید جامباز، جەمال عەزیز عەبدوڵلاَ، عادل محەمەد عەبدوڵلاَ، عەساف عەبدولسەمەد، عەبدوڵلاَ عەبدولسەمەد، رەحمانە شەل، محەمەد خەلیل سەعید، سلێمان شاکر، مەلا نیعمەت، عەبدولمونعیم عەزیز، محەمەد شێروانی، بورهان حاجی عوسمان، حەسەن تەها، سلاَح سەعید خدر، فائیق نادر، شەریف جامباز، بیلال سەعید جامباز، جەمال عەبدوڵلاَ عەزیز و لەتیف سەلیم خدر و ئافرەتانیش هەریەك لە ساکینە سلێمان و خەیریە نادر گیران[٥].

---

(١) دیدار لەگەڵ عەلی جوکل.رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

(٢) د.ك.و، الوحدة الوثائقية، وزارة العدل، رئاسة الإدعاء العام، رقم الوثيقة م.ع ٣٥٩/٦٣/١٩، الموضوع: برقية الحاكم العسكري العام، دعوة إلى نواب المدعي العام كافة لغرض التحقيق، تاريخ ١٩٦٣/٢/٢٣.

(٣) مەدحەت بێخەو، دەفتەری بیرەوەری (بەشی چوارەد)، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژ:٤٢١، ١٧ی تەموزی٢٠٠٧، ل٥٢.

(٤) ناوبراو لە ناو بارەگای حەرەس قەومی گیانی لەدەست دا و کۆچی دوایی کرد.

(٥) دیدار لەگەڵ هەریەك لە رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم، رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر؛ تاریق جامباز، مومتاز حەیدەری، ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر.

**لە هەڵمەتێکی دیکەی دەستگیرکردن بۆسەر قەڵای هەولێر کەسایەتی قەڵای هەولێر نەجمەدین موفتی (١٩٣٧-١٩٩٧) گیرا و ڕەوانەی بەندیخانەکانی باشووری عێراق کرا[١] هەروەها هەندێ لە مامۆستا ئافرەتەکانیش بە تۆمەتی جیاجیا کەوتنە بەر شاڵاوێکی تری دەستگیرکردن لە قوتابخانەی هەولێری کچان ئەوانیش هەریەك لە: (حەمدیە صابر، ئەستێر سەعید، جەلالەت نورەددین و بەستی صابر) گیران[٢].**

**هەڵمەتەکە بۆ یەکەم جار ئافرەتانی شارەکەی گرتەوە لە کاتێکدا، خانەوادە ناسراوەکانی شارەکە پابەندی دابونەریت و پارێزگاربوون، ڕووداوەکە کاتێك حەرەس قەومییەکان هەڵیان کوتایە سەر قوتابخانەی هەولێری کچان و زیاتر لە ٣٥ کەسیان لە قوتابی و مامۆستایان دەستگیرکرد و ڕەوانەی بەندیخانە کران لە قاتی سەرەوەی قوتابخانەی (الوطن)[٣] ئاخنران، زۆربەی هەرە زۆری گیراوان لە خانەوادە ناسراوەکانی هەولێر بوون، ئەوانە سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب) و شیعریان لەسەر پێشمەرگە و بارزانی لە گۆڕەپانی قوتابخانە گوتبۆوە، لە کاتێکدا (میسون بدرالدین علی) کچی موتەسەریف لە هەمان قوتابخانە بوو، ئامرازی گەیاندن و سیخوڕی هەواڵەکان بوو، دوای شەوێك مانەوەیان لە بەندیخانە، ئێوارەی ڕۆژی دواتر، دەیان کەس لە ژن و پیاو و کەس و کاری زیندانی کراوان ڕوو لە ماڵی قازی ڕەشاد موفتی[٤] دەکەن لە قەڵات و داوادەکەن نابێت کچ و ژنانی هەولێر شەو لە بەندیخانە بمێننەوە، دەستبەجێ ناوبراو پەیوەندی بە بەڕێوەبەری پۆلیس دەکات و پاشان سەردانی یانەی ئەفسەران دەکات و لەوێ چاوی بە بەدرەدین عەلی دەکەوێت و پاش گفتوگۆیەکی توند لە نێوان قازی و موتەسەریفدا گیراوەکان ئازاد دەکەن[٥].**

---

**[١] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: جەلالەت نورەدین لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٢٩ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی کۆمەلناسی کۆلیجی مەلیکە عالیە لە بەغدا تەواو کردووە، مامۆستا یەتی بەردەوام بووە، ساڵی ١٩٨٩ خانەنشین بووە، و لە هەولێر دەژیت؛ ئیحسان ڕەشاد موفتی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٣٠ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ لە قەڵاتی هەولێر لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٧ بەشی کیمیای لە کۆلیژی زانستی زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٦ کۆلیژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە، لە بواری ڕێکخراوەیی کاری کردووە، ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی جێهێشتووە و اە هۆڵەندە نیشتەجێ بووە، لەو کاتەوە خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی بووە، لە دەزگای نێودەوڵەتی (یونایتد پرێس ئەنتەرناشیونال) ماوەی پێنج ساڵ کاری کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ە وە گەڕایتەوە کوردستان و کاری پارێزەری دەکات، خاوەنی کۆمەڵێك نووسینی بەڵگەنایەییە و ئێستا لە هەولێز دەژیت.**

**[٢] دیدار لەگەڵ عەبدولهادی ڕەحمان سلێمان ناسراو بە (عەبدولهادی قەساب) ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر.**

**[٣] ئەو قوتابخانەیە کەوتبووە شەقامی سولتان مزەفەر، لە بەرانبەر قوتابخانەی هەولێری کوران بوو.**

**[٤] ساڵی ١٩١٥ لە قەڵاتی هەولێر لە بنەماڵەیەکی دیاری ئاینی شارەکە لە دایك بووە، شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی هەبووە، ساڵی ١٩٤٣ لە قاهیرە خوێندویەتی و لە زانکۆی ئەزهەر بڕوانامەی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٥٦ بە قازی لە شاری کەرکوك دامەزراوە، ساڵی ١٩٦٧ گوازراوەتەوە سلێمانی و دوای ساڵی ١٩٥٨ لە هەولێر بە قازی شەرعی دەستبەکار بووە، هاوسۆزی شۆڕشی کوردبووە. بڕوانە: عثمان رشاد المفتي، العلامة رشاد المفتي (١٩١٥-١٩٩٢) حياته وسيرته باختصار، مخطوطة بحوزة الكاتب، ص٢ ومابعدها.**

**[٥] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: جەلالەت نورەدین لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٢٩ لە هەولێر؛ ئیحسان ڕەشاد موفتی، ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٦ .**

**لەلایەکی ترەوە ئەفسەری سەربازی سێ ئەستێرە(نقیب) ناسراو بە رەئیس یەحیا نادر[١] لە هەولێر گیراو لە بەغدا لە سێدارەدرا و دواتریش فەرماندە و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەربازی حیکمەت حەکیم (پزیشك)[٢]دەستگیرکرا، بەڵام لە رێگای قوشتەپە بەهۆی دانانی بۆسەیەك لەلایەن پێشمەرگەوە دەربازی بوو پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستان کرد[٣].**

**لە هەڵمەتێکی دیکەدا هێزەکانی حەرەس قەومی بۆ سەر خاووخێزانی ئەو بارزانیانەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت یاوەری مستەفا بارزانی بوون، ئەوان دوای گەڕانەوەیان لە گەڕەکی ئیسکان نیشتەجێببون و ژمارەیان ٢٠ ماڵ بوو، زیاتر ئافرەتەکانیان روسی بوون و پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون، دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە شەوی ١٣/١٢ حوزەیرانی ١٩٦٣ هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکەکە و ٢٢ ژن و ٦٢ منداڵیان دەستگیرکرد و بە لۆریەك گواسترانەوە بۆ قوتابخانەیەك لە بەرانبەر پۆستەی هەولێر[٤] لەوێ لە قاتی سەرەوە لە سێ ژوور زیندانی کرابوون و لە بارێکی ناخۆشدا، تا ٢٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ لەوێ مانەوە[٥].**

**ئافرەتە گیراوە روسەکان هەریەك لە: رەشیدە، ئومەییە، سێبییە، ڤێرا، جەمیلە، عەنیفە، نایلە پیوك، پاکیزە کۆرتییێڤە، موکمیل ئاخۆنچان، منەوەر، پەلینە، تاجییە، شوکریە، لاریسا، تەمارا، رایە، تانیا، نینە، زولجیە، عایشە، گولیزار و تانیا بوون[٦].**

**جێگای باسە لەو ماوەیەدا لە ناو گرتووخانەدا، رێگایان دەدا مێردمنداڵەکان بچنە دەرەوەو بگەڕێنەوە، ئافرەتەکان توانیان لە رێگای شەوکەت شێخ یەزدین و فەرید مستەفا ئەیوب بارزانی (دوو مێرد منداڵ بوون) نامەیەك بۆ باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا بنێرن، ئیتر وەڵام و هەڵوێستی باڵیۆزخانە بەرانبەر ئافرەتە روسەکان سەرپشك کردنیان بوو، یان بۆ گەڕانەوەیان یان مانەوەیان، دواتر بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر لەلایەن باڵیۆزخانە ئاگادارکرایەوە و داخوازی روونکردنەوەی هۆکاری گیرانی ئافرەتەکانی کردبوو، وەڵامی پارێزگار ئەوەبوو گوایە من بەندم نەکردوون بەڵکو پاراستوومن، تا دواجار دوای هۆشدارییەکە لە رێگای ئەفسەری بەندیخانەکە بەناوی معاون کەمال**

---

**[١] ناوبراو یەکێك بوو لەوانەی لە هەڵگەڕانەوەکەی شەواف لە دادگای گەل گەواهی (شایەتی) لەسەر ئەفسەر داود سەید خلیل دا کەوا پەیوەندی بە شەوافەوە هەبووە.**

**[٢] ناوبراو هاوسەری ئەستێر سەعید بوو، کە ئاماژەمان پێکرد لە پێشتردا لەلایەن حەرەس قەومی گیرابوو.**

**[٣] دیدار لەگەڵ رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم، رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.**

**[٤] شوێنی ئێستای بالەخانەی پارێزگای هەولێر بوو.**

**[٥] نایلە پیوك ئەو ئافرەتە روسیەی شوی بە بارزانیەك کرد و لەناخی دڵیشیەوە خاکی کوردستان و هاوسەرەکەیی و منداڵەکانی خۆی خۆشدەویست، گۆڤاری پەیامی ئەیلول، ژ:٢٢، تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ل ل٢٣-٢٤.**

**[٦] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٤-٢٥.**

تەلەعفەری توانیان موتەسەریف ببینن و بە مەرجی کۆبوونەوەی هەموو خێزانەکان لە سێ تا چوار خانوی نزیك یەکتر دوای شەش مانگ ئازاد کران[١].

بە هۆی خراپی بژێوی و گوزەرانیان دوای ئازاد بوونیان لەرێگای سالیحە عەبدولمەناف(١٩١٧-١٩٨٩)ی خێزانی خەیروڵا عەبدولکەریم (ئەفسەری شەهید)، ئەوکاتە بەرپرسی رێکخستنەکانی ئافرەتانی شاری هەولێر بوو، توانیان هەواڵی مێردەکانیان بزانن و زانیاری و بارودۆخی خراپی خۆیان بۆ مستەفا بارزانی ناردبوو، بەم هۆیەوە بارزانی فەرمانی دابوو ئەو ئافرەتانە غەریبەن و نابێت بێ پارە و خەرجی بن و پێویستە هەر خێزانێکیان مانگانە ٥ دیناریان پێبدرێت[٢].

لە گەڕەکی سێتاقانیش هەڵمەتی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیان لەو ماوەیەدا لە کۆتایی حوزەیران هێزێکی گەورە خەڵکێکی زۆریان لە باخچەی (خدرە کەر)ی نزیك قوتابخانەی سۆران کۆکردەوە و دەستیان کردە لێدان و دارکاریکردنی خەڵکەکە نزیکەی ٤٠٠ کەسیان لە گەنج و پیری گەڕەکەکە گرت و دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکەکە کرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە بەندیخانە جێگایان نەبۆوە زۆربەیان ئێوارەی هەمان رۆژ ئازاد کران، دوای ماوەیەکی تر هاتنەوە گەڕەکەکە و هەردوو هاوڵاتی قادر عەبدوڵا ناسراو بە (مام شاتر خۆشناو) و (عەوڵا سۆر) یان لە ماڵەوە هێنایە دەرەوە و بە بەرچاوی خەڵکەکە دڕندانە لێیان دان و بۆ چارەسەری لە پێستە گیران[٣]و ماوەی مانگێك زیاتر لە ناو جێگا کەوتن[٤].

هەروەها لە گەڕەکی خانەقای هەولێریش لە تەموزی ١٩٦٣ هێزێکی زۆری حەرەس قەومییەکان کە عەرەب بوون، کەوتنە پشکنینی تەکیە و پاشان ماڵی شێخ ئیسماعیل عەبدولکەریم بەرزنجی و ئۆتۆمبێلەکەیان برد و ناوبراویان دەستگیر کرد، بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە گرتووخانە مایەوە[٥].

سەبارەت بە گەڕەکی عارەبانیش بەرپرسی هێزی حەرەس قەومی گەڕەکەکە بە هەوەسی خۆی هەڵی دەکوتایە سەر ماڵەکان و بێڕێزی پێدەکردن و هاوڵاتیەکیان بەناوی عوسمان تۆفیق خەیات دەستگیرکرد و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ئازادیان کرد، هەروەها عەبدولهادی ڕەحمان قەساب قوتابی ئامادەیی بوو چەندین جار گیراو دوای ئەشکەنجەدان ئازاد کرا، لە شەقامی تەعجیلیش واحید ئەحمەد ئاقوبانیان

---

[١] دیدار لەگەڵ فەرید مستەفا ئەیوب بارزانی، ٢٠١٤/٢/٦ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٥١لە یەکێتی سۆڤیەت لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٨پەیمانگای مامۆستایانی شۆرشی تەواوکردووە، ئێستا ئەندامی دەستەی کارگێڕی گشتی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولە.

[٢] گۆڤاری پەیامی ئەیلول، ژ:٢٢، تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ل ل٢٨-٢٩.

[٣] لە پێستەگرتن جۆرێك بوو لە چارەسەری میللی باوبوو، ئەوانەی توشی گروان و ئازاری بەرکەوتن دەهاتنەوە، بە پێستەی ئاژەڵێکی تازە سەربڕاو دادەپۆشران.

[٤] ئینسکلۆپیدیای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی شەشەم، ل٢٦٩٨.

[٥] دیدار لەگەڵ زەینەب شێخ عەبدولکەریم مستەفا رۆژی ٢٠١٤/٢/٨ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٥٩ بەرپرسی ناوچەی ئافرەتانی هەولێر بووە، ئێستا لە هەولێر دەژی.

دەستگیرکرد و بە تۆمەتی نیشان نەدانی ماڵی خزمێکیان، بە شێوەیەکی دڕندانە بە بەر بەچاوی خەڵکەوە بە ئۆتۆمبێل لەشڕاکێشیان کرد[١].

هەرچی لە گەڕەکی تەیراوەش بوو، لە هەڵمەتێکدا چەندین کەس دەستگیرکرا لە نێویاندا (عەبدولڕەزاق ئەحمەد کاوانی) و (تۆفیق مستەفا تاهیر) گیران کە ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتی بوون[٢].

لە شالآوێکی دیکەی سیاسەتی تۆقاندن و زەبروزەنگی دەسەلآتدارانی ناوخۆی شارەکە، هەر لە مانگی تەموزی ١٩٦٣، بە فەرمانی دەزگای هەوالگری سەربازی بڕیاردرا (کەر و باری) هەموو ئەو هاولآتیانە بگرن کە لە ناوچە شاخاویەکانەوە دێنە ناو شار و دەگەڕێنەوە، بە بیانوی ئەوەی لە گەڕانەوەیاندا ئازوقە دەکڕن و لە گوێدرێژەکانیان باری دەکەن و بۆ پێشمەرگە دەگوازنەوە، ئیتر هەموو ولآغە بارهەڵگر و گوێدرێژەکان دەستگیرکران و ئاخنرانە قشڵەی سوارە لە گەڕەکی عارەبان، تەنانەت بەیانیان خاوەن ولآغەکان بەخۆیان کیسەی کا و جۆوە لەبەردەرگای قشڵەکە دەوەستان و ترسی ئەوەیان هەبوو ئاژەڵەکانیان لە برسان بمرن[٣].

جێگەی باسە خەڵکی شارەکە جگە لەو هەڵمەتانەی ئاماژەمان پێکرد لەدەرەوەی شاریش زۆربەیان دووچاری گرتن و ئەشکەنجەدان هاتنەوە؛ بۆ نموونە هادی چاوشلی لە شاری بەغدا گیرا[٤] هەروەها هەریەك لە ئەنوەر حەمەدەمین دزەیی(پزیشك) و محەمەد حوسێن مەلا دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بەهۆی هەوڵەکانی هەردوو کەسایەتی شارەکە زەید ئەحمەد عوسمان و ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی توانرا سۆراخیان بزانرێت و پاشان ئازاد کران[٥]، جگە لەوانە چەند کەسێکی دیکەی شاری هەولێر بوونە قوربانی لەوانە هەر یەك لە: موهیب حەیدەری (١٩٣٣-١٩٦٣) لە شەوی ٩/٨ی ئازاری ١٩٦٣ لە ڕێگای بەغداد-حیللە لەگەڵ ٢٠ کەسی تر، دوای ئەوەی دەستگیرکران، زیندە بەچاڵ کران، بە هەمان شێوە نافیع یونس (١٩١٧-١٩٦٣) دوای گیرانی، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆردرا و بووە قوربانی[٦].

لە ٣ی تەموزی ١٩٦٣ شیوعییەکان لە بەغدا لە سەربازگەی رەشید هەوڵی بزووتنەوەیەکیان دا، بە بزووتنەوەی حەسەن سەریع ناسراوە، بەلآم بەعسییەکان بەهۆی تانك و زرێپۆشەکانیانەوە توانیان سەربازگەی رەشید بگرن و کۆتایی بەجموجۆڵەکە بێنن[٧]، لە ئەنجامی ئەم هەوڵەشدا و دوای

---

(١) دیدار لەگەڵ عەبدولهادی رەحمان سلێمان ناسراو بە (عەبدولهادی قەساب) رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر،

(٢) دیدار لەگەڵ تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٣) ئینسکلۆپیدیای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی شەشەم، ل ل٢٦٦٠-٢٦٦١.

(٤) دەربارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنەکە بڕوانە: طارق جامباز، هادي الجاوشلي مواقف كوردية مجهولة، من مطبوعات مجلة (ياسا پارێزی) —رقم ١٣، اربيل، ٢٠٠٥، ص٤١.

(٥) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٦) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر، نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هەوڵە و هۆکار و ئەنجامەکانی بڕوانە: علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن السريع وقطار الموت ١٩٦٣، دار الفرات للنشر، بيروت، ٢٠٠٢، ص ص٤٧-١٦٧.

سەرنەکەوتنی لە ١٩ی تەموزی ١٩٦٣ کەسایەتی هەولێر و سەرکردەی ناوەندی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی جەمال حەیدەری لەگەڵ هاوڕێکانی دەستگیرکراو دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بووە قوربانی و لە سێدارەدرا(١).

بێگومان کوژرانی جەمال حەیدەری زیانێکی گەورە بوو بۆ کۆمۆنیستەکان لەم رووەوە لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئاوەگرد کەریم ئەحمەد بە بیستنی هەواڵەکە بە بەرچاوی رێکخستنەکانەوە گوتی : **"بە شەهید بوونی جەمال، ئێمە پشتمان شکا"**(٢).

سەبارەت بە بزووتنەوەکەی حەسەن سەریع دووان لە بەشداربووانی خەڵکی هەولێر بوون، ئەوانیش یەکێکیان ئەفسەرێك بە ناوی تەڵعەت نادر لە رێگا لە شەمەندەفەرەکەدا مردبوو(٣)، ئەوەی تر ئەفسەری جێگر ئەحمەد خزەیر پیرداود بوو، دوای ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لەسێدارەدرا(٤).

جێگای ئاماژەیە هەر لە هەفتەکانی بەرایی کودەتاکە و بە درێژایی ماوەی دانوستانەکە، کوردستان بە گشتی چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکان بوو، لەشاری هەولێر بە هۆی زەبر و زەنگی بەعسییەکان جۆرێك لە نائومێدی باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشابوو، پۆل پۆل گەنجان و پۆلیسەکانی ناو شار روویان لە ناوچە ئازاد کراوەکان دەکرد و پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردەوە دەکرد(٥).

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە رێگای بڵاوکراوە و رێکخستنەکانی ناو شاری هەولێرەوە، خەڵکی لەوە وشیار کردبۆوە کەوا حکومەت سیاسەتی کات کوشتن پەیڕەو دەکات، دەبێت بۆ هەر بارێکی نەخوازراو لە ئامادەباشیدابن، هەر بۆیە بەردەوام ژمارەکە لە زیادبووندابوو، گەنج و لاوانی ناو شارەکە و دەوروبەری لەو ماوەیەدا بە رێژەیەکی بەرچاو پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردەوە کرد(٦).

لە نێوان ئەوانەدا کەسایەتی دیاری شاری هەولێر ئیبراهیم ئیسماعیل عومەر(١٩٢٤-١٩٦٦) ناسراو بە (برایمە فەندی) بوو، ستەم و زۆرداری حەرەس قەومییەکان هانییدا پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات، توانی دوو پیکاب شۆفرلێت و ١٨ کەس و چەند تفەنگێك لەگەڵ خۆی بۆ ناو پێشمەرگە ببات، ناوبراو لە ماوەیەکی کورتدا  پلەی بەرپرسی دەشتی هەولێری پێدرا و هێزەکەی لە ناو شاردا بە لەشکری برایمە

---

(١) لەگەڵ هەریەك لە محەمەد سالح عەبلی و عەبدولجەبار وەهبی لە سێدارە دران، بڕوانە : علي كريم سعيد، المصدر نفسه، ص٥٩؛ جريدة الجماهير، ع:١٥٠، ٢٢ تموز١٩٦٣.بروانە پاشکۆ ژمارە(١٠).

(٢) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر.

(٣) مستەفا عەسکەری، لاپەڕەیەك لە بەسەرهاتەکانم لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان ١٩٦٣-١٩٦٥، گۆڤاری k21، ژ:٨، ل٢١٨.

(٤) على كريم سعيد، المصدر السابق، ص١٩٦؛ دیدار لەگەڵ کەمال خزەیر پیرداود، رۆژی ٢٠١٣/٦/٥ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤١ لەدایك بوو، لە ١٩٥٩ پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژیت.

(٥) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام؛ .عەلی جوکل.رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر؛تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٦) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣-١١٤؛ دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام ؛ عەلی جوکل.رۆژی ٢٠١٣/٤/٦  لە هەولێر ؛ تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

فەندی ناسرا[١]، ناوبراو بە هۆی لێهاتوویی و چالاکییەکانییەوە لەلایەن خودی بارزانیەوە بە فەرمی ئەم پلەیەی پێبەخشرا بوو[٢].

لە رۆژانی٣ و ٤ ی مانگی ئازار هێزێکی لیوای چوار بە فەرماندەی سەرهەنگ خەلیل جاسم هەڵمەتێکی بەرفراوانی کردە سەر دەشتی هەولێر، گوندەکانی قۆریتان، قەتەوی، شێراوە، پیرداود، ترپەسپیان و سێبیرانی بە بیانوی گەڕان بەدوای شیوعییەکاندا تاڵانکرد و سوتاند[٣].

بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بەرانبەر حکومەت پشوو درێژبوون، لە رۆژانی کۆنگرەی کۆیە فەوجێکی مغاویری ئەو ناوچەیە کەوتبووە شەڕ فرۆشتن بە دانیشتوان و هەندێ گوندەکانی ناوچەکەی سوتاندبوو[٤].

جگە لەوەش ژمارەیێکی زۆری کادیر و ئەندامانی پارتی لە پێشتردا لە بەندیخانەکان ئاخنرابوون و هێشتا ئازاد نەکرابوون، هێندێ کەسانی دیکەش لە ژێر بیانوی ناوی شیوعییەتەوە یان بەهۆی دژایەتی هاتنە سەرکاری بەعسەوە، بە ئاگاداری موتەسەریفی هەولێر و لەلایەن حەرەس قەومییەکان گیرابوون[٥].

لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی حکومیدا، لە ٣١ی ئازاری ١٩٦٣ دوای ئەوەی بارزانی دیدارێك لە گەڵ رادیۆی کۆلۆنی ئەڵمانیای رۆژئاوا دەکات و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی فیرقەی دوو ئامادە بووە، دوای تەواو بوونی دیدارەکە، بارزانی داوا لە نوێنەری فیرقەی دوو دەکات، تا بە فەرماندەی فیرقەی دوو (ابراهیم فیصل الانصاری) رابگەیەنێ پەلە بکەن لە ئازادکردنی گیراوەکان لە هەریەك لە لیواکانی هەولێر و کەرکوك و موسڵ، هەروەها هەندێ کەسانی گێرەشێوێن سەردانی موتەسەریفییەکانی هەولێر و موسل و کەرکوك دەکەن لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان پێویستە رێگایان لێبگیری[٦]، بەڵام دەسەڵاتدارانی حکومەت گوێیان بە داخوازیەکانی نەتەوەی کورد نەدەدا، ئەوەتا لە بڕگەی ئەلفی نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی ژمارە ٣٦٥٩ رێکەوتی ٩ی نیسانی ١٩٦٣ دا هاتووە:"**هیچ گیراوێکی پارتی لە کاتی ئێستادا ئازاد نەکرێت، تا ئەوکاتەی کێشەی کورد چارەسەر دەکەین**"[٧].

هەر لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٦٣ حکومەت دەستی بە ناردنی هێزە سەربازیەکانی خۆی بە پاڵپشتی لەشکرێکی بەکرێگیراوە عەرەبە کۆچەرەکان بۆ کوردستان بە گشتی و ناوچەکانی دەشتی هەولێر

---

[١] عەبدولوەهاب شێخانی، تاقانەی هەولێریان برایمەفەندی، هەفتەنامەی بەدرخان، ژ: ١٦٥، حوزەیرانی ٢٠١٢، ل٢٦.

[٢] خدر عەبدوڵلا دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[٣] جريدة خەبات، ع: ٤٦٩، حزيران١٩٦٣، ص٥.

[٤] کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٥.

[٥] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام.

[٦] م.و.د، اضبارة الملا مصطفى البارزاني، قيادة الفرقة الثانية/سري، العدد س/١٢٨/ ١١٦١، ٥نيسان ١٩٦٤، الموضوع: مقابلة ممثل اذاعة كولون للملا مصطفى. نقلا عن: عادل تقي عبد محمد البلداوي، نضال الشعب الكردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية، بغداد، ٢٠٠٣، ص ص ٥٥، ٦٠.

[٧] وەرگیراوە لە: جريدة خەبات، ع: ٤٦٩، حزيران ١٩٦٣، ص٤.

بەتایبەتی کردبوو[1]، لەوبارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: **"هەر لە کۆتایی مانگی نیساندا نیشانەی نیازخراپی و دەستدرێژی حکومەت دەرکەوتبوو...بارودۆخەکە لە بەرمیلێك بارووت دەچوو لەوە بەولاوە کە پزیسکێکی بەرکەوێ"**[2].

لە ١٩ی ئایاری ١٩٦٣ دەستەیەك لە حەرەس قەومییەکان، هەندێك لەوانەی لە نێویاندا ناسراو بوون بە ناوەکانی: (عەبدولاّ حەسەن، مەحمود ئەحمەد عەرەب، هادی ئەحمەد، حەمید ئەحمەد و عەباس رەشید) بوون. بە پاڵپشتی هێزێکی پۆلیس هێرشیان کردە سەر (تل الهلاله) ی سەربە ناحیەی دیبەگە و هەریەك لە (فەرحان حەسەن و محەمەد بابە) یان کوشت و دوو کوردی تریشیان هەر لەوێدا برد و شوێنبزریان کردن[3].

دوای ئەوەش هەر لە سەرەتای حوزەیرانەوە بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا شالأوی بە عەرەبکردن و راگواستنی دانیشتوانەکەی لە زێدی رەسەنی خۆیان و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە شوێنی ئەوان دەستی پێکردبوو، لە باسەکانی دواتر ئاماژەی پێدەکەین.

---

(١) دیدار لەگەڵ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٣) بيان الحزب الديمقراطي الكردستانى، عصابة البعث الحاكمة في العراق تعلن حربا قذرة على شعبنا الكردى، گۆڤاری k21، ژ:١٧، ٢٢نیسانی ٢٠١٣، ل٢٦.

**باسی چوارەم: شكست هێنانی دانوستانەكان و شەڕەكانی سنووری لیوای هەولێر.**

دوابەدوای دەركەوتنی ئاماژەكانی بارگرژی نێوان حكومەت و سەركردایەتی سیاسیی شۆڕشی كورد، حكومەت كەوتبووە خۆ، بۆ سەپاندنی شەڕێكی سەرتاسەری، لایەنی حكومەت هەر لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وە ئامادەسازیان بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوە و كوشتار بۆ هێزەكانیان كردبوو، تەنانەت رێگا سەرەكی و لاوەكیەكانی ناو شارەكانیان كۆنترۆڵ كردبوو[١].

ئەنجوومەنی نیشتمانی سەركردایەتی شۆڕش لە سەرەتای حوزەیراندا زۆرینەی ئەندامانی لە كۆبوونەوەیەكدا دەنگیان بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە كوردستان دا، وەزارەتی بەرگری ئامادەسازی كرد بۆ دەستپێكردنی كردە سەربازیەكان و بۆ مەبەستی هەماهەنگی و هاوكاریش، لە ڕێگای پاشكۆ سەربازیەكانیان لە بەغدا پەیوەندییان بە توركیا و ئێران كرد[٢].

دوای ئەوەی نیشانەكانی ئاڵۆزبوونی رەوشەكە دەركەوتبوو، لیژنەی ناوچەی هەولێری پارتی شاریان لە ماوەیەكی زووتر جێهێشتبوو، روویان لە دەشتی هەولێر كردبوو، بنكە و بارەگایەكیان لە چیای قەرەچوغ[٣] دامەزراندبوو[٤].

ئەوانەی لە ناوچەكە دیاربوون و لەوێ بوون هەریەك لە: تۆفیق عومەر ناسراو بە (ئازاد) وەكو لێپرسراوی بنكەكە، ساڵح شێرە و حەسەن مستەفا بوون، بەڵام جموجۆڵی پێشمەرگە لە ژێر فەرمانی لقی دووی هەولێر پارتی دیموكراتی كوردستان بوو[٥] لەسەر بڕیاری حەمەی حاجی تایەری بەرپرسی لقی دووی هەولێری پارتی، لیژنەیەك بۆ كۆكردنەوەی پیتاك و ئازوقە و یارمەتی پێكهات و لە ماوەیەكی كەم هاوكاریەكی زۆر لەلایەن خەڵكی هەولێر و گوندەكانی دەوروبەری كۆكرایەوە و بەشێكی هاوكاریەكە رەوانەی بنكەی ناوچەی هەولێر لە چیای قەرەچوغ كرا[٦].

ئەندام لق و ناوچەكانی هەولێری پارتی ئەو كاتە جگە لە لێپرسراوی یەكەم كە بەرپرسی لقی دوو بوو، ئەوانەی كە پلەی لێپرسراوێتیان هەبوو هەریەك لە شەمسەدین موفتی، فارس باوە، ئەحمەد شەریف بەرپرسی ناوچە، سەید مەجید سەید حوسێن، حەمە سور، مەجید ئەحمەد ئاسنگەر، كەمال عەبدولقادر و میرزا عەبدولكەریم بوون[٧].

---

(١) كافي محمد النبوي، المصدر السابق، ص١٥٠.

(٢) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١١٤.

(٣) قەرەچوغ تاكە چیایە لە دەشتی هەولێر دەكەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری هەولێر لە دووری ٦٧ كم دا، كەوا دەشتی قەراج و دەشتی كەندێناوە لێك جیادەكاتەوە، وەكو زنجیرە چیایەك لە رۆژهەڵاتەوە لە كلكە زورگی قەرەبۆتك و كلكەی دارەبزماران دەست پێدەكات تا دەگاتە كلكەی بێجیان لە رۆئاوادا نزمدەبێتەوە و دوایی دێت درێژیەكەی ٢٢ كم ە. بڕوانە: هوشیار عەبدوڵلا، كانی و كانیاوەكانی چیای قەرەچوغ، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەكەم،، ل٣٠٢.

(٤) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

(٥) حەسەن مستەفا، دەستنوسێكە دانەیەكی لای توێژەر پارێزراوە، ل٣٩.

(٦) عەلی حەسەن مستەفا، خەرمانەی خەبات، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٣.

(٧) حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

له سەرەتا ئەندام و کادیرانی شار ٥٠ کەسێك بوون، بەڵام لە ماوەی نزیك دوومانگدا بوونە ٦٠٠ پێشمەرگە[١]، چونکە ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی و جوتیارەکانی دەشتی کەندێناوە و مولکیە پەیوەندیان بە هێزەکەوە کرد لەوانە: ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، سابیر کاکەشین (جاستان)، تایەری کوێخوا عەولاً (بیرەبات) و براکەی بەناوی (حەسۆ)، سەعید حاجی عەزیز (دوستەپە) و حەمەدەمین حاجی جەمیل (خەزنە) یی بوون. ئەوانەش هەریەکە و چەندین چەکداریان لەگەڵ بوو[٢].

لە نێو ئەوانەی ئەو رۆژە لە شەڕەکەدا ئامادەبوون هەریەك لە: مام وسو حەمەد دزەیی (١٩١٧-١٩٨٩)، عەلی حوسێن ناسراو بە (عەلی تەکتریۆف)[٣]، سەید کاکە سەید سمایل، ئەحمەد حاجی عەلی (١٩٣٧-١٩٧٤) ناسراو بە (ئەحمەد تەکتریۆف)[٤]، حەسەن مستەفا، محەمەد بەربەیار و چەندانی تربوون ئەو رۆژە فارس باوە لە کلکەی بێجان بوو چەند لیپرسراوێکی حکومەتی دەستگیر کردبوو[٥].

جێگای ئاماژەییە لەو ماوەیەدا رێژەی پەیوەندی کردنی خەڵکی هەولێر لە ئاستێکی فراوان دابووە، سەرەڕای باوەڕی زۆری خەڵکی هەولێر بە شۆڕشەکەی، بەڵام زیادکردنی رێژەکە لە لایەك بۆ سەرەڕۆییەکانی حەرەس قەومی لە شارەکە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریش بە هۆی خراپەکارییەکانی بەدرەدین عەلی موتەسەرڕیفەوە بووە، هەمیشە تەنگی بە دانیشتوانی شارەکە هەڵچنیبوو، سەرەڕای دەرکەوتنی نیاز خراپی حکومەت و بە بنبەست گەیشتنی دانوستانەکان دەکرێت هۆکارێکی تر بووبێت.

ماوەیەك پێش هەڵگیرسانی شەڕ لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣ بەهۆی دەستدرێژی دام و دەزگاکانی ئاسایشی حکومەت و هۆزە تازە چەکدارکراوەکانی عەرەب و سەرەڕۆییەکانی هێزەکانی حەرەس قەومی لە ناوچەکە، پێشمەرگەکانی هەولێر بە فەرمانداریێتی فارس باوە لە کلکەی بێجیان بۆسەیەکیان بۆ قایمقامی مەخمور داناوە و بەدیلیان گرت[٦] هەروەها ئەفسەرێکی پۆلیس بەناوی (ابراهیم الطائي) و بەرپرسی حەرەس قەومی مەخمور مامۆستایەك بوو بەناوی (غەفور سلێمان) یان دەستگیرکردبوو، حکومەتیش ئەوەی بە بیانوو زانی و هێرشێکی گەورەی بە پاڵپشتی هۆزە عەرەبەکانی ناوچەی قەراج سەر بە (شیخ ابراهیم الجاسم) و سوپایەکی گەورە هێرشیان کردە ناوچەکە، کاتێکیش سوپا و هۆزە بەکرێگیراوە عەرەبەکان لە رێگای مەخمورەوە هێرشیان بۆ قەرەچوغ هێنا لە رێگا خاوەن چایخانەی ناوچەکەیان بەناوی (مام هەینی) سەربڕی، کە پیاوێکی پیرو بە ساڵاچووبوو، ئیتر هێرشەکەیان بەرەو بنکەی قەرەچوغ لە پێشڕەوی دابوو[٧].

---

(١) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

(٢) حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل.٤٠.

(٣) ساڵی ١٩٦٧لە گوندی عارەب کەند لە شەری شێخ حەنەش شەهید کرا.

(٤) ساڵی ١٩٧٤ لە چیای باواجی شەهید کرا.

(٥) حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل.٤٠.

(٦) ئەیلولیەکان بۆ یادی ئەیلولی مەزن دەدوێن، دیمانەی ئەسعەد عەدۆ لەگەڵ فارس باوە، رۆژنامەی برایەتی، ژ:١٧٣٧، ١٩٩٣/٩/٦، ل٦.

(٧) معروف عومەر سلێمان، دەستنوسێکە لە شێوەی یاداشت لای نوسەر پارێزراوە، ل ٢٢.

هەمان رۆژ لە ٥ ی حوزەیراندا هێزێکی گەورەی سەرۆك هۆزی تەی (طي) شێخ حەنەش بە پاڵپشتی پۆلیس و سوپا پەلاماری گوندی دارەخورمای داو دوای تالآنکردن گوندەکەیان سوتاند[١].

دواتر هێزەکانی حکومەت بە پاڵپشتی هۆزە عەرەبەکان و جاشە کوردەکان لە سێ لاوە هێرشیان بردە سەر قەرەچوغ لە دارەخورما و سێقوچان خۆشاوەوە بەرەو بنکەی پێشمەرگە بە دروشم و هۆرای (احنا البدو وين العدو) بەرەو قەرەچوغ پێشڕەویان کرد[٢].

لە رۆژی ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣ حکومەت بڕیاری دا هێرشێکی فراوان لە دوو بەرەوە، یەکێکیان بەرەی باکوور رێگای (هەولێر-دیبەگە) کەوتە رێ بەرەو مەخمور، ئەوەی تر بەرەی باشوور لە کەرکووەوە بەرێگای(دبس-دیبەگە) بە پاڵپشتی سریەیەکی زریپۆش و ژمارەیەك لە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی عەرەب بە سەرکردایەتی سەرهەنگ(عقید) حەماد شەهاب کەوتە رێ، هاوکات بە پاڵپشتی فڕۆکە، ناوچە و گوندەکانیان تۆپباران کرد[٣].

بەدرێژایی ئەو رۆژە شەڕێکی گەورە لە کاتژمێر ٦ی بەیانی تا ٤ ی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، سوپا و هۆزە عەرەبەکان و حەرەس قەومی زیانێکی گەورەیان بەرکەوت و چەندین تەرمیان لە گۆڕەپانی شەڕەکە جێهێشت[٤]، هەروەها جێبێکی سوپا کەوتە بەردەستی پێشمەرگە کە ئامێرێکی بێتەلی تێدابوو، جێگەی ئاماژەیە دانیشتوانی گوندەکانی دەشتی هەولێر بە پەرۆشەوە بەهانای پێشمەرگە هاتبوون، لە چەندین گوندەوە کۆمەك و خواردن و هاوکاریان بۆ قەرەچوغ هێنا، بەلاّم بە هۆی نەبوونی فیشەك و تەقەمەنی ناچار لێپرسراوانی بنکەکە ئەو ئێوارەیە بڕیاری پاشەکشەکردنیان یان بە هێزەکانیان کرد و بەرەو لولەی جاستان و زورگەزراو و پەلکانە و دواتریش بەرەو رەسول بسکۆل و دەشتی کۆیە رۆیشتن، جێگای باسە هەمان شەو هێزێکی گەورەی حکومەت لە هەولێر و کەرکوکەوە بە پاڵپشتی تۆپخانە و هێزی ئاسمانی و هۆزە بەکرێگیراوەکان پەلاماری ناوچەکەیان دا و بە شێوازێکی دڕندانە ئەزیەتی دانیشتوانەکەیان دا[٥].

عومەر مستەفا (دەبابە) لەلایەن بارزانییەوە بۆ پەیوەندی کردن بە دەسەلاّتەوە راسپێردرا، بروسکەیەکی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و فەرماندارێتی فیرقەی دووی سوپا نارد ناڕەزایی لەسەر دەستدرێژی سوپا بۆسەر بارەگاکانی پێشمەرگە لە چیای قەرەچوغ خستبووە روو، بەلاّم وەلاّمیان ئەوە بوو"ئێمە نەمانزانیوە ئێوە بارەگاتان لەو ناوچانە هەیە"[٦].

---

(١) جريدە خەبات، ع: ٤٦٩، حزيران ١٩٦٣.

(٢) ئەیلولیەکان بۆ یادی ئەیلولی مەزن دەدوێن، دیمانەی ئەسعەد عەدۆ لەگەڵ سابیر کاکە شین، رۆژنامەی برایەتی، ژ: ١٧٣٨، ١٩٩٣/٩/٧؛ خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

(٣) جەودەت ئاکرەیی، لاپەڕێك لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ٩، ٣٠ ئەیلول ١٩٩٨، ل١٢.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: ئەحمەد شەریف رۆژی٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر ؛ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٥) حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤١.

(٦) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٣٣.

شیاوی ئاماژە پێکردنە سەرەڕای ستەم و پێشێلکاری و سەرەڕۆییەکانی کاربەدەستانی حکومەت بەرانبەر مافەکانی نەتەوەی کورد و دانیشتوانی باشووری کوردستان، بەلاّم حکومەت بەمەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ راگەیاندنی شەڕێکی داسەپاوی کاولکاری بەسەر کوردستاندا، کۆمەڵێك بیانوی هێنایەوە و سەرکردایەتی سیاسیی کوردی تۆمەتبارکرد، لە سەروویان دالّدەدانی شیوعییەکان بوو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و پەلاماردانی هەندێ ئێشکگری پۆلیس لەناوچە دوورەپەرێزەکان و رفاندنی قایمقامی مێرگەسووری سەر بەلیوای هەولێر و دەستگیرکردنی ٣ حەرەس قەومی لەمەخمور و بردنی هەندێ فەرمانبەری کارگێڕی، لەگەڵ چەند رووداوێکی نەخوازراو لە کوردستان روویاندابوو، تەنانەت وەکو پەرچەکرداری پێشمەرگە بەرانبەر هێرشەکانیان روویاندابوو، ئەوانەی پەیوەندیان بە سنووری لیوای هەولێرەوە هەبوو بەمشێوەیە باسکراوەو هاتووە: **"لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣ جیاخوازەکان تەقەیان لە پۆلیسی قەرەچوغ کردووە، لە کاتێکدا ئەوان بەدوای شیوعییەکان و هەلأتوان و چەتەکان دەگەڕان، هەروەها لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشیان کردۆتە سەر کاروانێکی سوپا لەناوچەی سپیلك لەکاتی گواستنەوەی سەربازە مۆڵەت پێدراوەکان لەئەنجامدا ئەفسەر عەباس کەمال و ٣ پلەداریان شەهید کرد لەگەڵ برینداركردنی ٢٣ ئەفسەری پۆل[١] و چەند سەربازێك سوتاندنی ٤ ئۆتۆمبێلی سەربازی بەناهەق"**[٢].

دوای ئەو رووداوە فەرماندەی فیرقەی دوو هۆشداری دایە بارزانی بۆ رادەستکردنی ئەنجامدەرانی پەلامارەکە، بەلأم ئەوە رەتکرایەوە و ئەنجوومەنی وەزیران ماوەی (٢٤) کاتژمێری دایە بارزانی بە مەبەستی چەکدانان[٣].

جێگای ئاماژەیە ئەو رووداوانە زۆربەیان لە ئەنجامی دەست درێژی و سەرەڕۆییەکانی سوپا و دام و دەزگاکانی حکومەت لە کوردستاندا سەریان هەڵدابوو، ئەوان کردبوویانە بیانوو بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پاساوێك بۆ رەوایی دان بە پەرپاکردنی شەڕەکە[٤].

ئەوەی زیاتر نیازی حکومەتی ئاشکراکرد، دوابەدوای هەموو هەوڵ و کۆششەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە پێناو چارەسەریەکی دادوەرانەی ئاشتیانەدا، بەلاّم دانوستانەکان لە بازنەیەکی بەتاڵدا خولانەوە، حکومەتی عێراقی بڕیاری شکستهێنانی ئاگربەستی دا، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ئەندامانی

---

(١) ئەفسەری پۆل پلەکانی عەریف جێگری عەریف و رەئیس عورەفای دەگرتەوە.

(٢) بۆ درێژەی بیانوەکانی حکومەت بڕوانە: محمود درة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، بيروت، ١٩٦٤، ص ص١٦٥-١٦٧.

(٣) عمار علی سمر، المصدر السابق، ص٢٧٥.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر؛ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام.

شاندە کوردیەکە ئەوانەی لە بەغدا مابوونەوە، کاتێ هاتنەوە لە کەرکوك گیران و ڕەوانەی بەغدا کرانەوە[١].

هاوکات دام و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ و حەرەس قەومییەکان هەڵمەتێکی فراوانی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی کادیر و لایەنگرانی دەست پێکرد و بەدەیان کەسیان گرت و لەگەڵ ئەوەشدا، بە نوسراوی فەرمی بە سەدان فەرمانبەری کوردیان لە شارەکانیان دوورخستەوە[٢].

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش (بەعسییەکان) ڕایگەیاند، ناوچەکانی باکووری وڵات، پارێزگاکانی (موسڵ، سلێمانی، هەولێر و کەرکوك) ناوچەی سەربازی و شانۆی کردە سەربازیەکانن[٣].

لەلایەکی ترەوە کاتێك پرۆژەی ناناوەندێتییان لە ڕادیۆ پەخش کرد، تەنها گۆڕانکاری کارگێڕی بوو لە تەواوی عێراقدا، دواتریش بەیاننامەی دەستپێکردنەوەی شەڕیان پەخش کرد بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد تۆمەتبار بکەن، کە پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبووە و ئێمە داخوازییەکانی کوردمان جێبەجێکردووە، لە تەواوی بەیاننامەکەدا ناوی بارزانیەکان لە جیاتی گەلی کورد هاتبوو، بۆ ئەوەی ڕای گشتی عێراق و خەڵکی کوردستان چەواشە بکەن شەڕەکە دژی بارزانییەکانە نەك دژی گەلی کورد[٤].

هەروەها لە بەیاننامەکە داخوازییەکانی کوردی بە جیاخوازی و کۆنەپەرستی و پەیوەنددار بە بەرژەوەندی وڵاتانی بێگانە تۆمەتبار کردبوو، کە ئامانجیان هەڕەشەکردنە لە سەربەخۆیی عێراق و یەکێتی نیشتمانی، هاوکات بڕیاری ڕاستەوخۆی پاککردنەوەی" ناوچەکانی باکوور"ی دابوو، هاوکات هۆشداری دابووە شۆڕشگێڕانی کورد لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر دوای هۆشداریەکە چەکەکانیان ڕادەستی میری بکەن[٥].

شیاوی باسکردنە هەمان ڕۆژ دادوەری سەربازی گشتی ناوچەکانی باکوور ڕاگا(العمید)ی ڕوکن (سعید فتحي الصقلي) بەیانی ژمارە ١٣ دەرکرد کە تێیدا هاتبوو: **"هۆشداری دەدەینە هەموو خەڵکی دێهاتەکانی لیوای هەولێر و سلێمانی و کەرکوك، لەکاتی داڵدەدانی تاوانبارێك یان یاخیگەرێك لە چەتەکان، یان هاوکاریان بکات بەهەر شێوەیەك، هەر گوندێکیش وێران و تۆپباران دەکەین لەکاتی سەرپێچی یان تەقەکردن لە هێزە چەکدارەکانمان لە سوپاو پۆلیس و حەرەس قەومی و هۆزە لایەنگرەکانمان"** بە

---

(١) ئەو ئەندامانەی مابوونەوە لە (حیزبیەکان) سالح یوسفی، یەدوڵڵا عەبدوکەریم، عەگید سەدیق، شاخەوان نامیق، عەبدولحوسێن فەیلی و هاشم ئاکرەیی بوون، لە (سەربەخۆکان) مەسعود محەمەد، مستەفا عەزیز، عەبدولسەمەد حاجی محەمەد، ڕەئوف ئەحمەد، ڕەشید عارف و سەید حوسێن خانەقابوون، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دەستگیرکران، هەریەك لە سالح یوسفی و یەدوڵڵا و شاخەوان ئازاری جەستەیی و دەروونی درابوون. بڕوانە : جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص٣٧.

(٢) جليلي جليل واخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: عبدي حاجي، مؤسسة موكرياني، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠١٢ص٢٨١؛ عمار علي سمر، المصدر السابق، ص٢٧٥.

(٣) .C.J.Edmounds, The Kurdish War in Iraq: Constitutional Background, World Today ,Vol24 No12, London,1965,p.515.

(٤) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٢-٢٣

(٥) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: جريدة الطليعة، ع: ١٧٨٣، ١١ حزيران ١٩٦٣؛ مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٢-٢٤.

بەیاننامەی ژمارە ١٤ ش لە ٩ی حوزەیرانەوە قەدەغەکردنی هاتووچۆی لە شارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی راگەیاند تا راگەیاندراوێکی تر[١].

رۆژی دواتر لە ١١ی حوزەیران حکومەت بڕی ١٠٠ هەزار دیناری عێراقی (٢٥٠هەزار دۆلار)ی بۆ هەر کەسێك تەرخان کرد بتوانێ بارزانی بە زیندوویی یان بە مردوویی رادەستی حکومەتی بەغدا بکات، عەلی سالْح سەعدی رایگەیاند"**حکومەت لەو باوەڕەدایە ئەو بڕە پارەیە شایەنی بەخشینە، چونکە دەستگیرکردنی بارزانی سنوور بۆ هەموو شتێك دادەنێ**"[٢].

لەو بارەیەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی هەمان رۆژ بەیاننامەیێکی درێژیان دەرکرد بە ناونیشانی(دەستەی بەعسی فەرمانڕەوا جەنگێکی ناڕەوای دژی گەلی کورد بەرپاکرد) تێیدا بە درێژی باسی پێشهاتە سیاسییەکان و دانوستانەکان کردبوو، هاوکات ئاماژەی بە نیازی پێشوەختەی حکومەت دابوو، لە مەڕ سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان دا[٣].

هەر لە ١١ی حوزەیران سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف بە یاوەری وەزیری بەرگری و دادوەری سەربازی هەولێر و کەرکوك[٤]، سەردانی کوردستانی کرد، لە وتارێکیدا کە بۆ فەرماندە سەربازییەکان پێشکەشی کرد و گوتی: خۆم فەرمانداریێتی پرۆسەی شەڕەکە دەکەم و لە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕدا دەبم، هەموو تواناکان دژی (یاخیبووەکان) دەخەینەگەڕ[٥].

هەروەها بە هێزە سەربازییە گردبووەکانی هەولێر و کەرکوکی راگەیاند، بە هێز چارەسەری پرسی کورد دەکات و گوتی:"**رۆژگاری دیپلۆماسیی و ئارامی بەسەرچوو**"[٦].

هاوکات سیاسەتی سوتاندنی دێهاتەکان و راگواستن و بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و بە کردەوە دەستی پێکرد[٧].

جێگای باسە ئەو رۆژە لە هەولێر جموجۆڵی هێزەکانی حکومەت ئاسایی نەبوو، ژیانی خەڵکی شارەکە ئارام نەبوو، هێزەکانی سوپا و پۆلیس و حەرەس قەومی لە شارەکەدا دەسوڕانەوە، چاودێریەکی توند لەسەر تەواوی دانیشتوان هەبوو، هەڵمەتی پشکنینی گەڕەکەکانیش بە شێوازێکی چڕتر بوو لە پێشوو، بەگشتی نیگەرانی و رقی شارەکە لە جموجۆڵی سوپا هەست پێکراو بوو[٨].

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص ١١٩.

(٢) بۆ درێژەی شالاَوی بە عەرەبکردن بڕوانە باسی دواتر.

(٣) دینیس کوماروف،"البارزانی ونضال الاكراد الجنوبيين"، ماخوذة من كتاب البارزاني وشهادة التاريخ - مجموعة ابحاث وانطباعات للمؤلفين الكورد والروس، ترجمها عن الروسية: باقی نازی وعبدی حاجی، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٥، ص٧٢.

(٤) وەزیری بەرگری صالح مهدی عماش و دادوەری سەربازی سعید فتحی صقلی بوون. بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكوردية_دراسات ووثائق، تقديم: خليل علي مراد، دار سپيرێز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص٣٤٣.

(٥) المصدر نفسه، ص٣٤٣.

(٦) جريده خەبات، ع: ٤٦٩، حزيران ١٩٦٣.

(٧) جليلى جليل واخرون، المصدر السابق، ص ص٢٨١-٢٨٢.

(٨) دیدار لەگەڵ هەریەك لە : تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر؛ رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.

بەمشێوەیە هێرش و پەلاماری درندانەی بەعس بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و ئیتر هێزەکانی سوپایی و نانیزامییەکانی سەر بەحکومەت لە شەڕەکاندا، لە هەر سێ ناوچەی هەولێر و موسڵ و کەرکوك کەوتبوونە خۆ، لە ناوچەی هەولێر تەواوی فیرقەی دوو لە گەڵ چەکدارە بەکرێگیراوەکانی هۆزەکانی خۆشناو و برادۆستی و بەشێك لە هەرکییەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠٠ چەکدار بوو، لەگەڵ کەتیبەی تانکەکان کە ژمارەیان ٥٠ تانك بوو لە ئامادە باشیدابوون؛ لە موسڵیش فیرقەی یەك و هەر سێ لیواکەی لەگەڵ لیوایەکی سوریایی و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی زێباری و سورچی و شەرەفانی و ڕێکانی و بەرواری کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠٠٠ چەکدار بوو لەگەڵ پاڵپشتی ٥٠ تانك، لە کەرکوکیش لیوایەکی تەواو بە پاڵپشتی چەندین زرێپۆش و ٥٠ تانك بەشدار بوون[١].

هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە لیوای هەولێر لە دەڤەری سپیلك لە ژێر فەرمانی سەرهەنگ(عقید) کافی نەبەوی لە ٣ لق پێك هاتبوون کە ژمارەیان نزیکەی ٧٠٠-٨٠٠ پێشمەرگەبوو بوو، لە گەڵ هێزەکانی دەشتی هەولێر بە فەرماندارێتی هەریەك لە فارس باوە و برایمە فەندی ژمارەیان ١٢٠٠[٢] پێشمەرگە بوون و لەگەڵ هێزی ناوچەی سەفین بە فەرماندارێتی حەمەد ئاغای مێرگەسۆری هەمان ژمارەی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بوون[٣]، دەڤەری رواندزیش لەژێر فەرماندەی پێشەنگی روکن(مقدم رکن) عەزیز ئاکرەیی و کۆیەش بە فەرماندارێتی عومەر دەبابە بوو[٤].

بۆمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق لە کاتژمێر ٨ی بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بۆ سەر گوندی بارزان و دەوروبەری دەستی پێکرد[٥]، بەڵام شالاوی بەرفراوانی حکومەت بە پاڵپشتی تانك و تۆپ لە رۆژی ١١تا ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە بەردەوامی بۆ سەر ناوچەکانی شەڕەکە دەستی پێکرد کە لەم شوێنانە بوو:

١- شەڕی چوار ڕێیانی گۆمەسپان لە ١١ی حوزەیران بە پاڵپشتی فڕۆکە و زرێپۆش بۆردومانی ناوچەکانی کەسنەزان و گوندەکانی دەورووبەری کرد و زیانێکی زۆری بە دانیشوانەکە گەیاند، دوای رووبەڕووبوونەوە پێشمەرگە لە رۆژی دواتر توانی بگاتە چوار ڕێیانی دەربەندی گۆمەسپان.

٢- لە ئێشکگری گۆمەسپان پێشمەرگە توانی بەرپەچی هێرشەکە بداتەوە بەڵام لە ١٣ی حوزەیران سوپای حکومەت توانی مەخفەرەکە بگرێت.

---

(١) کافي محمد النبوي، المصدر السابق، ص ١٥٠-١٥١.

(٢) لە سەرچاوەکەدا نوسراوە ١٢٠١٠٠چەکدار، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوت هەڵەی چاپە.

(٣) کافي محمد النبوي، المصدر نفسە، ص١٥١.

(٤) هاوکار کریم حمە شریف، سەرچاوەی پێشو، ل١٧٧.

(٥) حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

٣- له رۆژی ١٤ی حوزەیران حکومەت لەشکرکێشی بۆ ناوچەی شاخاوی دێگەڵە کرد، پێشمەرگە توانیان سەنگەر لێبدەن، بەرپەچی چەند هێرشێکیان دایەوە، بەڵام بەهۆی فرۆکە و زریپۆش و نا هاوسەنگی هێز لە رۆژی ١٧ی حوزەیران توانیان دێگەڵە بگرن.

٤- له رۆژی ١٨ی حوزەیران هێزەکانی حکومەت بە رێگای دێگەڵە کەوتنە رێ بەرەو کۆیە، هەرچەندە لە ناوچەی (باوەقوب) و (تۆبزاوە) دووچاری بەرگریەکی سەخت هاتەوە، بەڵام لە ٢٣ی حوزەیران حکومەت دوای کوشتار و زیانێکی زۆر توانی بگاتە کۆیە[١].

دەربارەی هێرشەکە موحسین دزەیی دەنوسێت:"هەر لە بەرەبەیانی ئەو رۆژە سوپا لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە جوولا، بەدرێژایی ئەو رێگا ڤیرتاو نەکراوەی نێوان هەولێر-کۆیە کە نزیکە ٧٠ کیلۆمەترە، شەڕێکی خوێناوی رویدا و ١٢ رۆژی خایاند، دوای ٢-٣ رۆژ هێزەکانی حکومەت لە دەربەندی گۆمەسپان و دێگەڵە کە دوو شوێنی شاخاوی سەختن سەرەڕای جیاوازی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لە رووی جۆری چەك و ژمارەوە تا گەیشتنە کۆیە دوژمن زیانێکی زۆری بەرکەوت"[٢].

هێزەکانی حکومەت لە ٢٢ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەرەو شارۆچکەی کۆیە پێشڕەوی کرد و رۆژی دواتر گەیشتە شارۆچکەکە، لە ترسی رێککاریەکانی حکومەت دانیشتوانەکەی بۆ دەرەوەی شارەکە رایانکرد، هەرچەندە حکومەت لێبوردنی گشتی بۆ دانیشتوانەکە دەرکرد و بەڵێنی پێدان گیانیان پارێزراو دەبێت و ژمارەیەك بەدەنگ بانگەوازەکە هاتن و گەڕانەوە ماڵەکانیان[٣]، بەڵام حکومەت لە ٧ی تەموزی ١٩٦٣ بە فەرمانی ئەفسەر تەها شەکرچی کەوتنە وێزەی هاوڵاتیانی بێتاوانی شارەکە و هەڵمەتی پشکنین راوەدوونان و دەستگیرکردن دەستی پێکرد و بە تۆمەتی پاڵپشتی کردنی شۆڕشی کورد ئەو رۆژە زیاتر لە ٨٠ کەس دەستگیرکرا[٤].

دوای ئەوەش بە بەرچاوی خەڵکەوە ٩ هاوڵاتی لە دینگەکانی ناو شار بەستران و گوللەباران کران بە ناوەکانی: محەمەد وەهاب ئاغا، مەلای شێخ تایەر قایەچی، سولەیمان حەمەد قاوەچی، حەسەن شەریف، حوسێن شەریف، ئۆمەر شەریف، شەفیق حەمە ئۆمەر چایەچی، حەمەدەمین ئەحمەد ئاغای باخچەوان، حەنا یوسف تۆما و یوسف حەنا عەبدولکەریم (لە مەسیحیەکانی هەرمۆتە) بوون، چەند کەسێکی تریش دەستگیرکران لەوانە کەمال رەشید حەوێزی (مامۆستا) و عەبدولڕەحمان ئەسعەد چەلەبی و کوڕەکەی بە ناوی جاسم گیران و کوژران، هەروەها ئافرەتێکیش بەناوی منیرە تاهیر لەگەڵ منداڵێکی یەك ساڵە لەبەر دەرگای ماڵی خۆی گولله باران کران[٥].

---

(١) جەودەت ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢-١٣.

(٢) محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ٣٧.

(٣) سعيد حمو، مذكرات آمر لواء مشاة، مطبعة التوجيه السياسي، بغداد، ١٩٧٧، ص٧٢.

(٤) تۆفیقی مەلا سدیق، بیرەوەریەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی و دوورخرانەوەم، سلێمانی، ١٩٩٤، ل ٦٥.

(٥) تۆفیقی مەلا سدیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

دیاره تەها شەکرچی خۆی سەرکردایەتی هەڵمەتەکە و سەرپەرشتی سوتان و کاولکاری شارەکەی دەکرد، لە کۆیە کۆشکی کاکە زیادی غەفوری سوتاند[١].

بە گوێرەی راگەیاندراوێکی پارتی پاڵپشت بە بروسکەیەکی موتەسەریفی هەولێر لە کاتی چوونی سوپا بۆ ناو شارۆچکەی کۆیە شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە شارەکە روویدا، ٢٠٠ کەس کوژران[٢]، پێدەچێت ئەو ژمارەیە تەنها لە شەڕی شارۆچکەکەدا نەبێت و زێدەڕۆیی تێدابێت، بەڵکو لەوانەیە کۆی کوژراوانی حکومەت بێت لە هەموو شەڕەکان کە ١٢ رۆژی خایاند.

دوابەدوای داگیرکردنی کۆیە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و هێڵی بەرگری لە چیای هەیبەت سوڵتان دامەزراند، هێزێکی تری پێشمەرگە لە بنکەی پیرەدەوە هات و بوونە دوو کۆمەڵە یەکێکیان بە فەرماندەی فارس باوە بوو ئەوەی تریش بە فەرماندەی مام وسو دزەیی بوو، دوای شەڕێکی ٣ رۆژەی خوێناوی بەدەیان و سەدان کەس لە هێزی حکومەت کوژران، بەڵام بە هۆی جیاوازی توانا سەربازیەکان و نەمانی فیشەك و ئازوقە، هێزی پێشمەرگە شکا و چیاکەش داگیرکرا و هێزەکەی دەشتی هەولێر پەڕاگەندە بوو، پێشمەرگەیەکی دەشتی هەولێر بەناوی حەمید مەولود دیبەگەیی ناسراو بە (عەریف حەمید) گیانی سپارد، کە دواتر تەرمەکەی کەوتە بەردەستی سوپا و چەکدارانی رژێمی بەعس، ئەو کاتە پێشمەرگە و حەیران بێژی میللی حەسەن حەیران[٣]خۆی بەشدار و شایەتی رووداوەکە بوو، لاوکێکی هۆنییەوە و پاشان لاوکەکە تۆمار کرا و تەواوی وردەکارییەکانی تێدابوو[٤].هەروەها هەر لەم شرەدا حوسێن باوە و پێشمەرگەیەکی دیکە بریندار بوو[٥]

---

(١) بەرنامەی کاکەزیاد ئاغای غەفوری، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، رۆژی ٢٠١٣/١٠/٢٢ کاتژمێر ١٠ی شەو پەخشکرا.

(٢) انتصارات رائعة للثوار الكردستانيين وانهزام فلول فرسان الخيانة والاجرام وقوات حكومة البعث امام ضربات الثوار، مكتب الدعاية والنشر للحزب الديموقراطي الكردستاني، ع:٦، ١٩٦٣/٧/٧.

(٣) حەسەن قادر خەلیل ناسراو بە (حەسەن حەیران) ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەللخێمی گەورەی دەشتی هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، لە زۆربەی شەڕەکان بەشداری کردووە، تا گەیشتووەتە پلەی سەرلق لە هێزی دەشتی هەولێر، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران دەبێت، هەر لەگەڵ پارتی دەمێنێتەوە و بەشداری شۆڕشی گوڵان دەکات، ١٩٨٤/٧/١٦ بە رووداوی ئۆتۆمبێل لە ئێران کۆچی دوایی کردووە. دیدار لەگەڵ ئەمیر حەسەن حەیران رۆژی ٢٠١٦/٦/٦ لە هەولێر.

(٤) لاوکی دەڵێ لێ وایێ تا ئێستاش ناوبانگێکی زۆری هەیە لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٧١ تۆمارکرا لە بەشێکی لاوکەکە هاتووە: ئەوەلی گوللە لە سینگی حەمیدێ فڕکەفڕکێ خینێ بەردا سەر شانان و رەگیزی رەشاشان..لەسەر قۆڕیی وی داگرتن بە مەخزەن و رەشاشان ئاگردانە..میسالێ گەرایێ داری هاوینە لە لەشکرێ میری دێخستن بەر مەیدانە ..ئەوجا حەمیدۆ دەبێ حەیفێ کوشتنێ خۆ دانیمە..حەیفێ من دەمینێ گۆلێ برینێ.شەهیدێ کوردستانێ گەلەگەلە خۆڵە خین تێزانە... بۆ گوێگرتن لە لاوکەکە لە ئینتەرنێت برۆ سەر ئەم لینکە لە یوتیوب: https://www.youtube.com/watch?v=ck3QGr9K1vw دیدار لەگەڵ ئەمیر حەسەن حەیران، رۆژی ٢٠١٤/٥/١١ لە هەولێر.

(٥) دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مەلاقەرە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی پەیوەندی خانەوادەکەی بە پێشمەرگەوە نەیتوانیووە درێژە بە خوێندن بدا پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستان کردووە، دوای بینینی خولێکی راهێنانی سەربازی لە دەرەوەی کوردستان، دواتر گەڕانەوەی ساڵی ١٩٧٢ پلەی سەرلقی وەرگرتووە، تا نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە، دواتر بە پلەی فەرملندەی هێز بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە،

بەمشێوەیە دوای بەرگرییەکی زۆر سوپا توانی شوێنی ستراتیژی هەیبەت سوڵتان داگیربکات و توانی لە درێژەی شالاوە سەربازییەکانی بۆ سنووری لیواکە، چیای سەفینیش داگیر بکاتەوە کە پێشتر لە ١ی ئەیلولی١٩٦٢ سەرتاپا لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کرابوو[1].

جێگای ئاماژەیە حکومەت لە راگەیاندنەکانی خۆیدا درندەیی و تاوانکاریەکانی سوپای عێراقی بە کاری پاڵەوانانە ستایش کرد و (ئەحمەد حەسەن بەکر) ی سەرۆك وەزیران، لە ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ بۆ مەبەستی پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی سوپا سەردانی یەکەکانی سەربازییەکانی کرد لە کۆیە و دەستخۆشی لێکردن[2].

دوابەدوای ئەوە شەڕێکی گەورە لە ٢٩ی حوزەیران لە دەربەندی کۆڕێ روویدا و لە ئەنجامدا هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد و لە شەقلاوە و دەشتی هەریریش نەیانتوانی هێڵی بەرگری بپارێزن و داکۆکی بکەن، ناچار پێشمەرگە بە فەرماندارێتی عەقید کافی نەبەوی سەنگەربەندیان لە سپیلك دامەزراند، دوای هێرشێکی گەورەی سوپای حکومەت بە پاڵپشتی جاشەکانی هۆزی سورچی لە ١٣ی تەموز توانیان ناوچەکە و چیای کۆڕەکیش داگیربکەن و هێرشی گەورەی سوپای حکومەت بۆسەر بارزان بە هاوکاری جاشەکانی زێباری و سورچی و گۆران و هەرکی و شەرەفانی و ئێزیدی و کۆچەر و بەرواری لە ٣١ی تەموزدا دەستی پێکرد، دوای زنجیرەیەك شەڕو پێکدادان و بۆردوومانی خەستی ناوچەکە، لە ئەنجامدا چەندین پێشمەرگە گیانی سپارد و سەدان کوژراوی حکومەتی لێکەوتەوە، دوای بەرگری زۆری پێشمەرگە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول ناوچەکەیان داگیرکرد[3] دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی ئاب ناوچەی بارزان داگیرکرا و پاشان سوپای عێراق گەیشتە زێبار و داگیری کرد[4]، بەمشێوەیە حکومەت بە پاڵپشتی جبەخانە و تانك و تۆپخانە و باڵەفڕەکان و توانا سەربازییەکانی خۆی بە هاوکاری چەکدارە بەکرێگیراوەکانی توانی ناوچەیەکی فراوان داگیر بکاتەوە.

جێگای باسە هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ پاڵپشتی شۆڕشی کورد بوو، لە ١١ی حوزەیرانی١٩٦٣ بەیاننامەیەکی پشتگیری بۆ خەباتی گەلی کورد دەرکرد، داوای لە ئەفسەران و سەربازانی سوپا کردبوو بچنە ریزی کۆمەڵە میللیە چەکدارەکانەوە بۆ روخاندنی رژێم هاوکات داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتووی دژی دەسەلاتی بەعس کردبوو، لە هەولێریش بەیاننامەکە دەنگدانەوەی هەبوو[5].

---

دوای راپەڕینی ١٩٩١ لە دامەزرانی یەکەم پێکهاتەی وەزارەتی پێشمەرگە هەرێمی کوردستان، پلەی فەرماندەی لیوای ٣٠ وەرگرتووە، دواتر لە ٢٠٠٤ بەرپرسی فەرماندەی هەولێر بووە، لە مانگی ٢٠١٣/٢وە خانەنشینە بە پلەی فەریق و لە هەولێر دەژیت.

(١) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

(٢) سعيد حمو، المصدر السابق، ص ص٣٢-٧٣؛ عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية ..، ص٣٤٥.

(٣) بۆ درێژە و وردەکاری شەڕەکە بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەو...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل١٣٤-١٤٤.

(٤) فەرەیدوون نووری، بزافی بارزانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٠٦.

(٥) عالیە عوسمان مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ژیانی جەمال حەیدەری، گۆڤاری بیری نوێ، ژ: ٢٧، ساڵی ٢٠٠٠، ل٩٧؛ دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد ٢٠٠٩/١/٢٥، لە هەولێر.

له ماوەی شەڕدا یەکێك لەو هۆکارانەی ڕۆڵی زۆری بینی بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر و زانین و گەیاندنی هەواڵ و دەنگ و باسی شۆڕش، دامەزرانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو[١].

شیاوی باسە لە ٢٠ ی ئابی ١٩٦٣ ئێزگەکە وەکو سەکۆیەك بۆ دەربڕینی هیواو ئامانجی نەتەوەیی گەلی کورد و نەهامەتی و مەینەتییەکانی کورد و گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکانی شۆڕش و پوچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنی حکومەت کەوتەکار و دەستی بە پەخشکرد[٢].

دیارە ئەوە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە بواری توانای ئەلیکترۆنیدا، بۆ دامەزراندنی ئێزگەکە کەسایەتی هەولێر عەبدولخالق مەعروف[٣]بوو.

دواتر هەر خۆشی بووە بەرپرس و سەرپەرشتیاری کاروباری تەکنیکی و هونەری و بەرەوپێشبردنی ئێزگەکە[٤].

هەر لەو ماوەیەدا یەکەمین سروودی شۆڕشگێڕی لە شیعری مەدحەت بێخەو (١٩٣٤-؟)بە دەنگی فوئاد ئەحمەد (١٩٣٢-٢٠٠٤) بە ناوی (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین-نیشتیمان ئازاد ئەکەین لە خوێن مژین) تۆمارکرا و لە ئێزگەکە پەخش کرا و تەنانەت لەبەر گڕوتین و جۆش و خرۆشی دەنگ و ئاوازەکە

---

(١) دیدار لەگەڵ بارزان مەلا خالید ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مورتکەی گەورەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە مورتکە و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٦٦ دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە بێژەر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، دوای ڕاپەرین دەبێتە ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم، پاشان لە ١٩٩٣-٢٠٠٦بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە، ئێستا ئەندامە لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و خاوەنی کۆمەڵێك وتار و نووسین و بەرهەمی سیاسییە، لە هەولێر دەژیت.

(٢) جریدە خەبات، ع: ٣٧٠، ایلول ١٩٦٣.

(٣) عەبدولخالق مەعروف لە ١٩٣٥/١/١له ناحیەی کەندێناوەی سەر بە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی ئاینی دایك بووە، دوای خوێندنی سەرەتایی خوێندنی ئاینی لە کەندێناوە و دەوروبەری تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٤چۆتە میسر و داواکاری پێشکەشی زانکۆی ئەزهەر کردووە، بە لام بە بیانووی نەبوونی بڕوانامەی فەرمی دان پێدانراو داواکەی پشت گوێ خراوە و گەڕاوەتەوە و لە بەغدا لەلایەن مامۆستایان حەسەن قزلجی و عەلائەدین سجادی دەستی بە خوێندن کردووە، لە نیسانی ١٩٥٦له تاقیکردنەوە دەرچووە و بووەتە ئیمام تابور لە سوپای عێراقدا، هەمان ساڵ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٩٥٧-١٩٦٠ لە بەغدا خەریکی کاری ئەلەکترۆنی و کارکردن لە سەر ئێزگە و ڕادیۆ بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ بەغدای جێهێشت و لە کۆیە پەیوەندی بە شۆڕشی کورد کرد، لە ساڵی ١٩٦٧لەلایەن حکومەتەوە دەگیرێت و لە ساڵی ١٩٧١ شۆڕش ناردیە چیکۆسلۆڤاکیا بۆ خوێندنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و ساڵێك مایەوە، جگە لە بواری زانستی لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتیشدا نوسەرێکی بە توانا بوو، لە گرنگترین کتێبەکانی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردی) دا بوو کە تۆمەت و بیانوی دژایەتی کردنی ئاینی ئیسلامیان خستە پاڵ و بووە هۆی سەرەکی تیرۆر کردنی لە ١٩٨٥/٤/١٠دا. بڕوانە: عەبدولخالق مەعروف ئەو چرای خوێنەی بە گەردنی مێژوودا هەڵواسراوە. گۆڤاری ڕۆڤار، ژ: ١٧، چ: ٢، ل ل٢-٤.

(٤) عەبدولخالق مەعروف ئەو چرای خوێنەی بە گەردنی مێژوودا هەڵواسراوە. سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

**به فەرمانی بارزانی کرایە مارشی رادیۆکە لەگەڵ دەستپێکدا، راستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی پارچە مۆسیقای (چەمی رێزان) لێدەدرا[١].**

**وەك دیارە شیعری یەکەمین سروودی نەتەوەیی و مارشی شۆڕش و گوتنەوەی سروودەکە لەلایەن دوو کەسایەتی هەولێر، هێما و نیشانەیەکی دیکەیە و بۆ بەشداری و رۆڵی کەسایەتییە رۆشنبیرییەکان و دەتوانین بیخەینە خانەی نەخشی هەولێرییەکان لە نێو خزمەتی هونەر و ئەدەبی بەرگری شاخدا.**

**بەعسییەکان هەمووی سوپای خۆیان سەرقاڵی شەڕی کوردەکان کرد و خۆشیان بە پاڵپشتی حەرەس قەومییەکان لە بەغدا تەنها حوکمڕان بوون[٢].**

**بەمشێوەیە حکومەت هەموو هێز و توانا سەربازییەکان و ئامێرە جەنگییەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد و فەرامۆشکردنی دۆزە رەواکەی و سڕینەوەی ناسنامەکەی، جەنگێکی کاولکاری نا بەرانبەری سەپاند.**

---

(١) دیدار لەگەڵ مدحەت بێخەو رۆژی ٢٠١٣/١١/١، لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٣٤ لە هەولێر لە دایك بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، بە هۆی هەڵوێستی نیشتمانی لە سەردەمی پادشایەتیدا چەند جارێك گیراوە و زیندانی کراوە، خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی(شیعر و نووسین)ە، لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ژمارەیەك پۆستی حکومی پێ سپێردراوە، لەوانە راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری بووە، ساڵی ٢٠٠٣خانەنشن بووە، ئێستا لە هەولێر دەژیت.

(٢) مطاع صفدي، حزب البعث - ماساة المولد ماساة النهاية، منشورات دار الاداب، بيروت، ١٩٦٤، ص٣٠٣.

## باسی پێنجەم: چالاکیەکانی پێشمەرگە لە هەولێر و دەوروبەری لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمی شەڕی سەپاوی بەعسییەکان.

دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە بارودۆخی ناو شاری هەولیر و رۆڵی هەولێریەکان و چالاکیەکانی پێشمەرگە بکەین لە ناوەوە و سنووری لیواکەدا، سەرەڕای ئەو هەڵمەت و شالاّوە بەرفراوانەی لە تەواوی کوردستان و سنووری لیواکەدا بەرپای کرد، بەلاّم پێشمەرگە دەستبەرداری چالاکیەکان نەبوو، بەڵکو هەمیشە بەهۆی رێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار و هاوکاری دانیشتوانەکەی کە ئاسانکاریان بۆ کردون، بەئاسانی چالاکیە سەربازیەکانیان ئەنجام داوە و پەیامی خۆیان بە دام و دەزگاکانی دەسەلاّتداران لە شاردا گەیاندووە.

سەبارەت بە چالاکییە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنووری لیوای هەولێر لە بلاّوکراوەی دەنگ و باسی شۆڕشی کوردستان هاتووە "دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەولێر لە رۆژی ٦ی تەمووزی ١٩٦٣ کاتژمێر ٨:١٥ خولەکی بەیانی پەلاماری شەمەندەفەری نێوان هەولێر-کەرکوکیان دا، توانیان زیانێکی زۆر بە هێزەکانی حکومەت بگەیەنن، ٣ فارگۆنی شەمەندەفەرەکە هێزی پۆلیس و سەرباز بوون، دوای هاتنی هێزێکی زۆری حکومەت شەڕێکی سەخت روویدا، لە ئەنجامدا ١٥ سەرباز و ٣٢ پۆلیس لەگەڵ دوو ئەفسەر بە پلەی جێدار (ملازم) و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر کوژران"[١].

لە دوو رۆژی دواتر لە ٧و٨ی تەمووزیشدا دووبارە هێزێکی تر هێرشی بردە سەر شەمەندەفەری نێوان کەرکوك هەولێر لە ئاڵتون کوپری توانیان ٤٠ کەس لە پاسەوان و پۆلیس و فەرمانبەرانی حکومەت بەدیل بگرن[٢].

لە ماوەی دواتردا هێزەکانی پێشمەرگە بە فەرمانداریێتی برایمە فەندی لە ١٦ی ئابی ١٩٦٣ لە دەشتی هەولێر لە گوندی بنەسلاوەی گچکە فڕۆکەیەکی جەنگی سوپای عێراقیان خستە خوارەوە و چالاکییەکە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە[٣].

هەر ئێوارەی هەمان رۆژ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەوی ١٦ لەسەر١٧ی ئابی ١٩٦٣دا توانیان بێنە چواردەورەی شاری هەولێر و گورزێکی باش لە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی حکومەت و هێزەکانی حەرەس قەومی بدەن، دوای ئەوە شەو هاتنە ناو شەقامەکانی هەولێر و تەقەیان لە هێزەکانی حکومەت و ئێشکگرەکانی ناو شار کرد، ئەو هێزەش لە پۆلی شەهید (حەسەن ئیسماعیل) بوو، بە تەقەکردن هێزەکانی حکومەتیان راونا و بەدەم هاواری بژی کورد و کوردستان و بژی پێشمەرگە بە ناو شەقامەکانی هەولێر سوڕانەوە[٤].

---

(١) وەرگیراوە لە: شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

(٢)هەمان سەرچاوە، ل١٧٠؛ عەلی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، ب: ٣، چ: ٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٧١.

(٣)شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(٤) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.

جێگای باسە ڕۆڵی کەسایەتییەکانی شاری هەولێر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و قوربانیدان پێشەنگ بووە، بۆ نموونە: مەئمون دەباغ لە ٢٧ی تەموزی ١٩٦٣ لە ناوچەی بازیان لە ئەنجامی هێرشی سوپای عێراقی گیانی سپارد[١].

جێگای ئاماژەیە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆی بەغدا هەواڵەکە لە شێوەی مۆژدەیەك بڵاوکرایەوە، لەگەڵ زانینی هەواڵەکە خەڵکێکی زۆر بە لێشاو لە دۆست و هاوڕێ و ناسیاوەکانی شار بۆ سەرەخۆشی و دڵدانەوە بەرەو ماڵەکەیان چوون[٢].

هەر لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی پێشمەرگە بەردەوامیان هەبوو، لە ٢٦ی ئەیلولی١٩٦٣ پۆلێك لە پێشمەرگەکانی هەولێر بە فەرماندەیی ئیبراهیم ئەفەندی هاتە ناو شار و هێرشی بردە سەر هەندێك چەکداری بەکرێگیراوی حکومەت و لە ئەنجامدا ٣ چەکداری بەکرێگیراویان بە چەکەکانیانەوە دەستگیرکرد و هێرشیان بردەسەر دێی باداوە کەبارەگای چەکدارە بەکرێگیراوەکانی لێبوو، لەوێش ٥ جاشیان بەدیل کرد و ٢ ئۆتۆمبێلی لۆریان سوتاند و ٣٠٦سەرمەڕیشیان بۆ پێشمەرگە بردەوە [٣].

چەند ڕۆژێك دواتر لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ هێزێکی پێشمەرگە لە ڕێگای هەولێر بەرەنگاری ٤ ئۆتۆمبێلی چەکدارانی حکومەت بوونەوە، توانیان ٣٤ جاش بە دیل بگرن و ٣٠ تفەنگ و ٧ دەمانچە و ٢ دووربین و ٢٢٠٠ فیشەکی ئینگلیزی و ٤ ئۆتۆمبێل، وەکو دەستکەوتی شەڕەکە ببەن[٤].

لە ڕاگەیاندراوێکی دیکەوە ئاماژە کراوە، هێزێکی پێشمەرگە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ هێرشی کردە سەر ڕەبیە سەربازیەکانی حکومەت لە ناوچەی خانزاد و مەلائۆمەر (ڕێگای هەولێر-پیرمام) توانیان ٣ سەرباز بەدیل بگرن و ١٠ بارگیر و ٣ تفەنگیش وەکو دەستکەوت بە دەست بێنن[٥].

هێزێکی حکومەت لە بەرانبەر چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، لە شەوی ١٩/١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بە پاڵپشتی نزیکەی ٦٠٠ چەکداری جاشە بەکرێگیراوەکانی کورد ئابڵوقەی گوندی (سابلا)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی نزیك هەولێریان دا، لەگەڵ ئەوەی هێزێکی کەمی پێشمەرگەی لێبوو، بەڵام توانیان هێزەکانی حکومەت بوەستێنن و سەرقاڵیان بکەن تا هێزێکی تری پێشمەرگە بە فریای هێزە ئابڵوقەدراوەکە گەیشت و توانیان پاشەکشە بە هێزەکانی حکومەت بکەن و لاشەی (٤٠) کوژراو لە سەرباز و جاشەکان و ئەفسەرێکی باڵا بە پلەی پێشەنگ لە مەیدانی شەرەکە بەجێما و دەستکەوتی پێشمەرگەش ١٠ تفەنگی ئینگلیزی و دوو ئۆتۆمبێلی گەورەی تایبەت بە کۆمپانیای نەوت بوو، لە هێرشی

---

(١) جریدە الجماهیر، ع:١٥٦، ٢٧ تموز ١٩٦٣.

(٢) ویداد خالیس ئەلقازی، چەند وێستگەیەکی تەمەنم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥١؛ ئازاد عوبێد، خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئمون دەباغ ١٩٣٦-١٩٦٣ توێژینەوەکی مێژووییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٩٩-١٠٠.

(٣) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠-١٩١.

(٤) دەنگ و باسی پێشمەرگە ژمارە (٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١.

(٥) بلاغ صادر من القیادة العامة لفصائل الانصار الوطنیة في کردستان عن تطور المعارك من ١٠/١٧الغایة ١٩٦٣/١١/٢٤، وەرگیراوە لە: شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

هێزە بەهاناوە هاتوەکەش ٤ جاش و ٥ پۆلیس کوژران و یەکێکیش بریندار بوو، پێشمەرگەیەکیش گیانی سپارد[١].

ئەو شەڕو و چالاکییانەی پێشمەرگە بەردەوامی هەبوو، هاوکات حکومەتیش لە ماوەی ئەو شەش مانگەی دواییدا لە ١١ی حوزەیرانەوە تا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ئەوەی هەیبوو لە چەك و توانا و پاڵپشتیەکانی دەرەوە لە دژی کورد بەکاری هێنا، کوردەکانیش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرگریان لە شۆڕشەکەیان کرد[٢].

جێگای ئاماژەیە چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناو شارەکەدا ببوونە جێگای باس و خواسی دانیشتوانی شارەکە و لەکاتی روودانی هەر چالاکیەکدا، بازاڕ و کوچە و کۆلأنەکان جۆرێك لە جموجۆڵ و گردبوونەوەی تێدەکەوت، هاوکات حکومەتیش زۆر جار راستەوخۆ هێزەکانی لە ناو شەقامە سەرەکیەکانی شارەکە دابەش دەکرد و جۆرێك لە نمایش و خۆدەرخستنی پێوەدیاربوو[٣].

دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەعس توانیبووی بە زەبروزەنگ و دڕندەیی خۆی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و لەو ماوەیەدا ناوچەیەکی زۆر بگرێتەوە، بەلأم هێزەکانی پێشمەرگە لە جموجۆڵ و چالاکیەکانی خۆیان لە سنووری لیوای هەولێر نەکەوتون، بەڵکو بە شێوەیەکی پچڕپچڕ چالاکییە پارتیزانییەکان بەردەوامی هەبوو، پێشمەرگەکان هەموو جۆرە دەرفەتێکیان بۆ لێدان و چاوترساندنی دوژمن دەقۆستەوە.

---

(١) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٢) کافی محمد النبوی، المصدر السابق، ص١٨٤.

(٣) ئەسعەد خدر گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ١٥.

## باسی شەشەم: سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر

پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لە دەشتی هەولێردا پێش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دۆستانە و برایانە بوو، تەنانەت جگە لە دۆستایەتی، لە ناوچەکەدا پەیوەندی خزمایەتی ژن و ژنخوازی لە نێوان هەندێ بنەماڵەی ئەو دوو نەتەوەیەدا بەردەوامی هەبوو[١].

لە رووی کلتور و داب و نەریتەوەش کوردەکان لە دەشتی هەولێر لە عەرەبەکان پێشکەوتووتر بوون، عەرەبە کۆچەرەکانی سنووری دەشتی هەولێر لە رووی جەستەییەوە زیاتر لەرۆلاواز و پێخواس بوون لە رووی پاك و خاوێنی و خوێندەواریشەوە، بە بەراورد لەگەڵ کوردی ناوچەکە دواکەوتووبوون، لە گوندەکانیان پیاوی ئایینییان نەبوو، تەنانەت لەبەر ئەوەی زانای ئایینییان کەمبووە، بۆ ژن مارەکردن هانایان دەهێنا بەر مەلا و مامۆستا ئایینیە کوردەکانی گوندەکانی دەشتی هەولێر و هەمیشە هاوکاریان دەکرا، واتە دۆستایەتی و یەکسانی و تەبایی نێوان کورد و عەرەب لە دەشتی هەولێردا بە شێوەیەکی ئەرێنی رەنگدانەوەی هەبوو، بەڵام لە ماوەیەکی کورت لە دوای کودەتای یەکەمی بەعس رەوشەکە بەرەو ئاقارێکی تر چوو، زۆرێك لە عەرەبەکان بە هاوکاری دەسەڵات خۆیان سەپاند و بوونە خاوەن ماڵ لە دەڤەرەکەدا و رەوتی مێژوویی پێکەوەژیانیان خستە مەترسیەوە[٢].

کاتێك بەعسییەکان هاتنە سەر دەسەڵات و هەموو شێوازێکیان پیادەکرد و بەرنامەرێژیان کرد بۆ سەپاندنی هزری ناسیۆنالیستانەی خۆیان و زاڵبوونیان بەسەر پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق، بۆ ئەو مەبەستە لە لیوای هەولێر بەتایبەتیش لە ناوچەی دەشتی هەولێر سیاسەتی بەعەرەبکردن دەستی پێکرد، بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر پاڵپشتی و هاوکاری دەکردن، کە پەیوەندی بەردەوامی بە هۆزە عەرەبە کۆچەرەکانی ناوچەکە هەبوو.

هێشتا دانوستانەکان لە ئارادابوون و حکومەت سیاسەتی کاتکوشتنی لەگەڵ نوێنەرانی شۆڕشی کورد پیادە دەکرد، کەوتبووە پەیوەندی کردن بە هەندێ لە سەرۆك هۆزەکانی عەرەب و بەکرێگیراوانی کوردەوە، لە ئەندامانی هۆزەکانیش دەستەیەکی چەکداری بۆ پێکهێنابوون، بۆ کوردەکان نازناوی سوارچاکەکانی سەلاحەدینی (فرسان صلاح الدين) پێبەخشیبوون (بە گەڕانەوە بۆ سەرکردەی کورد سەڵاحەددین ئەیووبی) بۆ عەرەبەکانیش نازناوی سوارچاکەکانی خالیدی کوڕی وەلیدی (بە گەڕانەوە بۆ سەرکردەی عەرەب خالیدی کوڕی وەلید) پێبەخشیبوون[٣].

---

(١) لە زۆربەی دیدارەکاندا ئەوە دووبارە کرایەوە، دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ رەنگدانەوەی برایەتی کورد و عەرەب لە گۆرانیەکی گۆرانی بێژ (احمد خليل) و لە شیعری (زاهد محمد زهدی) دەردەکەوێت بەناوی (هەربژی کورد و عەرەب رمز النضال) ئەوکاتە لە ئێزگەی بەغدا رۆژانە پەخش دەکرا، ئەو کاتە هیچ ناتەباییەك لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا نەبوو، بەڵکو بەرەی ناوەخۆ تا ئاستێك بەهێز بوو لە بەرانبەر تەوژمی نەتەوایەتی لەو ماوەیەدا.

(٢) مەعروف عومەر سلێمان، دەستنوسێکە دەربارەی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر، دانەیەك لای توێژەر پارێزراوە ل٢٠.

(٣) جريده الجماهير، ع: ١٣٩، ١١ تموز ١٩٦٣.

هەڵمەتی بەعەرەب کردن و نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکانی لیوای هەولێر و کەرکوك و ناوچەی خانەقین بەشێوەیەکی ئاشکرا دەستی پێکرد و بۆ بەرەنگاربوونەوەی کوردەکان، هەموو دەسەلاَتێکی رەهایان بەو هۆزە کۆچەر و هێزە نانیزامیانە بەخشی بوو [١].

دوای کودەتاکە کەمتر لە مانگێك هەر لە رۆژانی ٢ و ٣ ی ئازاری ١٩٦٣ هێرش و پەلاماری هۆزە عەرەبەکان بە پاڵپشتی هێزی لیوای چوارەمی سوپای عێراقی بەردەوام بوو بۆ ناوچە کوردیەکان، بە تایبەتی لە قەزای مەخموری سەر بە لیوای هەولێر ٩ گوندیان سوتاند و چەندین کەسی بێتاوانیان کوشت و دەستیان بە تالاَنکاری ماڵ و سامانی گوندنشینان کرد و هۆزەکانی عەرەبیان لە ناوچەکە جێنشین کرد [٢].

جێگای ئاماژەیە حکومەت سیاسەتی زەوی سوتاندنی پیادە دەکرد، بە تایبەتی لە هێرش و پەلامارەکانی حەرەس قەومییە کان لە ١٣-٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بۆ سەر گوندەکانی دەشتی هەولێر بە تایبەتی ناوچەی کەندێناوە، جگە لە کوشتن و ئازاردان سەدان کەسیان دەستگیرکرد و هاوکات بە بیانوی گەڕان بەدوای چەك و رادەستکردنی پێشمەرگە، هەرچی ئازوقە و گەنم و جۆ و داهاتی جوتیارانی ناوچەکە هەبوو، کیرۆسین (نەوتی رەش)یان بەسەر داکرد و ئاگریان تێبەردەدا، هاوکات هەزاران سەرەمەڕ و ماڵاَتی شوان و جوتیارانیان بە تالاَن برد [٣].

دەسەلاَتدارانی بەعس ئامادەبوون هەموو شتێك بکەن لە پێناو فەوتاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان و نەهێشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی و گەنمی عەنبارکراوی دێهاتەکان و یەدەگی پێداویستی رۆژانەی هاولاَتیان و پەڕاگەندەکردنی خەڵکەکە لەزێدی خۆیان، هاوکات بڕیاری لەناوبردن و تالاَنکردنی مەڕوماڵاَت و بەروبوومەکانی کوردستانیان دابوو، بۆ ئەوەی بارزانی و شۆڕشی کورد توانای دابینکردنی ژیان و گوزەرانی شۆڕشەکەی نەبێ [٤]. لەم چوارچێوەیەدا چەکدارە نانیزامیەکانی هۆزە گەورەکانی عەرەبی وەکو شەممەر و جبوری هێنا بوو، ئەو هۆزانە ببوونە هێزێکی ستەمکار لە ناوچەکەدا و هەزاران برە موچەی دیاریکراویان [٥] بۆ سەرۆك هۆزەکانیان تەرخان کردبوو لە ژێر پەردەی دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانی بەکاری دەهێنان [٦].

بێگومان جێبەجێکردنی داخوازی هۆزە عەرەبەکان لە پێدانی موچە و برێکی زۆر چەك و ئازوقە و تەقەمەنی و کۆکردنەوە و کڕینی هۆزە کوردیەکان، بووە هۆی هاندانیان و بەکارهێنانیان دژی شۆڕشی

---

(١) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٢) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٢٣٤-٢٣٥؛ شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص ١٠٨.

(٣) دیدار لەگەڵ نیعمەت عەبدولاَ رۆژی ٢/١٠/٢٠١٢ لە هەولێر.

(٤) علي کریم سعید، عراق٨ شباط ١٩٦٣ من حوار مفاهیم إلی حوار الدم، مراجعات في ذاکرة طالب شبیب، بیروت، ١٩٩٩، ص ص٢٦٥-٢٦٦.

(٥) ئەو سەرۆك هۆزانە بەناوی پۆلیسی نانیزامی لە سەرەتای شۆڕشی کوردەوە موچەی دیاریکراویان بۆ بڕابووەوە، بەگوێرەی ئامادەکردنی ژمارەی چەکدارەکان پارەیان بۆ تەرخانکرابوو، بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، الحرکة القومیة...، ص ص٤٥٩-٤٧٦.

(٦) دینیس کوماروف، المصدر السابق، ص٧٢.

کورد، له ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣ شێخ حەنەش حەمود الهواری سەرۆکی هۆزی تەی (طي) عەرەبی له ناوچەی گوێڕ خۆی و ٣٥٠ چەکداری هۆزەکەی به پاڵپشتی پۆلیس و حەرەس قەومی هێرشیان کردە سەر گوندی تەلخێم و دوای بەرگرییەکی سەخت له گردی تەللخێم و دەوروبەری هەشت کەسیان گیانیان سپارد، ئەوانیش هەریەك له: ئەنوەر مەلا محەمەد، تاهیر مەلا محەمەد، محەمەدعەلی سادق، عەزیز عوسمان، بەکر سەدیق، ئەنوەر رەمەزان، یاسین تەها و محەمەد عەلی عومەر بوون، زیاتر له بیست کەسیشیان دەستگیر کرد[1].

دوابەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕیش ناوچەی کەندێناوەی سەر به قەزای مەخمور به تەواوی چۆڵکرا و هۆزە عەرەبە کۆچەرەکانی شەممەری به سەرۆکایەتی حواس کنعان الصدیدی تێدا نیشتەجێکرا[2]، به تایبەت دوای شەڕی قەرەچوغ، هەڵمەتێکی چڕوپڕی به عەرەبکردن و راگواستن دەستی پێکرد، له کۆی ٧٢ گوندی ئەم ناوچەیە پتر له ٣٢ گوندیان سوتاند و تالأن و بڕۆیان کرد و نزیکەی ٣٠٠ جوتیاری بێگوناهی ناوچەکەیان راپێچی بەندیخانەکان کرد و ٢٥ گوندی ناوچەکە به خێڵە دواکەوتوەکانی عەرەبی شەممەر جێنشین کرا[3].

ئەو گوندانەی له ٦ - ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کەوتنە بەر شالأوی بەعس و حەرەس قەومییەکان و دووچاری کوشتن و گرتن و راگواستن هاتنەوە دەست درێژیان کرایە سەر له دیبەگە و له هەریەك له گوندەکانی: "تەل خێم، کاریتان، جانە، تیکالۆ، چەغەمیرە، بیرەبات، جاستان، دەربەند، پەرکانە، عەولأفات، گابەڵەکە، دڕکەی گەورە، چەرت، تەل هەلالە، گێسمە، گەزوەشان، دەرماناوە، خۆشاو، دارەخورما، حەسەن بلباس، حاجی شێخان، خدرجیجە، لاوەر، گاوەرە، کەندالّ، سۆفی سمایل، دێمەکار، چیغلۆك، قوچ و سێ قوچان "بوون[4].

شالأوی فراوانی هۆزە عەرەبەکان و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کورد و حەرەس قەومییەکان لەو ماوەیەدا به فەرماندارێتی ئەفسەرێکی پله بەرزی عەرەب بەناوی (حەماد شەهاب) له ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ به چڕی دەستی پێکرد، ئەو رۆژە لەگوندی گابەڵەکە به چاوساغی خۆفرۆشە کوردەکان هێرشیان بردە سەر گوندەکە و پیاوماقوڵێکی ناوچەکەیان بەناوی (جەمیل ئەحمەد خدر) به بیانوی بەشداری کردنی له کۆنگرەی کۆیە، دوای بەرگریکردنەی له ئاشەکەی کوشت[5] له گوندی دەربەندیش ٣ کەسیان

---

(١) جریدة خەبات (النضال)، ع: ٣٧٠، ابلول ١٩٦٣.

(٢) شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص ص١٢٤-١٢٥.

(٣) کاوە نادر، کەندێناوە له نێوان راگواستن و به عەرەبکردندا، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٧-٣٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٤٠-٤١.

(٥) مەعروف عومەر سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣؛ دیدار لەگەڵ سمکۆ جەمیل ئەحمەد، رۆژی ٢٠١٥/١١/٤ له هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٩ له گوندی گابەڵەکە لەدایك بووە، له هەولێر قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە و پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە، ئێستا خانەنشینە و له هەولێر دەژیت.

بەناوەكانی قادر عومەر خدر سیان، خەلیفە كاخدر سمایل و حەمید حامید حەوێز كوشت و دانیشتوانی هەموو گوندەكانیان رەشبگیركرد[1].

دوابەدوای ئەوە مەسەلەی سیاسەتی راگواستن و بەعەرەبكردن ئاشكراتر لە پێشوو پیادە كرا، لەگەڵ ئەوەی دژی هەموو بەها مرۆڤایەتییەكانە، لە لایەن حكومەتەوە مۆركێكی یاسایی روون و ئاشكرای پێبەخشرا، ئەوەتا لە نوسراوێكی موتەسەریفییەی هەولێر ژمارە ٢٨٧١/١٩ رێكەوتی ٢٧ی تەموزی ١٩٦٣دا، دەقی یاداشتی سەرۆك هۆزی صایحی شەممەری عەرەبی (مالك كنعان الصدید) هاوپێچ كراوە، دانەی نوسراوەكە بۆ هەریەك لە: وەزارەتی ناوخۆ، دادوەری سەربازی گشتی ناوچەی باكوور، فەرمانداریێتی سوپاسالار، سەرۆكایەتی فیرقەی دوو، قایمقامیەی قەزای مەخمور و قایمقایەی قەزای ناوەندی هەولێر رەوانە كراوە، داوا لە موتەسەریفی لیوای هەولێر كراوە، لە رێگای ئەفسەری پەیوەندیدار بە كاروباری هۆزەكانەوە لە فیرقەی دوو، ناوەرۆكی یاداشتەكە جێبەجێبكات و لەلایەن بەدرەدین عەلی موتەسەریفەوە واژۆكراوە، لە یاداشتەكەدا هاتووە:"**ئێمەی هۆزی صایح یەكەم هۆزین داوای خۆمان پێشكەش كردووە بۆ نیشتەجێكردنمان لە لیوای هەولێر، بۆ چاندنی تۆوی توخمی عەرەبی لێرە و سوود وەرگرتن لە نەوەكانی داهاتوو، هەروەها بۆ لابردنی مەترسی رەچەڵەكی رەگەزپەرستانەی بیرۆكەی شیوعی و پارتییەكان لە ناوچەكەدا**"[2].

وەكو ئاشكرایە بە روونی ئامانجەكەیان پێكاوە و مەرامەكانی ئارەزووی حكومەتیان خستۆتە روو، بێباكانە ئاگاداری حكومەت دەكەنەوە و هەماهەنگ لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراقدا، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای كوردستانیان داوە.

هەروەها لە یاداشتەكەیاندا هەندێ داخوازی بەپەلەیان تێچین كردبوو، داخوازیەكانیش ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون:

١- چەكمان بۆ دابین بكەن تا ئێستا ١٥٠ كەسی خێزاندارمان بێ چەكن.
٢- ئەو زەویانەی تێیدا نیشتەجێدەبین زەوی چێنراون، حكومەت بەڵێنی پێداوین ببینە خاوەنی، داوا دەكەین لەگەڵ بەرپرسەكانتان سەرپەرشتی دروێنەو هەموو بەروبومەكەی بكەن لە رێگای لیژنەكانتانەوە.
٣- پێویستیمان بە ئۆتۆمبێل هەیە بۆ ئەوەی لە ئامادەباشیدا بین لەكاتی هەر رووداوێكی نەخوازراو و بە پەلە. ژمارەی ئۆتۆمبێلەكانمان ٥-٧بێت.
٤- پاككردنەوەی دێهاتەكان لە تەواوی خاوخێزانی یاخیگەران بە پیر و منداڵیشەوە.
٥- دەستنیشانكردنی ناوچەكە و بەستنەوەی بەم گوندانەی بۆ ئێمە تەرخان كراون، بۆ ئەوەی زاڵدەست بین بە سەر ناوچەكە.

---

(١) مەعروف عومەر سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢) جريدة خەبات(النضال)، ع: ٣٧٠، ابلول ١٩٦٣.

٦- چاککردنەوەی ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی لە گوندەکان هەیە و هەڵکەندنی بیری نوێ لەو گوندانەی بیری ئیرتیوازی نیە.

٧- بیرۆکەی ئەوەشمان هەیە قوتابخانە لە گوندەکانمان دروست بکەن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، چونکە خۆمان و منداڵەکانمان نەخوێندەوارین.

٨- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی داخوازیەکانمان، بۆ گواستنەوەی هۆزەکان لە زێدی خۆیان بۆ باکوور هەندێ ئاستەنگ هاتوونە پێش لە گواستنەوەی فەرمانبەران"[١].

دوای جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئەو هۆزە شێخ (حواس کنعان الصدید) لە گوندی پەلکانە نیشتەجێبوو، هاوکات براکەشی بە ناوی (عیادە کنعان الصدید) لە بناری قەرەچوغ لە گوندی چەغەمیرە نیشتەجێ کران و بوونە گەورەی ناوچەکە و تەنانەت بەکرێگیراوانی کوردیش کە هاوکاری هۆزە عەرەبەکان و لایەنگری رژێمی حکومەت بوون، هیچ بەهایەکیان نەما تەنها نۆکەرایەتی و شەرمەزاری نەبێت، بەڵکو بە بەرچاوی ئەوانەوە ستەمیان لە خەڵکەکە دەکرد و مەڕوماڵاتیان دەخستە نێو دەغڵ و دانیان[٢].

لە ئەنجامدا، هەڵمەتی سوتاندن و راگواستن و بەعەرەبکردنی دانیشتوانی گوندەکان کاریگەری خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، چونکە لە ٧٥٪دانیشتوانی کوردستان بژێویان لەسەر کشتوکاڵکاری و ئاژەڵداری بوو، لە ٩٠٪ی پێداویستییەکانی رۆژانەیان پڕدەکردەوە[٣]دەشتی هەولێریش بەتایبەتی قەراج و کەندێناوە و مەخمور بەهۆی بە پیتی خاکەکەی رێژەیەکی بەرچاوی بەروبوومی دانەوێڵە بوو، سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابووری کشتوکاڵی بوو لە ناوچەکەدا، هاوکات سەرچاوەیەکی سەرەکی تێرکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی شاری هەولێر بوو[٤].

بێگومان ئەمەش کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە کاتێك ئەو ژمارە زۆرەی جوتیارانی ئەو دێهاتانە کە تاکە سەرچاوەیان کشتوکاڵ بوو بێبەشکران، لەلایەکی ترەوە کتوپڕ زۆربەیان روویان لە شارەکان و دەوروبەری کرد و هەندێکیان حکومەت ناچاری کردن دژی شۆڕشی کورد چەکی بۆ هەڵگرن، ئیتر شێوازی گوزەرانیان گۆڕا دووچاری بێکاری و شڵەژانی دەروونی هاتنەوە[٥].

لەلایەکی دیکەوە ئەو ژمارە زۆرەی هاتنە ناو شۆڕش بە تایبەت توێژی گەنج و لاوانی دەشتی هەولێر، بوونە پاڵپشت و کەسانی بە توانا و پێشمەرگە و فەرمانده و جەنگاوەری ئازایان تێدا هەڵکەوت و بوونە هۆکارێکی تر بۆ دامەزرانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و جێگایان بۆ کرایەوە[٦]، بەلاٚم زۆری ژمارەی کۆچپێکراوان کە روویان لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی شۆڕشی کوردستان کرد، پێویستیان بە

---

(١) جريدة خەبات(النضال)، ع: ٣٧٠، ابلول ١٩٦٣.

(٢) المصدر نفسه؛مەعروف عومەر سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٣) طه بابان، عالم الكرد المرعب-الكتاب الاول، ط: ٢، سليمانية، ٢٠٠٢، ص ٣١٧.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لایەنی ئابووری و بەتایبەتی کشتوکاڵە دەشتی هەولێر بڕوانە: کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨-٢٩.

(٥) دیدار لەگەڵ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٦) طه بابان، المصدر السابق، ص ٣١٧.

شوێنی حەوانەوە و جل و بەرگ و خۆراك هەبوو، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری و قورسایی و شێوەیەك لە بارگرانی خستە سەر شان و ملی شۆڕشەوە [١].

بەمشێوەیە حکومەتی یەکەمی بەعس لە ماوەی یەکەم حوکمڕانی دەسەڵاتدارێتییان، بەگشتی بەرامبەر گەلانی عێراق هەموو جۆرە سیاسەتێکی سەرکوتکارییانەیان پەیڕەو کردووە و بە تایبەتیش بەرانبەر گەلی کورد و لایەنە سیاسیەکانی، هەر لە کوشتن و ڕاگواستن و کۆچپێکردنی بە زۆرە ملێی دانیشتوانی دێهاتەکانی سنووری لیوای هەولێر و سیاسەتی زەوی سوتاندن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و کۆمەڵکوژی و پەلامار و لەشکرکێشی و کڕینی کەسانی لاواز و هەوڵدان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و لێکترازانی ریزەکانی گەلی کورد و لێدانی هێزە دیموکراتییەکان و...هتد، ئەم جۆرە سیاسەتەی حکومەتەکانی بەغدا بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکەش بەردەوامی هەبووە.

---

(١) صالح حيدرى، المصدر السابق، ص ص ١٠٩-١١٠.

# بەشی دووەم:

## هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣-١٣ی نیسانی ١٩٦٦.

باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣.

باسی دووەم: دانوستان و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤.

باسی سێیەم: ئەنجامی دانوستان و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاردانەوەی .

باسی چوارەم: هەڵوێستی گشتی جەماوەری و حکومەت بەرانبەر دانوستان.

باسی پێنجەم: هەولێر و مانگرتنی ١٩٦٥

باسی شەشەم: بارودۆخی سیاسیی هەولێر لە دەستپێکرنەوەی شەڕ تا مردنی سەرکۆمار نیسانی ١٩٦٥ تا ١٦ نیسانی ١٩٦٦.

## بەشی دووەم

## هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا ١٨ی تشرینی ١٩٦٣ – ١٣ی نیسانی ١٩٦٦.

عەبدولسەلام عارف لە ماوەی حوکمڕانی کودەتای یەکەمی بەعسیدا سەرکۆماری عێراق بوو، بەلاّم لە رووی دەسەلاّتی جێبەجێکردنەوە، بەعسییەکان تەواوی جومگەکانی دەسەلاّتیان بەدەستەوە بوو، ئەحمەد حەسەن بەکر یەکەمین سەرۆك وەزیرانی کابینەکە بوو، لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی بەعسی دەسەلاّتی راستەقینەیان بەدەستەوە بوو، بۆیە بە کەوتنی دەسەلاّتی یەکەمی بەعس ئەگەرچی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق و کوردستان دەست پێدەکات، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری ریشەیی لە کلتوری حوکمڕانی و شێوازی بەڕێوەبردنی ولاّت و مامەڵە و هەڵوێستیان بەرانبەر دۆزی کورد لێنەکەوتەوە و پێشهاتەکان ئەوە روون دەکەنەوە.

ئەگەر سەیری کەسایەتی عەبدولسەلام عارفی سەرۆکی کودەتاکە بکەین، ئەو یەکێك بوو لەوانەی لە شەڕی داسەپاوی حوزەیرانی ١٩٦٣ هاندەرێکی سەرسەخت بوو بۆ جێبەجێنەکردنی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی کورد، هاوکات لەگەڵ کوشتار و شەڕی دژی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی بوو، تەنانەت لە لێدوانەکانییدا تخوونی ناوی کورد و کوردستان نەدەکەوت و بە برایانی باکوور و باکووری عێراق! ناوی دەهێنان، هەمیشەش شۆڕشگێڕانی کوردی بە چەتە ناوزەند دەکرد و بزووتنەوەکەشی بە زایۆنیزمی تۆمەتبار دەکرد[1].

ئیتر هەرچەندە عارف توانی بەعسییەکان لە دەسەلاّت بۆ چەند ساڵێك دووربخاتەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە نۆ مانگ بە ئاگر و ئاسن حوکمڕانیان کرد و کەوتنە وێزەی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، ئەوەی لە دەستیان هات کردیان، بەلاّم دوای نەمانی حوکمڕانی بەعسییەکان، بارزانی رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی شۆڕشی کورد لە قۆناغی نوێدا دانوستانەکانی رەتنەکردەوە و بەردەوام بوو، بەداخەوە پێشهاتەکەتان بوونە هۆی تێکچوونی ریزەکانی ناو ماڵی کورد و بزووتنەوە و پارتەکەی و رووداوی نەخوازراوی لێکەوتەوە و هەولێریش وەکو لیوایەکی ستراتیژی کوردستانی عێراق ببووە شانۆی بەشێکی زۆری رووداوەکان لەو قۆناغەدا و لە ژان و ئازاری لەتبوونەکە بێ بەش نەبوو[2].

---

(١) بروانة: عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، اتفاقية ١٠ شباط١٩٦٤ الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٣، ص ص٢٤-٢٥.

(٢) لە باسەکانی دواتر بە وردی ئاماژەیان پێدەکەین.

## باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣.

دابەشکردنی دەستکەوتەکانی کودەتای یەکەمی بەعس، بەتایبەت پلە و پایە و پۆستەکانی لە دەسەلاّت و دام و دەزگاکانی دەوڵەت هەماهەنگ نەبوو، بەعسییەکان خۆیان پلان داڕێژەر و ڕێکخەر و جێبەجێکاری کودەتا بوون، بۆ پاڵپشتی کردنی بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی سنووردار پشتیان بە هێزە ناسیۆنالیستەکانی نێو سوپا بەستبوو، عەبدولسەلام عارفیش ڕۆڵێکی راستەقینەی لە کودەتاکە نەبوو، بەڵکو لە دواساتەکاندا بە کردەکەوە لکا و هاتە سەر خوانەکە، هەربۆیە بەعسییەکان بەتەنیا مابوونەوە لە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بۆ شۆڕش) و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاربەڕێکردن و بڕیاردان، تایبەت کەسایەتییە سەربازیەکانی بەعس، بەسەر ئەنجوومەنەکاندا زاڵ بوون، هەڵسوکەوتی ژمارەیەك لە سەرانی بەعسیش لەلایەنی ناسیۆنالیستەکان، جێگای ڕەزامەندی نەبوو[١].

حیزبی بەعس ٩ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە فەرمانڕەوایی کردن و دەسەلاّتداریّتی بەردەوام نەبوو، هەر لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ وە، بە ئاشکرا ململانێ و دابەشبوون لە نێو سەرکردایەتی بەعس دەرکەوت، لە نێوان باڵی توندڕەو بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ئیرشاد (عەلی سالح سەعدی) و باڵی میانڕەو بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران (ئەحمەد حەسەن بەکر)، ماوەی دوو هەفتە ململانێ و ناکۆکی توند لە نێوان ئەو دوو باڵەدا بە ئاشکرا سەریهەڵدا بوو، ئەوەش وای لە عەبدولسەلام عارف کرد، ئەو دەرفەتە بە هاوکاری ئەفسەرە ناسرییەکان و هەندێ لە بەعسییە میانڕەوەکان بقۆزێتەوە و لە ڕۆژی دووشەممە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، ناوبراو توانی هاوکێشەی ململانێکان لە بەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە و بەعسییەکان لە دەسەلاّت دووربخاتەوە[٢].

لەم ڕووەوە سەر وتاری ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی پارتی بەناونیشانی "هاتنەدی ئاشتی و تەناهی پەیوەستە بە چارەسەری دیموکراسیانەی دۆزی ڕەوای کورد لە عێراقدا" ئاماژە بەوە دەکات ئەو رکابەری و ململانێیەی لە نێوان بەعسییەکان و تاقمە سەربازییەکانی عەبدولسەلام عارف هەبوو، تەنها لەسەر دابەشکردنی پلە و پایەکانی دەسەلاّتداریّتی و دەستکەوت و بەرژەوەندیخوازی بوو، نەك لەسەر ئایدیۆلۆجیا و پرنسیپ و بەها بالاّکانی مرۆڤایەتی بێت...[٣].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة ترجمة السلطة في العراق ١٩٥٨-١٩٦٨، دار البرق، لندن، ١٩٩٤، ص١١٢-١١٨؛ كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين-العراق في العهد الجمهوري-نهوض وسقوط الجمهوريتين الثانية والثالثة، الكتاب السابع، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠١٣، ص١٨١-١٨٢.

(٢) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص١٠٣.بۆ وردەکاری لەمەڕ هۆکار و چۆنیەتی کەوتنی دەسەلاّتی یەکەمی بەعس، بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ٢٦٣ وما بعدها؛ حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨-١٩٦٨، بيروت، ١٩٩٢، ص ١٣٨ وبعدها؛ شبلي العيسمي، تاريخ حزب البعث البعث العربي الاشتراكي المرحلة الصعبة ١٩٥٨-١٩٦٨، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٦٣ و بعدها.

(٣) جريدة خەبات، ع: ٤٧٢، كانون الثاني ١٩٦٤.

دیاره ئەو بۆچوونەی ئۆرگانی زمانحاڵی پارتی بە روونی لە کردەوە و کارڕاییەکانی دەسەڵاتی نوێ رەنگیدایەوە، چونکە ئەو رۆژە کودەتاچییە نوێیەکان[١] بەیاننامەی ژمارە (١) یان دەرکرد و موشیری روکن عەبدولسەلام عارف هەر بە سەرکۆمار مایەوە و کرایە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارییەکانی نیشتمانی هەموو دەسەڵاتێکی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەوتە ژێر دەست، هاوکات تەواوی پێکهاتەکانی حەرەس قەومی هەڵوەشاندەوە و ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی پێشووی هەڵوەشاندەوە کە لە ٨ی شوبات دامەزرابوو، ئەنجوومەنێکی نوێی بەهەمان ناو پێکهێنا[٢].

لە راستیدا دەرچوونی یەکەم بەیاننامە هەڵمەتێکی راوەدوونان و دەستگیرکردنی بەعسییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، هێزەکانی دەسەڵاتدارانی نوێ کەوتنە لێدانی بارەگاکانی حەرەس قەومی و زەبری توندیان لێوەشاندن و لە بەیاننامەی دووەمدا بڕیاری بە پەلەی هەڵوەشاندنەوەی حەرەس قەومی و رادەستکردنەوەی تەواوی کەل و پەل و چەکەکانیان درا[٣].

دەکرێ هەڵوێستی زۆربەی چین و توێژەکانی کوردستان بە گشتی و دانیشتوانی لیوای هەولێر بەتایبەتی بەرانبەر کودەتاکە بەمشێوەیە بەرجەستە بکەین، شیوعییەکان کە هەژموون و پاشخانێکی مێژووییان لە هەولێر هەبوو، لە ماوەی زیاتر لە ٩ مانگی دەسەڵاتی بەعسییەکان، تاڵترین رۆژانیان بەسەر برد و دووچاری کوشت و بڕ و مەینەتی و چەرمەسەری هاتنەوە، هاوکات پارتی و سەرکردایەتی سیاسیی گەلی کوردستان جگە لە ماوەی دانوستانەکان کە زیاتر سیما و سیاسەتی کات کوشتن و جەنگی دەروونی بەسەر زاڵ بوو، لە ٥ مانگی دوایی دووچاری سەختترین و گەورەترین شاڵاوی دڕندانەی بەعسییەکان بووەوە، کە خۆی لە پەلامار و سوتان و کاولکاری و بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر و دەستدرێژی حەرەس قەومییەکان بینییەوە، بۆیە دەکرێ ئەوە هەڵێنجین، هەڵوێستی زۆرینەی خەڵکی شارەکە لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکان و جەماوەرییەوە، ئەو رۆژەیان لا خۆشبووە، تەنها کەمینەیەك نەبن کە دەسەڵاتی بگرەوبکوژەیان هەبوو لە نێو گروپەکانی حەرەس قەومی خۆیان قەتیس کردبوو وەکو لە پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە.

شیاوی باسکردنە ئەو کەمینەیەی هاوکاری بەعسیەکان بوون و لە رێکخستنەکانی حەرەس قەومی کاریان دەکرد، جگە لە هەندێك عەرەبی تێوەگلاو لە رێکخستنەکانی حەرەس قەومی، هەندێك لە پێکهاتەی تورکمانەکانی ناوشاری هەولێر بوون، ئەوانیش بەر هەڵمەتی دەستگیرکردن و راوەدوونانەکە کەوتن، ئەوجارە حکومەت و هەندێ لەوانەی زیانی گەورەیان لەسەر دەستی حەرەس قەومی بینیبوو، کەوتنە تۆڵەسەندنەوە و گرتن و راوەدوونانی حەرەس قەومییەکان، ئیتر ژمارەیەك لە سەرانیان بۆ

---

(١) لە نێو ئەدەبیاتی حیزبی بەعسدا ئەو کودەتایە بە هەڵگەڕانەوەی تشرین(ردة تشرين) ناسراوە بڕوانە: مجلة الثورة العربية، ع: ٢، بغداد، ١٩٨٨.

(٢) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: کاظم حبيب، المصدر السابق، ص١٨٨.

(٣) المصدر نفسه، ص١٨٩.

موسڵ و ژمارەیەکیش بۆ کەرکوك رایانکرد و هەولێریان جێهێشت و تا دوای کودەتای دووەمی بەعس نەگەڕانەوە[١].

دوای ئەوەی دەست بەسەر بارەگای بەعسییەکان داگیرا و لە هەموو لایەکەوە بە دوای بەرپرس و ئەندامانیان دەگەڕان، تەنانەت بەرپرسی حەرەس قەومی هەولێر (عەدنان عەبدولڕەحمان تکریتی) لە موسڵ دەستگیر کرا[٢].

بێگومان نەهێشتنی بەعسییەکان لە حوکم و هەڵوەشاندنەوەی حەرەس قەومی بارێکی قورسی لەسەر هێزە دیموکراتییەکان لادا، بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و کادیرەکانی حیزبی شیوعی لە گیراوەکانی گرتووخانەی هەولێر، تا ئەو ساتە هەموو مافێکیان زەوت کرابوو، جگە لە ئەشکەنجەدان و خواردن و خواردنەوەی خراپ، سەردانی کەس و کاریشیان لێ قەدەغە کرابوو، بەڵام دوای ئەو کودەتایە بەرپرسی گرتووخانەکە گۆڕدرا و گیراوەکان داوا و داخوازیان پێشکەش کرد و لەو سەروبەندەدا بارودۆخیان باشتر کرا[٣].

هاوکات دەکرێت ئەوە بێنینەوە بیر، چۆن بڕیاری دەرکردنی بەیانی ژمارە (١٣) بۆ لێدانی شیوعییەکان و لایەنگرانی قاسم دراو بە شێوەیەکی دڕندانە پیادەکرا، دەرکردنی بەیاننامەی ژمارە (١) بۆ لێدانی بەعسییەکان لە شێوازی پێشوو نزیکبوو، واتە لە رووی جەوهەریەوە هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی، هەمان رێککاری پیادەکرا و بەردەوامی هەمان شێوازی پەرگیری لە بیرکردنەوە و توندو تیژی بوو لە حوکمڕانی دا، واتە تەنها کودەتایەکی تر بوو بەسەر کودەتادا.

سەبارەت بە دانیشتوانی شاری هەولێر رۆژی کودەتاکە بە گشتی خەڵکەکە هاتنە سەر شەقامەکان و ژمارەیەکی زۆری گەنج و لاوان و پۆلی کاسبکاران و پیشەگەران بروسکەی پیرۆزباییان بۆ ئێزگەی بەغدا نارد، وەکو پەیامێك جەختیان لەسەر لەناوبردن و ریسواکردنی هێزەکانی حەرەس قەومی دەکردەوە و دەستخۆشیان لە سەرکۆمار دەکرد، تەنانەت بەناوی خودی کەسەکانیشەوە لە رادیۆ و ئێزگەی بەغدا دەخوێنرایەوە[٤].

هەرچەندە پێدەچێت ناردنی بروسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی لەلایەن بەشێك لە چین و توێژەکانی دانیشتوانی شاری هەولێر، لە دلسۆزی و خۆشەویستیان نەبووبێ بۆ عەبدولسەلام عارف، بەڵکو لەلایەك بۆ دژایەتی نۆ مانگی سەردەمی زەبر و زەنگ و ستەم و سەرکوتکاری زۆری بەعسییەکان بگەڕێتەوە، کە

---

(١) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان هادی قەساب، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر.

(٢) بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٩).

(٣) فەتاح تۆفیق فەتاح، بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٩.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە، تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر؛ رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر، جێگەی باسە ناوبراو یەکێك بووە لەوانەی بروسکەی پیرۆزبایی لەگەڵ چەند کەسێك ناردووە.

**دوور لە بەها مرۆڤایەتیەکان لە شارەکەدا ئەنجامیان دا، لەلایەکی ترەوە بۆ بێئاگاییان لە ئاییندە و ئومێدبوونیان بە چارەسەری دۆزی رەوای کورد بووبێ.**

**لەو هەلومەرجەدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردی باوەڕی بە سیناریۆکە نەبوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتی عەبدولسەلام عارف بۆ نەتەوەی کورد ئاشکرا بوو، ئەو کەسێکی راڕابوو هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراوی نەبوو، دژی هەموو نەیارانی دەوەستایەوە و خۆپەرست و ناسیۆنالیستێکی عەرەبی (ئیسلامی) بیروڕا ئاڵۆز و نادیار بوو[١].**

**هاوکات لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵات و وەلانانی بەعسییەکان، دەسەڵاتی نوێ نیازپاکی خۆی بەرانبەر کورد نیشان نەدا، بەڵکو نەتەوەپەرستان بەر لە کودەتاکە لەگەڵ شەربوون و دژی ماف و داخوازییەکانی کورد بوون[٢].**

**کاتێکیش عەبدولسەلام عارف بە تەنها خۆی لەسەر شانۆی سیاسیی وڵاتەکەی بینی بەڵێن و پەیمانی دا شۆڕشی کورد لەناو ببات، بانگەوازی بۆ سەرکردایەتی سیاسیی گەلی کورد کرد؛ داوای خۆبەدەستەوەدانی جەنگاوەران و رادەستکردنی چەکەکانی لێکردن بەرانبەر لێبوردن و بەخشینیان، لە بەرانبەردا بارزانی لە پەیامێکی بۆ هێزی پێشمەرگە جەختی کردەوە و رایگەیاند بە ئەندازەی تاڵە موویەك لە داخوازیە رەواکانمان لانادەین کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتی کۆماری عێراق دەبینێتەوە[٣].**

**بانگەوازەکەی عەبدولسەلام عارف دەستپێکێکی خراپ بوو، هەر زوو گەلانی عێراق و کوردستان بە شاری هەولێریشەوە، دووچاری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردەوە، خەڵکی شارەکە پێویستی بە ئارامی و جۆرێك لە دوورکەوتنەوە لە شەڕ و ئاشوب هەبوو، ئەمەش وایکردبوو جەماوەر بە پەرۆشەوە لە پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی بڕوانێت و وریا بێت[٤].**

**لێدوانەکانی سەرکۆمار و سیاسەتی بەگژەوەنانی بەکرێگیراوانی کورد بە شۆڕشگێڕانی کورد و کڕینی کەسانی لاواز بە پارە و بەڵێنی درۆ لەو ماوەیەدا بەردەوامی هەبوو، بەڵام دواجار لە ژێر فشاری جەماوەری و رای جیهانی، قەناعەتی بەوە هێنا سوپا توانای ئەوەی نییە، بزووتنەوەکە بە زەبری چەك سەرکوت بکات و بەردەوامی شەڕەکەش دەبێتە هۆی زیاتر تێکچوونی رەوشی تەناهی و بارودۆخی**

---

**(١) لەمەڕ کەسایەتی و هەڵوێستەکانی ناوبراو بەرانبەر پێشهات و دۆزی کورد بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد، الحرکة القومیة...، ص ص١٤٢-١٥٦.**

**(٢) کاظم حبیب، المصدر السابق، ص١٩٤.**

**(٣) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، باڵیۆزی بارزانی لە کۆماری عێراقدا، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ئامادە و سەرپەرشتی کردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی باڵای یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی زنجیرە(١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٥٧٩؛ رەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨-١٢٩.**

**(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر؛ مومتاز حەیدەری رۆژی ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر.**

ئابووری وڵات و هاوکات لەوە زیاتریش دەبێتە هۆی گۆشەگیربوونی عێراق لەسەر ئاستی عەرەبی و نێودەوڵەتی، بۆیە هەڵوێستی گۆڕا[1].

بەمشێوەیە عارف یەکەم بۆ دەربازبوون لە بێتوانایی سوپاکەی و لاوازبوونی بنکە جەماوەرییەکەی و زاڵبوون بەسەر دوژمنە ناوخۆ و دەرەکییەکانی (بەعسییەکان و پشیوانانیان) وەکو تاکتێکێك بۆ چارەی رەوشەکە بە ناچاری پەنای بۆ دانوستان برد.

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالفتاح علی البوتانی و شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص ص٢٨-٣١.

## باسی دووەم: دانوستان و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤

دوابەدوای خۆسەپاندنی عارف و سەرکەوتنی بەسەر بەعسییەکان و چەسپاندنی دەسەلاّتە نوێیەکەی، هەوڵەکان بۆ کردنەوەی دەرگای دانوستانەکان لەگەڵ شۆڕشی کورد کەوتنە گەڕ، یەکەمین هەوڵ لەلایەن موتەسەریفی سلێمانی[1]داوای لە عەمید عەزیز چەلەبی (فەرماندەی هێزی فائیز لە رواندز) لە رێگای شێخ ئەحمەد بارزانییەوە بە مەبەستی دانوستان پەیوەندی بە بارزانی بکات[2] لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ هەوڵەکە دەستی پێکرد، بە ناردنی نامەیەك[3] لەلایەن عەمید عەزیز چەلەبی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی کە داوا لە براکەی بکات حکومەت ئامادەیی دانوستان و لێك تێگەیشتنی هەیە، لە ٢٥ی تشرینی دووەم نامەکە گەیشتە بارزانی و ئەویش لە ٦ی کانونی یەکەم رەزامەندی لەسەر دانوستان نیشان داو گفتوگۆی پەسەند کرد، داوای لە بەرپرسانی حکومی کرد فەرمان بۆ هێزەکانی حکومەت دەربکەن بۆ وەستانی شەڕ بۆ دابینکردنی کەشێکی ئارام لە نێوانیاندا[4].

بەمشێوەیە سەرەتای دانوستانەکان دەستی پێکرد، لە ئەنجامی نامە و نامەگۆڕینەوە و دانیشتن و کۆبوونەوەی زۆر بە هەوڵی ناوبژیوانی چەند کەسایەتیەك بۆ ماوەی دوو مانگ پەیوەندی نهێنی و نیمچە نهێنی پێش دەستپێکردنی دانوستانەکان بە فەرمی بەردەوام بوو[5]، تا ئەو کاتەی خولی یەکەمی دانوستانەکان لە ٢١کانونی دووەمی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی رانیە دەستپێیکرد، شاندی کوردی لە هەریەك لە: شێخ لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی، جەلال تاڵەبانی، عەقید کافی نەبەوی، مەسعود محەمەد و نوری شاوەیس پێکهاتبوو. دواتر لە خولی دووەمدا کە لە ٥ی شوبات بەسترا، جگە لە شێخ ئەحمەدی بارزانی و رێبەری شۆڕش مستەفا بارزانی ١٥ کەسایەتی بەشداربوون، لە نێویاندا نافیز جەلال حەوێزی، نامیق حەوێزی و کاکە زیاد ئاغای غەفوری بوون، خولی سێیەم لە ٧ی شوبات بەسترا و لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و هەریەك لە شێخ لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی و مەسعود محەمەد و عقید کافی نەبەوی و کاکەزیاد غەفوری لەسەر ئاگربەست و رێککەوتنەکە واژۆ کرا[6]، وەکو دیارە کۆمەڵێك کەسایەتی لیوای هەولێر لە شاندی دانوستانکاری کوردی رۆڵی دانوستانکاریان بینیوە.

جێگای ئاماژەیە بەیاننامەکەی حکومەت لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ راگەیەنرا ئەو خالآنەی تێدابوو:

---

(١) عەبدولرەزاق سەید حەسەن موتەسەریفی سلێمانی بوو، دۆستێکی نزیکی عەبدولسەلام عارف و خانەوادەکەی بوو، رۆڵێکی زۆری بینی بۆ رازیکردنی سەرکۆمار و دۆزینەوەی رێگاچارەی ئاشتنی دۆزی کورد و داوای لێکرد دەستکراوەی بکات بۆ دانوستان لەگەڵ بارزانی. بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية...، ص ص١٥٣-١٥٤.

(٢) المصدر نفسه، ص١٥٤.

(٣) بۆ دەقی دوو نامەکە بڕوانە: عبدالفتاح على البوتانى، الحركه القوميه...، ص٤٠٩.

(٤) شیرکو فتح الله، المصدر السابق، ص ١٧٤؛ عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن...، ص٣٠٩.

(٥) بۆ درێژەی وردەکارییەکان و هۆکار و سەرەنجامەکانی ئاگربەستەکە بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص ٩ ومابعدها.

(٦) شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية...، ص ص١٥٦-١٥٧

١- چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە چوارچێوەی گەلانی عێراقدا لە یەکێتییەکی نیشتمانی برایانەدا دەبێت و ئەوەش لە دەستووری کاتیدا جێگیردەبێ.

٢- ئازادکردنی دەستبەسەر و گیراو و سزادراوان بە هۆی رەوشی رووداوەکانی باکوور و دەرکردنی لێبوورنی گشتی، هەڵگرتنی نیشانەی گلدانەوە لەسەر سامانی گوێزەرەوە و نەگوێزەرەوەی ئەو کەسانەی پێشتر سامانەکانیان دەستی بەسەرداگیرابوو.

٣- گەڕاندنەوەی کارگێڕی خۆجێیی بۆ ناوچەکانی باکوور.

٤- گەڕاندنەوەی فەرمانبەر و خزمەتگوزارە دەرکراوەکان لە خزمەت.

٥- هەڵگرتنی ئەو کۆتانەی سەپێنراون لەسەر بازاڕی ئەو کەل و پەلانەی تایبەتن بە بژێوی ژیانی رۆژانە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٦- رێگاکردنەوە بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوەی (ناوچەکانی باکوور) بەپەلە و پێکهێنانی لیژنەی جیاجیا بۆ بڕینی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم کاری رۆتین و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

٧- قەربووکردنەوەی دادپەروەرانەی خاوەن زەوییە فەوتاوەکان، کە بە هۆی بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە لەدەستیان داوە.

٨- ئەو رێوشوێنانە دەگیرێتەبەر لە بەرانبەر گەڕانەوەی ئاسایش و تەناهی بۆ ناوچەکانی باکوور.

٩- لەسەر هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە، فەرمان و بڕیار و راسپاردەکان دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە بەیاننامەکەدا هاتووە.[1].

لە دوای ئەوە بارزانی بەیاننامەی دەرکرد و رەزامەندی لەسەر ئاگربەستەکە نیشان دا، هاوکات لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری عێراق بەیاننامەکە پەخش کرا و خوێنرایەوە کە تێیدا هاتبوو: **"بۆ بەدەنگەوەچوونی ئارەزووی سەرکۆمار موشیر عەبدولسەلام عارف بۆ پارێزگاریکردن لە یەکڕیزی نیشتمانی و وەستانی خوێنڕژان و کۆتایی هاتنی براکوژی، بۆ نیشاندانی نیازپاکی بڕیارماندا دەستپێشخەربین لە وەستانی کوشتار و شەڕ"**[2]. ئیتر ئاگربەست و رێککەوتنەکە راگەیەنرا.

---

(1) جريدة الفجر الجديد، ع: ٦٢٩، ١١ شباط ١٩٦٤؛ سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ص١٠٥-١٠٦.

(2) عبدالكريم فندي، المصدر السابق، ص٧٥.

## باسی سێیەم: ئەنجامی دانوستان و لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاردانەوەی .

وەك ئاشکرایە دیاردەی لەتبوون و جیابوونەوە لە نێو پارت و رێکخراو و بزووتنەوە سیاسییەکان لە مێژووی سیاسیدا بوونی هەیە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش لەو دیاردەیە بێبەش نەبووە، ناکۆکی نێوان بارزانی رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتەکەی بە شێوەیەکی رووکەشی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ و دوای رێککەوتنامەی ١٠ی شوبات دەرکەوت، بەلاَم کۆمەڵێك ناکۆکی ناوخۆیی پەمگخواردوو و کەڵەکە بوو (لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان و سنووری جوگرافی کوردستانی عێراق) لە پێشتردا هەبوو، هاوکات هۆکاری هەرێمی لەلایەکی ترەوە بۆ تەشەنەکردنی گرژییەکان و قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و رۆڵی کاریگەریان بینی[1] .

لە رووی جوگرافییەوە بارەگای مەکتەبی سیاسیی لە لیوای سلێمانی لە ماوەت بوو، بەلاَم بارەگای بارزانی لە ناوچەی باڵەك (لە سنووری لیوای هەولێر) بوو، بەمەش دوورییەکەی زیاد لە پێنج رۆژ رۆیشتن بوو بە پیادە یان سواری ولاَخ لە کاتی نائاساییدا لە یەکەوە دووربوون، پەیوەندییەکان لە رێی بێتەلەوە بوو، نەك دانیشتن و کۆبوونەوەی راستەوخۆ، چونکە رێگا سەرەکییەکانی ئۆتۆمبێل لە ژێر زاڵدەستی حکومەت دا بوو، ئەمەش وایکردبوو سەرکردایەتی راستەوخۆی بارزانی لە ناوچەکانی هەولێر و دهۆك و دەورووبەری موسڵ بێت و مەکتەبی سیاسیش لە ناوچەکانی سلێمانی کارەکان رایی بکەن[2] .

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣وە دیاردەی بارگرژی و ئاماژەکانی لێکترازان و لەتبوونی پارتی سەریهەڵدا بوو، ئەگەر سەیری بکەین باڵی مەکتەبی سیاسیی لە سلێمانیەوە لە سەروویان ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی خەڵکی سلێمانی بوو، توانیبویان بە ویست و ئارەزووی خۆیان و دوور لە چاوی بارزانی کار بکەن و هەژموونی سیاسیی خۆیان سەپاندبوو، هاوکات دەیانویست تەنها سوود لە ناو و ناوبانگی بارزانی ببینن و بارزانی تەنها وەکو ناوێك بمێنێتەوە و خۆیان ئاراستەی پارتی رەنگرێژ بکەن، ئەوان دەیانویست خەڵك واتێبگەیەنن کە بارزانی تاکرەو و کۆنەپەرست و هۆزگەرایەتییە و زانا نییە و باوەڕی بە حیزب نییە و دوورە پەرێزە و بۆ خەباتی سەردەمیانە گونجاو نییە[3] .

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هۆکار و سەرەتای دووبەرەکی و ناکۆکییەکان و رووداوەکان بە شێوەیەکی گشتی بڕوانە: شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص ص١٤٥-١٥٢؛ جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ص١٢٤-١٢٧؛ حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١١٤-١٢٢؛ نەجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد١٨٨٠-١٩٩٤، چاپخانەی پەیوەند، کەرکوك، ٢٠٠٤، ل ل١٨٠-١٩٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ل١٨٥-١٨٦.

(٣) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر. ناوبراو سالی ١٩٤١ لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەی شەوان لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە کۆلیژی یاسا وەرگیراوە، بەلاَم بەهۆی کاروباری سیاسیی دابڕاوە، ساڵی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی پارتی، هەرچەندە تەمەنی ١٧ ساڵ بووە و بەلاَم بە هۆی لێهاتوویی پلەکەی پێبەخشراوە، ساڵی ١٩٦١ لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش لە هەولێر کاروباری رێکخستنی نهێنی کردووە، تا پلەی ئەندام و کارگێڕی ناوچەی هەولێر لە دوای ١٩٦٧ەوە بەردەوام بووە، لە دوای نسکۆ بۆ فەلوجە دوورخراوەتەوە، دوای راپەڕینی ١٩٩١ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێستا لە ئەوروپا دەژیت؛عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

لەکاتێکدا ئەوان پێگەی راستەقینەی بارزانیان فەرامۆش کردبوو وەکو هێمای بەرخودان و کوردایەتی رۆچووبووە نێو ناخی زۆرینەی تاکەکانی دانیشتوانی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی، لە بەرانبەردا بۆ خۆیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەوە ئێمەین دەستەبژێر و زانا و رۆشنبیرین بە بیروباوەڕی سەردەم کاریگەرین و دەتوانین رابەرایەتی بزاڤ و شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بکەین، لە شاری هەولێر بەرێژەیەکی کەمتر لە شاری سلێمانی، هەر دوای کودەتاکە جۆرێك لە خۆجیاکردنەوەیان پێوە دیاربوو، تەنانەت لایەنگرانی خۆیان بە پێشمەرگەی حیزب ناوزەند دەکرد و مووچەی زیاتریان لە پێشمەرگەکانی تر پێدەبەخشین، توانیبووشیان کادیری رێکخستنی بە توانا لە لق و ناوچە و شارەکان دروست بکەن، هاوکات بارزانی لە رەوشەکە نادیدە نەبوو[1].

لەو میانەدا مەکتەبی سیاسیی لەو باوەڕەدا بوون، هۆزەکانی سنووری لیوای موسڵ و هەولێر وەکو هەرکی و سورچی و زێباری، هەر لە کۆنەوە چەکداری حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بوون و دوژمنایەتی کۆنیان لە گەڵ ماڵباتی بارزانی هەبوو، بە لادانی بارزانی ئەوان دەبنە لایەنگری مەکتەبی سیاسی، بێ بیرکردنەوە لەوەی سەدان کەسایەتی لێهاتوو و سەربازی و شارستانی و سەرۆك خێڵەکان و پیاوانی ئاینی دوور لە پارتایەتی تەنها بیرو باوەڕی نەتەوایەتی و ناوی بارزانی لە دەوری بزووتنەوە رزگاریخوازی کوردی کۆی کردوونەتەوە[2].

سەرنجێکی دیکە وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، لە دوای کودەتای یەکەمی بەعس شیوعییەکان پەنایان هێنایە بەر ناوچە رزگارکراوەکانی شۆڕشی کورد و مەکتەبی سیاسیی لەگەڵ داڵدەدان و وەرگرتنیان نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەوان، بارگرژی و شەڕیش روویدا، بە پێچەوانەوە بارزانی رێزی گرتن و لە سنووری لیوای هەولێر بارەگای بۆ کردنەوە، دەکرێ ئەوەش ئاماژەیەك بێت بۆ قۆناغێکی تری ناکۆکییەکان کە پێشینەی هەبووە و ناوەندی بڕیاردان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لەنگ بووە.

هاوکات جگە لە فشاری دەرەکی، رۆڵی هەرێمایەتی، بەتایبەتی ئێران کاریگەری نەرێنی لە دووکەرتبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بینی[3].

لەو سۆنگەیەوە، دوابەدوای ئەوەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵێك لێکدانەوەی بۆ بارەکە کردبوو، کاتێك رێککەوتنی ١٠ی شوباتی١٩٦٤ واژۆکرا، ناکۆکییە پەنگخواردووەکانی پێشووی پارتی لەوێدا تەقینەوە و درز و لەتبوون کەوتە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، هەرچەندە بەرهەمی دانوستان و ئاگربەستەکە بە خاڵەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد هاتەبەر، لە ئاستی خەبات و تێکۆشان و ئاواتەکانی کورد نەبوو، لە

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر؛ عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

(٢) نەجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٧-١٨٨.

(٣) دەربارەی رۆڵی ئێران لە کەرتبوونەکە بڕوانە: نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨، ل ل١٣٩-١٤٤.

راستیدا ئەوانە ئەو مافانە نەبوون تا دڵنەوایی تەواو بداتە کورد و داخوازییەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردی بهێنێتەدی[١].

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەزامەند بوونی هەردوو کەسایەتی (بارزانی – عارف) زیاتر لە رووی تاکتیکییەوە بوو، چونکە عەبدولسەلام عارف لە ژێر کۆمەڵێك فشار دابوو، پێویستی بە جۆرێك لە ئارامی ناوخۆ هەبوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، هاوکات خودی بارزانی باوەڕی بە عارف و دەسەڵاتەکەی نەبوو بۆ گفتوگۆکان، جگە لەوەی وەکو نەریتێك بارزانی هیچ کاتێك گفتوگۆکانی رەتنەدەکردەوە، کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و لۆژیکی هەبوون بۆ ئەوەی بارزانی وەکو بەرپرس و رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیەك رەچاوی بکات و دوای کودەتاکە دەست بە گفتوگۆ بکەن[٢].

لەم رووەوە عەزیز محەمەد لە دیدارێکی لەگەڵ بارزانیدا دەڵێت: بارزانی پێی گوتم، من باوەڕم بەوانە نییە و متمانەیان پێناکەم، بەڵام زەحمەتە کەسێکی تر لەوە بگات جوتیار و کێڵگەدارێکی ساکاری کورد، چۆن دەتوانێ کشتوکاڵ و دروێنە بکات یان لە چاوەڕوانی پشکنینی توتنەکەی بێت و بۆردومانی فڕۆکەش بەسەر سەریەوە بێت، ئەو ماوەیە ترس لە دڵی میللەتدا نیشتووە، بۆیە ناتوانم لەسەرووی توانا و وزەی خۆیان قورساییان بخەمە سەرشان و گوشاریان بخەمە سەر، چونکە بەرگە ناگرن، لەو بارودۆخەدا پێویستیان بە ئارامی هەیە تا بتوانن لەو وەرزەدا ژیان و گوزەرانی خۆیان هەڵسوڕێنن پاشان دەتوانن ئامادەبن بۆ بەرگری و چەك هەڵگرتن و هەڵمەت بردن، ئێمەش بە دڵنیایی دانوستانەکە رەت دەکەینەوە[٣].

سیاسەتمەدارێکی دیکەی حیزبی شیوعیش بە بەڵگەوە دووپاتی رای پێشوو دەکاتەوە لەو مەسەلەیەدا دەڵێت:"**چوومە لای بارزانی، سەبارەت بەو خاڵە گوتی: خۆمن لە دانوستاندا هیوام بە عەبدولسەلامی شۆفێنی نەبووە و بڕواشم وانییە ئەوانە دان بەهەقی کورددا بنێن، بەڵام ئێمە وەزعمان خراپە و هێزەکانمان ماندوون، فیشەکمان کەمە و چەکی باشمان نیە و پێویستمان بە پشوودانێکە**"[٤].

خورشید شێرە ئاماژە بەهەمان بۆچوونی بارزانی دەکاتەوە و دەڵێت: "**گوێم لێبوو سەرۆك بارزانی لەگەڵ نوری شاوەیس قسەی دەکرد و پێی دەوت: نوری من ئەو دانوستانە لەگەڵ حکومەت دەکەم دەشزانم هیچی پێ نییە و ناگەینە هیچ دەرەنجامێکیش، بەڵام بەهارە و لەمەودوا کاتی کۆکردنەوەی**

---

(١) کافي النبوي، المصدر السابق، ص١٨٤؛ دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٢) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٣) دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ٢٠١٠/٤/٩ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی بێرکۆت ی نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە، لەهەرەتی لاوێتیدا چۆتە نێو کاری سیاسی، سەرەتا لە حیزبی هیوا ئەندام بووە، پاشان ساڵی ١٩٤٣پەیوەندی بە رێکخراوی ( کۆمەڵی میللەت) کردووە کە دواتر دەبێتە بەشێك لە (یەکێتی تێکۆشین) دواتر چوویتە ناو (حیزبی شۆڕش) و لە ساڵی ١٩٤٥ ەوە پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراق کردووە، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٠) گیراوە و ژیانی لە بەندیخانەکان بەسەربردووە، دوای ئازاد بوونی بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق، و ساڵی ١٩٥٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٩٣سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە.

(٤) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

**بەرهەمی جوتیارانە، میللەتی ئێمە ماندوو بووە و چەند مانگێکە لە شەڕداین و پێویستیمان بە پشوو هەیە و پێویستی زۆریشمان بە کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەمساڵ هەیە، دەبێ هەمووموان بزانین کە ئێمە ناتوانین ساڵ دوازدە مانگ لە شەڕ دابین، چونکە میللەتەکەمان ئەو توانایەی نییە"**[١].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا خودی بارزانی باوەڕی بە رێککەوتنەکە نەبووە، بەڵکو پێی وابوو باری ئابووری لەبار نییە و میللەت پێویستی بە پشوودان هەیە و توانا سەربازییەکانی شۆڕش سنووردارە و پێشمەرگە ماندوو بووە و توانای شەڕی نوێی نەبووە، وەکو سەرکردەی شۆڕشەکە بەرپرسانە بڕیاری داوە.

لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستی باڵی مەکتەبی سیاسیی پێچەوانە و جیابوو، بە شێوەیەك ئەوان پێیان وابوو، بە تەواوەتی بەشداری گفتوگۆکانیان نەکردووە و بێ پرس و راوێژ و ئاگاداری ئەوان بارزانی تاکڕەوانە لەگەڵ حکومەت بەو ئاگربەستە گەیشتووە، هاوکات پێیان وابوو بارزانی سازشی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد کردووە[٢]، هەروەها پێیان وابوو راگرتنی کردە سەربازییەکان بێ ئەوەی زامنی ئۆتۆنۆمی تێدابێت راست نییە و خراپی رەوشی حکومەت لە ئێستادا بە سوودی خۆیان تەواو دەبێت، بۆیە ئاگربەستیان بە زمانێکی زبر بە خیانەت و ناپاکی بەرانبەر تەواوی بزووتنەوەی نیشتمانی لە عێراقدا هەژمار کرد[٣].

بەمجۆرە کەوتنە باری یاخیبوون دژی بڕیارەکەی بارزانی و دژایەتی رێککەوتنەکە و دژی بەغدا، بانگهێشتەی بەردەوامبوونی شەڕیان کرد[٤].

لەو میانەدا راستەوخۆ هەموو ناکۆکییە شاراوەکانی پێشوو مۆرکێکی ئاشکرایان وەرگرت و باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە هۆی رێککەوتنەکەوە، ئاشکراتر لە پێشوو کەوتنە پڕوپاگەندەکردن دژی بارزانی و کۆبوونەوە و بانگەشەکانیان چوارچێوەیەکی ئاشکرای وەرگرت، کەوتنە کۆبوونەوە و پلان داڕشتن بۆ رەوشی نوێ، رەنگدانەوەی رەوشەکە لە نێو تەواوی رێکخراوەکانی قوتابیان[٥] و مامۆستایانەوە هەبوو، کاتێك نەورۆزی ١٩٦٤ لە گوندی میرزا ئاغای نزیك شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ناکۆکییەکان بە روونی لە ریزەکانی رێکخستنەکانی پارتی بە دەرکەوت، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەبوو، لە کاتێکدا قوتابیان لە ئاهەنگەکەدا چاوەڕوانی پەراوێزخستنی ناکۆکییەکان بوون، کەچی قوتابیانیش دووچاری پەتای پەرتبوون هاتنەوە[٦] بە هەمان شێوە

---

[١] خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٤-١٢٥.

[٢] عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ايلول ١٩٦١)، ت: سعاد محمد خضر، مؤسسة ژين، سليمانية، ٢٠١٢، ص٣٠١.

[٣] دينيس كوماروف، المصدر السابق، ص٧٩.

[٤] عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص٣٠١.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی رەنگدانەوە و کاریگەری لەتبوونەکە لەسەر رێکخراوی قوتابیان بڕوانە: ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكوردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، دار سبيريز للطباعة والنشر، ٢٠١١، ص ص١٦٩-١٧٤.

[٦] كاكل محمد طاهر (بهرام)، من الذاكرة، مجلة گولان العربية، ع: ٢٧، اب١٩٩٨، ص٧٠.

مامۆستایانیش هەندێکیان دانیشتن و وازنامەیان پێشکەش کرد، هەندێکیشیان دابەش بوون و چین و توێژەکانی دیکەی دانیشتوانیش بە نیگەرانییەوە لە رەوشەکەیان دەڕوانی[١].

دوای بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی زۆر لە نێوەندەکانی حیزبدا، مەکتەبی سیاسیی پارتی بە رێنوێنی ئیبراهیم ئەحمەد هەندێك ئامادەسازی نهێنیان بۆ بەستنی کۆنفرانسێك کردبوو، ئیتر لە بەرەبەیانی ٤ی نیسانی١٩٦٤ تا ٩ی نیسانی ١٩٦٤ لە گوندی مالومە[٢] (کۆنفرانسی ماوەت)یان بە بەشداری ٨٠ کەس بەست[٣].

شایەنی باسە نوێنەرانی بەشداربووی هەولێر هەریەك لە: عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، صالح شێرە، حەسەن مستەفا، سەید مەجید، عەلی هەژار، عەلی رەسول و شێخ لەتیف بەرزنجی جگە لە (عەبدوللا ئیسماعیل و عەلی عەبدوللا) کە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی بوون، ئامادەبوون. کەمال محیەدین و حاجی محیەدین و جەمال تاهیر و قارەمان شەوکەت عەلی حەویز وەکو نوێنەرانی ناوچەی کۆیە ئامادەبوون[٤].

لە ناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و لیژنەی ناوەندیشدا ئەوانەی لەبەر هۆکاری جیا جیا بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا نەکرد، هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و عەبدولحوسێن فەیلی و هاشم ئاکرەیی و ناهیدە شێخ سەلام بوون، هەروەها شەمسەدین موفتی هەرچەندە وەکو ئەندامی فەرمی داواکرابوو، بەلام بەهۆی ئەوەی هەمیشە پەرۆشی یەکریزی بوو، بە دەنگ داخوازییەکە نەچوو و بەشداری نەکرد[٥].

مەکتەبی سیاسیی دوای گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، لە دوا رۆژی کۆنفرانسەکەدا، بەیانێکی ١٩ لاپەڕەیی زبر و توندیان دژی بارزانی دەرکرد، تێیدا بارزانییان لە دەسەلاتی سەرۆکی حیزب داماڵی چەند تۆمەتێکیان دایە پاڵ بارزانی[٦].

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر؛ عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر.

(٢) گوندێکە کەوتووتە باکووری رۆژئاوای ناحیەی ماوەت، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول مەکتەبی سیاسیی پارتی بنکە و بارەگای لەوێ دامەزراند.

(٣) حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٤) دیدار لەگەڵ کەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٣٦لە شارۆچکەی کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ لەکۆلیژی ماف لە بەغدا وەرگیراوە، ساڵی ١٩٦٠ بڕوانامەی بەدەست هێناوە و کراوە بە ئەفسەری یەدەگ، لەگەڵ کودەتای یەکەمی بەعس گیراوە و پاشان ئازاد کراوە و گەڕوەتەوە شارۆچکەی کۆیە و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە حوزەیرانی ١٩٦٣ و لەکاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ هەریەك لە عومەر مستەفا و خالید سەعید بەرپرسی بارودۆخی کۆیە بوون، دوای لەتبوونی پارتی کراوە بە بەرپرسی لقی هەولێری باڵی مەکتەبی سیاسیی و بەنهێنی لە هەولێر بووە، پاشان ساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ بەرپرسی بەغدای هەمان باڵ بووە، دوای راپەڕین چەندین پۆستی لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەرگرتووە، ئێستا لە هەولێر دەژیت.

(٥) عەدنان موفتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(٦) فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

له راستیدا ئەم رووداوە و دەرکردنی بەیاننامە توندەکەی مەکتەبی سیاسیی دڵ و دەروونی دڵسۆزانی کوردستان و لایەنگرانی دۆزی رەوای کوردی رەنجاند[1].

شیاوی ئاماژە پێکردنە لە ناو ئامادەبووان دا ١٤ کەس واژۆیان نەکرد و بە بڕیاری لادانی بارزانی نارازی بوون و رەوشەکەیان بە ترسناك و بڕیارەکەیان بە نالۆژیکی لە قەڵەم دا[2].

عەبدولڕەحمان گۆمەشینی لە بیرەوەریەکانی دەنوسێت:"**سەبارەت بە بەستنی کۆنفراسەکە دوای ئەوەی هەڵبژاردنمان کرد و بووینە ئەندامی کۆنفرانسەکە ئامادەبووین، هەستم کرد هەڤاڵان زۆر بەم کارە ناڕەحەتن بارزانی لە سەرکردایەتی حیزب لابدەن، چونکە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و دوولایەنی لە ناو شۆڕش**[3].

هەروەها بەردەوام دەبێت و دەنوسێت:" **هەندێك لەو برادەرانەی ناڕەحەت بوون منیان هاندا هەڵبستمەوە بڵێم: با کۆنفرانس بانگی سەرۆك بارزانی بکات، بۆ ئەوەی ئامادە بێت، چونکە ئەم دۆخە سەختە زۆر بە گران لە سەرمان دەکەوێت و هیچمان بۆ ناکرێ، لە وەڵامدا مامۆستا برایم ئەحمەد وتی: مەلا مستەفای بارزانی چاوی میللەتی کوردە، بەلام ئەگەر چویتە لای دکتۆر گوتی: چاوت توشی شێرپەنجە بووە و دەبێت دەریبێنیت، ئەوا پێویستە وابکەیت، ئەگینا ئێمەش پێمان خۆشبوو وەك سەرۆکێك مامەڵەمان لەگەڵ بکات. کاك ساڵح شێرە هەستایەوە وتی: کاکە هیچ کەسمان لە دەوروپشت نەماوە، ئەبێ چۆن بگەڕێینەوە بۆ هەولێر؟!**"[4].

دیارە تەنزەکەی ساڵح شێرە دەریدەخات زۆرینەی رەهای هێزی پێشمەرگەی شۆڕش هاوسۆز و پاڵپشتی بارزانی سەرۆکی حیزب بوون، مەبەستی ئەوەیە لە دەرەوەی کۆنفرانسەکە هەمووی پێشمەرگەی بارزانیە و رێگایەك نەماوە بگەینەوە هەولێر، بۆیە ئەو قسانەی لەوێ کران بە قەد ئەوەی دروشمی بەگڕوتین بوون و مۆرکێکی توندڕەوانەیان پێوە دیاربوو، لەو دۆخە هەستیارەدا هێندە واقیعی نەبوون، هاوکات دەبینین جۆرێك لە متمانە بەخۆ نەبوون هەیە، چونکە لە لایەك بڕیاری لەم شێوە چارەنوسسازە بوێری دەوێت و لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لە دەستەبژێر و کادیرانی حیزبی لێ دەرچێ، زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی ئومێدی بە سەرکردایەتی کردنی بارزانی هەبووە.

لە لایەکی ترەوە لە ناو کۆنفرانس و لە شارەکان باڵی مەکتەبی سیاسی پڕوپاگەندەی ئەوەیان بلاوکردەوە گوایە بارزانی کوردستانی بە سێو و پرتەقال فرۆشتووە[5].

لە راستیدا ئەو پڕوپاگەندەیە کاریگەری نەرێنی خستە سەر لایەنگر و شوێنکەوتووانی خودی باڵی مەکتەبی سیاسیی بە تایبەتی لە شاری هەولێر، بە هیچ شێوەیەك خزمەتی نەکردن، بەڵکو بە

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣٤٢.

(٢) دیدار لەگەڵ کەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر.

(٣) عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦-١٧.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ل١٦-١٧.

(٥)عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦-١٧.

پێچەوانەوە بووە خاڵێکی لاواز بۆ ئەوان، چونکە خەبات و کەسایەتی و ماهیەتی بارزانی لە دیدی دانیشتوان و پێشمەرگە و جەماوەری هەردوو باڵەکە لەو جۆرە بانگەشتە ساویلکانە گەورەتربوو، هاوکات بڕوا و ئاستی رۆشنبیری دانیشتوانی کوردستان و خەڵکی هەولێر لەوە بەرزتر بوو، بۆیە دوای ئەو پڕوپاگەندەیە کەسانێك کە پێشمەرگەی حیزب بوون و کادیر بوون، سەرەتا هاوسۆزی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوون دوای بلاوبوونەوەی ئەو شێوازە راگەیاندنانە، وازیان هێنا و گەڕانەوە هەولێر و دانیشتن(1).

جێگای باسە جەلال تاڵەبانی تەنها کەسێك بوو لە نێو باڵەکەدا، بارزانی پەرۆش و نیگەرانی جودابوونەوەی بوو، وەکو لە نامەیەکی بارزانی دەردەکەوێت، لە گەرمەی کۆنفرانسەکەدا لە ٥ی نیسانی١٩٦٤ دا بۆ تاڵەبانی ناردووە، تێیدا داوای لێکردووە لەگەڵ تاقمی بەرژەوەندپەرستان نەبێت و بەرژەوەندی گەلی کورد رەچاو بکات و نەبێتە بەشێك لە هۆکاری زەرەرمەندبوونی گەلی کورد و بگەڕێتەوە لای خۆی(2).

دەکرێ ئەو هەڵوێستەی بارزانی بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێنینەوە، کاتێك لە ٢٢ی شوباتی ١٩٦٤ بە ئامادەبوونی خودی جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە رانیەدا، کە لەلایەن بارزانی رێکخرابوو، تاڵەبانی بچووکترین نیشانەی ناڕەزایی نیشان نەدا و بەشدار بوو(3)، هاوکات وەکو ئاماژەمان پێکرد، دەکرێت بڵێین جەلال تاڵەبانی هەرچەندە لەگەڵ تاقمی مەکتەبی سیاسیی بوو، بەلام بەشداری کۆنفرانسەکە نەبوو، لەلایەکی ترەوە لای بارزانی روون بووە، کەوا گەلاڵە داڕێژەری جیابوونەوە و کەرتبوونەکە ئیبراهیم ئەحمەد بوو(4).

دەکرێت بڵێین سەرەڕای ئەوانەش بارزانی لە زیرەکی و خەبات و ئەزمونی دیپلۆماسی و توانا و کاریگەری رێکخستنی پارتایەتی تاڵەبانی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا نادیدە نەبووە.

دیارە هەندێ لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی لە شاری هەولێر لە کاتی لەتبوونەکەدا دانیشتن و ماوەیەك وازیان لە سیاسەت هێنا، لەوانەی دیاربوون ساڵح شێرە، مەولود رۆژباش و قادر شۆڕش بوون(5) ئەوەی دوایی لە یاداشتەکەی دا دەنوسێت:"**بڕیارمدا واز لە سیاسەت بێنم و لە پارتی دووربکەومەوە، نوسراوێکم بۆ لقی هەولێر نوسی ئەوەم روونکردەوە کەوا باوەڕم بەو هەڵوێست و سیاسەتەی ئێستای مەکتەبی سیاسیی پارتی نییە، هەر بۆیەش لەگەڵ نووسینی ئەم نامەیە خۆم بە بێ لایەن دەزانم، مامۆستا مەلا عەبدولا (مەبەست عەبدولا ئیسماعیلە) زۆر بە توڕەیی وەلامی دامەوە و هەندێك هەڕەشەشی بۆم نوسیبوو، منیش دووبارە وەلامم بە توندی دایەوە و ئیتر دەنگ نەما و وازم هێنا، بەلام**

---

(1) دیدار لەگەڵ عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر؛ تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(2) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بارزانییەوە بۆ مام جەلال، گۆڤاری k21، ژ: ٩، ٢٠١٠، ل٤٤.

(3) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

(4) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(5) دیدار لەگەڵ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.

**دوای ماوەیەك بۆم دەركەوت بێ كوردایەتی هەڵناكەم و نامەیەكم بۆ پارتی سەر بە بارزانی نوسی و وەڵامیان دامەوە كاریان لەگەڵ بكەم"**[1].

دوا بەدوای ئەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی كۆنفرانسەكە بە بڕیاری داماڵینی بارزانی لە سەرۆكایەتی رازی نەبوون و بە هەڵەیەكی گەورەیان دەزانی، یەكێك لە ئەندامانی بەشداربوو دەنوسێت:**"داوامان كرد وەفدێك لە كۆنفرانسەكە پێك بێت و بچێتە سەردانی بارزانی، بەلآم تا ئێمە گەیشتینە هەولێر بڕیاری رووتكردنەوەكە بلآوكرایەوە، ئەمەش پێچەوانەی بڕیارەكە بوو"**[2].

یەكێك لەو كادیرە نزیكانەی هەولێر، كە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ باڵی مەكتەبی سیاسیی پارتیدا بوو، ئەحمەد شەریف بوو، ناوبراو سەبارەت بە كۆنفرانسەكە پێی وابوو، دەكرا ئەو كۆنفرانسە نەبەسترێت و بەیاننامەی (بارزانی-موشیر) بلآو نەكرێتەوە، چونكە بارزانی سەرۆكێكی كاریزما و بێ ركابەر بوو، كەسێك نەبوو لە كۆمەڵگای كوردی باوەڕ بەوە بێنێ بارزانی خیانەت لە كورد بكات، بۆیە مەكتەبی سیاسیی لە خوێندنەوەیاندا هەڵەیان كرد و رابردوو و خەبات و خۆشەویستی بارزانیان لە ناو میللەت رەچاو نەكردبوو[3].

دیارە ئەم رووداوە كاردانەوەی خراپی بەدواداهات و دامان و رامانی ترسناكی دروست كرد، كوردپەروەر و خەمخۆران لە هەموو لایەكەوە كەوتنە تەقەلآی نزیكبوونەوە و هەوڵەكانی تەشەنە نەكردنی لێكترازانەكە بۆ چارەسەری درا، كۆمەڵێك هەوڵ دران و سەردانەكان دەستیان پێكرد، لەوانە عەزیز محەمەد و شاندێك كە زۆربەیان ئەفسەری ناسراو بوون سەردانی بارزانیان كرد، بەلآم هەوڵەكان بە فیڕۆ چوون[4].

دانیشتوانی شاری هەولێر بە تەواوی چین و توێژەكانییەوە، رۆشنبیر و سیاسیی و خەڵكی ئاسایی، لە هەموو ماڵ و كوچە و بازاڕ و چایخانەكان و سەر ئیش و كار و شوێنە گشتیەكان باسی دووبەرەكی دەكرا، لایەنگری هەر لایەنێك هەوڵی دەدا لایەنی بەرانبەر بێنێتە سەر رێگای خۆی، بە گشتی خەڵك نیگەران بوو لە رەوشەكە و ئەو ئومێدە گەورە و پتەوەی لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردی و مێژووەكەی بونیاتی نابوو، بەرەو ئاسۆیەكی لێڵ هەنگاوی دەنا، ژمارەیەك لە ئەندام و كادیری بەتوانای پارتی خۆیان لە ئەندامێتی حیزب هەڵپەسارد و دووركەوتنەوە[5].

---

(١) شاخەوان شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٠-٦١.

(٢) عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٣) دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف رۆژی١/١٠/٢٠١٢ لە هەولێر.

(٤) فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.

(٥) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر؛ كەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر؛ عەلی جوكل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

جێگای ئاماژەیە دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی بەیاننامەکەیان بە ناوی (رێککەوتنەکەی موشیر-بارزانی ئاشتییە یان خۆبەدەستەوەدان) لە شەقامەکانی شاری سلێمانی هەڵواسی بۆ هەموو لقەکانیش گشتگیریان کرد[1].

لە سەرەتادا ئەوانەی لە شارەکە پشتگیری بۆچوونەکانی ئەو باڵەیان کرد، زیاتر قوتابیان و مامۆستایان و توێژی رۆشنبیرانی شار بوون، بەڵام بە بەراورد کردن لە رووی ژمارەوە نەك لە ڕووی توێژ و جۆرەوە، ئەوا زۆرینەی جەماوەر و دانیشتوانی شارەکە لایەنگری بارزانی بوون[2].

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی چین و توێژەکانی هەولێر یەکلاکەرەوە نەبوو، بەڵکو زۆرینەی رەهای جەماوەر و دانیشتوانەکەی دژی لەتبوون بوون، تەنانەت رێکخستنەکانی حیزب لە ناو شارەکەدا کاتێك بەیاننامەکەیان بەدەست گەیشت نیگەران بوون، بەشێکی دیارییان لە زمانی توندی بەیاننامەکە نارەحەت بوون و پاڵپشتی خۆیان بۆ بارزانی دووپات کردەوە، بەشێکیشان وازنامەیان پێشکەش کرد و تا هێوربوونەوەی رەوشەکە لە رێکخستنەکان دوورکەوتنەوە، تۆفیق شێخ مستەفا کاتێك لە (چوارڕیانی عەینکاوە-شەست مەتری ئێستا) بەیاننامەی کۆنفرانسەکەی ماوەتی بۆ ئامادەبوان و رێکخستنەکان خوێندەوە، لەلایەن جەماوەرەوە ئەو هەڵوێستەی باڵی مەکتەب سیاسیی، بە خێرایی و بە توندی رەتکرایەوە و نیگەرانی لێکەوتەوە، زۆربەی ئامادەبووان تورەبوون و تەنانەت بە هۆرا و دەنگ هەڵبڕینەوە نارەزایی خۆیان دەربڕی و پرۆتستۆی زمانی ئەو جۆرە بەیاننامەیان کرد[3].

لەو هەلومەرجەدا بارزانی بانگهێشتی ناوچەی هەولێری کرد و نیگەرانی خۆی دەربڕی لە مەڕ پڕوپاگەندەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی و پێی گوتبوون: من باوەڕم بە گفتۆگۆ هەیە، هەر حکومەتێك داوای دانوستان بکات ئێمە رەتی ناکەینەوە، شۆڕش تەنها شەڕ نییە، من لە رەفتاری مەکتەبی سیاسیی رازی نیم و هاریکاریان لەگەڵ ناکەم، هەروەها داوای لێکردن پڕوپاگەندەکانی مەکتەبی سیاسیی لە کوردایەتی ساردیان نەکاتەوە و حیزبایەتی خۆیان بکەن[4].

لە بەرانبەر رەفتاری باڵی راجیاواز، لەگەڵ ئەوەی لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان لە چارەسەری لەتبوونەکەدا رۆڵی خۆیان ببینن و سەردانی هەردوو لایان کرد تا کۆنگرەیەکی گشتی ببەستن، کەچی هەموو هەوڵەکان بە فیڕۆ چوون، دوایین هەوڵ درا، شاندێك لە کۆنگرە پێکهاتبوون، لە هەر یەك لە: عەلی سنجاری و عەلی هەژار و محەمەد مەلا قادر بۆ ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی بە بێ مەرج بگەڕێنەوە و بەشداری کۆنگرە بکەن، بەڵام مەکتەبی سیاسیی ئامادەنەبوون و پاش دوو رۆژ

---

(١) دیڤید ادامسن وجرجیس فتح الله، الحرب الکردیە وانشقاق١٩٦٤، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل، ١٩٩٩، ص٥٠.

(٢) دیدار لەگەڵ کەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر.

(٣) دیدار لەگەڵ تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٤) عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

شاندەکە بە نائومێدی گەڕایەوە و وەڵامێکی هەڕەشە ئامێزیان وەرگرتەوە و گوتیان بارزانی دەبێ پابەندی بڕیارەکانمان بێت[١].

دوابەدوای ئەوەی چارەسەری کەرتبوونەکە بە بنبەست گەیشت، بارزانی سێ کۆنگرەی جیاوازی بەست، لە کۆتایی مانگی ئازار کۆنگرەیەکی سەربازی بەست بۆ مەبەستی رێککاری سەربازی دژی باڵی مەکتەبی سیاسی[٢].

لە ناو پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر مشتومڕ هاتە ئاراوە و رێکخستنەکانی پارتیش لە شارەکەدا بە هەمان شێوە دووچاری شڵەژان هاتەوە، عەبدوڵا ئیسماعیل هاتە هەولێر بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگە و رێکخستنەکانی پارتی بکات و هەوڵ بدات شیرازەیان تێك نەچێ، بەلام هەولێریش وەك هەموو ناوچەکانی کوردستان ببووە دوو بڕ، زۆربەی کادیرەکانی رێکخستن سەرەتا کەوتنە لایەنی باڵی مەکتەبی سیاسیی و زۆربەی پێشمەرگەش بوونە لایەنگری بارزانی، بەلام رێکخستنەکانی پارتی لق و ناوچەکان پاش ئەوەی زانیان هێزی پێشمەرگەیان لەگەڵ دا نییە، ناوچەکەیان چۆڵکرد[٣]، لەو رەوشەدا فارس باوە دوای دیدارێکی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی و پاشان بارزانی، خۆی یەکلایی کردەوە و چووە پاڵ بارزانی[٤] دواتر نامەیەکی بارزانی پێگەیشت و داوای لێکرابوو سەرپەرشتی ناوچەکە بکات، بارودۆخەکە وای لێهات گیانی تۆڵەسەندنەوە پەرەبستێنێت و لایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسیی خۆیان خزانده نێو شاری هەولێر و شارۆچکەکانی تر، تا لە کۆتایی مانگی نیسانی١٩٦٤ دەشتی هەولێر بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و لایەنگرانی بارزانی و بەتەواوی لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی وەدەرنران[٥].

دوای ئەوەی لە کۆتایی مانگی نیسان هێزەکانی بارزانی توانیان لە ماوەیەکی کەمدا شکست بە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی بێنن و پەنایان بردە بەر شای ئێران و لە شاری هەمەدان گیرسانەوە، تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی بارزانی و لە ماوەیەکی کەم لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی لە گۆڕەپانەکەدا بوونیان نەما [٦].

دوای نەمانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو، لیژنەی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئایار دەست نیشان کرا، ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری لیوای هەولێر هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر، ئیسماعیل مەلا عەزیز، ئەحمەد گەرۆتە، بابەشێخ شێخ

---

(١) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٠-١٢١؛ دیدار لەگەڵ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام.

(٢) عصمت شریف وانلی، المصدر السابق، ص٣١١.

(٣) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٦-١٢٧.

(٤) دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ لە هەولێر.

(٥) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٦-١٢٧.

(٦) فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.

عومەر، عەبدولا ئیسماعیل[١] و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی بوون، دوای ئەوە بەمەبەستی بەشدار بوون پەیوەندیان بە ئەندامانی پارتی لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری کرد[٢].

بەمشێوەیە لە سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرە لە قەلادزێ بەسترا[٣] و لە کۆنگرەکەدا بڕیاری دەرکردنی ١٤ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشوو درا، بە بەشداری ٨٠٠ کەس کە نوێنەری ٢٠ هەزار ئەندام بوون[٤]، مەکتەبێکی سیاسیی نوێی پێنج کەسیی هەڵبژێردرا و حەبیب محەمەد کەریم بە سکرتێر دەرچوو[٥].

کۆنگرە لە بارەی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگی دەرکرد، لە گرنگترین بڕیارەکانی ناوخۆ: دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دامەزراندنی یەکە کارگێڕیەکان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان و گەڕانەوەی دانیشتوانی ڕەسەنی دێهاتەکان و دوورخستنەوەی عەرەبە بە زۆر نیشتەجێکراوەکان و چەند بڕیارێکی تر، بڕیارەکانی دەرەوەش بەگشتی پاڵپشتی و هاوسۆزی خەباتی ئازادیخوازی گەلانی ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان و ئاشتی و دۆستایەتی بوو[٦].

دوای کۆنگرە هەوڵی دووبارە بونیاتنانەوەی ڕێکخستنەکان و پەیکەری حیزب لە شارەکاندا درایەوە، ئیسماعیل مەلا عەزیز کە بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، کرایە بەرپرسی لقی دووی هەولێری پارتی دیمەکراتی کوردستان و محەمەد مەلا قادر و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی کرانە ئەندامی لقەکە و لە ماوەیەکدا چالاکیەکان پەرەیان سەندەوە[٧].

جێگای باسە ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەو کاتەدا کەوتبووە ژێر دەسەلاتی باڵی مەکتەبی سیاسیی و بە نهێنی لە نزیك سنووری ئێران لە ناوچەی ماوەت پەخش دەکرا، لە ١٠ی تەمووزی١٩٦٤ دا، بانگەوازێکی بۆ پێشمەرگە ڕاگەیاند بۆ ئەوەی لە بارزانی و لیژنەی ناوەندی نوێی حیزب هەڵبگەڕێنەوە، بەلام کەس بە دەنگ بانگەوازەکە نەچوو[٨].

دوای کۆنگرەی حیزب بارزانی لە ٢٨_٢٩ی ئەیلولی ١٩٦٤ کۆنگرەی میللی لە قەلادزێ بە ئامادەبوونی ٢٥٠ کەس بەست، بە بەشداری زۆرینەی چین و توێژ و پێکهاتەکانی دانیشتوانی کوردستان، موڵکداری دێهاتەکان، سەرۆك هۆزەکان، پیاوماقوڵانی شارەکان، پیاوانی ئاینی و چینی جوتیار و کرێکار و بۆرژوازی و توێژی ڕۆشنبیران و سەربازییەکان ئەوانەی هاتبوونە پاڵ لەشکری پێشمەرگە، ئامانج لە کۆنگرەکە

---

(١) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ل٦٠-٦١.

(٢) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٣) محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٠-٦١.

(٤) جەمال نەبەز، کوردستان و ...، ل ١٦١.

(٥) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چ: ٦، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٢٧.

(٦) بۆ درێژەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بڕوانە: شازین هێرش و نزار محەمەد، بەلگەنامە پارتی دیموکراتی کوردستان(باڵی مەکتەبی سیاسیی و باڵی بارزانی)١٩٦٤-١٩٧٠، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی شوان، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ل١٩٧-٢٠٠.

(٧) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤

(٨) عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص٣١٦.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل و ئەو پێکهاتانە بوو بۆ ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە داهاتوودا[1].

شیاوی باسکردنە دوای دوو رۆژ لە دانیشتنەکان بارزانی هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی خستەڕوو، گووتی:"**ئەو رۆژانە بارودۆخی کوردستان لە قۆناغێکی زۆر هەستیارە، حکومەت هەنگاوی ئەرێنی نەناوە لە پێناو چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی رەوای کورد، ئەوەشی لێ چاوەڕوان ناکرێت، بۆیە پێویستە لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی گەلەکەمان خەباتی بۆکردووە، ریزەکانمان یەکبخەین، ئێوە دەزانن پارتی لەسەر بنەمایەکی نوێ دووبارە رێکخستنەکانی خۆی دارشتەوە، ئەو تاقمەی خۆیان بەسەر گەلی کوردەوە سەپاندبوو، لە کوردستان دەرکران، ئێمە دەمانەوێ بە شێوازێکی نوێ و پرۆگرامێکی نوێ بڕوین و کاربکەین، بە مەرجێك هەموو چین و توێژەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بن، لەبەر ئەم هۆیانە ئێمە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) مان لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد دامەزراند، داواکارم کەسی شیاو هەڵبژێرن کە رۆڵیان دەبێت لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و ببنە نوێنەری راستەقینەی گەل**"[2].

لەو بارەیەوە دوای هەڵبژاردن یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەن لە ٩ی تشرینی یەکەمی١٩٦٤ لە گوندی (بۆسکین) بە ئامادەبوونی هەموو پێکهاتەکانی ئەنجوومەن سازدرا، بارزانی لە وتارێکی دا گووتی:"**ئێوە لێرە کۆبوونەوە، نوێنەری شۆڕش و میللەتن، خۆم خزمەتکاری ئەو گەلەم، مافی چارەنوسی گەلی کوردستان دەکەوێتە سەر شانی ئێوە، ئەگەر من هەڵەم کرد لێپیچینەوەم لەگەڵ بکەن، پێویستە ئەو بەرپرسیارێتییە بە دڵێکی پاك و رێزی هاوبەش بهێنینە دی**"[3].

بەمشێوەیە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان لە کوردستاندا، دوای ئەوەی بۆ رێکخستنی شۆڕش پێنج لیژنەی سەرەکی پێکهات نوێنەر و کەسایەتییەکانی سنووری لیوای هەولێر لە لیژنەکاندا بەمشێوەیە بوو: لە لیژنەی دادوەری موحسین دزەیی، لە لیژنەی دەستور شەمسەددین موفتی لە لیژنەی سەربازی موقەدەم نامیق کۆیی، لە لیژنەی کارگێڕی ساڵح رەشید میرانی شەقلاوە و وەهاب ئاغای جوندیان دانران، دوای ئەوە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی١٩٦٤ لە دانیشتنی ئەنجوومەن بڕیار و راسپاردەکانی لیژنەکانیان واژۆکرد، دەستورێکیان دارشت ناویان لە کوردستانی عێراق نا ویلایەتی کوردستان، لە رووی کارگێڕیەوە باشووری کوردستان پێنج لیوای (هەولێر، دهۆك، کەرکوك، سلێمانی و خانەقین) لەخۆگرتبوو، دواتر مەکتەبی جێبەجێکاری دامەزرا، سەرەتا بارەگای سەرەکی ئەنجوومەن لە گوندێ هەڵشۆ لە سنووری شارۆچکەی قەڵادزێ بوو، بەڵام دوای ٢٩ی حوزەیرانی

---

[1] المصدر نفسه، ص٣٠٦.

(٢) شیرزاد زکریا محمد، مجلس قیادة الثورة في كوردستان-العراق ١٩٦٤-١٩٧٠(دراسة تاريخية سياسية عامة)، مطبعة جامعة دهوك، دهوك،٢٠١٠،ص٦٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عصمت شريف وانلى، المصدر السابق، ص٣١٦-٣١٩؛ شیرزاد زکریا محمد، مجلس قيادة...، ص ص٦٣-٦٥.

ساڵی ١٩٦٦ بارەگایان هاتە سنووری لیوای هەولێر لە ناوپردان و چۆمان بوو، تا ڕێککەوتنامەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لەوێ مایەوە[١].

شیاوی ئاماژەیە دوای ئەوەی لیژنەی دادوەری بڕیاری دروستکردنی دادگای پێداچوونەوەی دا، کەسایەتی هەولێر عەونی یوسف وەك یەکەم سەرۆکی دادگاکە دوای پاڵاوتنی لەلایەن لیژنەی دادوەری ئەنجوومەنەکە، دەستبەکار بوو[٢].

دەردەکەوێ پەیکەری ئەنجوومەنەکە بەشێوەکی پتەو و تۆکمە داڕێژرا بوو، دەستوری ئەنجوومەنەکە لە سەردێڕەوە (بە ناوی گەلی کورد) دەستی پێکردبوو و لە دیباجەیەك و سێزدە مادده پێکهاتبوو، لەگەڵ کۆمەڵێك یاسا و راسپاردە لە بارەی سیستەمی دادوەری و کارگێڕی و دارایی سیستەمی سەرکردایەتی گشتی شۆڕشی کوردستان لە رووی سیاسیی و سەربازییەوە[٣].

دەکرێت بڵێین پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکە لەلایەك بۆ لێکترازانەکە دەگەڕێتەوە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو درزە بووە، کە لە ئەنجامی جیابوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی باڵی مەکتەبی سیاسیی هاتەکایەوە، کە زۆرینەیان رۆشنبیر و بڕوانامەدار بوون و لە دامەزرانی پارتییەوە ئەزموونی رێکخستن و خەباتی سیاسییان هەبوو، بەڵام لە راستیدا ئەو دامەزراوە توانی تا ئاستێکی زۆر شۆڕش لە هەموو روویەکەوە رێکبخاتەوە و تەنانەت بەرەو پێشی ببات، لەلایەکی دیکەوە ناوچە رزگارکراوەکان پێویستی بە دامەزراوەیەك بوو لە رووی کارگێڕی و سیستەمی دادوەری و سەربازییەوە، مەدەنی بێت و شکۆمەندی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی کوردی نیشانی حکومەت بدات.

بەمشێوەیە ئەم کەلێنەی لە ئەنجامی لەتبوونەکە دروست ببوو، پڕ کرایەوە و کوردستان کەوتە ژێر یەك سەرکردایەتییەوە و بەردەوام بوو[٤].

دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو، لەلایەن بارزانییەوە بڕیاری لێبوردن و بەخشینیان بۆ دەرکرا، جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد کە تا کانونی دووەمی ١٩٦٦ لە تاران مایەوە، ئەوانی تر لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٥ لە ئێران گەڕانەوە[٥]و لە ئابی ١٩٦٥ لیژنەی ناوەندی پێشوو لەگەڵ ٧٠٠ پێشمەرگە هاتنەوە کوردستان و بەشداری هەندێ لە شەڕەکانیشیان کرد و رۆڵیان بینی[٦] و سود لە توانا سەربازییەکانیان بینرا، تەنانەت لەو شەڕانە دژی حکومەتی عەبدولسەلام عارف ژمارەیەك قوربانییان

---

(١)، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە تەواوی وردەکارییەکانی لیژنە و کەسایەتییەکانی نێو ئەنجوومەن و دەستوری شۆڕش بڕوانە: شیرزاد زکریا، المصدرالسابق، ص ص٦٠-٨٨.

(٢) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٣) بڕوانە نامیلکەی: مجلس قیادة الثورة لکردستان العراق-المکتب التنفیذی، الدستور والقوانین، مطبعة خبات، کوردستان، د.ت، ص ٣-٣٥.

(٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٨٧.

(٥) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

(٦) جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص١٢٧.

بەخشی[١] ئەو هێزانەش بەشێكیان لە ناوچەی شارباژێر و بەشێكیشیان نێردرانە ناوچەی خۆشناوەتی و سەفین و تێکەڵ بە هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان کرانەوە[٢]، بەلاّم ئەو رەوشە زۆری نەخایاند، لە ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٦٦ هەریەك لە جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا(دەبابە)، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف ناوچە رزگارکراوەکانییان جێهێشت و پەیوەندیان بە حکومەتەوە کرد[٣] ئیتر لە رێگای سەربازگەیەکی حکومەت لە نزیك گوندی دۆڵەڕەقەی سەر بە سنووری قەزای رانیە و ریزەکانی شۆڕشیان جێهێشت و چەکیان دژی شۆڕش هەڵگرت و شەڕی ناوخۆی کورد بە کردەوە دەستی پێکرد[٤]، دوای ئەوە هەریەك لە عەلی عەبدولاّ و نوری شاوەیس (ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی) و نوری ئەحمەد تەها (ئەندامی لیژنەی ناوەندی) لە راگەیەندراوێکدا پچڕانی پەیوەندی خۆیان بەو گروپە راگەیاند کە لە پێشتردا لەگەڵ باڵەکە بوون[٥].

بە رای توێژەرێك:"لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی پێیان وابوو لە ماوەیەکی کەمدا بارزانی رادەماڵن، بەلاّم زەمینیان بە هەڵەیدا بردن، چونکە بارزانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانی لە پشت بوو، حیزبی کاژیك[٦]ی لە پشت بوو، کۆمۆنیستەکانی پاڵپشت بوو، بۆیە پەلەقاژێی چەکدارانی ئەو کۆمەڵە تێك شکا، ناچاربوون کوردستانی عێراق بەجێبهێڵن و بۆ ئێران هەڵبێن، سەرەتا هەمەدان و پاشان تاران و ساڵێك زێتر لەوێ مانەوە و تا پەیوەندیان بە حکومەت کرد" [٧].

جێگای باسکردنە جیابوونەوەی ئەو باڵە، تەواوی دوژمنانی کوردی دڵخۆشکرد تەنانەت لە ١ی نیسانی ١٩٦٦ بە شێوەیەکی لە خۆباییانەوە عەبدولسەلام عارف گوتی:"**چەتەکان لە باکووری عێراق بوونە دەستە و تاقمی جیاجیا و پارچەپارچە بوون، ئەگەر خوا ویستی لەسەربێ شوێنەواری چەتەگەری کوردی لە چەند رۆژانێکی کەمی داهاتوو رەش دەبێتەوە**"[٨].

---

(١) الاتحاد الديمقراطي الكردستاني-اللجنة التاسيسية، الثورة الكردية١١ ايلول ١٩٦١ - ٦ اذار ١٩٧٥ مشروع البرنامج الوطني، آب ١٩٧٧، الطبعة الثانية المعدلة، د.م، حزيران ١٩٨٢، ص٥١.

(٢) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠٠-٢٠٢، ٢٠٥.

(٣) جريدة خەبات، ع: ٤٨٦، شباط١٩٦٦.

(٤) الاتحاد الديمقراطي الكردستاني-اللجنة التاسيسية، المصدر السابق، ص٥١.

(٥) جريدة خەبات، ع: ٤٨٦، شباط١٩٦٦.

(٦) کاژیك کورتکراوەی (کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوە و یەکێتی کوردستان)ە، لە ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ لەسەر دەستی رۆشنبیرە راستڕەوەکان دامەزرا، ئەوانەی ماوەیەك لە ئەوروپا ژیابوون، جەمالەدین تۆفیق ناسراو بە(جەمال نەبەز) بە کارەکە هەڵستا، کاتێك مامۆستا بوو لە یەکێك لە دواناوەندییەکانی بەغدا، ئایدیۆلۆژیای کاژیکی تێکەڵەیەکە لە رێبازە جیهانییەکان: نەتەوەپەرستی، رەگەزپەرستی، سۆشیالیزمی و لیبرالی، لەگەڵ مۆرکێکی کاژیکی تایبەت، ئەوەی روونە لەو ئایدیۆلۆژیە بڕوابوونی تەواوی بە سەربەخۆیی کوردستانی مەزن هەیە، دژایەتی شیوعییەت و هەڵوێستی بێباوەڕیان وەستاوە.بۆ پتر زانیاری بڕوانە: عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن...، ص ص٥١٩-٥٢٢.

(٧) جەمال نەبەز، کوردستان و...، ل ١٦١؛ فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.

(٨) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص٥٦.

دەکرێ بڵێین ئەم گروپە رۆشنبیرە، لە بڕیاردان پەلەیان کرد، هەژموون و دەسەڵاتی بارزانییان لە شۆڕشی کوردستان و لەناو کۆمەڵگای کوردی بە کەمزانی و لە رێبەرێکی مێژووییەوە کە رەگ و ریشەی لە دەروونی جەماوەر و کۆمەڵگا و میللەتدا رۆچووبوو، کردیانە رکابەر و دوژمنی سەرسەختی خۆیان، هاوکات بڕیاری شەڕو ملنەدان بەرانبەر هێزی پێشمەرگە، ئاکامەکەی جێهێشتنی کوردستان و پەنابردنە بەر ئێرانی لێکەوتەوە، ئەوەش بووە هۆی لێکترازانی زیاتر، دەکرا هەوڵەکانی دانوستان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی ناو ماڵی کورد کاراتربووایە، هەرچەندە ئەو ناکۆکییە پاشخانێکی مێژوویی هەبوو لەوێدا تەقییەوە، بەڵام نەدەبوایە ببێتە هۆی لێکترازان و ئەنجامی نەرێنی و نەخوازراوی لێبکەوێتەوە و کاریگەری خراپی لەسەر رەوتی شۆڕشی رزگاریخوازی جێبهێڵێت و دڵی دوژمنانی کورد خۆشبکات و یەکڕیزی نێوان چین و توێژەکانی دانیشتوانی کوردستانی لەنگ بکا شەڕی هاوچارەنوسی کورد بێتەکایەوە و تەشەنە بکات و دوژمنی سەرەکی فەرامۆش بکەن، بەداخەوە دەستەبژێر و رۆشنبیرانی ناو شارەکان و بڕوانامەدارەکان جیابوونەوە و دوای ئەوەی چوونە پاڵ حکومەتی عێراقی، شەرعییەتی نوێنەرایەتی کردنی خەباتی شاخ و بزووتنەوەی رزگاریخوازییان لە دەستدا و حکومەتیش بە ئەسپایی وەکو یارییەکی سیاسیی سوودی لێبینین و بە زیانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تەواو بوو.

## باسی چوارەم: بارودۆخ و هەڵوێستی گشتی جەماوەری و حکومەتی بەرانبەر دانوستان.

لە ڕاستیدا دانوستانەکان بە شێوەیەکی گشتی وێستگەی پشوودان و حەسانەوە و خۆڕێکخستنەوەن، هەر بۆیە دانیشتوانی شارەکان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هاوتای حکومەت پێویستی بە دانوستان و ئاگربەست هەبوو.

شیاوی ئاماژەیە پێشمەرگە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە پێویستی بە ئاگربەست هەبوو، بۆ سەردانی کەس و کاریان لە شارەکان ، لەلایەکی ترەوە سەرەڕای خراپی رەوشی ئابووری و نیگەرانی خەڵکەکە، ئەگەر سەیری هەڵوێستی دانیشتوانی شارەکەش بکەین جۆرە ئومێدێکیان لەلا دروست ببوو، دڵخۆش بوون بەوەی ئارامی بگەڕێتەوە شار و هاوکات لایەنی ئابوریش ببوژێتەوە و دەرفەتی ئاڵ و گۆڕی بازرگانی بێتەکایەوە و جوتیارانیش لە گوندەکاندا بۆ ساغکردنەوە و فرۆشتنی بەروبوومەکانیان ئومێدیان بە دانوستانەکە هەبوو[١].

دوابەدوای راگەیاندنی ئاگربەستەکە لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، جۆرێك لە ئاسوودەیی دەروونی باڵی بەسەر تەواو گەلانی عێراقدا کێشا بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانییەوە[٢]، بەر لە تەقینەوەی ئاشکرا و دوو لەتبوونی پارتی راستەوخۆ دوای ئاگربەستەکە، لە ناو شاری هەولێر خەڵکی بە ئومێدەوە لە ئاسایی بوونەوەی رەوشەکەیان دەڕوانی و دەرکیان بەوە کردبوو شۆڕشی کورد پێویستی بە پشودانێك هەیە و خراپی بارودۆخی ئابووری دانیشتوانی شار بە هۆی قەیرانی سیاسیی پێویستی بە ئارامی هەیە، ئەگەر چی هەندێ هەنگاوی بچووك لە لەلایەن حکومەتەوە نران و دانیشتوانی شارەکان توانیان بۆ ماوەیەکی کاتی سوودمەند بن، جوڵەیەکی ئابووری لە بازاڕدا هاتەکایەوە، هاوکات بە هۆی گەڕانەوە و سەردانی پێشمەرگەکان بۆ ناو شار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوان و پێشمەرگەی نوێکردەوە و بەرز راگرتنی پێشمەرگە و پێشوازی کردنی گەرم و گوڕیان زیاتر هانی گەنجانی شاری هەولێری دا بۆ پەیوەندی کردن بە شۆڕشەوە[٣].

لەلایەکی دیکەوە بە دەستپێکردنی ئاگربەست سوپا وازی لە کوردستان هێنا و رێگای بۆ خواردەمەنی کردەوە، دیلەکانی هەردوولا ئازاد کران، ئەوانەی بە تاوانی بەشداریکردن یان یارمەتیدانی شۆڕشی کورد گیرابوون، ئازادکران[٤].

هەر لە ئان و ساتی دانوستانەکەدا ئەو خەڵکانەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەر پەلاماری سوپا کەوتبوون، روویان لە ناوچەکانیان کردەوە و بارەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە رۆیشت لەمبارەیەوە

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام؛ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.

(٢) جريدة الفجر الجديد، ع: ٦٣٠، ١٢شباط١٩٦٤.

(٣) دیدار لەگەڵ هەریەك لە نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٣/١٢/٤ لە هەولێر؛ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر؛ توفیق شێخ مستەفا لە رۆژی ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

**مەسعود محەمەد دەنوسێت:"پەڕاگەندەی شارەکان بە تایبەتی کۆیی یەکان روویان کردەوە کۆیێ، ماڵی منیش لە مانگی نیسان گەڕایەوە کۆیێ"**[1].

شارۆچکەی کۆیە لە دوای کودەتای یەکەمی بەعس زیانی زۆری بەرکەوتبوو، لە دەستپێکردنەوەی شەڕیش دووبارە قوربانی زۆریان داو جگە لە گرتنی بە کۆمەڵ و کوشتن و تالآن کردنی ماڵ و بردنی بەروبوم و داهاتی خەڵکەکە و وێرانکردنی شارەکە، لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٦٤ ئەو خەڵکە زۆرەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو هاتنەوە ناوچەکانی خۆیان[٢].

ئەگەر سەیری هەڵوێست و سیاسەتی حکومەتی عێراقی بکەین، لەگەڵ ئەوەی هەندێ کارڕایی بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشکە نا، بەڵام بە تەواوی پابەندی رێککەوتنامە و ئاگربەستی ١٠ی شوباتی١٩٦٤ نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك هەنگاوی نا، پێچەوانەی رێککەوتنەکە بوو، چاوپۆشی لە کاروکردەوەکانی بەکرێگیراوانی کورد و عەرەبە هاوردە و نیشتەجێبووەکانی سنووری دیبەگە و ناوچەی کەندێناوە دەکرد، بێباکانە ستەم و دەست دریژیان دەکردە سەر هاولآتی و گوندنشینانی ناوچەکە، دوای نزیکەی دووهەفتە لە ٢٥ی شوباتدا قایمقامیەی مەخمور فەرمانێکیان دەرکرد بە مەبەستی دەرکردنی کوردەکانی ناوچەکە و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیان دا[٣].

سەبارەت بە رەوشی ناوەوەی شاری هەولێر، ماوەیەکی نزیك دوای ئاگربەستی شوباتی ١٩٦٤ دا، جەوهەر هیرانی کە ئەندامێکی رێکخستنەکانی پارتی بوو لە ناو شاری هەولێر، لە نامەیەکی دەستنوس لە ٢٧ی شوباتدا بۆ بارزانی ناردووە، رەوشی ناوخۆی بارودۆخی شاری هەولێر دەخاتە روو، تێیدا مامەڵەی سەرۆك هۆزە نەیارەکانی شۆڕشی کورد و لایەنگرانی حکومەت دەخاتە روو، چۆن پڕوپاگەندە لە نێو خەڵکدا بلآو دەکەنەوە کەوا دانوستانەکان لەگەڵ حکومەت راست نین و ئاژاوە و پشێویان ناوەتەوە و هەوڵی گێرەشێوێنی دەدەن و حکومەتیش هەڵوێستی بەرانبەریان نییە[٤].

دیسان رۆژێك دواتر، لە دوو نامەی جیاجیادا لە ٢٨ی شوباتی ١٩٦٤ بۆ بارزانی رەوانە کراوە، لەوانە لە نامەیەکی دکتۆر خالید دا هاتووە: **"ئەمرۆ خەڵکێکی زۆری ناوچەی کەندێناوە و دیبەگە هاتوونەتە لام و لە بارێکی زۆر خراپ دەژین، چونکە عەرەبە نیشتەجێکراوەکان دەستیان بەسەر گوندەکانیان داگرتوون و لە ماڵەکانیان دەریان کردوون، تا ئەو ساتەش عەرەبە هاوردەکان پەلاماری ماڵەکانیان دەدەن، لە ٢٥ی ئەو مانگەدا موتەسەریف پەیوەندی بە قایمقامی مەخمور کردووە فەرمانی داوە بە زووترین کات پاشماوەی ئەو کوردانەی لەوێ ماون دەربکرێن و عەرەبیان لە شوێن نیشتەجێبکرێن، ئەو بارودۆخەش جاشەکانی سۆفی زیاتر ئاڵۆزیان کردووە و سەرەرۆیی دەکەن، هاوکات هەر لە ٢٥ی ئەو مانگەدا سەرۆك جاشەکان بە موتەسەریفیان راگەیاندوە سەردانی بەغدا دەکەن و نیگەرانی خۆیان لە دانوستانەکە**

---

(١) مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢، ل٤٤٩.

(٢) فرهاد عونی، المصدر السابق، ص ص٣٣١-٣٣٢.

(٣) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية...، ص٢٠٠.

(٤) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: پاشکۆ ژمارە(١١).

**دەخەنە روو، رۆژ دوای رۆژ عەرەبە هاوردەکان پەلاماری گوندەکان دەدەن و مەروماڵاتیان تاڵان دەکەن، وەکو ئەوەی لە گوندی قازیخانە و عالاّ روویدا، بۆیە دورخستنەوەی عەرەبەکان لەکەندێناوە و جاشەکانی سۆفی لە کەسنەزان و پیرڕەش و باداوە لە گرنگترین داخوازیەکانی دانیشتوانی هەولێرن"[١].**

سەبارەت بە نامەی دووەم هەمان رۆژ ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی بۆ بارزانی ناردووە تێیدا هاتووە: **"لە هەفتەی رابردوو مەحمود خەلیفە و شێخ عەواز[٢] سەرقاڵی پیلانگێڕان و نانەوەی پشێوی و ئاژاوەن، دوێنی رەبیەکانی حکومەت لە قەشقە و گردەسۆر و ئازیانەی نزیك دێدەوان لە ئامادەباشیدابوون و مەحمود خەلیفە هەندێ جاشە ئاغاکانی ناوچەی دزەیی بردە بەغدا، ئەوانەی لەگەڵی چوون خدری پاشا و سلێمان رەسول ئاغای دیبەگە و هادی کاکە خانی پونگینە بوون"[٣].**

دیارە لەگەڵ ئاگربەستدا حکوومەت هەوڵی داوە، پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان نەبڕێت و کاری لەسەر دەستەمۆ کردنیان کردووە.

هەمان رۆژ لە شارۆچکەی رانیە بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێرانی ئاژانس و رۆژنامە بیانییەکان لەمەڕ رێککەوتن و ئاگربەستەکە دەپرسن ئایا شەڕ و کوشتار وەستاوە دوای راگەیاندنی بەیانەکە؟ بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت:"کوشتار لە لیوای هەولێر بە هۆی موتەسەریفی هەولێر بەردەوامە، ئەو ئاژاوە و پشێوی دەنێتەوە هانی شەڕو کوشتار دەدات"[٤].

بارزانی بە هۆی نامە و راپۆرتەکانی حیزب لە وردەکاریەکانی رەوشەکە و ناو شاری هەولێر نادیدە نەبووە و بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی ناو شار لە رەوشەکە ئاگادار کراوەتەوە، لە راستیدا دەکرێ هۆکارەکانی دژایەتی کردنی جاشەکان بۆ پێشمەرگە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، لە کاتی ئاگربەستدا دوای ئەوەی پێشمەرگەکان دەهاتنەوە شارەکان و بە چاوێکی سوك سەیری جاشەکانیان دەکرد، بە رەقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، بەو پێیەی ئەوان ناپاکن و دژی بەرەی گەل وەستاونەوە، خودی بارزانیش رقی لە جاشەکان بووە، تەنانەت لە هەموو دانوستانەکاندا یەکێك لە خاڵە بنەڕەتییەکان هەڵوەشاندنەوەی چەکدارە خۆفرۆشە کوردەکانی سەر بە حکومەت بووە، بۆیە ئایندە و بەرژوەندی خۆیان لەوە نەبینیوە بکەونە ژێر فەرمانی بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە.

هاوکات دەکرێت دژایەتیکردنی ئاشتی لەلایەن گەورە بەرپرسی کارگێڕی شارەکان و ئەفسەرانی عێراقی بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، ئەوان وەکو بازرگانانی شەڕ لە هەلومەرجی ئاشتی زەرەرمەندبوون و لە شەڕ و کوشتاردا سوودمەند بوون و پارە و چەك و پێداویستیان بۆ فەراهەم دەکرا و پشتیان بە چەکدارانی هۆزە لایەنگرەکانی حکومەت دەبەست کە دژی شۆڕشی کورد دەوەستانەوە، حکومەت برە

---

(١) ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ عبدالفتاح بۆتانی و شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص ص٦٨١-٦٨٢. بروانە پاشکۆ ژمارە(١٢).

(٢) مەبەست : حواس کنعان الصدیدە لە بەڵگەنامەگەدا وا هاتووە.

(٣) المصدر نفسه، ص١٧٧.

(٤) المصدر نفسه، ص ١٧٣.

پارەیەکی زۆری بۆ هۆزەکان خەرج دەکرد، لە بەرانبەر خزمەتی چاوساغی ڕێگاکان و پێشڕەوی سوپا لە کاتی هێرش و هەڵمەتە سەربازییەکاندا[١].

هاوکات دەکرێت ئەوە بە هەڵوێستی هەندێ لە ئاغاکان و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کوردی لایەنگری حکومەت بژمێرین، ئەوانەی ئاماژەمان پێکرد، چونکە ڕای زۆرینەی جەماوەر و دانیشتوانی شارەکە بە ڕێککەوتنامە و ئاگربەستەکە خۆشحاڵبوون و لە نێوەندەکانی جەماوەری دا هاوڵاتیان و دانیشتوانی تەواوی عێراقیشەوە ئاسوودەیی و شادمانییەکە هەست پێکراو بوو[٢].

جگە لەوانە هەندێك لە سەرۆك هۆز و چەکدارەکانی حکومەت هەبوون، هاوکاری پێشمەرگە بوون و هەستی کوردایەتیشیان هەبوو، لە کاتێکدا ئەوانیش زۆربەیان موڵکدار و خاوەن زەوی و زاری کشتوکاڵی بوون، بۆ پارێزگاری لە موڵك و سامان و زەوی و زارەکانیان و بەرژەوەندی خۆشیان، لە ژێرەوە هاوکاری پێشمەرگە بوون و پەیوەندی نهێنیشیان بە ڕێکخستنەکانەوە هەبوو[٣].

هەر لەم ماوەیەدا لە سەرەتای نیسانی ١٩٦٤ موتەسەریفی هەولێر بەدرەدین عەلی خانەنشین کرا، ئەوەش دڵخۆشی دانیشتوانەکەی لێکەوتەوە و خەڵك ئومێدی بە دانوستانەکە زیاتر بوو، بۆ ماوەیەکی کورت (یونس حوسێن)ی موتەسەریفی نوێ دەست بەکاربوو[٤].

لە ١١ی نیسانی ١٩٦٤ بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ (یونس حوسێن)ی موتەسەریفی لیوای هەولێر ناردووە، داوای لێکردووە دانیشتوانی ناوچەکانی دیبەگە و دەشتی هەولێر و گوندەکانی پەڕاگەندە بوون و دوورخرانەوە لە ناوچەکانیان و کاری کشتوکاڵی خۆیان جێهێشتووە و بەدەست نەبوونی و هەژارییەوە دەناڵێنن، تکای کردووە دانیشتوانە ڕەسەنەکە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ناوچەکە لە هاوردە نیشتەجێکراوەکان چۆڵ بکرێت، هاوکات نافیز جەلال حەوێزی بۆ ئەم مەبەستە ناردبوو، بۆ ئەوەی تاوتوێی بابەتەکە بکەن[٥].

جگە لە مەسەلەی تەعریب و ڕاگواستنی دانیشتوانی دەشتی هەولێر، لە دانوستانەکاندا بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکان دەکردەوە، لە نامەیەکی تایبەتی بارزانیدا بۆ عەبدولڕەزاق سەید مەحموودی موتەسەریفی سلێمانی لە ٥ی نیسانی ١٩٦٤ ناردووە، تێیدا داوای ئازادکردنی ٣٠ گیراوی سیاسیی کردووە، لیستێك لەگەڵ نامەکە هاوپێچ کراوە، تێیدا ٢٥ کەس[٦]

---

(١) تورد ڤالستروم، ليس لنا من اصدقاء غير الجبال-ريپورتاج من كوردستان، ترجمة وتقديم: عبدالسلام نعمان، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٨، ص١٢٤.

(٢) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام؛ خورشید شێرە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٧، لە هەولێر؛ مومتاز حەیدەری. ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص٦٧٠.

(٤) دیدار لەگەڵ عومەر فەرهادی ٢٠١٣/٨/١٨ لە هەولێر.

(٥) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: عبدالفتاح علی البوتانی و شیرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص٢١١.

(٦) گیراوەکانی لیوای هەولێر هەریەك لە: (حاجی محمد حوسێن، مەجید مستەفا، ئەحمەد مەلا سەعید خەیلانی، محەمەدەمین فەقێ خەیلانی، سۆفی ئیسماعیل گوری، مەولود ئەحمەد خەیلانی، ڕەسول ئەحمەد خەیلانی، مستەفا عەبدوڵا خەیلانی، سلێمان

لەوانە سەر بە سنووری لیوای هەولێرن و لە گرتووخانەکانی موسڵ و کەرکوك گیراون، کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی خۆشناوەتی سەر بە قەزای شەقڵاوە و گوندەکانی (گەرۆتە، ئاقوبان، قەڵاسنج و هیران)ن و شەش لەوانە خەیلانین و سەر بە ناحیەی هەریرن، رۆژی دوایی لە ٦ی نیساندا، ناوەکان بۆ دادوەری سەربازی گشتی رەوانە کراوە، تا ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٤ ناوەکان دووبارە بۆ دادوەری سەربازی رەوانە کراوە، بۆ مەبەستی دووپات کردنەوە و ئازادکردنیان[1].

دوای ماوەیەکی زۆر بەسەر ئاگربەستەکە حکومەت لە ١ی ئەیلولی ١٩٦٤ بڕیاری لێبوردنی گشتی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی عێراقی بلاوکردەوە و لێبووردنەکە ئەو کەسانەی گرتەوە کەوا بەشداری شۆڕشی کوردستانیان کردووە یان هاوکاری و کۆمەکیان کردووە یان هاندەر بوونە لە ماوەی ١٠ی ئەیلولی ١٩٦١ تا ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا [2].

ئەگەر لە هەوڵەکانی حکومەت بڕوانین بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشەکە لە ماوەی نەشەڕ و نەئاشتیدا، وەکو ئاماژەمان پێکرد حکومەت دوای نزیکەی حەوت مانگ لە رێککەوتنەکە بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ بەندکراوان بە چەندین مەرج دەرکرد، واتە رێککارییەکانی حکومەت و هەنگاوەکان خاو بوون زیاتر مۆرکی کاتکوشتنی پێوە دیاربوو.

شیاوی باسە بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی شەڕ و رووداوەکان، لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا بە سەرۆکایەتی مەسعود محەمەدی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوور لە لیوای کەرکوك کۆنگرەیەکیان بەست بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی رووداوەکانی باکوور کە تێیدا عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەریفی لیوای هەولێر و نایف حەمودی موتەسەریفی لیوای کەرکوك و شاکر سامەرائی موتەسەریفی لیوای موسل و قایمقامەکانیان و هەریەك لە جێگرانی موتەسەریفی لیوای سلێمانی و دیالە ئامادەبوون، هەروەها سەرهەنگ سەباح عەبدوڵڵا بە نوێنەرایەتی وەزارەتی بەرگری و رائید روکن ئیدریس ئیبراهیم بە نوێنەرایەتی فیرقەی دوو لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی لە کۆنگرەکە ئامادەبوون، تێیدا باسی رێگاو شێوازی قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیان کرا[3].

لە راپۆرتێکی باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە ٢٦ تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ناردووە، هەوڵەکانی مەسعود محەمەد بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنامەکە دەخاتە روو، تێیدا هاتووە:" مەسعود محەمەد ئاگاداری کردمەوە دەیەوێت ئەو رۆژە بەرەو باکووری عێراق بچێت،

---

عومەر، کاکل عومەر، بابەکر عومەر، حەمید حەسەن، جەبار سلێمان، جەلال سلێمان، کاك نەبی عەزیز، کاکە حەسەن، ساڵح حەسەن، ئەحمەد حەمە رەشید، زرار عەبدولا، شێخ محەمەد عەبدولا، حەمەد ئەحمەد، حەقی محەمەد حوسێن، شێخ حەمە عەبدولا، حەمەد ئەحمەد، ئەحمەد و کچەکەی نەسرین) بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص ص٢٠٩-٢١٠.

(١) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ص٢٠٩-٢١٠.

(٢) جريدة الوقائع العراقية، ع: ٩٩٥، ١ ايلول ١٩٦٤.

(٣) جريدة المنار، ع: ٢٨٣٢، ٤ تشرين الاول ١٩٦٤.

دوای ئەوەی چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و سوپاسالار و سەرۆکی هەوالگری سوپا و موتەسەریفەکانی باکوور کردووە، دەوڵەتی عێراق خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵگرتنی یەکەم هەنگاو لەو پرۆسەیەدا کە بریتیە لە:

١- ئازادکردنی سەرجەم بەندکراوە کوردەکان، ئەوانەی کە تاوانی سەربازیان خراوەتە پاڵ.

٢- گەڕانەوەی کارمەندانی کورد بۆسەر پۆستەکانی پێشویان، بە تایبەت لە باکوور.

٣- بردنە دەرەوەی فەوجەکانی سوارەکانی سەلاحەددین لە باکوور.

٤- بردنە دەرەوەی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە کوردنشینەکان و گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان.

٥- قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی لە ماوەی رووداو و کێشەی دوایی زەرەرمەندبوون.

دوای ئەوەی عێراق ئەم هەنگاوانەی نا کوردەکان دەبێ ئەم هەنگاوانە بنێن:

١- پێشمەرگە لە جادە سەرەکییەکان پاشەکشە بکات و هێرشەکانی بوەستێنێ.

٢- ئەو چەکانە رادەستی حکومەت بکەنەوە کە لە سوپای عێراق سەندوویانە.

٣- رێگا بدەن بە پێکهێنانی کارگێڕی خۆجێیی لە کوردەکان پێك بێت، بەلاْم لە ژێرچاودێری دەوڵەتی عێراق دابێت.

ئەگەر ئەم هەنگاوانە بە کردەوە جێبەجێبکرێت ئەوا رێگا چارەی ئاشتیانە دەدۆزرێتەوە"[(١)]

لە راستیدا ئەو هەولاْنەش سوودیان نەبوو، هەروەکو لە رۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی ئاماژەی پێکراوە کەوا حکومەت برە پارە تەرخانکراوەکان و هاوکاریەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەسەر بەکرێگیراوانی کورد دابەش دەکات، هاوکات دەسەلاْتدار و بەرپرسانی حکومەت ئابلۆقەیەکی ئابووری بە شێوەیەکی کاتی لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی١٩٦٤ سەپاندبوو بەسەر هەریەك لە شارەکانی هەولێر و کەرکوك و خانەقین و زاخۆ و ناوچەکانی تری لیوای موسڵ و هەوڵی جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنی نەداوە[(٢)].

لە نوسراوێکی موتەسەریفیەی کەرکوك لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە بەرزکراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بە لیستی زیانلێکەوتووانی لیواکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوك و دیالە  بە هۆی رووداوەکانی باکوور کراوە، دوای ئەوەی لیژنەی پسپۆڕ بۆ ئامادەکردنی ژمارەی زیانلێکەوتووان و بڕی خەمڵێنراوی پارەی قەرەبووکردنەوە لە لیستەکەدا ژمارەی زیانلێکەوتوان بەمشێوەیە هاتووە:

١- لیوای هەولێر ٢٠،٣٥٨ زیانلێکەوتوو.

٢- لیوای سلێمانی ١٨،٠٠٠ زیانلێکەوتوو.

٣- لیوای کەرکوك ١٥،١٧٧ زیانلێکەوتوو.

٤- لیوای موسڵ ١١،١٤٠ زیانلێکەوتوو.

---

(١) وریا رەحمانی، شۆڕشی ئەیلول لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣، ل ل ١٧٧-١٧٩.

(٢) بڕوانە: جريدة خەبات، ع: ٤٧٤، تشرين الثانی ١٩٦٤؛ ع: ٤٧٥، كانون الاول ١٩٦٤.

٥- ليوای دیاله ٢,٢٩٤ زیانلێکەوتوو[١].

بە گوێرەی ئەم دۆکیۆمێنتە فەرمییە دەردەکەوێت، ژمارەی زیانلێکەوتووانی لیوای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لیوای هەولێر لە لەرووی جوگرافییەوە زۆرترین بەشی رووداوەکانی شۆڕشی کوردستانی بەرکەوتووە، هەر لە تەعریبکردنی دەشتی هەولێر و بە زۆر کۆچپێکردنی دانیشتوانەکە و نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان تا سنووری شەڕە بەرفراوانەکانی دەشتی هەولێر و ناوچەی دێگەڵە و کۆیە و هەیبەت سوڵتان و سنووری ناوچەی خۆشناوەتی بە تایبەت سەفین و ناوچەکانی سپیلك و هەریر و رواندز و ناوچەکانی بارزان، هەمیشەش ناوچەکە سوتاوە و خەڵکەکەی دەربەدەر و زەرەرمەند بوون، هاوکات رێژەی دانیشتوانەکەی لە بەشداری کردنی شۆڕش لە ئاستێکی بەرز بووە، زۆربەی زیانەکانی سوپای عێراقیش لە ناوچەکانی سنووری لیوای هەولێر بووە.

هەر لەو سۆنگەیەوە پارتی لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ بەیاننامەیەکی دەربارەی پلانی حکومەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور دەرکرد، لە بەشێکی بە یاننامەکە جەختی لەوە کردۆتەوە حکومەت بڕیاری دا بڕی ٤٠ ملیۆن دینار لە ماوەی ٥ ساڵدا، بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور خەرج بکات، ٥ ملیۆن دیناری بۆ ئەوساڵ تەرخان کرد و بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتێکی تایبەتیشی بە ناوی وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە پێکهێنا، ئەو ژمارە و زانیارییانەی لە ژێر دەستمان هەن تا ئێستا ئەوەی خەرجکراوە نەگەیشتۆتە بڕی ٢ ملیۆن دیناریش، ئەو بڕە پارەش تەنها بۆ دووبارە دروستکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ئێشکخانەکانی پۆلیس و دامودەزگا حکومییەکان خەرجکراوە و بڕێکی بە جاش و سیخوڕ و ناپاکەکان دراوە و کەمێکیشی بۆ خۆشکردنی رێگا سەربازییەکان بووە، ئەو ٣ ملیۆنەی ماوە بۆ پڕۆژە راستەقینەکەی حکومەت تەرخانکراوە کە بریتییە لە ویژدان کڕینی دەروون نەخۆشەکان و لاوازکردنی شۆڕشی کورد و خافڵکوژی بارزانی رێبەری شۆڕش بووە[٢].

بۆمان دەردەکەوێت حکومەتی عێراقی تەنها پێویستی بە کات هەبووە بۆ چەسپاندن و سەپاندنی دەسەڵاتەکەی، نیازی راستگۆیانەی چارەسەری دادوەرانە و ئاشتیخوازانەی بۆ گەلی کورد نەبووە.

---

[١] د.ك.و، كتاب متصرفية لواء كركوك إلى وزير الدولة لشؤون اعمار الشمال، الموضوع: قوائم طلبات متضرري حوادث الشمال، المرقم:١٩٧٠، بتاريخ٢٢/١١/١٩٦٤.

[٢] بۆ درێژەی بەیاننامەکە بڕوانە: شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٦٤-٢٦٥.

## باسی پێنجەم: هەولێر و مانگرتنی ١٩٦٥

هەولێر وەکو هەموو شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بارودۆخی نەشەڕ و نەئاشتی و هەنگاوەکانی حکومەت بۆ خۆدزینەوە لە ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکە، نیگەرانی دانیشتوان و ناڕەزایی گشتی جەماوەری لێکەوتەوە، لە کاتێکدا ماوەی ساڵێك دیدار و دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی دیدگای شۆڤێنیانە و کورتبینی دەسەڵاتدارانی حکومی لە مافە سیاسییە ڕەواکانی کورد، بە جۆرێك تێڕوانینیان بۆ دۆزی کورد لەو سۆنگەیەوە بوو کە ناوچەکە پێویستی بە هەندێك خزمەتگوزاری زیاتر هەیە و دامەزراوەیەکیان بە ناوی (ئاوەدانکردنەوەی باکوور) دامەزراند، لەگەڵ ئازادکردنی هەندێ لەو گیراوانەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستگیرکرابوون، هەر بۆیە پارتی بە هەماهەنگی لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕێککەوتن بۆ ئەنجامدانی مانگرتنێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا[(١)].

سەرەرای ڕەوشی خراپی سیاسیی، لە رووی خزمەتگوزارییەوە لیوای هەولێر لەو ماوەیەدا بەتەواوی فەرامۆشکراو بوو، جگە لە تەواو کردنی هەندێ پرۆژە، تەنانەت پشکی شارەکە لە زۆر لەو پرۆژانە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تردا یان زۆر کەم بوو یان بەتەواوی بێبەش بووە[(٢)].

بارودۆخەکە رۆژ دوای رۆژ بەرەو خراپتر هەنگاوی دەنا، حکومەت هەمیشە سیاسەتی کات کوشتنی بۆ دان نەنان بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کورد پەیرەو دەکرد، هەڕەشەی بەرپرسانی حکومەت بەردەوام بوو، لە ٢ی شوباتی ١٩٦٥ لە لێدوانێکی سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆدا هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی خولی نوێی شەڕی کرد و گوتی:"... **لە نیەتی عێراقدا نییە رەزامەندی لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان نیشان بدات، نە لە ئەمرۆ و نە لە ئایندەشدا...**" [(٣)].

بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ خۆدزینەوەی حکومەت و فەرامۆشکردنی شارە کوردییەکان و نیگەرانی دانیشتوانی کوردستان، ئیتر پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر راگەیاندنی ئاگربەست لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٥ دا، بانگهێشتی مانگرتنێکی گشتی و

---

(١) عبدالمجيد عبدالرزاق(مام قادر)، المصدر السابق، ص ص ١١٦-١١٧.

(٢) ئەو پرۆژانەی لەو ماوەیە ئەنجام دراون لە وەزارەتی ئەوقاف تەواوکردنی مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر لە هەولێر، لە پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆش لەسەر تێچووی کارگێڕی خۆجێی دروستکراون بریتین لە: دروستکردنی پەرژینێك بۆ کتێبخانەی گشتی و بنکەیەکی ڤێتەرنەری بۆ ناحیەی گوێڕ و دوو خانوو لە ناوەندی ناحیەی سەلاحەدین، وەزارەتی بەرگریش تەنها کۆگایەکی عەنبارکردنی چەك و تەقەمەنی سەربازی و یانەی ئەفسەران و نانەواخانەیەکی میکانیکی، وەزارەتی کشتوکاڵیش بەرهەمهێنانی چەند هەزار شتڵە نەمامێکی لە شارەکە وەکو بەرهەم و دەستکەوت هەژمارکردووە! لیوای هەولێر لە پڕۆژە و دەستکەوتی وەزارەتەکانی تر بێبەش بووە. بڕوانە: ثورة ١٤ تموز في عامها السادس، صدر باشراف: لجنة الدعاية والنشر لاحتفالات ١٤تموز في وزارة الثقافة والارشاد، دار الجمهورية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٦٦، ص ص ٣٨، ٨٠، ٩٢، ٩٣،١٠٢.

(٣) ش. ج. اَشيريان، الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨، ترجمة: ولاتو، بيروت، ١٩٧٨، ص١٣٢؛ شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة...، ص١١٥.

سەرتاسەری لە کوردستانی عێراق ڕاگەیاند، مانگرتنەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە[١].

سەبارەت بە ڕێوشوێن و ئامادەکاری مانگرتنەکە لە شاری هەولێر موحسین دزەیی دەڵێت:"شەوی ٩ ی شوباتی ١٩٦٥ لەسەر داخوازی لقی ٢ی پارتی، نامەی تایبەتیم بۆ یەکەکانی پێشمەرگە نارد لە ناوچەی هەولێر لە پێناو سەرکەوتنی مانگرتنەکە و گرتنی ڕیگاکانی نێوان هەولێر_کەرکوك و هەولێر_موسڵ بێ ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکومەت پێکدادان بکەن"[٢].

لە شاری هەولێر مانگرتنەکە بە جۆرێك سەرکەوتوو بوو، حکومەتی سەرسام کرد، هەرچی دوکان و تەواوی بازاڕی پیشەگەرانە بە هەموو پۆلەکانیەوە داخران، بەرگدروو و کوتاڵ فرۆش و سەوزەومیوە فرۆش و گۆشت فرۆش و ئازوقە فرۆش و تەنانەت هەندێ لە نانەواخانەکان بە تەواوی داخران و مامەڵەی بازاڕ ئەو ڕۆژە لە هەولێر بە تەواوی پەکی کەوت، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی بینی لە سەرکەوتنی مانگرتنەکە و لەسەر ئاستی بازاڕدا شێخیل حاجی حەسەن(بازرگان) بوو کە ڕەشاد ئەحمەدی بەرپرسی نووسینگەکەی ڕاسپارد، دوای ئەوەی تەواوی پۆلەکانی بازرگانانی ئاگادارکردەوە بەدەنگ بانگەوازەکەی شۆڕشەوە بچن و سەرپێچی نەکەن و ئەو ڕۆژە نەچنە سەرکار و پیشەکانیان، ئەوە فەرمانێکە بۆ بە دەنگەوەهاتنی پەیامی پارتی و پشتگیریکردنی ویستی شۆڕش و سەرکردایەتی سیاسیی کورد[٣].

دیارە بۆ سەرکەوتنی مانگرتنەکە موحسین دزەیی لەسەر ڕاسپاردەی ئیسماعیل مەلا عەزیزی لێپرسراوی لقی ٢ و عەلی هەژار ی بەرپرسی ناوچە لە هەولێر مایەوە، ئەو ڕۆژە تەنها هەندێك لە نانەواخانەکان بۆ پێداویستی هاوڵاتیان کرابوونەوە، دۆخەکە بە ئاسایی تێپەڕ دەبوو، بەڵام سەلیم ئاغۆك زراری کادری حیزب لەلایەن کارمەندانی سوپاوە گیرا بە هۆی ئەوەی داوای لە نانەوایەك کردووە نانەواخانەکەی دابخات، ئیتر بە هەوڵ و پەیوەنییەکانی دزەیی توانرا ئازاد بکرێت[٤].

لەلایەکی دیکەوە بە هۆی هەماهەنگی نێوان پارتی و ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لە ناو شاری هەولێر تەکانێکی تری بە سەرکەوتنیی ناڕەزاییە جەماوەرییەکەدا، کاتێك عادل سەلیم و قادر ڕەشید بە نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی هاوکاربوون بۆ سەرکەوتنی نارەزایەتییەکەی هەولێر و ڕێکخستنەکانیان ئاگادارکردەوە بە پیر بانگەوازەکەوە بچن[٥].

---

(١) جريدة خەبات، ع: ٤٧٦، شباط ١٩٦٥.

(٢) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٩٨.

(٣) دیدار لەگەڵ ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم، ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.

(٤) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٩٨.

(٥) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: کەریم ئەحمەد، ٢٠٠٩/١/٢٥، لە هەولێر؛ نەجمەدین مامۆ هەریری ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر؛ تەحسین محەممەد (ابو دلشاد) ڕۆژی (٢٠١٤/٤/١٣) لە هەولێر؛ شەماڵ عادل سەلیم ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٥ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ لە دەرگەڵە لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی ناو شار کاری کردووە و بەرپرسی ڕاپەڕینی فوتابیانی ساڵی ١٩٨٣ بووە، لە دوای ئەنفال ساڵی ١٩٨٩ کوردستانی جێهێشتووە و لە وڵاتی دانیمارك گیرساوەتەوە، ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ڕاگەیاندن لە دانیمارك بە دەست

پێدەچێ هۆکارێکی تری سەرکەوتنی مانگرتنەکە و بە دەنگەوە هاتنی ئەو رێژە زۆرەی چین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکە لە لایەك بۆ بێزاری دانیشتوانی هەولێر و دەوروبەری بەرانبەر هەڵسوکەوتی بەرپرسانی حکومی بگەڕێتەوە، لە لایەکی دیکەوە رەنگە بەدەنگەوە هاتنی داخوازی سەرکردایەتی سیاسیی شۆڕش، جگە لە بەهێزی رێکخستنەکانی شاری هەولێر لەئەنجامی ئەوە بووبێت رێککەوتن لەگەڵ حکومەت ببووە هۆی ناکۆکی و دووکەرتبوونی پارتی، ئەوەش سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ نیشاندانی نارەزایی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەرانبەر حکومەتی عێراقی، بە ئومێدی ئەوەی ئەو هەڵوێستە دەروازەیەك بێت بۆ نەمانی هۆکاری لێکترازانەکە و مانەوەی پارتی بە یەکگرتوویی و گەڕانەوەی بۆ دۆخی پێشوو.

جێگای ئاماژەیە گرنگترین دروشمەکانی مانگرتووان هەمان داخوازییە سیاسییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بوو بۆ چارەسەری دۆزی کورد بە شێوەچارەی ئاشتیانە و دادوەری و یەکسانی، لە دیارترین دروشمەکانیان:

١- بژی خەباتی نەتەوەیی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی.
٢- دان نان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی کۆماریدا.
٣- لادانی حوکمی سەربازی و نەهێشتنی حوکمی عورفی.
٤- بەپەلە هەڵوەشاندنەوەی بەکرێگیراوانی کورد(جاشەکان).
٥- گێڕانەوەی گوندە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانی شەرعی خۆیان، دوای چۆڵکردنی هۆزە عەرەبەکان.
٦- قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی شۆڕشی کوردستان.
٧- لێبوردنی گشتی بۆ هەموو زیندانی و گیراوە سیاسییەکانی عێراق.
٨- تێدەکۆشین لە پێناو برایەتی کورد و عەرەب لەسەر بنەمای چەسپاندنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد.
٩- بژی برایەتی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و هەموو کەمینە نەتەوەکان.
١٠- داوا لە هەموو ئەو میللەت و حکومەتە ئاشتیخواز و ئازادیخوازانە دەکەین، پاڵپشتی خەباتی گەلی کورد بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان[١].

هەرچەندە ئەو رۆژە بە هۆی بوونی پێشمەرگە لە رێگاکانی هەولێر- موسڵ و هەولێر-کەرکوك جۆرێك لە بارگرژی لێکەوتەوە، حکومەت جوڵەی بە سوپاکەی کرد و چەند فڕۆکەیەکیش بە ئاسمانەوە

---

هێناوە، خاوەنی کۆمەڵێك تابلۆی هونەری و نووسینی ئەدەبی و سیاسییە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و دانیمارکی، کۆمەڵێك کتێبی بە چاپ گەیاندووە و چەندین پێشانگای هونەری بەتەنیا و بە هاوبەشی لە وڵاتان کردۆتەوە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندان و ئەندامی سەندیکای نوسەرانی دانیمارکە و بەرپرسی بەشی کوردی گۆڤاری (ننار) ە لە سوید کە بە چوار زمان دەردەچێت، لە وڵاتی دانیمارك دەژیت.

[١] عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص٨٧.

دەسوڕانەوە و تۆپخانەش تۆپبارانی ڕێگای کەرکوکی کردبوو، لەشێوەی هێرشێك بۆ سەر پێشمەرگە عەریف عەلی مەولود ناسراو بە (ڕەقەم یەك)و چەند کەسێکیان بە دیل گرتبوو، بەلآم دواتر بە هەوڵی موحسین دزەیی لەگەڵ بەرپرسان ئازاد کران[1].

بەهۆی دەنگەوە چوونی ڕێکخستنەکان و هەماهەنگی نێوان لایەنەکان و هەوادارانی شۆڕش و زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی شاری هەولێر، کە بووە هۆی سەرکەوتنی مانگرتنەکە، لە ڕۆژنامەی (خەبات) دا هاتووە:"**مانگرتنەکە گوزارشتێکی باش بوو بۆ دەربڕینی هەماهەنگی گەلی کورد و یەکپارچەیی پتەوی ناوخۆیی و کۆبوونەوەی هێزەکان لە لە بازنەی ئالآی شۆڕشی کوردستان و ئالآی سەربەستی و دیموکراسی و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی جەماوەری کوردستان، هاوکات وەلآمێکی توندیش بوو بۆ هەندێ ناوەندی حکومەت و بەکرێگیراوانیان لە جاش و ناپاکان لێرە و لەوێ پڕوپاگەندەیان دەکرد کەوا شۆڕشی کورد لە میللەت دابڕاوە و گۆشەگیر بووە**"[2].

حکومەت سەری لە هەژموونی پارتی سوڕمابوو لە شارەکاندا، هەر زوو وەلآمی خێرای دایەوە لە ١١ی شوبات سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ نامەیەکی تەنگەتاوی بۆ بارزانی نارد هۆشداری دا کەوا حکومەت دوو داخوازییە سەرەکییەکەتان ڕەت دەکاتەوە کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەبینێتەوە، لە کۆتاییدا پێویستە ملکەچی دەسەلآت بن و ڕاشکاوانە دووپاتی کردبۆوە حکومەت بە کردەوە ڕێککارییەکانی خۆی وەردەگرێ بۆ گەڕاندنەوەی یاسا و دەسەلآت لە کوردستانی عێراقدا[3].

لەلایەکی ترەوە حکومەت بە هیچ کلۆجێك گوێی بە مانگرتنەکە و داخوازییەکانیان نەدا و هەموو ئەو چەکدارە بەکرێگیراوە کوردانەی وەکو خۆی هێشتەوە کەوا پاڵپشت و داردەستی خۆی بوون و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی زاڵدەستبوون بەسەر شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی هەولێر و مەخمور و ڕواندز و شەقلآوە و کۆیە و شارو شارۆچکەکانی تر[4].

ئیدی حکومەت کۆتایی بە ماوەی نەشەڕ و نەئاشتی هێنا، خەریکی کۆکردنەوەی هێز و ئامادەسازی بوو بۆ دەستپێك و سەپاندنی شەڕێکی نوێ بەسەر کوردستاندا.

---

(١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: محسن دزەیی، أحداث عاصرتها ١٩٦١-١٩٧٥، الجزء الثانی، دار اراس، اربیل، ٢٠٠٢، ص ص٩٩-١٠١.

(٢) بڕوانە: جریدة خەبات، ع: ٤٧٦، شباط ١٩٦٥.

(٣) سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص١١٧؛ بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: الحکومة الوطنیة ومشکلة الشمال، المصدر السابق، ص ص٦٧-٦٨.

(٤) محەمەد مەلا قادر، سەربردە-کورتەیەك لە بیرەوەریەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ل ٣٧-٤٣.

## باسی شەشەم: بارودۆخی سیاسیی هەولێر لە دەستپێکرنەوەی شەڕ تا مردنی سەرکۆمار نیسانی ١٩٦٥ تا ١٦ نیسانی ١٩٦٦.

حکومەتی عێراق لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ەوە کەوتبووە بیانوو گرتن و شەڕ فرۆشتن، بە پاساوی ئاژاوەگێڕی، شالاوی گرتن و ئازاردانی خەڵکی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی دەست پێکردبوو، هاوکات جموجوڵی سوپا هەبوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەت بەرەو لێکترازان و ئاڵۆزی هەنگاوی دەنا، تەنانەت پێشهاتەکان ئاماژەبوون کەوا عەبدولسەلام عارف لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئاگربەستی شوبات و بەڵێنەکانی بەرەو پاشگەزبوونەوە و پەشیمان بوونەوە دەڕۆیشت و لە هەوڵی بەدەستهێنانی بیانوویەك بوو بۆ هەلگیرساندنەوەی شەڕ.

لەگەڵ هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ هێوربوونەوەی رەوشەکە، دوایین هەوڵ لەو ماوەیەدا حکومەت داوای لە شێخ ئەحمەدی بارزانی کرد بە یاوەری عەمید عەزیز چەلەبی چوونە لای بارزانی لە نزیك رانیە، بۆ ئەوەی شێخ ئەحمەد کاریگەری لەسەر بارزانی هەبێت تەنها واز لە ئۆتۆنۆمی بێنێت، لەوێ بە ئامادە بوونی هەریەك لە: موحسین دزەیی و کاکە زیادی کۆیە و موقەدەم عەزیز ئاکرەیی، شێخ ئەحمەد بە بارزانی گوت ئەوانە منیان هێناوە هەموو داخوازییەکانی کورد جێبەجێ دەکەین تەنها ئۆتۆنۆمی نەبێت، ئێوە تەنها بە قسەی میللەت بکەن، بارزانی راشکاوانە مەرام و نیازخراپی حکومەت و پاشگەزبوونەوەی بۆ خستنەڕوو، سووربوونی خۆی لەسەر مافە رەواکانی نەتەوەی کورد نیشان داوە[1].

هەر لەو ماوەیەدا وەکو ئاماژەمان پێکرد، بارزانی چەندین نامە و یاداشتی گەیاندە سەرکۆمار و سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ و پارێزگارەکانی سلێمانی و هەولێر، تێیدا مافەکانی گەلی کورد و کەمتەرخەمی لایەنی حکومی و نیاز پاکی کوردی دووپات کردبۆوە، بەلام لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆشکران.

بە پێچەوانەی هەوڵەکانی بارزانی، دەسەڵاتدارانی حکومەت متمانەیان نەبوو، بەڵکو لە رێگای دام و دەزگا هەواڵگری و پۆلیسەوە، بە وریاییەوە چاودێری جموجوڵی بارزانیان دەکرد. لە بروسکەیەکی موتەسەریفییەی لیوای هەولێر لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٥ بۆ فیرقەی دوو و وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، تێیدا باس لە دیار نەمانی بارزانی کراوە، بەلام دوای سێ رۆژ زانراوە ئەو زانیارییە هەڵەیە و دوورە لە راستییەوە[2].

---

(١) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٢) م.و.د، اضبارة الملا مصطفى البارزاني، متصرفية لواء اربيل/ سري وعلى الفور، العدد ٢٠، ٤كانون الثانی ١٩٦٥، الموضوع اشاعة اختفاء الملا مصطفى البارزانی. نقلا من: عادل تقي عبد محمد البلداوي، المصدر السابق، ص٧٣-٧٤.

لە کاتێکدا بارزانی لەم قۆناغەدا، بەردەوام جەختی لەسەر جێبەجێکردنی سەر داخوازییە ڕەواکانی کورد دەکردەوە، کە بریتی بوون لە: دەرکردنی خێرای هۆزە عەرەبییە نیشتەجێکراوەکان لە گوندە کوردییەکانی کەرکوك و هەولێر، هەروەها پەلە کردن لە قەرەبووکردنەوە و هاوکاری زیان لێکەوتووان بە شێوەیێکی دادوەرانە، هاوکارییەکە نەك تەنها بەکرێگیراوانی سەر بە حکومەت بگرێتەوە، هاوکات هەڵوەشاندنەوەی جاشەکان (الفرسان) و دەرکردنی بڕیاری بەخشینی گشتی بۆ هەموو زیندانە سیاسییەکان. ئەوانە نیەت پاکی حکومەت دەردەخەن نەك تەرخان کردنی سێ ملیۆن دینار بۆ ویژدان کڕین و لە ناوبردنی بارزانی، لەو سۆنگەیەوە بارزانی لە نامەیەکی دا بۆ عەبدولونعیم مەسرەفی پارێزگاری هەولێر لە ١ی نیسانی ١٩٦٥ ناردووە، هۆشداری داوە کەوا:"ئەو بارودۆخەی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت زۆر ترسناك و هەستیارە، پیلانگێڕ و تۆڵەخوازان هەوڵی هەڵگیرسانی ئاگری دووبەرەکی دەدەن لە بەرژەوەندی وڵات و ئەرکی هەموو دڵسۆزێکی وەکو ئێوەیە هیمەتی خۆتان بخەنە گەڕ بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری فیتنە و گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە"[(١)].

هاوکات ڕۆژی دواتر لە ٢ی نیسانی ١٩٦٥ نامەیەکی هاوشێوەی بۆ سەرکۆمار و سەرۆك وەزیران ناردووە و پاشان پێی ڕاگەیاندوون دەیان هەزار خێزانی کورد لە چیا و ئەشکەوتەکان دەژین و بە دەست نەخۆشی و برسیەتییەوە دەناڵێنن، بەڵام بەرپرسە حکوومییەکان ئەو هاوکارییانەی ڕێکخراوی K.E.R ی ئەمریکی بۆ گەلی کوردی ناردووە، بە سەر جاشەکان و ئەوانی تر دابەش دەکەن کە خەزێنەی وڵاتیان بە مووچە و دەرماڵە زۆرەکانیان ماندوو کردووە، وەکو ئەوە وایە کە ئەوان گوندیان سووتاوە و دەربەدەر بوون. هاوکات بارزانی گووتبووی:"**ئەگەر یارمەتییە دەرەکییەکان بۆ گەلی عێراق بەمجۆرە خەرج بکرێت، دەبێ ئەو بڕە پارەی حکومەت تەرخانی کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی وڵاتەکەی چۆن خەرج بکرێ؟**"[(٢)].

بەمشێوەیە حکومەت هەموو دەرگاکانی لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی داخستبوو، جگە لە سستی و خاوی نواندن بۆ هەر هەنگاوێك کە خزمەت بە ڕەوتی چارەسەری ئاشتیخوازانەی دۆزی کورد بکات، بەڵکو بەکردەوە هەنگاوی ئامادەسازی سەربازی نا، بۆ سەپاندنەوەی شەڕ بەسەر کوردستاندا.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥ سوپای عێراق جموجۆڵی هەبوو، لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی پارتی لە ناو سوپای عێراقدا زانیارییەکان دەربارەی جوڵە و پلانی سەربازی دەگەیشتە سەرکردایەتی شۆڕش، دوای بڕیاردانی شەڕ و پەلاماردان، دوو فرقەی سەربازی بە پاڵپشتی نزیکەی ٣٠٠٠٠ هەزار جاشی سنووری ناوچەی سۆران و بادینان، بەرەیەکی فراوانی شەڕ لە سنووری لیواکە هەڵگیرسا هەر لە ناوچەی کۆیەوە بەرەو دەربەندی

(١) عادل تقي عبد محمد البلداوي، المصدر السابق، ص ص٧٣-٧٤.

(٢) المصدر نفسه، ص ص٧٧-٧٨.

گۆمەسپان و سەفین و ناوچەی شەقڵاوە، لە چیای سەفین نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەی هێزی سەفین[1] و ٣٠٠ پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر و هێزی بێتواتە هەبوون، بەرانبەر لەشکرێکی سەربازی گەورە و چەکدارە بەکرێگیراوانی حکومەتی عێراقی پاڵپشت بە بۆردومانی باڵەفڕەکانی (مێك ١٧، مێك ١٩، مێك ٢١ و ئالیوشن) و تانك و زریپۆش، زیانی پێشمەرگە لە ماوەی سێ مانگ دا گیانلەدەستدانی ٣٠ پێشمەرگە بوو[2].

جێگای ئاماژەیە بۆ گرتنەوەی چیای سەفین، جاشەکانی هەرکی بە فەرمانداریێتی زێڕۆ هەرکی کە وەکو بەڵێندەرێك لەگەڵ فەرماندەیی سوپای عێراقی رێککەوتبوو چیای سەفینیان لە بڕی٢٠ هەزار دینار بۆ بگرێت، بەڵام لە گەرمەی شەڕەکەدا ناوبراو کوژرا[3] لە بەرانبەر ئەو هێزە گەورەی سوپای عێراقدا بەشێك لە هێزەکانی بارزانی لە چیای سەفین و بەشێك لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بۆ ماوەی ٥٠ رۆژ توانیان خۆڕاگر بن و پاشان سوپای عێراق شکستی خوارد و پاشەکشەی کرد. لە ئەنجامی شەڕەکەدا پێشمەرگە ١٠٨ شەهید و بریندارى هەبوو، سوپای عێراقیش زیاتر لە ٥٠٠ کوژراو و دیل و بریندارى هەبوو، لەو شەڕانەدا فەرماندەیەکی شەقڵاوە بە ناوی مورشید کاوانی گیانی لە دەستدا[4].

دیارە شەڕەکە بە فەرمانداریێتی رەشید سندی بەڕێوە چوو، بەڵام بە هۆی برسیەتی و بێ فیشەکی ماوەی چل رۆژ پێشمەرگەکان لە بارێکی خراپ دابوون، دوای ناردنی نامەیەك لەلایەن سندی یەوە بۆ خورشید شێرە، ئەوەی دواییان توانی بە هاوکاری دوو کادیری ناوچە لە کۆیە کە هەریەك لە نامیق عەبدولڕەحمان و سەید کاکە گۆمەشینی بە گوندەکانی دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر بگەڕێن و ئازوقەیەکی باش کۆبکەنەوە، لە ناوچەکە ئەسعەد ئاغای مەنتك هاوکاری زۆری پێشکەش کردن، پاشان (عەلی حەسەن مستەفا)ی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی جوتیارانی هەولێر و هاوکارەکەی مەلا عومەر چلهەوێزەیی (١٩٣٧-١٩٨٣) بڕی دوو هەزار دیناریان بۆ کڕینی پێداویستی شەڕ بەخشی، بەمشێوە بۆ رۆژیی دوایی توانیان کاروانێکی گەورەی باری ١٠٤ وڵاغ بگەیەننە هیران و پاشان چیای سەفین[5].

شەڕی سەفین دەنگدانەوە و رەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناو شاری هەولێر هەبوو[6]، لەلایەك بە هۆی نزیکی چیای سەفین لە هەولێر و بە گەڕانەوەی ژمارەیەك لە تەرمی بەکرێگیراوان بۆ شارەکە،

---

(١) لەو ماوەیەدا هێزی سەفین لە ٣ بەتالیۆن(فوج) پێك دەهات کە ژمارەیان ٢٠٠٠ پێشمەرگە بوو. سنووری قەڵەمڕەوی هێزەکە ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی بچووك و گەورە و دیجلە و بەشی باکووری رێگای کەرکوك بەرەو کۆیەی دەگرتەوە کە سەر بەسنووری لیوای هەولێر بوو. بڕوانە: عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص ص٣٣٤-٣٣٥.

(٢) شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص١٦٢.

(٣) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

(٤) پاول شیسمەن و خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لە ژێر ئاڵای کوردستاندا ژیان و رێبازی مەلا مستەفا بارزانی، و: ئەردەڵان گۆران، خانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل ل٤١٠-٤١١.

(٥) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٨-١٧٣؛ عەلی حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٦) لە زۆربەی دیدارەکاندا ئەوە دووپاتکرایەوە کەوا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شاری هەولێر، بە هۆی ئازاییەتی پێشمەرگە لە شەڕە بەناوبانگەکانی سەفین و زۆزك و هەندرێن، لەو کاتە و بە تایبەتی لە دوای رێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ناوی منداڵەکانیان بە ناوی ئەوچیا و شوێنانە کردووە و لێنراوە.

ئومێدی سەرکەوتن لە دڵی دانیشتوانەکە چەکەرەی کردبوو، هاوکات هاوکاری دانیشتوانەکە و تەواوی خەڵگی گوندەکانی خۆشناوەتی بناری چیای سەفین بۆ پێشمەرگەکان لە رووی دابین کردنی ئازوقە و خۆراك کۆکردنەوە لە جاران بە گوڕتربوو، بە چەندین جۆر و شێوازەوە لە رێگای رێکخستنەکانەوە ئەنجام دەدرا و دەگەیەنرایە دەستی پێشمەرگە، لەلایەکی ترەوە، زۆرێك لەوانەی وازیان لە کاری سیاسیی هێنابوو، بەهۆی ئەوەی گوایە بارزانی سازشی لەسەر مافە رەواکانی کورد کردووە و بە چەند مافێکی سەرەتایی رازی بووە، پاشگەزبوونەوە و پەیوەندیان بە رێکخستنەکان و پێشمەرگە کردەوە[1].

لە دەشتی هەولێریش شەڕێکی یەکجار قورس لە ئارادا بوو، لە ناوەڕاستی مانگی ئایار دا پێشمەرگەکان هەولێریان گەمارۆدا. هەموو نەخۆشخانە سەربازی و مەدەنییەکان پڕببوون لە سەربازی بریندار و مزگەوتەکانیش کرابوونە نەخۆشخانە[2]، لە نامەیەکی ئیدریس بارزانی لە ٨ی ئایاری١٩٦٥ سەبارەت بەو شەڕانە بۆ مەسعود بارزانی ناردووە، تێیدا ئەوەی خستۆتە روو، شەڕی بەرفراوانی دەشتی هەولێر نۆ رۆژی خایاندووە و تەرمی ٧٣ جاش و سەرباز لە مزگەوتەکان کۆکرانەوە، زیانی ئێمە گیانسپاردنی دوو پێشمەرگە و برینداریك بووە[3].

کاردانەوەی حکومەت لە دوای شکستە سەربازییەکانی، هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە ناو شاری هەولێر دەستی پێکرد [4]و شالاوەکەش جگە لەلایەنگر و هاوسۆزانی شۆڕش، ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی گرتەوە، لە ئایاری ١٩٦٥ نوری ئیسماعیل نانەکەلی (١٩٥٠-١٩٩٤) دەستگیرکرا و دوای گرتنی لە ترسی دان پێدانانی ناوبراو، هەریەك لە کاکل بەهرام و جەلال حەکیم بارزانی خۆیان شاردەوە[5]، هەروەها لە هەمان ساڵدا عوسمان حەبیب عەبدوڵلا ناسراو بە عەونی شاعیر (١٩١٤-١٩٩٢) لەگەڵ چەندین کەسایەتی تری کوردپەروەری شاری کۆیە گیرا و بۆ ماوەی شەش مانگ لە بەندیخانەی هەولێر مانەوە[6].

جێگای ئاماژەیە چاودێری توند و پەلامارەکانی حکومەت لە سنووری لیواکەدا بەردەوامی هەبوو، لە شەوی ١٣/١٢ی ئابی١٩٦٥ مەلا حەسەن کوێخا سورە کە کادیرێکی دەشتی هەولێر بوو، شەو لە گوندی (ساتور)ی رێگای هەولێر-موسڵ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەگەڵ رێکخستنەکانی پارتی ئەنجام دابوو،

---

[1] دیدار لەگەڵ محەمەدئەمین تەها خۆشناو ناسراو بە (محەمەدەمین سوێرەیی) رۆژی ٢٠١٤/٣/٣ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٥ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی کردووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، بەشداری شەڕەکانی رانیە و حاجی قەلا و دێگەڵە و سەفین و زۆزك و هەندرێنی کردووە و چەندین پۆستی سەربازی و کارگێڕی وەرگرتووە، لە ١٩٦٨-١٩٧٠ جێگری بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی خەلان بووە، دوای راپەڕینی ١٩٩١ فەرماندەی هێز بووە، دواتر ئەندامی نووسینگەی کۆمەڵایەتی بووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

(٢) پاول شیسمەن و خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤١٠-٤١١.

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٣٧٦؛حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

(٤) دیدار لەگەڵ عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر.

(٥) کاکل محمد طاهر(بهرام)، المصدر السابق، ص ص٧١-٧٢.

(٦) وەرگیراوە لە پێشەکیەکەی فەرهاد عەونی لە کتێبی: ئومێد عەزیز مستەفا، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٤.

حەمەی سابیر و چەکدارەکانی بەرەبەیانی ئەو رۆژە ئابلۆقەی گوندەکەیان دا، دوای ئاگادارکردنەوەی مەلاحەسەن بە یاوەری پێشمەرگەیەك بە ناوی محەمەد شوان، ماڵێك لەسەر بەرزاییەکانی گوندەکە دەکەنە سەنگەر و شەڕ لەنێوان ئەو دوو پێشمەرگەیە و هێزێکی گەورەی جاش و پۆلیس بۆ ماوەی ٦ کاتژمێر بەردەوام دەبێت، دوای کوژرانی ژمارەیەك لە جاش و پۆلیسەکان، هانایان بردە بەر حکومەت و سریەیەك سەرباز بە پاڵپشتی ٣ زرێپۆش گەیشتنە گوندەکە و بە گوللەی زرێپۆشەکان ماڵەکەیان سوتاند و دوو پێشمەرگەکە گیانیان سپارد[١].

لەلایەکی ترەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ناوچە کوردییەکان سیاسەتی زەوی سوتاندن پەیڕەو کراوە، لە یاداشتی روونکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراقی لە کوردستان پەیڕەوی دەکات ئەوەی خستۆتە روو کەوا حکومەت پلانێکی تۆکمەی داڕشتووە بۆ سوتاندنی دێهاتەکان و بەبڕیارێکی نهێنی لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ دەرچووە و لە ٦ی تشرینی یەکەمی١٩٦٥ جێبەجێکراوە، پلانەکەش چڕکردنەوەی هێزی سەربازی گەورەیە لە ناوچەیەکدا و هێرش بردنی بۆسەر دەیان دێهات لە هەمان کاتدا، پەلاماردانەکە بە تانك و تۆپ و زرێپۆش و بۆمبی ناپاڵم و بۆمبی سوتێنەری باڵەفڕەکانی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، تەنانەت وەزیری بەرگری عێراقی خۆی سەرپەرشتی ئەو شاڵاوەی کرد لە سوتاندنی ناوچەی شوان و ئاغجەلەر، لە سنووری لیوای هەولێریش لە دۆڵی بالیسان و ناوچەی باڵەك و دەشتی هەولێر هەمان شت روویدا[٢].

هەر لە یاداشتەکەدا لیستی ناوی گوندە سوتاوەکانی کوردستان هاتووە لەو ماوەیەدا لە سنووری لیوای هەولێر، کە هەندێ گوند زیاتر لە جارێك سوتێنراون، بەمشێوەیە هاتووە:

١- ناوچەی دۆڵی بالیسان گوندەکانی: بێراوە، بالوکاوە، بالیسان، توتمێ و شێرکاوە.
٢- ناوچەی باڵەك گوندەکانی: بادلیان، دێلیزیان، سیدەکان، پیشۆك، خەلەکان، جوندیان، کەڕك و بنی کاول.
٣- ناوچەی دەشتی هەولێر گوندەکانی: گۆمەشین، گورزەیی، گۆپتەپە، گۆمەتاڵ، دێگەڵە، سماق شیرنی بچووك، سماق شیرنی گەورە، شاخە پیسکە، کانی دەربەند، بانە قەڵات، حاجی وسو، ئاخورشە، بانی ماران، رەسول بسکۆل، شیوەوێران، بەردبڕ، بلیسان، میرگە، نیرەگین، کانی حەمەبانی ماران، داربەسەری گەورە، خوڕخوڕ، حەسەن مترب، سەرچنارە، کانی بزرە، هەڵەجە، حاجی و هەمزەبەگ.
٤- ناوچەی سەفین گوندەکانی: زیارەت، گەرۆتە، قەڵاسنجی سەروو، بانەنۆك، چنێران، ئاقوبان، قەڵاسنجی خواروو، ئەسپیندارە، سپیگرە، خۆران، کاوانیان، سوسێ، ئیلنجاغ، تەکەوەر، بانەموردی

---

(١) ئەو شەڕە وەکو داستانێك لەلایەن لاوکبێژی میللی محەمەد گۆران گوتراوە. بڕوانە: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نە...، ل ل ٩٩-١٠١.

(٢) شیرزاد زکریا محمد، مجلس قیادة الثورة...ص٣٧٩.

سەرەوە، بانەموردی خوارەوە، جل بەسەر، بەردەسپی، شبواشۆکی بچووك و شیواشۆکی گەورە[1]، دیارە لەم ئامارەدا دەردەکەوێ تەنها لە سنووری لیوای هەولێر ٦٣ گوند بەر شاڵاوی سوتاندن و تۆپباران کردن هاتنەوە.

جێگای باسە لە سەرەتای شۆڕش ١٩٦١ تا مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ نزیکەی ٢٩٠ گوند لە پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و موسڵ سوتێنراون[2].

لەگەڵ بەردەوامی سیاسەتی دڕندانە و شەڕی داسەپاوی حکومەت لەو ماوەیەدا، ڕووداوێکی تر بارگرژی لە نێوان پەیوەندیەکانی شۆڕشی کورد و بەغدا زیاتر کرد، لە کۆتایی مانگی ڕەمەزان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی١٩٦٥ بەدرەدین عەلی موتەسەریفی پێشووی هەولێر لە بەغدا لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی ئەفسەران کوژرا، دوای خانەنشینبوونی لەلایەن تیمێکی پێشمەرگەی ئامادەکراو لە بەغدا بە سزای گەل گەیەنرا[3].

ناوبراو هۆکاری کوشتنی ژمارەیەك هاولاٚتی و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی دەیان خێزان و تەعریبکردنی دەشتی هەولێر و زیندانی کردنی سەدان بێتاوانی خەڵکی شاری هەولێر بوو، بە گوێرەی پەیامی ڕۆژنامەی خەبات بیانووی خافڵکوژیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پەیامێك بێت بۆ ئەو کەسانەی لە پەنای پلە و پۆستی حکومیدا خراپەکاری دەکەن و ئازاری میللەت دەدەن پێویستە پەند وەربگرن، کاردانەوەی حکومەت لە بەغدا دەستگیرکردنی دەیان هاولاٚتی کورد و لە نێویاندا ئەندازیار و قۆنتەراتچی عەرەبییش هەبوو کە پەیوەندی دوور و نزیکیان بە ڕووداوەکە نەبوو[4].

هاوکات حکومەت هەر زوو پێشمەرگە کوردەکانی تۆمەتبار کرد، چونکە ناوبراو بە دامەزرێنەری سوارچاکەکانی سەلاحەددین (فرسان صلاح الدین) دادەنرێت و یەکێك بووە لە بەشداربووانی هەڵمەتەکانی سوپای عێراقی بۆ سەر کوردەکان[5].

هەڵمەتی دەستگیرکردنەکە کۆمەڵێك خەڵکی گرتەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی هەندێك لە کەسایەتییەکانی کورد و هەولێرییەکانی نیشتەجێی بەغدای گرتەوە، لە کەسایەتی بێلایەن و نیشتمانی و دیارەکانی کورد هەر یەك لە: زەید ئەحمەد عوسمان، ڕەشید عارف(بازرگان) و ڕەشید جەودەت (عەقیدی خانەنشین و بەڕێوەبەری پێشووی کۆلیجی جەنگی لە بەغدا) دەرچوو[6]، هەروەها لە ئەندام و لایەنگر و هەوادارانیش هەریەك لە: حەسەن مستەفا و محەمەد سۆفی و جەلال عەبدۆك و حەسەن

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٤٣٦؛ شیرزاد زکریا محمد، مجلس قیادة...، ص ص٣٨٣-٣٨٤.

(٢) شيركو فتح الله، المصدر السابق، ص١٥٣.

(٣) دیدار لەگەڵ عومەر فەرهادی ٢٠١٣/٨/١٨ لە هەولێر.

(٤) جريدة خەبات، ع: ٤٩٥، اذار ١٩٦٧.

(٥) جريدة الصفاء (اللبنانية)، ع: ٢٠٦، ٢٩ اذار ١٩٦٦؛ جريدة خەبات، ع: ٤٩٥، اذار ١٩٦٧.

(٦) محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧تموز١٩٦٨، مراجعة:جعفر عباس حميدي، بغداد، ٢٠٠٢، ص١٦٤.

سەید کەریم و ئیبراهیم تاهیر و ئەحمەدە رەش ناسراو بە (ئەحمەد چایەچی) و عەزیز مەحمود و قادر مەحمود خۆشناوی براکەی خاوەنی (هۆتیل سامان و هۆتێل أربيل) گیران، هەندێکیان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج مانگ مانەوە، هەندێکی تریش زیاتر لە ساڵێك بەند کران[١].

دوای ئەوەی هەندێکیان لە دادگای گەورەی رەسافە دادگایی کران، جگە لە پارێزەرێکی عەرەب، پارێزەری هەولێر هادی چاوشلی لە بەغدا، یەکێك بوو لەوانەی بەرگری لە گیراوان کرد[٢].

جێگای ئاماژەیە هەواڵی کوشتنەکە دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی بە ئاشکرا لەلایەن دانیشتوانی هەولێرەوە لێکەوتەوە و بووە مایەی دڵخۆشی دانیشتوانەکە و بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا خەڵکەکە پێی شادمان بوو[٣].

هەرچەندە ئەو رووداوە بووە هۆی نانەوەی زیاتری بارگرژی لە پەیوەندییەکانی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراقی، تەنانەت زیاتر لەساڵێك دوای رووداوەکە چەندین کەسی بێئاگا لە رێکخستنەکانی پارتی لە بەغدا بە تۆمەت و بیانوی کوشتنی بەدرەدین عەلی دەستگیر کران، لەم رووەوە رۆژنامەی خەبات لە سەروتارێکی دا بە ناوی (کراسەکەی بەدرەدین)[٤] سەرکۆنەی دەستگیرکردنی ئەندام و هەوادارانی دەکات و لە کۆتایی نووسینەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا بکوژەکە لە شەقامەکانی پایتەخت دەسوڕێتەوە و لەلایەن دەسەڵاتیشەوە ناسراوە و دوای ئەوەی پەیوەندی بە زومرەی ناپاك و خۆفرۆشەکانەوە کردووە، حکومەت چاوپۆشی لێدەکات، داوا دەکەن حکومەت گیراوەکان ئازاد بکات و چیتر دۆسیەی کوشتنەکە بە رووداوەکانی شۆڕش گرێ نەدرێت و حکومەت نیازپاکی خۆی نیشان بدا[٥].

هاوکات حکومەت لە رۆژنامە فەرمیەکانی خۆیدا هەڵمەتێکی راگەیاندنی دژی کورد بەرپاکردبوو، وەکو کاری هەمیشەیی پاساوی سەپاندنی شەڕی دژ بە کوردیان بە پیلانگێڕی داگیرکەران ناوزەند کردبوو و تۆمەتی بەکرێگیراوی بێگانەیان خستبووەپاڵ، موژدەی کۆتایی هاتنی شۆڕشی کوردیان لە سەردەستی سوپا راگەیاندبوو، ئەرکی سوپاشی بە پیرۆز هەژمار کردبوو هاوکات ئاماژەی بەوەدابوو ئامانجی داگیرکەران دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمە لەو بەشەی نیشتماندا![٦].

لە دیدارێکی پارێزەر نوعمان عانی (بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی عەرەب) لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا ئەنجامی دابوو، سەرکۆمار دووپاتی کردۆتەوە حکومەت ئامادەی دانوستان نابێت لەگەڵ سەرانی شۆڕشی کورد، بەڵکو بە کلکەکانی داگیرکەران وەسفی کربوون و سووربوونی خۆی نیشاندابوو لەسەر تەمێکردنی چەتەکان و گێڕانەوەی ئاسایش بۆ باکووری نیشتمان، هەروەها لە وەڵامێکیدا گوتوویەتی:" **ئێمە بەیانی ژمارە (٩)مان بە لێبووردنی گشتی بۆ هەڵخەڵەتاوان**

---

(١) حەسەن مستەفا، دەستنوسێکە لای توێژەر پارێزراوە، ل٤٥.

(٢) بڕوانە: طارق جامباز، هادي الچاوشلی...، ص ص٥٦-٥٧.

(٣) دیدار لەگەڵ عومەر فەرهادی رۆژی٢٠١٣/٨/١٨ لە هەولێر.

(٤) مەبەست لە کراسەکەی عوسمانە (قمیص عثمان) چۆن کرایە بیانوو لەلایەن معاویە وە بۆ شەڕی ئیمام عەلی.

(٥) جريدة خەبات، ع: ٤٩٥، اذار ١٩٦٧.

(٦) بڕوانە: جريدة الجمهورية، ع:٥٩٩، ٣ ايلول، ١٩٦٥؛ ع: ٦٠٠، ٤أيلول ١٩٦٥؛ ع: ٦٠٦، ١٠ أيلول ١٩٦٥.

**دەرکرد و کاتمان بۆ دانان، هێزەکانمان لە پێشڕەوی بەردەوامن بۆ پاککردنەوەی زەوی نیشتمان لەو چەتانە، تا ئەو کاتەی ژیانی ئاسایی بۆ باکووری خۆشەویست دەگەڕێتەوە...مادەی (١٩)ش لە دەستوری کاتی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی عێراقیەکان یەکسانن لە مافەکان و ئەرکە گشتیەکان، بێ جیاکاری رەگەز و بنەچە و زمان و ئاین و هەر هۆکارێکی تر، ئەو دەستورە مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی لە چوارچێوەی گەلی عێراق تێدایە"**[١].

روون و ئاشکرایە کەوا حکومەت هەموو سیاسەت و مامەڵەیەکی پەیڕەو کردووە، بۆ بە دەستهێنان و کڕینی نەیارانی شۆڕشی کورد، هەندێ لە سەرۆك هۆزە خۆفرۆشەکان رۆڵی خراپیان دەبینی لە ناو شاری هەولێر و سنووری لیواکەدا، تەنانەت ژمارەییێکی زۆری چەکداریان هەبوو، وەکو لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، ئەوان هێزێکی ئامادە و داردەست بوون لە پاڵ سوپای حکومەتی عێراقی بەشداری شەڕەکانییان لە دژی پێشمەرگەدا دەکرد.

لە ٦-٨ی کانونی یەکەمی ١٩٦٥ حکومەت هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێنا بە هاوکاری جاش و بەکرێگیراوانی کوردەوە بۆ دەرکردنی هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە دەشتی نێوان هەولێر و سەفین و کۆیە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو پاشەکشەیان کرد و شەڕەکەش بەردەوامی هەبوو[٢].

لەو سۆنگەیەوە سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٥ بانگەوازێکی بۆ ئەو چەکدارە بەکرێگیراوانەی لە ژێر ناوی سوارچاکەکانی سەلاحەددین (فرسان صلاح الدين) نارد و داوای لێکردن بە پڕوپاگەندەی حکومەت گومڕا نەبن"چونکە شۆڕشی گەلی کورد لە بەرژەوەندی دەستەیەکی دیاریکراو نییە، ئامانجی حکومەت چەك هەڵگرتنی ئێوەیە لە دژی رۆڵە و کەسوکاری خۆتان، ئەوان بە یەك چاو سەیری هەموو کوردێك دەکەن بێ جیاکاری، بۆیە پێویستە بە شانازییەوە بگەڕێنەوە رێزی نیشتمانی و لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە پێشوازیتان دایە" لە کۆتایی بانگەوازەکەدا بارزانی هیوای خواستبوو بە دەنگ بانگەوازەکە بچن و خزمەتی کوردستان بکەن[٣].

جێگای ئاماژەیە هەر لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ زستانێکی سارد بوو، بەهۆی کەمی پارە بۆ پێداویستی پێشمەرگەکان هەردوو مەکتەبی و جێبەجێکاری و سیاسیی شۆڕش، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتیان دا بۆ کۆکردنەوەی پیتاك لە شاری هەولێر لەو کەسانەی خواپێداون باری گوزەرانیان باشە و هاوسۆزی شۆڕشن، بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا موحسین دزەیی بەرپرسیارێتی لیژنەکە بکات و سەردانی هەولێر بکات، دوای کۆبوونەوەی ناوبراو لە گەڵ هەر یەك لە: ئیسماعیل مەلا عەزیز (ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی لقی دوو)، محەمەد مەلا قادر، عەلی هەژار و خورشید

---

(١) جريدة ألعرب، ع: ٣٩٥، ١٣ تشرين ألأول ١٩٦٥.

(٢) عصمت شريف وانلى، المصدر السابق، ص٣٦١.

(٣) م.و.د، اضبارة الملا مصطفى البارزانى، متصرفية لواء الموصل/سري للغاية، العدد ق س/٤١٧٧، ١٧تشرين الثانى ١٩٦٥، الموضوع: نشرة. نقلا من : عادل تقي عبد محمد البلداوي، المصدر السابق، ص ص٧٨-٧٩.

شێرە، لە ڕێگای کۆیە گەیشتە هەولێر، ئیتر شەو سەردانی خانەوادە دەوڵەمەندەکانی هەولێری کرد و لە ماوەیەکی کەمدا بڕێکی باش پارە کۆکرایەوە[1].

حکومەتی عێراق لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٦٥ گەورەترین هێرشی خۆی بە پاڵپشتی فرۆکە و زریپۆش و چەکی قورس کردە سەر دەشتی هەولێر، شەڕەکە تا ٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٦ بەردەوام بوو، پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بە خۆڕاگری خۆیان، توانیان پاشەکشە بە حکومەت بکەن و ڕێگا نەدەن ناوچەکە داگیربکەن، بەشداربویێکی شەڕ و ڕوداوەکان ڕۆڵی (حەویزی مام یەحیا) ی کۆیە بەرز دەنرخێنێت، ئەو کاتە لە کۆیە فەرماندەی چەکداری سەر بەحکومەت بوو، بەلأم لە پێدانی زانیاری هەواڵگری بە پێشمەرگە و ناردنی بڕیکی باش لە  فیشەك و نارنجۆکی دەستی بە نهێنی هاوکاری پێشمەرگەی کردووە[2].

لەلایەکی ترەوە لە ناو شارەکاندا حکومەت هەڵمەتێکی چڕوپڕی چاودێری کردنی خستبووە سەر جموجۆڵی بازاڕ و تۆڕێکی سیخوڕی بەناو شارەکەدا بلأوە پێکردبوو، بە وردی چاودێری و پشکنینی دانیشتوان و ئەو خانەوادانانەی شاری دەکرد، کەوا گومانی هاوسۆزی و پاڵپشتی شۆڕشی کوردستانیان دەکرد، زۆربەی ئەوانەش لە چینی بازرگانانی هەولێر کە بە درێژایی ماوەی شۆڕشەکە هاوکاری دارایی شۆڕش بوون، سەرەڕای بوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بەلأم بە هۆی بەهێزی هەستی نەتەوایەتییان لە پاڵپشتییەکانیان بەردەوام بوون، لەوانەی دیاربوون  هەریەك لە: شێخیل حاجی حەسەن و نورەدین مستەفا یەعقوبی و زۆرینەی قەسابەکان و زۆرێك لە خانەوادە ناسراوەکانی هەولێر بوون[3].

تەنانەت شێخیل حاجی حەسەن دوای دامەزراندنی ژووری بازرگانی لە هەولێر و هەڵبژاردنی بە سەرۆکی ژوورەکە، لە پەیوەندی بەردەوام دابوو بە پێشمەرگەکانی ناوخۆ، بۆ ئەم مەبەستە جگە لە دابینکرنی ڕێو شوێن و یارمەتی دارایی بۆ حیزب، ناسنامەی ژووری بازرگانی بۆ زۆرێك لە پێشمەرگەکانی ناوخۆ دروست کردبوو[4].

بێگومان ئەوەش کارئاسانییەکی گرنگ بوو بۆ پێشمەرگەکانی ناوخۆ بتوانن دوای ئەنجامدانی چالاکییە پارتیزانییەکان لە ناو شاری هەولێر، بە ئاسانی لە دەست مەفرەزە و بازگە گەڕۆکەکان ڕزگاریان بێت.

هەڵمەتی چاودێری کردنەکە بێ دەرەتان و هەژارانیشی گرتبووەوە، زۆر جاران لە ڕێگای تۆڕێکی سیخوڕیەوە کە حکومەت لەناو شاری هەولێر دابەشی کردبوون و هاوکات زۆر جار لە ڕێی جاشەکانەوە زانیاری و هەواڵەکان بۆ حکومەت دەستەبەردەکران، لە دۆکیۆمێنتێکی فەرمی وەزارەتی دادی عێراقیدا،

(١) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص ص ٩٥-٩٦.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێرشەکە بڕوانە: خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٧-١٥٥.

(٣) دیدار لەگەڵ  هەریەك لە: موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.

(٤) دیدار لەگەڵ ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم ڕۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.

له فایلێك دا به ناونیشانی (هاوسۆزی بەرانبەر یاخیبووەکانی باکوور) ژنێك له گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر دەستگیرکراوە و له ٦ی شوباتی١٩٦٦ فایلی بۆ کراوەتەوە به ناوی ئەستی نادر و منداڵە بچووکەکەی به ناوی حەمەدەمین دەستگیرکراوە و له دادگای باڵای کەرکوك لێپێچینەوەی زۆری لەگەڵ کراوە، به تۆمەتی ئەوەی کاغەز و وێنەی لێگیراوە و خواردنی بۆ پێشمەرگه ناردووەته شاخ و دەستگیرکراوە، شایەتحاڵەکانیش چوار جاشی گەڕەکەکەن[1].

ئەگەر بەڵگەنامەکە وەك نموونە وەربگرین دەردەکەوێت، زۆربەی چین و توێژەکانی دانیشتوانی هەولێر به ئافرەتانیشەوە، بوێر و ئازابوونە و پاڵپشتی مینۆکی و مادی گەورەی شۆڕش بوونە له ناو شارەکان، چاوی سیخوڕ و جاشەکانیشیان لەسەربووە، ئازوقە و خۆراکیان بۆ شاخەکان و دەشت و ناوچەی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگه ناردووە، له هەمان کاتدا رۆڵی چینی هەژارانی شارەکە دەردەخات که بوێرانە قوربانیان به ژیانی خۆیان داوە له پێناو کوردایەتیدا، هاوکات رۆڵی خراپی هەندێ له جاشەکان دەردەخات به شێوەیەکی دەروون نەخۆشانە شایەتیان له سەر ژن و منداڵێکی شارەکەی خۆیان داوە، بێ گوێدانە بەهای مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و دابونەریتی شارەکەی خۆیان و له پێناو دەستکەوتی مادی و پلەیەك نزیکبوونەوە له حکومەت ویژدانی خۆیان دۆڕاندووە.

ئەگەر سەیری زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانی شاری هەولێر بکەین، به شێوەیەکی گشتی هاوسۆز و پاڵپشتی شۆڕشی کوردیان کردووە و ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، جگه له بەشێکی زۆری چینی خواپێداوان و بازرگانان، توێژی زانا ئاینییەکانی شارەکەش وەکو دەستەبژێرێکی کاریگەر هەڵوێستی تایبەتییان هەبووە، وەکو دەردەکەوێ یەکێك له سیماو تایبەتمەندییەکانی سەردەمی عەبدولسەلام عارف بایەخدان بووە به گوتاری ئاینی بۆ بزواندنی رای جیهانی ئیسلامی دژی کورد و بەدکردن و ناوزڕاندنی شۆڕشە رزگاریخوازەکەی له لایەك و هاوکات بۆ رەوایەتیدان به پەلامار و هەڵمەت و هێرشکاری بۆ سەر کوردستان، لەو سۆنگەیەوە چەندین جار لەسەر ئاستی ناوخۆی شارەکە لەلایەن بەرپرسانەوە بانگهێشتی زانا ئاینییە دیارەکانی شارەکە کراوە، یاخود لوتکە و کۆنگرە بەستراوە و زانا ئاینییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی بانگهێشت کراون.

له کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ فەرماندەی فیرقەی سەربازی هەولێر بانگهێشتی زانای ئاینی شارەکە رەشاد موفتی کردووە، داوای لێکردووە فەتوایەك دەربکات و رێگا به کوشتاری پێشمەرگە بدرێت، بەڵام ناوبراو بوێرانە رەتی کردەوە و هەڵوێستی کوردانەی خۆی نواندووە[2].

---

(١) د. ك. و، وزارة العدل، موضوع الملف: التعاطف مع المتمردين في الشمال، التسلسل١١٤٠، فتحت القضية بتاريخ ١٩٦٦/٢/٦ واغلقت في ١٩٦٦/٨/٢. بڕوانە پاشکۆ ژمارە(١٣).

(٢) به هۆی هەڵوێستی ناوبراو له لایەك و بەهۆی ئەوەی شەمسەدین موفتی برا بچووکی ئەو پیاوە ئاینییە بوو لەلایەکی ترەوە، هاوکات بنەماڵەکەی هاوسۆزی شۆڕشی کورد بوون، چەندین جار بانگهێشتی دامودەزگاکانی حکومەت کراوە و لێپێچینەوەی لەگەڵ کراوە. بڕوانە: عثمان رشاد المفتي، المصدر السابق، ص٥.

له ماوەی دواتردا کاتێك له ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٥ کۆنگرەیەکی ئیسلامی عێراقی بە سەرۆکایەتی خودی سەرۆکی عێراقی عەبدولسەلام عارف بە بەشداری ٥٠٠ زانای ئاینی بەسترا، بۆ ئەوەی فتوایەکی رێگاپێدراو (شرعی) بدەن له دژی شۆڕش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و سەرۆکەکەی بە لادەر و دەرچوو له ئاینی ئیسلامی هەژمار بکەن[1] مەلا سالحی کۆزەپانکەیی (١٨٩٠-١٩٧٤) نوێنەر و سەرۆکی شاندی زانایانی هەولێر بوو کە ١٨ کەس بوون له کۆنگرەکەدا، ناوبراو ئازا و بوێرانە دوا و له بەشێکی وتارەکەیدا گوتی:" **من هۆکاری شۆڕشی کوردەکان له باکوور ئەوەی من بینیومە مافەکانمان له زۆر کاروباردا دەستەبەر نەکراون، ئێمە له زەمانی پێغەمبەرەوە کاتێك ناوچەکە کەوتە دەست یاوەرانی پێغەمبەرەوە .. شانبەشانی عەرەبەکان دژی دوژمنان جەنگاین. تەنها ئامانج بۆ پاراستنی بنەماکانی ئیسلامبوو، لەوان بانگەوازی نەتەوەییمان نەبیست، ئێستا گوێمان له برا عەرەبەکانە دەڵێن: شانازی بۆ عەرەب، زەوی بۆ عەرەب و شتی تر، ئەوەش مانای ئەوەیە ئامانج پاراستنی بنەمای ئاین نییە، بەڵکو شانازی کردنە بە نەتەوە و نەتەوەی ترتان وەکو کۆیلەی خۆتان سەیر کردووە تەنانەت بە کوردە بێلایەنەکانیشەوە، خانوەکانتان روخاندن، کۆچتان پێکردن، عەرەبتان له شوێنییان نیشتەجێکردن، ئەوەش دژی بنەماکانی ئاینە...**" دوای وتارەکەی یەکێك له ئەندامانی کۆنگرەکە مەلایەکی نابینا بوو بە ناوی (مەلا عەلی شیمالی) شۆڕشی کوردی کرد بە ستەمکاری ناوزەند کرد و بارزانی سەرۆکەکەی بە دەرچوو له ئاین له قەڵەمدا، له وەڵامدا مەلا ساڵح گوتی: مەلا مستەفا له تۆ و ئەو کەسەش موسوڵمان ترە کە تۆی ناردووە بۆ ئێرە[2].

له ماوەکانی دواتریش دا، ژمارەیەك له زانا ئاینییەکانی شاری هەولێر بە شێوازی جیا جیا له کۆڕوکۆبوونەوە و له وتاری هەینیشدا بە جۆرێك له شێوەکان بەرگریان له دۆزی رەوای نەتەوەکەیان کردووە[3]

بۆیە دەتوانین بڵێین هەڵوێستی زانا ئاینییەکانی هەولێر وەکو زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکە بەرانبەر هەڵگیرسانەوە و سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا، بوێرانە و راشکاوانە و راستگۆیانە بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا رژێمی عەبدولسەلام عارف تا رۆژی مردنی له سەر سیاسەتەکەی بەردەوام بوو.

---

(١) فاخر عالی خان ئاودەلی، رۆڵی زانایانی ئاینیی له ژیانی سیاسیی هەولێردا ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٠.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چتو حمدأمین سمایل الهرمزیاری، الملا صالح الکوزەپانکی و جهوده فی الدراسات الاسلامیه، مکتب التفسیر، اربیل، ٢٠٠٩، ل ٤١-٤٣؛ فاخر عالی خان ئاودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٩-١٥١.

(٣) دیدار لەگەڵ ئیحسان رەشاد موفتی رۆژی ٢٠١٥/٨/٣٠ له هەولێر.

# بەشی سێیەم

## هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارفدا ١٦ی نیسانی ١٩٦٦ — ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

باسی یەکەم: هاتنەسەر دەسەڵاتی عارفی دووەم و پەیوەندی کورد و حکومەت.

باسی دووەم: هەولێر و شەڕی هەندرێن هۆکار و کاردانەوە و دەرەنجامەکانی.

باسی سێیەم: رەوشی سیاسی هەولێر و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.

باسی چوارەم: بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر و رەوتی پەیوەندییەکان دوای بەیانی ٢٩ی حوزەیران.

باسی پێنجەم:  کوژرانی شێخ حەنەش و کاردانەوەی لە هەولێر

باسی شەشەم: هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە پێشهاتە سیاسییەکان (١٩٦٤-١٩٦٨).

## بەشی سێیەم: هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارفدا (١٦ی نیسانی ١٩٦٦-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)

### باسی یەکەم: هاتنەسەر دەسەڵاتی عارفی دووەم و پەیوەندی کورد و حکومەت

دوای مردنی عەبدولسەلام عارف لە رووداوی کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکەی بە هۆی گەردەلولێکی لمینییەوە لە باشووری عێراق[١] ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٦ دوای دوو دانیشتنی هاوبەش و دوو خول، پارسەنگی تەرازوو لە بەرژەوەندی عەبدولڕەحمان عارف شکایەوە و بووە سەرکۆمار و سەرۆکی نوێ لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٦ عەبدولڕەحمان بەزاز[٢]ی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت و دەستبەکاربوونی[٣].

شیاوی باسە بەزاز کەسێکی مەدەنی بوو، لە پێشتریشدا بە ئومێدی ئەوەی بە گفتوگۆ چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد بکەن، هەر لەسەردەمی عەبدولسەلام عارفەوە، لە ٢ی نیسانی١٩٦٦ کەسایەتی هەولێر محەمەد حەسەن دزەیی وەکو نوێنەرێك نارده لای بارزانی[٤]، بەڵام زۆرێك لە هەوڵەکانی ئەوسا بە هۆی سەرەڕۆیی سەرکۆمار و فەرماندە سەربازییەکان بە هەدەر چوون[٥].

لەو سەروبەندەدا لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق (نهێنی)، پەیامی ئاگربەستی بارزانی سەر لە نوێ بۆ ماوەی مانگێك پەخشکراو راگەیەنرا[٦]، بە ئامانجی ئەوەی دەرفەت و کاتی زیاتر بداتە حکومەتی نوێ بۆ چاوپێخشاندنەوە بە داخوازی و مافەکانی کورد و دۆزەکەی[٧].

جێگای ئاماژەیە، لە کاتی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا، هەمیشە سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لە سەروویان بارزانی، بۆ نیشاندانی نیازپاکی و رەوایی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان، ئاگربەستی راگەیاندووە و لە چاوەڕوانی پێشهات و پەرەسەندنەکان دابووە، تەنانەت وەکو عورفێکی لیهاتبوو.

---

(١) بۆ زانیاری دەربارەی چۆنیەتی مردنی عەبدولسەلام عارف و دانانی براکەی بڕوانە: مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مطبعة امير، قم، ١٣٧٦، ص ص٣٤٨-٣٥٢.

(٢) ساڵی ١٩١٣ لە بەغدا لەدایك بووە. یەکەمجار لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف حکومەتی پێکهێناوە، دووەمجار لە سەردەمی عەبدولڕەحمان محمد عارف لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٦ حکومەتی پێکهێناوە تاکو ١٦ی ئابی ١٩٦٦ دا، لەسەردەمی ناوبراودا بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەرچووە، ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص ص١٢-٧٦.

(٣) تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، ت: زينه جابر ادريس، دار العربيه للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦، ص٢٥١؛ ماريون فاروق سلوغت، وبيتر سلوغت، من الثورة إلى الدكتاتورية-العراق منذ١٩٥٨، ترجمة: مالك النبراسي، منشورات الجمل، المانيا، ٢٠٠٣، ص١٤٠.

(٤) جەمال نەبەز، کوردستان و ...، ل ١٧٣.

(٥) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٦) جريدة المنار، ع: ٣٣٦٤، ١٩نيسان١٩٦٦؛ جريدة الثورة العربية، ع: ٥٤٧، ١٩نيسان ١٩٦٦.

(٧) جەمال نەبەز، کوردستان و...، ل٢٤٠.

له لایەکی دیکەوە بە هۆی متمانە نەبوون و جەنگ و شەڕو کوشتاری زۆر، لە ماوەی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا، گەلانی عێراق و بە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەوە، جۆرێك لە نیگەرانی باڵی بەسەر کێشابوون، تەنانەت مردنی[1]عەبدولسەلام عارف نەبووە جێگای خەم و پەژارەی دانیشتوانی هەولێر و شارەکانی تری کوردستان، بەڵکو خەڵك لە چاوەڕوانی سەردەمی نوێ دابوون.

دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرکۆماری نوێ کۆمەڵێك لێدوانی رۆژنامەوانی دا، لە یەکەم لێدوانیدا لە بارەی مەسەلەی کورد گووتی :"**لەو باوەڕەدام برا کوردەکانمان سوورن لەسەر پاراستنی خاکی نیشتمان و بەدەنگ بانگەوازی برا عەرەبەکانیانەوە دێن بۆ کارکردن بە یەك دەست لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی گیانی نیشتمانی و پاراستی لە دەستی پیسی داگیرکەران**"[2]، ئەوەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو، هاوکات لەگەڵ شاندی کوردەکان لە موسڵ دووپاتی کردەوە حکومەت جیاوازی لە نێوان هاولاَتیان ناکات، بە هۆی نەتەوە و رەگەزەوە، بەڵکو بەچاوی یەکسانی سەیری هەمووان دەکات و کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەل لە هەموو بوارەکاندا و لە هەموو بەشەکانی ولاَتدا بە گشتی و لە باکووردا بە تایبەتی، هەروەها جەختی کردەوە کێشەی کورد پەنا بەخوا کۆتایی دێت و بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە[3].

لە لایەکی دیکەوە دوای دەستبەکاربوونی، عارفی دووەم بانگهێشتی زەید ئەحمەد عوسمان ی کرد بۆ بەغدا، بۆ دیداری سەرۆك وەزیران عەبدولڕەحمان بەزاز، تا ئەو کاتە زەید بە فەرمانی عەبدولسەلام عارف لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیکەی سیاسیی و نیشتمانی کوردی لە گرتووخانەی عەین تەمر لە کەربەلا بوون، راستەوخۆ دوای ئازادبوونی پەیوەندی بە بابا عەلی شێخ مەحمودی هاوڕێی کرد و نامەیەکی بۆ بارزانی نارد، ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ پەیوەندی تر[4]، بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٨ی نیسانی١٩٦٦ وەکو نێردراوی سەرۆك وەزیران، زەید ئەحمەد عوسمان سەردانی بارزانی کرد[5].

بەڵام ئەو هەوڵانەش سەریان نەگرت، چونکە دوای گەڕانەوەی زەید بۆ بەغدا و لە کاتێکدا سەرکردایەتی شۆڕش لە چاوەڕوانی هاتنی شاندی دانوستانکاری رژێمی نوێ دابوون، لە٢ی ئایاری ١٩٦٦ سوپای حکومەت هێرشی سەر هەردوو چیای زۆزك و هەندرێن[6]ی کرد![1].

---

(١) لە نێوەندە میللی و جەماوەرییەکاندا بۆ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی عارف دەگوترا: طار لحم، صار لحم یان دەگوترا: صعد لحم، نزل فحم! بێگومان ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت بە گشتی خەڵك پەرۆشی مەرگی سەرکۆمار نەبووە.

(٢) جريدة الجمهورية، ع: ٨١٨، ١٩ نيسان ١٩٦٦.

(٣) جريدة الجمهورية، ع: ٨١٩، ٢٠ نيسان ١٩٦٦.

(٤) مكرم طالبانی، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، مراجعة: عثمان محمد هورامی، المجلد الثاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠١٠، ص٣٢٢.

(٥) هاوكار كريم حمە شريف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

(٦) ناوی شەڕەکە لە ناوی چیاکە هاتووە، کەوا ٢٨٧٥ م لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە دووری ١٠٠ کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، درێژیەکەی ٤٥ کم دەبێت لە رۆژهەڵاتی رواندزەوە تا رۆژئاوای گوندی دەرگەڵە، بەسەر ناوچەیەکی فراواندا زاڵە و ناوچەکانی سۆران، باڵەکایەتی، دۆڵی خانەقا و دۆڵی ئاکۆیان بەیەك دەبەستێتەوە و رێگای ستراتیژی هاملتۆن بە دۆڵی نێوان چیای هەندرێن و زۆزك تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە حاجی ئۆمەرانی سنووری عێراقی-ئێرانی.

ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرکۆماری نوێ نەیتوانی جڵەوی فەرماندە سوپاییەکانی بکات و لە ماوەیەکی کەمی دوای هاتنە سەردەسەڵاتیدا، ڕێگای شەڕوکوشتاری بەرانبەر پرسی کورد تاقیکردەوە.

(١) مکرم طالبانی، المصدر السابق، ص٣٢٢.

## باسی دووەم: هەولێر و شەڕی هەندرێن هۆکار و کاردانەوە و دەرەنجامەکانی .

یەکێك لەو شەڕە گرنگانەی سنووری لیوای هەولێر کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان و شۆڕشی باشووری کوردستان هەبوو، شەڕی هەندرێن بوو، دیارە یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی حکومەت بۆ داگیرکردنی چیای هەندرێن، چەقی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و بارەگا و بنکەی بڕیاردانی بارزانی لە دەڤەری (باڵەك) ی سنووری لیوای هەولێر بوو، چیای هەندرێن پارسەنگ و تەرازووی هێز بوو، لە نێوان لەشکری شۆڕشی کوردستان و سوپای عێراقدا، گرتن و وەدەرنانی هێزی پێشمەرگە لە چیاکە، مەترسی ڕاستەوخۆی دەبوو لەسەر بارەگاکانی بارزانی و بارەگاکانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو کە بارەگای سەرەکیان لە ژێر بنار و سێبەری چیاکە بوو، بە هۆی ستراتیژی چیاکە، هەر لەساڵی ١٩٦٥ ەوە حکومەت لە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی دابوو[١].

هەروەها داگیرکردنی هەندرێن مانای دابڕکردنی ناوچەکانی سۆران و بادینانی دەگەیاند. کە ئامانجێکی دیاریکراوی حکومەت لێکترازاندنی بادینان بوو لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کە بارەگای سەرەکی لە سنووری لیوای هەولێر بوو[٢].

ئیدی حکومەت ناکۆکی و دووبەرەکی ناو پارتی بە هەل زانی و بووە هاندەرێکی تر بۆ ئەوەی بە ورەیەکی بەرزتر و پلانێکی تۆکمە کۆتایی بە شۆڕش بێنن، ئەوەبوو هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ ئامادەسازی کردبوو بۆ ئەوەی هێرشێکی چڕ و بەربڵاو بکاتە سەر کوردستان، تا ڕۆژانی ١٥-١٦ی نیسانی ١٩٦٦ بۆ جێبەجێکردنی دیاری کرا[٣].

جێگای ئاماژەیە داڕێژەری پلانەکە وەزیری بەرگری لیوا عەبدولعەزیز عوقەیلی[٤]بوو، پلانە سەربازییەکەش ناوی (توکلت علی الله)ی لێنرابوو[٥]بوو.

بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١- ڕۆڵی گرنگ بدرێتە باڵی مەکتەبی سیاسیی جیابووەوە.

---

(١) شەپۆل فاخیر مێرگەسوری، زمانی تاوان هاتە قسە، ب.ش، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٦١.

(٢) عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، یاداشتەکانم، ب:٣، بڵاونەکراوە، لای نوسەر پارێزراوە، ل٢٠٠؛.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، و: حەمەکەریم عارف، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ل ٢٠٩-٢١٠؛ هاوکار کەریم حەمەشەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٥-١٩٨.

(٤) ساڵی ١٩١٩ لە شاری موسڵ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٨ کۆلیژی سەربازی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٥ کۆلیژی ئەرکانی تەواو کردووە، بە شداری دامرکاندنەوەی شۆڕشی بارزان(١٩٤٥) کردووە، ساڵی ١٩٥٧ چووەتە پاڵ بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازدیخوازەکان، کاتێك شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەڵگیرسا، فەرماندەی لیوای چواری فیرقەی دووی کەرکوك بووە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕش بووە فەرماندەی فیرقەی یەك، دوای بزووتنەوەی شەواف دوورخرایەوە و کرایە باڵوێز لە ئێران، لە یەکەمی کابینەی حکومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز بووە وەزیری بەرگری ساڵی ١٩٦٥ لە دووەم کابینە ساڵی ١٩٦٦ لەسەر ویستی خۆی بەشداری نەکرد، لە کودەتای ١٧ی تەموز ڕەتی کردەوە بەشداری بکات، بۆیە زیندانی تاهەتایی بەسەر سەپێنرا، ساڵی ١٩٨١ لە زینداندا مرد. بڕوانە: مدونة الدكتور ابراهيم العلاف في هذا الرابط الالكتروني: http://wwwallafblogspotcom.blogspot.com/2011/01/blog-post.htm

(٥) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ژ: ٥١، دهۆك، تەموزی ٢٠٠٤.

٢- سوپا هێرش دەکاتە سەر هەردوو چیای زۆزك و هەندرێن لە ناوچەی رواندز، بەوەش ناوچەکانی (هەولێر، سلێمانی و کەرکوك) لە ناوچەکانی (موسڵ، زاخۆ و دهۆك) دادەبڕێت.

٣- لێدانی شۆڕش لە پشتەوە دەبێت لەلایەن باڵی مەکتەبی سیاسیی جیابووەوە و ئاغاکانی سەر بە حکومەتی ناوچەکە و پێشڕەوی کردنیان بەرەو بارەگاکانی بارزانی.

٤- سەرۆکایەتی و سوپاسالاری عێراق لە ناو دوو فیرقەدا شەش لیوای هەڵبژاردەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردبوو[١].

ئەو پلانە کاری بۆکرا و رۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٦٦ دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی هەڵمەت و هێرشە بەرفراوانەکە، بەڵام پلانەکە دواخرا دوای ئەوەی دوو رۆژ بەر لە وادەی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ عەبدولسەلام عارف لە کۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و مەرگی ناوبراویش بووە هۆی دواخستنی پلانەکە، هەرچەندە وەکو ئاماژەمان پێکرد، سەرکۆماری نوێ هەوڵی دانوستان و رێککەوتنی دا و کەسێکی شەڕخواز نەبوو، بەڵام نەیتوانی بەسەر گەورە ئەفسەرانی سوپا زاڵ بێت و ئەوان سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی پلانە داڕێژراوەکە کە بە هەڵواسراوی مابووەوە، لە ئاکامی گوشارەکان بە جێبەجێکردنی پلانەکە رازی کرا[٢].

لە ئەنجامدا سوپای حکومەتی عێراقی کە پێکهاتبوو لە فیرقەی یەك و دوو[٣] لە سەرەتای مانگی ئایار و لە شەوی ٣/٢دا، هێرشە بەرفراوانەکەی بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری جاشەکان و پاڵپشتی تۆپخانە و باڵەفڕەکان دەستپێکرد و توانیان چیای هەندرێن داگیربکەن، ئەوسا ئەرکی پاراستنی ناوچەکە هەمووی لەسەر لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بوو، بەڵام چیای هەندرێن زۆرتر لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی دابوو، لە بەرانبەردا چیای زۆزك لە ئەستۆی پارتی دا بوو، هێزەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و هێزی بارزان و پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەخوێن زۆزکیان پاراست دوای ئەوەی شەڕێکی قورس و بەرگریەکی سەختیان لە چیاکە کرد، سوپا نەیتوانی زۆزك داگیربکات[٤]، لە نامەیەکی ئیدریس بارزانی لە شەوی ١٢/١١ی ئایاری ١٩٦٦ بۆ مەسعود بارزانی ناردووە، ئاماژە بەوەدەکات یەکێك لەوانەی رۆڵی گەورەی بینی لە بەرگریکردن لە چیای زۆزك هێزەکەی مام وسو دزەیی و فەرماندەی بە تالیۆنی هێزی سەفین مستەفا حاجی ئەمین بوو، کە توانیان سەرەڕای هێرشە گەورەکەی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گوینتەر دیشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩-٢١٠؛ هاوکار کەریم حەمەشەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٥-١٩٨.

(٢) مەسعود بارزانی، داستانی هەندرێن سەرکەوتنی بێوێنە، رۆژنامەی خەبات، ژ: ٣٤٦٥، ٢٠١٠/٥/١٢.

(٣) فیرقەی یەك پێکهاتبوو لە لیواکانی(١، ١٤، ١٥) و بە فەرماندارێتی زەکی حوسین حیلمی بوو هێرشیان بۆ چیای زۆزك برد؛ فیرقەی دووش کە هەڵبژاردە بوو بارەگاکەی لە کەرکوك بوو، پێکهاتبوو لە لیواکانی(٣، ٤، ٥) بە فەرماندارێتی لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەل ئەنساری بوو، بۆ چیای هەندرێن هێرشیان برد، بڕوانە: رێنیە موریس، کوردستان یان نەمان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل١٩٢-١٩٣.

(٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ....، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل ٢١٥-٢١٧؛ مەغدید حاجی، یەکەمین قۆناغی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٠)، گۆڤاری مێژوو، ژ: ١٤، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٠١-١٠٢.

سوپای حکومەت بە سەختی داکۆکی بکەن[١]، هاوکات بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکە هەردوو فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی دەشتی هەولێر، هەریەك لە عەریف عوسمان یوسف و حەسەن عەلی بەشداریان کرد و رۆڵی دیارییان بینی، بەمجۆرە توانرا بەرگری لە چیای زۆزك بکرێ[٢]، بەلاَم بێ بەرگرییەکی وا سوپا توانی چەندین شوێنی ستراتیژی سەربازی لە چیای هەندرێن داگیربکا[٣].

بارزانی خۆی نەخشەی بۆ هێرشەکەی پێشمەرگە بۆ ئازادکردنەوەی هەندرێن دارشت و پێشمەرگە بە ئەزمون و ئازاکانی بۆ ئەم کردە سەربازییە کۆکردەوە و ئیدریس بارزانیش تا کۆتایی هاتنی شەڕەکە سەرپەرشتی بەرەکەی کرد و تا رۆژانی دوایی شەڕەکە لەوێ مایەوە[٤].

لە ١١ی ئایاردا بارزانی لەگەڵ فەرماندەکانی بەرەی شەڕ کۆبوونەوەی کرد، دوای دڵنیابوون لە سەرکەوتن، کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆی رۆژی دواتر، کاتژمێری سفر بوو، هەریەك لە فاخیر حەمەد ئاغا مێرگەسوری و کەمال نوعمان و نوعمان علوان ناسراو بە(ملازم خدر) و عیزەتی سلێمان بەگ فەرمانداریێتی هێرشەکەیان کرد، دوای تۆپبارانکردنی خەستی مۆڵگەکانی سوپای عێراقی، هێرشەکە دەستپێکرا، پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد و زیانی سوپا تێکڕا دەوروبەری ٤٠٠ کوژراو و ٦٠٠ بریندار بوو، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی رێژەیەکی زۆری چەك و تەقەمەنی[٥]، بە هۆی زۆری ژمارەی پێکراوانی سوپا، خەستەخانە مەدەنیەکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوك و سلێمانی پڕببون لە تەرم و بریندارى شەڕەکە و هەندێك لە قوتابخانەکانیش بەمەبەستی خەواندنی زامدارەکان چۆلکرابوون[٦].

شیاوی باسە یەکێك لەوانەی رۆڵێکی گرنگی لە شەڕەکە بینی و ناوبانگی دەرکرد، پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی عێراقی بوو، کە خەڵکی هەولێر بوو، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش و لە ناو پێشمەرگەدا بە (پاڵەوانی هەندرێن) ناسرا، عەبدولاَ تۆفیق هەولێری بوو، ناوبراو هۆکاری پاشەکشەکردنەکەی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەلایەك بۆ کتوپڕی هێرشەکەی دوژمن و خافڵبوونی پێشمەرگە گێڕایەوە و لەلایەکی دیکەوە بۆ کەمی ژمارەی پێشمەرگەکان گێڕایەوە کە زۆربەیان مۆڵەتیان وەرگرتبوو، سەرەڕای خراپی فیشەك و چەك و تەقەمەنی بە بەراورد لەگەڵ هێرشە لە ناکاو و بەرفراوانەکەی دوژمن ناچاری

---

(١) بڕوانە پاشبەندی ژمارە (٢٤) لە کتێبی: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٣٨٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١٨.

(٣) مەغدید حاجی، س. پ، ل١٠٢.

(٤) محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثانی، ص ١١٨.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل٢١٩-٢٢٢.

(٦) رێنیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

پاشەکشە بوون و دووچاری شپرزەیی بوونەوە[1]، لەم سەرکەوتنە بەراییەی حکومەت لە هەندرێن بەدەستی هێنا ئەفسەرێکی پلە بەرزگووتبووی: "ریشم بەردەدەمەوە و نایتاشم تا دەگەمە گەلاڵە"[2].

دووبارە گرتنەوەی ناوچەکان لە هێرشی پێشمەرگەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بەو زیانە گەورە مادی و گیانییەی حکومەتی عێراقی لە شەڕی هەندرێن لێی کەوت[3]، کردەیەکی سەربازی ناوازە بوو، تەنانەت نوسەری فەرەنسی رێنیە مۆرێس کە خۆی لە ناوجەرگەی شەڕەکە ژیابوو، بەشێکی تایبەتی کتێبەکەی بۆ رۆژی سەرکەوتنەکەی پێشمەرگەی تەرخان کردووە و بە (رۆژی قیامەت)ی ناوزەند کردووە[4].

سەرکەوتنەکە بووە هۆی ئەوەی فەرماندە بالآکانی سوپا دانی پێدابنێن؛ بۆ نموونە عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری پێشوو، لە یەکەم کابینەی عەبدولرەحمان بەزاز، کاتێك لە ٢١-٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ لە کۆبوونەوەکانی کۆشکی کۆماری وتارێکی دوورودرێژی دا، سەرەڕای ئەوەی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و پێواژۆکە مێژووییەکانی شۆڕشی کوردی بە چەندین شێوە تۆمەتبار کرد، لە بەشێکی وتارەکەدا گووتی:

**کاتێك پلانی هەڵمەتی (بەهار)مان داڕشت بە ئامانجی پێشڕەوی کردن بۆ ناوچەی بارزان، سەرکەوتن مسۆگەر بوو لە ماوەی سێ مانگدا ئەگەر رەوشەکە بەردەوام بووایە و لە بەرپرسیارێتی مابووامەوە، لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ کردەی پێشڕەوی بەرەو ناوچەی بارزان سەرکەوتوو بوو، بەلآم مردنی سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف رەوشەکەی ئاوەژوو کردەوە، بەرپرسیارێتیمان رادەستی خەڵکانێکی تر کرد، سوپا شەڕی هەندرێنی بە شێوەیەکی زۆر نامۆ و چاوەڕوان نەکراو دۆڕاند. ئەو شکستە ئابڕوبەرە وایکرد سەرۆك وەزیرانی پێشوو بەیانی دوانزدە خاڵی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ رابگەیەنێ، لە راستیدا بەیانەکە خۆبەدەستەوەدانی تەواوی لایەنی حکومەت بوو بێ ئەوەی یاخیگەران پابەند بن پێی**[5].

ئەگەرچی ناواخنی وتارەکە لە سۆنگەی بەرگری لە خۆکرنەوە دێت، بەلآم ئەوەش دانانێکی راشکاوانەیە بە شکستی گەورەی سوپای عێراقی لە زمانی یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و چارەسەری ئاشتیانەی دۆزە رەواکەی.

بەمشێوەیە بەرگری و هێرشی هاوبەشی حیزبی شیوعی و پارتی لە شەڕی هەندرێن نموونەیەکی جوانی خەباتی هاوبەشی نیشانی خەڵکی کوردستاندا و بەکردووە سوود لە پاشماوەی حیزبی شیوعی

---

(١) دیدار لەگەڵ عەبدولا تۆفیق هەولێری رۆژی ٢٠١٤/٣/٢٥ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٧ لە قەلآتی هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووە، بەشداری شەڕەکانی کردووە، لە هەولێر دەژی.

(٢) ئەفسەرەکە فەرماندەی لیوای پێنج سەعید حەمۆ بوو. بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢١٧.

(٣) دەربارەی زیانەکانی حکومەت لە شەڕی هەندرێن بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ل٢٢٢-٢٢٣.

(٤) بڕوانە: رێنیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٥-٢٣٩.

(٥) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص ص١٧٢-١٧٣.

**وەرگیرا، لە کاتێکدا لە دوای روخانی قاسم بنکە و بارەگاکانیان لەلایەن بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ کرایەوە و داڵدەیان درا**

**باسی سێیەم: ڕەوشی سیاسی هەولێر و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.**

دوابەدوای شکستی گەورەی سوپا لە شەڕی هەندرێن، ڕاستەوخۆ بارودۆخی سیاسیی و سەربازی عێراقی لە باری هێرشەوە بۆ باری پاشەکشە ئاوەژوو کردەوە، کوژرانی سەدان چەکداری هێزەکانی عێراقی بووە خاڵی گۆڕانکاری لە پەیوەندی کورد و حکومەت، هەروەها لە ململانێی سەربازی-مەدەنی لە بەغداد و بەزاز دوای دۆڕانەکە پەلەی کرد لە ڕاگەیاندنی ئارەزوو بۆ ئاشتی  و لە ڕێگای شاندێکی میللیەوە پەیوەندی بە بارزانی کرد، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت کرد، بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر داخوازی زۆری بارزانی بە هۆی ڕەوشی نوێوە و هاوکات بە بارزانی بڵێ کورد نوێنەری تریشی هەیە[1].

لە سەرەتای مانگی حوزەیران، بەزاز وەکو دەستپێکێك بۆ چارەسەری دۆزی کورد، لەگەڵ ٢٥ کەسایەتی کوردی لە بەغدا کۆبوونەوە و گفتوگۆی کرد، لە دیارترین ئەو کەسانەش هەردوو کەسایەتی هەولێر ئیحسان شێرزاد(ئەندازیار و پارێزەر)[2]و هادی چاوشلی(پارێزەر) بوون، داوای لێکردن بەشدار بن لە ئامادەکردنی یاسای هەڵبژاردن و چوونە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانی و بەشداریکردن لە داڕشتنەوەی دەستورێکی هەمیشەیی کە هەموو عێراقیەکان یەکسان بن، لە دانیشتنەکەدا ئەوەشی خستە ڕوو، ئەو وەکو عەرەبێك ڕێز لە مافی نەتەوەکانی تر دەگرێت و چارەسەری پرسی کوردیش تەنها بە لێکگەیشتن و برایەتی دێتە دی[3].

لەلایەکی ترەوە سەرۆك کۆمار عەبدولڕەحمان عارف بەشێوەیەکی نهێنی شاندێکی بەمەبەستی دانوستان نارده لای بارزانی، بەڵام بارزانی ڕەتی کردەوە بچێتە هەر دانوستانێك گەر زامنکردنی پێشوەختە و ڕادەی هەرە کەمی مافەکانی لە بەردەست نەبێت و مسۆگەر نەکات[4].

هەوڵەکانی حکومەت بۆ دانوستان و ناوبژیوانی بەردەوامی هەبوو، هەردوو کەسایەتی هەولێر هەریەك لە محەمەد حەسەن دزەیی و زەید ئەحمەد عوسمان نارده لای بارزانی[5]دوای ڕاوێژکاری بارزانی

---

(١) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ص١٢٨-١٢٩.

(٢) ساڵی ١٩٢٥ لە هەولێر لەدایك بووە، کۆلیژی ئەندازیاری لە بەغدا تەواو کردووە، لەلایەن وەزارەتی مەعاریفەوە ڕەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە و ساڵی ١٩٥٠ لە زانکۆی مەشیگان ماستەری لە ئەندازەی مەدەنی هێناوە، لە پلە زانستیەکانی بەردەوام بووە تا پلەی پرۆفیسۆر لە ساڵی ١٩٦٦، ساڵی ١٩٦٢ بە پلەی نایاب کۆلیژی مافی عێراقی تەواوکردووە، لە ١٩٦٧/٥/١٠ بە وەزیری شارەوانی و ئەشغال دامەزراوە، ٧/١٠ ی هەمان ساڵ وازنامەی خۆی نوسیوە، لە ١٩٦٧/٩/١٨دووبارە بە وەزیری شارەوانی و ئەشغال دامەزراوەتەوە، تا لە ٦/٢٢/ ١٩٦٨ وازنامەی پێشکەش کردووە، لە ١٩٦٨/٧/١٨ بوویتەوە وەزیری هەمان وەزارەت، دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاریش ١٩٧٠-١٩٧٤ وەزیری کاروباری شارەوانی بووە، دواتریش وەکو ئەندازیارێکی کارا ڕۆڵی پیشەیی خۆی بینیوە، لە ٢٠١٥/١٢/٢٩ کۆچی دووایی کرد.بڕوانە: إحسان شيرزاد، مذكرات الاستاذ الدكتور إحسان شيرزاد مهندسا، اكاديميا و وزيرا، تقديم: كمال مظهرأحمد، مطبعة الوطنية، اردن، ٢٠١١، ص١٣ ومابعدها.

(٣) طارق جمباز، القانونی هادی الچاوشلی مواقف كوردية مجهولة ١٩٣٠-١٩٩٦، اربيل، ٢٠٠٥، ص٥٩.

(٤) ڕێنیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

(٥) جريدة خەبات، ع: ٦٨١، ١٩٩٣/٦/٣٠.

بەئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ڕەزامەندی نیشاندا و بڕیاردرا قۆناغی یەکەمی گفتوگۆکان لە کوردستان ئەنجام بدرێ، دوای ٣ ڕۆژ لە نیشاندانی ڕەزامەندی بارزانی بۆ دانوستان، حکومەتی بەزاز شاندێکی نارده کوردستان کە لە ٤ کەسایەتی سیاسیی کوردی نیشتەجێی بەغدا پێکهاتبوون، ئەوانیش هەریەك لە: ئەکرەم جاف (وەزیری پێشوو)، ئەحمەد کەمال و مەجید عەلی (دوو ئەفسەری خانەنشین بوون) و زەید ئەحمەد عوسمان (کەسایەتی نیشتمانی هەولێر) ئەو شاندە بە فەرمی ڕێگاپێدراو بوون پەیامی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد و داننان بە مافە نەتەوایەتییەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقی بە بارزانی بگەیەنن[1]، شاندەکە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە گەلاڵە چاویان بە بارزانی کەوت و سەرۆکی شاندەکە بە بارزانی ڕاگەیاند حکومەت فەرمانی داوە بۆردومانی ئاسمانی و هەموو چالاکییە سەربازی و جەنگییەکان رابگرێت، جگە لە بەرگری لە خۆکردن نەبێت، هاوکات نامەیەکی تایبەتی بەزازی گەیاندە دەست بارزانی کە تێیدا پڕۆژەی پێشنیارکراوی ئاشتی تێدا خرابووە ڕوو، بەمجۆرە بارزانی ڕەزامەندی نیشان دا و ڕۆژی دواتر سەربازان و ئەفسەرانی عێراقی پارچە قوماشی سپیان هەڵکرد[2].

هەر لە ١٥ی حوزەیران بەزاز لە شاشەی تەلەفزیۆنی بەغدا دەرکەوت و ئامادەیی حکومەتی نیشاندا دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا بنێ، لە کۆتایی وتارەکەیدا باسی ئەرکی پاراستنی یەکێتی خاکی وڵاتی کرد و دوپاتی کردەوە ئەرکی سوپا لە ئاشتیدا دەبێت ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردیەکان بێت، بەمشێوەیە دانوستانەکان بەردەوام بوون و حەڤدە ڕۆژی خایاند[3].

شیاوی باسە ژمارەیەك لە ئەفسەرە سەربازییەکان دژی پڕۆژەکەی بەزاز بوون، ڕەتیان کردەوە دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بنێن، تەنانەت هەندێ لەو بەرپرسانە لەگەڵ بەردەوامی شەڕ و کوشتار بوون و دژی خوێندنی زمانی کوردیش بوون لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، پێیان وابوو ئەوە دەرکەوتنی دیاردەی سەربەخۆبوونی کوردە[4]، لە ژێر کاریگەری ناڕەزایی سەربازییەکان عارف بەشێوەیەکی فەرمی پێشوازی لە جەلال تاڵەبانی کرد، بە سیفەتی پارتی و قسەکەری فەرمی کورد، ڕایگەیاند دەستوری کاتی عێراق مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی دەستەبەر کردووە، ئەم مافانەش لە دەستوری هەمیشەیی داهاتوودا جێگیردەکرێ، لە ئەنجام بارزانی ئەوەی بەتوندی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند ئەوان شانبەشانی حکومەت بەشدارییان لە شەڕەکە کردووە، لە بەرانبەردا بەزاز ئەوپەڕی دڵنیایی و زەمانەتی بۆ بارزانی

---

(١) شاكرو خدو محوي، السابق، ص٣٣٢؛ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية...، ص٢٧٣.

(٢)شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية...، ص٢٧٣؛ ڕێنیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

(٣) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص١٢٩.

(٤) ش.ج.اشيريان، المصدر السابق، ص١٤٣.

نیشاندا[١] دواجار سەرەڕای هەوڵەکانی ئەو نەتەوەپەرستانە بۆ بەردەوامی شەڕ، بەڵام بۆ حکومەتی عێراقی واژۆکردنی ڕێککەوتنامەکە تاکە ڕێگای دەرچوون بوو، بۆیە دانوستانەکان بەردەوام بوو[٢].

دوای دڵنیابوونەوەی بارزانی لە ڕەوتی دانوستانەکان، ڕەزامەندی خۆی بۆ دانوستان و ڕێککەوتن نیشاندا، حکومەت شاندێکی تری بە سەرۆکایەتی لیوا روکن شاکر مەحمود شوکری (وەزیری بەرگری)ژمارەیەك کەسایەتی سیاسیی کۆمەڵایەتی لە نێویاندا هەردوو کەسایەتی هەولێر ئیحسان شێرزاد و عەلی حەیدەر سلێمان، شاندەکە لە گەلاڵە چاویان بە بارزانی کەوت و هەردوو لایەن بایەخی یەکێتی نیشتمانی و هاتنەدی ئاشتی بۆ ناوچەکەیان دووپاتکردەوە و ڕێککەوتن لەسەر ناردنی شاندێکی کوردی بۆ بەغدا و لە ٢١ی حوزەیراندا سەرۆکی شاندی کورد بە سەرۆکایەتی حەبیب محەمەد کەریم (سکرتێری پارتی) و ئەندامێتی صالح یوسفی و عەلی عەبدولا و نافیز جەلال بە پرۆژەیەك کە چەند داخوازیەکی تێدابوو گەیشتە بەغدا لەوانە: لێبووردنی گشتی بۆ کوردەکان، دامەزراندنی کورد لە پۆستەکانی دەوڵەت(مەدەنی و سەربازی) بە گوێرەی ڕێژەی خۆیان، دووبارە گەڕاندنەوەی کۆچپێکراوە کوردەکان بۆ شوێنی خۆیان و گەڕاندنەوەی سوپای عێراقی بۆ بارەگا ئاساییەکانی خۆیان و دواتر رادەست کردنەوەی چەکەکان، لە ٢٤ی حوزەیران شاندەکە لەلایەن سەرکۆمار پێشوازی کران، شاندەکە نامەی سەرەخۆشی بارزانیان بە بۆنەی مردنی براکەی دایە سەرکۆمار و تێیدا برایەتی نێوان کورد و عەرەب دووپات کرابووەوە و سەرکۆماریش بەڵێنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردیەکان و جەختی لەسەر پێکەوە ژیان یەکسانی لە ئەرك و مافەکان کردەوە[٣].

پاشان شاندەکە سەردانی عەبدولڕەحمان بەزاز یان کرد لە نووسینگەی خۆی، بەزاز بە شاندەکەی ڕاگەیاند ئارەزوی حکومەت دڵسۆزانەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کورد، لەسەر بنەمای دانانی تەواو بە مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عێراقیدا، شاندەکە نامەی بارزانیان دایە بەزاز و تێیدا ستایش و پێزانینی بۆ پلانی دروستی حکومەتەکەی و کۆڕە تەلەفزیۆنییەکەی بەزاز دەربڕیبوو[٤].

بەمشێوەیە شاندی کوردی و حکومەت ڕەزامەندیان دەربڕی و ڕێککەوتن لەسەر ١٢ بەندی سەرەکی کە ناوەڕۆکی بەندەکان بریتی بوون لە:

١- حکومەتی عێراق بە تەواوی دان بە مافەکانی نەتەوەی کورد دەنێت لە دەستوری کاتی هەموارکراودا، لە دەستوری هەمیشەییش دەچەسپێت، بە گوێرەی هەموارکردنەکە، عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی (عەرەبی و کوردی) پێکهاتووە و لە ئەرك و مافەکاندا یەکسانن.

---

(١) ڕێنیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١٩-٢٢٠.

(٢) ش.ج.اشيريان، المصدر السابق، ص١٤٣.

(٣) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص٥٩؛ شاكرو خدو، المصدر السابق، ص٣٣٢.

(٤) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص ص٥٩-٦٠.

٢- یاسای پارێزگاکان لە سەر بنەمای ناناوەندێتی(اللامركزيه) رادەگەیەنرێت و ئەگەر پێویستی کرد یەکەی کارگێڕی نوێ دادەمەزرێنرێت.

٣- حکومەت شانبەشانی زمانی عەرەبی، دان بەزمانی کوردی دادەنێت وەکو زمانێکی فەرمی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردنشینن و خوێندن بە زمانی عەرەبی و کوردی دەبێت.

٤- حکومەت نیازی هەیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام بدات و بەشداری کوردیش لە ئەنجوومەنی نیشتمانییدا، بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەبێت.

٥- کورد لە پۆستە گشتییەکانی وەزارەت و دادوەری و سەربازی و دیپلۆماسی بە پێی رێژەی خۆیان بەشدار دەبن.

٦- زانکۆی بەغدا بایەخ بە زمانی کوردی دەدات و زانکۆکە لقێك لە باکوور دەکاتەوە و هاوکات کورسیش تەرخان دەکات بۆ ناردنی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات.

٧- فەرنانبەرەکانی حکومەت لە هەموو پارێزگا و یەکە کارگێڕییە کوردییەکان، کورد دەبن.

٨- ئازادی رۆژنامەوانی و دەرکردنی رۆژنامەیەکی سیاسیی ئەدەبی بە کوردەکان دەبەخشرێ.

٩- لە کاتی وەستانی کاری توندوتیژی لیبووردنی گشتی دەردەچێت، چ ئەوانەی حوکم دراون یان هەموو بەرپرسان، لە فەرمانبەرە کوردەکان بۆ کاری پێشوویان دەگەڕێنەوە و دامەزراندن بە شێوەیەکی دادوەرانە دەبێت، هەروەها حکومەت هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ بۆ گێڕانەوەی هەموو کرێکارە کوردەکان بۆ کاری پێشووتریان.

١٠- هەموو هەڵاتووەکانی نێو هێزە چەکدارییەکان، لە ریزەکانی سوپا و پۆلیس لە ماوەی دوو مانگدا بە خۆیان و چەکەکانیان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەو مەدەنیانەش دەگرێتەوە لە ماوەی توندوتیژیدا چەکیان هەڵگرتووە و کارئاسانییان بۆدەکرێ.

١١- دەستەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان پێك دەهێنرێت، پارەی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەو دەستکەوتە تەرخان دەکرێت.

١٢- حکومەت کار دەکات بۆ گەڕاندنەوە و نیشتەجێکردنەوەی هاوڵاتی و کۆمەڵانی خەڵك کە لە شوێنی خۆیان دەرکرابوون بە ئامانجی هاتنەکایەی رەوشی ئاسایی پێشوو[1].

رێککەوتنامە و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران دەستکەوتێکی گرنگ و بایەخدار بوو بۆ کورد و گەلانی عێراق، هەرچەندە دوای دەرچوونی بەیانەکە راستەوخۆ دەرفەت و بواری شایی و هەڵپەرکێ و رێپێوان لە شەقامەکادا نەڕەخسا، چونکە دوای دوانزدە کاتژمێر لە پەخشکردنی بەندەکانی بەیاننامەکە، لە

(١) بۆ خوێندنەوەی تەواوی بڕگە و بەندەکانی بەیاننامەکە بە درێژی بڕوانە: مجيد خدوري، المصدر السابق، ص ص٣٦٢-٣٦٥؛ مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل ٣٨٨-٣٩٠؛ شاكرو خدو محوى، المصدرالسابق، ص٣٣٥؛ جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص٦٠-٧٠.

ئاسمانی بەغدا، دەنگی بۆردومانی باڵەفڕەکان بیسترا، بەهۆی هەوڵی دووەمی کودەتای عارف عەبدولرەزاق کۆشکی کۆماری بۆمبایاران دەکرا[١].

هاوکات بەزاز ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا بەرنامەکەی جێبەجێبکات، دوای وازنامەکەی کابینەی حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتی ئەفسەری سوپا ناجی تالب[٢] پێکهات، هەرچەندە ئەو رایگەیاند رێز لە بەرنامەی پێشووی بەزاز دەگرێت، بەڵام لە راستیدا هەنگاوی نەنا بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەکە[٣]، هەرچەندە چەند رۆژێك دوای گەڕانەوەی شاندی پارتی لە بەغدا، هەریەك لە عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەریفی هەولێر و عەمید روکن کەمال مستەفا و عەمید روکن زەکی حوسێن حیلمی[٤] سەردانی بارزانییان کرد و بڕیاریان دابوو، هەنگاو بۆ ئاساییکردنەوە بنێن و لە سۆنگەی جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنامەی حوزەیران و ئەو چەك و تۆپانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی هەندرێن دەستی بەسەرداگرتبوو، رادەست بکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك پێکبهێنرێت بە ناوی (لیژنەی باڵای ئاشتی) داوایان کرد نوێنەرانی کورد لە لیژنەکە دیاریبکرێت، سەرەتا نافیز جەلال و پاشان نوێنەرێکی دیکەی کورد زیادکرا کە موحسین دزەیی بوو، دوای دامەزرانی بارەگایەك لە هەولێر بۆ لیژنەکە تەرخانکراو لەو ماوەیە و ماوەکانی دواتر هاتووچۆ و سەردانەکانی نێوان هەولێر-گەلاڵە بەردەوامی هەبوو[٥].

ئەو لیژنەیە وەکو ئەڵقەیەکی پەیوەندی بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشەکە لە هەولێر دەستبەکار بوو، نوێنەرانی کورد راستەوخۆ پێشهات و پەرەسەندنەکانیان بۆ بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەگواستەوە، تا کودەتای دووەمی بەعس بەردەوام بوون لە کارەکانیان و ئەو ماوەیە وەکو قۆناغێکی راگوزەر رەوتی پەیوەندییەکان بەردەوامی هەبوو[٦].

---

(١) جرجيس فتح الله، المصدر السابق، ص١٣٤؛ محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ص١٣٣-١٣٥. بۆ زانیاری دەربارەی هۆکار و ئەنجامی کودەتاکە بڕوانە: جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، الجزء التاسع، ص ص٧٧-١١٥.

(٢) ناجی تالب ساڵی ١٩١٧ لە شاری ناسرییە لە دایك بووە، عەرەبی شیعەیە و ساڵی ١٩٣٨ کۆلیژی سەربازی تەواوکردووە، یەکێك بووە لە ئەفسەرە ئازادەکان، بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی کردووە و چەندین پلە و پۆستی جیاجیای وەرگرتووە لە سەردەمی قاسم و بەعس، ساڵی ١٩٦٦ بووتە سەرۆك وەزیران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص٣٧٩.

(٣) مجيد خدوري، المصدر السابق، ص٣٦٥.

(٤) ناوبراو فەرماندەی فیرقەی یەك بوو، بارەگای فیرقەکەش لە هەولێربوو. بڕوانە: محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص١٣٥.

(٥) المصدر نفسه، ص ص١٣٦-١٣٧.

(٦) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

**باسی چوارەم: بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر و رەوتی پەیوەندییەکان دوای بەیانی ٢٩ی حوزەیران.**

رەوشی سیاسیی بە شێوەیەکی گشتی دوای بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ کەشێکی کرانەوەی سیاسیی لە تەواوی وڵاتدا سەریهەڵدا، دەنگەکانی پاڵپشتی دیموکراسی و رێبازی نیشتمانی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد بەرزبوونەوە[١] و زۆرینەی هێزە سیاسییەکان لە ناوخۆو دەرەوەدا رەزامەندیان دەربڕی [٢].

هاوکات راستەوخۆ بزووتنەوەی ئابووری و کومەڵایەتی چالاك بوون، لە هاوینە هەوارەکانی کوردستان بەگشتی و لە ناوچە و هاوینە هەوارەکانی لیوای هەولێر بەتایبەتی، هاوڵاتیەکی یەکجار زۆری شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق روویان لە هاوینە هەواری پیرمام و شەقڵاوە کرد[٣].

لە رووی ناوخۆییەوە پێشمەرگەکان لە هەر دەرفەتێکی دانوستان و ئاگربەستدا لە خۆشیدا دەگەشانەوە، بەشێوەیەك سەردانی ماڵ و کەس و کارەکانی خۆیان دەکرد و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبوژانەوە، لە بواری سیاسیشەوە دانیشتوانی شار تەکانێکی نوێ بوونەوەی هیوا و ئاواتی خەڵك بە شۆڕش و پێشمەرگەی لێ بەرهەم هات، کاتێك پێشمەرگە دەهاتنە ناو شاری هەولێر جەماوەر دەهاتە تەماشایان و دەبووە مایەی شادی و سۆز و دڵسۆزی و بەختەوەری لە سیمای خەڵکەوەکەوە بەدی دەکرا[٤].

لە ناو شارەکاندا دەرفەتێکی تر بۆ رێکخستنەکانی پارتی رەخسا، ئەمەش بووە هۆی فراوانبوونی چالاکی و رێکخستنەکانی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی، لە سەروویان یەکێتی قوتابیان_لقی هەولێر، ئەو کەشە سیاسییەی دوای ٢٩ی حوزەیران هاتەکایەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، رێکخستنەکانی قوتابیان چالاك بوو، بە بەشداری کردنی کارایان لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بە مەبەستی بەشداری کردنی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان[٥] و ناردنی نوێنەرانی یەکێتی قوتابیان، بە سەرپەرشتی عەلی عەبدوڵا کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ کۆنفرانسی ناوچەی هەولێر لە خانویەك لە پشت قوتابخانەی سەلاحەدین لە گەڕەکی تەیراوە بەسترا و نوێنران هەڵبژێردران[٦].

---

(١) صلاح سعدالله، المسالة الكردية في العراق، ط٢، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٣، ص١٠٥.

(٢) بەیاننامەکە پاڵپشتییەکی ناوخۆ و عەرەبی و دەرەکی بەدەستهێنا، لەلایەن هێزە نەتەوەییەکان (ناسرییەکان) و حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراقی و هەریەك لە کامل چادرچی و عەدنان پاچەچی(وەزیری ناوخۆ)، و میسر و جەزائیر و یەکێتی سۆڤیەت. بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ هەڵوێستی لایەنەکان بڕوانە: جعفر عباس حمیدی، المصدر السابق، الجزو التاسع، ص٧٥-٧٦.

(٣) جريدة الثورة العربية، ع: ٦٣٢، ٢٤تموز ١٩٦٦.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: :محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام ؛ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.

(٥) کۆنگرەی حەوتەم لە ١٥-٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە گەلاڵەی سەر بە سنووری لیوای هەولێر بەسترا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى-العراق(في محطات رئيسية)١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨، ص ص١٠١-١٠٢؛ شيركو فتح الله عمر، المصدر السابق، ص١٩٤.

(٦) كاكل محمد طاهر(بهرام)، المصدر السابق، ص ص٧٣-٧٤.

جێگای ئاماژەیە دواتر کۆنگرەکە لە ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە گەلاڵە بەسترا بە بەشداری ٤٢٥ نوێنەر[١] کۆنگرەی حەوتەم بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی پێشوو، جیاوازی زۆری هەبوو، چونکە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنی ناوچە و لق و سەرکردایەتی ئەنجامدرا، تەنانەت بە هۆی ئاسایی بوونی بارودۆخەکە تەواوی ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر بەشداریان کرد[٢].

لە بڕیارەکانی کۆنگرە سەبارەت بە ڕەوشی ناوخۆ هاتبوو:"سەرەڕای ئەوەی بەیانی ٢٩ی حوزەیران وەلامدەرەوەی ئامانجی سەرەکی شۆڕش نەبووە کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی دەبینێتەوە، بەلام ئارەزوومان بۆ گەڕانەوەی ئارامی ئاسایش بۆ ولات و وەستانی خوێنڕژانی نێوان عەرەب و کورد، کۆنگرە لەسەر بەیاننامەکە ڕەزامەندە و داوای جێبەجێکردنی دەق و ناوەڕۆکەکەی دەکات" هاوکات بڕیاری سەرکۆنەکردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو درا و لە هەمان کاتدا داو لە لیژنەی ناوەندی کرابوو بایەخ بە شێوازی سیاسییانە بدەن و لەسەر سیاسەتی لێبووردنی گشتی بۆ هەڵخەڵەتاوان بەردەوام بن[٣].

لەلایەکی ترەوە بەکردەوە شۆڕش دەستڕۆشتوو بوو، بەهۆی جێبەجێنەکردن و سستی و خاوی هەنگاوەکانی حکومەت، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کارگێڕییەکی راستەقینەی لە ناوچە رزگارکراوەکان پیادە دەکرد، بە هۆی بوونی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، تەنانەت شارە گەورەکانی وەك هەولێر و سلێمانی و زاخۆ، ئەگەرچی فەرمانبەرانی حکومەت ئەو فەرمانانەیان جێبەجێدەکرد کە لە بەغداوە دەردەچوون، بەلام زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئارەزوویان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بارزانی و شۆڕشی کورد هەبوو[٤].

ئەگەر سەیری بارودۆخی ناو شاری هەولێر بکەین، لەو ماوەیەدا هەندێك پشێوی روویاندا. لە ٢٨ی ئەیلولی١٩٦٦ کاتێك برای سەرۆك جاش (حەمەی سابیر)ی لە ژێر قەلاتی هەولێر بە دەستی پێشمەرگە کوژرا، بازاڕ بە جۆرێك شڵەژا، کاسبکاران چوونەوە ماڵەکانی خۆیان و دوکانەکان داخران و ناو شار چۆڵ بوو[٥].

چەکدارەکانی ناوبراو بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە ناو شاری هەولێر چەندین کەسی بێتاوانیان کوشت لە گەڕەکەکانی شار، لە کوران و تەیراوە و سەیداوە و باداوەدا، بە بیانوی ئەوەی بکوژی براکەی کەسێك بووە رانك وچۆغەڵی سپی پۆشیوە، بە شێوەکی هەڕەمەکی نزیکەی ٥ کەسیان بەجل و بەرگی کوردی لە شارەکەدا خافلکوژ کرد، لە نێو قوربانییەکاندا، محەمەد خوادە و کاکل حوسێن لە گەڕەکی

---

(١) جريدة خەبات، ع: ٤٩٣، كانون الاول١٩٦٦.

(٢) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٣) جريدة خەبات، ع: ٤٩٣، كانون الاول١٩٦٦.

(٤) مجيد خدوري، المصدر السابق، ص٣٦٦.

(٥) دیدار لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەمین ئەربلی رۆژی ٢٠١٣/٥/٤ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٥١ لە هەولێر لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی تا دوانەوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٧ کۆلیژی کارگێڕی بەشی ئاماری لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، لەسەر لیستی تورکمانەکانی هەولێرخولێك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، لە هەولێر دەژی.

کوران[1] و جەمشید عەساف کە قوتابی بوو تەمەنی لە هەڕەتی گەنجیدا بوو لە تەیراوە[2] و کەسێکی دیکە بە ناوی نادر لە گەڕەکی سەیداوە و گەنجێکی دیکەش بە رانك و چۆغەڵی سپی بە بێتاوانی بوونە قوربانی لە رووداوەکەدا[3].

شیاوی باسە بۆ ئەم رووداوە حکومەت هیچ هەنگاو و رێککارییێکی ئەنجام نەدا، لە کاتێکدا دانیشتوانی شارەکە بە هۆی نزیکی ناوبراو لە حکومەتەوە چاوەڕوان بوون، رووداوەکە دەرهاویشتە و کاریگەری گەورەی لە سەر رەوتی دانوستانەکان هەبێ و تێکچوونی پەیوەندی کورد-حکومەتی لێبکەوێتەوە[4].

ئەگەر شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ رووداوەکە بکەین، چەند راستییەکمان بۆدەردەکەوێ، ئەوانییش چاوپۆشی حکومەتی ناوەندی لە هەولێر و فرە کوێخوایی لە شارەکەدا و نەبوونی یاسا و لاوازبوونی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری لە شارەکەدا دەگرێتەوە، چونکە جگە لە بنکە و بارەگاکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی نزیك لە حکومەت، لە ناو شار ئازادانە کاریان دەکرد و بوونی سەرۆکی چەکدارە بەکرێگیراوەکان و دەست و پێوەندە دەستکراوەکانیان، دەکرێت بڵێین دام و دەزگای ئاسایش و هەواڵگری و پۆلیسی حکومەت، خۆیان بێدەنگ کردووە و ئارامی و تەناهی شارەکەیان نەپاراستووە و بە ئەنقەست چاوپۆشییان لێکردووە، چونکە رووداوەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر رەوتی دانوستان و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە جێنەهێشت.

دیارە ماوەی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان عارف زیاتر ئارامی هەبوو، بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێشوو، خودی کەسایەتی ئەویش بە بەراورد لەگەڵ براکەی نەرمتر بوو، هاوکات جۆرێك ئارەزووی چارەسەری ئاشتییانەی هەبوو، بەڵام بارودۆخەکە لە ناو شاری هەولێر وەکو شارەکانی تری باشووری کوردستان، لەو زیاتر رەنگدانەوەی لەتبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەسەربوو، شەڕو شۆڕو پێکدادانەکانی نێوان کورد بەردەوامی هەبوو، ئەو پێشهاتانەش کاریگەری نەرێنی بە گشتی لەسەر دانیشتوانی شارەکە و رەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی شۆڕشی کوردستان کردبوو[5].

جێگای باسە دوابەدوای ئەوە سەردانەکان هەر ئاسایی بوو (شاکر مەحمود شوکری) وەزیری بەرگری لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ لە گەلاڵە سەردانی بارزانی کرد، جەختی لەسەر پابەندبوونی حکومەت بە

---

(١) دیدار لەگەڵ شێرزاد پیرداود خودادا، رۆژی ٢٠١٣/٩/١١ لە هەولێر، مامی ناوبراو یەکێك بوو لە قوربانیانی ئەو رووداوە.

(٢) دیدار لەگەڵ موحسین رەشید ئاوارە، ٢٠١٥/١٠/٤ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی عارەبان لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە قۆناغی ئامادەیی سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بە هۆی دەستگیرکردنی هاوڕێکانی لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، لەو ساڵە بەدواوە شیعر و نووسینی ئەدەبی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەکاتەوە، خاوەنی یازدە کتێبی چاپکراوە لە دیوانە شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چەندین خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە و لە هەولێر دەژیت.

(٣) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: شێرزاد پیرداود خودادا، لە هەولێر ٢٠١٣/٩/١١؛ نیعمەت عەبدوڵا رۆژی ٢٠١٣/١٠/٢ لە هەولێر.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر؛ عەلی جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦لە هەولێر.

(٥) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی لە رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران کردەوە[١]، هاوکات دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی لیژنەی باڵای ئاشتی بەڕێوەچوو[٢] وەزیر جەختی لەوە کردەوە پێویستە لەگەڵ سەرکۆمار بەیەك بگەن، تا لە بابەتە هێشتا چارەسەرنەکراوەکان بکۆڵنەوە، مەسعود بارزانی لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کەوا وەزیری بەرگری هەوڵێکی زۆری دا تا بارزانی لە هەولێر یان رواندز یان سپیلك لەگەڵ سەرکۆماردا چاویان بە یەك بکەوێ، بەڵام بارزانی بیانووی هێنایەوە و رازی نەبوو[٣].

دەکرێت لێرەدا سەرنجێك بخەینە روو، بە درێژایی ماوەی شۆڕشی ئەیلول و هەموو خولی دانوستانەکاندا، بارزانی سەردانی بەغدای نەکردووە، بەڵکو سەرانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هاتوونەتە کوردستان، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەرگیز بارزانی باوەڕ و متمانەی بە حکومەتەکانی بەغدا نەبووە و چوونی بۆ بەغدا مەترسی لەسەر خودی ژیانی خۆی هەبووە، وەکو هێما و کاریزمای شۆڕشی کورد، هاوکات جۆرێك لە شکۆمەندێتی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردمان بۆ وێنا دەکات.

دوابەدوای ئەوە رێککەوتن و عەبدولڕەحمان عارف لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ بە یاوەری شاندێك[٤] سەردانی کوردستانی کرد، دوای ئەوە هاتە هەولێر، بە گەرموگوڕییەوە پێشوازی کرا[٥].

بە جۆرێك دەسەڵاتدارانی خۆجێیی حکومی لە شارەکەدا، هەموو قوتابخانەکانی هەولێریان ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی لە پێشوازی سەرکۆمار و گوڵبارانکردنی کەژاوەکەی بوەستن، هەر لە کاتژمێر ٧و نیوی بەیانیەوە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر لە هەردوو لای شەقامی قشڵە نزیك چایخانەی بایز وەستابوون، یەکێك لە قوتابیەکان بە ناوی عەبدولهادی رەحمان سلێمان قەساب کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان-لقی هەولێر بوو یاداشتێکی بەناوی یەکێتییەکە نوسیبوو، تێیدا باسی خراپی رەوشی قوتابیانی کردبوو، هەروەها باسی رووداوی ئەو رەشەکوژییەی کردبوو کە بەیانییەك ئەوەی جلی کوردی پۆشیبوو، لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر بە بێتاوانی کوژران، هاوکات داخوازی ئەوەی تێچین کردبوو، جەماوەری کوردستان هیچ کێشەی نامێنێت ئەگەر داواکاریەکانی سەرۆکی بزووتنەوەی شۆڕشی کوردستان مستەفا بارزانی جێبەجێ بکەن، چونکە داخوازییەکانی ئەو داواکاری تەواوی گەلی کوردە، ناوبراو توانی نزیك بێتەوە و لە نێو ئاپۆرەی ئامادەبووان و کەژاوەی سەرکۆماردا، یاداشتەکە بگەیەنێتە

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٣١.

(٢) محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص١٣٩.

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٣١.

(٤) شاندەکە پێکهاتبوو لە هەریەك لە شاکر مەحمود شوکری وەزیری بەرگری، ئەحمەد کەمال قادر وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوور و جێگری سوپاسالار.بڕوانە: معن شياع العجلي، ماذا في شمال العراق، بغداد ١٩٦٨، ص٧٥؛ منذر الموصلي، المصدر السابق، ص١٩٦.

(٥) عمار علي السمر، المصدر السابق، ص ص٣٢٠-٣٢١.

دەست سەرکۆمار، لە ٢٧ی تشرینی یەکەمیشدا لە دووەم ڕۆژی مانەوەی سەرکۆماردا، قوتابیەکی تر بە ناوی یونس سەید عەزیز توانی دوو یاداشتی دیکە دەربارەی هەمان بابەت رادەستی سەرکۆمار بکات[(١)].

بێگومان ئەو هەڵوێستە نیشانەی ئەوەیە هەستی نەتەوەیی و جموجوڵی سیاسیی لە نێو توێژی قوتابیانی شاری هەولێر چالاك بووە، هاوکات لە نێو چین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکە خۆڕسکانە هاوسۆزی بۆ سەرکردایەتی سیاسیی و شۆڕش هەبووە و هەولێریەکان لەم بوارەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە.

دوای دوو ڕۆژ مانەوە، سەرکۆمار لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ سەردانی بارزانی کرد و لە هاوینە هەواری جوندیانی سەر بە قەزای رواندز بۆ یەکەم جار لە ناوچەی رزگارکراوی شۆڕشی کورد، چاوی بە بارزانی کەوت و کۆبوونەوە[(٢)]، لەمبارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت:"عەبدولڕەحمان عارف چەندی حەز لێ بوو گفت و پەیمانی بۆ بارزانی هەڵڕشت، بەڵام هیچیانی بە جێ نەهێنا"[(٣)].

لەو سۆنگەیەوە بارزانی دوای کۆبوونەوەکە بە تیمی ڕۆژنامەوانی سەرکۆماری ڕاگەیاند، متمانەی بە سەرکۆمار هەیە، ئەو پیاوێکی بڕوادار و موسوڵمانێکی راستگۆیە، چاکەی هەمووانی دەوێت و گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەوێت، وەکو باوکێکە بۆ هاونیشتمانیان و ئومێدی گەورەم هەیە لەسەر دەستی ئەو ئارامی بۆ هەمووان بگەڕێتەوە[(٤)].

سەرکۆمار لە لێدوانەکانیدا بۆ ئاژانسی هەواڵەکان و پەیامنێران دیدارەکەی لەگەڵ بارزانی بە چاوپێکەوتنێکی برایانە و ئەنجامەکەی بە باش و سەرکەوتوو هەژمارکرد و بەڵێنی دا حکومەت هەموو تواناکانی دەخاتەگەر بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان[(٥)].

سەردانی سەرکۆمار بۆ کوردستان، لەناواخنی دانیشتنەکەدا، چەند ئەنجامێکی لێکەوتەوە لە دیارترینیان:

١- لەگەڵ بارزانیدا گەیشتنە رێککەوتنێکی زارەکی و جەختی کردەوە هاوکاری بەردەوامی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەبێ.
٢- هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکان (الفرسان)ی سەر بەحکومەت.
٣- بەڵێنی دا کارئاسانی بکات لە گەڕاندنەوە هۆزە کوردییەکان بۆ دێهاتەکانی خۆیان.
٤- بەڵێنی بە کوردەکان دا، لە ژیانی سیاسیی پۆست و پشکی زۆرتریان پێببەخشێ.

---

(١) دیدار لەگەڵ عەبدولهادی عەبدولڕەحمان سلێمان ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر؛ ئیحسان رەشاد موفتی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٣٠ لە هەولێر.

(٢) عمار علي السمر، المصدر السابق، ص ص٣٢٠-٣٢١.

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٣٢.

(٤) زينب عبدالحسن الزهيري، عبدالرحمن عارف ودوره السياسي في العراق(١٩٦٦-١٩٦٨)، دار اسامة، الاردن، ٢٠١٢، ص٧٤.

(٥) جريدة الثورة العربية، ع: ٧٢٤، ٣٠تشرين الاول١٩٦٦.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە لە شارەزایانی کورد و عەرەب بۆ دانانی کتێبێك تێیدا"گیانی برایەتی لە نێوان شارۆمەندییان پتەو بکات و جەخت لەوە بکاتەوە نەتەوەی عەرەب ئاشتیخوازە و دوژمنکار نیە" کتێبەکەش لە هەموو قوتابخانەکان بخوێنرێت.

٦- دەرکردنی مەرسومی کۆماری بۆ گێڕانەوەی ٢٥ ئەفسەری کورد بۆ خزمەتی سەربازی کە پێشتر دەرکرابوون و گفتوگۆکردن لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی کوردی بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەت[١].

سەرۆك کۆمار نەیتوانی بەرانبەر بەڵێنەکانی وەفادار بێت، لەبەر ئەوەی توانای نەبوو خۆی لە کاریگەری فەرماندە سوپاییەکان دەرباز بکات و هەندێکیان هەوڵیان دەدا کەشێکی بارگرژی وا دروست بکەن و نەیاندەویست برایەتی کورد و عەرەب بێتەدی، هاوکات ئاستەنگەکانی ناوخۆ و زۆری هاوپەیمانی سیاسیی و پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەو ماوەیە، هۆکاری دیکە بوون[٢].

لەگەڵ ئەوەشدا دوای هاتنی سەرکۆمار و لە ماوەی نەشەڕ و نە ئاشتیدا، رەوشەکە جۆرێك ئارام بوو، بۆیە سەردانەکان لە نێوان سەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرانی حکومەتی عێراقی بەردەوامی هەبوو. لە ١٩ی کانونی دووەمی ١٩٦٧ ئیدریس بارزانی[٣] سەردانی بەغدای کرد و لەلایەن سەرکۆمارەوە پێشوازی و میوانداری کرا، بەڵام ئەو سەردانەش تەنها درێژەدان بوو بە بارودۆخەکە و هیچ ئەنجامێکی نەبوو[٤].

جێگای ئاماژەیە لە زۆربەی دانوستانەکانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش کەسایەتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەولێر زەید ئەحمەد عوسمان رۆڵی ئەرێنی بینیووە، تەنانەت ناوبراو وەکو کەسێکی نیشتمانی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و بەغداوەش بڕوا پێکراو و جێگای متمانەی هەموو لایەك بوو، لە کاتی مانەوەی ئیدریس بارزانی و شاندی یاوەری بۆ بەغدا لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٦٧ ناوبراو بەو بۆنەیەوە نیوەڕۆ خوانێکی رازاوەی ئامادە کرد و ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییە سیاسیی و ناسراو و نیشتمانیەکانی داوەت کرد، لەو خوانەدا هەلێکی باشی رەخساند بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانی و کێشە هەنووکەییەکان[٥].

---

(١) زينب عبدالحسن الزهيري، المصدر السابق، ص٧٤.

(٢) منذر الموصلي، المصدر السابق، ص ص١٩٦-١٩٧.

(٣) ساڵی ١٩٤٤ لە ناوچەی بارزانی سنووری قەزای مێرگەسۆری سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە شۆڕشی کورد کردووە، ساڵی ١٩٦٥ وەك یاریدەدەری سەربازی و کۆمەڵایەتی لە بارەگای بارزانی دەستبەکار بووە، دواتر ساڵی ١٩٦٦ دەبێتە بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، ساڵی ١٩٧٩ لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراوە، لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢و لاپەڕەکانی دواتر.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

(٥) ئامادەبووانی ئەم خوانە فراڤینە پێك هاتبوون لەهەریەك لە: ئیدریس بارزانی، حەبیب محەمەد کەریم، موحسین دزەیی، نافیز جەلال، سالح یوسفی، شەوکەت عەقراوی، عەبدولڕەحمان بەزاز، بابە عەلی شێخ مەحمود، فوئاد عارف، عەلی سنجاری، د.عەبدولڕەحمان عەبدولاَ، رەشید نەجیب، عەلی کەمال، رەئوف ئەحمەد، ئیحسان شێرزاد، قەرەنی دۆغرەمەچی، هادی چاوشلی، ئەکرەم جاف، مەسعود محەمەد، ئەحمەد کەمال، کەریم موراد، جەبار عەزیز، مەهدی سەید موحسین حەکیم، عەلی شەعلان، عومەر عەلی، حوسێن جەمیل، سادق کەمونە، د.کازم شبر، کازم رەزوان، د.باقر عەبدولغەنی، عەبدولوەهاب ئەلئەمین، خەلیل

جێگای ئاماژە پێکردنە، ئەو کۆبوونەوەیە بە گرنگی و بایەخەوە، لەلایەن باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا چاودێری کراوە، هەروەکو لە دۆکیۆمۆنتێکی باڵیۆزخانەکە دەرکەوتووە، بە وردی بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان هەنگاویان ناوە(١).

هەر لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کۆمەڵێك دەستپێشخەری کردبوو، بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە، وەك لە نامەیەکی دەستنوسی نافیز جەلال لە ٩ی ئازاری ١٩٦٧ لە هەولێرەوە بۆ بارزانی ناردووە، جەخت لەوە دەکاتەوە ڕەزامەندی ئێوە لەسەر پێشنیارەکانی فەرماندەی فیرقەی یەك دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێوەندی میللی و حکومییەکاندا هەبووە، بە پلە یەك دەربارەی کشاندنەوەی گروپی ناپاکان و رزگاربوونی خەڵك لە ناو شارەکان، هاوکات سڵاو و ڕێزی پارێزگاری هەولێر عەبدولمونعیم مەسرەفی تێچین کراوە و هەنگاوی بڕیاردانی گێڕانەوەی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هیران و گەلاڵە و سیدەکان بووەتە جێگای خۆشحاڵی پارێزگاری هەولێر(٢).

لەو نامەیەدا دەردەکەوێت دانیشتوانی شارەکە بە تەواوی لەگەڵ بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسیی خۆیان هەماهەنگ بوون و لەگەڵ بەردەوامی دانوستانەکان بوون، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی کاتکوشتن یەکێك بووە لەو سیاسەتە هەرە ڕوونانەی حکومەت کە بەردەوام پەیڕەو کراوە.

لە ١٠ ئازاری ١٩٦٧ ڕەجەب عەبدولەجیدی جێگری سەرۆك وەزیران هاوکات وەزیری ناوخۆ، بە یاوەری ئەحمەد کەمال قادر وەزیری دەوڵەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور و عەمیدی روکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی فیرقەی یەك و بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی تەها شێخلی سەردانی شاری هەولێریان کرد، لەلایەن عەبدولمونعیم مەسرەف پێشوازی کران و ڕۆژی دواتر بە یاوەری ناوبراو، سەردانی قەزای شەقڵاوە و ناحیەی هەریر و قەزای ڕواندزیان کرد، لەو ناوچانە لە کاروباری پرۆژەکان و پێداویستی هاوڵاتیانییان کۆڵیەوە، پاشان سەردانی ناحیەی باڵەك و گەلاڵەیان کرد لەلایەن مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پێشوازی کران و جەخت لەسەر برایەتی و چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد کرایەوە(٣)و جێگری سەرۆك وەزیران پەیمان و سۆزی حکومەتی بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دووپاتکردەوە(٤).

هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکە و درێژەدان بە دانوستان بەردەوامییان هەبوو، لە کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٦٧ مەسعود بارزانی سەردانی بەغدای بۆ بینینی سەرکۆمار و سەرۆك وەزیران کرد، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا جەختی کردووە:"بەشێك لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێکراوە و

---

جەمیل و حاجی نەعمان عانی.بڕوانە: صحیفة العرب، السبت، ١٩٦٧/١/٢١؛ محمود احمد عثمان، مصابیح وظلمات، الطبعة الثالثة، المطبعة الوطنیة، عمان، الاردن، ٢٠١٢، ص ص١٢١-١٢٢ ؛جریدة خەبات، ع: ٤٩٥، اذار ١٩٦٧.

(١) Fco/7/408 confidential British Embassy In Baghdad N.15,24 January1967.

بڕوانە پاشکۆ ژمارە(١٤).

(٢) بۆ دەقی نامەکەی نافیز جەلال بڕوانە: پاشکۆ ژمارە (١٥).

(٣) جریدة الاخبار، ع:٢٦٠، ١٢ اذار ١٩٦٧.

(٤) ڕۆژنامەی دەنگ و باس، ژ: ٢٦٤، ١٦ی مارتی ١٩٦٧.

بەشەکەی تر بە قۆناغ دەبێت و گرنگ ئەوەیە هەردوولا سورین لەسەر جێبەجێکردنی بەیاننامەکە، کە ئاواتی هەموولایەکمانە، جەختی کردەوە ئەوانەی دژی بەرژەوەندی گەل و ئاشتین لە شەڕ و کوشتار سوودمەندن، ئەزموونەکان دەریانخستووە کەسمان لە کوشتار سوودمەند نین"، هەروەها بەشداری کردنی کوردەکانی لە حکومەتی بە پێویست زانی و ئاماژەی بەوە دا "ئێمە کەسایەتی بە توانا و کارامەمان هەیە بۆ هەڵگرتنی قورسایی بەرپرسیارێتی و هاوکار بۆ خزمەتی گەلانی عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی یەکڕیزی نیشتمانی گونجاون"[١].

دوای نیوەڕۆی رۆژی ٢ی نیسانی ١٩٦٧ سەرکۆمار پێشوازی لە شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و ئەندامێتی هەریەك لە حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یوسفی و هەردوو کەسایەتی لیوای هەولێر موحسین دزەیی و نافیز جەلال کرد و جگە لە رەوشی سیاسیی، باسی گەشت کردنی سەرکۆمار بۆ کوردستان کرا، سەرکۆمار بەڵێنی پێدان لە ماوەیەکی نزیك سەردانی کوردستان دەکات[٢].

دوای ئەو سەردان و پەرەسەندنە دبلۆماسیانە لە ٥ی نیسانی١٩٦٧ لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا، سەرکۆمار جەختی لەسەر بانگەوازی خۆی کردەوە، لە پێناو پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و وەستان بەرووی توخمە تێکدەرەکان و ئامانجیش لە راوێژکاریکردن بە لایەنە نیشتمانییەکان، تێگەیشتنە لە رای خەڵك، بۆ ئەوەی خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەربکەین و بەڵێن دەدەم راوێژ و دانوستانەکان فراوانتر بکەین بۆ ئەوەی زۆرترین کەس لە هاوڵاتییە دڵسۆزەکانمان بەشداربن[٣].

وەك دیارە ئەو رەوشە تەنها قۆناغێکی دیاریکراو بوو، بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان، چونکە مەسعود بارزانی دەنوسێت:" **کە سەرم لە بەغدا دا هیچ گۆڕانێکم لە بارودۆخەکەدا هەست پێ نەکرد، بەڵام بەش بە حاڵی من هەلێك بوو بۆ ئەوەی فەرمانێك وەربگرم بە بەڕەڵڵا کردنی ئەو گیراوانەی لە ١٩٦٥ بە تۆمەتی کوشتنی بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر گیرابوون و ئیمتیازی دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانەی (التآخی) وەربگرین**"[٤].

شیاوی ئاماژەپێکردنە دوای وەرگرتنی مۆڵەتی رۆژنامەکە لە کاتی سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆ، ئەوەبوو لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ ژمارە ١ی رۆژنامەی (التاخی) وەك رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسیی بە پێی یەکێك لە بەندەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران دەرچوو[٥].

دەرکردنی رۆژنامەی برایی (التاخی) جگە لەوەی وەکو زمانحاڵی پارتی بۆچوونی سیاسیی شۆڕشی تێدا بلاْودەکرایەوە و پەیامی سیاسیی کوردی دەگەیاند، هاوکات دەرفەتێکی باش بوو، بۆ ئەوەی نوسەرانی کورد بە گشتی بتوانن جار جارە بەرهەمە ئەدەبی و هەندی جار مێژوویش تێدا

---

(١) جريدة الاخبار، ع: ٢٧٢، ٣٠ اذار ١٩٦٧.

(٢) جريدة الجمهورية، ع: ١١٥٦، ٣ نيسان ١٩٦٧.

(٣) جريدة الجمهورية، ع: ١١٥٩، ٦ نيسان ١٩٦٧.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە رێباز و سیاسەت و بوارەکانی نووسین و کاریگەری رۆژنامەکە بڕوانە: ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ل١١٤-١١٦.

بلاوبکەنەوە، نوسەرانی هەولێر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا سوودمەند بوون[١]. لە بلاوکردنەوەی نووسینەکانیان دەربارەی دیاردە خراپەکانی رەوشی ئابووری ناو شاری هەولێر و بەرزبوونەوەی نرخی بەروبوومی دێهاتەکان و شەکر و چایە و قۆرخکردنی لەلایەن هەندێ لە بازرگانەکان لەو کاتەدا و هاوکات بایەخدان بە وتارەکان دەربارەی مێژوو و کەلتوری کوردی[٢] هەندێ جاریش شاعیرانی هەولێر هۆنراوەی گرۆتینی کوردایەتی و تەبایی و ئاشتی و برایەتیشییان دەنوسی[٣].

هەر لە نیسانی ١٩٦٧ وەزیری بەرگری لیوای روکن شاکر مەحمود شوکری بە یاوەری سوپاسالار لیوا حەمودی مەهدی فەرماندەی هێزی مەیدان و لیوا روکن فازل عەباس حیلمی و راگای روکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی فیرقەی یەك سەردانی یەکەکانی سوپایان کرد لە لیوای هەولێر و ناوچەی شەقلاوە، پاشان توانیان لە ناوچەی بالەك بارزانی ببینن، لەوێ دووپاتیان کردەوە حکومەت پابەندی جێبەجێکردنی بەندەکانی ٢٩ی حوزەیرانە و حکومەتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور هەموو تواناکانی دەخاتەگەڕ، هاوکات وەزیری بەرگری کە هەفتەیەك لە کوردستان مایەوە، رۆژانە رۆژنامە عێراقییە فەرمییەکان لە ماوەی مانەوەیدا رووماڵی سەردانەکەیان دەکرد، ئەو بە رۆژنامەوانانی راگەیاند **"برایانمان لە باکوور ئامادەن پێشوازی لە سەرکۆمار بکەن و باوەڕیان بە یەکێتی خاکی نیشتمان هەیە"**[٤].

لەو ماوەیە حکومەت بەمەبەستی نیشاندانی نیازپاکی هەندێ کارڕایی ئەنجامدا؛ بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ لیستێکی ٢٤ فەرمانبەری دەرکراوی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کاروباری ئاوەدانکردنەوە ناردووە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، هەندێك لە مامۆستایانی دەرکراویش ناونیشانیان بۆ دۆزینەوە و لە شارەکانی موسڵ و کەرکوك و سلێمانی و هەولێر دەستبەکاربوون، لە هەولێر کەمال ئەحمەد خەیات و عیسا یونس عیسا لە ناو لیستەکەدا بوون[٥].

لەو ماوەیەدا ناجی تاڵب وازنامەی خۆی لە سەرۆك وەزیران دا، دوای ئەوەی هیچ یەکێك لەو دەستانەی بە نیازی گۆڕینی حکومەت بوون، نەیانتوانی بە هۆی رکابەری نێوان خۆیان رێکبکەون، لەسەر پالاوتنی کەسێك و پالپشتی پێویست بۆ ئەو ئەرکە بە دەست بێنن، بەمشێوەیە عەبدولڕەحمان عارف لە ١٠ی ئایاری ١٩٦٧ کابینەی نوێی پێکهێنا[٦].

---

(١) دیدار لەگەڵ موحسین رەشید ئاوارە، ٢٠١٥/١٠/٤ لە هەولێر.

(٢) بڕوانە: رۆژنامەی برایی، ژ: ٢٩، ١٩٦٧/٥/٢٧.

(٣) بۆ نموونە شاعیری هەولێر پیربال مەحمود لە شیعرێکدا بەناوی (تێکۆشەرین) هەستی خوێنەر دەوروژێنێت، هەروەها مەلا مەسعود ناسراو بە (بێ بەش) شیعرێکی بە ناوی (برایی کورد و عەرەب) پێداویستی برایەتی و تەبایی دەخاتە روو. بڕوانە: رۆژنامەی برایی، ژ: ٣٦، شەممو ١٩٦٧/٦/٣، هەروەها هادی چاوشلی بە زنجیرە کتێبی"القومیة الكردیة وتراثها التاریخي" پێش چاپکردنی لەوێدا بلاوکردۆتەوە. بڕوانە: رۆژنامەی التاخی، ژ: ٥٩، ١٩٦٧/٦/٢٩.

(٤) بڕوانە ژمارەکانی : جریدە الجمهوریە، ع: ١١٧٧، ٢٦ نیسان ١٩٦٧؛ ع: ١١٨٠،٨ ٢٩ نیسان ١٩٦٧؛ ع: ١١٨١، ٣٠ نیسان ١٩٦٧.

(٥) بڕوانە: رۆژنامەی برایی، ژ: ٨، ١٩٦٧/٥/٦.

(٦) مجید خدوری، المصدر السابق، ص٣٨٠.

دوای ئەوەی ناجی نۆ مانگ لە کابینەکەدا سەرۆك وەزیران بوو، کابینەی نوێ بەسەرۆکایەتی سەرکۆمار پێکهات، بە بەشدری ٣ کوردی سەربەخۆ و بێلایەن لە رووی رێکخستنی حیزبییەوە، ئەوانیش فواد عارف وەك جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، ئەندازیار ئیحسان شێرزاد بە وەزیری شارەوانی و موسلێح نەقشبەندی بە وەزیری داد دانران، لە رێبازنامەی وەزارەتدا، باس لە هاتنەدی یەکێتی نیشتمانی و جەخت لەسەر پێویستی چاودێری تەواوی (ئاوەدانکردنەوەی باکوور) و گەڕانەوەی ئارامی و تەناهی بۆ ناوچەکە کرایەوە[١].

لە راستیدا هەڵوێستی فەرمی سەرکردایەتی سیاسی کورد و دانیشتوانی کوردستان، بەرانبەر پێکهێنانی کابینەکە ئەرێنی نەبوو، چونکە هیچ نوێنەرێکی راستەقینەی لایەنی شۆڕش بەشدار نەبوو، هاوکات عەبدولڕەحمان عارف پابەندی خۆی بە شێوەیەکی روون بۆ جێبەجێکردنی بەیانی ٢٩ی حوزەیران دووپات نەکردەوە، لە جیاتی پرسی کورد تەنها ئاماژەی بە ئاوەدانکردنەوەی باکوور کرووە[٢]بۆیە کابینەکە جۆرێك لە نیگەرانی بەدوای خۆیدا هێنا و ئەگەر پێشهاتە سیاسییەکان بە تایبەتی شەڕی عەرەب-ئیسرائیل لە حوزەیرانی ١٩٦٧ نەبوایە نزیك بوو ئاگربەست بەکۆتا بێت[٣]، چونکە بۆ هەمان مەبەست لە ٢ی ئایاری١٩٦٧ شاندێکی باڵای حکومەت سەردانی بارزانیان کرد، لە جێگری سوپاسالاری عێراق ژمارەیەك لە گەورە ئەفسەران، داوایان لێکرد هاوکاری عێراق بکات[٤].

جێگای باسە داخوازی شاندەکە بەشداربوونی پێشمەرگە و وەستاندنی جموجوڵی پێشمەرگە بەرانبەر سوپای عێراق بوو، دوای کۆبوونەوەکە، کە لە گەلاڵە ئەنجامدرا، بارزانی بەشداریکردنی پێشمەرگەی رەتکردەوە، بەلاّم دڵنیایی پێدان کە پێشمەرگە دژی سوپای عێراق جوڵە ناکات، ئەوەشی بۆ خستنەڕوو کە ئەو شەڕە زیانێکی مەزنتان پێ دەگەیەنێت، هیوادارم ئەوە روونەدات[٥].

جێگای باسە باڵی مەکتەبی سیاسی جیابووەوە لە پارتی، هەڵوێستی خۆیان بە روونی خستە روو، تەنانەت گەیشتبوونە ئەو رادەیەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، کێشەی فەلەستین خرابووە خانەی گرنگترین کێشەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، هاوکات ئامادەیی خۆیان بە ناردنی هێزێك بۆ بەرەکانی شەڕ دەربڕی، بەلاّم بەهۆی کورتخایەنی شەڕەکە و شکستی خێرای عەرەبەکان فریای شەڕ نەکەوتن[٦].

---

(١) جريدة الجمهورية، ع: ١١٩١، ١١ ايار ١٩٦٧.

(٢) جريده التاخی، ع: ١٣، ١١ ايار١٩٦٧.

(٣) مجيد خدوری، المصدر السابق، ص٣٨٠.

(٤) شلۆمۆ نکدیمۆن، مۆساد لە عێراق و ولاّتانی دراوسێ-دارمانی ئومێدی ئیسرائیلی و کوردەکان، وەرگێڕان: رەهەند عەبدولغەفور، چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١، ل٢٥٠.

(٥) شاندەکە پێکهاتبوو لە جێگری سوپاسالار لیوا روکن حەمودی مەهدی، لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دوو، لیوا روکن کەمال مستەفا عەلەمدار سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی و لیوا روکنزەکی حوسێن حیلمی بوون. بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل٢٤٠-٢٤١.

(٦) وەرگیراوە لە: ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

جێگای ئاماژەیە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عەرەب-ئیسرائیل(نسکۆی ٥ی حوزەیران-شەڕی شەش ڕۆژە) ڕێککەوتننامەی حوزەیران هاتەوە بەرباس، بۆ ئەم مەبەستە سەرکۆمار و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان عەبدولڕەحمان عارف فەرمانی دا، لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێ لەسەر ئاستێکی بالاَ بە سەرۆکایەتی فەریق تاهیر یەحیای جێگری سەرۆك وەزیران و ئەندامێتی فوئاد عارف بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور و عەبدولستار عەبدوللەتیف ی وەزیری ناوخۆ و ئیحسان شێرزاد ی وەزیری کار و شارەوانی، هاوکات لیژنەکە ڕاگای ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی فیرقەی یەك و ڕاگای ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار فەرماندەی کۆلیژی ئەرکان[1]و عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەریفی هەولێر و سێ نوێنەری کورد[2] ئەوانیش سێ کەسایەتی هەولێر بوون، جگە لە ئیحسان شێرزاد کە نزیکی شۆڕشی کورد بوو، نوێنەرانی شۆڕش هەریەك لە موحسین دزەیی و نافیز جەلال بوون، لیژنەکەش درێژە پێدەری لیژنەی پێشوو بوو، بەلاَم لە ئاستێکی بالاَتردا پێکهێنرا[3]بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە خاڵەکانی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٦ و تاوتوێ کردنی بڕگەکانی کارکردن بۆ دەرچوونی بڕیاری ئەرێنی و بە پەلە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانەکە، لیژنەی بالاَ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ١٨ی حوزەیرانی١٩٦٧ بەست و جەختی لەسەر برایەتی و یەکڕیزی وەستان دژی پڕوپاگەندەی زیانبەخش و پاراستنی تەناهی  و ئاسایش و بەردەوامی کردەوە[4].

لە کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی لیژنەکە ئامادەبوون، ڕێککەوتن لەسەر بەردەوام بوونی چارەسەری ئاشتیانە و هەنگاو نان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ٢٩ی حوزەیران[5].

بارودۆخەکە وا مایەوە تا سەرکۆمار دەستبەرداری پۆستی سەرۆك وەزیران بوو، بۆ جێگرەکەی تاهیر یەحیا کابینەیەکی نوێی لە ١٠ی تەموزی ١٩٦٧ پێکهێنا، دوو وەزیری کوردی لایەنگری حکومەت هەریەك لە عەبدولفەتاح سەعید شاڵی و وەزیری کاروباری باکوور و شارەوانی و کار بە وەکالەت و موسلێح نەقشبەندی وەزیری داد بوون[6].

جێگای ئاماژەیە دوای بەشدارنەبوونی نوێنەرانی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامەی (التاخی) لە سەروتارێکدا ئەوەی خستەڕوو، حکومەتی نوێ لە باربردنی هەوڵ و کۆششەکانی هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی عێراقە، دووبارەبوونەوەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕابردوە و لاساییکردنەوەی هەڵەکانی حکومەتەکانی پێشووە لە عێراقدا، بەشداری پێنەکردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کورد، ئاستەنگ بۆ حکومەتەکە

---

(١) جريده التاخی، ع: ٥٢، ١٩٦٧/٦/٢٠.

(٢) ڕۆژنامەی برایی(التاخی)، ژ: ١٥٢، ١٩٦٧/٩/٣٠.

(٣) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٤) جريده التاخی، ع: ٥٢، ١٩٦٧/٦/٢٠.

(٥) عمار علی السمر، المصدر السابق، ص٣٢١.

(٦) سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص١٣٥؛ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية...، ص٣٢٣.

دروست دەكات، هەرچەندە ئێمە هەڵوێستی دوژمنكارانە وەرناگرین و بە گوێرەی توانا هاوكار و پاڵپشتی حكومەتەكە دەبین، بەڵام پشكداری حكومەتەكەی ناكەین[١].

ئەم سیاسەتانەی حكومەت جۆرێك لە چاوەڕوانی و نیگەرانی لەلایەن دانیشتوانی كوردستان لێكەوتبووەوە، دانیشتوانی هەولێر وەكو شارەكانی دیكە، لە چایخانە و بازاڕ و شوێنە گشتییەكاندا، لە رەوشی سیاسیی بێ ئومێد ببوون، لە لایەك مانەوەی بەردەوامی چەكدارە بەكرێگیراوەكانی حكومەت و لەلایەكی ترەوە لاوازی دەزگا كارگێڕییەكانی خۆجێیی و سەرەڕای بەردەوامی پێكدادانەكانی ناوخۆی كورد و پاڵپشتی بەردەوامی حكومەت بۆ لایەنێك، خەڵك گەشبین نەبوو[٢].

لە هەوڵێكی تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیران بۆ ئارامكردنەوەی رەوشەكە بە یاوەری چەند وەزیرێك بە ئامانجی گەیشتن بە رێگا چارەسەرێكی ئاشتیانە، رۆژی هەینی ١٥ی ئەیلولی ١٩٦٧ لە گەلاڵە چاوی بە بارزانی كەوت[٣] وەزیرێكی بەشداربووی سەردانەكە[٤] لە نامەیەكدا ئاماژە بە ناوەڕۆكی دانوستانەكە دەكات لەسەر چەند خاڵێك رێككەوتوون لە گرنگترینیان هاتووە: چارەسەری كێشەی كورد لە عێراق بە شێوەی شەڕ و كوشتار ناپاكییە و بە تاوان دادەنرێ، خاڵێكی دیكە، راگوێزانەوەی ئەو هۆزە عەرەبانەی لە ناوچەی كەندێناوە نیشتەجێكراون و هاوكات گەڕاندنەوەی ئەو كوردانەی راگوێزراون بۆ گوندەكانیان لەگەڵ دابینكردنی دڵنیایی و ئارامی و ئاسایش بۆ ئەوەی هاندەر بێت بۆ گەڕانەوەیان، هەروەها سووككردنی هێزەكانی سوپا و رەزامەندبوون بە كەمكردنەوەی چەكدارە بەكرێگیراوەكانی رژێم (الفرسان)و هاوكات داماڵینی چەكدارەكانی (باڵی مەكتەب سیاسیی لایەنگری حكومەت)و پێكهێنانی لیژنەیەك لە ئاستێكی باڵادا رێپێدراو و دەستڕۆیشتوو بێت، بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی سەرەوە و پاشماوەی بەندەكانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ [٥].

جێگای باسە لەو ماوەیەدا كەسایەتی هەولێر ئەندازیار ئیحسان شێرزاد لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٦٧ كرایە وەزیری كار وشارەوانی و سوێندی یاسایی خوارد[٦].

ئەوانە ئەو خاڵانە بوون بەردەوام سەركردایەتی سیاسیی كورد جەختی لەسەر كردۆتەوە، هاوكات سەرەڕای بوونی باڵی مەكتەبی سیاسیی سەر بەحكومەت، بەڵام رێكخستنەكانی پارتی لقی دوو و ناوچەكانی هەولێر زۆر چالاك بوون، تەنانەت توانیبوویان دەرفەتی درێژەكێشانی دانوستانانەكان بقۆزنەوە و پەیوەندی نهێنی لەگەڵ هەندێ كەسایەتی نیشتمانی و باڵادەستی شارەكە دروست بكەن، لەوانە بەرێوەبەری ئەمنی هەولێر عەبدولجەبار دلێمی، پارتی توانیبووی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ

---

(١) جريدة التاخي، ع: ٧١، ١١تموز ١٩٦٧؛ رۆژنامەی برایی، ژ: ٧٥، ١٥تەموز ١٩٦٧.

(٢) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی جوكل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦لە هەولێر؛ عەبدولهادی عەبدولڕەحمان رۆژی ٢٠١٣/٦/٢لە هەولێر.

(٣) جريدة الجمهورية، ع: ١٣١٨، ١٦ايلول ١٩٦٧.

(٤) وەزیرەكە عەبدولهادی الراوی بوو.

(٥) شازین هێرش، و نزار محەمەد، بەڵگەنامە پارتی دیموكراتی كوردستان(باڵی مەكتەبی سیاسیی و باڵی بارزانی) لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویيدا ١٩٦٤-١٩٧٠، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٤٤.

(٦) جريده التاخی، ع:١٤١، ١٩ ايلول ١٩٦٧.

ببەستێت و بە زانیاری بەخشین و شێوازی تر هاوکاری شۆڕشی کورد بکات، لە ٢٧ی ئەیلولی١٩٦٧ نوسراوێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ڕێگای لقی دوو، بە پۆلیسێکی سەر بە ڕێکخستنەکان بە ناوی عمر ئیبراهیم خۆرانی، بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بۆ مەبەستی کاری تایبەت و هاوکاری شۆڕش گەیەنرایە دەستی ناوبراوەوە، دوای پێشوازیکردن و دڵنیابوون لە پۆلیسەکە، نامەکەی وەرگرت و بەدەنگ داخوازییەکەوە چوو[١].

هاوکات لەو ماوەیەدا دانوستان و سەردانەکان هەر بەردەوام بوون، لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٦٧ دوای سەردانی (عەبدولفەتاح شاڵی) وەزیری کاروباری باکوور و (عەبدولهادی راوی) وەزیری چاودێری لاوان هاتنە هەولێر و دوای ئەوانیش وەزیری چاکسازی کشتوکاڵ و وەزیری پیشەسازی سەردانی هەولێریان کرد و لیژنەیەك دامەزرا و بۆ بەدواداچوونی کاروباری لیژنەکە لەپێناو کارکردن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکان[٢].

لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا، وەزیری کار و شارەوانی ئیحسان شێرزاد بە ڕۆژنامەی (التاخي) ڕاگەیاند، بۆ ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانەوەی ئەو گوندانەی بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور خاپور بوون، گرێبەستمان لەگەڵ پسپۆڕانی ئیتاڵی کردووە بۆ دانانی پلانێکی گونجاو، ئەوەشی خستە ڕوو لیژنەیەکی تایبەت بە مەسەلەی گەڕاندنەوەی فەرمانبەرە دەرکراوەکان کارەکانی تەواو کردووە و لە ماوەیەکی کەم دەگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان[٣].

جێگای ئاماژەیە لیژنە دوای لیژنە و سەردانەکان بۆ هەولێر لە نێوان بەرپرسانی سیاسیی و سەربازی حکومەت و نوێنەرانی شۆڕشی کورد و بەرپرسانی کارگێڕی درێژەیان هەبوو، سوپاسالار لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ گەیشتە هەولێر و لە دیوانی موتەسەریفیەی هەولێر چەندین کۆبوونەوە کرد بۆ گەیشتن بە چارەسەرییێکی سەرکەوتووانە، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەوشە نەخوازراوەکە، چەند بڕیارێکی پێویست درا لەسەر ئەوەی پەیوەندی بە هۆزەکانی صایح هەبوو، لە ناوچەی کەندێناوە و پاراستنیان، ئەو ڕۆژە چەند پێکدادانێك لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ناوچەی بەکرەجۆی سلێمانی ڕوویدا بوو، بۆیە کەمێك گرفتی بۆ کۆبوونەوەکان دروست کرد، ڕۆژی دووشەممە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ کۆبوونەوەیەك لە نیوان لیژنەی وەزارەت و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەسترا، تێیدا لایەنی بارزانی پێکهاتبوون لە: موحسین دزەیی و نافیز جەلال، هەڵوێستی ئەوان بە ڕاشکاوی وەکو مەرجی بنەڕەتی و پێشوەختە بۆ

---

(١) دیدار لەگەڵ عومەر ئیبراهیم خۆرانی، ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٧ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٣ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، لە سەرووبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد ئێشکخانەی ناوچەی بارزانی ڕادەستی شۆڕش کردووە، چەند جارێك گیراوە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژیت.

(٢) شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

(٣) جريدة التاخي، ع: ١٥٤، ٢ تشرين الاول١٩٦٧.

جێبەجێکردنی بەندەکانی ١٥ی ئەیلول جگە لە ڕێوشوێنی گەڕانەوەی کۆچپێکراوانی دەشتی هەولێر بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان لە ناوچەی کەندێناوە، نە هێشتنی باڵی مەکتەبی سیاسیی سەر بەحکومەت بوو[١].

لیژنەکە هەندێك هەنگاوی ئەرێنی نا بۆ جێبەجێکردنی بەیانەکە، وەك ئازادکردنی دەستبەسەر و گیراوەکان و گێڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرە دەرکراوەکان بۆ سەر پیشە و کارەکانی پێشووی خۆیان، بەڵام بابەتەکانی تر حکومەت هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە بۆ نەنا[٢].

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیران گەیشتە هەولێر[٣]، لە ماڵی موتەسەریفی لیوای هەولێر کۆبوونەوەی کرد، عەبدولهادی ڕاوی لە نامەیەکیدا بۆ سەرکۆماری ناردووە، ئاماژە بەوەدەکات لە "نافیز جەلالی زانیوە، ئێوە لەگەڵ بارزانی لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتوون لەوانە: بەڵێن دراوە باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت لە چەك داماڵرێن و سەرانیان بۆ دەرەوەی عێراق دووربخرێنەوە، هەروەها کۆتایی بە هێزی مەیدان بێت و بەڵێن دراوە هۆزە عەرەبەکان کۆچیان پێبکرێتەوە"[٤].

بە گوێرەی سەرچاوەی تر ئامانجی سەردان و کۆبوونەوەکە گفتوکردن بووە لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد، هەر بۆیەش حکومەت لە ڕاگەیاندنەکانی خۆی دا لە ئێزگە و ڕۆژنامەکان باسی نەکرد و جۆرێك لە نهێنی و بێدەنگی پێوە دیاربوو، حکومەت هۆکاری بێدەنگیەکەی بۆ نەتۆراندنی توندڕەوەکان گەڕاندەوە[٥].

سەبارەت بە سووربوونی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی لەسەر چەککردنی باڵی جیابووەوەی لایەنگری حکومەت، وەکو لە بڕگەیەی یەکەمی دانیشتنەکەی پێشوو ڕێککەوتنەکە هاتووە، حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە سستی و خاوی نواند، بێگومان دووبەرەکی و لەتبوون سوود و خزمەتێکی گەورەی بە حکومەت گەیاندووە، دەکرێت بڵێین سیاسەتی حکومەت لەو قۆناغەدا یاری کردن بووە بە کات و نەیویستووە هێزێکی چەکداری تا ڕادەیەك بەهێزی وەکو باڵی مەکتەبی سیاسیی نزیك لە خۆیان لە دەست بدەن، بەڵکو وەك کارتێکی فشار بەسەر سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە بەکاریهێناون، هاوکات حکومەت هەنگاوی کردەنی نەنا بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی حوزەیران و پرۆژەیەکی ڕاستەقینەیان بۆ ئەم مەبەستە نەخستەڕوو، کێشە هەڵپەسێردراوەکان وەك پێشوو مابوونەوە و هاوکات ئامادە نەبوون، نوێنەرانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و شۆڕشی کوردستان بە فەرمی بناسن.

ئەمەش وایکرد پارتی هەڵمەتێك بکاتە سەر چەکدارانی ئەو باڵە، بۆ ئەو مەبەستە مەکتەبی سیاسیی پارتی بەیاننامەیەکی لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی١٩٦٧ دەرکرد، تێیدا بە درێژی ڕوونی کردۆتەوە کە

---

(١) شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

(٢) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٣) جريدة الجمهورية، ع: ١٣٣٩، ٧تشرين الاول ١٩٦٧.

(٤) شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٥) شاكرو خدو محوي، المصدر السابق، ص٣٥٢.

حکومەت باڵی جیاخوازی مەکتەبی سیاسیی وەکو داردەستی جێبەجێکەری پیلانگێڕی خۆیان بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتیان و خافڵکوژی تێکۆشەرانمان بەکاریان دەهێنن و مانگانە بڕی ٢٠ هەزار دیناریان لە بەرانبەر خزمەتەکانیان پێدەبەخشن، لە کاتێکدا حکومەت چەندین جار بۆ نوێنەرانی شۆڕش دووپاتیان کردۆتەوە ئەو باڵە لە چەك دادەماڵین و کەچی بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکەن[١].

لەلایەکی ترەوە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لە رووی کردارییەوە لەسەرخۆ بوون و زیاتر مۆرکی کاتکوشتنی پێوە دیاربوون، بۆ هەر پرۆژەیەکی ئاساییکردنەوە، کۆمەڵێك خاڵی بەربەست ئامێزی لە رووی یاساییەوە دارشتبوو، لە رێگای ئاسایی بوونەوەی رەوشەکە؛ هەر بۆ نموونە لە مەسەلەی گەڕانەوەی دانیشتوانی ناوچەی کەندێناوەی دەشتی هەولێر کە بە زۆر راگوێزرابوون، داوای چەکی دەستەبەر (صك الكفالە) یان لێکردن، ئەوەش بە چەند مەرجێکی قورس بۆ دەستەبەرکەر (کفیل) بڕی ٥,٠٠٠ پێنج هەزار دینار بدات ئەگەر دەستەبەرکراو لەو مەرجانەی خوارەوە دەرچێ:

١- دەستەبەرکراو بەڵێن بدات، پارێزگاری لە ئاسایشی رژێم بکات لە ناوچەکەدا.
٢- دەستەبەرکراو دەبێت بەڵێن بدات، پارێزگاری لە دامەزراوە نەوتییەکان بکات و چاودێری بۆڕی و بیرە نەوتییەکان بێت، هەر رووداوێکی نەخوازراو رووبدات خۆی بەرپرس دەبێ.
٣- دەبێ دەستەبەرکراو هەر رێکخستنێکی حیزبی تێکدەرانە دژی بەرژەوەندی وڵات لە ناوچەکە ببینێ هەواڵ بگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی حکومەت.
٤- دەستەبەرکراو دەبێ هەر کەسێکی نامۆ لە ناوچەکە و گوندەکەی خۆی ببینێ دەریبکات و هەوڵی شاردنەوەی نەدات لە ژێر هەر هۆکارێك بێت، ئەگەر نا بەزووترین کات هەواڵی دەسەڵات و حکومەت و سوپا بدات بە بێ دواکەوتن.
٥- دەستەبەرکەر بەڵێننامە پڕبکاتەوە لەلایەن موختاری گوندەکە و خەڵکی گوندەکەش بیناسن و هەماهەنگ بێت لەگەڵ لیژنەکانی چاکسازی کشتوکاڵ و سەردانی دەزگاکانی حکومەت بکات بۆ مەبەستی کاری کشتوکاڵی.
٦- هاوکاری تەواو لەگەڵ دەسەڵاتی حکومی و سەربازی ناوچەکە بکات[٢].

ئەگەر لە مەرجەکان وردبینەوە وەکو لە چەکی دەستەبەرکردن هاتووە، گەڕاوەکان بە یاسا دەبێت داردەست و خزمەتکار و کارمەندی دام و دەزگاکانی پۆلیسی و ئاسایشی دەسەڵات بن، دەبینین ئامانجی حکومەت زیاتر دروستکردنی تۆڕێکی سیخوڕییە لە ناوچەی دەشتی هەولێر، لەوەی پرۆسەی گەڕانەوە و هەنگاونان بەرەو ئاسایی بوونەوەی رەوشەکە بێت، بۆیە ئاساییە ئەگەر رێژەیێکی کەمی دانیشتوانە رەسەنەکە توانای گەڕانەوەیان هەبووبێ بۆ زێدی خۆیان و لەم هەنگاوانەی حکومەت سوودمەندبووبن، چونکە مەرجەکان هێندە قورسن هەر رووداوێکی کتوپڕ لە هەرکاتێك رووبدات، حکومەت دەستکراوە

(١) بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني، حول الحملة على الخونة، المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٦٧/١٠/٢٠.
(٢) جريدة خەبات، ع:٤٤٩، كانون الاول ١٩٦٧.

بوو بۆ ئەوەی بەرۆکی دانیشتوانە گەڕاوەکان بگرێتەوە و لە دەرفەتێکدا راپێچی بەندیخانە و لێپێچینەوە و لێپرسینەوە ببنەوە.

ئاشکرایە سەرەڕۆیی و توندڕەوی باڵی مەکتەبی سیاسی لایەنگری حکومەت بەرانبەر شۆڕشی کورد، بۆیە هەمیشە بارزانی لە کاتی دانوستانەکاندا جەختی لەسەر ئەوە کردوتەوە، ئەو کوردانەی چەکیان بۆ حکومەت هەلگرتووە هەژموون و دەسەلاّتیان لێ بسەنرێتەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە پێیان بەخشراوە، بەلاّم بە پێچەوانەوە لەلایەن حکومەت زیاتر چەکدار دەکران، ئەوانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی زیاتر تۆوی دووبەرەکی لە نێوخۆدا چەکەرە بکات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بۆ لێدانی نەیارانی جیاوازی نەکات و بە داخەوە شاری هەولێریش لەو خافلّکوژییە بێبەش نەبوو[١].

لەو میانەدا لەگەڵ بەردەوامی دانوستانەکانی کورد و حکومەت، لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٧ باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت، ژمارەیەك کادیری پارتییان لە ناو شاری هەولێر خافلّکوژ کرد، لەوانە: عەزیز حەمکۆ و براکەی عەلی حەمکۆی چایەچی و سەید عەبدوڵلاّ زراری و مەلا یاسین و ئیقبال هوورەماری و چەندانی تر، هاوکات چەندی تریشیان بریندار کرد، شۆڕشی کوردیش لە ناو شاری هەولێر چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی ناوخۆی ئامادەکرد بۆ سزادانی بەرپرس و کاربەدەستانی ئەو باڵە و لە ناوبردنیان[٢].

لە بەرانبەردا لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦٧ ئەحمەد رەشوانی (١٩٤١-١٩٦٧) کادیری چالاك و ئەندامی لیژنەی هەولیری باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت لە ناو شاری هەولێر بە دەستی پێشمەرگەکانی ناوخۆ گیانی سپارد[٣].

شایەنی باسە ناوبراو یەکێك بوو لەو گەنجانەی بە گڕوتینی زۆرەوە، داکۆکی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی دەکرد و لەگەڵ بیروڕای لایەنی بەرانبەر و هاوکۆك نەبوو[٤].

دوای دوو رۆژ لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٧ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی ناوخۆ، لە نزیك نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، لە بۆسەیەکدا ئەحمەد عەبدولاّی (ئەندامی لیژنەی ناوەندی و لێپرسراوی بادینانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی لایەنگری حکومەت) و پاسەوانەکەی عەریف ئەحمەد ئیبراهیم یان کوشت[٥]، هەروەها بەرپرسی یەکەمی شارەکە عەبدوڵلاّ ئیسماعیل لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا بوو، بەلاّم لە دەستڕێژی گوللەدا دەربازی بوو[٦].

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی ناوچەی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان-عێراقی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی، بەیاننامەیەکی نارەزایی توندی دەرکرد، تێیدا سەرکۆنەی کوشتنی ناوبراویان کرد و

---

(١) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥-٢٤٦.

(٣) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٤) احمد شوکت، المصدر السابق، ص ٨٥.

(٥) خەبات، "جناح المكتب السياسي"، ع: ٤٨٣، اوائل اذار ١٩٦٨.

(٦) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦.

لە بەشێکی بەیاننامەکەدا ئاماژەیان بە کەمتەرخەمی حکومەتیش کردبوو کە تێیدا هاتبوو: **"ئەم تاوانە ناڕەوایەیان بە ئاشکرا لە ناو جەرگەی شار ئەنجامدا و هەندێك جار لە تەنیشت سەرا و دایەرەکانی تری حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن بێ ئەوەی تا ئێستا یەکێك لەو تاوانبارانە بگیرێن..."** [(١)].

دەکرێت بڵێین چاوپۆشی کردنی حکومەت لە بنەڕەتدا لە بێتوانایی نەبووە، چونکە زۆرینەی سوپاکەی لە کوردستان بوو، جۆرێك لە بەردەوامی دانوستانەکانیش هەبوو، دام و دەزگاکانی لە شارەکە بوون و دەستبەتاڵ و دەستکراوەش بوون، بەڵام ئاشکرایە ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆی کورد ئامانجی ستراتیژی حکومەت بوو، لەگەڵ هەردوو باڵەکە پەیوەندییان هەبوو، کاری زۆریشیان بۆ ئەوە کردبوو تا یەکریزی ناوماڵی کورد تێك بدەن و سەرکەوتووش بوون.

بە هەر شێوەیەك بێت، ئەم پەرچەکردارانە بەردەوام کاردانەوەی بەرانبەری هەبوو، لە ناو شاری هەولێر ئەو خێزانانەی کوڕ یان کەس و کاریان پێشمەرگە بووایە یاخود پارتی بووایە و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان هەبووایە، بڕوبیانوویان پێدەگیرا و لەلایەن بەرپرسانی باڵی مەکتەبی سیاسیی ناو شار بانگهێشتی بنکە و بارەگاکان دەکران کە عەبدوڵا ئیسماعیل و شێخ لەتیف شێخ سادق بەرپرس بوون و لەوێ جگە لە لێپیچینەوە ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییش دەدران و داوایان لێدەکرا بچن کەس و کارەکانیان بێننەوە[(٢)].

پێشمەرگەکانی ناوخۆ بۆ کاروباری لێدانی چەکدارانی حکومەت و چالاکییەکانی ناو شار چەندین دەستە هەبوون، کەسە دیارەکانیان هەریەك لە: ساڵح نەفاسە، فاریق حەمەد باوە و یونسی برای کە بە (فاقە و ونە) ناسراو بوون[(٣)]، عەلی قیڕۆ، محەمەد حاجی مەنتك، محەمەد عەبۆ، ڕەحمان قونبەلە، کانەبی چاوشین، عومەر بەکر و عومەر قۆرتەلاسی[(٤)] و ئەبوزێد حەمەدەمین دەربەندی و قەهار عوسمان و چەندانی تر بوون[(٥)].

جێگای ئاماژەیە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولەوە لە هەولێر، لە ناو بنەماڵەکانی دزەیی دوو کەس هەبوون بە ناوی ڕەشید گۆسکە و حەمەی سابیری چەکیان بۆ حکومەت هەڵگرتبوو، بە هەموو توانایەك بەرگرییان لە حکومەت دەکرد و دژی جەماوەر و شۆڕشی کورد وەستابوونەوە، چەندین جار لەلایەن شۆڕشەوە هەوڵی لە ناوبردنیان درا[(٦)].

---

(١) شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەیی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٨، چ: ٢، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٩

(٢) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام؛ خورشید شێرە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٣) ئەوانە برای فارس باوەی فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر بوون، لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٦ بە پیلانێك بە دەستی چەکدارەکانی حەمەی سابیری لە هەولێر کوژران. بڕوانە : خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: تۆفیق شێخ مستەفا لە ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر؛ عومەر قۆرتەلاسی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٤ لە هەولێر.

(٥) دیدار لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ لە هەولێر.

(٦) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

ئەوەی دواییان (حەمەی سابیر)ی لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێر کەمینێکیان لەسەر ڕێگای هەولێر-کەرکوك بۆ داناوە، ناوبراو یەکێك بوو لەوانەی لە دوژمنایەتی شۆڕش و ئازاردانی لایەنگرانی شۆڕش بە هاوکاری لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت بەردەوامبوو، ئیتر لە کەمینەکەدا کوژرا و لە ئەنجامی کردەوەکەدا پێشمەرگەیەکیش بە ناوی عەلی حوسێن ناسراو بە (عەلی دیکتاریۆف) گیانی لە دەستدا[1].

جێگای ئاماژەیە وەك دەردەکەوێت، حکومەت بۆ ئەم ڕووداوە هیچ ڕێککارییەکی وای ئەنجام نەدا شیاوی ئاماژە پێکردن بێت، لەکاتێکدا ناوبراو کەسێکی ناسراو و لایەنگرێکی سەرسەختی حکومەت و دژی شۆڕشی کورد بوو! ئەوەش تاکە ڕاڤەکردنێك بگرێتە خۆ، بێ بایەخی هەموو ئەو کوردانە دەردەخات کە دەست و پێوەند و لایەنگری حکومەت بوون و دژایەتی شۆڕش و بەرەی نەتەوەکەیان دەکرد.

لەو ماوەیەدا زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی سنووری لیوای هەولێر بە هۆی چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دا نەبوو، بەڵکو بە داخەوە حکومەت ئامانجەکانی بە شێوەیەکی تر پێکابوو، چونکە شەڕ و پێکدادانەکانی خۆی بە بە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی خۆی سپاردبوو، هاوکات شەڕی کورد و کورد درێژەی هەبوو.

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل ٢٤٦-٢٤٧.

**باسی پێنجەم: کوژرانی شێخ حەنەش و کاردانەوەی لە شاری هەولێر.**

یەکێك لەو رووداوانەی لە نێوەندە جەماوەرییەکانی دانیشتوانی شار، سەدای زۆری لێکەوتەوە کوژرانی شێخ حەنەش بوو لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی بۆی روون ببووەوە، حکومەت بە جۆرێك لاوازبووە لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە توانای دانییە هێرشێکی سەربازی بەربلاّو و فراوان بکاتە سەر کوردستان بە هۆی ئاستەنگە سەربازی و سیاسیی و داراییەکانی دووچاری هاتبۆوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ کەسی سەرکێش لە ریزەکانی حکومەت هەبوون پشتیوانی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ بوون، بەڵام حکومەت شێوازی تری بۆ لاوازکردنی شۆڕش بەکارهێنا، بە پشتیوانیکردنی جوداخوازانی کورد و تۆخکردنەوەی پڕوپاگەندە دژی شۆڕشی کورد و دابەشکردنی پارە و چەك بەسەر هەندێ لە هۆزە کوردیەکانی لایەنگری خۆی[١].

ئەو سیاسەتە بەردەوامی هەبوو، رەوشەکە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە گشتی و لە سنووری لیوای هەولێریشەوە بە تایبەتی هەستپێکراو بوو، سیاسەتی حکومەت بۆ پاڵپشتی و بزواندنی هۆزە بەکرێگیراوەکان بە کورد و عەرەبەوە درێژەی هەبوو، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتە خۆجێییەکانەوە پاڵپشتی دەکران، روودانی کوشتنی شێخ حەنەش (سەرۆکی هۆزی تەی) لە رۆژی ١٣ای نیسانی ١٩٦٨ لەو سۆنگەیەوە بوو، کاتێك لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی تۆڵەخوازەوە، لە خوار شاری هەولێر لە دوای دانانی بۆسەیەك، دەستڕێژی گوللە کرایە سەریان و خۆی و پێنج لە پیاوەکانی کوژران[٢].

ئەو دەستە پێشمەرگانەی لە کردەوەکە بەشداربوون هەریەك لە: مستەفا غەفور، حەسەن حەیران و ئاودەل ئیبراهیم بوون، کاتێك لە گوندی عارەب کەندی خوارووی هەولێر، بۆسەیەکییان بۆ داناوە و کوشتیان، ئەو کردەوەیەش لە تۆڵەی خوێنی هەردوو شەهید (ئەنوەر و تاهیر) [٣]بوو، پێشتر بەدەستی چەکدارانی شێخ بوونە قوربانی[٤].

رووداوەکە لە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەدا وا هاتووە:"**تاقمێك خوێنەخوێ و تۆڵەخواز لە خوار شاری هەولێرەوە رێگایان بە شێخ حەنەش گرت و لە ئەنجامی دەسرێژا خۆی و پێنج پیاوی پێوەبوون**"[٥].

واتە کردەکە تۆڵەخوازی بوو، لەمبارەوە مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات و دەنوسێت:" **راستییەکەی لە بەرنامەی شۆڕش دا نەبوو نە ئەم شێخە و نە هیچ یەکێکی ترلە شێخە چڵکاوخۆرە**

---

(١) الحزب الديمقراطي الكردستاني (المكتب السياسي)، الوضع الحالي للثورة والواجبات الملقاة على عاتقنا في هذ المرحلة، اذار ١٩٦٨، د. م، د.ت ؛ سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ١٣٦.

(٢) جريدە خەبات، ع: ٤٨٤، حزيران ١٩٦٨.

(٣) لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکردووە، ئەو دوو کەسە خەڵکی گوندی تەللخێم بوون، لەلایەن چەکدارانی شێخ حەنەش شەهید کران.

(٤) بڕوانە: خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٣-١٨٤.

(٥) بڕوانە: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ١٤، ئەیار ١٩٦٨.

**عەرەبەکان بکوژرێن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو فەرمانە گشتییانەوە کە لە بارەگای سەرکردایەتیی پێشمەرگەوە دەردەچوون کە بە توندی بەرپەچی هەموو دەستدرێژییەك بدرێتەوە، ئەم رووداوە رووی داو ئەم شێخە کوژرا"**[1].

دیارە کاردانەوە و رێککارییەکانی حکومەت بۆ رووداوەکە خێرابوو، وەك لە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە ئاماژەی بۆ کراوە و تێیدا هاتووە: **"لە پێشا فسەکەری سوپا خۆی گیف کردەوە هەتا توانی جنێوی دا و هەڕەشەی کرد، ئنجا فەرمان درا بە جەیش و جاش کە بە هەموو توانایانەوە هەڵکوتنە سەر پێشمەرگە و بە بێ دەست پاراستن بیان کوژن. ئاوەدانی لەسەر رێی خۆیان نەهێڵن، گوێ نەدەنە چەکدار و بێ چەك هەرکوردێکیان بەرچاو کەوت ورگی هەڵدڕن چونکو هەر کوردێك جاش نەبێ پێشمەرگەیە...بە پێی ئەم فەرمانە رۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٦٨ هێزێکی زلی جەیش و جاش بەرەو گوندەکانی کەردز و بێستانەی گچکە و کانی بزرەوە خشان و بە نیازی داگیرکردنی ملیان نا...هێزی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر و فەرماندەکەیان رۆڵەی نەبەز و فیداکاری کورد فارس باوە...لە شوێنی خۆیان چەقین و بە ئامادەیی چاوەڕوانی بەسەرهاتیان کرد"**[2].

هاوکات پەرچەکرداری حکومەت لە گۆڤاری سەفین[3]ی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان وا هاتووە : رۆژی دواتر لە ١٤ی نیسانی ١٩٦٨ هێزێکی زۆری سوپا و جاش بە پاڵپشتی تۆپ و تانك و زرێپۆشەوە هێرشێکی کتوپڕ و لە ناکاویان کردە سەر گوندی بێستانە کە بارەگای بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێری لێبوو، بەمەش رێککەوتن و ئاگربەستییان شکاند ... لەگەڵ ئەوەی گوندی ناوبراو دەکەوێتە دەشت و زەویەکی تەختایی و هیچ مەرجێکی بەرگری تێدانییە، بەڵام هێزە قارەمانەکانمان ئازا و بوێرانە بەرەنگاریان بوونەوە و وایان لێکردن ناچاری پاشەکشە و راکردن بن و زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵیشیان لێدان، ئێمە لێرەدا دەستخۆشی لە بەچکە شێرەکانی بەتالیۆنی دووی دەشتی هەولێر[4] دەکەین و گیانی فیداکاری و بەرەنگاربوونەوەیان بەرز هەڵدەسەنگێنین ... ئێمە خەڵکێکین قسە و کردارمان یەکە، قسەی ئێمە وەکو قسەکەری وەزارەتی بەرگری ئەوان نیە [5].

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ل ٢٤٨-٢٤٩.

(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:١٤، ئەیار ١٩٦٨.

(٣) ئەم گۆڤارە لە لایەن لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی١٩٦٧ یەکەم ژمارەی لە هیران لێ دەرچووە، محەمەد مەلا قادر سەرنوسەری بووە و بابەتی بە زمانی کوردی و عەرەبی تێدا بلاوکراوەتەوە، دەستەی نوسەران بە بەردەوامی کە نووسینیان بلاوکردەوە هەر یەك لە: سمکۆ بارزانی، عەلی هەژار، بارزان مەلا خالید، بیلال عەزیز و چەندانی دیکە بوون، بە ناوی نهێنی بابەتەکانیان بلاودەکرایەوە، نزیکەی ٦٠ ژمارەی لێ دەرچووە، تا ساڵانی ١٩٨٨ بەردەوام بوو. بڕوانە: بەشێك لە ئەرشیفی گۆڤاری سەفین لە سەردەمی شاخدا، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی لقی دوو – مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندن، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٦، ل ل١٥-١٧.

(٤) لە دەقەکە بەتالیۆنی یەك نوسراوە، بەڵام بەتالیۆنی دووی دەشتی هەولێری سەر بە هێزی سەفینی لێ بوو، بەڵام لە دەقەکە بە هەڵە هاتووە، دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ کە خۆی بەشداری شەڕەکە بووە.

(٥) مقال بعنوان:"تحية إلى أشبال دەشت أربيل في صمودهم الرائع"، گۆڤاری سەفین، ژ: ٦، ساڵی ٢، مایس١٩٦٨.

هەر لە بەشێکی دیکەی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەدا هاتووە:**"ئەو یەکەم جاش نییە کە ئەکوژرێ، گەلێك جاشی ورد و درشت لە پێش ئەوا لە ناوچوون و کەسیش ورتەی لێوە نەهاتووە، کەچی لەسەر حەنەش میری کارێکی کرد هەر مەپرسە"**[١].

دەردەکەوێت بەرپەچدانەوە و کاردانەوەی حکومەت بۆ کوژرانی ناوبراو، لەگەڵ رووداوی لەناوبردنی کەسانی دیکەی لایەنگری حکومەت لە پێشوودا جیابووە، چونکە وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە، رووداوی کوشتنی کەسانی تری لایەنگری حکومەت هەبووە، بەڵام چاوپۆشی لێکراوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ حکومەت وەکو تاکتیك پشتی بە چەکدارە کوردەکانی لایەنگری خۆی بەستووە و باکی بە لەناوچوونییان نەبووە، لەکاتێکدا بۆ سەرۆك هۆزێکی چەکداری عەرەب خێرا سوپاکەی جولاند.

شەڕو پێکدادان لە ١٥ی نیسان بەردەوامی هەبوو، زیانەکانی سوپا تێکشکانی دوو زریپۆش و ٤٩ کوژراویان جێهێشت، هەرچەندە گوندەکانی سوتاند، دوو پێشمەرگەش گیانی لەدەست دا و پێشمەرگەییێکیش بریندار بوو، بۆ رۆژی دواتر سوپاکەی حکومەت زیاتر شکستی خوارد و شپرزەتر بوو، داوای هێزی پاڵپشت و هاوکاری و یارمەتی کرد، لە ئەنجامدا ژمارەییێکی زۆری چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کوردی بە پاڵپشتی ١٢ تۆپ و ٥ تانك بۆ هات، بەڵام نەیتوانی پێشڕەوی بکات، زیانی سوپا ٣٢ کوژراو و برینداری هەبوو، پێشمەرگەیەکیش گیانی سپارد[٢].

ئەوەی هاوکاری پێشمەرگە بوو، ئەو رۆژە بارانێکی بەخوڕ دەباری، بەمەش تانك و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی سوپا لە قوڕ چەقیبوون و دەرفەتی دەرباز بوون و راکردنیان نەبوو، ئەگەر ئەو بارانە نەبووایە، بە هۆی ئەوەی شوێنەکە دەشتایی بوو، شەڕی پێشمەرگە و مەرجەکانی بەرگری و سەنگەربەندی تێدانەبوو، لەوانە بوو پێشمەرگە دووچاری شکستی گەورە هاتبووایە[٣].

لە ١٧ی نیساندا سوپا لە هەوڵی پاشەکشە کردن بوو، لە نێوان قوشتەپە و بیستانەدا زیلێکی سەربازی و جیپێك لوغمی پێشمەرگە هەڵی تەکاندن و ٥ سەرباز لە ناویدا کوژران، ئینجا کەوتنە هەوڵی دۆزینەوەی ناوبژیوانیکەر بۆ وەستانی شەڕەکە[٤].

دوای ئەوەی ژمارەییێکی زۆری ئەفسەر و سەربازی سوپای عێراقی کوژران، پێشمەرگە توانی گەمارۆی لیوا سەربازییەکە بدات، کەوتنە وتووێژکردن[٥].

شیاوی باسە هەریەك لە موحسین دزەیی و نافیز جەلال، وەك نوێنەری شۆڕش بوون بە لایەنێك بۆ ناوبژیوانیکردن و ئاساییکردنەوەی رەوشەکە، لە ئەنجامدا توانیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای شارەکە لەسەر

(١) بڕوانە: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ١٤، ئەیار ١٩٦٨.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام؛ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:١٤، ئەیار ١٩٦٨، ل١٠.

(٥) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

هێڵ بن و هەوڵەکان بە فیڕۆنەچوون[١]، چونکە لە شەوی ١٨/١٧نیسان بە فەرمانی سەرکردایەتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان پێشمەرگە شەڕی وەستاند[٢].

دیارە حکومەت لە ئەنجامی هێرشەکەدا، پەلاماری خەڵك و دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکەی داوە، چونکە لە بەشێکی سەر وتاری گۆڤاری سەفین ئاماژەیەك خراوەتە روو، چەند بابەتێکی کردۆتە جێگەی پرسیار و سەرسوڕمان و دەپرسێت: ئەو هۆکار و بیانوو و پاساوانە چین پاڵی بە دەسەڵاتەوە ناوە پەلاماری خەڵك و خێزانی بێگوناهی ناوچەکە بدات؟ هاوکات ترس و تۆقاندن بخاتە دڵی خەڵکەکە؟! هەروەها ئەگەر چەمکەکانی یاسا و دەستور و دەسەڵاتداریێتی راست و یەکسانن بۆ لە کاتی کوژرانی حەمەی سابیر و ئەوانی تر حکومەت جوڵەی نەکرد؟ ئەی ئەوان پشتیوانی خۆی نەبوون؟ یان چونکە کورد بوون؟ [٣].

دیارە ئەو پەیامەی گۆڤاری سەفین مۆرکێکی هۆشداری و وریاکردنەوەی تێدایە، بۆ ئەو کوردانەی دژی بەرەی میللەت وەستاون و چەکیان بۆ حکومەت هەڵگرتووە، بێئاگان لەوەی ئەوان کوردن و هیچ سەنگ و بایەخیان لە لای حکومەت نییە، بە بەڵگەی ئەوەی حکومەت ئەو شینەی بۆ کوشتنی عەرەبێك دەگێڕێ هەرگیز بۆ کوردێك ئەوە ناکات.

سەبارەت بە رەوشی ناو شارەکە، لە دوای ئەو رووداوە راستەوخۆ سوپا هاتە ناو شاری هەولێر، گەمارۆی ژمارەیەك لە گەڕەکەکانی هەولێری دا[٤]، ئەو رۆژە محەمەد مەلا قادر بۆ کاروباری رێکخستن لە هەولێر بوو، هاوکات خورشید شێرە ئەو رۆژە لە گەڕەکی کوران بووە و لەمبارەیەوە دەنوسێت: **"بەیانی زوو لە خەو هەڵسام دیتم گەڕەکی کوران لەلایەن سوپای عێراقی چواردەور دراوە، لەبەر ئەوەی ساڵح شێرەش بە نهێنی لە ناو شار بوو، پێش ئەوەی هێزەکانی رژێم بگەنە لای ماڵەکەمان بە پایسکل بەرەو رێگای مەخمور چووین، دواتر هێزەکەی رژێم گەڕایەوە ئۆردوگاکانی ئێمەش گەڕاینەوە و چوومە ماڵی محەمەدی مەلا قادر بۆ ئەوەی بزانم هۆکاری ئەو بارە نا ئاساییە چیە، لەوێ بە رووداوەکەم زانی"**[٥].

ئەو کاتە محەمەد مەلا قادر لەلایەن قادر حەمشین (١٩٣٩-١٩٩١) کە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی هەولێر بوو، هەواڵی کوژرانی حەنەش و جموجوڵی سوپای لە گەڕەکەکانی هەولێر و هێرشی حکومەتی بۆ بێستانە پێ راگەیەنرا، پاشان توانیان خۆیان دەرباز بکەن[٦].

---

(١) دیدار لەگەڵ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام.

(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:١٤، ئەیار ١٩٦٨، ل١٠.

(٣) الحكم العسكرى على محك العنصريه، سەفین: گۆڤاری لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژ: ٦، ٢ی مایسی ١٩٦٨، ل٨.

(٤) بارودۆخی شارەکە لە هۆنراوەیەکی تەنزئامێزدا بەناوی (دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت) دەردەکەوێ بەم شێوە هاتووە:

دیار نەبووی باپیر؟ لە کوێ بووی بەخێر ـــ بەخوا مام پیرۆت چووبوومە هەولێر

دەنگ و باس چبوو؟ چۆنە ئەم ناوە ـــ دنیا شێواوە، حەنەش کوژراوە.... بۆ درێژەی هۆنراوەکە بڕوانە: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:١٤، ئەیار ١٩٦٨، ل١٠.

(٥) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٥-١٨٦.

(٦) دیدار لەگەڵ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینە هەواری پیرمام.

جێگای ئاماژەیە هەڵوێستی پارێزگاری هەولێر عەبدولمونعیم مەسرەف لە ڕووداوەکەدا ئەرێنی بوو، چونکە لەگەڵ ئەوەی سوپا هاتە ناو شەقام و گەڕەکەکانی شار و هاوکات دەستکرا بە پشکنینی کوچە و کۆڵانەکانی شار و گرتنی پێشمەرگەی مۆڵەت پێدراو، بەڵام مەسرەف ڕێگای نەدا ئەو بارە نائاساییە لەلایەن کەسانێك بقۆزرێتەوە و ببێتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایشی شارەکە و دەستدرێژی و هەڵکوتانە سەر خەڵك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام بدرێ، بەڵکو توانی بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵ بێت[(١)].

لە ڕاستیدا حکومەت هەوڵی دا دووبەرەکی بخاتە نێوان کورد و عەرەب ڕووداوەکە مۆرکێکی نەتەوەیی وەربگرێت، هەڵسا بە هاندانی هۆزە عەرەبەکان بە تایبەتیش هۆزی (القتیل) تا بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە هێرش بکەنە سەر کوردەکانی دەشتی هەولێر، بەڵام دواتر دەسەڵاتدارانی خۆجێیی هەولێر و موسڵ لەو پلانەی پاشگەزبووەوە، نەوەك ببێتە هۆی شەڕو کوشتار لە نێوان چەکدارە لایەنگرەکانی حکومەت بە کورد و عەرەبەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی هۆزە کوردەکانی سەربەحکومەت لە باشووری هەولێر سەنگەری خۆیان قایم کردبوو، بۆ پەلامار و ڕووبەڕوبونەوەی هۆزە عەرەبەکان[(٢)].

ڕۆژنامەی برایەتی (التاخی) لەمبارەیەوە لە وتارێکدا، جەختی لەسەر برایەتی و تەبایی پێکەوە ژیان کردۆتەوە، لە بەشێکی هاتووە:" پێویستە هەمووومان دووربکەوینەوە لەوەی ئاگرەکە خۆشتر بکەین و پابەندی سیاسەتی ئاشتی و پێکەوەژیان بین"[(٣)].

هەر لەمبارەیەوە هەڵوێستی بارزانی لە ڕاگەیاندراوێکدا بەرانبەر پێشهاتەکە دەردەکەوێت، کە تێیدا هاتووە:"ڕەگەزێکی سەرەکی بارگرژی و نائارامی لە ناوچە کوردیەکان، بۆ تێنەگەیشتنی بەشێك لە برا بەرپرسەکان لە سەرچاوەی کێشەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لەو ساڵانەی دوایی بە دەستیەوە دەناڵێنن، دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە لە ناوچەکەدا و پێدانی چارەسەری ناتەندروست و زیانبەخش، وایکردووە ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە ڕووبدەن"، هاوکات بارزانی دووپاتی کردۆتەوە چەکداماڵینی جاشەکان و جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران و وازهێنان لە سیاسەتی کاتکوشتن و درێژەکێشانی ڕەوشەکە، هۆکاری ئەو قەیرانانەن کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت[(٤)].

دیارە دوابەدوای ئەو پەرەسەندنانە حکومەت زیاتر هەوڵی نزیکبوونەوەی داوە لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو، هەروەها هاوکاری زۆرتری کردوون بۆ پەلاماردانە سەر ناوچەکانی قەرەداخ و ڕێگای جەلەولا و دەربەندیخان و ناوچەکانی تری گەرمیان، بۆیە شەڕی نێوان کورد و کورد بە هاوکاری و هاندانی حکومەت بەردەوامی هەبوو[(٥)].

دیارە ڕەوشەکە تا کوەتای دووەمی بەعس بەمشێوەیە مایەوە.

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەد مەلا قادر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام؛ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٢) شێرزاد زکریا محمد، الحرکە القومیە...، ص٣٣٧.

(٣) جریدە التاخی، ع: ٢٦١، ١٧ نیسان ١٩٦٧.

(٤) جریدە التاخی، ع: ٢٦٦، ٢١ نیسان ١٩٦٨.

(٥) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:١٤، ئەیار ١٩٦٨، ل١٠.

## باسی شەشەم: هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە پێشهاتە سیاسییەکان (١٩٦٤-١٩٦٨)

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە هەرێمی کوردستان، بەرانبەر رێککەوتن و پەرەسەندنە سیاسییەکان، دوای ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، راستەوخۆ لە ١٣ی شوباتی ١٩٦٤ بەیانێکیان دەرکرد و جەختیان لەسەر بەتەنگەوە هاتنی حکومەت کردەوە بۆ داخوازیەکانی کورد و رێککەوتنەکەیان بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵسەنگاند و بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی قەیرانەکە دووپاتیان کردەوە ئەوە هەنگاوێکی سەرەتاییە و وادەخوازێ هەنگاوی دیکەی نوێی بەدوادابێت بۆ ئەوەی تەنگژەکە بەیەکجاری چارەسەر بکرێت[١] لەمبارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"سەرەتا بەیانێکیان دەرکرد لە هەڵوێست و لۆژیکی ئێمە (مەبەست باڵی مەکتەبی سیاسییە) نزیك بوو، بەڵام دوای ئەوەی مۆسکۆ لەگەڵ رێککەوتنەکە دابوو، نێکیتا خرۆتشۆف (سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت ١٩٥٨-١٩٦٤) بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ عەبدولسەلام عارف نارد و کاتێك بە بروسکەکەیان زانی، ئەوانیش رای خۆیان گۆڕی و پاڵپشتی رێککەوتنەکەیان کرد"[٢].

بە گشتی حیزبی شوعی توانی سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت و ئەو هەڵوێستەیان لە سۆنگەی بەرژەوەندخوازی بوو، سیاسەتی حیزب و فشار و بۆچوونی مۆسکۆ لە لایەك، لایەکی تر قۆناغ و رەوشی نوێ لە کاتی دانوستانەکەدا لە نێوان هەولێر - ئاوەگرد هاتووچۆی گەرم دەستی پێکرد، تەنانەت حیزبی شیوعی، توانی سەر لە نوێ شیرازەی پچڕاوی رێکخستنەکانی خۆی لە تەواوی شارەکان و بە تایبەتی لە ناو شاری هەولێر نوێ بکاتەوە و لە پەنای رێککەوتنەکە و لە رێگای کادیرەکانی هەولێرەوە پەیوەندیەکان بونیات بنێتەوە و چالاکی رێکحستنەکانی خۆیان لە رێگای پەیوەندی نوێکردنەوە بە دابڕاوەکان، بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق بگەڕێننەوە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ حیزبی شیوعی سوودمەند بوو، لیژنەکانی خۆجێیی ناو شار و رێکخستنە نهێنیەکانیان دامەزراندەوە، چەندین کەس توانیان لەو دەرفەتە بگەڕێنەوە و درێژە بە خوێندن بدەنەوە[٣].

هاوکات بە هۆی دانوستانەکە لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە بریندارەکانی پێشمەرگە بۆ مەبەستی چارەسەری روویان لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کرد، بۆ ئەم مەبەستەش نەجمەدین مامۆ هەریری کە فەرماندەیەکی سەربازی ناسراوی حیزبی شیوعی بوو، راستەوخۆ دوای ئاگربەستەکە، بە هۆی برینداربوونی رەوانەی بەغدا کرا و لەوێ نەشتەرگەری قاچی بۆ کرا و قاچی بڕایەوە[٤].

---

[١] پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسیی(مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لە مەڕ کێشەی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٢٥.

[٢] جلال الطالباني يتذكر، حاوره: غسان شربل، مجلة الوسط، ع:٣٥٨، ١٩٩٨/١٢/٧، ص٣٢.

[٣] دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەزیز محەمەد لە ٢٠١٠/٤/٩ لە هەولێر؛ مومتاز حەیدەری، رۆژی ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر.

[٤] دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

هەرچەندە هەندێك جار پێشمەرگەكان و ئەو شۆفێرانەی پێشمەرگەكانیان دەگواستەوە ناو شار، لە كاتی گەڕانەوەیاندا لە بازگەی هاتنە ناوەوەی شاری هەولێر و كۆیە لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی بازگەكان گێچەڵیان پێدەكرا و دەكەوتنە بەر لێپێچینەوە و ئاستەنگیان بۆ دروست دەكرا، هەروەكو لە نامەیەكی بارزانیدا بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەردەكەوێت[١].

جێگای ئاماژەیە دوای دانوستانەكە دەرفەتی لەبارتر بۆ حیزبی شیوعی رەخسا، دوای ئەوەی لە كۆبوونەوەیەكی فراوانی حیزب لە ئاوەگرد بەسەرپەرشتی عەزیز محەمەد بەسترا، بڕیار درا كۆمەڵێك كادیری سەركردە و پێشكەوتوو، بۆ خولی پێگەیاندن رەوانەی مۆسكۆ بكرێن، ئیتر هەریەك لە عەزیز محەمەد، كەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ ناسراو بە (ابو فاروق) و تۆفیق ئەحمەد و مومتاز حەیدەری، لە لایەن حیزبەوە بۆ یەكێتی سۆڤیەت رەوانە كران[٢].

لەلایەكی ترەوە هەنگاو نانی عارف بەرەو سۆشیالیزمی[٣]، وایكرد گۆڕانكاری لە سیاسەتی ئەوان بەرانبەر رەوشی نوێ بێتە كایەوە، دوابەدوای ئەوەی حیزبی شیوعی عێراقی لەسەر دەستی بەعسییەكان زەبری كوشندەی بەركەوت، بە تایبەتی دوای لە دەستدانی كادیر و سەركردە بە ئەزمونەكانی هەولێر و عێراق وەكو جەمال حەیدەری و نافیع یونس و چەندانی تر، دوای وەلانان و دوورخستنەوەی بەعسییەكان لە لایەن عارفەوە، بارودۆخی ناوخۆی حیزبی شیوعی لەبار نەبوو، چونكە دووچاری پەرتەوازەیی و سەرلێشێواوی هاتبووەوە، لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ رێكخستنەوەی خۆیان، لەلایەكی ترەوە لە ناو حیزبدا جۆرێك لە نزیك بوونەوە لەگەڵ رژێمی نوێ سەریهەڵدا، ئەمەش وای كرد ببێتە سەرەتایەك تا كەرتخوازیەكی تر رووبدات[٤].

هاوكات لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف و دوای كودەتای تشرینی دووەم، ئەو كۆت و بەندانەی لەسەر حیزب بوو، بە شێوەیەكی رێژەیی سوك كرا بوو[٥]، بە تایبەت دوای ئەوەی ناسرییەكان یەكێتییەكیان بەناوی یەكێتی سۆسیالیستی عەرەبی، لەسەر شێوازی یەكێتی سۆسیالیستی عەرەبی لە میسر پێكهێنا، هەوڵیاندا جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست، سەركردایەتی رێكخستنی فوراتی ناوەڕاستی حیزبی شیوعی عێراقی دوای پەیوەندی كردنیان بە سەركردایەتی رێكخراوی حیزب لە كوردستان، ناوەندێكی كاتی كاركردنیان پێكهێنا، هەنگاوەكان بەرەو ئەوە دەچوو بچنە نێو یەكێتی سۆسیالیستی[٦].

---

(١) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، باڵیۆزی بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٧.

(٢) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٠١٣/٩/٢٠ لە هەولێر.

(٣) دیارە ئەو هەنگاوانەی عارف كاریگەری میسر و ئەزموونەكەی لەسەر بوو، چونكە یەكێتی سۆسیالیزمی عەرەب وەكو رێكخستنێكی سیاسی یەكگرتوو لە ٤ی تەمووزی ١٩٦٢ لە لایەن عەبدولجەمال ناسرەوە دامەزرابۆ ئەوەی سەركردایەتی ژیانی سیاسی لە میسر بكات.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: كەریم ئەحمەد داود رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٥ لە هەولێر.

(٥) حنا بطاطو، المصدر السابق، ص٣٤٩.

(٦) كەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێكۆشان-بیرەوەریەكانی كەریم ئەحمەد، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٢٥-٢٢٦.

لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦٤ لیژنەی ناوەندی حیزب دانیشتنێکی چڕوپڕی ئەنجامدا و ئەو ڕەوتە لە نێوەندەکانی حزب بە هێڵی ئاب ناسرا[١]، لیژنەیەکی ناوەندی نوێ دامەزرا و بۆ مسۆگەر کردنی بەردەوامی کارکردن لە کاتی تەنگەتاوی و گیرانی ڕێبەرانی عێراق، ئەوەیان وەکو مەرجێك سەپاند بەشێك لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر ببەن، عەزیز محەمەدیش پلەی بەرزکرایەوە بۆ سکرتێری یەکەمی حیزب[٢].

دوای ئەوە ڕاپۆرتێك لەلایەن سەرۆکی ڕەوتە ڕاستڕەوەکە[٣]درایە یەکێتی سۆسیالیستی و داوا کرا حیزب بچێتە نێو یەکێتییەکە، بەو پێیەی پێویستە گشت ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی ڕێبازیان سۆسیالیزمییە لە یەك ڕێکخراودا یەکبگرنەوە، بەڕووی هێزە ڕاستڕەو و ناسیۆنالیستەکاندا لە دژی ئیمپریالیزمدا[٤].

شیاوی باسە ڕاپۆرتەکە ویستی لەو قۆناغەدا لەگەڵ ڕەوشەکە بڕوات، بە کورتی لە ناوەرۆکی ڕاپۆرەکە هاتبوو: بۆ بەدیهێنانی بنەمای بەشداریکردن لە دەسەڵاتی ناوەندی و دانانی فەرمانبەرانی کورد لە بنکە کارگێڕییە حکومییەکانی کوردستان و پیادەکردنی بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان و پەیڕەوکردنی چالاکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە سەرەتاییانە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خەباتی گشتی و یەکێتی نێوان کورد و عەرەب وەرگیراون و بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش لە وڵاتدا[٥] دواتر لە کانونی یەکەمی ١٩٦٤ کۆنفرانسی پارتە کۆمۆنیستەکان لە پراگ بە ئامادەبوونی عەزیز محەمەد بەڕێوەچوو[٦].

لە ئەنجامی ئەو ڕەوتە و سیاسەتی هێڵی ئاب ریزەکانی بنکەی جەماوەری حیزبی شیوعی لە سەرتاسەری عێراقدا دەنگی نارەزایی هەڵبڕی، کە چۆن حیزب لەلایەنێك نزیك دەبێتەوە دەستی سوربووە بە خوێنی حیزب و گەلەکەی[٧].

هەر لە سەرەتاوە ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی هەولێر وازنامەی خۆیان پێشکەشی حیزب کرد، ئەو سیاسەتە ڕاستڕەویەی حیزب، بە پلەی یەکەم عەزیز محەمەد بەرپرسی بوو، ئەوانەی لەگەڵ ئەو بوون

---

(١) لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی لەسەر پێشنیاری بەرپرسانی باڵای سۆڤیەت لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا بەسترا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی سیاسەت و هەڵوێست و چارەسەری ڕەوشی حیزب لەو قۆناغەدا و باسی ڕەوشی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەبی کرا و هەڵوێستی لایەنگری بۆ یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی دەربڕی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سمير عبدالكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق٤١٨تشرين الثاني١٩٦٣-١٧/٣٠تموز١٩٦٨، الجزء الرابع، تقديم: .صلاح محمد، دار المرصاد، بيروت، ص ص٢٥-٣٤.

(٢) بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٣٥٠-٣٥٨.

(٣) دارێژەر و سەرۆکی ئەو ڕەوتە باقر ئیبراهیم و عامر عەبدوڵا و بەهائەدین نوری بوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: المصدر نفسه، ص ص٣٥٤-٣٥٥.

(٤) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

(٥) پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسیی(مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٥-١٢٦.

(٦) حنا بطاطو، المصدر السابق، ص٣٥١.

(٧)حنا بطاطو، المصدر السابق، ص٣٥٨.

هەریەك لە: یوسف حنا ناسراو بە (ئەبوحكمەت) و تۆفیق ئەحمەد (هەژار) و فاتح رەسول بوون، ئەوەی دواییان دوای دەرنەچوونی وازی لە حیزب هێنا، كە سەرجەمیان لە لیژنەی ناوەندی بوون، كەریم ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی بەشداری رەوتەكە بوو، بەڵام سەرنجی خۆی هەبوو لە چوارچێوە گشتییەكەیدا لەگەڵ ئەو هێڵەدا نەبوو[1]، چونكە دوای خوێندنەوەی یاداشتەكە وتارێكی رەخنە ئامێزی لە رۆژنامەی (طريق الشعب) دا نوسی و رەخنەی لە ناوەڕۆكی راپۆرتەكە گرتبوو، هاوكات داوای پێكهێنانی بەرەیەكی دیموكراتی نیشتمانی كردبوو[2].

ئەگەر سەیری سەرەتای تێكچوونی پەیوەندییەكانی شۆڕشی كورد و حكومەت بكەین، دوای ئەوەی لە ساڵیادی یەكەمی ئاگربەستە پارتی بڕیاری مانگرتنی سەرتاسەری دا، كادیر و رێكخستنەكانی حیزب لەناو شاری هەولێر دژی حكومەتی عەبدولسەلام عارف بڕیاری هەماهەنگی و بەشدارییان دا[3].

بێگومان كاتێك شەڕی كورد و حكومەت لە نیسانی ١٩٦٥ هەڵگیرسایەوە و هاوكات بێئومێدبوونی ناسرییەكان لە عارف، كاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕانكاری و شكستی رەوتی هێڵەكە دروستكرد[4]، بە تایبەت لە شاری هەولێر چونكە شەڕی سەفین دەستپێكی گۆڕانكارییەكان بوو، پاشان لە شەڕی هەندرێن[5] پێشمەرگەكانی حیزبی شیوعی هاوشانی پێشمەرگەكانی پارتی بەشێك بوون لە هێز و لەشكری شۆڕشگێری كوردستان و رۆڵی دیارییان لە شەڕەكان بینی[6].

جیابوونەوەی باڵی مەكتەبی سیاسیی و پەیوەندیكردنیان بە حكومەت زیاتر شیوعییەكانی لە بارزانی نزیك كردەوە، بەتایبەتی دوای تێكشكاندنی سوپای عێراق لە شەڕی هەندرێن و رۆڵی گەورەی پێشمەرگەكانی شیوعی لەو شەڕە و بەرەكانی تر دەرفەتی زیاتری بۆ كار و خەباتی هاوبەش بۆ هەردوولا رەخساند، هاوكات حیزبی شیوعی پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران دووپات كردەوە و رایگەیاند، لەوەش زیاتر دیاریكردنی مافی چارەنوس بۆ كورد بەرەوا دەبینێ[7].

بە هۆی ئەو هێڵە نەرمەی ئابەوە كۆمەڵێك دەنگی ناڕازی لە ناو حیزب سەریان هەڵدابوو، تا كەرتبوونەكە بە ئاشكرا لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٦٧ عەزیز ئەلحاج لە كۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی جیابووەوە و رێكخراوێكی سەربەخۆی شیوعی بەناوی حیزبی شیوعی عێراقی-سەركردایەتی ناوەندی

---

(١) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٠١٣/٩/٢٠ لە هەولێر.

(٢) كەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

(٣) لە باسەكانی پێشوودا ئاماژەمان پێكردووە.

(٤) بۆ زانیاری زیار بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٣٥٨-٣٥٩.

(٥) لە باسەكانی دواتر ئاماژە بەو شەڕانە دەكەین.

(٦) دیدار لەگەڵ هەریەك لە نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سمير عبدالكريم، المصدر السابق، ص ص١٠٥-١١٠.

پێکهێنا[١] و هەمان ڕۆژ بەیاننامەیەکیان دەرکرد، ئاماژەیان بە پاککردنەوەی ئۆرگانەکانی حیزب کرد، لە کەسانی ناشایستە بە تایبەتی لە ڕێکخستنەکانی بەغدا و کوردستاندا[٢].

لەو ماوەیەدا زۆرێك لە کادیران و ڕێکخستنەکان پەیوەندیان پێوەکردن، لە هەولێر ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١) کە پەیوەندی بە حیزبی شیوعی(لیژنەی مەرکەزی) نەما بوو، هاوکات دژی سیاسەتەکانی حیزب بوو، بۆیە بۆ ماوەیەك پەیوەندی بە حیزبی شیوعی(سەرکردایەتی ناوەندی) کرد، دوای ئەوەی کۆمەڵەی ناوبراو خەباتی چەکداریان دژی عەبدولڕەحمان عارف پەسەند کرد، هاتنە کوردستان و لەلایەن بارزانییەوە ڕێگایان پێدرا، لە کوردستان بنکە و بارەگای چەکداری دابمەزرێنن، حەیدەری لەو ماوەیەدا شان بەشانی ئەوان بەغدای جێهێشت و بووە ئەندامی(لیژنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان)ی ئەو کۆمەڵەیە[٣].

جێگای باسە بەشێك لە کادیرە دیارەکانی دیکەی هەولێر وەکو عادل سەلیم هەر لە سەرەتاوە دژی هێڵی ئاب بوو، کاریگەریشی لەسەر کادیرانی دیکەی شار هەبوو[٤] دەستەیەکیش لە کادیرەکانی ناوەڕاست و خوارەوە هاوهەڵوێست بوون و دوای گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر ژمارەیەکی دیکەی کادیرەکانی هەولێر بۆ ئەوەی بێنە نێو سەرکردایەتی ناوەندی[٥]

دوا بەدوای کەرتکارییەکەی عەزیز ئەلحاج، حیزبی شیوعی عێراقی (لیژنەی ناوەندی) بەیاننامەیەکی دەرکرد، بۆ دەرکردنی کەرتکاران و بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، کەریم ئەحمەد دوای تەواوکردنی خوێندن لە یەکێتی سۆڤیەت و گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی کرد بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە[٦].

کۆنفرانسی سێیەم لە کانونی یەکەمی ١٩٦٧ لە ماڵی عەلی مەولود لە گوندی (داربەسەر)ی سەر بە قەزای کۆیە بەسترا، بە بەشداری ٥٧ کادیری پێشکەوتوو، بەشداربوان و سەرکردە سیاسییەکانی حیزبی لیوای هەولێر هەریەك لە: عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد داود، تۆفیق ئەحمەد، یوسف حنا قەشە (ابو حکمت) و فاتح ڕەسول بوون، هەریەك لە نەجمەدین مامۆ هەریری و عەلی مەولود بە سیفەتی (ئەندام و چاودێر) بەشدار بوون، لە هەڵبژاردنەکەدا هەریەك لە عەزیز محەمەد دووبارە بە سکرتێری یەکەمی حیزب هەڵبژێردرایەوە و کەریم ئەحمەد بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و تۆفیق ئەحمەد بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرانەوە[٧].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ص٣٨٤-٣٨٧.

(٢) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: سمیر عبدالکریم، المصدر السابق، ص ص١٨٧-١٩٣.

(٣) بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسیی و ڕوناکبیریی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری k21، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل١٥٦.

(٤) شەماڵ عادل سەلیم ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٥ لە هەولێر.

(٥) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٠١٣/٩/٢٠ لە هەولێر.

(٦) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

(٧) بۆ زانیاری دەربارەی ناوی تەواوی ئەندامە هەڵبژێردراوەکان بڕوانە: سمیر عبدالکریم، المصدر السابق، ص ص٢٢٩-٢٣٢.

دوای ئەوەی کۆنفرانسەکە دە رۆژی خایاند، دان بە سیاسەتی چەوتی هێڵی ئاب نراو بە (هێڵی راستڕەوی ئاب) ناوزەندیان کرد، هاوکات بڕیاردرا ناوی لقی کوردی بکرێتە لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق و مافی ئەوەشی پێدرا کۆنگرەی خۆی ببەستێ بەو مەرجەی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی پەسەندی بکات[1].

کۆنگرە لە بڕیارەکانی خۆی دووپاتی کردەوە کە:"رژێمی عێراق شەرعیەتی خۆی لە مێژە لە دەست داوە و حوکمڕانی عارف-یەحیا ی وەکو رژێمێکی دیکتاتۆری دژی گەل وەسف کرد و بێتوانایی بەرانبەر پرسە سەرەکییەکانی بەردەم وڵات دەرخستووە، کۆنگرەکە ئەوەشی خستە روو، کەوا حکومەت ئارەزووی نیە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی رێکەوتنامەی حوزەیران سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، لەم بارەوە کۆنگرە جەختی لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی و کوردی کردەوە[2].

لە هەمان کاتدا حیزب بڕیاریدا شیوعییەکانی کوردستان بە شێوەیەکی فراوان بەشداری لە شۆڕشی کورد دا بکەن[3]، دوای حیزبی شیوعی توانی لیژنەی ناوەندی توانی رۆڵ و پێگەی خۆی بگەڕێنێتەوە و کادیر و لایەنگرە دڵشکاوەکانی هەولێر، بەشێکی زۆریان هاتنەوە ریزی حیزب و وازیان لە سەرکردایەتی ناوەندی هێنا[4].

پەیوەندییەکان بەمشێوەیە مانەوە تا کودەتای دووەمی بەعس.

---

(١) کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٤٦-٢٤٧.

(٢) جريدة طريق الشعب، ع: ٤٥، كانون الثانی، ١٩٦٨.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسیی(مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٤) دیدار لەگەڵ نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤، لە هەولێر.

# بەشی چوارەم:

## ڕەوشی سیاسیی هەولێر لە ماوەی ١٧-٣٠ تەموزی ١٩٦٨-١١ای ئازاری ١٩٧٠

باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای دووەمی بەعس (١٧-٣٠ تەمووزی ١٩٦٨).

باسی دووەم: هەڵوێست و سیاسەتی حکومەت و  لایەنگرانی لە شاری هەولێر

باسی سێیەم: شەڕەکانی سنوری لیوای هەولێر و ناوخۆی شارەکە لە ساڵی ١٩٦٩دا.

باسی چوارەم: ڕۆڵی هێزەکانی دەشتی هەولێر لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك.

باسی پێنجەم: هەولێر و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی لە دانوستاندا (ئابی ١٩٦٩-١١ای ئازاری ١٩٧٠)

## بەشی چوارەم: هەولێر لە سەردەمی دووەم حوکمڕانی بەعسدا (١٧-٣٠ تەموزی ١٩٦٨-١١ای ئازاری ١٩٧٠)

### باسی یەکەم : هەولێر و کودەتای دووەمی بەعس (١٧-٣٠ تەمووزی ١٩٦٨).

بەعسییەکان لە ماوەی دوورکەوتنەوەیان لە حوکمڕانی لە ماوەی (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣-١٧ای تەمووزی ١٩٦٨) کاریان لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی ریزەکانی خۆیان و ڕێکخستنەکانی هێزە پاڵپشتەکانی خۆیان لە ناو سوپا و لە کۆشکی کۆماری دەکرد، بۆ ئەوەی دووبارە بگەنەوە دەسەڵات، دواجار ئامانجەکەشیان بەدیهات[1].

لە لایەکی دیکەوە، چەند هۆکارێکی یارمەتیدەر هەبوون وەك: شڵەژانی بەردەوامی رەوشی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق، لاوازی هەژمونی عەبدولڕەحمان عارف لە ناو سوپادا، نەبوونی حیزبێکی سیاسیی پاڵپشت بۆ عارف، کێشەی شیعە لە خوارووی عێراق، بێ هیوایی ناسیۆنالیستانی عەرەب لە عارف، تەشەنەکردنی کێشەی عێراق و ئێران، پارچە پارچە بوونی سوپای عێراق کە بەشێکی زۆری لە کوردستان و بەشێکیشی لە ئوردن بوو؛ ئەم هەلومەرجانە بوونە زەمینەیەکی لەبار و حیزبی بەعس پەندیان لە یەکەم تاقیکردنەوەی حوکمڕانی خۆیان وەرگرت، ئەمجارەیان بە ئەزموونەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە بەرگێکی نوێوە هاتنەوە سەر شانۆی دەسەڵات، چونکە دەیانزانی شۆڕشی کورد هۆکارێکی گرنکی روخان و شکستهێنانی حکومەتەکانی رابوردوو بوو[2].

شیاوی باسکردنە پێش ئەوەی بەعسییەکان کودەتای دووەم ئەنجام بدەن، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ەوە، لە هەوڵێکی پەیوەندی کردنی سەرانی بەعس بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە، لە دانیشتنێکی دووقۆڵی نێوان ساڵح یوسفی (لێپرسراوی لقی پێنجی بەغدا و خاوەن رۆژنامەی برایەتی) لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر دا، نامەیەك بە عەبدولڕەحمان گۆمەشینی (کارگێڕی لق) بۆ بارزانی و مەکتەبی سیاسیی دەنێرن، بەکر داوای لە یوسفی کردبوو، بۆ هاتنە دەسەڵات هاوکاری بەعسییەکان بکەن و بەشدار بن، وەڵامی سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەوە بوو: هاتنە سەر دەسەڵات پەیوەستە بە مامەڵەی ئەوان بۆ پرسی کورد، چەند بەدەنگ داخوازییەکانمانەوە بێن، ئەوەندە هاوکاریان دەکەین[3].

دیارە سەرکردایەتی سیاسیی کورد، ئەزموونی پێشووی لەگەڵ بەڵێنی بەعسییەکان هەبوو، بەڵام هەماهەنگی رەتنەکردوەتەوە، دەکرێ ئەوە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، شۆڕشی کورد لەلایەك بێئاگا نەبووە لە بەهێزی جموجۆڵی بەعسییەکان، لە لایەکی دیکەوە لە لاوازی حکومەتی عارفی دووەم نادیدە نەبووە.

دوابەدوای ئەوەی لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی ١٧ای تەموزی ١٩٦٨ دا بەعسیەکان توانیان لە رێگای ڕێکخستنەکانیان لە ناو کەتیبەی زرێپۆشی هێزەکانی گاردی کۆماری لە جموجۆڵێکی سەربازی

---

(١) کاظم حبیب، لمحات من نضال حرکة التحرر الوطنی للشعب الکردي في کردستان العراق، دار اراس، اربیل، ٢٠٠٥، ص٥٠٣.

(٢) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢؛ سۆزان کەریم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

(٣) عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠-٢١.

کودەتاییدا، بە تەواوی ئابلۆقەی کۆشکی کۆماری بدەن و سەرکەوتوو بن[١] دوای ئەوەی کودەتاکە ئەنجامدرا، بە کودەتای سپی ناوزەند کرا[٢].

بەعسییەکان لە ١٧ای تەمووزی ١٩٦٨ چەندین بەیاننامەیان لەدوای یەکیان دەرکرد، لە بەیانی ژمارە ١ دا "بڕیاری لادان و خانەنشین کردنی سەرکۆمار فەریق عەبدولڕەحمان عارف" درا، هاوکات حکومەتەکەی تاهیر یەحیا هەڵوەشێنرایەوە و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش درا، بە بەیانی ژمارە ٢ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزرا و دەسەڵاتی باڵای پێدرا، بەیانی ژمارە ٣ بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ درا لە سەعات ٧ ی ئەو ڕۆژەوە، بەیانی ژمارە ٤ بڕیاری داخستنی بەندەرەکان و پەڕینەوە لە سنوورەکان و پەکخستنی هاتووچۆی هەموو ڕێگاکان بە هێڵی ئاسنینیشەوە درا، تەنها بۆ مەبەستی سەربازی نەبێ، ڕێگاکان کراوەیە[٣].

بۆ دڵنیاکردنەوەی گەلانی عێراق لە بەیانی ژمارە ٨ دا هاتبوو:**"شۆڕشە پیرۆزەکەتان شۆڕشێکی سپیە و دڵۆپێك خوێنی تێدا نارژێت و بەیانی زوو گەشتمان بۆ بەرێز عەبدولڕەحمان عارف ساز کرد و ڕەوانەی لای خێزانەکەمان کرد"**[٤].

دەکرێت بڵێین بەعسییەکان دەرکیان بەو ڕاستیانە کردبوو، لە نۆ مانگی ئەزموونی حوکمڕانیکردنی یەکەمیان بە ئاگر و ئاسن، گەلانی عێراقیانیان نیگەران کردبوو، ناوەڕۆکی بەیانی ژمارە ٨ یش هەر لەو سۆنگەیەوە بووە، جۆرێك لە ئومێد بگەڕێننەوە و بە بەرگێکی نوێوە خۆیان نمایش بکەن.

سەرکردایەتی نوێ تێکەڵەیەك بوو لە ڕەگەزی بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی لیوا ئەحمەد حەسەن بەکر و کۆمەڵێك ئەفسەر بە سەرۆکایەتی (عەقید عەبدولڕەزاق نایف)ی جێگری سەرۆکی هەواڵگری سەربازی، ئیدی دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی نوێی سەرکردایەتی شۆڕش[٥] بە بەیانی ژمارە ١١ دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەن ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرکۆماری نوێ هەڵبژێردرا و بە بەیانی ژمارە ١٩ ش لە ١٨ تەموزی ١٩٦٨ بە بڕیاری ئەنجوومەن حکومەتێك بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەزاق نایف پێکهات[٦] دوای ئەوەی بەکر داوای پێکهێنانی کابینەی نوێی لە نایف کرد[٧].

---

(١) ثورة ١٧تموز التجربة والافاق، التقرير السياسي الصادر عن المؤتمر القطري الثامن لحزب البعث العربي الاشتراكي-القطر العراقي كانون الثاني، بغداد، ١٩٧٤، ص٢٤.

(٢) لەبەر ئەوە بە کودەتای سپی ناوزەند کرا چونکە گاردی کۆماری بە فەرماندارێتی سەعدون غێدان دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان عارفی دەستگیر کرد، وەزارەتی نوێی بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەزاق نایف پێکهێنا، عارفی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد و خوێنی تێدا نەڕژا. بڕوانە: محمد حديد، مذكراتي الصراع من اجل الديموقراطية في العراق، دار الساقي، لبنان،٢٠٠٦، ص٤٨٥؛ لە نێو ئەدەبیاتی حیزبی بەعسیش دا بە شۆڕشی سپی ناوزەند کراوە، بڕوانە: ثورة ١٧ تموز التجربة والافاق، المصدر السابق، ص٢٨-٢٩.

(٣) بڕوانە: القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الاول، ص ص١١-١٨.

(٤) المصدر نفسه، ص١٧.

(٥) سعد ناجى جواد، المصدر السابق، ص١٤٤.

(٦) القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الاول، ص٢٤.

(٧) سعد ناجى جواد، المصدر السابق، ص١٤٤.

کاتێك کابینەی حکومەتی نوێی بە سەرۆکایەتی نایف پێکهێنرا، چوار کەسایەتی کوردی تێدابوو، هەریەك لە عەبدوڵلا نەقشبەندی بە وەزیری ئابووری (کەسێکی سەربەخۆ و بێلایەن) و مصلح نەقشبەندی بە وەزیری داد(لایەنگری حکومەتەکانی پێشوو) لەگەڵ دوو نوێنەری هەژمارکراو لەسەر شۆڕشی کورد بەشدارییان لە کابینەکەدا کرد، ئەوانیش دوو کەسایەتی شاری هەولێر بوون، هەریەك لە موحسین دزەیی بە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور (نوێنەری ناو شۆڕشی کورد) و ئیحسان شێرزاد وەزیری کار و نیشتەجێکردن (لەلایەنگرانی شۆڕشی کورد) بوو، دانران[١].

سەرۆك وەزیرانی نوێ لە ٢٠ی تەموزدا نامەیەك لە ڕێگای سالح یوسفی یەوە بۆ بارزانی دەنێرێت و داوای هاوکاری و هەماهەنگی دەکات بە ئومێدی چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکانی دۆزی نەتەوەی کورد[٢]، بەلاّم پێشهات و پەرەسەندنەکان خێرا بوون، کاتێك لە کاتژمێر ٣ی ئێوارەی ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ ژمارەیەك لە سەرانی بەعس هەڵسان بە دەستگیرکردنی عەبدولرەزاق نایف و دەرکردن و پاکتاوکردنی دارودەستەکەی[٣]، ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەحمەد حەسەن بەکر کاتژمێر ٨:٢٠ خولەك لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا وتارێکی لە ژێر ناوی بەیانی ژمارە ٢٧ خوێندەوە و تێیدا کۆتایی هاتن و لادانی حکومەتەکەی نایف و لادان و خانەنشینکردنی عەبدولڕەحمان ئەلداود لە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی نیشتمانی و ئەندامێتی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ڕاگەیاند، سەبارەت بە کورد لە بەشێکی بەیاننامەکە هاتبوو:**"ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیمانی بە خوا و گەلەکەمان داوە، کەوا ڕژێمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو بونیات بنێت...چارەسەری دۆزی کورد بە شێوەیەکی ئاشتی و دادوەرانە دەبێ و ئاواتە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانمان بێنێتە دی و یەکێتی نیشتمانی عێراق مسۆگەر بکات و هەنگاوی کردەکی دەنێین بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی یەکێتی عەرەبی ..."**[٤].

هاوکات بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٦٧ لە ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەرکرد، کەوا لە شۆڕشی کورد بەشدارییان کردبوو[٥].

دوای هەفتەیەك لە هەڵبژاردنی، بەڵێنی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردی دا، بە گوێرەی بەندی ١٢ی پرۆەکەی بەزاز و ماوەیەك دواتر هەندێك لە بەندەکانی ٦ بە کردنەوەی زانکۆی سلێمانی بەندەکانی ٩ و ١٠ی لێبووردنی گشتی بۆ هەلاّتووەکانی سوپا و پۆلیس و گەڕانەوەیان جێبەجێکرا[٦].

بەمشێوەیە بەعسییەکان، بە تەواوی کۆسپەکانی بەردەمی خۆیان ڕامالّی، بە بەیانی ژمارە ٣٢ لە ڕۆژی چوارشەممەی ٣١ی تەموزی ١٩٦٨ حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر پێکهات، وەکو

---

(١) القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الاول، ص٢٤. بڕوانە: پاشکۆ ژمارە(١٦).

(٢) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٠٩-٤١٠

(٣) ثورة ١٧تموز التجربة والأفاق، المصدر السابق، ص٢٦-٢٧.

(٤) بۆ درێژەی بەیانەکە بڕوانە: القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الاول، ص ص٢٨-٣١.

(٥) طارق جامباز، مراسيم وقرارات مجلس قيادة الثورة(١٩٦٨-٢٠٠٣) المتعلقة بكوردستان-العراق، الطبعة الثانية، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٣، ص٤.

(٦) ادمون غريب، المصدر السابق، ص٩٦.

حکومەتی پێشوو وەزیرانی کورد هەریەك لە موحسین دزەیی بە وەزیری کاروباری باکوور و ئیحسان شێرزاد بە وەزیری کارو نیشتەجێکردن تەها محیەدین مەعروف بە وەزیری دەوڵەت دامەزران[١].

ئەوەی دواییان بەرپرسێك بوو لەسەر پشکی باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت بوو، چەندین هەوڵدرا بۆ دوورخستنەوەی ناوبراو، لە سەرەتای مانگی ئابەوە کۆبوونەوەی دو قۆڵی و چەندقۆڵی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراقی بەسترا، تەنانەت ئیحسان شێرزاد و موحسین دزەیی لە ٢٢ی ئابی ١٩٦٨ سەردانی سەرکۆماریان کرد بۆ ئەو مەبەستە، سەرکۆمار سوێندی بۆ خواردن ئەو نیازی پاکە بۆ چارەسەری دۆزی کورد و داوای لێکردن دەستبەکار بن، هاوکات ئەوەیان بۆ روونکردەوە کە بارزانی لایەکی سەرەکی و پەیوەندیدارە بە چارەسەری و جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، موحسین دزەیی بە بەڵگە و ژمارەوە هاوکارییەکانی حکومەتی بۆ پڕچەککردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی بۆ خستەڕوو، هەرچەندە سەرکۆمار گوتی تەها محیەدین کەسێکی سەربەخۆیە، بەلاّم بەڵێنی دا چاو بە بابەتەکەدا بخشێنێتەوە[٢].

هەر لەدانیشتنەکەدا نوێنەرانی شۆڕش نیگەرانیان لەمەڕ کەمی رێژەی بەشداربووانی کورد خستەروو، هاوکات نەرمیان نواند و رەزامەندیان نیشاندا لەسەر مانەوەی وەزیرەکەی باڵی مەکتەبی سیاسیی، بەلاّم بەو مەرجەی دوو وەزیری دیکەی نوێنەری شۆڕشی کورد لە کابینەکە زیاد بکرێت، ئەو پێشنیارەش بێ ئاکام مایەوە[٣].

دوابەدوای ئەوەی کۆششەکان بە فیڕۆچوون، بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد نارەزایی خۆی نیشان بدات و حکومەتی سەرپشك کرد لە بەردەم دوو بژاردەدا: یان دوو وەزیرەکەی خۆی لە حکومەت دەکێشێتەوە، یان ئەو وەزیرە واز لە وەزارەت بێنێ، لە ئەنجامدا حکومەتی نوێ ئەوەی پەسەند کرد وەزیرەکەی باڵی مەکتەبی سیاسیی بمێنێتەوە و نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە وەزارەت کشانەوە[٤].

بەمشێوەیە هەردوو نوێنەری شۆڕشی کورد، هەریەك لە موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد لە ١٩ی ئەیلولی١٩٦٨ وازنامەی خۆیان پێشکەش سەرکۆمار و سەرۆك وەزیران کرد و لە کابینەکە دەستیان لەکار کشاندەوە[٥].

دیارە بەعس ویستوویەتی هەردوو باڵی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی رازی بکات لە یەك کاتدا، هاوکات مەرامی نەبوو کورد لە ناوخۆ نزیك ببنەوە، بەڵکو ئامانجی بوو کێشەکانی نێوانیان قوڵتر بکاتەوە و لەم قۆناغەدا بەسەر ململانێی ناوخۆی کورد زاڵ بێت و هاوکات خۆی لە شەڕی ناوخۆی وڵات دووربخاتەوە.

---

(١) بڕوانە: پاشکۆ ژمارە (١٧).

(٢) إحسان شيرزاد، المصدر السابق، ص ص٢٤٠-٢٤٥.

(٣) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٥) بۆ دەقی وازنامەکەی موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد بڕوانە: إحسان شيرزاد، المصدر السابق، ص ص٢٦٥-٢٦٧.

دیاره هاتنەوە سەردەسەڵاتی بەعسییەکان لە دوو کودەتای خێرادا، لە ناو گەلانی عێراق و لە دەرەوە، بە گڕوتینەوە پێشوازی لێنەکرا، بە هۆی یادەوەری پڕ ئازاری ئەزموونی حوکمڕانی پێشوویان، هاوکات خەڵك بە هۆی کودەتا یەك لەدوای یەکەکانی ئەو ماوەیە بێ متمانە ببوو، لە باشتربوونی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتدا[١].

سەبارەت بە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بە تەواوی چین و توێژەکانی دانیشتوانی شاری هەولێریشەوە، بە هاتنەوە سەر کاری حیزبی بەعس بۆ جاری دووەم خۆشبین نەبوون، بەڵکو بە هۆی ئەزموونی رابردووەوە لە چاوەڕوانی پێشهاتەکاندا نیگەران بوون، یادەوەریی تاڵ و خوێناوی حەرەس قەومییەکان و حوکمڕانی بەعسییەکان هێشتا لە بیری خەڵك مابوو، هەربۆیە کودەتاکە ئەگەرچی بە کودەتای سپی ناوزەند کرا، چونکە خوێنی تێدا نەرژا، بەڵام لای زۆربەی دانیشتوانی شارەکە نیگەرانی نائومێدی لێکەوتەوە بە شێوەیەکی گشتی ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر زۆربەی چین و توێژەکانی دانیشتوانی شارە کوردییەکان زاڵ بوو، بۆیە وەك پەرچەکردارێك ژمارەیەکی زۆری گەنج و پیاوانی کورد لەو ماوەیەدا پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردەوە کرد[٢].

لە لایەکی دیکەوە لە یەکەم رۆژی کودەتاکە، کۆمەڵێك لە گەنجانی شاری هەولێر و هەندێك لە هەوادارانی حیزبی شیوعی، خۆرسکانە گردبوونەوەیەکیان لە نزیك کۆتری سەلام ئەنجامدا، بەڵام زوو لەلایەن سوپا و پۆلیسەوە پەرش و بڵاوەی پێکرا[٣].

لەگەڵ ئەوەشدا کەمینەیەك هەبوون بە تایبەت ئەوانەی لە پێشتردا نزیکی حەرەس قەومییەکان بوون، یان بەشداربوون، ژمارەیەکیان دوای کودەتاکە کە دوای کۆتایی هاتنی حوکمڕانی یەکەمی بەعسییەکان بۆ کەرکوك و موسڵ رایان کردبوو، بۆ شارەکە گەڕانەوە، بەڵام بێئەوەی وەکو جاری پێشوو رۆڵ وەربگرن و بەشداری بکەن[٤].

لەگەڵ ئەوەی بەعسییەکان لە چەند مانگێکی بەرایی حوکمڕانیان، چەند هەنگاوێکیان لەمەڕ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد نا؛ بۆ نموونە لە ٣ی ئابی ١٩٦٨دا، بەیاننامەی ژمارە ٣٥ یان دەرکرد، بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد، پابەندی خۆیان بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دووپاتکردەوە بڕیاری جێبەجێکردنیان دا[٥]، بەڵام بێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن، کەوا میکانیزمێك بدۆزنەوە و کار بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بەیاننامەکە بکەن[٦].

---

(١) أوفرا بينغيو، كرد العراق – بناء دولة داخل دولة، ترجمة: عبدالرزاق عبدالله بوتاني، دار الساقي و دار آراس، اربيل، ٢٠١٤، ص ص٤١-٤٢.

(٢) فاتح رەسول، بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ لە کوردستان، چ: ٢، سلێمانی، ل٣٤٧؛ دیدار لەگەڵ رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر.

(٣) دیدار لەگەڵ موحسین رەشید ئاوارە، ٢٠١٥/١٠/٤ لە هەولێر.

(٤) دیدار لەگەڵ عەبدولهادی عەبدولڕەحمان سلێمان، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر

(٥) القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة، المصدر السابق، ص٣٧؛ الوقائع العراقية، ع: ١٦٠٤، ١٩٦٨/٨/١٢.

(٦) إحسان شيرزاد، المصدر السابق، ٢٣٥.

له بەیاننامەیەکی دیکەدا، له ٤ی ئاب بڕیاری ناردنه دەرەوەی خوێندکارانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و دامەزراندنی زانکۆیەك له شاری سلێمانی درا[١].

له ٦ی ئاب بەیانێك دەرچوو بەمەبەستی ئازادکردنی بەشێك له شیوعییەکان، هەروەها گۆڕینی ناوی هەندێ له قوتابخانه کوردییەکانی لیوای هەولێر و سلێمانی[٢].

شیاوی باسکردنه ڕەزامەندی دان و ڕەزامەندبوونی حکومەت له سەر هەندێ لەو بابەتانه، وەکو کردنەوەی زانکۆی سلێمانی، بۆ پەیوەندییە باشەکان و فشارەکانی ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر حکومەتی بەغدا دەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئەوان توانیبوویان شاری سلێمانی بکەنە بنکەی سەرەکی چالاکییە سیاسیی و سەربازییەکانی خۆیان[٣].

حکومەتی بەعس له ٥ی ئابی ١٩٦٩ بڕیاری ژمارە ٥٩ یان دەرکرد و سوربوون و پابەندبوونی خۆیان لەسەر جێبەجێکردنی بەیانی ٢٩ی حوزەیران دووپاتکردەوە و بڕیاری لێبوردنی گشتیان دا، بۆ بەشداربووانی ڕووداوەکانی باکوور بە سەربازی و مەدەنییەکانەوە[٤].

لەلایەکی ترەوە له ٢ی ئەیلولی ١٩٦٨ بە بڕیاری ژمارە ٣٠ بڕیاری دووبارە گەڕاندنەوەیان دەرکرد، بۆ هەموو ئەو فەرمانبەر و کرێکار و کارمەندانەی، له پیشەکانیان له سەر ڕاژەی وەزارەتی نەوت بوون و بە هۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی کوردەوە دەرکرابوون[٥].

جێگای باسکردنه ئەوانه ئەو هەنگاوانه نەبوون، لەلایەن گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسییەوە لێی چاوەڕوان دەکرا، حکومەتی بەعس نەیتوانی ئارەزووی ڕەگەزپەرستانەی خۆی و پەیڕەو و پڕۆگرام و ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی بشارێتەوە، کاتێك له ٢١ ی ئەیلولی ١٩٦٨ دەستوری کاتی ڕاگەیانرا، له مادەی ١ ی دەستورەکەدا بەروونی دەردەکەوێت کە تێیدا هاتووە:**"گەلی عێراق بەشێکن له نەتەوەی عەرەب"**، هاوکات ئەگەر سەیری تەواوی بەند و بڕگەکانی بکەین له کۆی ٩٥ مادەی داڕێژراودا، تەنها یەکجار ناوی کورد هاتووە، ئەویش له مادەی ٢١ کدا هاتووە:**"کورد و عەرەب له ماف و ئەرکدا، بەرانبەر یاسا یەکسانن"**[٦].

بۆ خاوکردنەوەی تووڕەیی کورد له بەرانبەر دەستورەکەدا، له ٢٣ی ئەیلولی ١٩٦٨ حکومەت بڕیاری دا ڕۆژی جەژنی نەورۆز (٢١ ئازار) بە جەژنی فەرمی کورد بناسێنێت و ئەو ڕۆژە بکرێتە پشووی فەرمی[٧]، له کاتێکدا له سەردەمی پێشوو ڕۆژی نەورۆز وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە ئاسایی بوو، بەڵام بە

---

(١) القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة، المصدر السابق، ص٥٩٤.

(٢) إحسان شيرزاد، المصدر السابق، ٢٣٨.

(٣) شكيب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٥٤.

(٤) نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٣.

(٥) طارق جمباز، مراسيم و قرارات...، ص٥.

(٦) بۆ دەق و مادەکانی دەستورەکە بڕوانە: الوقائع العراقية، ع: ١٦٢٥، ٢١ ايلول ١٩٦٨، ص٢٣.

(٧) دیدار لەگەڵ هەریەك له ئەحمەد شەریف ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١ له هەولێر؛ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ له هەولێر.

شێوەیەکی نهێنی چین و توێژەکانی شاری هەولێر ئاگریان دەکردەوە و بە تایبەتی قوتابیان نەدەچوونە قوتابخانە و جەژنەکەیان پیرۆز دەکرد[١].

لە راستیدا ئەو هەنگاوانە زیاتر بۆ هەڵمژینی چاوەڕوانی و بێزاری جەماوەری شارە کوردییەکان و دەستەمۆکردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی و رازیکردنیان بوو، بۆیە ئەو هەنگاوانە نەبوونە مایەی رەزامەندی و بەدیهێنانی مافە سەرەکی و رەواکانی شۆڕشی کورد، بەڵکو لە ماوەیەکی کورتدا، دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە حکومەتی نوێ نیگەران بوون و لە سەردەمی نوێ هیوا بڕاو بوون.

دوای ئەو هەنگاوانەی بەعس و خۆسەپاندنی، نوسەرێکی هەولێری بە شەوەزەنگ ناوی ئەو سەردەمە دەهێنێت و لە چەند بڕگەیەك دەنوسێت:**"لە مانگە بەراییەکانی دوای کودەتا ژیانی رۆژانەی ئاسایی گۆڕا، خەڵك لە قسە و دەربڕینەکانیان وشیار بوون و بە وریاییەوە دەدوان... زمانی سیاسەت و رۆژنامە و راگەیاندن گۆڕا...دەزگاکانی سیخوڕی و ئاسایش خۆیان خزاندە نێو جومگەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خەڵك ... کۆت و بەند لەسەر گەشت و هاتوچوون دانران، کەوتینە جیهانێکی داخراو"** هاوکات ئاماژە بە فەرمانی دەستگیرکردنی زەید ئەحمەد عوسمان دەکات، دوای جێهێشتنی بەغدا بەرەو هەولێر و پاشان لە چۆمان پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد[٢].

بەمشێوەیە حکومەتی بەعس وەکو حکومەتەکانی پێشوو، لەگەڵ ئەوەی بۆ جاری دووەم و بە ئەزموونەوە هاتنەوە سەر دەسەڵات، بەلاّم وەك دەردەکەوێت نەیانتوانی چارەسەری دۆزی کورد بکەن و دەستبەرداری شەڕ و سیاسەتی کاولکارانە بن و رەوشەکە بۆ چەندەمین جار بەرەو ئاڵۆزبوون هەنگاوی دەنا.

---

(١) الوقائع العراقية، ع: ١٦٣١، ١٩٦٨/٩/٣٠.

(٢) محمود احمد عثمان، المصدر السابق، ص ص١٦١-١٦٢.

## باسی دووەم: هەڵوێست و سیاسەتی حکومەت و لایەنگرانی لە شاری هەولێر

بەعسییەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، سەرەتا بەڵێنی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کوردیان دا و هەندێك ڕێککارییان ئەنجامدا، وەکو ئاماژەمان پێکرد، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی شۆڕشی کورد گومانی لە نیاز و مەرامی بەعسییەکان هەبوو، حکومەت لە هەوڵی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە دابوو، ئەو زەمینەیەش بە هۆی پەیوەندییە توندوتۆڵەکەی باڵی مەکتەبی سیاسیی و بەعس ڕەخسابوو، هاوکات ڕۆژنامەی (روناکی-النور)[1]ی دیدگا و ئۆرگانی باڵی مەکتەبی سیاسیی جگە لەوەی جەختی لەسەر خەباتی هاوبەشی گەلانی عێراق و دژایەتی بەردەوامی شەڕی نێوان کوردو عەرەب دەکردەوە و خوازیاری گەڕانەوەی ئارامی و ئاشتی بوو بۆ نیشتمان[2]، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام تۆمەتی کۆنەپەرستی و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی دەدایە پاڵ شۆڕشی کورد و تاوانباری دەکرد کەوا لەگەڵ پارتی دەسەڵاتدار ڕێکناکەوێ، تەنانەت لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٦٨ ڕۆژنامەکە رایگەیاند:"پارتی دەسەڵاتدار دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەنێت ... هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆ چارەسەریەکی ئاشتی و دادوەرانە و بە گیانی برایانە تێدەکۆشێ" لە هەمان کاتدا تۆمەتی شەڕو دوژمنایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراقی و حکومەتی نیشتمانی خستبووە ئەستۆی بارزانی و سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی کورد[3].

شیاوی ئاماژە پێکردنە ڕۆژنامەکە دەگەیشتە زۆربەی شارەکان و لە بازاڕ و کتێبخانەکانی شاری هەولێر و دەگەیشتە دەستی خوێنەران و ڕێژەیەکی کەمی دەفرۆشرا[4].

دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی ناو شارەکان، بە تەواوی کەوتنە هەماهەنگی لەگەڵ حیزبی بەعس، لە بەرانبەردا بەعسییەکان شەڕی کوردی پێدەکردن و بە داخەوە شەڕی کورد (دووباڵەکە) گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدارتر، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ شەڕ و کوشتاری فراوانی بەدواداهات، باڵی جیابووەوە بەو نیازە بوون، ببنە تاکە دەستە و قسەکەری فەرمی تا دەوڵەت دانوستانیان لەگەڵ بکات و بە نوێنەرایەتییان ڕازی بێت، حکومەتیش ئامانجی دووبەرەکی زیاتری نێوان کوردەکان بوو، بۆ ئەوەی دانوستان دەستپێبکات خۆی لە پێگەیەکی بەهێز ببینێتەوە[5].

لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ حکومەت ل بەیاننامەیەکدا کە لە ڕادیۆی بەغدا خوێنرایەوە، شۆڕشی کوردی بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم ناوزەند کردبوو، تۆمەتی دژایەتی کردنی ڕێگا چارەی ئاشتیانە و

---

(١) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسیی بوو، لەلایەن باڵی مەکتەبی سیاسیی دەرکراوە، حیلمی عەلی شەریف(١٩٢٠-١٩٩٦)خاوەنی بوو، بە عەرەبی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ دەرچووە، تا ٢٨ی ئازاری ١٩٧٠ بەردەوام بووە، کوردییەکەی دو ژمارەی لە ئایار و تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دەرچووە. بڕوانە ئازاد عوبێد، کاریگەری...، ل١١٢.

(٢) جريدة النور، ع: ٣٣، ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٨.

(٣) بڕوانە: جريدة النور، ع: ٣٤، ١٩ تشرين الثاني١٩٦٨؛ جريدة النور، ع: ٤٨، ٥ كانون الاول١٩٦٨؛ ادمون غريب، المصدر السابق، ص٩٦.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە : موحسین ڕەشید ئاوارە، ٢٠١٥/١٠/٤ لە هەولێر؛ عەلی جوکل ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

(٥) ادمون غريب، المصدر السابق، ص٩٨.

دەسەلأتدارانی عێراقی دابووە پاڵ، باڵی مەکتەبی سیاسیش راستەوخۆ پاڵپشتی تەواوی خۆیان بۆ بەیانەکە راگەیاند[1].

لە پەرچەکرداری سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەرانبەر بەیانەکە، جەختیان لەوە کردەوە هەڵوێستی ناواقیعیانەی دەسەلأتدارانی عێراق و پشت بەستنیان بە بەکرێگیراوان و شەرفرۆشان و دوژمنانی شۆڕشی کورد، سیاسەتێکی دۆڕاوە...زیاتر بارگرژی دەخولقێنێت و هەڕەشەیە بۆ هەلی ئاشتی و ئارامی لە ناوچە کوردییەکان و دانیشتوانی عێراقیش بە تەواوەتی، بە کورد و عەرەبەوە جارێکی تر دووچاری ئاستەنگ و کارەساتەکان دەکاتەوە، دەسەلأتداران بیانەوێت و نەیانەوێت، ئەو سیاسەتە بەرپرسە لە دروستکردنی کەشێکی نەرێنی وا ئاسانکاری بۆ تێوەگلانی پلانەکانی ئیمپریالیزمی بکات لە تەواوی رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا[2].

دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی نێوان سەرانی بەعس و کورد لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ حکومەت دەستی بە سیاسەتی گرتن و راگواستن و تۆقاندن کردەوە، لە ئاکام دا شەڕ دەستی پێکردەوە[3]، بۆ رۆژی دواتر رۆژنامەی (التاخی-برایەتی) کە ئۆرگانی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەلایەن حکومەتی بەعسەوە داخرا[4].

بارگرژی و پەیوەندییەکان بەرەو خراپتر هەنگاویان دەنا، تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٨ هیچ شەڕێکی وا لە نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و هێزەکانی سوپای حکومەت رووی نەدا، بەڵکو پێکدادانەکان زۆرتر لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت بوو[5].

بەشێکی زۆری پێکدادانەکان لە ناو شاری هەولێر و لە سنووری لیواکەدا، لە بەرانبەر یەکتر ئەنجام دەدرا، حکومەتی عێراقیش بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە و نانەوەی دووبەرەکی زیاتر و لاوازکردنی شۆڕشی کورد چەند رێککارییەکی ئەنجامدا لەوانە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی دەسەلأتدار لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٦٨ سەرهەنگ محەمەدەمین فەرەج[6]ی لەسەر پشکی باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت بە پارێزگاری هەولێر دامەزراند[7].

---

(١) ادمون غريب، المصدر السابق، ص٩٧.

(٢) المصدر نفسه، ص ص٩٧-٩٨.

(٣) علي سنجاري، القضية الكردية و...، ص١٥٣.

(٤) جبار جباری، تاريخ الصحافة في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ص٦٤.

(٥) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٦) محەمەدەمین فەرەج خەڵکی شاری سلێمانی بوو. ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراقی بوو بە پلەی (نقیب) لە بەراییەوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کرد، پاشان ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی جیاخواز چووە ئێران، دووبارە لەگەڵیان گەڕایەوە بۆ نێو ریزەکانی شۆڕش، پاشان لە ١٩٦٦ لەگەڵ جیاخوازان پەیوەندی بە رژێم کردەوە، ساڵی ١٩٦٨-١٩٧٠ کرایە پارێزگاری هەولێر. بڕوانە: محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٢٠٦.

(٧) شكيب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٥٤.

جێگای ئاماژە پێکردنە پارێزگاری نوێ کەسێکی توندوتیژ بوو، دژی هەر کەسێك دەوەستایەوە و ڕێککاری بەرانبەر دەکرد، ئەگەر گومانی هەبوایە هاوسۆزە لەگەڵ شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی، تەنانەت خودی خۆی هەندێك جار بەشداری هەڵمەتەکانی سوپای عێراقی کردووە بۆسەر ئەو گوند و شوێنانەی گومانی بوونی پێشمەرگەی لێکراوە[1].

دیارە ناوبراو یەکێك بوو لە سەرسەختترین نەیارانی بارزانی و دامەزراندنی بە پارێزگاری هەولێر لەلایەن حیزبی بەعسەوە بۆ نیگەران کردنی بارزانی و شۆڕشی کورد بوو، سەرەتایەکیش بوو بۆ هەنگاوناون بەرەو شەڕوکوشتار، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی ئەو بە پارێزگار، لە سەرەتاکانی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٨یش راگای روکن (تەها شەکرچی) بە فەرماندەی فیرقەی یەکی شاری هەولیر دامەزرا، ناوبراو بە یەکێك لە نەیار و دوژمنە سەرسەختەکانی کورد دەژمێردرا و خەڵکی پارێزگاکە یادەوەرییێکی تاڵیان لەگەڵ ناوبراودا هەبوو[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ بۆچوونی بەرانبەر ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا محەمەدەمین فەرەجی پارێزگار لە شاری هەولێر و ڕێگای ئەوەی نەداوە بەعسییەکان ڕۆڵی بەرچاو ببینن لە ناو شارەکەدا و تەنانەت نەیهێشتووە بەعسییەکان بنکە و بارەگاکانیان لە شاری هەولێر بکەنەوە[3].

جێگای باسە لەگەڵ بوونی باڵی مەکتەبی سیاسیی ناو شارەکان بە هەمان ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە بلاۆکراوەکانیشیان هەمیشە خۆیان بە نوێنەری دۆزی کورد زانیوە و لایەنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی شاخیان بە چەندین شێواز تۆمەتبار کردووە، بەڵام وا پێدەچێت بەعسییەکان متمانەی تەواویان بە پارێزگار هەبووبێت و بەدەمڕاست و داردەست و جێبەجێکەری ئامانجەکانی خۆیان زانیبێ لە شارەکەدا، لەبەر ئەوە بووە جۆرێك لە ئازادیان پێبەخشیوە و دەستکراوەیان کردووە، چونکە خۆی وەکو فەرمانبەرێکی پلە یەکی کارگێڕی شارەکە، پۆست و دەسەلاتی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پێدراوە، چۆن توانای ئەوەی دەبێت ڕێنوینی و ڕێنماییەکانی سەرووی خۆی پشتگوێ بخات یاخود ببێتە بەربەست لە بەردەم فەرمانەکانیان.

جێگای باسە باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت ڕۆڵیان هەبووە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەعس بۆ دامەزراندنی چەندین قوتابی کورد بۆ کۆلیژە سەربازییەکان و کۆلیژی پۆلیس ئەوانەی هەولێر کە لەسەر پشکی باڵەکە وەرگیران هەریەك لە: جەلال قادر عەزیز و عەزیز ئەنوەر جۆخین و تەحسین ڕەئوف بوون دواتر وەکو ئەفسەر لە خولەکان دەرچوون و ڕۆڵیان بینی[4]، هاوکات لەناو شاری

---

(١) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص١٨٢.

(٢) هەر لەو مانگەدا وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری گواستنەوەی پارێزگاری سلێمانی (بایز دزەیی) دا بۆ پۆستی پشکنەری کارگێڕی لە وەزارەتی ناوخۆ، کە ناوبراو کەسێکی میانڕەو و ئارەزووی ڕێگا چارەی ئاشتیانەی هەبوو، پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد بەهێزبوو. بڕوانە: شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٥٤.

(٣) دیدارلەگەڵ هەریەك لە حەمید حوسێن ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٢ لە هەولێر؛ کەمال محیەدین ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر؛ عبدالستار تاهر شریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ١٩٣٥-١٩٧١، ب: ١، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل١١٨.

(٤) دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر.

هەولێر، لیژنەیەکیان پێکهێنابوو بۆ گۆڕینی تابلۆی سەر شوێن و دوکانەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، بەوەش لەناو شارەکە هەست بە جوڵەیەکی رۆشنبیری دەکرا، چونکە تا ئەو کاتە نووسین بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا بوونی نەبوو، ئەوەش زیاتر ببووە مایەی خۆشحاڵی بەشێك لە خەڵکی شارەکە[١]، چونکە بەشەکەی تر پێیان وابوو ئەو هەنگاوانە زۆر سەرەتایین و ناچنە خانەی مافە بنەڕەتی و داخوازییە رەواکانی کورد و تەنها پلانی حکومەتە بۆ کپکردنەوە و سڕکردنی هەستی شۆڕشگێڕی رۆشنبیر و گەنجانی شارەکە و نوێنەری راستەقینەی کورد لە شاخەکان خەبات دژی حکومەت دەکات[٢].

حکومەتی بەعس لە شاری هەولێر بەپێی رێککەوتنی نێوانیان، لە رووی تەکتیکییەوە نەخشەیەکی درێژخایەنی بۆ باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری خۆیان دیاریکردبوو، لەوانە بە پارە و چەك و تەقەمەنی و ئازوقە و موچەی نهێنیی ١٤ دیناریان بۆ هەر چەکدارێك بڕیبۆوە، هاوکات لە هەموو ناوچە و شوێنێك بۆ لێدانی شۆڕشی کورد لە شاخ دەست واڵا کرابوون، لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر دا، بەشداریان پێکردبوون و لە پاڵ بەعس حوکمڕان بوون، هەروەها رێگایان بە دامەزراندنی چەندین بنکە و بارەگای سیاسیی و چەکداری دابوون لە شارەکان، هاوکات رەزامەندیان بە دەرکردنی گۆڤارەکانی بەیان و رزگاری رۆژنامەی هاوکاری پێدرابوو[٣].

شیاوی ئاماژەیە دوژمنایەتی ناوخۆ گەیشتبووە ئەو رادەیەی، زۆرتر ئەو بارەگایانە ببوونە شوێنی ئازاردانی دۆست و لایەنگرانی بارزانی و شۆڕشی کورد، بۆیە هەمیشە بارەگا و کولانەکان ببوونە ئامانجی پێشمەرگەکانی ناو شار، لە شەوی ١٩/١٨ی ئەیلولی ١٩٦٨ دەستەیەك پێشمەرگە بە رۆکێت و شەست تیر پەلاماری بارەگای گەڕەکی سەیداوەیان دا، لە ئەنجامدا کوژراو و برینداری لێکەوتەوە و یەکێکیان بە دیل گیرا[٤].

جێگەی ئاماژەیە لە شاری هەولێر جگە لە بارەگاکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، پارێزگار لە ناو ماڵی خۆیدا شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدانی بۆ هاوسۆز و لایەنگر و ئەندامانی پارتی دانا بوو، بە شێوازێکی نەشیاو ئازاری دەدان، تەنانەت بە دەستی خۆی ٦ پێشمەرگەی پارتی کوشت، هاوکات ئەوانەی ئەندامانی پارتی بوون هەریەك لە: عەزیز شێخ رەزا و شاخەوان نامیق و دارەوان نامیق و جەمال عەلەمدار لە هەولێر بەردەوام تەنگیان پێ هەڵچنرابوو[٥].

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: حەمید حوسێن رۆژی ٢٠١٣/١١/٢٢ لە هەولێر؛ کەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر؛ ئەحمەد شەریف رۆژی ٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر؛ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود رۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ لە هەولێر.

(٢) زیاتر لە دیدرێك ئەوە دووپاتکراوەیە، کە هەندێکیان لە هەولێر لەگەڵ باڵەکەش بوون، بەڵام کەسەکان نەیانویست ناویان بهێنرێت، گۆڕینی ناوی تابلۆی دوکان و شوێنەکان لە ناو شارەکەدا، لە هەندێك ناوەندی جەماوەرییدا ببووە تەنزی گاڵتە ئامێز و پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد و دەگوترا: حوکمی زاتیمان وەرگرتووە (خیاطة) بووە بە (بەرگدروو).

(٣) بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٤٣-٢٤٤.

(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ١٦، تشرینی دووەمی ١٩٦٨، ل٧.

(٥) کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی رووداو، بەرنامەیەك لەگەڵ جەمال عەلەمدار، رۆژی ٢٠١٤/٣/٢٢ کاتژمێر ١١,٥.

**هەر بۆیە لەلایەن دەستە و مەفرەزەکانی پێشمەرگەی ناوخۆ و دەشتی هەولێر زۆر جار دەبوونە نیشان و ئامانجی پێکان، لە شەوی ٦/٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ هێزی دەشتی هەولێر بارەگای نوستنی محەمەدەمین فەرەجیان لە هەولێر تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا ئەفسەرێك و ٨ سەرباز کوژران و ئەفسەرێك و پێنج سەربازی تریش بریندار بوون، هاوکات زیانی مادیش ٤ ئۆتۆمبێل سوتا[١].**

**جێگای باسە جگە لە پارێزگار بەرپرسانی دیکەی باڵەکە لەو ماوەیەدا هەریەك لە: عەبدوڵا ئیسماعیل ی ئەندامی سەرکردایەتی بەرپرسی هەولێری باڵی مەکتەبی سیاسیی و جێگرەکەی شێخ لەتیف سادق لە هەولێر، مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ئەوانە دەکرد کەوا هەوادار و لایەنگری بارزانی و شۆڕش بوون، زۆر جار کەسانی بێلایەنیش دەبوونە قوربانی و سوتەمەنی ئەو بارودۆخە، ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە لە بلاوکراوەکانی پارتی بەزەقی ڕەنگدانەوەی هەیە؛ بۆ نموونە لە گۆڤاری سەفین کەوا لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری کردووە، لە هەڵبەستێکی بارزان مەلا خالید مورتکەیی بە ناوی محەمەدەمین فەرەج لە دێرێکیدا هاتووە:**

**" هاتوومە هەولێر ببم بەشاردار ... هەر من شاردار بم هەرمنیش سەردار**
**بگرم بکوژم کێ بڵێ کـــــوردم ...لە کورد مەشهورە کەمن نەبـــــــەردم..."[٢].**

**تەنانەت هەڵمەتی دەستگیرکردنی لایەنگر و دۆست و هەوادارانی شۆڕشی کورد، هەموو چین و توێژەکانی گرتبۆوە، بە زانا ئاینییەکانیشەوە، لەوانە مەلا خالید مورتکەیی (١٩١٠-١٩٨١) کە زانایەکی کۆمەلایەتی و ئاینی هەولێر بوو، یەکێك بوو لەوانەی مێژوویەکی درێژی کوردانە و هەڵوێستی نەتەوەیی هەبوو، لەسەر شیعری کوڕەکەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩ لە بارەگای باڵی مەکتەبی سیاسیی لە تەنیشت بالەخانەی پارێزگا (لە فولکەی شێخ مەحمودی ئێستا) بە فەرمانی پارێزگار دەستگیرکرا و بەند کرا، پاشان بەهۆی هەوڵەکانی ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی و پەیوەندی کردنی بە سەعدون غێدان[٣] ئازاد کرا[٤].**

**جێگای ئاماژە پێکردنە وەك لە پێشوو ئاماژەمان پێکرد، لەو ماوەیەدا هەندێك سەرۆك هۆزی بە رووکەش لایەنگری حکومەت هەبوون، بەلام خزمەتێکی گەورەیان بە شۆڕش دەکرد، لە ناو شاری هەولێر بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول بە تایبەتی دوای کەرتبوونی پارتی و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی و**

---

**(١) دەنگی پێشمەرگە، ژ: ١٨، مارت ١٩٦٩، ل١١.**

**(٢) گۆڤاری سەفین، ژ:١٤، ساڵی ٣، کانونی دووەمی ١٩٦٩.**

**(٣) ساڵی ١٩٣٠ لە رومادی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٣ لە کۆلیژی سەربازی دەرچووە، رۆڵی گەورەی هەبووە لە هەردوو کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣، ساڵی ١٩٦٧ بە فەرماندەی کەتیبەی زریپۆشەکانی گاردی کۆماری دامەزرا، رۆڵی گەورەی بینی لە کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨دا و کرایە وەزیری ناوخۆ و ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دووایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جعفر الحسيني، العراق في حافة الهاوية ١٩٦٨-٢٠٠٠، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣، ص٦٢.**

**(٤) دیدار لەگەڵ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.**

بەرتەنگ بوونەوەی چالاکی شۆڕش لە ناو شار، ماڵی ئەسعەدی فەتاح ئاغای سەرۆك هۆزی هەرکی، هاوکاری بێ سنووری پێشمەرگە و شۆڕشیان دەکرد[(١)]، هاوکارییەکان چەند لایەنێکی دەگرتەوە لەوانە:

١- زۆربەی هەرە زۆری ئەو پێشمەرگانەی بریندار دەبوون لە هێزی دەشتی هەولێر یان هێزی سەفین، ئەگەر برینەکەیان ترسناك بووایە و لە توانای شۆڕش نەبوایە بۆ چارەسەرکردن، بۆ لای ئەسعەد ئاغا دەنێردرا و ناوبراو لەسەر خەرجی خۆی ئەگەر لە ناوەوەی هەولێر چارەسەری بۆ نەکرابووا، رەوانەی شارەکانی تری عێراقی دەکرد[(٢)].

٢- لەو ماوەیەدا هەر هێرشێکی حکومەت بۆ سەر هێزەکانی دەشتی هەولێر و هێزی سەفین هەبووایە، شەو و رۆژێك پێش ئەنجامدانی هێرشەکە تەواوی وردەکاری بەرەکانی شەڕ بۆ دەناردن، تەنانەت زۆرجار لە بەرەی شەڕ بە ئەنقەست خۆیان دەشکاند و ئازوقە و چەك و تەقەمەنیشیان جێدەهێشت[(٣)].

٣- شۆڕشی کورد بە جۆرێك متمانەی بەو خانەوادەیە هەبوو، ئەو پێشمەرگانەی لە ناو شاری هەولێر چالاکییان ئەنجام دەدا، ئەوان ئاگادار دەکرانەوە و پێداویستییان بۆ فەراهەم دەکردن، ماڵەکەیان ببووە شوێنی دالّدەدان و حەواندنەوەی پێشمەرگەکانی ناوخۆ و هاوکات چەندین جار لە ناو شاردا، بە ئۆتۆمبێلی خۆیان زوو بە فریای بریندارەکان دەکەوتن و رێگایان نەدەدا بکەونە ژێردەستی حکومەت[(٤)].

٤- ژێر زەمینی ماڵی ئەسعەد ئاغا تا رێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ببووە جێگای چالاکی و رێکخستنەکانی ناوچەی هەولێری پارتی، تەنانەت لەو ماوەیەدا مۆری ناوچە و دەزگای چاپەمەنی ناوچەی پارتی لەوێ بوو، ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەهێزی رێکخستنەکانی پارتی لە شارەکە و جموجۆڵی بەردەوام و ئاگاداربوونی دانیشتوانەکەی لە دەنگ و باسی شۆڕش[(٥)].

جگە لەوانەش لەگەڵ ئەوەی هەندێ سەرۆك هۆزی دیکەی چەکداری سەر بەحکومەت لە سنووری لیواکەدا هەبوون، بە فەرمی لە لایەن حکومەتەوە بە پالّپشت و لایەنگر تۆمارکرابوون، بەلاّم بەگوێرەی توانای خۆیان و بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری شۆڕش بوون یان چاوپۆشییان لە خراپەکاری دەکرد و زیانییان بۆ شۆڕش نەبوو، لەوانە: عوسمان قادر بەگ میران سەرۆك هۆزی خۆشناو و شێخ زەیتۆ و براکەی دارۆجان سەید تەها ی سەرۆك هۆزی موهاجرین و چەندانی تر،

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ تۆفیق شێخ مستەفا رۆژی ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر.

(٢) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩.

(٤) دیدار لەگەڵ مەحمود ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی رۆژی ٢٠١٣/٥/٧ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ لە دایك بووە، لە جێگای باوکی سەرۆك تیرەی هۆزەکەی خۆیانە و لە هەولێر دەژیت.

(٥) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩؛ دیدار لەگەڵ لە محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام.

سەرەڕای ئەوەش بەشێکی زۆری ئاغاکانی ناو شار کە هەڵوێستی نەتەوەییان بەتین بوو، بە روکەش لە ناو حکومەت بوون و هەندێکیان پلە و پایەی کارگێڕیان هەبوو، بەڵام خراپەکار نەبوون[1].

(1) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

## باسی سێیەم: شەڕەکانی سنووری لیوای هەولێر و ناوخۆی شارەکە لە ساڵی ١٩٦٩دا.

دوابەدوای ئەوەی رژێمی بەعس جەنگێکی قورسی بەسەر کوردستان سەپاند، کە تەواوی کوردستانی گرتەوە لەو شاڵاوەدا شەڕی توند لە دەشتەکانی هەولێر و کەرکوك روویاندا[١].

لە دەشتی هەولێر شەڕێکی توند و خوێناوی لە نێوان پێشمەرگە لەلایەك و حکومەتی عێراقی و هۆزە چەکدارە خۆفرۆشەکان (جاشەکان) و چەکدارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت لەلایەکی ترەوە بوو، پێشمەرگە لەو ماوەیەدا چەندین پێکدادان و شەڕی دەستەویەخە و چالاکییەکانی خۆی لە سنووری لیواکە و هەندێ جاریش دەهاتە ناوجەرگەی شارەکە و ئەنجامی دەدا، لە فایلێکی هەواڵگری سەربازی و نهێنی کە رۆژانە چاودێری جموجۆڵەکانی پێشمەرگە کراوە و بەمشێوەیە بارودۆخەکە لە سنووری هەولێر و دەوروبەری وێنا کراوە.

لە نوسراوێکی تایبەت و نهێنی بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی شوعبەی دوو لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٩دا لە بڕگەکانی (ب) دا هاتووە:" **لە شەوی ٥-٦/١/١٩٦٩ چەتەکان بۆماوەی ١٠ خولەك تەقەیان لە رەبایەکانی کۆیە کرد**" لە بڕگەی (ج) یش هاتووە:"**کاتژمێر ٢٠:١٥ خولەکی رۆژی ١/٥اتا کاتژمێر ٢٢:٠٠ چەتەکان بنکەی پۆلیسی مەخمور و پرۆژەی کارەبایان گوللە باران کرد هەرچەندە زیانمان نەبوو، بەڵام زانیومانە یاخیبووەکان تا ئێستا لە چیای قەرەچوغی نزیك مەخموور ماونەوە و بوونیان هەیە**" لە بڕگەی (د) هاتووە:" **رۆژی ٦/١/١٩٦٩ چەتەکان تەقەیان لە رەبیەی رێگای بیستانە (٢٨٥٩)ی هەولێر کرد، رەبیەکە بەرپەچی دانەوە و زیانمان نەبوو**"[٢].

وەکو دیارە حکومەت بەردەوام چاودێری وردی پێشمەرگەی کردووە و نەیتوانیوە بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی سنووری لیوای هەولێر بکات، هاوکات هەمیشە ترسیان هەبووە، دەکرێ بڵێین سنووری دەوروبەری شاری هەولێر ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە.

هاوکات بە گوێرەی زانیاری هەمان بەڵگەنامە پێشمەرگە نیازی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوکی هەیە، لەلایەن هەواڵگری سەربازییەوە هۆشداری دراوەتە سەرووی خۆیان، کەوا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك و ناوچەی دەشتی هەولێر و سەربەشاخ و سارەلو (ناوچەی کەندێناوە) لە مەترسی دایە، چونکە ئەو ناوچانە ئارام نین و بەردەوام لەوێ دەستدرێژی کراوەتە سەر سەربازان و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە کە رۆژانە هاتووچۆی نێوان کەرکوك-هەولێر دەکەن، بەمشێوەیە بێت یەکە سوپاییەکان بەسەر ناوچەکە زاڵ نابن، لە ساڵی ١٩٦٣ەوە عەشیرەتی (الصایح) ی سەر بە حواس الصدید، پاسەوانی بیرە نەوتەکان و تۆڕی بۆرییەکانی نەوت و گاز دەکەن، بۆیە پێشنیار کراوە دووبارە ئەو پشتێنەیە توندوتۆڵ بکرێت کە

---

(١) حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢١٢.

(٢) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصی، تقرير خاص، ٧كانون الثانی ١٩٦٩، ص١.

لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێ و هاوکات فەوجێکی تایبەتی بۆ دابنرێ لەگەڵ دابینکردنی هێلیکۆپتەر بۆ ئەوەی بتوانین لەو شوێنانە بە خێرایی زاڵ بین[1].

بە گوێرەی نوسراوێکی تری سەرۆکایەتی سوپاسالار وەك راپۆرتی رۆژانەی ئەفسەری ئێشکگری هەواڵگری سەربازی بۆ سکرتێری وەزیر لە ٣ی شوباتی ١٩٦٩ بەرزکراوەتەوە، لە بڕگە (ب) نوسراوە: **"کۆمەڵ کەسێکی نەناسراو تەقەیان لە ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری پۆلیس کرد لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلەکە و شۆفێرەکەی پێکا"** هەروەها لە بڕگەی (هـ) هاتووە: **" هەندێ لە مەلاییەکان رۆژی ٢ی شوبات لە گوندی حەسارۆك (٧١٠٨)ی هەولێر/١ ١٠٠٠٠٠بینراون، پێدەچێ کاری تێکدەرانە و خافڵکوژی لە چەند رۆژی داهاتوودا لە ناو شاری هەولێر ئەنجام بدەن"**. لە بڕگەی (و)ی هەمان نوسراو هاتووە: **"چەتەکان هێرشیان بردە سەر بنکەی پۆلیسی سەیداوە لە ناو شاری هەولێر دوای وەشاندنی رۆکێتێکی دەستی (قاذفة) بە چڕی بنکەکەیان گوللە باران کرد هیچ زیانێکی نەبوو"**[2].

لە راستیدا هەمیشە هەواڵگری سەربازی بە دیقەتەوە چاودێری جموجۆڵی پێشمەرگە و شۆڕشیان کردووە، هەمیشە ترس و دڵەڕاوکێیان هەبووە، وەك لە تەواوی بەڵگەنامەکان دەرکەوتووە، زۆرترین چالاکی پێشمەرگە لە شاری هەولێر و یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە شارەکە ئەنجامدراوە.

پێدەچێت لەو ماوەیەدا دەزگاکانی پاراستن و هەواڵگری شۆڕشی کوردیش رۆڵیان بینینێ، چونکە بۆ لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك هەوڵیان داوە زانیاری وا بڵاوبکەنەوە و سوپا سەرقاڵی دەشتی هەولێر بکەن[3].

یەکێك لەو شەڕانەی سنووری لیوای هەولێر لەو ماوەیەدا لە ٢١ی شوباتی ١٩٦٩ لە گوندی شاخۆلان روویدا و دەنگدانەوەیەکی گەورەی جەماوەری لەناو کوردستان لێکەوتەوە، وەکو داستانێك ببووە وێردی سەر زمانی هەموو کەسێك و لە کۆڕو کۆبوونەوە و بازاڕ باس دەکرا، شەڕی شاخۆلان بوو[4].

سەید کاکە رووداوەکە بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەنوسێت:**"کاتێ محەمەدەمین فەرەج پارێزگاری هەولێر بوو، شێخ لەتیفیش بەرپرسی باڵی مەکتەبی سیاسی[5]بوو لە هەولێر، هێزەکی ئەوان بەرەو گوندی ئیفراز دەچوو، گوێیان لێدەبێ کە ٢ پێشمەرگە بە ئیجازە هاتوونەتەوە، یەکسەر هێرش دەکەنە سەر گوندەکە تا ئێوارە دەبێتە شەڕ، هێزەکی یەکجار زۆر لە جاش و سەرباز و چەکدارەکانی باڵەکە دەگەنە هانایان، ئیدی ئەو شەوە تا بەیانی شەڕ بەردەوام دەبێت، پێشمەرگە قارەمانەکان ٤٠ جاش و سەرباز و چەکدارانی باڵەکە دەکوژن، تا رۆژی دوایی دەبابە و زرێپۆش دێنن و بە تۆپ خانوەکە**

---

(١) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، تقرير خاص، ٧كانون الثانى ١٩٦٩، ص ص٢-٤.

(٢)د.ك.و، رئاسة اركان الجيش، دائرة الأركان العامة، مديرية الاستخبارات العسكرية، سري للغاية، الموضوع: التقرير اليومي لضابط خفر الاستخبارات العسكرية ليوم ١٩٦٩/٢/٣.

(٣) لە باسی دواتر باسی رۆڵی هێزی دەشتی هەولێر لە لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك دەکەین و ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ل٧-٨.

(٥) لەو دەقە و لە هەندێ دەقی دیکە دا، دەستەواژەی (جەلالی) بۆ باڵەکە بەکارهاتووە، هاوکات بۆ باڵی بارزانی(مەلایی) بەکارهاتووە، بە پێویست نەزانرا بەکاربێت.

**دەسوتێنن و هەردوو پێشمەرگەکە شەهید دەکەن کە ناویان (خەلیل) و (سەید فەتحی)[1] بوو، ئنجا شۆڕش بە ناچاری و بە توندی دەستی کردە لێدانی باڵی مەکتەبی سیاسی ناو حکومەت و جاشەکانی رژێم، بۆ ئەم مەبەستە فارس باوە هێزێکی پێکهێناو ناردیە سەر ناحیەی قوشتەپە، بەلاّم سەرنەکەوتن پێشمەرگەیەکیش بە ناوی (جەمیل حەمەد) شەهید بوو"[2].**

لە بلاّوکراوەی دەنگی پێشمەرگە رووداوەکە بەمشێوەیە هاتووە:**"بە پیلانی محەمەدەمین فەرەج و تەها شەکرچی بەدکار رەوە جاشێك و جەیش بە پشتیوانی تانك و فرۆکە پەلاماری دێی شاخۆڵان یاندا لە ناوچەی بەرانەتی لەو کاتەشدا ٣ پێشمەرگەی ئیجازەدراو لەناو ئەو دێیە بوون و داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێکرا، بەلاّم هەرسێکیان بڕیاریاندا خۆنەدەن بەدەستەوە و تا دواهەناسەی ژیانیان بجەنگن، دوای شەڕێکی ٢٤ سەعاتی هەرسێکیان شەهید کران بەروخانی خانیەکە بە سەریاندا و ژنێکیش بریندار کراو ٥ فەلاحی دێیەکەش گیرا"** هاوکات ئاماژەی بە زیانەکانی حکومەت کردووە، کەوا ئەفسەرێك و چوار سەرباز و دوو چەکداری باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت بە ناوەکانی عەزە گورگە و عومەر سۆفی، لەگەڵ بریندار بوونی چوار کەسی تر لە سوپا و چەکدارانی تر"[3].

دیارەی ژمارەی دووەم بۆ کوژراوانی حکومەت زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە لە لایەك بلاّوکراوەی دەنگی پێشمەرگە بووە و ناوەکانیشی هێناوە، لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگەکان بە مۆڵەت گەڕاونەتەوە و پێناچێت بەشی ئەو رێژەیە ئازوخە و تەقەمەنییان لابوبێت.

ئیتر ئەو رووداوە دەنگدانەوەی زۆری لە کوردستان لێکەوتەوە تەنانەت لاوك بێژی میللی محەمەد گۆران نەوار و لاوکێکی خەمناکی تایبەتی بۆ ئەو رووداوە هۆنیەوە[4]، لە ناو هەولێریش لاوکەکە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، تەنانەت دوای تۆمارکردنی لە دوای رێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ خەڵك بە تاسەوە گوێی بۆ رادەدێرا و ماوەیێکی زۆر دواتریش لاوکی شاخۆڕان ببووە هێمای بەرخۆدانی پێشمەرگە و وەك داستانێك بۆ پاڵەوانی پێشمەرگە باسی دەکرا[5].

لە تۆڵەی شەڕی شاخۆڵان دوای ماوەیەك پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بە فەرماندارێتی فارس باوە و بە هاوکاری تۆپخانەی هێزی دەشتی هەولێر دوای تۆپبارانکردنی سەربازگەی هەولێر بە سەرپەرشتی سمکۆ عەلی و عەریف ئەبوزێد، فەرماندەی هێز بە بەشداریکردنی فەرماندەی بەتالیۆنەکان

---

(١) ناوی تەواوی ئەو دوو پێشمەرگەیە خەلیل ئەمین (١٩٤٠_١٩٦٨) و سەید فەتحی سەید مەحمود (١٩٤٦-١٩٦٨) بوو، بڕوانە: ئەسعەد عەدۆ، ئەیلول و رەنگدانەوەی لە هونەری میللی کوردی دا، گۆڤاری کادیر، ژ: ٢٩، ئەیلولی ١٩٩٢، ل١٢٣.

(٢) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(٣) دەنگی پێشمەرگە، ژ: ١٨، مارت ١٩٦٩، ل١٢.

(٤) بۆ گوێگرتن لە لاوکەکە لە ئینتەرنێت بڕۆ سەر ئەم لینکە لە یوتیوب: https://www.youtube.com/watch?v=rFNECI38cCk

(٥) لاوکەکە بەمشێوەیە بوو: وایلۆ وایلۆ بەریٚ حەیفێ من دەمینیٚ ڕێگا قوەتیٚ جمبورەتیٚ دەگەنە وەر چار گوندان بابو شمرا غەریب ناوەڵلاّ کاولیٚ شاخۆڕانە. بەری دەوروبەری سپێدیٚ سەحەرا لە قوەتیٚ جمبورەتیٚ راست دێتن جوتیٚ پێشمەرگانە. بەری دەوڕۆ خەلیلیٚ دگۆ کوڕۆ سەید فەتحی تو وەرە سوندیٚ بخۆ بە قورئانیٚ منیٚ سوندیٚ دەخۆم بە تەلاقیٚ. بەریٚ ئێمە خۆ تەسمیل ناکەینەوە چەنگیٚ وان خائینانە. بڕوانە: ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

که هەریەك لە: عەریف عوسمان یوسف، سەید کاکە، ئەحمەد حاجی عەلی و زۆربەی پێشمەرگەکانی، توانیان هەموو بارەگاکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لایەنگری حکومەت لە ناو شاری هەولێر لە گەڕەکانی (سەیداوە، ئیسکان و کوران) بسوتێن و خاپور بکەن، و پێشمەرگەیەکی هەولێریش ناسراو بە (محێدین فیتەر) بەسەختی لەو چالاکییە بریندار بوو[1].

لە بەرانبەردا لە بەهاری ١٩٦٩ هێزە سەربازییەکانی حکومەت بە هاوکاری جاش و چەکدارە لایەنگرەکانی هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر دەشتی هەولێر کە پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێری لێبوو، پەلامارەکە هەریەك لە گوندەکانی هەمزەکۆر، گۆمەگڕوو، چێرەبەشە، کەردز و کەرزۆری گرتەوە، بەلاّم دوای بەرگری پێشمەرگە و رووبەڕوو بوونەوەیەکی سەخت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك و گیانلەدەستدانی پێشمەرگەیەك بە ناوی(مام جەبار) بە پلەی سەرپەل، پێشمەرگەکان توانیان پاشەکشە بە هێزەکانی حکومەت و لایەنگرانی بکەن[2].

شەڕو چالاکی و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا بەردەوامی هەبوو، بەتالیۆنی ٣ ی دەشتی هەولێر رۆژی ١٠ای نیسانی ١٩٦٩ توانییان لە نزیك شاری کۆیە هێلیکۆپتەرێك بە ژمارە ٢٣٢ بخەنە خوارەوە، دوای ئەوە حکومەت ٥ فڕۆکەی جۆری (مێك) ی ناردە سەر هێزی ناوبراو، بەلاّم هێزەکە بە چەکی دژەفڕۆکە ناچاریان کردن بگەڕێنەوە، شیاوی باسە هەموو سەرنشینەکانی ناو هێلیکۆپتەرەکە سوتان کە هەریەك لە ئەفسەران: خضر إسماعیل (رائدی فڕۆکەوان)، أحمد محمد شربتي (ملازم اول طیار) و نجیب وهیب تکریتی (ملازم طیار) بوون[3].

لە بەرانبەردا فڕۆکەکانی حکومەت لە رۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٦٩ بارەگای هێزی دەشتی هەولێریان بۆمباباران کرد و زیانی گیانی و ماڵی زۆریان لە دانیشتوانی سڤیلی ناوچەکە دا[4].

لە رۆژانی دواتریشدا کاردانەوەی حکومەت بەردەوامی هەبوو، لە رۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٦٩ گوندەکانی قەشقە و کەسنەزانی بە ناپاڵم بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا چەندین خانووی وێران و خاپوور کرد و چەندین مەڕوماڵاتی دانیشتوانەکەی کوشت[5].

جێگای ئاماژە پێکردنە بۆمبارانکردنی باڵەفڕەکانی حکومەت بە چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم بە بەرچاوی جیهان و حکومەتە عەرەبییەکانەوە چ ئەوانەی توندڕەو بوون یان ئەوانەی میانڕەو بوون، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەغداد خراپ بوو، بەلاّم هیچ کاتێك ناڕەزاییان دژی بەکارهێنانی ناپاڵم و سوتاندنی گوند و دێهاتەکانی کوردستان و کوشتنی خەڵکی بێتاوان دەرنەبڕی[6].

---

(١) دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ لە هەولێر.

(٢) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(٣) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ٢٠، مایسی ١٩٦٩، ل٢.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵوێستی میللی و پارتە چەپڕەو و کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی عەرەبی بڕوانە: عصمت شریف وانلی، المصدر السابق، ص٣٩٠.

شیاوی باسکردنه شان بەشانی هێرشه چڕوپڕەکانی سوپای حکومەت هێزی زەمینی و ئاسمانی، وەکو له بەڵگەنامەیدا ئاماژەی پێکراوه باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت لەو ماوەیه توانیان له ناوچەکانی سنووری سلێمانی و گەرمیان به پاڵپشتی لۆجستی و سەربازی حکومەت سەرکەوتنی زۆر بەسەر هێزەکانی پێشمەرگه به دەست بێنن، له سنووری لیوای هەولێریش سەرەتای مانگی ئایار تا ٢٩ی ئایاری ١٩٦٩ له هەندێ ناوچه توانیان سەرکەوتن به دەست بێنن، له شەڕێکی سەختدا که کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە؛ دەست بەسەر گوندەکانی کەرزۆر و سەرمەزره و ناوبرە و بێستانەی بچووك و بێستانەی گەوره دابگرن، که گوندی دوایی بارەگای سەرەکی فارس باوه و هێزەکانی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر بوو[١].

له هەمان بەڵگەنامەدا ئاماژه بەوه کراوه له ٢٣ی ئایاری ١٩٦٩ عەزیز عەقراوی خۆی و ٤٠٠ پێشمەرگه به چەندین جۆری چەکەوه گەیشتنه گوندی (کێشکه) ی بناری چیای سەفین و نیازیان نەزانراوه[٢].

له بەرانبەر ئەوەدا هێزەکانی دەشتی هەولێر، له شەوی ١٨-١٩ی ئایاری ١٩٦٩ هێرشیان برده سەر مۆڵگەکانی چەکدارانی باڵی مەکتەبی سیاسیی سەر بەحکومەت به بیانوی دەست درێژی کردنیان بۆ سەر جوتیارانی ناوچەکه، له گوندەکانی کەردز و کەرزۆر له نزیك ڕێگای هەولێر-پردێ، له ئەنجامدا کوژراو و بریندارێکی زۆری لێکەوتەوه و ژمارەیەکی زۆریش چەك و ئازووقه لەلایەن پێشمەرگەدا دەستی بەسەرداگیرا، ڕۆژی دواتر له ١٩ی ئایاری ١٩٦٩ حکومەت جگه له تۆپبارانکردنی گوندەکانی دەوروبەری سەربازگەی قوشتەپه، به چوار فڕۆکەی جۆری (مێك) بۆ ماوەی دووکاتژمێر گوندەکانی ڕەسول بسکۆڵ و بێستانه و دەشتی هەولێریان بۆردوومان کرد[٣].

له ناو شاری هەولێر و له گەڕەکی سێتاقان سوپایەکی زۆری حکومەت له لیوایەك پێکهاتبوون دامەزرابوون، له ئێوارەی ٢٠ی ئایاری ١٩٦٩ لەلایەن تۆپەکانی پێشمەرگەوه تۆپباران کران، بووه هۆی شادمانی دانیشتوانی گەڕەك و خەڵکی شارەکه و دەنگدانەوەیەکی زۆری دایەوه[٤].

شیاوی باسکردنه هەمیشه گەڕەکی سێتاقان بەهۆی بەهێزی ڕێکخستنەکانی پارتی شوێنی گردبوونەوه و پێشمەرگەکانی ناوخۆ بوو، لەوێ له چایخانەی عومەرەفەندی دادەنیشتن و ئەو کەسانەی له ناو مەفرەزەکان دیار بوون هەریەك له: سالح نەفاسه، کانەبی چاوشین، عومەر بەکر و عومەر قۆرتەلاسی و چەندانی تر بوون، له گەڕەکی تەیراوەش به هەمان شێوه بوو، تا ئاستێك دانیشتوانی گەڕەکەکه هاوکاری پێشمەرگەکانی ناو خۆ بوون[٥].

---

(١) د. ك. و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري للغاية، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٥/٢٩.

(٢) المصدر نفسه.

(٣) له گۆڤارەکەدا هاتووه کوژرانی ٥٠ جاش و برینداربوونی ٣٠ تر و ژمارەیەکی زۆری دەستکەوتن. بڕوانه: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگه، ژ: ٢١، حوزەیرانی ١٩٦٩، ل١٣.

(٤) هەمان سەرچاوه، ل١٤؛ دیدار لەگەڵ عومەر ئیبراهیم خۆرانی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٧ له هەولێر.

(٥) دیدار لەگەڵ عومەر قۆرتەلاسی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٤ له هەولێر.

هەر لەو ماوەیەدا حکومەت سیاسەتی رازیکردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی پەیڕەو دەکرد، سەعدون غێدان هاتە هەولێر و وتارێکی پێشکەش کرد و بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دایە کورد[1].

دوابەدوای ئەوە لە بەرەبەیانی ٢٢ی ئایار ١٩٦٩ سوپا بە پاڵپشتی چەکدارە بە کرێگیراوەکان و خۆفرۆشەکانی لایەنگری حکومەت بە شێوەیەکی بەرفراوان، بە هاوکاری تۆپ و تانك و زرێپۆش و فرۆکە لە هەشت بەرەوە هێرشیان بردە سەر هێزی دەشتی هەولێر و پێشڕەوویان کرد لە گوندی کەردزەوە گەیشتنە خوار بێستانەی بچووك و گوندی دووشیوان و بێستانەی گەورە، لە بەرەی کەسنەزان و دیدەوان و بنەسلاوە و قەشقە بەرەو پێش چوون و شەڕێکی گەرم لە ناوچەکە روویدا تا شەوی ٢٦-٢٧ی ئایار شەڕەکان بەردەوام بوون و دوای شەڕێکی گەورە و سەخت و زیانێکی زۆری گیانی توانیان پاشەکشە بە هێزەکانی دەشتی هەولێر بکەن[2].

جێگای باسە لەو هێرشە بەرفراانەدا، لیوایەکی سەربازی سوپای عێراقی بە پاڵپشتی چەکدارە جاش و لایەنگرەکانی، بەرەو دەربەندی گۆمەسپان هێرشەکەیان ئەنجامدا، ناوچەکە (عەریف عوسمان یوسف) ی فەرماندەی بەتالیۆنی دووی هێزی دەشتی هەولێری لێبوو، لیوایەکی دیکە بە هاوکاری خۆفرۆش و بەکرێگیراوانی کورد بەرەو ناوچەی دێدەوان هێرشیان کرد، ئەو ناوچەیەش (سەید کاکە) ی فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێری لێبوو، لە قەزای کۆیەش هێزێکی گەورەی حکومەت هێرشی کردە سەر زنجیرە چیای باواجی و ناوچەکەش هێزەکەی (ئەحمەد حاجی عەلی) فەرماندەی بەتالیۆنی سێی سەر بە هێزی دەشتی هەولێری لێبوو، شایەنی باسە هێزە کوردیەکانی لایەنگری بەعس لە ژێر فەرمانی محەمەددەمین فەرەجی پارێزگاری هەولێر دابوون، دوای بەردەوام بوونی شەڕەکە بۆ ماوەی چەند رۆژێك تونیان تا ئاستێك پاشەکشە بەحکومەت بکەن[3].

دیارە لیوای هەولێر بە بەراورد لەگەڵ لیواکانی تردا دەردەکەوێت لە شەڕەکانی لەگەڵ حکومەتی بەعس دوای کودەتای دووەمیان، پێشمەرگە زۆرترین چالاکی تێدا ئەنجامداوە، وەك لە زانیارییەکانی ناو زۆربەی بەڵگەنامەکانی هەواڵگری سەربازی هاتووە و ئاماژەی پێکراوە[4]، هەر بۆیە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشیشەوە بە وردی چاودێری جموجۆڵی شارەکە کراوە و بایەخی زۆری پێدراوە، لە بەڵگەنامەیەکدا هاتووە:"**چەتەکان وێستگەیەکی بێتەلیان لە یەکەی هەولێر کاراکردووە، بە بانگەوازی (ئاگر) و بە مۆرسی (W O R) دەست پێدەکات و راستەخۆ بە وێستگەی بێتەلی (کۆمار)ی سەر بە بارزانی بەستراوە**"[5].

---

(١) ماریون فاروق سلوغت، وبیتر سلوغت، من الثورة إلى الدكتاتورية-العراق منذ١٩٥٨، ترجمة: مالك النبراسي، منشورات الجمل، ٢٠٠٣، ص١٧٧.

(٢) بۆ درێژەی شەڕەکان بڕوانە: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ: ٢١، حوزەیرانی ١٩٦٩، ل ل١٤-١٦.

(٣) سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٥-٦٦.

(٤) د. ك، و، ملفات وزارة الداخلية، دائرة: سري وشخصي، رقم الإضبارة ١٥٤٧٣ (١) لسنة ١٩٦٩.

(٥) د. ك، و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٦/٢.

دیاره ئەوەش گرنگی و بایەخی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ شارەکە دەردەخات.

لەلایەکی دیکەوە بۆ نیشاندانی هێزی شۆڕش و قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی ئەو ماوەیە، وەکو لە بەلگەنامەکانی هەوالگری سەربازی حکومەت دەرکەوتووە، لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی پێشمەرگە گوازراونەوە بۆ ناو شاری هەولێر و لە پێشوودا چالاکتر بووە، لە شەوی ٢-٣ی حوزەیرانی ١٩٦٩ هێزێکی پێشمەرگە بە چەکی سوك و ئارپیجی هێرشیان کردە سەر ئێشکخانەی ئازادی لە گەڕەکی ئازادی زیانیان بە ئێشکخانەکە گەیاندووە[١]، رۆژی دواتر هێزێکی تری دەشتی هەولێر لە شەوی ٣-٤ی حوزەیرانی ١٩٦٩ هێرشیان بردە سەر ئێشکخانەی سەیداوە و زیانیان بە پۆلیس و بنکەکەی گەیاند[٢].

بەگوێرەی زانیاری هەوالگری سەربازی باڵی مەکتەبی سیاسیی ، هەڵساون بە کۆکردنەوەی باج و سەپاندنی سەرانە بەسەر زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی خۆیان[٣].

ئەگەرچی باڵەکە لایەنگیری حکومەت بوون، بەلام وەکو لە بەلگەنامەکان دەرکەوتووە، ئەوان جۆرێك لە سەربەستییان بۆخۆیان فەراهەم کردووە و لە دەرەوەی چەتری یاسای حکومەتدا دەستڕۆیشتوو بوون، ئەوەش پێدەچێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە حکومەت کاری پێبوون و نەیویستوە فشار و گوشارییان بخاتە سەر، لە ترسی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان، بۆیە تا ئاستێکی زۆر چاوپۆشی لێکردوون و پشتگیری کردوون، هاوکات خۆشیان بۆ ئەوەی نیشانی جەماوەر بدەن، ئەوانیش باڵێکی سەربەخۆن و دەسەلاتدار و نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردن.

هەر لە سۆنگەی چالاکییەکانی شۆڕش لە شارەکەدا، پێشمەرگەکانی ناوخۆ کاتژمێر ٢ی شەوی ٦/٧ی حوزەیرانی ١٩٦٩ توانیان ئەو پردەی بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر دەچێت بتەقێننەوە و زیانێکی زۆری پێبگەیەنن[٤].

لەلایەکی دیکەوە هەوڵەکانی حیزبی بەعس بۆ دەستەمۆکردن و دەستخەرۆکردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، ئەوانەی لە ژێر هەر بارودۆخێك بووبێت لەو ساتەدا وەکو بێلایەن لە بەغدا مابوونەوە هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی داون؛ بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٩ دا، کۆمەڵێك کەسایەتی کەزۆرینەیان خەڵکی هەولێربوون، لەوانە هەریەك لە: ساڵح حەیدەری و عەونی یوسف و حەمید عوسمان و جەمال خەزنەدار، رێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی (حیزبی رزگاری) دامەزراند، بە ئومێدی ئەوەی بتوانێ هێزی سێیەم لە بەرانبەر(پارتی و باڵی جیابووەوە)دروست بکات، بەلام هەوڵەکە بە نەزۆکی مایەوە، چونکە جگە لەوەی نەبوونە حیزبێکی جەماوەری، دوای رێککەوتنامەی ١١ی ئازار خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەیان هاتنەوە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان[٥].

---

(١) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري للغاية، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٥/٢٩؛ دەنگی پێشمەرگە، ژ: ٢١، حوزەیرانی ١٩٦٩، ل١٧.

(٢) دەنگی پێشمەرگە، ژ: ٢١، حوزەیرانی ١٩٦٩، ل١٧.

(٣) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٦/٥.

(٤) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص ١٠حزيران ١٩٦٩.

(٥) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری لە رۆژی ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر؛ بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٩-١٦٠.

دەردەکەوێت حکومەت لە شێوەی تۆڕێك لەسەر هەموو دەستە و کەسایەتییەکی کورد کاری کردووە، بۆ ئەوەی سوودی لێببینێت و لە دەرفەتێکدا بەکاریان بهێنێت.

هەر لە سۆنگەی چالاکییەکانی پێشمەرگە، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩ لە کاتژمێر ٠١:٠٠ی بەیانی، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە٢٠ چەکدار پێکهاتبوو، لە ناو شاری هەولێر توانیان هێرش بکەنە سەر بنکەی ئێشکگری پۆلیسی فاروق لە گەڕەکی بەستەپیازە و توانیان لە ماوەی تەنها ١٠ خولەکدا بنکەکە بگرن و هەموو پۆلیس و چەکەکانیان ببەن و پاشان هەموو پۆلیسەکانیان ئازاد کرد! لەو چالاکیەدا پێشمەرگە بێ زیان دەرچوون و پۆلیسێك کوژرا و چواریش برینداربوون، دەستکەوتی پێشمەرگەش دوای ئەوەی دەرگای جبەخانەکە بە رۆکێتێکی دەستی دەشکێنن ٧ تفەنگی سەمینۆف و ٣ تفەنگی برنۆ و رەشاش برێنێك و ٢٠٠٠ گوللە و دەمانچەیەکی رۆشنکەرەوە و ئامێرێکی تەلەفۆن دەبێتە دەستکەوتی چالاکیەکە[1].

جێگای ئاماژەیە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییەکانی پێشمەرگە لە بواری زانیاری بەخشین و چاوساغیکردن بۆ ناو شاری هەولێر، بە هاوکاری رێکخستنەکانی پارتی لە ناو شار و هاوکاری دانیشتواکەی ئەنجام دراوە، وەکو لەم بەڵگەنامەیە دەردەکەوێ، هەندێ جاریش خودی پۆلیسی بنکەکان ئاسانکاریان بۆ پێشمەرگە کردووە، ئەگەر نا بێ هیچ مەرجێك ئاسایی نییە لەلایەن پێشمەرگەوە هەموو پۆلیسەکان ئازاد بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێشمەرگە زیاتر لە جارێك، لە ناو شاری هەولێر چالاکییان نواندووە، کەسانی پیاوخراپ و سیخوڕی سەر بە حکومەتیان دەستگیرکردووە، بەڵام دوای ماوەیەك وەکو تاکتیك بە ئەنقەست ئازادیان کردوون و ئازاریان نەداون، بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە متمانەیان لێبسەنرێتەوە و ببنە جێگای گومان و جارێکی تر باوەڕیان پێنەکرێتەوە[2].

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ بەرپرسانی هێزی سەفین و دەشتی هەولێر لە ناوچەی دەربەندی گۆمەسپان کۆبوونەوەیەکیان بەست و پەیوەندیان بە کادیر و رێکخستنەکانی ناو شار کرد، بە مەبەستی لێدانی بنکە سەربازییەکان دەستە و کۆمەڵەیان ئامادە کرد[3]، بۆیە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ناوخۆ لەو ماوەیەدا لەناو شارەکە لە پەرەسەندن دابوو، لە راپۆرتێکی تایبەت و نهێنیدا لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ پێشمەرگە توانیان نزیکی یانەی سەربازی ببنەوە و تەقە لە سەنگەر و

---

(١) د. ك. و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص١٩٦٩/٦/٢٣.

(٢) دیدار لەگەڵ شەکیب سەعید شەریف ئاکرەیی ناسراو بە (شەکیب عەقراوی) رۆژی ٢٠١٣/٤/٧ لە هەولێر. ناوبراو ساڵی ١٩٣٨ لە ئاکرێ لە دایك بووە. لە بەغدا کۆلیژی مافی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی دەزگای پاراستنی شۆڕش، تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە، دوای نسکۆی شۆڕش رووی لە لەندەن کردووە و دکتۆرای لە ئەمریکا ساڵی ١٩٨٠ تەواوکردووە. خاوەنی چەندین کتێبە بە زمانی عەرەبی لە دیارترینیان (سنوات المحنة في كوردستان، رسائل من كوردستان، صدام نهوضا ونكوسا) و چەندانی تر، ئێستا لە لەندەن دەژیت.

(٣) د. ك. و، مديرية الاستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص١٩٦٩/٦/٢٣.

پاسەوانەکان و هێزە گەڕۆکەکانی پۆلیسی فریاکەوتن لە شەقامی محەتەی هەولێر بکەن و هەمان شەو لە شەقامەکانی نزیك ناوەندی هەوالگری هەولێر بکەن[١].

جێگای باسە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناو شاری هەولێر، حکومەت ڕێکاری بە پەلەی ئەنجام دەدا، ئەگەر چالاکییەکان بە شەو ئەنجامدرابووان، ڕۆژی دواتر تەواوی گەڕەك و شوێنی چالاکییەکە بە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سەرباز ئابلۆقە دەدرا و گەنجانی گەڕەکەکە دەستگیر دەکران و ماڵەکان دەپشکنران[٢].

هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی فراوانبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە، پاڵپشتی حکومەت بۆ چەکدارانی باڵی مەکتەبی سیاسیی زیادی کردووە لە رووی چەکدارکردنی ژمارەی زۆرتر و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی وەکو لە چەند بروسکەیەکی نێوان باڵەکە و بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و سوپای عێراقی لە ماوەی ١ تەموزی ١٩٦٩ تا ٢٥ی ئەیلولی ١٩٦٩ دەردەکەوێ کەوا حکومەت ئامادەیە هەزار چەکداری تر بۆ باڵەکە دابمەزرێنێت و هاوکات چەك و تەقەمەنی زیاتریان بۆ دابین بکات، پارێزگاری هەولێر محەمەدەمین فەرەج رۆڵی لە پەیوەندی و دابینکردنی پێداویستییەکانیان هەیە[٣].

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٦٩ پێشمەرگە توانیان ناوچەی بەحرکە تۆپباران بکەن[٤]، لە نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی هەوالگری شوعبەی دوو رێکەوتی ٧ی ئابی ١٩٦٩، ئاماژە بەوە کراوە بارزانی ١٠٠ تفەنگی کلاشینکۆف و ٣ رەشاش دۆشکە و ٣ تۆپی هاوەنی ١٢٠ملیمی بۆ دەشتی هەولێر ناردووە[٥]، پێدەچێت ئەم زانیارییەی هەوالگری سەربازی دروست بووبێت و تۆپبارانی ناوچەکەش بەم تۆپانە کرابێت.

هەر لە مانگی ئاب سوپای حکومەت بە پاڵپشتی (هێزی هەڵمەت)ی چەکداری باڵی مەکتەبی سیاسیی هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر ناوچەی بێستانە و گوندەکانی رەسول بسکۆل و ئاخوڕە و شیوەکیرانیان داگیرکرد، کە بارەگای سەرەکی (فارس باوە)ی فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر بوو دەستیان بەسەر کۆمەڵێك کەرەستەی جەنگی و ئۆتۆمبێل داگرت و بە ژمارەیەك کوژراو و بریندارەوە ناوچەکەین جێهێشت[٦].

شیاوی ئاماژە پێکردنە لە بەڵگەنامەکانی هەوالگری سەربازی لایەنەکانی شەڕ و پێکدادانەکان بە (مەلایی) و (جەلالی) و (فرسان) و (سوپا) ناوزەند کراوە، پێشمەرگەکانیش بە (چەتە) ناویان هاتووە،

---

(١) بڕوانە پاشکۆ ژمارە(١٨).

(٢) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر؛ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود رۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ لە هەولێر.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی نموونەی بروسکەکان بڕوانە: جریدە خەبات(النضال): ع: ٥١٤، تشرين الاول ١٩٦٩.

(٤) لە دیدارێك لەگەڵ مومتاز حەیدەری لە رۆژی ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر، گوتی لە سەرەتای ئاب من لە ماڵی بەرپرسێکی باڵی مەکتەبی سیاسیی دا، لەگەڵ عبدالجبار دلیمی بەڕێوەبەری ئاسایش (مدير امن)ی هەولێر داوەت بووم، دەنگی تەقە و تۆپ هات و دوای ئەوە شلەژا پەیوەندی کرد و گەڕایەوە گوتی تێکدەرەکان بەحرکەیان تۆپباران کردووە.

(٥) د.ك.و، مديرية الاستخبارات العسكرية-الشعبة الثانية، تقرير خاص، سري وشخصي، ٧اب ١٩٦٩.

(٦) لە بەیاننامەیەکی باڵی مەکتەبی سیاسیی – لقی بەغدا بەناونیشانی "انتصارات الشعب الكردي على اعدائه في كردستان-العراق" چالاکیە سەربازییکانیان تۆمارکردووە. بڕوانە: شازین هێرش و نزار محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

لەگەڵ ئەوەی وەکو ئاماژە کراوە باڵی مەکتەبی سیاسی لە هێرشەکانیان بۆ سەر پێشمەرگە هاوشانی حکومەت بوون، بەڵام بۆ ناو هێنانی قوربانیانی شەڕ و کوشتارەکان لە ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانەدا تەنها بۆ کوژرانی سەربازەکان دەستەواژەی (شەهید) بەکارهاتووە، تەنانەت بۆ جاشە کوردەکان و بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی لایەنگری خۆشیان زۆرینەی جار وشەی کوژراویان بەکارهێناوە، بێگومان ئەمەش مەغزایەکی قوڵی هەیە و تاکە مانا کە ببەخشێ، لای حکومەتی بەعس کورد هەر کورد بووە و گیانبەخشینیشی بێبایەخ بووە، بەڵام سەربازێکی عەرەب شتێکی دیکە بووە، دوژمن جیاوازی بە کورد نەکردووە و هیچ دەستەیەك لە سەنگەربەندی دژی شۆڕش و بەرەی میللەتی خۆی لای دوژمن بەهادار نەبووە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە لە بەرانبەر ئەو پێشهاتانەدا، حیزبی شیوعی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی شۆڕشی کورد هاوهەڵوێست بووە، لە ١٤ی ئابی ١٩٦٩ دا، لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراقی، بانگەوازێکی بۆ جەماوەری عێراق بە کوردو عەرەب و هێزەنیشتمانییەکان رادێرا، لە ژێر دروشمی(دەسەلاتدارانی بەغدا شەڕی سەرکوتکاری بوەستێنن) کە تێیدا هاتووە:"لەو کاتەوەی بەعس دەسەلاتی گرتۆتە دەست لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ەوە، لە کاتی بلاوکردنەوەی بەیانی یەکەمییەوە تا ئەمڕۆش، حکومەت هەموو دەزگاکانی پڕوپاگەندەی خۆی خستۆتە کار لە پێناو فریودانی رۆڵەکانی گەلی عێراقی بەوەی کەوا نیازی پاکە بەرانبەر گەلی کورد و کاردەکات بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد"[1].

لە بەشێکی دیکەی هەمان بەیاننامە هاتووە:"دوای شکستی هەموو هەوڵەکانی بۆ لە ناوبردنی شۆڕش لە رێگای فرت و فێڵ و ویژدان کڕینەوە و دروستکردنی گروپ و دەستەی لاواز و کەمبایەخ، دەمامکی نیازە تاوانبارەکانی لەروو لادا و ئاشکراکرد و هەموو هێزە سەرکوتکارییەکان و بەکرێگیراوەکانی ئامادەکرد و دەستی بە شالاوە کاولکارییەکەی خۆی کردووە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دژی گەلی کورد و دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و تەڕ و وشکیان پێکەوە سوتاند و گوندەکانیان تالان و خاپوور کرد و دەیان پیر و منداڵ و ژنیان لە رێگای بۆردومانکردنی بە بۆمبی ناپاڵم و بەرمیلی تیزابەوە کە لە رووی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەکراون[2].

حیزبی شیوعی عێراقی لە پێش ئەو بانگەوازەشدا بە بۆنەیساڵیادی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتبوو:"مەترسیدارترین درز لە بەرەی ناوخۆدا تا ئێستا بوونی هەیە، تا ئێستاش کوشتار لە کوردستان لە نێوان هێزەکانی حکومەت و لایەنگرانی لە لایەك و لە نێوان هێزەکانی شۆڕشی کورد بەردەوامە...پرسەکە پرسی تاکێك یان هۆزێك یان پارتێکە یان هێزێکی چەکداری دەستنیشانکراو نیە، بەڵکو دۆزی نەتەوەی کوردە کەوا پێویستە هەست بە متمانە بکات کەوا حکومەت پابەندە بەچارەسکردنی پرسی کورد بە دانانی بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری

---

(١) جریدە خەبات(النضال): ع: ٥١٤، تشرین الاول ١٩٦٩.

(٢) المصدر نفسه.

عێراقدا. بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراق هەنگاوێك نەچۆتە پێشەوە لەم ڕێگایەدا و بە پێچەوانەوە لە مانگەکانی دواییدا پێکدادانی چەکداری فراوانتر بووە... پشت بەستن بە هەڵبژاردەی سەربازی تەنها رەوشەکە ئاڵۆز دەکات"[١].

دیارە جگە لەم هەڵوێستانەی پێشووی بەرانبەر سیاسەتی حکومەت، حیزبی شیوعی لەو ماوەیەدا کێشەی هەبووە و بەرانبەر باڵی مەکتەبی سیاسی لایەنگری حکومەت هەمان هەڵوێستی هەبووە، لە ڕێکەوتی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ بەیاننامەیەکی بە ناونیشانی "بەیاننامەیەك بۆ جەماوەری لیوای هەولێر" دەرکرد، کە تێیدا هاتووە:"زیاتر لە ساڵێکە ئێوە لە سەر دەستی کۆمەڵی ئیبراهیم ئەحمەد، دووچاری تۆقاندن و تەنگ پێهەڵچنین و دەستدرێژی دێنەوە، ئەوەش بە شێکە لەو چەوساندنەوەی کەوا گەلی کورد ڕووبەڕووی بۆتەوە بەهۆی جەنگی کاولکاری دەسەڵاتدارانی بەغدا هەڵیانگیرساندووە بە هۆی سیاسەتی شۆڤێنیانەیان و بە دەنگەوە نەهاتنی ماف و ئاواتەکانی گەلی کوردەوە، کۆمەڵی ئیبراهیم ئەحمەد کەوا بە تایبەت لە شارەکاندا بوونەتە هێزێك دژی بزووتنەوەی جەماوەری، کە هاتنە شارەکەمان دەستیان کردە تاوانکاری بەرانبەر حیزبەکەمان و جەماوەری گەلەکەمان، ئەوان هەژموونی حکومەت بەکاردێنن بۆ چەوساندنەوەی بەرهەڵستکارە سیاسییەکانیان و خەڵك ناچار بکەن واز لە بنەما و بۆچوون و پارتەکانیان بێنن و ئەوان خۆیان بە پارتی دەسەڵاتداری کوردستان دەزانن، تەنها ئەوان مافی کاری سیاسییان هەیە، دەستەیەکی چەکداری چەتەگەران سەر بەم کۆمەڵە لە شەوی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دەستدرێژی و ستەمیان کردە سەر هەندێك لە قوتابیان لە بەشە ناوخۆیی دواناوەندی کشتوکاڵی دا، تێدا قامچی و قۆنداخی تفەنگیان بەکارهێنا و هەڕەشەی کوشتنیان کرد. لە ڕۆژی دووەم ئەو کۆمەڵە ژمارەیەك قوتابی تریان بێزار کرد... هەواڵگری سەربازی فیرقەی یەك دەستپێشخەریان کرد لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ بە گرتنی ٣ قوتابی کە دەستدرێژیان کرابووە سەر"[٢].

لە بەشێکی تری هەمان بەیاننامە هاتووە:"ئەو دەستەیە هەموو شێوازێك پەیڕەو دەکەن بۆ نەهێشتنی هێزەکانی تر و زاڵدەستی بەسەر ڕەوشەکەدا. لە بواری سەندیکاییشدا بە زۆری دەستیان بەسەر لیژنەکانی سەندیکاییدا گرت بە هێزی چەك و بە هاوکاری پۆلیس، لە بواری کارمەندیشدا زیاتر لە ٦٠ مامۆستای پیاو و ئافرەتیان گواستەوە لە ساڵی خوێندنی ڕابوردوودا و هەڵپەساردنی پلە بەرزکردنەوەی ٣٨ مامۆستای ژن و پیاویان ئەنجامدا... لە بازاڕیش کاڵا حکومەتیەکانیان قۆرخ کردووە و لایەنگرانی خۆیان دامەزراندووە، لە بواری فۆتنەراتی حکومەتیەوە باجیان بەسەریان سەپاندووە... زاڵبوونی بۆچوونە هزرییەکانی ئەوان وایکرد تەنانەت دەست بخەنە ناو کاروباری خێزانەکانیشەوە، چەکدارەکانیان لە ١٠/٢٣ هەڵسان بە کوشتنی کچێك بە ناوی (کەتان) لەناو شاری هەولێر، چونکە ڕازی نەبوە شوو بە یەکێکیان بکات، ئێمە لە کاتێکدا کە نارەزاەتیەکانمان ڕادەگەیەنێنین بەرانبەر کارەکانی ئەو دەستەیە داوای ئازادکردنی قوتابیان دەکەین و داوا لە ئێوەی خەڵکی لیوای هەولێر دەکەین بە

---

[١] المصدر نفسه.

[٢] جریده خەبات(النضال): ع: ٥١٤، تشرین الاول ١٩٦٩.

بڕوایەکی نوێ خەبات نوێ بکەنەوە بۆ وەستانی ئەو دەستەیە و بۆ کشاندنەوەی ئەو هێزە لە لیواکەماندا و لێکۆڵینەوەیەکی دادوەرانە بکرێت دەربارەی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە"[1].

هەر لەو ماوەیەدا حکومەت تۆڕێکی گەورەی سیخوڕی لەناو شار بلاّوە پێکردبوو، توانیبوویان لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی ئەندام بچێنن و بەو هۆیەوە ژمارەیەك کادیری ڤوتابیان لە ماڵەکانیان دەستگیر کران[2].

لەم چوارچێوەیەدا هێزێکی گەورەی سەربازی لە شەوی ١٨-١٩ی ئەیلولی ١٩٦٩ لە گەڕەکی سەیداوە هەڵیان کوتایە سەر گەڕەکەکە، ئەو شەوە چەندین ئەندامی یەکێتی ڤوتابیان لەم گەڕەکە و لە گەڕەکەکانی تری شار دەستگیرکران لەوانە : ڕەفعەت عەبدولاّ (ڕێباز)، محەمەد عەباس (شاخەوان)، ئیسماعیل حوسێن، عەلی مەحمود جوکل و پاشان خرانە زیندانی فیرقەی یەکی سەربازی هەولێر، ئەم ڕووداوەش بە هۆی ناپاکی ئەندامێك بوو بە ناوی (ع.م) دواتر بەسزای خۆی گەیشت[3].

محەمەدەمین فەرەجی پارێزگار لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٦٩ لە بروسکەیەکی درێژی نهێنی و بە پەلەی بۆ نووسینگەی کاروباری باکوور و وەزارەتی ناوخۆ و ڕازگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سکرتێری وەزیری بەرگری و هەواڵگری و سەربازی ناردووە، لە چوار لاپەڕەدا تێیدا داوا لە بەرپرسانی سەرووی خۆی دەکا پشت بە چەکدارانی (مەبەست جاشەکانە) تر نەبەسترێت، جگە لە باڵی ئێمەی لایەنگری حکومەت نەبێت، چونکە تەنها ئێمە دڵسۆز و خەمخۆری ڕاستەقینەی حکومەتەکەمانین[4].

وا دیارە لەو ماوەیەدا حکومەت هەوڵی داوە زیاتر لە جاشەکان نزیك بێتەوە و پشتیان پێببەستێ، یاخود ناکۆکی لە شارەکە لە نێوان ئەوان و جاشەکان سەرهەڵدابێت.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا لە لیوای هەولێر هێزەکانی دەشتی هەولێر توانیان بگەڕێنەوە ناوچەکانی پێشووی خۆیان و دەستیان بە هێرشکردن کردەوە و هێرشیان بردە سەر ئاڵتون کوپری و ناوچەکانی دەوروبەری[5].

لەو ماوەیەدا وەکو لە بلاّوکراوەی دەنگ و باسی کوردستان هاتووە:"مەفرەزەیەك لە هێزی دەشتی هەولێر شەوی ٢٠-٢١ی تشرینی دووەمی١٩٦٩ ڕێگای شەمەندەفەریان تێکدا و بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ هاتوچۆی شەمەندەفەری هەولێر-کەرکوك بەم هۆیەوە وەستا، دوای دوو ڕۆژ، لە شەوی ٢٣-٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ مەفرەزەیەکی تری سەر بە هێزی دەشتی هەولێر هەڵیان کوتایە سەر مەکۆیەکی جاشان لە گوندی ماستاوە، لە ئەنجامدا ٩ لە جاشەکان کوژران و دەست بەسەر ژمارەیەك تفەنگ و کلاشینکۆف و ئامێرێکی بێتەل داگیرا، مەفرەزەیەکی تری هێزی دەشتی هەولێر لە شەوی ٢٤-٢٥و٢٥-٢٦تشرینی دووەمی ١٩٦٩

---

(١) جریدە خەبات(النضال): ع: ٥١٥، تشرین الثاني ١٩٦٩.

(٢) دیدار لەگەڵ عەلی جوکل.ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٦ لە هەولێر.

(٣) ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨-١٩.

(٤) جریدة خەبات(النضال)، ع: ٥١٤، تشرین الاول ١٩٦٩.

(٥) المصدر نفسە.

هاتنه ناو شاری هەولێر توانیان دەستڕێژی گولله بکەنه سەر دوو ئۆتۆمبیلی چەکهەڵگر (مسلحه) و ئۆتۆمبێلی پۆلیسی فریاکەوتن که پاسەوانی محەمەدەمین فەرەجی پارێزگاری هەولێریان دەکرد، له پاش شەڕێکی دوو کاتژمێری ٤ کەس له پاسەوانانی کوژران و دوای ئەوەش بە رۆکێتی ئارپیجی له بنکەی ئێشکگری پۆلیسی ناوشاریان دا و چەند پۆلیسێکیان بریندار کرد"[١].

له بەرانبەر شکستەکانی حکومەت به هاوکاری چەکدارە لایەنگر و بەکرێگیراوەکانی دەکەوتنە گیانی خەڵکی بێتاوان و کەسوکاری پێشمەرگەکان له ناو شاری هەولێر و له گوندەکانی دەشتی هەولێریش؛ بۆ نموونه له تۆڵەی هێرشەکەی پێشمەرگە بۆ گوندی ماستاوە، هەڵیان کوتایه سەر گوندی (یارمجە) له دەشتی هەولێر و حاجی خدر باوە که مامی ئامیر هێزی دەشتی هەولێر بوو، له گوندەکەی خۆیدا جوتیاری دەکرد، تەمەنی حەفتا ساڵ زیاتر بوو کوشتیان و ماڵەکەیان سوتاند، هەروەها له گوندی شێخان و سۆربەش خدری دەشتی هەولێر پیاوێکی پەککەوتەیان گرت بە ناوی (عەلی شوانە) که باوکی سمکۆ عەلی بوو که سەرلقێکی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر بوو، هەروەها دوو کەسی تریان بە ناوی مام رەشاد و جەمیل حەمەد گرت بە بیانوی ئەوەی خزمەکانیان پێشمەرگە بوون، هاوکات چوونه سەر گوندی مەلاقەرە ماڵی باوك و خزمەکانی فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێریان تالآن کرد و سوتاندیان[٢].

هەروەها ئاشی حاجی خدریان سوتاند لەگوندەکە و کەسێکی بێتاوانیان له ناو ئاشەکە سوتاند، بە بیانووی ئەوەی براکەی پێشمەرگە بوو بە نای سابیر محێدین و ئەزیەتی خەڵکەکەیان دا[٣].

هەر له چوارچێوەی چالاکییەکانی پێشمەرگەوە له پەخشی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بەیاننامەیەکی له ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ خوێندەوە، تێیدا ئاماژە بەوەکراوە له ماوەی شەش مانگی رابردوو، ١٥ فرۆکەی مێك١٧ بە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە خراونەتە خوارەوە[٤].

هەر چەندە سەرچاوەی زانیارییەکە پشتی بە بەیاننامەی پەخشی دەنگی کوردستانی عێراق بەستووە، بەڵام ئەو ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە یەکێك له ئامانجی راگەیاندنەکان جەنگی دەروونی بووە، بە تایبەت لەو سەردەمەدا ئامانجی بڵندگۆی شۆڕش، بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و دانیشتوانی کوردستان لەلایەك و داتەپاندنی ورەی دوژمن له لایەکی دیکەوە بووە.

له نێوان ئەو ژمارەیەی پێشوودا ٢ فڕۆکە له ٩و١٢ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ خرانه خوارەوە[٥].

شیاوی ئاماژە پێکردنە له ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ دا، کاتێك دوو فڕۆکەی مێك ١٧ له بۆردومانی چیای سەفین دەگەڕایەوە و ناوچەکانی تری بۆمباباران دەکرد، له گوندی نازەنین فرۆکەیەکیان لەلایەن عەریف ئەبوزێدی سەرلقی تایبەتی بارەگای هێزی دەشتی هەولێر خرایه خوارەوە، دوای ئەوەی حکومەت

---

(١) دەنگ و باسی کوردستان، بڵاوکراوەیەکی دەوریه مانگێ دوجار دەرئەچێت بە کوردی و عەرەبی لەلایەن لیژنەی پەخش و ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژ: ١١، ٩/١٢/١٩٦٩، ل١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٦.

(٣) دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ له هەولێر.

(٤) وەرگیراوە لە: عصمت شریف وانلی، المصدر السابق، ص٤٦٠.

(٥) المصدر نفسه، ص٤٦٠.

دوو کۆپتەری نارد بۆ رزگارکردنی فڕۆکەوانەکە، بەڵام بە هۆی بەرگری پێشمەرگە نەیانتوانی رزگاری بکەن، ئیتر پێشمەرگەکان توانیان بیبەنە لای فەرماندەی بەتالیۆن بە ناوی شێخەی حاجی رەسول ئەویش رەوانەی لای عەلی شەعبانی کرد لەلایەن ئەویشەوە بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش رەوانەی بەندیخانەی خەلان لە سنووری حاجی ئۆمەران کرا[١]، فڕۆکەوانەکە بە ناوی (حەمید رەشید موسڵی) بوو، سەر بە ڕەوی ٤ی کەرکوك بوو، لە بەندیخانەش بە فەرمانی ئیدریس بارزانی رێزی لێگیرا و وەکو میوانێك مامەڵەی لەگەڵ کرا، تەنانەت بە ماوەیەکی کورت رێگا بە خانەوادەکەی درا سەردانی بکەن[٢].

لە راستیدا پلانی گرتنی شارە گەورەکان ئامانجی بارزانی و شۆڕشی کورد نەبوو، چونکە مانەوە لە شارە گەورەکان زۆر ئەستەم بوو، هاوکات بۆ هێرشە ئاسمانییەکان زۆر مەترسیدار بوون، سەرەڕای ئەوانەش وەکو ئاماژەمان پێکرد شارە گەورەکان سەرچاوەیەکی شەڕی پارتیزانی بوو چەندین چالاکی تێدا ئەنجام دەدرا، تەنانەت بەگشتی شارەکانی باشووری کوردستان و هەولێر بە تایبەتی شەو لە ژێر زاڵدەستی پێشمەرگەدا بوو[٣].

سەرچاوەیەکی گرنگیش بوو بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و باربووی پێشمەرگە لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی دانیشتوانەوە، لە رێگای شانە نهێنییەکانی ناو شار و رێکخستنەکانەوە، پڕۆسەکەش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە درێژایی ماوەی شۆڕش بەڕێوە دەچوو[٤].

هەربۆیە دەبینین سەرەڕای ئەوەی لە توانای شۆڕش نەبووە، هاوکات ئامانجیشی نەبووە و پاراستنی شارەکان پێویستی بە پاراستن بووە.

---

(١) دیدار لەگەڵ ئەبوزێد ناسراو بە (عەریف ئەبو زێد) رۆژی ٢٠١٥/٨/٣ لە هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٧ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٢ عەریفی سەربازی بووە، کۆتایی ئەو ساڵە پەیوەندی بە شۆڕشی کورد کردووە، ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی سەفین کراوەتە سەرپەل و پاشان بووە سەرلق لە هێزی دەشتی هەولێر، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێری کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژیت.

(٢) دیدار لەگەڵ محەمەدەمین تەها خۆشناو ناسراو بە (حەمەدەمین سوێرەیی)، رۆژی ٢٠١٤/٥/٤ لە هەولێر.

(٣) پاول شیسمەن و خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢؛ دیدار لەگەڵ هەریەك لە موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

(٤) دیدار لەگەڵ هەریەك لە محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام؛ موحسین دزەیی رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر؛ خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر.

## باسی چوارەم: رۆڵی هێزەکانی دەشتی هەولێر لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک.

لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، هەرچەندە بە گوێرەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابەشکرابوون، سنووری هەر لیوایەك چەند هێزێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەلأم مۆرکێکی نیشتمانی هەبوو، بەسەر تەواوی ناوچە ئازادکراوەکان دابەش ببوون، مەرج نەبوو هەموو پێشمەرگەیەك لە سنووری خۆی چالاکی ئەنجام بدات، بەڵکو بە پێی پێویستی شەڕەکان لەهەر سنوورێك بوایە بەشدارییان دەکرد[١].

یەکێك لەو چالاکیە گەورانەی پێشمەرگە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك بوو، کاتێك شۆڕش بیری لە لێدانی دامەزراوەکانی نەوت کردەوە، چونکە هەموو لایەك سوودیان لێوەردەگرت تەنها کورد نەبێ، بە پارەی نەوتەکە چەك و بۆمبا دەکڕدرا و بەرانبەر کورد بەکاردەهات، دوای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد نائومێد بوو لەوەی بگاتە لێکگەیشتن لەگەڵ حکومەتدا، ئیتر دەستکرا بە مەشق کردن بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی لێدانەکە[٢].

لە کۆبوونەوەی بارەگای بارزانی لە (دیلمان)ی سنووری حاجی ئۆمەران، نەخشەیەکی گونجاو بۆ ئەم کردەوەیە داڕێژرا[٣].

جێگای ئاماژەیە پلان و ئامادەسازی بۆ ئەو کردەوە گەورەیە بە شێوەیەکی ورد و زۆر نهێنی داڕشترا، لە ١٥ی شوباتی ١٩٦٩ لە دوایین قۆناغی مەشق کردندا، باری زیاتر لە سەد هێستر تۆپ و جبەخانەی جۆربەجۆر بە رێگای شاخاوی سەخت دا، گوێزرایەوە بۆ دەشتی هەولێر[٤]، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەك بۆ حکومەت دزە بکات و کاتێك پێشمەرگە گەیشتە شاری کەرکوك حکومەت توشی شۆکێکی گەورە بوو[٥] ئامانجی کردەکەش بۆ ئەوە بوو پەیامێك بگەیەننە رژێمی بەعس، کە لە توانای سەربازی لەشکری شۆڕشی کوردستان هەیە دەستی بگاتە شوێنە ستراتیژییەکان و کۆڵەگە ئابوورییەکانی عێراق و زیان لە بەرژەوەندییەکانی بدات[٦].

بۆ ئەو مەبەستە بەر لە ئەنجامدانی کردەکە، مەسعود بارزانی توانی زانیاری هەڵە سەبارەت بە نیازی هێرشبردنی شۆڕشگێڕان بۆ دەشتی هەولێر بگەیەنێتە دەسەلأتدارانی سەربازی عێراقی[٧]

---

(١) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: محەمەدئەمین تەها خۆشناو رۆژی ٢٠١٤/٣/٣ لە هەولێر؛ ئەبوزێد ناسراو بە (عەریف ئەبو زێد) رۆژی ٢٠١٥/٨/٣ لە هەولێر.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دارشتنی نەخشەکە و دابەش بوونی هێزەکانی پێشمەرگە بڕوانە: وصفی حسن، داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك ل ١٩٦٩/٣/١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠، ل ٢١-٢٨.

(٤) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.

(٥) محسن دزەیی، المصدر السابق، الجزء الثانی، ص١٨٠.

(٦) هاوکار کریم حمە شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

(٧) شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٥٦.

چەند مانگێك بەر لە كردەوەكە كۆبوونەوەیەك كرا لە گوندی ئاخوڕە كە بارەگای دەشتی هەولێری لێبوو، بە ئامادەبوونی هەریەك لە سامی عەبدولڕەحمان، فاخیر حەمەد مێرگەسۆری، فارس باوە، حەمەسور(فەرماندەی بەتالیۆنی یەكی شوان)، بە مەبەستی دەستنیشانكردنی شوێن بۆ چەسپاندنی تۆپەكان و رۆژی دواتر هێزەكە  بە هاوكاری حوسێن یابە(سەرلق) كە شارەزای ناوچەكە بوو، لە شوێنی دیاریكراو هەریەك لە نایف فارس باوە و عەلی عومەر رەزا ناسراو بە (عەلی قوت) و حەمەسور، شوێنی تۆپەكانیان دیاریكرد[1].

دوای ئەو ئامادەكارییانە بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ عەبدولجەبار دلێمی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، بۆ شاردنەوەی پلانی كردەوەكە و دەستخەرۆكردن و سەرقاڵكردنی سوپا لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٩ پڕوپاگەندە ئەوە بلاّوكرایەوە، گوایە هێزەكانی شۆڕش بە نیازن كردەوەگەلێكی گەورە و بەربلاّو لە دەشتی هەولێر ئەنجام بدەن، فەوجێكی گەورەی حكومەت كە سەرچاوەی راپایی پێشمەرگە بوو، بە هۆی ئەو واتەواتەوە فەوجەكە لە ناحیەی (رێدار)ی سەر بە ناوچەی شوان گواستراوتەوە دەشتی هەولێر، بەمجۆرە رێگای هێرشەكە مەترسی لەسەر نەما و بۆ هێرشبردنە سەر پالأوگە نەوتییەكان لە نزیك ناوچەی شوان دەرفەتێكی لە بارتر رەخسا[2].

شیاوی ئاماژەپێكردنە ئەم چالاكییە بە فەرمانداریێتی سامی عەبدولڕەحمان شەنگالی و جێگرایەتی فاخیر حەمەد ئاغا مێرگەسۆری و پاڵپشتی فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر فارس باوە و دەستەبژێرێك لە پێشمەرگەو فەرماندەكانی هێزی هەڵگورد و باڵەك و هێزی رزگاری و كەركوك ئەنجامدرا، ئەوانەی رۆڵیان بینی لە هێرشەكەدا، لە هێزی دەشتی هەولێر جگە لە فەرماندەی هێز هەریەك لە :" سابیر شێخ جامی (١٩٤١-٢٠٠٤) جێگری فەرماندەی هێز، نەسرەدین مستەفا (سەرلق)، عەریف ئەبو زێد عەلی زێدبەگی (سەرلق)، سمكۆ عەلی شێخانان (سەرلق)، شەفیق عومەر ساڵەیی، مامە حەمەدەمین مەلا قەرە، جومعە عوسمان، ئەكرەم سۆفی (بەرپرسی ئەندازەی هێز)، یوسف جومعە، سابیر محێدین، ئیسماعیل حەمەدەمین ناسراو بە (ئیسماعیل خەلیفە)، عەلی قوت (سەرپەل)، دەهام باوە، حوسێن باوە، عەبدولاّ ئەبو شەوارب هەولێری، كەریم كاكەڕەش، بایز خدر، ئەحمەد محەمەدەمین ناسراو بە (ئەحمەدە سور)، محەمەد عەلی سمایل، عەلی عومەر خارە، مەولود كەسەر، عوسمان حاجی حەمەدەمین سیان، ساڵح ئەحمەدئەمین لەك، عەبدولاّ حەسەن ناسراو بە (عەبدولاّ شێخە)، عەبدولكەریم فەتاح، عەبدولڕەحمان ئیبراهیم، ئیسماعیل حەمە عەلی، نەجمەددین ئیسماعیل ئەحمەد لەك، سەدرەددین ئیسماعیل ئەحمەد لەك، شەمسەددین ئیسماعیل ئەحمەد لەك، عەزیز عەلی رەسول زێدبەگی، عوبێد عەلی رەسول زێدبەگی،

---

(١)دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ لە هەولێر.

(٢) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.

عوسمان عەلی رەسول زێدبەگی، رەسول شێخ محەمەد زێدبەگی و عەلی دارتاش شێروانی[1] و وەلی حوسێن ئیسماعیل ناسراو بە (وەلی لاسلکی)" بوون[2].

جێگای باسکردنە جگە لەوان، هەندێ لە کادیرانی پارتی سەر بە لیژنەی ناوچەی جوتیارانی دەشتی هەولێر رۆڵی کارایان بینی[3].

ئیتر لە شەوی ٢/١ی ئازاری ١٩٦٩ هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ١٠٠ رۆکێت لە تۆپەکانی (١٠٦ملم و هاوەنی ١٢٠ملم) بسرەوێننە کێلگە و دامەزراوە نەوتییەکان و توانرا لە کۆی ٢١ پالأوگەی ناوچەکە ١٠ پالأوگە بە تەواوی خاپوور بکەن، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆدەرەوەی عێراق و زیانی بە کۆمپانیا نەوتییەکانی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی گەیاند. کاریگەری زیانی دابەزینەکەش بە پتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار و تێچووی چاککردنەوەی بۆڕی و پالأوگەکانیش بە ٥٠ ملیۆن دۆلار خەملێنرا[4].

بەمشێوەیە سەرکردایەتی سیاسیی شۆڕشی کوردستان توانی بە پلانێکی تۆکمە گورجێکی کوشندە لە ئابووری دەوڵەتی عێراق بوەشێنێ، تەنانەت جگە لە میدیای رۆژنامە عێراقییەکان لە میدیا جیهانیەکانیشدا، ئەم کردە سەربازییە دەنگێکی گەورەی دایەوە، لە شەوی دواتر لە پەخشی ئێزگەی لەندەن و ئیسرائیل و تەهران خوێنرایەوە و بووە مانشێتی چەندین رۆژنامەی بەناوبانگی وەك نیویۆرك تایمز و دەیلی تەلەگراف و حەیاتی بەیروتی و رۆژنامەی ئێکسپرێس و داگنز نیوهیزی سویدی و رۆژنامەی لۆمۆند و مینوتی فرەنسی و چەندانی تر[5].

لە ئێزگەی دەنگی کوردستانیش هەواڵەکە لە شێوەی موژدەی سەرکەوتنێکی گەورە چەندین جار بە دەنگی بێژەری شاری هەولێر، بارزان مەلا خالید خوێنرایەوە و لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەکو داستانێکی گەورە بووە قسە و باسی سەر زاری خەڵکەکە[6].

توێژەرێکی عێراقی عەرەب گرنگی کردەوەکە و سەرکەوتنی پێشمەرگە لە هێرشی بیرە نەوتییەکانی کەرکوك بە خاڵی وەرچەرخان و هۆکاری یەکەمی پەنابردنی حکومەتی بەعس دەزانێ بۆ دانوستان و رێگا چارەسەری ئاشتییانە[7].

بەمشێوەیە فشاری پێشمەرگە و کۆمەڵێك هۆکاری هەرێمی و نێودەوڵەتی رۆڵیان بینی لە بیرکردنەوە و هەنگاونانی حکومەتی بەعس بۆ چارەسەری دۆزی کورد.

---

(١) وصفی حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢، ٤٣، ٤٤.

(٢) گۆڤاری سەفین، ژ: ٦٠، شوباتی ٢٠١٥، ل ٤٥.

(٣) وصفی حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢، ٤٣، ٤٤.

(٤) شكیب عقراوی، المصدر السابق، ص ص٢٥٦-٢٥٧.

(٥) بڕوانە: گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ:٢٠، مایسی ١٩٦٩، ل ل٤-٥؛ وصفی حسن، هەمان سەرچاوە، ل ل٣٠-٣١.

(٦) دیدار لەگەڵ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.

(٧) بڕوانە: سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص١٥٧.

**باسی پێنجەم: هەولێر و رۆڵی کەسایەتییەکانی لە دانوستانەکان (ئابی ١٩٦٩-١١ی ئازاری ١٩٧٠)**

دەسەڵاتدارانی عێراق هەموو توانا سەربازییەکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن وەگەڕخستبوو، هەموو شێواز و تاکتیك و ڕێگایەکیشیان گرتەبەر، بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر وەکو ئاماژەمان پێکرد شەڕێکی قورسیان سەپاندبوو، چەندین شێوازی سەربازیان بەکارهێنا، دەشتی هەولێریش ناوچەیەکی گرنگی پێکدادانەکان بوو، دەوڵەت جگە لە سوپاکەی سوودیان لەلایەنگرانی خۆیان و بەکرێگیراوانیان وەرگرت، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنن و پارسەنگی هێز بە تەواوی بەلای خۆیاندا بشکێننەوە و دۆز و شۆڕشی کوردان یەکلاییبکەنەوە و تواناکانیان بەهەدەر چوو.

لە مەیدانی شەڕدا رۆژ بەرۆژ هەڵمەتی پێشمەرگە لە سەرکەوتن و بەرەوپێشەوە چووندا خۆی دەنواند و ئاوات و ئامانجەکانی جەماوەری کوردستان سەوز دەبوونەوە، گەلی کورد بۆ دۆست و دوژمنی دەرخستبوو کە خاوەنی مافی نەتەوەییە و هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرێ، دەوڵەتی ناوەندی بەعس خۆی پێنەگیرا و داوای ئاگربەست و گفتوگۆی لە شۆڕش کرد[1].

لەم سۆنگەیەوە حەردان تکریتی (١٩٢٥-١٩٧١) لەو ماوەیەدا وەزیری بەرگری و جێگری سەرکۆمار بوو نوسیویەتی:"**کوردەکان توانییان دەسەڵاتی ناوەندی ملکەچ بکەن، تا ئەندازەیەك لە بەردەوامبوونی جەنگ دەترساین بە دەستی مەلا مستەفا بەغداش بڕوخێ... قوربانیانی سوپای عێراق چەند مانگێك بەر لە بەیانی ١١ ی ئازار، لە هەفتەیەکدا ٣٢٥ کوژراو و بریندارمان دا، دوو مانگ بەر لە ١١ی ئازار، دوا هەوڵمان خستەگەڕ بۆ دامرکاندنەوەی بەرگری کوردان و شکستمان هێنا، بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتار بڕیاری دانوستانمان دا، چونکە ئەوە هەلێکی باشی بۆ مانەوە لە دەسەڵات بۆ دەرەخساندین...دەمانویست دەستبەرداری داخوازییەکانی بارزانی بین بۆ ئەوەی پاشان بە کودەتایەکی سەربازی دژی بوەستینەوە، بەڵام ئەو بەهێزتر و زیرەکتر و لە ئێمە بە ئەزموون تر بوو لە شێوازەکانی تاکتیك و سەربازی، بۆیە لە بەندێکی نهێنی مەرجی هێشتنەوەی ٢٥ هەزار چەکداری کوردی دانا..."**..هتد[2].

بەمشێوەیە حکومەتی عێراق بە ناچاری بۆ ئەوەی لەم قەیرانە دەرباز بێت و درێژە بە حوکمڕانی خۆی بدات، ڕێگاچارەی ئاشتی هەڵبژێرێت وەکو لە دان پێدانانەکانی تکریتی دەردەکەوێ توانا و بەرگری کردنی بەرانبەر شۆڕشی کورد لاواز بووە، لەلایەکی ترەوە فشاری جەماوەری و رای گشتی عێراقی تا رادەیەك کاریگەری خۆی هەبووە، سەرەڕای ئامانجێکی دیکەی سەرەکی حکومەت ئەویش بڕینی پەیوەندی و کۆمەك و هاوکاری ئێران بووە بۆ شۆڕشەکە، چونکە ببووە سەرچاوەی راڕایی و نیگەرانی حکومەتی عێراق، شۆڕشی کوردیش ببووە هێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا.

---

(١) ئۆرخانی غالب، شۆڕشی ئەیلول و رۆژگاری دوای هەرەس، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن، ١٩٩٠، ل ل١٧-١٨.

(٢) بڕوانە: حردان التكريتي، كنا عصابة من اللصوص والقتلة خلف ميليشيات صدام للاعدام، دراسة: احمد رائف، الزهراء للاعلام العربي، القاهرة، ١٩٩٠، ص١٠٤.

هاوكات پێدەچێت بەعس لەوە گەیشتبێت لەگەڵ ئەوەی باڵی مەكتەبی سیاسی بەشێوەیەكی باش رێكخراوبوون، بەڵام هاوسۆز و پاڵپشتی جەماوەرییان لە كوردستان زۆر سنووردار بوو، تاكە رێگایەك بۆ گەیشتن بە چارەسەری درێژخایەنی مەسەلەی كورد، لە رێگای ئەو رێككەوتنامەیە جێبەجێدەبێت كە لەگەڵ بارزانی ئەنجام بدرێ[1].

ئیتر حكومەتی بەعس زنجیرە هەوڵێكی نهێنی و پاشان ئاشكرای خستەگەڕ، یەكەمین هەوڵی ئاشتی لە مانگی ئابی ١٩٦٩ لە رێگای یەكێتی قوتابیانی كوردستان و دوو كەسایەتی شاری هەولێر بوو. ئەوانیش هەریەك لە ئەنوەر عەبدوڵای ناسراو بە (رەئیس ئەنوەر)ی سەرۆكی یەكێتیەكە و قادر محەمەدەمین ی سكرتێری یەكێتییەكە بوون هاتە ئاراوە. كاتێك لەلایەن مورتەزا حەدیسی[2] بانگهێشتی فەرمانگەكەی كران، لەوێ پێی راگەیاندبوون كەوا ئاگاداری ئەوەیە لە پارتی پۆست و پلەتان هەیە و بۆ ئەوە بەدوام نەناردوون كەوا دەستگیرتان بكەم، بەڵكو دەمەوێ پەیوەندی بە سەركردایەتی بارزانی بكەن بۆئەوەی گفتوگۆ لە نێوان حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و پارتی دیموكراتی كوردستان بێتە ئاراوە[3].

لەسەرەتای مانگی ئەیلول ئەو دوو كەسە گەیشتنە بارەگای مەكتەبی سیاسیی پارتی لە گوندی ناوپردانی ناوچەی باڵەك و پەیامە زارەكییەكەی مورتەزا حەدیسی یان گەیاندە پارتی بۆ دانوستان لە نێوان دوولایەنەكە، لە سەر بنەمای بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بێت، وەڵامی سەركردایەتی سیاسیی كوردیش بۆ حیزبی فەرمانڕەوا لە بەغدا ئەوەبوو ئەوان دانوستان دەكەن بە مەرجێك مافەكان لەوە فراوانتر بێت لەوەی لە بەندەكانی ٢٩ی حوزەیران هاتووە[4].

لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٦٩ سەرهەنگی روكن (تاهیر توفیق) ی فەرماندەی لیوای دووی پیادە گەیشتە رواندز و داوای لە یوسف میران ی هاوڕێی كرد كەوا (لەسەر پشكی هەولێر ئەندامی مەكتەبی جێبەجێكاری ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كورد) بوو، بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە لای بارزانی، بەم شێوە لە گوندی رایات ی ناوچەی باڵەك بە یاوەری یوسف میران چاوی بە بارزانی كەوت و بۆ مەبەستی وەستانی شەڕ و گفتوگۆكردن بۆ گەیشتن بە رێگاچارەی ئاشتیانە، بارزانی داوای لێكرد بۆچوونی ئەو

---

(١) ماریون فاروق سلوغت وبیتر سلوغت، المصدر السابق، ص١٧٨.

(٢) مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی، لە شارۆچكەی حەدیسە لەدایك بووە، خوێندنی ئامادەیی لە ١٩٥٨-١٩٥٩ تەواو كردووە، لە توركیا بەشی ماتماتیكی تەواو كردووە، ساڵی ١٩٦٨ دوای كودەتای بەعسی دووەم، ناوبراو یەكێك بووە لە كادیرەكانی حیزبی بەعس، پۆستی وەزارەتی ئابوری پاشان وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٢ سەرۆكایەتی شاندی عێراقی كردووە بۆ دانوستان لەگەڵ كۆمپانیا نەوتییەكان تا بە خۆماڵی كردنی نەوت كۆتایی هات، باڵیۆزی عێراق بووە لە زۆر وڵات، تا لە كۆنگرەی باڵیۆزان لە بەغدا ساڵی ١٩٧٩ دەستگیر كرا و ساڵی ١٩٨١ تەرمەكەیان دایەوە.

(٣) شكیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٦١.

(٤) المصدر نفسه، ص ص٢٦٢-٢٦٣.

بگەیەنێتە بەرپرسانی بەغدا و پێی ڕاگەیاند:" برایەکی گەورە و برایەکی بچووك دەتوانن لە ماڵێکدا بژین و ئێمە دەبینە برا بچووکەکە"[١].

لەلایەکی دیکەوە کاتێك نوێنەری شۆڕشی کورد (دارا تۆفیق) لە بەیروت چاوی بە میشیل عەفلەق (١٩١٠-١٩٨٩)ی ئەمینداری گشتی پارتی بەعسەوە کەوت، عەفلەق ئارەزووی پارتەکەی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ڕێگای ئاشتیانە نیشان دا[٢].

سەرکردایەتی هەرێمی حیزبی بەعس لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد و کۆتایی هاتنی شەڕ هەوڵی دا بیر و ڕای کەسایەتیەکانی شارەکانی کوردستان و خەڵکی ناوچەکە بزانێ، بۆیە شاندێکی لە بەغداوە نارده کوردستان بە سەرۆکایەتی مورتەزا حەدیسی و فەریق سەعدون غێدان بۆ ئەوەی ڕای خەڵکەکە بزانن، ئەوان هاتنە شاری هەولێر و شاندەکە لە بالەخانەی پارێزگا و لە ژووری پارێزگار لەگەڵ کەسایەتییەکانی شاری هەولێر کۆبوونەوە، کەسایەتی هەولێر ئیسماعیل یەعقوبی (پارێزەر) بوێر و ڕاشکاوانە ئەوەی خستە ڕوو، پرسی کورد و کوشتار و شەڕ بە کۆتا نایێت ئەگەر دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد نەکەن، چونکە بوونی شۆڕشگێڕە کوردەکانی شاخ و فەرامۆشکردنی داواکانیان واتە بەردەوامبوونی کوشتار، بۆیە ڕەوشەکە پێویستی بە دانوستان لەگەڵ ئەوان هەیە نەك خەڵکانی دیکە[٣].

بێگومان ئەو هەڵوێستە نیشانەی دڵسۆزی و بوێری و جوامێری کەسایەتی و دەستەبژێرەکانی ئەو شارەکە دەگەیەنێ.

دوای ئەوە شاندەکە سەردانی شاری سلێمانی کرد لەوێش پیاو ماقوڵانی شارەکە بوێرانە هەمان هەڵوێستیان نواند[٤].

شیاوی باسە لەو ماوەیەدا لە نێوان مانگەکانی ئەیلولی ١٩٦٩ تا کانونی دووەمی ١٩٧٠ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەت هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەیان دژی شۆڕشی کورد و سوکایەتی پێکردن وەستاندبوو، چیتر ڕۆژنامەکان ناوی بزووتنەوەکەیان بە "چەکدارە خۆفرۆشەکانی ئیمپریالیزم" ناوزەند نەدەکرد و چیتر ناوی بارزانیان بە "دەربەگێکی ستەمکار و مەرگ چێن لە باکوور" نەدەهێنا[٥]، بەڵکو بەرە بەرە

---

(١) دیدار لەگەڵ شەکیب عقراوی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٧ لە هەولێر.

(٢) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص١٩٠؛ جەمال نەبەز، کوردستان و...، ل١٩٤.

(٣) شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٦٢.

(٤) بە هەمان شێوە لە شاری سلێمانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس بوێرانە بە شاندەگەی گوتبوو ئێوە بە خۆڕایی خۆتان ماندوو دەکەن، نە ئێمە و نە جاشە جۆراوجۆرەکان هیچ لایەکمان نوێنەری گەلی کوردن نین، نوێنەری گەلی کورد بارزانی و جەنگاوەرەکانییەتی، ئەگەر لە ڕێککەوتن دەگەڕێن بڕۆنە لای بارزانی قسەی کۆتایی لای بارزانییە. بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی...، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٢٤؛ شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٦٣.

(٥) عصمت شریف وانلی، المصدر السابق، ص٤٥٩.

رۆژنامە فەرمییەکانی وەك (الثورة) و(الجمهورية) لە مانشێتەکانی رووپەڕی رۆژنامەکان وەسفی بزووتنەوەی کوردیان بە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی عێراقی دەکرد[١].

هاوکات حیزبی بەعس لە راگەیاندن و ئۆرگانەکانی خۆیدا چارەسەری پرسی کوردی خستبووە روو، رۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی فەرمی حیزبی بەعس لە عێراقدا لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ لە مانشێتی سەرەکی رۆژنامەکەدا هاتووە: "پرسی کورد پرسێکی رزگاریخوازی نیشتمانییە، بزووتنەوەی کوردی بزووتنەوەییێکی پێشکەوتوخوازی سروشتتیە و هاوتەریبە لەگەڵ گیانی ئازادیخوازانە لەم سەردەمەدا، گەلی کورد خۆی بینییەوە دابەشکراوە لە نێوان میللەتانی تر و هاوبەشی گەلی عەرەب بوون، لە نەهامەتییەکانی بەسەریان هاتووە ..." [٢].

لە ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ شاندێکی حکومەتی عێراق هاتنە کوردستان و سەردانی بارزانیان کرد[٣]، توێژەرێکی ئاگادار لە رەوشەکە دەڵێت:"بە گوێرەی ئەو دەنگ باسە نافەرمییانەی گەیشتە دەستمان لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ حکومەتی عێراق شاندێکی بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریف[٤] بۆ کوردستان ناردووە و گفتوگۆکراوە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- فەرامۆشکردنی پرۆژەی بەزاز.
٢- دانانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.
٣- لە ناوبردنی پێکهاتە چەکدارییە بەکرێگیراوەکانی سەر بە حکومەتی بەغدا.
٤- ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان.
٥- بونیاتنانی ئازادییە دیموکراسیەکان و ئازادی پارتە سیاسییەکان.
٦- گۆڕینی حکومەتی ناوەندی بە دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش کە نوێنەرایەتی هەموو پارتە سەرەکییە سیاسییەکان بکات، لە نێوانیاندا پارتی دیموکراتی کوردستان.پێویستە حیزبی بەعس سنوورێك بۆ دیکتاتۆریەتی سەربازی دابنێ و دامەزراندنی عەزیز شەریف بەوەزیری داد لە بەغدا بە هەنگاوێك دادەنرێ لەم ئاراستەیەدا"[٥].

---

(١) حبيب تومي، البارزاني مصطفى قائد من هذا العصر، دار اراس، اربيل، ٢٠١٢، ص٥٨٦.

(٢) عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص٤٥٩.

(٣) شاندەکە پێکهاتبوو لە: عەبدولخالیق سامەرایی، تاریق عەزیز، عەزیز شەریف و فوئاد عارف. بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٤) عەزیز شەریف ساڵی ١٩٠٤ لە شارۆچکەی عانەی سەر بە پارێزگای ئەنبار لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی کۆلیژی ماف ساڵی ١٩٣١ بووەتە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراق،چەندین جار بە هۆی بیروباوەڕی چەپڕەوییەوە لە سەردەمی پادشایەتی زیندانی کراوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ سەرۆکی رێکخراوی ئاشتیخوازان و لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو سکرتێری گشتی رێکخراوی ئاشتی و هەماهەنگی عێراقی بووە، هاوکات دۆستی گەلی کورد بووە، ساڵی ١٩٦٩ بووەتە وەزیری دادی عێراق، هەروەها هەڵگری خەڵاتی لینین بووە بۆ ئاشتی، لە ٢١ی نیسانی ١٩٩٠ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەغدید حاجی، عەزیز شەریف و کورد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل٢١-٧٦.

(٥) عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص ص٤٦٠-٤٦١.

شاندەکە نامەیەکی سەرکۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر)یان گەیاندە دەست بارزانی و لە بەشێکی نامەکە هاتبوو:**"لەو بارودۆخەدا دڵی ملیۆنان رۆڵەکانی گەلی عێراقمان و گەلانی خەباتگێڕی سەر زەوی، بە هیوایەکی گەورەوە چاویان بڕیوەتە ئەو دانوستانەی نێوانمان...پێویستە متمانە بگەڕێتەوە تا عەرەب و کورد، وەك دوو میللەتی دۆست و برا لە ژێر سایە و چوارچێوەی یەك نیشتمان تێبکۆشین و بژین"**[(١)].

دوای بینینی بارزانی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، لە گەڕی دانوستانەکەدا، شاندەکە داوای ئازادکردنی ئەفسەر و فڕۆکەوانێکیان کرد کە کەوتبووە دەستی پێشمەرگەوە، ئەو فڕۆکەوانەی لەو کاتەی بۆمبابارانی هێزەکانی پێشمەرگەی لە چیای سەفین دەکرد، فڕۆکەکە بە دەستی سەرلق عەریف ئەبوزێد لەلایەن هێزی دەشتی هەولێر، لە گوندی نازەنین خرایە خوارەوە، ئەفسەرە فڕۆکەوانەکە ناوی (حەمید رەشید) بوو، دوای ئەوەی توانی بە پەڕەشوت دابەزێت و لە یەکێك لە گوندەکانی نازەنینی سەر بە قەزای کۆیە بگیرسێتەوە، کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[(٢)].

پاشان فڕۆکەوانەکە بە ساغی دەستگیر کرا، رەوانەی بەندیخانەی گوندی(خەلان)ی نزیك سنووری حاجی ئۆمەران کرا، لەوێ بە شێوەیەکی تەواو مرۆڤدۆستانە مامەمەڵەی لەگەڵ کرا بارزانی بۆ نیشاندانی نیازپاکی و پتربوونی متمانەی نێوان دوولایەنەکە بڕیاری ئازادکردنی دا، خۆی و ئەفسەرێکی دیکەی سەربازی بەناوی (غەفار؟) ئازاد کران[(٣)]، ئەندامانی شاندی دانوستانکاری بەغدا گەڕانەوە و سوپاسنامەیان بۆ بارزانی نارد[(٤)].

جێگای باسە لەو ماوەیەدا شاندی کوردی هەوڵی دا، لە دانوستانەکان حیزبی شیوعی عێراقی بەشدار بێت، بەڵام حکومەتی بەعس ئەوەی بە تەواوی رەتکردەوە، عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی لە نامەیەکیدا بۆ بارزانی ناردووە تێیدا دەڵێت:**"نامانەوێ رەتکردنەوەی بەشداری کردنی ئێمە لە دانوستانەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە لە نێوانتان، سوور و پێداگر مەبن، ئێمە متمانەمان بە ئێوە هەیە سازش ناکەن بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق و گەلی کورد، ئێوە نوێنەرمان بن لە دانوستانەکەدا"**[(٥)].

دەکرێت بڵێین لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٠ هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەگەڵ هەوراز و نشێو و پێشهاتەکاندا، بە شێوەیەی گشتی لە مەسەلە ستراتیژیەکاندا لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی خۆیان هەماهەنگ بووە، دوابەدوای ئەو هەڵوێستەی حیزبی ناوبراو رێڕەوی دانوستانەکە بە ئاسایی دەڕۆیشت.

---

(١) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوە...، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٢٧٤.

(٢) شكيب عقراوي، المصدر السابق، ص٢٦٧.

(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدئەمین تەها خۆشناو رۆژی ٢٠١٤/٣/٣ لە هەولێر، لە وێنەیەکدا فڕۆکەوانەکە لەگەڵ ئەفسەرێکی دیکە لە کاتی دەستبەسەریدا لە بەندیخانەی خەلان ئازاد و سەربەست دەردەکەوێ. بڕوانە پاشکۆ ژمارە (١٩).

(٤) شكيب عقراوى، المصدر السابق، ص٢٦٧.

(٥) حبيب تومى، المصدر السابق، ٥٩٢.

لەو میانەدا سەردان و سەردانی بەرانبەر بەردەوامی هەبوو، لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ شاندێکی شۆڕش کە پێکهاتبوو لە: (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، مەحمود عوسمان، سامی عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق، نافیز جەلال، موحسین دزەیی و ساڵح یوسفی) سەردانی بەغدایان کرد، دوای سێ رۆژ گفتوگۆکردن توشی هەندێ گرفت هاتبوون لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و چارەنوسی چەکدارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی لایەنگری حکومەت[١].

جێگای باسە بۆ ئاساییکردنەوەی رەوتی دانوستانەکان سەدام حوسێن لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ بارزانی کەوتە وتووێژ[٢].

دوابەدوای ئەوە حەردان تکریتی وەزیری بەرگری رایگەیاند گفتوگۆکان ئامانجی خۆیان پێکاوە، دان بە ناسنامەی نەتەوەیی کوردیدا دەنێین، هەر لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا ئەم راگەیەنراوە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لە رۆژنامە جیهانییەکان دایەوە، لە ٢٩ی هەمان مانگدا یەڤگینی پریماکۆف[٣]ی پەیامنێر لەرۆژنامەی پراڤدای سۆڤیەتی لە بەغدا ئاماژەی بەپەرەسەندنە ئەرێنییەکانی دانوستانەکان کردووە و ئومێدی خستۆتە روو شەڕی براکان بە کۆتا دێت، کەوا هەزاران کەسی تێدابووە قوربانی و حکومەتیش تێیدا بە بڕی (٦٠٠)ملیۆن دینار کە دەکاتە (١,٦) ملیار دۆلار زەرەرمەند بووە[٤].

لە ٢٥ی شوباتی ١٩٧٠ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس روونی کردەوە کە دان بە بەندەکانی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دادەنێت و هاوکات لێخۆشبوونی گشتی بۆ ئەو مەدەنی و سەربازییانەی لە رووداوەکانی باکووردا بەشداربوون دەرکرد[٥].

جێگای ئاماژەیە سەرانی بەعس گەیشتنە ئەو راستییەی کاتی ئەوە هاتووە قەناعەت بەخۆیان بێنن و چیتر شەرم لەوە نەکەن بە گەلانی عێراق بڵێن: بارزانی و بزاڤەکەی نوێنەری راستەقینەی کوردن[٦] هەر بۆیە بەعسییەکان بڕیاریان دا بێباکانە وازیان لە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دۆستی خۆیان هێنا و دانوستانیان لەگەڵ بارزانی پەسەند کرد[٧].

---

(١) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.

(٣) ساڵی ١٩٢٩ لە شاری کیف لە ئۆکرانیا دایك بووە، لە شاری تبلیس ی جۆرجیا ژیاوە، لە بواری رۆژنامەوانی و سیاسەت کاری کردووە، لە مۆسکۆ خوێندویەتی، چەندین پۆستی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات وەرگرتووە، وەکو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و وەزیری دەرەوە و لە ماوەی ١١ی ئەیلولی ١٩٩٨تا ١٢ی مایسی ١٩٩٩سەرۆك وەزیران بووە،ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکە ئەلکترۆنیە:

http://www.britannica.com/biography/yevgeny-primakov

(٤) عصمت شريف وانلی،المصدر السابق، ص٤٦١.

(٥) جەمال نەبەز، کوردستان و...، ل١٩٤.

(٦) دیدار لەگەڵ هەریەك لە: خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر؛ محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام؛ عەلی رەسول رۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر.

(٧) مايكل ام غينتر، كورد العراق الام واﻣﺎل، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٢، ص٤٥.

دیاره هۆكاری ئەو جۆرە نەرمی نواندنەوە لەلایەن حیزبی بەعسەوە لە لایەك بۆ سەركەوتنە مەزنەكانی شۆڕشی كورد لە هەموو بەرەكاندا و بەتایبەتیش لە لیوای هەولێر و دەشتی هەولێر دەگەڕێتەوە، كە وەكو ئاماژەمان پێكرد تا ئاستێكی زۆر حكومەتی توشی دڵەڕاوكێ كردبوو، لە لایكی ترەوە پێویستی قۆناغەكە بۆ حكومەت و سەرەتایەكی نوێ بۆ دانوستانەكان هاتبووە كایەوە.

تەنانەت لە بەرەكانی بادینانانیش حكومەت دوچاری هەمان چارەنوس و شكست هاتەوە، لە ناوچەكانی سۆرانیش چەندین فیرقە و چەكدارە بەكرێگیراوەكان توشی تێكشان هاتنەوە[1].

جێگای ئاماژە پێكردنە لە ٢ی ئازاری ١٩٧٠ حكومەتی عێراق لە پڕ راگەیاندراوێكی سەبارەت بە كۆتایی هاتن و نەمانی گفتوگۆ دەركرد، باڵی مەكتەبی سیاسیی لایەنگری حكومەت لە هەموو لایەكەوە كەوتنە بەرزكردنەوەی دەنگی ناڕەزایی بەرانبەر بارزانی و تاوانباركردنی بە پیاوی ئیمپریالیزم، رۆژی دواتر شێخ لەتیف شێخ سادق كە لێپرسراوی سیاسیی باڵەكە بوو لە هەولێر، بە دروستكردنی خۆپیشاندانێك هەلسا و لە پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بە بڵندگۆ هاواری دەكرد:" **بارزانی پیاوی شا و ئیمپریالیزمە، ئیستفادەی لەو دەرفەتە نەكرد كە حكومەتی نیشتمانی حیزبی بەعس بۆ هاتنە ناو ریزی نیشتمانی پێی دا، گفتو گۆ بە نەتیجە نەگەیشت، شەڕی ئەمجارە شەڕی لەناوبردنی بارزانی و دارودەستەكەیەتی...**" [2].

دەكرێ لێرەدا ئەوە بخوێنینەوە، رێككەوتنی شۆڕشی كورد و حكومەت، بە مانای پەراوێزخستن و كۆتایی هاتنی رۆڵی باڵی مەكتەبی سیاسی دەهات، چونكە رەوتی دانوستانەكان بێ راوپرسی ئەوان بەرێوەدەچوو، لە كاتێكدا ئەوانیش خۆیان بە باڵێكی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردی دادەنا و لەو باوەڕەدانەبوون لە گەمەیەكی سیاسیی و خولی دانوستانەكاندا بەعس فەرامۆشیان بكات و بە ئاسانی بدۆڕێن، بۆیە ئاساییە ئەگەر بڵێین خۆپیشاندانەكە بۆ خەمی رێككەوتنەكە نەبووە، هێندەی بۆ خەمی لە دەستدانی پێگەی خۆیان بووە لە نێوەندە جەماوەری و سیاسییەكاندا.

لەگەڵ ئەوەی باڵی ناوبراو تەواوی چارەنوسی خۆیان بە چارەنوسی حكومەتی بەعسەوە بەستبۆوە، لە هاوكاریكردنی حكومەت درێغیان نەكرد، هاوكات لە سەرەتای گەڕانەوەی بەعسییەكان ئەو باڵەیان وەكو كارتی فشار دژی شۆڕشی كورد بەكارهێنا، ئەوان بێئاگایانە لە هەر دەرفەتێكدا بۆ دژایەتی كردنی شۆڕشی كورد خۆپیشاندانیان لە شاری هەولێر دەكرد، تەنانەت پێشتریش لە گەرمەی شەڕەكاندا، لە شاری هەولێر خۆپیشاندانیان دەكرد دژی لێدانی پێشمەرگە لە دامودەزگاكانی حكومەت و بیرەنەوتییەكان وێستگەی كارەبای هەولێر و چەند بۆنەیەكی تر گردبوونەوەیان دەكرد[3].

دوای ئەوەی لە گەرمە و دواساتەكانی دانوستانەكاندا، حەمەدەمین فەرەجی پارێزگار لادرا، شاندێك بۆ بینینی بارزانی لە ٨ی ئازاری ١٩٧٠ گەیشتنە ناوچەی قەڵەمڕەوی سەركردایەتی كورد، كە پێكهاتبوون

---

(١) عصمت شريف وانلی، المصدر السابق، ص٤٦٠.

(٢) بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پیشوو، ل٢٥٥.

(٣) دیدار لەگەڵ بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر.

**لە خالید عەبدولحەلیم (پارێزگاری نوێ) بە یاوەری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، سەردانەکە هەولێکی ڕێگاخۆشکەر بوو، بۆ هاتنی سەدام حوسێن، ئەوە بوو لە ٩ی ئازار سەدام بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنامەکە گەیشتە ناوپردان[١].**

**دوای هاتنی سەدام حوسێن، جەماوەری کوردستان و دانیشتوانی شاری هەولێر ئاگاداری ڕەوتی دانوستانەکان نەبوون، کاتێك بارزانی لە ٩ی ئازاری ١٩٧٠ بروسکەی بۆ مانەوەی شاندەکەی خۆی کرد و بووە هۆی سەرسوڕمانی خودی شاندەکە و تەواوی خەڵکی کوردستان و باڵی مەکتەبی سیاسی ناو شاری هەولێر[٢].**

**شایەنی ئاماژەیە دانیشتوانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی ڕاگەیەنراوی ڕێککەوتنامەکەدا بوون، چەند کاتژمێرێك بەر لەواژۆکردنی ڕێککەوتنامەکە بە ئامادەبوونی موحسین دزەیی، بارزانی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و شاندی دانوستانکاری کوردی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندندن و گوتی:" من ڕازی نیم و باوەڕ و متمانەم بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس نییە، بەڵام لەبەر دووشت ڕەتی ناکەمەوە، یەك: ئێوە هەموو ڕازین و دواتر دەڵێن: ڕای خۆی سەپاند، دوو: یەکەمجارە حکومەت بەفەرمی دانی بە ئۆتۆنۆمی ناوە، من ڕازی نەبم دەڵێن: بارزانی نەیهێشت کورد ئۆتۆنۆمی پێبدرێ، لە بەرئەوە دووبارەی دەکەمەوە من متمانەم بە بەعس نییە"[٣].**

**دوای کۆبوونەوەکە بەرای زۆرینە شاندی کوردی لەگەڵ شاندی بەغدا، لە کاتژمێر ٢٣:٣٠ خولەکی ١١/١٠ی ئازاری ١٩٧٠ بە سەرۆکایەتی بارزانی و سەدام حوسێن لەسەر ڕێککەوتنامەکە واژۆیان کرد، بۆ بەیانی سەدام حوسێن بە یاوەری شاندی کوردی کە پێك هاتبوو لە هەریەك لە: دکتۆر مەحمود عوسمان، ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، ساڵح یوسفی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان(سامی)، نوری شاوەیس، موحسین دزەیی، نافیز جەلال و دارا تۆفیق بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکان چوونە بەغدا، سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر لە ئێزگەی بەغدا وتار و بەیاننامەکەی خوێندەوە بروسکەی پشتگیری بارزانیش لەلایەن مەحمود عوسمان خوێندرایەوە[٤].**

**ئیتر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەکە لە تەواوی شارەکانی عێراق بە گشتی لە شاری بەغدا خەڵکەکە باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد ئەلبەکر لە بەردەم کامیرای تەلەفزیۆندا باوەشی بە هەردوو کوڕەکەی بارزانی (ئیدریس و مەسعود) کرد و ماچی کردن، ئەو بارزانییەی چەند ڕۆژێك بەر لە ڕێککەوتنەکە پارەیەکی خەیاڵی تەرخان کردبوو بۆ هەر کەسێك بە زیندوویی یان بە مردوویی ڕادەستی حکومەتی بکات[٥].**

---

(١) شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٦٩.

(٢) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

(٣) دیدار لەگەڵ موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر.

(٤) شکیب عقراوی، المصدر السابق، ص٢٦٩.

(٥) گوینتەر دێشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

لە باشووری کوردستانیش ئەو ڕۆژە بووە ئاهەنگ گێڕان و خەڵك تا بەرەبەیان لە شەقامەکانی شاری هەولێر و گۆڕەپانەکاندا خەریکی شایی و هەڵپەڕکێ و بەخشینی شیرنەمەنی و شیرینی بوون و لە کۆڵانەکانی شار زوڕنا ژەنین و دەهۆڵ کوتان بوو، تا ڕۆژی نەورۆز هەڵپەرکێ و ئاهەنگ لە تەواوی کوچە و کۆڵان و گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەردەوامی هەبوو[1].

بەمشێوەیە قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دەستی پێکرد، شاری هەولێریش لەو ماوەیەدا دەستی بە گەشەسەندن کرد لە هەموو بوارەکاندا، ئەو ماوەیە بووە وێستگەیەکی گرنگ تێیدا بەرهەمی خەباتی شۆڕشگێڕانە هاتەبەر و نەتەوەی کورد بە قۆناغێکی راگوزەری تێپەڕی، بۆ یەکەم جار حکومەت ناچار بوو لە چوارچێوەی عێراقدا دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دابنێ، لەگەڵ هەموو کەم و کوڕییەکانی ئەو رێکەوتنامەیە، بەلأم وەکو دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی گرنگ کەوتە نێو ئەرشیفی مێژووی عێراق و بزاڤی رزگاریخوازی کورد.

(۱) بۆ زانیاری دەربارەی ئەو قۆناغەی مێژووی سیاسیی شاری هەولێر بڕوانە: نەجمەدین عەبدولا ئیسماعیل، بارودۆخی سیاسیی شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی(۱۹۷۰-۱۹۷۹) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەیەکە (بلاّونەکراوە) پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلیژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە، ۲۰۱٤، ل ۲۸ بەدوواوە.

# ئه‌نجـــام

# ئەنجام

لە ئاکامی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

لە شارەکەدا هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان و جەماوەرییەکان، بەرانبەر کودەتای یەکەمی بەعس جیاوازبووە، لیوای هەولێر بە تەواوی یەکە کارگێڕییەکانییەوە، لە هەندێ گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر بەشێك لە جەماوەر و ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بە مەبەستی پێشگرتن و بەرپەچدانەوەی کودەتای یەکەمی بەعس ڕژانە سەر شەقامەکان و بێ جوڵە شارەکەیان چۆڵ نەکرد، بەڵکو توانیان بەشێك لە ڕێکخستنەکان بە چەکەوە بهێنێتە سەر شەقام، هاوکات بەشێك لەجەماوەری جیابیر خۆویستانە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تێکەڵی پەرچەکردارەکە بوون، لە گەڕەکی سەیداوە پێك پژانێك روویدا، جگە لە ناو شارەکە کاردانەوەکە هەندێك یەکەی کارگێڕی سنووری لیواکەشی گرتەوە، لە هەریەك لە ناحیەی عەینکاوە و قەزای شەقلاوە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی هەوڵی داگیرکردنی بنکە و بارەگاکانی پۆلیسیان دا، سەرەنجام کۆمەڵێك کەس لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستگیرکران و هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو، لە کاتێکدا شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراق ئاسایی رۆیشت، واتە هەولێر لە پاڵ شارەکانی بەغدا و بەسرا هەوڵێکی بەرگریکردن لە ئارادابوو، هاوکات بە شێوەیەکی گشتی لە سەر ئاستی جەماوەری خەڵکی شارەکە بە هاتنی دەسەڵاتی نوێ خۆشبین نەبوون، تەنها ئەوانە نەبن لەسەردەمی پێشوو زەرەرمەند بوون، دوای شکستەکە حیزبی شیوعی عێراقی توانیان لە ناوچەکانی سنووری لیوای هەولێر پاشماوەی هێزەکانیان کۆبکەنەوە و دووبارە ڕێکخستنەکانیان کارابکەنەوە، بڕیاری داڵدەنانی شیوعییەکان لە لایەن بارزانییەوە، کاریگەری ئەرێنی بۆ حیزبی ناوبراو لێکەوتەوە.

شارەکە یەکێك بووە لەو شارانەی باشووری کوردستان، ڕاستەوخۆ دوای کودەتا ئازار و ئەشکەنجەی زۆری بە دەستی ڕێکخراوی حەرەس قەومییەکان بینی، بەشێکی کەمی پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە چوونە ناو ڕێکخراوی ناوبراوەوە، هاوکات دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دانوستانەکان، لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا بەهۆی دڕندەیی و فراوانی هەڵمەت و لەشکرکێشییەکەی حکومەت و پێگەی جوگرافی و دەشتایی رووبەرێکی بەرفراوانی لیواکە و هاوسنووری لەگەڵ هۆزە عەرەبە چەکدارەکانی سەر بە حکومەت، زۆرترین زیانی گیانی و ماددی بەرکەوتووە، سەرەنجام زەمینەیەکی لەبار بۆ کردەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی دەشتی هەولێر رەخساوە و پرۆسەکەش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو لە دوای کودەتای یەکەمی بەعسەوە دەستی پێکردووە، لە بەرانبەر سنووری واڵای دەشتایی شارەکە، دیوەکەی دیکەی شارەکە بەهۆی بوونی سەنگەری سروشتی و قایمی چیای سەفین هەمیشە لەوێوە بەرگری پێشمەرگە و سەرکەوتنەکان تۆمارکراوە و بووەتە هۆی شکستی بەردەوامی هێزەکانی حکومەت، هاوکات چیای هەندرێن وەکو بەربەست ڕێگای بە پێشڕەویەکان گرتووە و بنکەی بڕیاری سیاسیی پاراستووە و رۆڵی پارسەنگی بینیووە لە یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکان بۆ بەرژەوەندی شۆڕشی کورد.

دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، کاریگەری نەرێنی کردە سەر شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان و کاردانەوەی لە هەموو شارەکاندا هەبوو، شاری هەولێر و سنووری لیواکەش لە کاریگەری لەتبوونەکەدا بێبەش نەبوو، سەرەتا ژمارەیەك لە کادیرانی رێکخستنەکانی پارتی لە شارەکە سەنگەری شاخیان جێهێشت و هاتنەوە شارەکە و نیشتەجێبوون، پێشمەرگەکانیش بوونە دوو بەش، بەڵام پێشمەرگە بەرێژەیەکی کەمتر لە ریزی باڵی مەکتەبی سیاسی مانەوە، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە پێشمەرگە پاڵپشتی باڵی بارزانی بوو، بەشێکیش لە رێکخستنەکان و رۆشنبیران سەرەتا هاوسۆزی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو، بەڵام دوای ئەوەی باڵی جیابووەوە پەیوەندی بە حکومەت کرد، لە رووی جەماوەرییەوە باڵەکە رووی لە کزی کرد و زۆرینەی دانیشتوانی شاری هەولێر لایەنگر و هاوسۆزی شاخ بوون و سەرکردایەتی شاخیان بە نوێنەری راستەقینەی خۆیان زانیوە، لەو سۆنگەیەوە بوو پێشمەرگەکانی ناوخۆ، بە هۆی چاوساغی و هاوکاری بەردەوامی دانیشتوانەکەی و پابەندییان بە رێکخستنەکانەوە، بە ئاسانی چالاکییەکانییان لەناو شارەکە بە ئەنجام گەیاندووە، بە داخەوە ئەنجامی کەرتبوونەکە جگە لە شەڕی ناوخۆ، کردەی خافڵکوژی لە ناو شارەکە لە لایەن هەردوو لادا لێکەوتەوە و بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە بەردەوامی هەبوو، هاوکات زۆرینەی دانیشتوانی شاری هەولێر دڵیان لەگەڵ شۆڕشگێرانی شاخ بووە .

لە کاتی دانوستاندا بە هۆی بوونی پایتەختی شۆڕشی کورد لە گەلاڵەی سەر بە سنووری لیوای هەولێر، شارەکە رۆڵی وێستگەی بەیەکگەیشتنی بەرپرسانی نوێنەرانی شۆڕشی کورد و حکومەتی بینیوە، لە ماوەی دانوستانەکاندا (بەغدا- هەولێر- گەلاڵە) سێکوچکەی بەردەوامی دەرچوون و هاتووچۆ و بەیەکگەیشتنی شاندەکان بووە، لە زۆربەی گفتوگۆکانیشدا هەندێ لە کەسایەتییە نیشتمانییەکانی شارەکە کە نیشتەجێی بەغدا بوون، رۆڵی کاریگەرییان لە ئاستی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان و ناوبژیوانی نێوان شۆڕش و دەسەڵات گێڕاوە و جێگای متمانەی هەردوو لایەن بوون، جوامێرانە ئەرکەکانیان بە جێگەیاندووە، بێ ئەوەی ناپاکی لە داخوازی رەوا و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد بکەن.

پێشمەرگەکانی ناوخۆ بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول بە هۆی هاوسۆزی دانیشتوانی شاری هەولێر، بە ئاسانی چالاکییەکان ئەنجامداوە، لیواکە بەتەواوی یەکە کارگێرییەکانەوە، شانۆی زۆرترین چالاکی پێشمەرگە و شەڕەکان بووە، هێزەکانی هەولێر بە تایبەتی (دەشتی هەولێر و سەفین و بارزان)ی سەر بە هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان، رۆڵی گەورەییان هەبووە لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، نەك تەنها لە سنووری لیواکەدا، بەڵکو لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا، چونکە سروشتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان نیشتمانی بووە، بە تایبەتی لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك دا، بەشێکی گەورەی فشاری سەربازی لە لایەن ئەو هێزانەوە خرابووە سەر توانا سوپاییەکانی حکومەت و جێگای ئومێدی شۆڕش بوون.

حیزبی شیوعی دوای ئەوەی لە ئەنجامی کوەتای یەکەمی بەعس روویان کردە ناوچە رزگارکراوەکان، لە زۆربەی شەڕەکاندا لە پاڵ لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەشداربوون، هاوکات لە هەمبەر پێشهاتە سیاسییەکان و کەرتبوونەکەدا پاڵپشتی بارزانی و شۆڕشی کورد بوون و بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە هەڵوێستییان بەرانبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئەرێنی بووە، هەولێرییەکانیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەو ماوەیە، رۆڵی گەورەیان بینییوە لە رەنگرێژکردنی سیاسەتی حیزبەکە و سەرکردایەتی کردنی.

سنووری لیوای هەولێر بەشێکی گەورەی شانۆی شەڕو پێکدادانەکان بووە، بە تایبەتی دووای کودەتای دووەمی بەعس، پێشمەرگەکانی ئەو شارە بەشداری کارایان لە خۆڕاگری و ملکەچ پێکردنی حکومەتی عێراق هەبووە، لە هەمان کاتدا، هەندێك لە کەسایەتییە سیاسییەکانی شارەکە، بە هۆی لێهاتوویی و دڵسۆزیان بۆ شۆڕش، ببوونە جێگەی متمانەی بارزانی و رۆڵی چالاکییان لە ئەرکەکانیان گێڕاوە لە لیژنەکانی پەیوەست بە دانوستانەکان و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، هاوکات بۆ نوێنەرایەتی کردن و بەشداری کردنی کابینەکانی حکومەت، هەولێرییەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە، بە تایبەت دوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان، ئەو رۆڵە فراوانتر دەبێت و لە دانوستانەکانیشدا پێگەیان زیاتر دەردەکەوێ، چ لە رووی دروستکردنی پەیوەندییەکان و یا لە رووی دیپلۆماسیدا.

# لیستی سەرچاوەکان

## ليستی سەرچاوەكان

❖ **بەڵگەنامەكان:**

**بەڵگەنامە بڵاونەكراوەكان لە (دار الكتب والوثائق الوطنية)خانەی كتێب و بەڵگەنامـەكانی نیشتمانی (عێراقی) و ئەرشیفی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی.**

**١ - بەزمانی عەرەبی:**


- د.ك.و، رئاسة اركان الجيش، دائرة الأركان العامة، مديرية الإستخبارات العسكرية، سري للغاية، الموضوع: التقرير اليومي لضابط خفر الإستخبارات العسكرية ليوم ١٩٦٩/٢/٣.
- د.ك،و، ملفات وزارة الداخلية، العنوان: الإستخبارات، دائرة: سري وشخصي، رقم الإضبارة: ١٥٤٧٣(١) لسنة ١٩٦٩.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري للغاية، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٥/٢٩.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص ١٩٦٩/٦/٥.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص ١٠حزيران ١٩٦٩.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية، الشعبة الثانية، سري وشخصي، الموضوع: تقرير خاص٢٣/٦/١٩٦٩.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية-الشعبة الثانية، تقرير خاص، سري وشخصي، ٧اب ١٩٦٩.
- د.ك.و، الوحدة الوثائقية، وزارة العدل، رئاسة الإدعاء العام، رقم الوثيقة م.ع ٣٥٩/٦٣/١٩، الموضوع: برقية حاكم العسكرى العام، دعوة إلى نواب المدعي العام كافة لغرض التحقيق، تاريخ ١٩٦٣/٢/٢٣.
- د.ك.و، كتاب متصرفية لواء كركوك إلى وزير الدولة لشؤون أعمار الشمال، الموضوع: قوائم طلبات متضرري حوادث الشمال، المرقم:١٩٧٠، بتاريخ٢٢/١١/١٩٦٤.
- د.ك.و، مديرية الإستخبارات العسكرية، الشعبة الثانبة، سري وشخصى، تقرير خاص، ٧كانون الثانى ١٩٦٩.
- قرار التجريم، صادر عن المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ٣/١٢/١٩٦٣المرقمة٩٦٣/٢، مـن وثـائق الحزب الشيوعى الكردستانى-العراق.
- قرار الحكم، صادر عن المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ١٨/١٢/١٩٦٣المرقمة٦٣/٩٦٣، مـن وثـائق الحزب الشيوعى الكردستانى-العراق.

- م.و.د(ملفات وزارة الداخلية) ، إضبارة الملا مصطفى البارزاني، قيادة الفرقة الثانية/سري، العدد س/١٢٨/ ١١٦١، ٥ نيسان ١٩٦٤ .
- م.و.د، إضبارة الملا مصطفى البارزاني، متصرفية لواء أربيل/ سري وعلى الفور، العدد ٢٠، ٤ كانون الثانى ١٩٦٥، الموضوع إشاعة إختفاء الملا مصطفى البارزانى.
- إنتصارات رائعة للثوار الكردستانيين وإنهزام فلول فرسان الخيانة والإجرام وقوات حكومة البعث أمام ضربات الثوار، مكتب الدعاية والنشر للحزب الديموقراطي الكردستانى، ع:٦، ١٩٦٣/٧/٧.
- بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني، حول الحملة على الخونة، المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٦٧/١٠/٢٠.
- الحزب الديمقراطي الكردستاني (المكتب السياسي)، الوضع الحالي للثورة والواجبات الملقاة على عاتقنا في هذ المرحلة، آذار ١٩٦٨، (د. م)، (د.ت) .

٢ - **بەزمانی ئینگلیزی.**(British National Archive)

- Fco/7/408 confidential British Embassy In Baghdad N.15,24 January1967.

**٣- بەزمانی کوردی**

- پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بڵاوکـراوەی دەنـگ وباسـی پێشـمەرگە، ژمـارە ٥، دەنـگ و باسـی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو ناوچەکاندا لە ٢٧/ ٣/ ١٩٦٢ تاکو ٢٧/ ٤/ ١٩٦٢.
- دەنگ و باسی کوردستان، بڵاوکراوەیەکی دەوریە مانگێ دوجار دەرئەچێت بە کوردی و عـەرەبی لە لایەن لیژنەی پەخش و ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١١، ١٩٦٩/١٢/٩.
- نامەیـەکی دەستنوسـی نـافیز جـەلال، لـە ١٩٦٧/٣/٩ بـۆ بـارزانی نـاردووە، دەربـارەی هەڵوێسـتی موتەسەریف و بەرپرسانی حکومەت بۆ ئاساییبوونەوەی ڕەوشەکە

❖ **چاپکراوی حیزبی و حکومی:**

**١- بەزمانی کوردی**

- بەشـێك لـە ئەرشـیفی گۆڤـاری سـەفین لـە سـەردەمی شـاخدا، بـەرگی یەکـەم، کۆکردنـەوە و ئامادەکردنی لقی دوو – مەکتـەبی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، هـەولێر، ٢٠١٦، ل ل١٥-١٧.
- پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان (مەکتـەبی سیاسـی- مەکتـەبی ناوەنـدی دیراسـات و توێژینـەوە) ، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦-١٩٧٠ .
- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، باڵیۆزی بارزانی لە کۆماری عێراقدا، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ئامادە و سەرپەرشتی کردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی باڵای یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی زنجیرە (١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٢- به زمانی عەرەبی

- أربيل في أربعة اعوام ١٩٦٤-١٩٦٧، بحوث عن الإنجازات والمشاريع الحكومية التى تمت أو تحت الإنشاء في أربيل، جمعها ونظمها جماعة من شباب أربيل.
- ثورة ١٤ تموز في عامها السادس، صدر بإشراف: لجنة الدعاية والنشر لإحتفالات ١٤تموز في وزارة الثقافة والإرشاد، دار الجمهورية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٦٦.
- ثورة ١٧ تموز التجربة والآفاق، التقرير السياسي الصادر عن المؤتمر القطري الثامن لحزب البعث العربي الاشتراكي-القطر العراقي كانون الثاني، بغداد، ١٩٧٤ .
- الحزب الديمقراطي الكوردستانى، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، من منشورات (مركز الدراسات والبحوث المركزي )، أربيل، ١٩٩٧ .
- الإتحاد الديمقراطي الكردستاني-اللجنة التأسيسية، الثورة الكردية ١١ أيلول١٩٦١-٦ آذار١٩٧٥ مشروع البرنامج الوطني، آب١٩٧٧، الطبعة الثانية المعدلة، (د.م)، حزيران ١٩٨٢.
- الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال، من منشورات دار الجمهورية للطباعة والنشر،١٩٦٥.
- القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الأول.
- مجلس قيادة الثورة لكردستان العراق - المكتب التنفيذى، الدستور والقوانين، مطبعة خبات، كوردستان، (د.ت) .
- المجموعة الإحصائية لتسجيل السكان لسنة ١٩٥٧، لوائي الموصل و أربيل، مطبعة الحكومة، ١٩٦٣.
- المنحرفون من الحرس القومي في المد الشعوبي تحت أشعة ١٨تشرين الثاني ١٩٦٣، سلسلة منشورات عربية، ع: ١، بغداد، ١٩٦٤.

❖ کتێبی بەڵگەنامەیی بە:

١- زمانی کوردی:

- شازین هێرش و نزار محەمەد، بەڵگەنامە پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیی و باڵی بارزانی)١٩٦٤-١٩٧٠، بەرگی دووەم، چاپخای ئۆفسێتی شوان، سلێمانی ٢٠٠٣.
- شازین هێرش، بەڵگەنامە (پارتی دیموکراتی کوردستان — عێراق لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٣) ، ب/١،سلێمانی، ٢٠٠٣ .
- شازین هێرش، رێکخراوە دیموکراسی و پیشەیی یەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٨، چ: ٢، چاپخانەی راز، سلێمانی، ٢٠٠١.
- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، ب:١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨.
- وریا رەحمانی، شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣ .

۲-بە زمانی عەرەبی :

- عادل تقي عبد محمد البلداوى، نضال الشعب الكردي وموقع البارزانى في الوثائق العراقية السرية، مطبعة المعارف، بغداد، ۲۰۰۲.
- عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، إتفاقية ١٠ شباط١٩٦٤ الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٣.
- عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية-دراسات ووثائق، تقديم: الإستاذ خليل علي مراد، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٤ .
- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١ .

❖ یاداشتەکان :

۱-زمانی کوردی:

- باکووری، تەمەنێك لە بیرەوەرییەکانی باکووری ساڵی ۱۹۵۷ تاکو مانگی نیسانی ۱۹۷۰، ب/۲، دەزگای ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۸.
- تۆفیقی مەلا سدیق، بیرەوەریەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی و دوورخرانەوەم، سلێمانی، ١٩٩٤ .
- خورشید شێرە، خەبات و خوێن-بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ۲۰۰۸.
- رائد خدر عەبدوڵڵا دەباغ، بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن-کوردستانی عێراق، ب:۲، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۳ .
- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ۱۹٤۳-۱۹۷۷، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ۲۰۰۲.
- سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ۱۹۹۷.
- عبدالستار تاهر شریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ۱۹۳۵-۱۹۷۱، ب: ۱، کەرکوك، ۲۰۰۵.
- عەبدولرەحمان گۆمەشینی، پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم، سلێمانی، ۲۰۰۳.
- عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بەدرخان، هەولێر، ۲۰۰۷.
- عەلی حەسەن مستەفا، خەرمانەی خەبات، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ۲۰۰۳.
- فاتح رەسول، لە کاروانێکی دوورو درێژدا "کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"، چ:۱، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۷.

- فەتاح تۆفیق فەتاح، بیرەوەریەكانی خەباتی مەلا حەسەن حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێكۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
- كاكەمەم بۆتانی، كاكە مەم بۆتانی، كاكە (مەم) یٚكی تر، یاداشت، بەرگی یەكەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- كەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێكۆشان-بیرەوەریەكانی كەریم ئەحمەد، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- مەعد فەیاز، بە شێك لە بیرەوەریەكانی مام جەلال، و: سۆران عەلی، كەركووك، ٢٠٠٩.
- محەمەد مەلا قادر، سەربردە كورتەیەك لە بیرەوەریەكان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٩.
- مستەفا نەریمان، لە بیرەوەرییەكانی ژیانم، بەغداد، ١٩٩٤.
- نەجمەدین مامۆ هەریری، بیرەوەریەكانی نەجمەدین مامۆ هەریری، چاپخانەی رۆژهەلات، كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- ویداد خالیس ئەلقازی، چەند وێستگەیەكی تەمەنم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- زمانی عەرەبی:

- أبو حكمت، مذكرات يوسف حنا يوسف، أربيل، د.ت .
- إحسان شيرزاد، مذكرات الإستاذ الدكتور إحسان شيرزاد مهندسا، أكاديميا ووزيرا، تقديم: كمال مظهر، مطبعة الوطنية، الأردن، ٢٠١١
- بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقى، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠١.
- جلال طالباني، مذكرات، حاوره: غسان شربل، مجلة الوسط، ع٣٥٨، ١٩٩٨/١٢/٧.
- روفائيل بنيامين يوسف، مذكرات الخورى روفائيل بنيامين يوسف ١٩٥٦-٢٠٠٦، عينكاوا، ٢٠٠٦.
- سعيد حمو، مذكرات آمر لواء مشاة، مطبعة التوجيه السياسي، بغداد، ١٩٧٧ .
- عبدالمجيد عبدالرزاق(مام قادر)، مذكرات، مطبعة آزادي، أربيل، ٢٠١٣ .
- فرهاد عونى، ذاكرة الأيام، تقديم:د.عبدالفتاح علي بوتاني، أربيل، ٢٠٠١.
- فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، دهوك، ١٩٩٩ .
- كافي محمد النبوى (العميد الركن) ، سيرة ودور، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل، ٢٠٠١.
- محسن دزەيى، أحداث عاصرتها ١٩٦١-١٩٧٥، الجزء الثانى، دار آراس، أربيل، ٢٠٠٢.
- محسن دزەيى، أحداث عاصرتها، حاوره: طارق إبراهيم شريف، الجزء الأول، دار آراس، أربيل، ٢٠٠١ .
- محمد حديد، مذكراتي الصراع من أجل الديموقراطية في العراق، دار الساقي، لبنان،٢٠٠٦.
- نورى شاويس، من مذكراتى، من منشورات حزب الشعب الديمقراطى الكردستاني، ١٩٨٥.

❖ دەستنوسەکان

١-بە زمانی کوردی

- بارزان مەلا خالید، چەند وێستگەیەك لەژیانی پێشمەرگەیەکدا،(یاداشتێکی چاپنەکراوە لای نوسەر پارێزراوە) .
- حەسەن مستەفا، دەستنوسێکە (دانەیەکی لای توێژەر پارێزراوە) .
- عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، یاداشتەکانم، ب:٣، بڵاونەکراوە، لای نوسەر پارێزراوە.
- مەعروف عومەر سلێمان، دەستنوسێکە لە شێوەی یاداشت لای نوسەر پارێزراوە.
- ئەسعەد خدر قادر گۆمەتاڵی، دەستنوسێکە لای نوسەر پارێزراوە.
- فازیل پیرداود، چمکێك لە بیرەوەریەکان، دەستنوس .

٢-بە زمانی عەرەبی

- صالح حيدرى، مذكرات ولمحات من تاريخ الحركة الوطنية والثورية في كوردستان والعراق ١٩٥٨-١٩٦٨، وهي مخطوطة بحوزة أخيه الكاتب ممتاز حيدرى.
- عثمان رشاد المفتي، العلامة رشاد المفتي (١٩١٥-١٩٩٢) حياته وسيرته بإختصار، (مخطوطة بحوزة الكاتب) .

❖ دیدارەکان

- ئەبوزێد ناسراو بە (عەریف ئەبو زێد) رۆژی ٢٠١٥/٨/٣ لە هەولێر.
- ئەحمەد شەریف رۆژی٢٠١٢/١٠/١ لە هەولێر
- ئەرسەن موسا رەشید رۆژی ٢٠١٤/٤/٥ لە هەولێر
- ئەسعەد شاکر ئەمین ئەربلی رۆژی ٢٠١٣/٥/٤ لە هەولێر
- ئیحسان رەشاد موفتی رۆژی ٢٠١٥/٨/٣٠ لە هەولێر.
- بارزان مەلا خالید رۆژی ٢٠١٤/٢/١٤ لە هەولێر
- بەشیر حوسێن سەعدی (کوردستانی) رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٢، لە هەولێر
- تەحسین محەمەد خەلیل(ابو دلشاد) ٢٠١٤/٤/١٣ لە هەولێر.
- تۆفیق مستەفا تاهیر ناسراو بە (تۆفیق شێخ مستەفا) رۆژی ٢٠١٣/٨/١٠ لە هەولێر
- جەلالەت نورەدین لە رۆژی ٢٠١٥/٨/٢٩ لە هەولێر
- خورشید شێرە رۆژی ٢٠١١/١٠/١٧ لە هەولێر
- دیدار لەگەڵ کەمال محیەدین رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ لە هەولێر
- دیدار لەگەڵ ئەمیر حەسەن حەیران رۆژی ٢٠١٦/٦/٦ لە هەولێر.
- رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە (مام رەشاد) رۆژی ٢٠١٤/٢/١٠ لە هەولێر
- زەینەب شێخ عەبدولکەریم رۆژی ٢٠١٤/٢/٨ لە هەولێر.

- سمكۆ جەمیل ئەحمەد  رۆژی ٢٠١٥/١١/٤ لە هەولێر.
- شەکیب سەعید شەریف ئاکرەیی ناسراو بە (شەکیب عەقڕاوی) رۆژی ٢٠١٣/٤/٧ لە هەولێر
- شەماڵ عادل سەلیم رۆژی  ٢٠١٤/٤/٥ لە هەولێر
- شێرزاد پیرداود خودادا، رۆژی ٢٠١٣/٩/١١ لە هەولێر
- عەبدوڵا تۆفیق هەولێری رۆژی ٢٠١٤/٣/٢٥ لە هەولێر
- عەبدولهادی عەبدولڕەحمان سلێمان ناسراو بە (عەبدولهادی قەساب)، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢ لە هەولێر،
- عەزیز محەمەد رۆژی ٢٠١٠/٤/٩ لە هەولێر
- عەلی رەسول رۆژی  ٢٠١٣/١/٢٥ لە هەولێر
- عەلی محمود جوکل رۆژی ٢٠١٣/٤/٦  لە هەولێر
- عزیز رەسول ئەحمەد رۆژی ٢٠١٢/٩/١٥. لە هەولێر،
- عومەر فەرهادی رۆژی ٢٠١٣/٨/١٨ لە هەولێر
- عومەر قۆرتەلاسی رۆژی٢٠١٥/١١/٤ لە هەولێر
- عومەر ئیبراهیم خۆرانی رۆژی ٢٠١٥/١١/٢٧ لە هەولێر
- فەرید مستەفا ئەیوب بارزانی رۆژی ٢٠١٤/٢/٦ لە هەولێر
- کەریم ئەحمەد  رۆژی ٢٥/ ١/ ٢٠٠٩ لە بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر
- کەمال خزەیر پیرداود رۆژی ٢٠١٣/٦/٥، لە هەولێر.
- مەحمود ئەحمەد عوسمان رۆژی ٢٠١٣/٢/٢ لە هەولێر.
- مەحمود ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی رۆژی ٢٠١٣/٥/٧ لە هەولێر.
- محەمەد مەلا قادر رۆژی ٢٠١٣/١٢/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام.
- محەمەدئەمین تەها خۆشناو ناسراو بە (حەمەدەمین سوێرەیی) رۆژی ٢٠١٤/٣/٣ لە هەولێر
- مدحەت بێخەو رۆژی ٢٠١٣/١١/١، لە هەولێر
- موحسین حەمەدەمین دزەیی  رۆژی ٢٠١٣/١/١٦ لە هەولێر
- موحسین رەشید ئاوارە، ٢٠١٥/١٠/٤ لە هەولێر
- مومتاز حەیدەری ٢٠١٣/٩/٨ لە هەولێر
- نەجمەدین مامۆ هەریری رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لە هەولێر
- نجیب حنا عتو ناسراو بە (ابو جنان ) رۆژی ٢٠١٣/٩/٢٧ لە یانەی رۆشنبیری کلدانی لە عەینکاوە.
- نیعمەت عەبدوڵا پیرداود رۆژی ٢٠١٢/١٠/٢ لە هەولێر
- هەلاڵە کەمال عوسمان ئاغا، رۆژی ٢٠١٥/٧/٢٥ لە هەولێر
- دوو کەسایەتی مەسیحی لە ئێوارەی ٢٠١٣/٩/٢٧لە بنکەی رۆشنبیری کلدانی لە عەینکاوە، نەیانویست ناوەکانیان بنوسرێت.
- دیدار لەگەڵ نایف فارس باوە رۆژی ٢٠١٥/٢/١١ لە هەولێر.

❖ کتێبەکان بە:

١-بە زمانی کوردی


- ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧ .
- ئازاد عوبێد، خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئمون دەباغ ١٩٣٦-١٩٦٣ توێژینەوەکی مێژووییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩ .
- ئۆرخانی غالب، شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن، ١٩٩٠.
- ئومێد عەزیز مستەفا، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ .
- ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ — ١٩٧٥ ، چ: ٣ ، سلێمانی ، ١٩٩٩ .
- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسیی و روناکبیریی، لە بلاّوکراوەکانی گۆڤاری k21، هەولێر.
- پاول شیسمەن و خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لە ژێر ئالاّی کوردستاندا ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، و: ئەردەلان گۆران، خانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤ .
- جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، و:ح-ا، سلێمانی، ٢٠١١ .
- جەمال نەبەز، باسنامە-چەند گوژمێکی جۆلانەی کردەو بەسەرهاتم، باشووری کوردستان، هەولێر، ٢٠١٢،
- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، .
- حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین- مێژووی زارەکی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤ .
- دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٢ .
- رەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.
- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، چ:٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- ڕێنیە موریس، کوردستان یان نەمان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکراوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨،
- سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، چ:٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠١ .

- شەپۆڵ فاخیر مێرگەسوری، زمانی تاوان هاتە قسە، ب.ش، سلێمانی، ١٩٩٧ .
- شەوکەت مەلا ئیسماعیل، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥، نووسینگەی تەفسیر بۆ بلاّوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٧.
- شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٦٣، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر،٢٠١٢ .
- گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، و: حەمەکەریم عارف، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
- عەدنان موفتی، شەمسەدین موفتی رابەر و سەرکردە (١٩٣٣-٢٠١٢) ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
- فاخر عالی خان ئاودەلی، رۆڵی زانایانی ئاینیی لە ژیانی سیاسیی هەولێردا ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣ .
- فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
- کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان راگواستن و بە عەرەبکردندا، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠٠١.
- کرمانج گوندی (کەریمی سەعید مەسیفی) ، سی ٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران ١٩٦١- ١٩٩١، سوید، ١٩٩٠.
- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چ: ٦، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١١.
- مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، پارتی دیموکراتی کوردستان_مەکتەبی سیاسیی١٩٧٠/٣/١٧، چاپی رۆنیۆ.
- مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، چاپی ڕۆنیۆ، ١٩٧٠ . (لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٦١-١٩٧٠، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ .
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
- مەغدید حاجی، عەزیز شەریف و کورد، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١٢ .
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩٣٠، هەولێر ٢٠٠٨.
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩،هەولێر، ٢٠١٢.
- محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- مومتاز حەیدەری، کورد و حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، هەولێر، ٢٠٠٠.
- نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.

- نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨.
- نەجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد١٨٨٠-١٩٩٤، چاپخانەی پەیوەند، کەرکوك، ٢٠٠٤.
- هاوکار کریم حمە شریف، شۆڕشی ئەیلول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.
- واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عیراق(١٩٢١-١٩٦٨)، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٨- ١٩٩٨، ژمارە ١، هەولێر، ١٩٩٨ .
- وصفی حسن، داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك ل ١٩٦٩/٣/١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.

٢-زمانی عەرەبی

- أحمد شوكت، حسين رشواني مربيا وصحفياً ١٩٢١-١٩٩٧، كوردستان، ١٩٩٨.
- أوفرا بينغيو، كرد العراق – بناء دولة داخل دولة، ترجمة: عبدالرزاق عبدالله بوتاني، دار الساقي و دار آراس، اربيل، ٢٠١٤.
- أحمد فوزي، عبدالسلام محمد عارف .. سيرته .. محاكمته .. مصرعه، بغداد، ١٩٨٩.
- أدمون غريب، الحركة القومية الكردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣.
- إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى والسياسى١٩٣٩-١٩٥٨، السليمانية، ٢٠٠٥.
- أمين سامي الغمراوى، الأكراد في شمال العراق، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٧.
- تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، ت: زينة جابر ادريس، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦.
- تورد ڤالستروم، ليس لنا من أصدقاء غير الجبال-ريپورتاج من كوردستان، ترجمة وتقديم: عبدالسلام نعمان، مطبعة خه بات، دهوك، ١٩٩٨ .
- جبار جبارى، تاريخ الصحافة في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.
- جعفر الحسيني، العراق في حافة الهاوية ١٩٦٨-٢٠٠٠، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣ .
- جعفر عباس حميدي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨-١٩٦٨، الطبعة الثانية، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥. (الجزء السادس والتاسع)
- جليلي جليل وآخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: عبدي حاجي، مؤسسة موكريانى، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠١٢.
- حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة،١٩٩٢
- حامد مصطفى مقصود، ثورة ١٤ تموز مدارات الأخوة الأعداء، ط/ ١، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١.

- حبيب تومي، البارزانى مصطفى قائد من هذا العصر، دار اراس، أربيل، ٢٠١٢ .
- حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى-العراق(في محطات رئيسية)١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨.
- حردان التكريتي، كنا عصابة من اللصوص والقتلة خلف ميليشيات صدام للإعدام، دراسة: أحمد رائف، الزهراء للإعلام العربي، القاهرة، ١٩٩٠.
- حسن السعيد، نواطير الغرب صفحات من ملف اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨-١٩٦٨، بيروت، ١٩٩٢.
- حنا بطاطو، الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار، ترجمة: عفيف الرزاز، الكتاب الثالث، تهران، ٢٠٠٦ .
- علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الجمهوري، بغداد، ٢٠٠٥.
- خالد محمد حسين، سوريا المعاصرة١٩٦٣ -١٩٩٣، دمشق، ١٩٩٤.
- خليل إسماعيل محمد، أربيل دراسات ديموغرافية-اقتصادية، مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠٠٣.
- خليل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبي١٩٣٩-١٩٦٨"اراء ومعالجات"، ستوكهولم، ١٩٩٤.
- دينيس كوماروف،"البارزانى ونضال الأكراد الجنوبيين"، مأخوذة من: كتاب البارزاني وشهادة التاريخ - مجموعة أبحاث وإنطباعات للمؤلفين الكورد والروس، ترجمها عن الروسية: باقى نازى وعبدى حاجي، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٥ .
- دانا ادمز شميدت، رحلة إلى رجال الشجعان في كوردستان، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، أربيل.
- ديفيد آدامسن وجرجيس فتح الله، الحرب الكردية وانشقاق١٩٦٤، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، ١٩٩٩.
- زوزان صالح اليوسفي، صالح اليوسفي ١٩٨١-١٩٨١ صفحات من حياته ونضاله الوطنى مع ديوانه الشعري الكامل، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠٠٩.
- زينب عبدالحسن الزهيري، عبدالرحمن عارف ودوره السياسي في العراق(١٩٦٦-١٩٦٨)، دار أسامة، الأردن-عمان، ٢٠١٢ .
- سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨- ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.
- سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، تقديم: د.صلاح محمد، الجزء الرابع،١٨ تشرين الثاني١٩٦٣-١٧/٣٠ تموز١٩٦٨، دار المرصاد، بيروت.
- ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق١٩٦١-١٩٦٨، ترجمة: ولاتو، بيروت، ١٩٧٨.
- شاكرو خدو محوي، المسألة الكوردية في العراق المعاصر، ت: عبدي حاجي، دار سپيرز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

- شبلي العيسمي، تاريخ حزب البعث البعث العربي الاشتراكي المرحلة الصعبة ١٩٥٨-١٩٦٨، بغداد، ١٩٨٧.
- شكيب عقراوى، سنوات المحنة في كردستان (أهم الحوادث السياسية والعسكرية في كرستان العراق) من ١٩٥٨ إلى ١٩٨٠، مطبعة منارة، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠٧.
- شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقية - دراسة تحليلية مقارنة، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.
- شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، دار سپيرێز للطباعة والنشر، ٢٠٠٦.
- شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان-العراق ١٩٦٤-١٩٧٠(دراسة تاريخية سياسية عامة) ، مطبعة جامعة دهوك، دهوك،٢٠١٠.
- شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطى الكوردستانى و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق، مطبعة رون، السليمانية، ٢٠٠٤.
- صبيح علي غالب، قصة ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨و الضباط الأحرار، بيروت، ١٩٦٨.
- صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق - قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠١.
- صلاح سعدالله، المسالة الكردية في العراق، ط٢، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٣ .
- چتو حمدأمين سمايل الهرمزيارى، الملا صالح الكوزەپانكى و جهودة في الدراسات الاسلامية، مكتب التفسير، أربيل، ٢٠٠٩.
- طارق جامباز، مراسيم وقرارات مجلس قيادة الثورة(١٩٦٨-٢٠٠٣) المتعلقة بكوردستان-العراق، ط/٢، مطبعة شهاب، أربيل، ٢٠٠٣.
- طارق جامباز، هادي الجاوشلي مواقف كوردية مجهولة، من مطبوعات مجلة (ياسا پارێزى) —رقم ١٣، أربيل، ٢٠٠٥.
- طه الهاشمي، مفصل جغرافية العراق، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٣٠.
- طه بابان، عالم الكرد المرعب - الكتاب الأول، ط: ٢، السليمانية، ٢٠٠٢.
- عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثاً، الطبعة السابعة، دار اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨٢.
- عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي، (د.م) ، ١٩٩٢.
- عبدالفتاح علي البوتانى، الحياة الحزبية فى الموصل، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٣.
- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ — ٨شباط ١٩٦٣، دهوك، ٢٠٠٧.
- عبدالفتاح علي بوتاني، من كان وراء حوادث الموصلَ وكركوك العراقية ٨ آذار- ١٤ تموز ١٩٥٩، أربيل، ٢٠٠٤ .
- عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، تجربة السلطة في العراق١٩٥٨-١٩٦٨، دار البرق، لندن، ١٩٩٤.

- عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، مطبعة كلية الشريعة، جامعة دهوك، دهوك، ١٩٩٥.
- عزيز سباهي، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ج:٢، منشورات الثقافة الجديدة، دمشق، ٢٠٠٣.
- عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة أيلول ١٩٦١)، ت: سعاد محمد خضر، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠١٢.
- علي سنجاري، القضية الكردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الأول، أربيل، ٢٠٠٦.
- علي سنجاري، أوراق من أرشيف كوردستان، دهوك، ٢٠٠٧.
- علي كريم سعيد، العراق البيرية المسلحة حركة حسن السريع وقطار الموت ١٩٦٣، دار الفرات للنشر، بيروت، ٢٠٠٢.
- علي كريم سعيد، عراق ٨شباط ١٩٦٣من حوار مفاهيم إلى حوار دم — مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، دار الكنوز العربية، بيروت، ١٩٩٩ .
- عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥ دراسة سياسية، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢.
- فاضل البراك، مصطفى البارزانى الاسطورة والحقيقة، بغداد، ١٩٨٩ .
- فاضل حسين ، سقوط النظام الملكي في العراق، جامعة الدول العربية ، القاهرة ، ١٩٧٤.
- كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين-العراق في العهد الجمهوري-نهوض وسقوط الجمهوريتين الثانية والثالثة، الكتاب السابع، مطبعة آراس، أربيل، ٢٠١٣.
- كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطنى للشعب الكردي في كردستان العراق، دار آراس، أربيل، ٢٠٠٥ .
- كاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، وزارة الثقافة، سليمانية، ٢٠٠٤ .
- ليث عبدالمحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، ط/٢، منشورات اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١.
- م.س.لازاريف وآخرون، تاريخ كوردستان، ت: عبدى حاجي، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠٠٦.
- ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكوردية في العراق (١٩٢٦-١٩٧٠)، دار سبيريز للطباعة والنشر، ٢٠١١.
- ماريون فاروق سلوغت، وبيتر سلوغت، من الثورة إلى الدكتاتورية-العراق منذ١٩٥٨، ترجمة: مالك النبراسي، منشورات الجمل، ٢٠٠٣.
- مايكل ام غينتر، كورد العراق آلام وآمال، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠١٢.

- مطاع صفدي، حزب البعث (مأساة المولد، مأساة النهاية)، منشورات دار الآداب، بيروت، ١٩٦٤
- مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مطبعة أمير، قم، ١٣٧٦ .
- محاضرة جلال الطالبانى بعنوان: الاشتراكية والقضية القومية والمسألة الكردية في العراق، ألقيت في ندوة"الاشتراكية في الوطن العربى"بتاريخ٢٢ايار١٩٦٧، في: كتابات في المسألة الكردية، الجزء الثاني، مؤسسة ژين، سليمانية، ٢٠٠٨.
- محمد حسن الجابرى، الصراعات السياسية في العراق١٩٥٨-١٩٦٣، دار المرتضى للطباعة، بغداد، ٢٠٠٧.
- محمد حسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق أسبابها ومقدمتها ومسيرتها و تنظيمات الضباط الأحرار، بغداد، ١٩٨٣.
- محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧تموز١٩٦٨، مراجعة:جعفر عباس حميدي، بغداد،٢٠٠٢.
- محمود أحمد عثمان، مصابيح وظلمات، ط٣، المطبعة الوطنية، عمان، الاردن، ٢٠١٢، .
- محمود درة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق(د.م) ، (د.ت) .
- محمود درة، القضية الكردية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.
- معن شياع العجلي، ماذا في شمال العراق، بغداد ١٩٦٨.
- مكرم طلبانى، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، مراجعة: عثمان محمد هورامى، المجلد الثاني،مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠١٠ .
- منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق(البعث والأكراد) رؤية عربية للقضية الكردية في العراق، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠.
- مير البصرى، أعلام الكرد، لندن، ١٩٩١.
- نورى عبدالحميد العاني و علاء جاسم محمد الحربي، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الأول، الطبعة الثانية، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥ .
- هانى الفكيكي، أوكار الهزيمة-تجربتي في حزب البعث العراقي، ط٢،بيروت، ١٩٩٧.

٣-به زمانى ئينگليزى

.C.J.Edmounds, The Kurdish War in Iraq: Constitutional Background, World Today, Vol24 No12, London,1965.

تێز و نامەی ئەکادیمی :

١-بەزمانی رووسی:

Исмаил Мохамед хассаq , курдский вопрос в международных отношениях после Второй Мировой Войны, неопубликованные докторскую диссертацию на русском языке, Москва, 1985.

_ اسماعيل محمد حصاف، المسألة الكردية في العلاقات الدولية في مرحلة ما بعد الحرب العالمية الثانية، اطروحة دكتوراه غير منشورة باللغة الروسية، موسكو، ١٩٨٥.

- نەجمەدین عەبدولاّ ئیسماعیل، بارودۆخی سیاسیی شاری هەولێر لە نێوان سالأنی (١٩٧٠-١٩٧٩) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەیەکە (بلأونەکراوە) پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلیژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە، ٢٠١٤.
- نەهرۆ محەمەد، هەولێر لە نیوان سالأنی ١٩١٨-١٩٢٦تویێژینەوەیەك لە بارودۆخی رامیاری،(نامەی ماستەر بلأونەکراوە) ،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٨.

❖ رۆژنامەکان بە :

١-بە زمانی کوردی وعەرەبی

- رۆژنامەی برایی (التاخي) ژمارەکانی (ژمارە ٨، ١٩٦٧/٥/٦ ؛ ژمارە ٢٩، ١٩٦٧/٥/٢٧ ؛ ع: ١٣، ١١ ايار١٩٦٧ ؛ ع: ٥٢، ١٩٦٧/٦/٢٠؛ ژمارە ٥٩، ١٩٦٧/٦/٢٩ ؛ ع:١٤١، ١٩ أيلول ١٩٦٧؛ ژمارە ١٥٢، ١٩٦٧/٩/٣٠؛ ع: ٢٦١، ١٧ نيسان ١٩٦٧؛ ع: ٢٦٦، ٢١ نيسان ١٩٦٨ )

٢-بەزمانی عەرەبی

- جريدة الأخبار، الأعداد (ع:٢٦٠، ٢١ آذار ١٩٦٧ ؛ ع: ٢٧٢، ٣٠ آذار ١٩٦٧)
- -جريدة الجماهير، الأعداد (ع: ٥، ١٧شباط١٩٦٣ ؛ ع: ٥، ١٧شباط١٩٦٣ ؛ ع: ١٨، ٢آذار١٩٦٣ ؛ ع:١٥٠،٢٢ تموز١٩٦٣ ؛ ع: ١٣٩، ١١ تموز ١٩٦٣ ؛ ع:١٥٦، ٢٧ تموز ١٩٦٣)
- جريدة الجمهورية، الأعداد (ع:٥٩٩، ٣ أيلول، ١٩٦٥ ؛ ع: ٦٠٠، ٤أيلول ١٩٦٥ ؛ ع: ٦٠٦، ١٠ أيلول ١٩٦٥ ؛ ع: ٨١٨، ١٩ نيسان ١٩٦٦ ؛ ع: ٨١٩، ٢٠ نيسان ١٩٦٦ ؛ ع: ١١٥٦، ٣ نيسان ١٩٦٧ ؛ ع: ١١٥٩، ٦ نيسان ١٩٦٧ ؛ ع: ١١٧٧، ٢٦ نيسان ١٩٦٧ ؛ ع: ١١٨٠، ٢٩ نيسان ١٩٦٧ ؛ ع: ١١٨١، ٣٠ نيسان ١٩٦٧ ؛ ع: ١١٩١، ١١ ايار ١٩٦٧ ؛ ع: ١٣١٨، ١٦أيلول ١٩٦٧ ؛ ع: ١٣٣٩، ٧تشرين الأول ١٩٦٧).
- جريدة الحرية، الأعداد (ع: ١٧١١، ١٧ آذار١٩٦٣؛ ع: ١٧٠٥، ١٠آذار١٩٦٣)
- جريده خەبات/النضال، الأعداد (ع: ١٢، ١٥حزيران ١٩٥٩ ؛ ع: ١٦٧، ١٠شباط١٩٦٠ ؛ ع: ١٧١، ٢٢ شباط ١٩٦٠ ؛ ع: ٣٧٠، أيلول ١٩٦٣ ؛ ع:٤٤٩، كانون الأول ١٩٦٧ ؛ ع: ٤٦٨، أوائل تشرين الأول ١٩٦٢ ؛ ع: ٤٦٩، حزيران١٩٦٣ ؛ ع: ٤٧٢، كانون الثاني ١٩٦٤ ؛ ع: ٤٧٤، تشرين الثانى ١٩٦٤ ؛ ع: ٤٧٥، كانون الأول ١٩٦٤ ؛ ع: ٤٧٦، شباط ١٩٦٥ ؛ ع: ٤٨٤، حزيران ١٩٦٨ ؛ ع: ٤٩٥، آذار ١٩٦٧ ؛ ع: ٥١٤، تشرين الأول ١٩٦٩ ؛ ع: ٥١٥، تشرين الثاني ١٩٦٩ ؛ ع: ٦٨١، ١٩٩٣/٦/٣٠)
- جريدة خەبات النضال"جناح المكتب السياسي" الأعداد ( ع: ٤٨٣، اوائل آذار ١٩٦٨ ؛ ع:٤٨٤، حزيران ١٩٦٨)
- جريدة الثورة العربية الأعداد (ع: ٥٤٧، ١٩نيسان ١٩٦٦ ؛ ع: ٦٣٢، ٢٤تموز ١٩٦٦ ؛ ع: ٧٢٤، ٣٠تشرين الأول١٩٦٦ ).
- جريدة طريق الشعب (ع: ٥، اوائل تموز ١٩٦٩)
- جريدة الايام (ع: ٢٦٧، ١١آذار١٩٦٣)

- جريدة الثورة (ع: ٨، ٢آذار١٩٦٣)
- جريده الشعب (ع:٤٧، ١١ حزيران ١٩٦٣)
- جريدة الصفاء-اللبنانية (ع: ٢٠٦، ٢٩ آذار ١٩٦٦)
- جريدة الطليعة (ع: ١٧٨٣، ١١ حزيران ١٩٦٣)
- جريدة ألعرب (ع: ٣٩٥، ١٣ تشرين الأول ١٩٦٥)
- نشرة أربيل (ع:٧٠، ١٦آذار ١٩٦٣)
- جريدة الفجر الجديد، الأعداد (ع: ٦٢٩، ١١ شباط ١٩٦٤ ؛ ع: ٦٣٠، ١٢شباط١٩٦٤)
- جريدة المنار، الأعداد (ع: ٢٥٤٨، ١آذار١٩٦٣ ؛ ع: ٢٨٣٢، ٤ تشرين الأول ١٩٦٤ ؛ ع: ٣٣٦٤، ١٩نيسان١٩٦٦)

جريدة النور الأعداد (جريدة النور، ع: ٣٣، ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٨؛ ع: ٣٤، ١٩ تشرين الثاني١٩٦٨ ؛ ع: ٤٨، ٥ كانون الأول١٩٦٨)

- الوقائع العراقية، الأعداد (ع: ١، ٢٣تموز ١٩٥٨ ؛ ع: ١٦٠٤، ١٩٦٨/٨/١٢ ؛ ع: ١٦٢٥، ٢١ أيلول ١٩٦٨ ؛ ع: ١٦٣١، ١٩٦٨/٩/٣٠ ؛ ع: ٢٨٣، ٢ كانون الثانى ١٩٦٠ ؛ ع: ٧٧١، ١٩٦٣/٢/١٨ ؛ ع: ٩٩٥، ١ أيلول ١٩٦٤).

❖ گۆڤارەکان:

١-بەزمانی کوردی:

- گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە (ژمارە ١٤، ئەیار ١٩٦٨ ؛ ژمارە ١٦، تشرینی دووەمی ١٩٦٨ ؛ ژمارە ١٨، مارت ١٩٦٩ ؛ ژمارە ٢٠، مایسی ١٩٦٩ ؛ ژمارە ٢١، حوزەیرانی ١٩٦٩)
- پەیامی ئەیلول (ژمارە٢٢، تشرینی یەکەمی ٢٠١١)
- گۆڤاری سەفین (ژ: ٦، ٣ی مایسی ١٩٦٨ ؛ ژمارە١٤، ساڵی ٣، کانونی دووەمی ١٩٦٩ ؛ ژمارە ٦٠، شوباتی ٢٠١٥)
- گۆڤاری هەتاو (ژمارە ١٣٨، ١٠ی ئابی ١٩٥٨ ؛ ژمارە ١٤٢ ، ١٠ی ئەیلولی١٩٥٨ ؛ ژمارە ١٨٤، ٣١ی ئابی ١٩٦٠)

٢ -زمانی عەرەبی:

- مجلة الثورة، ع: ٢، بغداد، ١٩٨٨.

❖ بابەتە بڵاوکرەکان لە گۆڤارەکان بە:

١-زمانی کوردی:

- جەودەت ئاکرەیی، لاپەڕێك لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٩، ٣٠ ئەیلول ١٩٩٨.
- حوسێن مەیاس تێکۆشەرێکی بەختیاری ڕێگای کۆمەڵانی خەڵك، گۆڤاری k21، ژمارە٩، هەولێر، ٢٠١٠ .

- عالیه عوسمان مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ژیانی جەمال حەیدەری، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە ٢٧، ساڵی ٢٠٠٠.
- عەبدولخالق مەعروف ئەو چرای خوێنەی بە گەردنی مێژوودا هەڵواسراوە. گۆڤاری رۆڤار، ژمارە ١٧، چ: ٢
- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، رۆژنامەی ئەڤرۆ، ژمارە ٥١، دهۆك، تەموزی ٢٠٠٤.
- عەبدولوەهاب شێخانی، تاقانەی هەولێریان برایمەفەندی، هەفتەنامەی بەدرخان، ژمارە ١٦٥، حوزەیرانی ٢٠١٢ . مەسعود بارزانی، داستانی هەندرێن سەرکەوتنی بێوێنە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٤٦٥، ٢٠١٠/٥/١٢.
- مەدحەت بێخەو، دەفتەری بیرەوەری (بەشی دوازدە) ، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە ٤١٨، ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧.
- مەدحەت بێخەو، دەفتەری بیرەوەری (بەشی چواردە) ، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە٤٢١، ١٧ی تەموزی٢٠٠٧ .
- مەغدید حاجی، یەکەمین قۆناغی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٠)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ١٤، هەولێر، ٢٠١٠.
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان یەکەم حوکمڕانی بەعسدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە٤٤، هەولێر، ٢٠١٢.
- مستەفا عەسکەری، لاپەڕەیەك لە بەسەرهاتەکانم لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان ١٩٦٣-١٩٦٥، گۆڤاری k21، ژمارە٨.
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بارزانییەوە بۆ مام جەلال، گۆڤاری k21 ، ژمارە ٩، ٢٠١٠ .
- ئەسعەد عەدۆ، ئەیلول و رەنگدانەوەی لە هونەری میللی کوردی دا، گۆڤاری کادیر، ژمارە ٢٩، ئەیلولی ١٩٩٢. جەودەت ئاکرەیی، لاپەڕێك لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٩، ٣٠ ئەیلول ١٩٩٨ .
- ئەیلولیەکان بۆ یادی ئەیلولی مەزن دەدوێن، دیمانەی ئەسعەد عەدۆ لەگەڵ فارس باوە، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە١٧٣٧، ١٩٩٣/٩/٦.

٢-زمانی عەرەبی:

- إسماعيل محمد حصاف، سياسة الحكومات السورية تجاه المسألة الكوردية في سوريا ١٩٥٨-١٩٧٥(فی ضوء تطور الأحداث في جنوب كوردستان) ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە٢٥، هەولێر، ٢٠١٣.
- جلال الطالباني يتذكر، حاوره: غسان شربل، مجلة الوسط، ع:٣٥٨، ١٩٩٨/١٢/٧ .
- الحكم العسكرى على محك العنصريه، سەفین: گۆڤاری لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦، ٢ی مایسی ١٩٦٨.
- كاكل محمد طاهر(بهرام)، من الذاكرة، مجلة گولان، ع: ٢٧، اب١٩٩٨.

❖ ئینسکلۆپیدیا

- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، دەزگای بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنـان، ٢٠٠٩ . بەرگـەکانی (یەکەم، شەشەم، دەیەم)
- هوشیار عەبدوڵلا ، کانی و کانیاوەکانی چیای قەرەچوغ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب: ١، جوگرافیا.
- عەلی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، ب: ٣، چ: ٢، هەولێر، ٢٠٠٩.

❖ ماڵپەڕی ئەلکترۆنی:

- https://www.youtube.com/watch?v=ck3QGr9K1vw
- http://www.britannica.com/biography/yevgeny-primakov
- http://wwwallafblogspotcom.blogspot.com/2011/01/blog-post.htm
- https://www.youtube.com/watch?v=rFNECI38cCk


❖ چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی:

- کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی رووداو، بەرنامەیەك لەگەڵ جەمال عەلەمدار، رۆژی ٢٠١٤/٣/٢٢ کاتژمێر ١١,٥.
- بەرنامەی کاکەزیاد ئاغای غەفوری، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، رۆژی ٢٠١٣/١٠/٢٢ کاتژمێر ١٠ی شەو پەخشکرا.

# پاشکۆ










**پاشکۆی ژماره (١):چەند نوسراوێکی فەرمی حکومی نێوان بەغدا-هەولێر بۆ دابینکردنی شوێن و کار بۆ بارزانییە گەڕاوەکان بە گوێرەی پسپۆڕی خۆیان**

**سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية**



مديرية شرطة لواء الموصل
قلم الاوراق
١٩ آب ١٩٥٩
العدد ٢٢٥٠٢

لاسلكية

الى / معاون شرطة عقره
من ٠/ شرطة الموصل

العدد/ ١٦٥٢٢
التاريخ ١٣/٨/١٩٥٩

علمنا من برقية مدير شرطة اربيل ١٦٦٢٢ في ١٣/ ٨ /١٩٥٩.
بان كل من حسن احمد وعبدالله مصطفى ومحمد طه مختاري قرية هرن التابعه الى قضائكم افادوا بان رؤساء عشيرة الزيبار كل من خالد آغا وبابكر آغا ومحمد آغا فارس اخذوا يجمعون رجالهم المسلحين لأسباب مجهولة فيرجى التحقيق الدقيق من مدى صحة الخبر والغاية من هذا التجمع على ان يرد لنا جوابكم برقيا" مدير شرطة اربيل برقيته اعلاه للعلم.


صورة منه الى ٠/
آمر موقع الموصل
متصرف لواء الموصل | للتفضل بالعلم.

المقدم
اسماعيل عباوي
مدير شرطة لواء الموصل

2

**پاشكۆ ژماره(٢): نوسراوێكی فەرمییە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، دەربارەی هۆزەكان ئیسماعیل عەباوی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ ئاگاداردەكاتەوە، نێوبراو لەگەڵ موتەسەریفی هەولێر بەدرەدین عەلی هەمیشە هەوڵی كرینی هۆزەكانیان داوە**

**سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية**



42050/95

متصرفية لواء اربيـــــل
التحريـــرات
العدد/
التاريخ ١٧/٤/١٩٦٢

٢٠/٩/٢٠

بيـــان رقم (٧)

الحاقا ببياننا ٧٢٦٩ فـــــــــــي

واستنادا الى الصلاحية المخولة لنا بمقتضى المادة الثامنة من قانون اليانصيبات والاكتتابات رقم/٢ لسنة ١٩٦٢ نأذن بهذا للجنة المدرجة اسماء اعضائها ادناه اجراء اكتتاب لجمع مبلغ قدره (٥٠٠/-) خمسمائة دينارا فقط عن طريق التبرعات الاختيارية في اللواء لغرض اكمال اقامة النصب التذكاري لسيادة الزعيم الامين في اربيل وذلك خلال مدة ثلاثة اشهر من تاريخ هذا البيان على ان تقوم اللجنـــة بما يلي تطبيقا لاحكام المادة الحادية عشرة من القانون المذكـــــور .

١ـ تقديم الوصولات التي تستعمل في الاكتتابات الينا لختمها قبل المباشرة بعملية الاكتتاب .
٢ـ اشعارنا باسم المصرف الذي ستودع فيه المبالغ المتجمعـــــة .
٣ـ تقديم جدول بعد الانتهاء من عملية الاكتتاب يتضمن اسماء المكتتبين ومقدار المبلغ الذي اكتتب به كل منهم مع الاشارة الى رقم الوصل وتاريخه .
٤ـ اعادة الوصولات غير المستعملة
٥ـ تقديم الحساب النهائي للمبالغ المتجمعة مع المستندات التي تؤيد صرفها على الغرض الذي صدر من اجله البيان .

السيد الوزير

بدر رالد بن علي
متصرف لواء اربيـــل

اسماء اعضاء اللجنـــة


| | | |
|---|---|---|
| ١ـ السيد محمد حسن دزه يي | مدير المصرف الزراعي | رئيسا |
| ٢ـ السيد محمد شهاب الدباغ | محامـــــي | عضوا |
| ٣ـ السيد اسماعيل البحتري | | " |
| ٤ـ السيد سعاد تانـــع | تاجـــــر | " |
| ٥ـ السيد شيخيل الحاج حسن | تاجـــــر | " |
| ٦ـ محسن محمد امين دزه يي | محامـــــي | " |
| ٧ـ السيد شريف السيد محمد | معاون امن اربيـــل | " |

صورة منه الى :ـ
وزارة الداخليـــة
وزارة الماليـــة
الحاكم العسكري العام
} الحاقا ببياننا اعلاه للتفضل بالاطلاع رجـــاء .
مديرية شرطة اللـــواء
معاونية امن اربيـــل
} الحاقا ببياننا اعلاه للعلم رجـــاء .
اعضاء اللجنة السيد ............ الحاقا ببياننا اعلاه للاطلاع واجراء اللازم واعلامنـــا رجـــاء .


نشان : ج

**پاشكۆ ژماره(٣): لیژنەی دروستكردنی پەیكەری عەبدولكەریم قاسم لە هەولێر**

**سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية**








**پاشكۆ ژماره(٤): چەند نوسراوێكی وەزارەتی دارایی بۆ سڕینەوەی ئەو چەك و كەل و پەلە سەربازییانەی پێشمەرگە لە ناوچەكانی كۆیە و چەند ناوچەیەكی دیكەی سنووری لیواكە دەستی بەسەرداگرتووە**

**سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية**



((بسم الله الرحمن الرحيم)) ٩٦٣/٦٦٣

قرار التجريم

تشكل المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ ٩٦٣/١٢/١٨ برئاسة الزعيم احمد سلمان الجنابي وعضوية العقيد حامد عبد الوهاب الكهان والعقيد احمد جميل الخوجه المأذونين بالقضاء باسم الشعب واصدر القرار الآتي :-

الاحالة

احال السيد الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية على كتابه المرقم ٥٤٢٤ والمؤرخ ٢/٩/١٩٦٣ القضية المرقمة ٢/٩٦٣ – شرطة عنكاوه بارييل لغرض اجراء محاكمة المتهمين فيها وهم كل من يوسف بهنام شيشه وايليا شمعون وعيسى يوسف ومرقص بطرس وحنا يونس عيسى وجبار عزو وحبيب عزو مرقس ويحيا سهو وحبيب اسحق حنا وانيس هرمز وعوديش شابو وحبيب يوسف توما وشابو عودة شمعون وجورج هرمز وحنا يوسف الشوع وسعيد هرمز سعيد وكوركيس بطرس هرمز مرقس وحبيب كوكا حنا وحنا كوكا وفرنسيس بلدا فرنسيس والهاربين توما شعيا وبولص وفقا للمادة ١١ من مرسوم الادارة العرفية والمادتين ٨٠ و٢٦٢ من قانون العقوبات البغدادي وسجلت تحت عدد ٩٦٣/٩٦٣ .

خلاصة القضية

نسب الى المتهمين المذكورين تهمة قيامهم بمظاهرة معادية لثورة الرابع عشر من رمضان المبارك وغصبهم بعض البنادق من بعض افراد الشرطة المحلية في قرية عنكاوه ولدى اجراء التحقيق معهم على ضوء ما نسب اليهم .

سير المحاكمة والادلة الثبوتية

في اليوم المعين للمحاكمة احضر المتهمين المذكورين ما عدا المتهمين الهاربين كل من ... بطرس ... شعيا وبوشر باجراء المحاكمة بحق الحاضرين وجاهاً وعلناً وبحق الغائبين غيابا وعلنا وبعد اخذ هويات المتهمين الحاضرين استمع المجلس الى مطالعة المدعي العام العسكري ولدى استجوابهم اجاب كل واحد منهم عن الانفراد بانه ... واستمع المجلس الى ... الشهود وهم كل من ... محمد حاجي ونائف مانع وعزيز توما وثاني منصور ورفائيل بنيامين وحنا بطرس اسحق ويوسف ... وكوركيس يوسف وحنا يحيا وجاسم نعمه وطه حسن وثم بعد تدوين افادات المتهمين المذكورين استمع المجلس الى دفاع المحامي السيد صديق ... الوكيل عن المتهمين يوسف بهنام وشابو عوده وعيسى وحنا ولدى يونس ولما لم يبق ما يقال افهم ختام المحاكمة ولدى التدقيق والتأمل ومطالعة الاوراق التحقيقية وتمحيص ما ورد في شهادات شهود الاثبات وعطف النظر على ما ورد في ... افادات المتهمين تبين انهم قد ... ضد السلطة الوطنية خلال ثورة الرابع عشر من رمضان المبارك ... اسناد السلطة الخائنة ... وان عملهم هذا مما ينطبق واحكام المادة ٨٠ بدلالة المادة ٦٣ من قانون العقوبات البغدادي فتقرر تجريمهم بموجبها وتحديد عقوبة كل واحد منهم حسب فعالياته بعقابها ماعدا المتهمين كل من ... فرنسيس بلدا وعوديش شابو ويحيا شهو ولعدم كفاية الادلة ضدهم عن التهمة المسندة اليهم وفق المادة ١١ من مرسوم الادارة العرفية والمادة ٢٦٢ من قانون العقوبات البغدادي قرر الافراج عنهم استناداً الى المادة ١٥٥ من الاصول ولعدم كفاية الادلة ضد المتهمين كل من فرنسيس بلدا وعوديش شابو ويحيا سهو عن التهمة المسندة اليهم وفق المادة ١١ من مرسوم الادارة العرفية والمادتين ٨٠ و٢٦٢ من قانون العقوبات البغدادي قرر الافراج عنهم استنادا الى المادة ١٥٥ من الاصول وربط كل واحد منهم بكفالة شخص ضامن بمبلغ قدره خمسمائة دينار يتعهدون بموجبها بالمحافظة على حسن السيرة والسلوك لمدة سنة واحدة وفق المادة ٧٧ من الاصول وصدر القرار بالاتفاق وافهم علنا في ٦٣/١٢/١٨ ................................

علماً بأن جرائمهم ليست سياسية .

العضو ... الرئيس

العضو

**پاشکۆ ژماره(٥) لاپەڕەی یەکەم**

**بڕیاری سزا و حوکمی ئەنجوومەنی سەربازی عورفی چوارەم بۆ سزادانی ئەو شیوعییانەی عەینکاوە کە دژی کودەتای یەکەمی بەعس پەلاماری بنکەی پۆلیسیان داوە**

**سەرچاوە: ئەرشیفی حیزبی شیوعی عێراقی**

٦٣/٦٦٣

((قرار الحكم))

تشكل المجلس العرفي العسكري الرابع بتاريخ ١٨ /١٢ /٩٦٣ برئاسة الزعيم احمد سلمان الجنابي وعضوية العقيد حامد عبد الوهاب الكبان والعقيد احمد جميل الخوجة الماذونين بالقضاء باسم الشعب واصدر القرار الاتي :-

١- الحكم على كل من المجرمين الهاربين بولص بطرس وتوما شمعيا بالاشغال الشاقة لمدة خمسة عشر سنة وفقا للمادة ٨٠ بدلالة المادة ٦٣ من قانون العقوبات البغدادي على ان تنفذ العقوبة عند القاء القبض عليهما.

٢- الحكم على كل من المجرمين يوسف بهنام وايليا شمعون بالحبس الشديد لمدة خمسة سنوات وفقا للمادة المذكورة اعلاه على ان تحسب لهما مدة موقوفيتهما .

٣- الحكم على كل من المجرمين حنا يونس عيسى وانيس هرمز وحبيب يوسف توما وشابو عودة شمعون وحنا يوسف البشوع وسيدة هرمز وكوركيس بطرس وحنا كوكا بالحبس الشديد لمدة سنتين وفق المادتين المذكورتين اعلاه على ان تحسب لهم مدة موقوفيتهم .

٤- الحكم على كل من المجرمين عيسى يونس عيسى وصبار عزو وحبيب عزو وحبيب كوكا وجرجيس هرمز وحبيب اسحق حنا ومرقس بطرس بالحبس الشديد لمدة سنة واحدة وفق المادتين المذكورتين اعلاه على ان تحسب لهم مدة موقوفيتهم .

٥- الافراج عن المتهمين المدرج اسمائهم اعلاه من التهمة المسندة اليهم وفق المادة ١١ من مرسوم العرفية رقم ١٨ /٩٣٥ والمادة ٢٦٢ من قانون العقوبات البغدادي بالنظر لعدم توفر الادلة ضدهم استنادا الى المادة ١٠٥ من الاصـــــول .

٦- الافراج عن كل من المتهمين فرنسيس بدوا وعوديش شابو ويوسف سيو من التهمة المسندة اليهم وفق المادة ١١ من مرسوم الادارة العرفية رقم ١٨ /٩٣٥ والمادة ٨٠ و ٢٦٢ من قانون العقوبات البغدادي بالنظر لعدم كفاية الادلة ضدهم استنادا الى المادة ١٠٥ من الاصول على ان يربط كل واحد منهم بكفالة شخص ضامن بمبلغ قدره خمسمائة دينار يتعهدون بموجبها بالمحافظة على حسن السيرة والسلوك لمدة سنة واحدة وفق المادة ٧٧ من الاصول وصدر القرار بالاتفاق وافهم علنا في ١٨ /١٢ /١٩٦٣ . علما بان جرائمهم ليست ســـــياسيـــــة


العضـــو      العضـــو      الرئيـــس

نسخة طبق الاصل

**پاشکۆ ژماره(٥) دووەم**

**بڕیاری سزا و حوکمی ئەنجوومەنی سەربازی عورفی چوارەم بۆ سزادانی ئەو شیوعییانەی عەینکاوە کە دژی کودەتای یەکەمی بەعس پەلاماری بنکەی پۆلیسیان داوە**

**سەرچاوە: ئەرشیفی حیزبی شیوعی عێراقی**



بسم الله الرحمن الرحيم

قرار التجريم


خلاصة القضية

سير المحاكمة والادلة الثبوتية

**پاشکۆ ژماره(٦)**

**بڕیاری سزا و حوکمی ئەنجوومەنی سەربازی عورفی چوارەم بۆ سزادانی ئەو شیوعییانەی شەقڵاوە کە دژی کودەتای یەکەمی بەعس پەلاماری بنکەی پۆلیسیان داوە**

**سەرچاوە: ئەرشیفی حیزبی شیوعی عێراقی**



نشرة
أربيـــــل

الاشتراكات
داخل أربيل ٧٥٠ فلساً
داخل العراق ٨٠٠ فلساً
اجرة السنتيمتر الواحد للاعلانات ١٢٠ فلساً . أما الاعلانات التجارية يتفق مع إدارة النشرة

الادارة

نشرة اسبوعية تصدرها بلدية اربيل

السبت ١٦/آذار/١٩٦٣م ٢١/شوال/١٣٨٢هـ — السعر (١٠) فلوس — السنة (٢) — العدد ٧٠

## كلمة العدد

### من هـــو المثقف ...؟

[illegible]

## البيان التاريخي لمجلس قيادة الثورة في بغداد حول منح الحقوق القومية

للشعـــب الكردي

اصدر المجلس الوطني لقيادة الثورة البيان التالي :

عاش العرب والاكراد اخواناً تربطهم تربة وعقيدة ومصلحة ولم يكدر صفو الاخوة الا الاستعمار والعملاء .

وجاءت ثورة ١٤ تموز لتحرير الشعب وكان مما اكدته الاخوة العربية الكردية كما نص الدستور المؤقت ولكن الانحراف والارهاب في عهد الطاغية عبدالكريم قاسم شمل الاكراد كما شمل العرب واحل الفتنة محل الالفة والريبة محل الثقة وجلب الويلات على البلاد وقامت ثورة الرابع عشر من رمضان المبارك لتزيل الانحراف وتؤكد مبادىء الحرية والعدالة وترى من تعاون العرب والاكراد والقوميات الاخرى اساساً لوحدة العراق . ولما كان من اهم اهداف هذه الثورة ايضا اقامة جهاز عصري يأخذ بأحسن الأساليب في الادارة والحكم ولما كان اسلوب اللامركزية اسلوبا تحققت فائدته بالتطبيق في مختلف انحاء العالم لذلك واخذا بهذا الاسلوب وانطلاقا من مبادىء الثورة التي اعلنت في بيانها الاول تعزيز الاخوة العربية الكردية بما يضمن مصالحها القومية ويقوي نضالها المشترك ضد الاستعمار واحترام حقوق الاقليات الاخرى وتمكينها من المساهمة في الحياة الوطنية . لذلك فان المجلس الوطني لقيادة الثورة يقر الحقوق القومية للشعب الكردي على اساس اللامركزية وسوف يدخل هذا المبدأ في الدستور المؤقت والدائم عند تشريعهما . ان لجنة مختصة سوف تشكل لوضع الخطوط العريضة للامركزية .

التوقيـــع
المجلس الوطني لقيادة الثورة

الناس ، كما انها ليست وقفاً على جماعة دون جماعة ، فقد تكون من هو على جانب يسير من العلم ، وقد تكون في الصانع او العامل او غيرهما .


فمن سعى ليكون مهذباً ومستقيماً لهو الرجل المثقف حقاً . ومن لم يعمل بما توحيه معاني التهذيب والاستقامة فقد ابتعد عن (الرجل المثقف) واصبح عالة على اللقب الذي يحمله حتى ولو كان متضلعاً في العلوم واقفاً على دقائقها .

ان المثقف هو المثل العالي للانسان ، وما علينا الا ان نسعى لنكونه ، ونوجد الرغبة لنكونه ايضاً وخلاصة القول : ان المثقف هو المهذب المستقيم الذي يحمل ضميره رائده ، وعقله قائده ، وسلامة الناس بالحسنى شعاره .

**پاشكۆی ژماره (٧) نشرة أربيل، ع:٧٠، ١٦آذار ١٩٦٣**

**بڵاوكراوەی هەولێر (نشرة أربيل) هەفتەنامەیەك بوو شارەوانی هەولێر دەریكردووە، لە چەند مانگێكی بەرایی دوای كودەتاكە وەستاوە**

**سەرچاوە لە ئەرشیفی شێرزاد هەینی وەرگیراوە**



الملحق (ج)


العشائر الكردية الموالية للحكومة في لواء اربيل وتعدادها (٩٣٦٢٢)

| اسم العشيرة | رئيسها |
|---|---|
| ١ ـ عشيرة دزەلي | |
| آ ـ فخذ بيت فارس اغا | الحاج معروف بيرداود وحمزه سلمان ومكائيي اسماعيل اغا ابراهيم امين اغا |
| ب ـ فخذ بيت كاكەخان | محمود كاكه خان ومحمد صابر اغا وحمزة حسن اغا |
| ج ـ فخذ بيت بائير | نوري حسين الملا |
| د ـ فخذ بيت باشا | خضير احمد باشا وحمد احمد باشا وحمد أمين قادر اغا مجيد اغا واسماعيل الحاج نادر |
| ٢ ـ عشيرة سيان | هادي سربشاخ |
| ٣ ـ عشيرة الشيخ بزيني | مر قادر اغا ويوسف حاج محمود اغا |
| ٤ ـ السورجيه | احمد السورجي وحسين خضير اغا |
| ٥ ـ عشيرة خوشناو | عثمان ميران قادر بك وعبد الرحمن بك |
| ٦ ـ عشائر الهركيه | فتاح أغا الهركي |
| ٧ ـ عشائر الزرارية | يوسف اسعد اغا الزراري |
| ٨ ـ عشائر برادوست | محمود بك خليفة صمد والحاج محمد الشيخ |
| ٩ ـ عشيرة ملا شرفي | مصطفى اغا شيخ محمد ولاش |
| ١٠ـ عشيرة المهاجرين | دروجان السيد طه |
| ١١ـ عشيرة مابك | حمد اغا وعبدالله بن عزيز اغا |
| ١٢ـ عشيرة مامه شين | علي ابراهيم اغا |
| ١٣ـ عشيرة بنديان | اسماعيل كوخا عدو |
| ١٤ـ عشيرة روزبيان | قاسم كوخا مختار |
| ١٥ـ عشيرة هورمزيار | فقي عبدالله حاجي صالح |
| ١٦ـ عشيرة مام خوله | سليمان رسول اغا |
| ١٧ـ عشيرة سايەمي | كوخا رحمن قرەني |
| ١٨ـ عشيرة مامزين الدين | حاجب مصطفى حاجي شيخ محمد |

٩٦

**پاشكۆ ژمارە (٩) ئەو هۆز و سەرۆك هۆزە كوردييانەی ليوای هەولێر كە سەر بە حكومەت بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمی لای حكومەت بەلايەنگری خۆی تۆماركرابوون، بەڵام هەندێك لەوانە لە ژێرەوە هاوكاری شۆڕشی كورد بوون و پشت و پەنای پێشمەرگە بوون .**

**سەرچاوە: الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال**



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
مديرية امن لواء الموصل
العدد/
التاريخ ٢٨/٩/٩٦٤

٩٧٠٠٨

الى / متصرفية لواء الموصل
م / القبض على شخص

بالنظر لكون الطالب عدنان عبد الرحمن حمد التكريتي من جماعة حزب البعث ولا زال يمارس نشاطه لصالح الحزب المذكور [illegible] اجتماعات في [illegible] من البعثيين وكان سابقا امر الحرس القومي المنحل في اربيل عليه اجري التحري الاصولي [illegible]
[illegible]
[illegible] ٥/١٠/٩٦٤ [illegible] ٢٣ جمعيات .
للتفضل بالمعلومات [illegible] بالنتائج .

[illegible]
مدير امن لواء الموصل

[illegible]

پاشکۆی ژمارە(٩) فەرمانی دەستگیرکردنی بەرپرسی یەکەمی حەرەس قەومی هەولێر عەدنان عەبدولڕەحمان تکریتی کە بۆ موسڵ رایکردووە.

سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية



# اعدام الحيدري والعبلي وعبدالجبار وهبي «ابو سعيد»

اصدر الحاكم العسكري العام البيان التالي :

لقد تم القاء القبض على كل من المجرمين جمال الحيدري وعبدالجبار وهبي ومحمد صالح العبلي من اعضاء اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي العميل وقد تمت محاكمتهم امام المحكمة العسكرية وحكمت المحكمة المذكورة باعدام المجرمين المذكورين شنقا حتى الموت وتم تنفيذ العقوبة بحقهم صباح هذا اليوم الموافق ٢١ تموز ١٩٦٣ .

وليكن مصير هؤلاء الخونة عبرة لكل من يخون تربة وطنه ويخرج على مبادئ امته السامية ويرتكب الجرائم بحق ابناء هذا الشعب النبيل .

الزعيم
رشيد مصلح
الحاكم العسكري العام

**پاشکۆی ژماره (١٠) بڕیاری دادوەری سەربازی بۆ لە سێدارەدان و هەڵواسینی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی لە نێویاندا جەمال حەیدەری هاتووە.**

**سەرچاوە: جريدة جماهير، ع:١٥٠، ٢٢ تموز١٩٦٣.**

سيادة الرئيس البارزاني مصطفى المحترم

[illegible] المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته     أود أن أحيطكم علماً بجميع [illegible]

نعرض لسيادتكم بعض تصرفات ونشاطات (الجحوش) في منطقة لواء أربيل أمثال

رشيد لولان. وحمه خليفة وهادي آغا (بولتيكه) ومحمد مهدي آغا وكريم آغا

(كوريه) [illegible] باپير آغا وحسين [illegible] آغا (كلكيه) [illegible]

سياوه) ويتنقلون في المنطقة لا سيما [illegible] ويبثون

الدعايات بين الأهالي بأن المفاوضات مع (الحكومة) بالجملة وليس صحيح مطلقاً

وبأنهم قاموا بعقد مؤامرات في داخل مركز لواء أربيل لاغتيال الشيخ محمد خالد ابن

الشيخ أحمد البارزاني وجماعته في أربيل وفي نفس الوقت [illegible] الحكومة [illegible]

[illegible] في عزل .. وهذا من قبل جماعة شيخ رشيد لولان (الصوفيه) وجماعة

حمه خليفه (البرادوستي) وكريم آغا (كوريه) ومحمد مهدي آغا وهادي آغا (بولتيكه)

فمن ذلك بعد البيان الرسمي المذاع في بغداد .. ان (الصوفيين) [illegible]

[illegible] أربيل - [illegible] وقتل الابن وجرح الأب وان أهالي لواء أربيل

[illegible] جداً لهذه الأعمال [illegible] في داخل والخارج وان مركز اللواء مزدحم [illegible]

بسبب طغيان الجحوش في [illegible] والدوائر والمحلات [illegible].

وتقبلوا [illegible] البقاء [illegible]

نجلكم

جوهر هيراني

[illegible]

٩٦٤

المصدر: (م.م.ش)، رسالة جوهر هيراني إلى ملا مصطفى البارزاني.

**پاشکۆی ژمارە(١١) نامەی جەوهەر هیرانی (کادیری پارتی لە هەولێر) بۆ بارزانی لە دوای ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ دەربارەی هەڵوێستی هەندێ لە سەرۆك هۆزە چەکدارەکانی سەربەحکومەت لە لیوای هەولێر**

**سەرچاوە: ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**هەروەها ئەو بەڵگەنامەیە بلاوکراوەتەوە لە کتێبی، شیرزاد زکریا، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣ - ١٧ تموز ١٩٦٨.**

سيادة الرئيس العزيز بارزاني مصطفى

تحية كوردية

نأمل أن تكونوا بصحة جيدة

اليوم رأيت كثيرون من أهالي منطقة (كنديناوه) و (ديبگه) وهم في حالة سيئة جداً لأن العرب الذين إستوطنوا في مناطقهم إستولوا على قراهم وطردوهم من بيوتهم، وحتى اليوم يهاجم العرب في المنطقة على القرى الكردية التي ما زالوا موجودين فيها ويريدون طردهم من بيوتهم وطردهم وبصورة خاصة في يوم ٢٥/٥ خابر المتصرف مع قائمقام مخمور وأمره بضرورة طرد الأكراد الباقين بأسرع وقت وإسكان العرب في مناطقهم، وهذا الوضع الشاذ مع ما يقوم به الجحوش الصونية خلق تذمراً كبيراً للأهالي المنطقة وهم في حالة غير مريحة.

وفي يوم ٢٥/٥ ذهب رؤساء الجحوش بتبليغ المتصرف إلى بغداد ليعرضوا إلى الحكومة عدم ارتياحهم للمفاوضات الجارية.

ويتوالى الليل يهاجم العرب على القرى وينهبوا مواشيهم. كما حصل في قرية (تا [illegible]) و ([illegible]) فقد أخذوا مواشيهم كلها

كذلك يجب إبعاد العرب من (كنديناوه) و الجحوش الصونية في منطقة (كه ستدران) و (سيروش) و (باداوه) لأنهم مطاليب أهالي أربيل

ونتمنى لكم السعادة والبقاء

لخدمة الشعب الكوردي

[signature]


دكتور خالد

٥/٢٨

پاشکۆی ژمارە (١٢) نامەی دکتۆر خالید بۆ بارزانی دەربارەی رەوشی خراپی دانیشتوانی (کەندێناوە) و (دیبەگە) بە هۆی ستەم و سەرەڕۆیی عەرەبە هاوردە و نیشتەجێکراوەکانەوە

سەرچاوە: ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەروەها ئەو بەڵگەنامەیە بلاۆکراوەتەوە لە کتێبی، عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، إتفاقية ١٠ شباط١٩٦٤ الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية.



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

الامن العامة
مديرية امن لواء اربيل
- القلم السري -

العدد/ ٩٨١
التاريخ ٣١/ ٧/ ٩٦٦

الى/ مديرية شرطة لواء اربيل / الاضبارة
م/ حسم قضية

نرفق طيا * النسخة الثانية من القضية المرقمة ٣/ ٩٦٦ د/ ت/ ق ق ا بعد حسمها حيث قررت محكمة امن الدولة الاولى بكركوك براءة المتهمة استي بنت نادر من التهمة المسندة اليها وفق المادة ٢٦٦/ ٢ من ق ع ب استنادا الى المادة ١٧٤ من الاصول مع اتلاف الرسالة والتصاوير بعد اكتساب الحكم الدرجة القطعية لاستلامها واعلامنا بالوصول رجاء .

وليد سليمان
مدير امن لواء اربيل

صورة منه الى/
رئيس محكمة امن الدولة الاولى بكركوك/ للتفضل بالاطلاع
ممثل الشرطة في محكمة امن الدولة الاولى بكركوك/ كتابكم ٦١٠ في ١٨/ ٧/ ٩٦٦ للعلم رجاء
معاون القلم السري/ للتأشير

يربط بالقضية

پاشکۆی ژمارە(١٣) بڕیاری یەکلاییکردنەوەی کێشەیەك، دوای دەستگیرکردنی ژنێکی گەڕەکی سەیداوەی هەولێر بە تۆمەتی گەیاندنی هاوکاری بۆ پێشمەرگە

سەرچاوە: دار الکتب والوثائق العراقیة

PUBLIC RECORD OFFICE
Ref.: FCO 17/408
Please note that this copy is supplied subject to the Public Record Office's terms and conditions and that your use of it may be subject to copyright restrictions. Further information is given in the 'Terms and Conditions of supply of Public Records' leaflet displayed at and available from the Reprographic Ordering counter.

Mr Rich (7)

CONFIDENTIAL

BRITISH EMBASSY,
BAGHDAD.
24 January, 1967.

(10114/4/67)

EQ1/4

Dear David,

Kurdish Affairs.

Would you please refer to para. 4 of my letter 10114/2 of 20 January, about the visit to Baghdad of Idris Mulla Mustafa al-Barzani?

2. While the central government has been almost entirely pre-occupied with the oil crisis, the Kurds and the Shia have been getting together in no uncertain fashion. Idris' visit started as one of goodwill to President Arif, but ended up as something of a triumphal procession to the South. His engagement list over the last week reads as follows:

| | |
|---|---|
| 18 January | Dined with President at Republican Palace. Accompanied by Salih al-Yusifi and other members of KDP Central Committee. |
| 19 January | Called on Ministers. |
| 20 January | Lunch in his honour given in Baghdad by Advocate Zaid Ahmad Uthman (Personality No. 218 in Supplement to 1965 Report). Al-Bazzaz, Ahmad Kamal Qadir (Minister of State for the North), Brig. Abdul Wahhab Amin and many prominent and wealthy Shia present. Full guest list (at Annex A) was given in the al-Arab newspaper. |
| 20 January | Dinner in his honour given by Brig. Fuad Arif (Personality No. 73 of 1965). |
| 21 January | Further calls in Baghdad. |
| 22 January | Lunch in his honour given by President of Hilla Chamber of Commerce, at Babylon. Shaikh Idris accompanied on President Arif's instructions by Colonel Saib Hardan (Acting Commander of the Baghdad Garrison). Luncheon attended by Mutasarrif of Hilla, Commander of Hilla Garrison and leading Ulema from Najaf and Karbala, including Sayyid Mahdi al-Hakim, son of Muhsin. |
| p.m. 22 January | Received by Ayatullah Muhsin al-Hakim at his home in Kufa. Dined with him. |


/23 January.

D. Montgomery, Esq.,
Eastern Department,
Foreign Office,
S.W.1.

CONFIDENTIAL

پاشکۆی ژمارە(١٤) بەڵگەنامەیەکی باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا، بە وردی چاودێری سەردانەکەی ئیدریس بارزانی و ئێوارەخوانەکەی زەید ئەحمەد عوسمانی کردووە.

لە ئەرشیفی کەسی عوسمان عەلی(دکتۆر) وەرگیراوە.



اربيل
٧٠/٢/٩

سيدي الاخ البارزاني مصطفى المحترم

بعد تقديم تحياتي وتمنياتي الحارة اسأل الله تعالى ان يمتعكم بصحة جيدة كما وادعوه ان يوفقكم لما فيه خير شعبنا عامة والانسانية كافة انه سميع مجيب.

اخي الاكبر جرت الامور خلال فترة غيابي ٢/٥ لغاية هذا اليوم كما يلي:

١- كان صدى موافقتكم على مقترحات قائد فرقة عظيماً جداً في الاوساط الشعبية والحكومية حول سحب زمرة الخيانة بالدرجة الاولى لتطمين الناس داخل المدن بهذه وكذلك عودة الادارة المحلية.

٢- توجه قائد فرقة الى بغداد يوم ٢/٦ لشرح ما دار بينكم وبينه في يوم ٢/٢ امام المسؤولين هناك.


٣- يوم ٢/٨ اتصلت تلفونياً مع رئيس الجمهورية ورئيس اركان الجيش وافهمت رئيس الجمهورية بالموقف وخاصة موقف بعض المسؤولين الحربيين حيال القضية الكردية وحلها السلمي وخاصة قيادة قوة الميدان وغيرهم وقد ابدى تفهمه والاستعداد لتنفيذ مباحثات يوم ٢/٢ مع قائد فرقة وكذلك رئيس اركان الجيش.

٤- توجه هذا اليوم وزير الداخلية ومدير شرطة العام الى السليمانية من موصل ماراً باربيل ولم نلتقي بهم.

٥- يقدم الاخ نعم المصرف فائق احتراماته وقد سر جداً بقراركم اعادة الادارة الى خوشناو وگلالة وسيده كان واصبح من جانبنا اكثر سابقة ويآزرنا بقوة اكثر.

٦- لم التقي الاخ احمد كمال حيث عودته من عندكم.

٧- كتب رسالة مفصلة لكافة الزملاء الى الاخ صالح اليوسفي واشعرته بالموقف لكي يتصرف هناك حسب الحالة العامة كما في الوضع الراهن.




وختاماً ارجو لكم التوفيق دوماً وسوف نوافيكم بالجديد ان شاء الله بعد ايام قلائل.

تحياتي الى الاخوان كمال ادريس وكاك مسعود.

المخلص
نافذ
٧٠/٢/٩

**پاشكۆی ژمارە(١٥) نامەی نافیز جەلال (ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی) بۆ بارزانی ناردووە دەربارەی بارودۆخ و پەرەسەندنەکانی ئەو ماوەیە**

**سەرچاوە: ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**



بسم الله الرحمن الرحيم

بيان رقم ١٩


استنادا الى البيان رقم ٢٢ الصادر في ٢٢ تموز ١٩٦٨ قرر مجلس قيادة الثورة تشكيل الحكومة على الشكل الآتي :

رئيس
مجلس قيادة الثورة

كتب ببغداد في اليوم الثاني والعشرين من شهر ربيع الثاني سنة ١٣٨٨ هجرية المصادف لليوم الثامن عشر من تموز ١٩٦٨ ميلادية .

پاشکۆی ژماره(١٦) پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی بەعس لە ١٨ی تەموز، ڕۆژێك دوای کودەتا کە تێیدا هەردوو کەسایەتی هەولێر ئیحسان شێرزاد و موحسین دزەیی بەشدارن

سەرچاوە: القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الأول



بسم الله الرحمن الرحيم

بيان رقم «٣٢»

التشكيل الوزاري الجديد

اصدر مجلس قيادة الثورة البيان رقم (٣٢) أعلن فيه تشكيل الوزارة الجديدة

وفيما يلي نص البيان :-

بسم الله الرحمن الرحيم

بيان رقم (٣٢) صادر عن مجلس قيادة الثورة

استنادا الى البيان رقم (٣٢) الصادر من مجلس قيادة الثورة ، قررنا تشكيل الوزارة

على النحو التالي :-

السيد احمد حسن البكر — رئيسا للوزارة

الفريق الطيار الركن حردان عبد الغفار التكريتي — نائبا لرئيس الوزراء ووزيرا للدفاع

الفريق الركن صالح مهدي عماش — نائبا لرئيس الوزراء ووزيرا للداخلية

السيد عبد الكريم عبد الستار الشيخلي — وزيرا للخارجية


[illegible]

[illegible]

[illegible]

پاشکۆی ژماره(١٧) پێکهێنانی کابینەی حکومەتی بەعس لە ٣١ی تەموز، کە تێیدا هەردوو کەسایەتی هەولێر ئیحسان شێرزاد و موحسین دزەیی لە سەر پشکی شۆڕشی کوردن بەشدارن، هاوکات تەها محێدین مەعروف لەسەر پشکی باڵی مەکتەبی سیاسی بەشداره.

سەرچاوە: القرارات العامة لمجلس القيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الأول



سري وشخصي

مديرية الاستخبارات العسكريه
الشعبة الثانيه

تقرير خاص

١٩٦٦/٦/٢٩

١٠ الاحزاب والمنظمات

[illegible] ايا نسخه من المنشور الصادر من الحركه الاشتراكيه في العراق ٠

٢٠ الشمال

آ ٠ العلاثيون

السيد الوزير

اولا ٠ اطلق العصاة النار من بنادقهم على ربايا النادي العسكري ودوريات النجده العامله في شارع المحطه في اربيل وهرعت قوات الجيش والشرطه الى محل الحادث وساهمت مع الربايا في المقاومه واستمر تبادل اطلاق النار حوالي الساعه ٠ كرر العصاة الاطلاقات في نفس الليله في الشوارع المحيطه بمركز استخبارات اربيل وقوبلوا بالمثل ٠ لاخسائر ٠

ثانيا ٠ علمنا موثوقا بتحرك قوة من العصاة تقدر ب ٧٠ مسلح مع اربعة مدافع بقيادة العريف دربيس [illegible] كاره ايتهم التقرب الى المنشئات النفطيه وضربها (اتخذت فق ٢ الاجراءات اللازمه لردعهم) ٠

ثالثا ٠ تايد بان العصاة شكلوا لجنه اقتصاديه مؤلفه من علي زينل وحسين حبيب وعلي الشيخلي وقد اطلق عليهم اسم (اللجنه الاقتصاديه الضريبيه) ٠

رابعا ٠ وجه قائد حركه سوري رساله الى كل من آمر ل ١٩ وآمر قوة حلبجه يتهم فيها الجلاليين بالقيام باعمال استفزازيه في قضاء حلبجه وبمساعدة القوات العسكريه وطلب في رسالته ابعادهم من المنطقه وبعكسه سوف يقومون بقصف تلك المناطق الموجودين فيها وقد قدم المذكور بتنظيم مسلحيه واصدر اوامره الى كل من محمد شميراني وجلال الاوراني وحاجي رؤوف نور زلي بالحركه من [illegible] الى خلف حلبجه للقيام بالحركه ويقدر [illegible] ٠٠٠ مسلح ٠

خامسا ٠ فتحت النار من الرشاشات المتوسطه الكائنه في منطقة السولاف على الطريق العام ثم اسكاتها بالمدفعيه من معسكر بيباد ٠ لاخسائر ٠

سادسا ٠ قصف العصاة قوة توكل ٠ ردت عليهم القوه بالمثل ٠ خسائرنا [illegible] شهيد [illegible] مع ٢ راتب جرحى ٠

سابعا ٠ فتح العصاة النار على الحمايه التي خرجت من معسكر بيباد لملاقاة القافله المتنقله بين سرسنك وبيباد قرب [illegible] بين قدش ومعسكر بيباد رد عليهم بالمثل ٠ لاخسائر ٠

ثامنا ٠ فتح العصاة النار على ربايا الشرطه والفرسان في جبل كاوه ورد عليهم بالمثل ٠ لاخسائر ٠

تاسعا ٠ فتح العصاة النار من الاسلحه الخفيفه على معسكر ف ٦ ل ١ شرطه في سواره توكه ورد عليهم

**پاشكۆی ژماره(١٨) راپۆرتێكی تایبەتی نهێنی هەواڵگری سەربازی شوعبەی دوو، ئاماژە بە چالاكییەكی پێشمەرگە دەكات لە ناو شارەكەدا**

**سەرچاوە: دار الكتب والوثائق العراقية**



**پاشکۆی ژمارە(١٩) وێنەی (حەمید رەشید موسڵی-لە ناوەڕاست) ئەو فڕۆکەوانەی دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەی بە دیلی کەوتە دەستی پێشمەرگە زستانی ١٩٦٩ بەندیخانەی (خەلان) ی سنووری حاجی ئۆمەران.**

**سەرچاوە: ئەرشیفی محەمەدئەمین تەها خۆشناو**

## Abstract

Erbil is a historical city of southern Kurdistan that have had significant role in the modern history of Iraq, in particular among cities in southern Kurdistan. The role of the administrative units of the city is understandably important in a different historical eras, starting from the monarchic era until now as it is the capital of the Kurdistan Regional Government, this provide more insight for further researches.

This research is explore the events and their reflection on Erbil liwa that occurred at a specific era which starts from the Baath coup d'etat in 8th Feb 1963 till signing the ‘Azar Pact’ in 11th March 1970. The researcher’s motive on the one hand and the significance of this period on the other were main reasons for choosing this subject.

Apart from the introduction the thesis includes a preface and four main chapters. At the preface the political situation of the city during the period of the first republic for Tammouz Revolution in 14th July 1958 till the first Baath coup d’état is investigated.

The first chapter is covers the issues concerning political situations during the first rule of Baath party in 8th Feb 1963 till 18th December 1963. This chapter includes six sections. The themes in these sections focuses on the role and attitude of Erbil citizens against (8th Shubat) coup d’état in 1963 with the reaction of Communist Party at the date of that the coup d’état occurred. Simultaneously, there is some focus on the negotiation processes and Baathist key officials in the city of Erbil with the ruthlessness of the militias of so-called nationalist guards at that time. In addition to that the government’s policy during both the negotiation processes and war is highlighted, mentioning the failure of the negotiations and the beginnings of fighting around the city of Erbil, it underline the role and activities of Peshmerga forces in Erbil and its suburb. Finally, this chapter sheds some light on Arabisation policy for the Kurdish territories surrounding Erbil which have done in a systematic way. The

reasons behind this policy with the reaction to its implementation and the outcome of it are investigated.

The second chapter is specified to Erbil during the rule of Abdulkarim Arif, starting from 18th December 1963 to April, 1966. This chapter includes six sections. The investigated themes in the included sections are ranging from Erbil's situation during of the fall of Baath and the coup d'état of 18th December 1963. Then, there is focus on Erbil citizen's attitude towards the government's procedures in the city, till the stop of war and the negotiation process in 10th Feb 1964. The results of negotiation and the split of Kurdistan Democratic Party, with the reaction of this unwanted situation in Erbil are discussed. Ten the public and governments attitudes during the period of no war is explored. This followed by a discussion about the picket and protest in1965 in Erbil investigating how the pubic and the Kurdish political organisations in the city had a response to the announcement of Kurdish revolution, consequently coordinates with them. Further the situation of Erbil is explored from the start of war in 1965 till the death of the President 16th April 1966.

The continuation of these events are presented in the third chapter which is entitled Erbil under the rule of Abdurrahman Arif from 16th April 1966 to 17th July 1968. It covers six main themes, starts with investigating Erbil's political situation and the Kurdish political relationship with the central government, in a particular period of time which starts from holding the position of the new Iraqi President at that time to Handrain battle in May 1966. The outcome of the identified battle and its reflection in Erbil is presented. This is followed by detailed analyses regarding the reasons behind that with the reaction and the outcome of the battle. In addition to that there are some highlighted points regarding the pact of 29th June 1966 with its results and the relationship between the government and the revolutionists with the continuous period of no war/no peace, and its reflection on the city. Then the event of killing Shaikh Hanash and its reflection in Erbil are highlighted. The final theme is focusses on

the Communist Party's attitude towards the pacts and the political situations at that time.

The final chapter is about Erbil during the second period of Baath's ruling the country in 17-30 July 1968 to the pact of (11th Azar) in 11th March 1970. This includes five main sections. It starts with the political relationship between the Kurdish revolution representatives with Baath regime and its reflection in Erbil. Then the intra conflicts in the city with fighting in Erbil suburbs are investigated. This followed by the role of Peshmerga inside Erbil and in its suburb during the war, highlighting the role of Erbil Peshmerga's in hitting Kirkuk oil wills then the political situation of the city with the role of Erbil citizens in the negotiation process in 1971 are explored.

The thesis ends with conclusion and a result, this followed by a documentary appendix that the researcher benefit from them.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Liwa Erbil during (1963-1970)
# A Study of Political context

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Arts Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Doctor of Modern Contemporary History


By
**Shwan Mohammadameen Taha**
B.A. History-Salahaddin University-Erbil -2006
M.A. Modern Contemporary History-Salahaddin University- Erbil-2009



Supervised by
**Asst. Prof. Dr. Ismael Mohammad Hassaf**



Erbil - KURDISTAN
March 2016